Hqcc Rasūl, T.A. Yādawarī-y
shaqāmēk 1 /2007

Taha Ahmad Rasul bor och verkar i irakiska Kurdistan. Denna roman bygger på historiska fakta och berättelser om staden Sulaymaniya som är ett betydande politiskt och kulturellt centrum med en rik och turbulent historia. Staden har alltid gjort starkt motstånd mot alla regimer som har styrt Irak.

پێشکەشە
بەیادی
(222)
ساڵەی
دامەزراندنی
شاری
سلێمانی

491 01 06 68

هەواڵنامەی کتێب

هیچ چیرۆکێک هێندەی ئەو چیرۆکانە جوان نین کە ژیان خۆی دەیانخوڵقێنێ

( هانز ئەندرسۆن )

هەواڵنامەی کتێب

ئەندێشەکانیان ئاوێتەبوون و ئەو پێی وت: لەم بیرەوەرییانەدا خەیاڵت واڵا بکە و لە بینینی وێنە و دیمەنەکاندا گۆشەکانی ڕوانینت بەکاربێنە، وەختێ ڕۆژگار و هەندێك لە وەرزە هەمەجۆرەکانی ئەم شارەت دەهێنمەوە پێش چاو. تۆش چۆنت بۆ دەکرێت ئەو نیگارانە بەجووڵان دەخەیت و گرتە وەستاوەکان بەدوای یەکدا ڕادەکێشیت، تۆ بزاوتنی ژیانیان پێدەبەخشیتەوە، ئەوان لە خەیاڵی مندا ماونەوە و بە بەشداریکردنت دەبیتەوە بینەرێکی ئامادە؛ ئیدی وەك من دەبینیت و شتی دیکەت بیردێنەوە، ئەگەر ڕاستەقینەبوونیشیان لە تێپەڕبوونی کاتدا کاڵبووبنەوە و بە ئەندێشە بووبن، جیاوازی لەنێوانماندا نامێنێ و هەریەکەمان بە ڕوانینی خۆی دەیانبینێتەوە، لە گێڕانەوەکەمدا دەنگم بە تاڵە ژێیەکانی دەنگی خۆتەوە دەبیستێ، هەر کەسێکیش گوێم لێ بگرێ دەنگی خۆیم پێدەبەخشێ و لەگەڵمدا بەشدار دەبێ.

❋ ❋ ❋

## یادەوەریی شەقامێك

پاش تێپەڕبوونی هەموو ئەو ساڵانە بۆ یەکەمجاری بوو شەقامەکە بەو چۆڵی و بێ مروەتییە ببینێ، هەستی کرد ئەوە هەمان شەقامی جاران نییە، ئەو شەقامەی نزیکەی حەڤدە ساڵ بەسەریدا دەڕۆیشت و جێگەی بینینی ژیانی جحێڵی و گەورەبوون و شوێنی پیاسە و بەسەربردنی کاتەکانی پاشنیوەڕوان و دەمەو ئێوارانی بوو.. بەڵکو بەو چەشنەش بینییەوە کە یەکەمجارە پیایدا دەڕوا و لە شوێنێکیترە. لە شەقامێکی دیکە و شارێکی دیکەیە، تەنانەت ئەو درەختانەش کە لەسەر لێواری شۆستەکە ڕیزیان بەستبوو ئەنوکە وانیش گۆڕابوون، ئەگەرچی گەورەتر ببوون و سێبەرێکی تۆپەڵیان لەسەر خشتەکان پاڵخستبوو، وەلێ بێ مەیل، وەك ئەوەی لە جێیەکی دوور و تەریك و چەپدا گردبووبنەوە ئاوا دەیاننواند.. ئەوەی جووڵەی خستبووە دۆخەکەوە تەنها ئەو ئۆتۆمبێلانە بوون کە تیژ تێدەپەڕین و لە نزیك شۆستەکەدا تەپوتۆزیان دەورووژاند و بڵاودەکردەوە.

لە یەکێك لە گۆشەکاندا کە لەتە بلۆکێك و سندوقێکی بەجێماری بۆیاخچییەکی لێبوو و بە تەنها مابۆوە، بیری بۆ ساڵانی پێشووتر ڕۆیشت. ئێواران لەو جێگەیەدا لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دەوەستان و ببووە پیشەی ڕۆژانەیان، ئیدی ڕۆژگار هەریەکەیانی لەلایەك گیرساندەوە، ئەو ڕوخسارانەی هەردەم پاشنیوەڕوان ئامادەبوون و لێرەو لەوێ کۆمەڵ کۆمەڵ جێگیربوون هەموو وەدیار نەماون و کەسانی نامۆ و نەناس جارجارە بەسەریدا ڕەتدەبن، شێوەی ڕەنگوبۆی دوکان و دوکاندارەکانیش

هەواڵنامەی کتێب

وەك خۆیان نەمابوونــەوە و گۆڕانیــان بەســەردا هــاتبوو... قــەیرێك لــەو جێگەیە ڕاوەستا و هێندەی نەبرد بەشوێن پێیەکانیدا گەڕایەوە. بەدەم ڕۆیشتنەوە بەخۆی وت: دیارە تەمەن بردوومی! برێك پێکەنی و وەڵامی خۆی دایەوە: ئـەی ئەوانـەی کـە زۆر بەتەمــەنن ڕوانینیــان چۆن بێـت؟! منێك کە هێشتا سی و حەوت ساڵ تەمەنمە !

وەختـێ تـاریکی هـەموو بستێکی شـارەکەی تـەنی و دەرودیــوار نوتەکییان مژی، سەرلەنوێ خـۆی گـەیاندەوە سـەر شـەقامەکە و لـەپاڵ یـەکێك لـە دارتووەکانـەوە وەسـتا، سـەرنجی لـە شـەقامەکە دایــەوە و هێندەیتر نامۆ بینییەوە، لەبەرخۆیەوە وتی:

- ئەو هەموو گەرموگوڕییەی ئەم شەقامە چی بەسـەرهات و چـۆن نەما!! تەنانەت ڕۆژانی جەژنیش مەلوول دەبیــنرێت.. ئـەم شـەقامە بـۆ وای لێهاتووە؟! سەرباری ئەوەی خەلکیشی پیادا دەڕوات، بـەڵام چۆڵ و هەستەبە تەنیایی دەکرێت تیایدا!!

سەرنجیدا ناوبەناو خەڵکی لە ترۆمبێلەکانیان دادەبەزن و دوای شـت کڕین ئەستبەجێ جێیدەهێڵن، دەڕۆن و ئاوڕی لێنادەنـەوە، بـەڵکو ئـەو جێگایە وەك هەموو ڕێیەکانی دی لێهاتووە و تەنها شوێنی ڕەتبوونــە.. ئیدی جێی یادگاری ئەوانەش نییە کـە لـە دەرەوەی وڵات دەگەڕانـەوە و لەدووریدا بیریان دەکرد، خەلکەکە گۆڕاون یان ژیان چووەتـە قۆناغێکی تریەوە؟

ئەوەی لە دڵی خۆیدا وت و لەسەر لێواری ئـەو چیمەنتۆیە دانیشت کە وەك حەوزێکی خنجیلانە لە چواردەوری قەدی درەختەکـەوە کرابـوو. ڕووەو لێژاییەکـەی ڕوانـی و کەوتـە هەڵدانــەوەی لاپــەڕەکانی ژیــانی،

شەقامەکەش لەو یادەوەرییانەیدا ئاوێتەی وتەکانی بوو و پرسیار و وەڵامیان بەدوای یەکدا هێنا.

ئەوە هەر منم وای دەبینم یان کەسانی تریش هەمان ڕوانینیان هەیە! کەسانی وەکو منیش هەبن ئەوە دەرک پێ بکەن، خەڵکی سەرقاڵبوون یاخود گۆڕاون و یانیش خۆیان بیرچۆتەوە؟ ژیان بۆ وا بێ تام و کزۆڵە بووە؟ ئێرە تەنها جێیەك نییە بۆ پێزانینی ئەو گۆڕانکارییە؟! ڕەنگە لە بازاڕ و شوێنە قەرەباڵغەکاندا سەرقاڵی و ڕاکە ڕاکە بۆ پێداویستیەکان و بەدەستهێنانی بژێوی بوار نەدەن ئەوە دەستنیشان بکرێت، لێرە ئەو شتانە ئاشکرا دەبن و سیماکانی دیاریدەدەن، ئایا ژیان هەر ئەوان بۆخۆیەیداکردنە بەسەرکزی و قایلبوونە لە چوار دیواری تەریکی ژوورەکاندا! ئەی تۆش هەستت بەوە نەکردووە؟ منێك کە گۆڕانی ئەوتۆ نەکەوتۆتە ژیان و تەنانەت ڕوانینیشمەوە بۆچی دەبێت وایبینم!! شتەکان لەپێش چاومدا تاساو دیارن..ئایا دوای گۆڕانکارییەکان ژیان وای لێ بەسەر دێت؟ یان هێشتاکە گۆڕان لەبنەڕەتەوە نەبووە و ڕۆژە نوێیەکان درێژکراوەی ڕۆژە تاڵخ و بەسەرچووەکانن و چیدیکە نین! ئەم گۆڕانە هەر بە ڕواڵەتە؟

نیگای بەسەر خشتەکانی شۆستەکەوە بوو و ڕیتمی ڕستەکان دەگۆڕان، لەو ڕیتمەدا دەنگی کزی شەقامەکە وەڵامیدایەوە: من تەمەنم لە تەمەنی ئێوەو خانوو و تەلارەکان و بەڵکو ئەم شارەش زیاترە و دەیزانم، سەرجەم قۆناغەکانی و گۆڕانی بەرگیم دیوەو بریوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت من هەست بە شتێکی نوێ دەکەم، ئەو شتەش گۆڕانی هەناسەکانی ژیانە، کزبوونی خۆشەویستی و دڵپاکییە لەنێو ئەو خەڵکەدا، لە هەموو سەردەمێکدا ناخۆشی و نەهامەتی ئەوانم بینیووە

و گوێ لێبووە، کەچی چۆنیەتی ژیان و دڵ و دەروونیان سەرباری کەڵەکەبوونی ئاسۆری و ئازار و ئەشکەنجەی نەبڕاوەیان وەك خۆیان مابۆوەنەوە، من وایدەبینم لە خەوێك ڕابووبن و بەرەنگاری خۆیان بووبنەوە..ئەوان ئیتر دوور لەیەکتر دەژین و تەنانەت حەز بە بینینی ڕوخساری یەکتریش ناکەن، ئەوان لەکاتی هەگبەی پڕو بوونیاندا لەدوورەوە خۆیان پیشانی یەکتری دەدەن، ژیانیان بووە بە نواندنێکی سەیر.

کەواتە لای ئێوە شانۆی گاڵتەجاڕی ڕاگوزەرە؟؟ ئەو پرسیارەی لێکردو دەنگەکانیان تێکەڵ بوون: هەر کەسە بۆ خۆی دەژی و تەنها بیر لەخۆی دەکاتەوە، من ڕۆژانە ئەمانە دەبینم و هیچ شتێك بۆ من نهێنی نییە. بەدرێژایی باڵای خۆم، بست بە بست دەیزانم و بینیومە و هەستم پێی کردووە..منێك کە لە جەرگەی شارەکەدام و بە هەناویدا ڕەتدەبم، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوای،هەر لە دەروازەو ڕێی سەرەکییەوە کە تێکەڵ بە من دەبێ ئاشنایم و بەدرێژایی وەرزەکانی ساڵ و سەرجەم کاتەکان، سپێدە و بوولێڵ بێت یان زەردەپەڕو شەوانی ئوتەك و مانگەشەو، شێدار و ساردوسۆڵ و گەرە و زەردە، ئەوەی بەسەرمدا تێپەڕیووەو لەلاوە لایداوە هەمووی دەزانم و دەناسم و بەڵکو شتە شاراوەکانیش کە لای ئێوە بە شاراوەیی ماونەتەوە لەلام ڕوون و ڕۆشنن.

تۆ کە دوو هەفتەیە لەسەر کارەکەت نەماوی و لە دەست بەتاڵیدا بیرت بۆ ئەو گۆڕانکارییە لەناکاوە چووە، من ماوەیەکی زۆرە هەستم پێی کردووە، من لە دڵی هەموو کەسێکدام و ئاگاداری ئەو گۆڕانەم، کەس بەدڵەوە لەگەڵ ئەو چرکەیەدا نییە کە تیایدا دەژی، دەیەوێت زوو

کاتەکانی تێپەڕن، شەو ببێ بەڕۆژ و ڕۆژیش بەرەو ئێوارە، بەدەستی بێت هەموو کاتەکان لە چرکەیەکی خزدا بچنە ڕابردووەوە !

ئوتمبێلەکان بەدوای یەکدا خێرا ڕەتبوون و دەنگە دەنگی مەکینەکانیان هەواکەیان بڕی، بڕێك تەپوتۆزیان بڵند کردەوەو بەخۆیان و گڵۆپە سوورەکانی پاشەوەیان بە شەقامەکەدا لێژبوونەوە.

- بۆ ئەوەندە خێرا دەڕۆن؟!

ئەوەی وت و بڕێك بێزار بوو.

ڕۆژانە ئەم وتەیە دووبارە دەبێتەوە،هەر کەسێك لێرەوە ڕەتببێ یان تاوێك لابدات وەك تۆ ئەوە دەڵێ و لەبری ڕێز و خۆشەویستی بۆشایی کەوتۆتە نێوانتانەوە،پتر پەیوەندییەکانتان بەرەو پوکانەوە چووە، ئەوە خەڵکی بێزار دەکاو....تۆش بێزار دەبیت، تۆیەك کە هەست بە هەموو شتەکان دەکەیت ئەوەش دەبێتە مایەی نیگەرانیت و وەك خەڵکەکە خەمی پێدەخۆیت، ئەوەتا لە وتەکانتدا ئەوە دیاریدەدا حەز بەو گۆڕانەی مرۆڤ ناکەیت کە بەرەو باشتر نەڕۆیشتووە!

- سەرمەند، ئەی ئەو کەسەی کە وەك خۆت ماویت و ڕۆژگار نەیگۆڕیویت، حەزی پێبکەم یان نا، من خۆ ئێستاکە نەبوومەتە شەقامی سەرەکی تا لەبەر دڵم گران بێت، ڕەنگە ئەو کاتانەی کەسێکی وەك تۆ بەم شێوەیە قسەم لەگەڵدا بکات منیش ئەو وەختە نهێنی و دەردی دڵی خۆمی پێ بڵێم، من هێندەش بێ ئارام و لاواز نیم بەرگەی هەموو ئەمانە نەگرم،تەمەنی من لێشاوی لەو شتانە تێدایە.

چەند کەسێك بەلایدا تێپەڕین و ناوەکەی خۆی لە گوێچکەدا زرینگایەوە، پێی وت:

هەواڵنامەی کتێب

- کەواتە جگە لە من کەسانی تریش هەن قسەت لەگەڵدا بکەن! یان ئەوەی لەدڵیاندایە بۆت هەڵڕێژن و سکاڵاو خەمی تایبەتییان دەربڕن !

- هەندێك جار لەبەر خۆیانەوە دەدوێن و ڕاستەوخۆش جنێوم پێدەدەن، تیایاندایە نایانەوێت ئیدی ببینن، پێشتر هەبوون دەتوت ئەوە منم گرتوومن و دەستبەرداریان نابم، دەیانوت کەی ئەم شەقامە لەپێش چاومان نامێنێ و شوێنی دیکە دەبینین، دەچینە وڵاتان و چاومان پێی ناکەوێتەوە، ئاخ چەند ناخۆشە هەموو تەمەنت لەسەر ئەم شەقامە بفەوتێ و بەسەربچێت و، بەسەرتا بەپێت گەنجێتی و جوانی خۆتی تێدا بەسەر بەریت! زۆریش بوون ئەو عاشقانەی بە بەهەشتێك تەماشایان دەکردم، جلوبەرگی نوێیان دەپۆشی و دەستبەجێ دەگەیشتنە لام، ئەو تەویندارە دڵشکاوانەی ژیانیان بۆ خۆش بێ و بێننەوە و بەسەرمدا بڕۆن و خۆشەویستی خۆیانم پێشکەش بکەن، بژین و تاوەکو مردن لەسەر شۆستەکاندا پیاسە بکەن، ئەو دڵ پڕ لە نومێدانەی چاویان ڕۆژانە یەکتری ببینێ و بۆ هەتایە ئەو چرکانە درێژببنەوە، من هەموو ئەوەم دەبینی..

باڵە سپییەکانیانم دەبینی جەستەی عاشقەکانی دەفڕاند و سوك سوك بەهەوادا دەڕۆیشتن، هەندێکیش هێندە لێم بێزارو وەڕسبوون بە زیندان و دۆزەخ دەیانبینیم، ئەو نامۆیەی کە پێیانەوە لکاوە لێیان نابێتەوە، تیایاندا بوو دەیوت: ئەگەر ئیتر ڕۆژێك کوێریش بین و هیچ نەبینین، بەم شەقامەدا بڕۆین دەزانین کامە چاڵ و چۆڵی و کامە شوێنە و فلان درەختی لەکوێدایە، هێندە پیایدا ڕەتبووین خەونەکانیشی داگیر کردووین. من هێندەم بینیووە باکم نییە، بەڵام پێشم خۆش نییە خەڵکی



هەواڵنامەی کتێب

ئاوا دڵساردبن لەنێو خۆیاندا، ئەوان ئازاری ڕۆحی خۆیان دەدەن، حەز ناکەم ڕکیان لەیەکتری بێت و حەز و ئارەزوویان نەبینینەوەی یەکتری بێت! ئەو دیمەنە کشاوە گەلێك خەمگینە.

- هەموو شتێك گۆڕاوە.. ئەو خەڵکە سەریان لێتێکچووە و خۆیان بیرچۆتەوە، ئایا بەدڵنەبوونی سەرجەم چرکەکانە کە هەمیشە و چاوەڕوانکراو دووبارە دەبنەوە؟ ئەمە هۆکارێکە؟!

گەڵاکانی دارتووەکە ورشەیان پێ کەوت و لەگەڵیدا دەنگەکە بەنەرمییەوە بڵندبۆوە:

- لای هەموویان نا،بەڵام بەگشتی وایە..کەسانی تریش زۆرن وەك خۆیانن و بێگەرد ماونەتەوە، بەڵام تۆ یەکەم کەسیت بەم شێوەیە لەگەڵمدا دەدوێیت، تەنها هاوەڵانی ئەم دواییەت نمونەی خراپی خەڵکی نەبێت!

کەسانی باش زۆرن و دیار نین، تەنك و ڕوون هەن و کەس نایانبینێت، هەندێك جار کە بە شەقامەکەدا دەڕۆن و دەڕوانمە سێبەرە درێژبووەکانی خۆیان کە لە پێشیانەوە دەکشێن، پێیان سەیرە جوڵە دەخەنە ڕێیەکەوە، پێیان سەیرە خۆر لەپشتەوە لێیاندەدا و نایانبرێت، ئەوانە هێندە ڕۆح سوك و پاکیزەن بەلایانەوە زۆرە تەنانەت سێبەریان هەیە!! کەسانی دڵساف زۆرن و هەموو بێدەنگن، کەس هیچیان لێنابیستێ.

سەرمەند بە ئەفسوسێکەوە ئاوڕێکی بۆ سەرەوە دایەوەو وتی:

- تۆش بینەرێکی بەتەمەنیت!! هەگبەکەت قورس بووە.

- بینەر و بیسەر و پێزان و هەستیار، ڕەنگە منیش شەقامێکی بەدبەخت بم، لەچاو شەقامی‌تری شاران و وڵاتانی تردا پێدەچێت

هەواڵنامەی کتێب

ناخۆشی و نەهامەتیم چەشتبێ، هەر کاتێك ژیانی ئێوەش برێك نارامی بەخۆوە بینیبێ، هێندەی نەخایاندووە شێواوە و بەدڵی خۆتان نەژیاون و تەمەنتان سەراپا لە چاوەڕوانیدا بەسەربردووە، چاوەڕێی ئەو ڕۆژەی ژیان باشتر و لەبارتر و بەدیهێنەری هیوا و ئومێدتان بێت، هەموو ئەوانە دەزانم و بیرم ناچنەوە، من ئەوەم لا سەیرە کە خەلکەکە زوو بیریان دەچێتەوە، ئاخر تاوەکو ئەمڕۆ بەسەرنەکرێتەوە نازانرێت سبەی چی دەبێت !

- بەلام ئەگەر بیریان نەچێتەوە تێکدەچن، ئەقلّ لەدەست دەدەن و بەرگەی ناگرن، ئەوان پشتیان لە ناخۆشیەکان کردووە و یادی ڕۆژە خۆشەکان دەکەنەوە..تۆ دەزانیت ئێمە چ ئاسۆری و نەگبەتییەکمان چەشتووە، هەر باشە خەلکی یەکتریان نەخواردووە، ئەوەی بینیومانە کەڵەکەبوون و لەپشتەوە بەسیبەرمانەوەیە. ڕەنگە نەژیابین، ئەوەیشی کە بینیومانە لە مەرگدا بووەو ناومان لێناوە ژیان. ئێمە مردن ژیاوین، تۆ چ ناوێکی لێدەنێیت؟!

- ئەوەتا خۆت ڕاستییەکان دەڵێیت، ژیان خۆشی و ناخۆشی تێدایە..منیش ناحەقیتان لەگەڵدا ناکەم، چونکە جڵەوی ژیان تەواوی بەدەست خۆتانەوە نەبووە، بەلام من هەست بەشتێکی سەیر دەکەم، لەچاوی خەلکەکەدا دەیبینم، لە دڵیاندا هەستی پێدەکەم!

- ئەو شتە چییە؟!

سەرمەند بەسەرسوڕمانەوە چاوەڕێی وەلامدانەوەی بوو، دەنگەکە نەرمبۆوەو وەك چرپەی لێهات.

- ترسە !! ترسێکی سەیر لە ناختاندایە، ئەگەر بەوردی سەیری قۆناغەکانی ژیان بکرێت لەم شارەدا، کە هەرچەندە هەمووشیان یەك

درێژکراوەو هاوشێوەن، ئەو ترسە پێ بە پێی هاتووەو هاوشانیبووە، بەڵام ئەمەیان ترسێکی ترە، ئەمە ئەو ترسە سروشتیە نییە کە لای هەموو بوونەوەران هەیە، ترسی مانەوە و نەفەوتان: جاران ترسەکە لە تیداچوون و مەرگدا بوو، ترسی ئەوەی بمێننەوە و دەربەدەر و ماڵوێران نەکرێن و نەفەوتێن، ئەم ترسەیان جەرگەی ژیان خۆیەتی، ژیان بووەتە ترسێکی ئەوتۆ.....

- ترس لە ژیان خۆی؟!

- بەڵێ.. پێویستە بەوردی بڕوانیت، بگەڕێیتەوە بۆ سەرەتاکان و بە چاوێکی‌ترەوە بیاخوێنیتەوە، ئەو گۆڕانکارییەی لەپڕێکدا بە میشکتدا هاتووە تاڵەکانی بەدوێنێوە بەندن، ڕیشاڵەکانی پێکداچوون و ئەگەرچی زۆربەیان پچڕانیان تێکەوتووە، وەلێ ڕایەڵێکی سەرەکی هێشتان ماوە، ئەو ڕایەڵەی پێی دەڵێن ژیان، فراوان بوون و تەنگبوونەوەی ئەو ڕایەڵە بەپێی درێژبوونەوەی، گۆڕانی بەخۆوە بینیوە، پێدەچێت گۆڕانی نوێی ئەمرۆ خۆشبەختانە نەبێت، چونکە لەئاستیدا مرۆڤی بچووک کردۆتەوە، هێندەش بچووک و بێدەسەڵات کە لێی نەگەن و وەك کەسێکی نامۆ بڕواننە خۆیان، بڕواننە دەوروبەر و، کەسێك بەدڵی خۆی نەژی، ئەوەیشی بیکات پێی قایل نەبێ و خەمۆکی و تەنیایی هەمیشەیی بەسەر سەریەوە بێت، ئایا ئەمە ونبوون نییە؟ وا نزیکەی دە دوانزە ساڵە ئەو گۆڕانە دەبینم، گۆڕانێك کە پێشتر ئەم شارە بەدرێژایی تەمەنی خۆی نەیبینیوە و ئێستاکە پێوەی لکاوە، ئەم ژیانە هەرگیز خەفەبوونی نەدەناسی و لە چرکەساتە ناهەموارەکانیشیدا سیماکانی لێڵ نەدەبوون، ژیان دەبووە ڕکێکی ئەستوور و دەمارەکانی داوای تۆڵە و هەق سەندنەوەیان دەکرد، لەوپەڕی چرمەسەریشدا تینی خۆی مابوو و

لەناخیدا شکۆفەی ئومێد و چرۆی سەوز ئامالّی دەکرد، خۆرێکی گەشاوەی تێدا دەدرەوشایەوە و پرشنگی دەبەخشی.

ژیان کە لێرەوە دەهات و تێدەپەڕی هەوری یادەوەریی لەپاش خۆیەوە جێدەهێشت، لەگەلّ شەپۆلی بایەکدا دادەبارییەوە و بارووبنەی دەخست، هەورەکان چڕدەبوونەوە و بروسکەیان لیّ پەیدا دەبوو، هەر جارەی بە تەرزێك دایاندەکرد و بەرەو قوولاّیی خاك ڕۆدەچوون، دەخزان و ڕەگەکانیان گیر دەکرد، پەلیان دەهاویشت و....

وردە وردە وتەکانی بەردەوامدەبوون و لە لێشاوێکدا هەر جارەی شتێکیان بەسەرکردەوە، ئەویش پێ بەپێی وێنەکانی دەبینی و تیایاندا گۆشەکانی یەکالاّدەکردەوە، دەنگی شەقامەکە لە ئەندێشەیدا دەنگە ژنی لەراندەوە و لە ڕەزمێکی هێمندا کەوتە گێڕانەوەی چەندین بیرەوەری خۆی.

هەواڵنامەی کتێب

## -1-

سمی ئەسپەکان دەنگیان دەهات، لەسەرێکەوە بۆ سەرێکیتر و لە پەرێکەوە بۆ پەرێکی دی.. ئەسپەکان غارغارێنیان بوو و بە کۆمەڵ و ڕەوە دەڕۆیشتن، یەکتریان ڕاودەنا و پێش یەکتری دەکەوتن، لەناکاوێکیشدا بە وێنەی ڕەشەبایەکی توند دەفڕین و لە چاوان ون دەبوون. لەسەر سینەی ئەو پێدەشتە پڕ هەوراز و نشێوە بەرینەی دەکەوتە نێو شاخ و چیاکانەوە، بوونی من هێشتان بە جەستەیەوە بوو و تەنها چەند ڕێڕەوێکی ئاودڕ و تولەڕێی ئەو گیاندارانە بووم کە بۆ لەوەڕ دەهاتنە ئەوێ و پیایدا ڕەتدەبوون. لە پەرێکیتریشەوە ڕێیەکی دیم دەبینی و بەلام هەرگیز پێی نەدەگەیشتم، ئەو دەمەی تازە خەتم دابوو، تاقە مەراقێکم لکاندنم بوو بەوەوە، پێدەچوو تەمەنێکی ئێجگار زۆریشی هەبێت، چونکە پچڕپچڕ ببوو و گژوگیا چووبوونە وێزدیەوە.

دەنگی سمی ئەسپەکان دەیانبردمەوە بۆ لای خۆیان،ئەو ئەسپانە ناوبەناو لای چۆمەکە پەیدا دەبوون. خڕە بەردە سپییەکانیان دەشێلا و دوای ئاوخواردنەوە لە کەنارەوە بۆ ڕۆخی بەرامبەر ئاوەکەیان دەبڕی، ئەوان دوورتر، لەبەری بەرزاییەوە ڕووەو کانی و کانیاوەکان ملیاندەنا و لایاندەدا؛ ئەو دەمە بوو کە ئەسپە بەڵەك عاشقی ماینە ڕەش ببوو،

ئەوەندە ڕەش بوو لە شەواندا نەدەبینرا، بەڵەکی باڵ درێژ هەموو بوون و ژیانی خۆی کردبووە هێز و شێتانە ئەوینەکەی دەپاراست، ماین ڕۆژانێکی زۆر پۆلەکەی جێدەهێشت و هەرزەیی گەمەی خۆی دەکرد، هەڵبەز و دابەز و لەنجەولاری بوو.. دەشیزانی ئەو هەر چاوی لەسەریەتی و خۆی لێ نەبان کردبوو و دوور دەڕۆیشت، بەڵەک لەپێناویدا شەڕی بەرپا دەکرد و خۆی بۆ دەنواند، هەنگاوی دەنا و بێوچان پرمەی دەکرد، پێشبڕکێی لەگەڵ ئەسپەکانی تردا سازدەدا و سەرکەوتنی خۆی بە دونیادا بڵاودەکردەوە.. بۆ هەر شوێنێك ملیان دەنا و ئاویان دەبینی، بەڵەك پێشی لە هەمووان دەگرت و مۆڵەتی ماینە ڕەشی دەدا یەکەمجار تینوێتی بشکێنێ، ئەو هەڵوێستەش لای هەمووان ئاشکرابوو و سەرەنجام ماینی بۆخۆی ڕاکێشا، بە جوتە غارغارێنیان بوو و شادمان بوون: پاشماوەیەك وەدیار نەمان، ڕەوەش ڕێی ئەوانیان دۆزییەوە و چەندەها وەرز نێرەیان جێهێشت. دەنگی سم و پرمەیان نەرم نەرم گەڕانەوە و تا ئێستاش هەست بە ترپەی لێدانیان دەکەم. لەو ڕۆژگارەدا ئەوەی پێی دەوترا مەینەتی بوونی نەبوو، بە بۆنیش هەوا نەیدەهێنا.

-2-

لە مانگەکانی یەکەمی بەهاران و گەرمبوونەوەی خاکدا، سەر ڕووی ئەم پێدەشتە یەکپارچە سەوزایی دەپۆشێ، گوڵە کێویلەی هەمەڕەنگ و هەمە چەشن لەسەر جەستەم بڵاوببوونەوە، هەنگە زەردەش لەنێو کلۆری دار و کێوەکانەوە بۆ ئەو گوڵانە دەهاتن و پۆل پۆل دەگەڕانەوە، لە نزیك چەم وکاریزەکانەوە چقلی تۆپەڵ وگوڵناوازە چووبوون بەنێو یەکدا. بەسەر دەوەن و بێشەلانەکانەوە پەپوولە باڵ پانەکان هەنگامەیان بوو، ئەم

هەواڵنامەی کتێب

دەشتەیان دەبڕی و بۆ خۆپاراستن لە باڵندە و پەلەوەرە بڵندفڕەکان خۆیان لە گەڵاو پەڕەی گوڵەکاندا نقومدەکرد، جریوە و جوکەی مەل ومێرووخۆرەکان تا خۆر بە ئاسمانەوە دیاری بدایە تاوێك ئێرەیان بە بێدەنگی نەدەهێشتەوە، هەر وەرزەی چەشنێك لەو مەلانە نیشتەجێی ئێرە دەبوون و تا ئێستاکەش نەوەکانیان ماون، من بە دەنگیاندا دەیانناسمەوە وەختێك دەخوێنن، بەڵام کەمتر بوونەتەوە. نزیك کەندو لێوارە شاشەکان مشکە کوێرە کونیان لە خاکەکە کردبوو، ئەو دەمانەی بەفرێکی زۆر دەباری و دەشت و کێو و شاخی دادەپۆشی، گورگ و بەراز و کەمتیار ئێرەیان تەیدەکرد، ڕاوراوێنی مشکە کوێرە تاوەکو کانی تەقین و قەڵبەزەی نوێی ڕووباری دەم بە هەوای بەهارانەی دەخایاند، ئاسکە زیت و چاو گەشەکانیش بێشەلان و لێرەکانی سەرەوەیان بۆ شەوانیان کردبووە ماڵ و دوور لە چۆمی هەردووك کەنار چڕ بە درەولان و تووترك دەژیان، عەشقی ئاسکەکان بۆ کەڵ و ئێرەی خۆیان بۆ خۆی چیرۆکێکی سەمەرەیە.

-3-

کۆتایی زستانان و وەختی شکۆفە، کەروێشکێکی بێ هاوتای زۆروزەوەند لێرە بوون، کەروێشکی کێوی گەورەو لاق درێژو قەڵەو، هەڵۆ و باز و شەهێنە دەنوك چەماوەکان وەختێ سێبەریان دەرژاندە سەر عەردەکە، هەر کەروێشك بوو تێیدەتەقاندو بەرەو کونە نزیك و قووڵ و پێچاوپێچەکانیان باڵیان دەگرت و خۆیان تێدا حەشاردەدان، شینە شاهۆ و بازە باڵ فراوانەکان بە قاچی ئەستوور و نینۆکی درێژ و بریقەداریانەوە دەنیشتنە سەر کەروێشك و ڕووەو بڵندی ئاسمان دەیانبردن.

ئەو ئاژەڵانەی لە گۆڕینی وەرزەکاندا دەرد و نەخۆشی لێیدەدان و مرداریدەکردنەوە، داڵەکانیان لە ئاسمانی بەرزدا گرددەکردنەوە و وانیش لەچاوتروکانێکدا لەسەر کەلاکیان بوون، قەلەڕەشکەیەکی ئێجگار زۆر و بێ ئەژماریش دەهاتن و لەسەر بەردەکان دەنیشتنەوە..ئەم پێدەشتە بەدرێژایی زستان و بەهار ڕەشدەچۆوە، ئاسمانی ئێرە هەمووی باڵدار بوو و خاکیشی گیانلەبەرێکی هەمە چەشن.

بۆ یەکەمجار بوو ڕاوکەرەکان ببینم، جگە لە ڕاوە کەروێشک، پۆڕ و کەو و سوێسکە ئارامی لەبەر بڕیبوون، ڕەوە لەدوای ڕەوە و دەستە دەستە خۆیان دەکرد بە لێری نزیک چۆمەکەدا و دەکەوتنە خوێندن، لەگەڵ دەنگی ساچمەزەنگ و تاپڕەکاندا بە سەدانیان باڵیان لێکدەدا و بەرەو دۆڵەکانی ژوورروو دەفڕین، دەنگی تەقە ئیتر لەو ڕۆژەوە تا ئێستا نەبڕاوەتەوە و گرمە و ناڵەیش زیادی کردووە، بە درێژایی باڵای ئەو چەمەش کە بەرەوخوار دەبۆوە، مراوییە کێویلە دەفڕین و بۆ هەمیشە بەسەریەوە بوون و دەهاتن و دەچوون، ماسییەکانی نێو ئاویش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆرتر دەبوون و بەریبەرەکانێی شەپۆلە تیژڕەوەکانیان دەکرد و لە قەڵبەزە و کەفچەڕیندا بازی گەورەیان دەدا و خێرا دەردەپەڕین، شەوان قیڕەی بۆقەکان تێکەڵ بە هاژەی چەمەکە دەبوون و وچانێك نەدەوەستان، ئەگەرچی ئەو وەختە کەمتر بنیادەم دەبینرا و دەشتێکی چۆڵ بوو، بەڵام گیانلەبەران هێندە زۆر بوون ئەو چۆڵییە دەرك پێنەدەکرا و ڕۆژان و شەوانی بە ژیان جمەی دەهات.

## -4-

دەمەو ئێوارەیەك لەڕێی سەرەکییەوە کاروانێك ڕێی گرتبووە بەر، نزیکی تاریکبوون ڕووەو ئەو گوندە کشان کە ئێستا گەڕەکێکی شارەکەیە، ولاخە بەرزە بەخۆیان و بار و سوارییانەوە لێرەوە تێپەڕین و لەسەر یەکێك لە بەرزاییەکان لایاندا، گریانی منالانیان زەندەقی گیاندارانیان بردبوو و بەهەوادا پەرشدەبۆوە، هێندەی نەخایاند ڕێیان گرتەوەبەر و بەسەر پردە دارینەی چۆمەکەدا پەڕینەوە، چەند کەسێکیان کەوتنە قسەوباس لەنێو خۆیاندا.

- پێشتر هاتووم، کارێز و ئاوێکی باشی هەیە، ئێمە هەر ماندووین ماندوو، لەوێ باروبنە دەخەین، شەو لەوێ دەمێنینەوە و سبەی دەچینە قەلاچوالان.

- هێندەمان نەماوە، گوندی مەلکەنی گرێ قوتیلەی وا دیارە.

کەوتنەوە خۆو بەرەو گوند کشان..گڕە بچووکەکانیش لە تاریکاییەکەدا دەچریسکانەوە و لە نزیکاییشدا دیوارەکانیان ڕۆشن کردبۆوە.

## -5-

دەنگی چوار ناڵەی ئەسپەکانم کەوتەوە بەر گوێ، ئەمجارەیان سەر پشتیان ڕووت نەبوون و زینیان پێوەبوو، غارغارێنیان کتوپڕ بوو و بەسەر پشتیانەوە ئەسپ سوارەکان جڵەویان ڕادەکێشا، بەرلەوانیش تانجی و سەگەل بازی گەوردیان هەڵدەدا و بە دەنگە دەنگەوە لەپێشیانەوە وەك با دەفرین..تارناتارێك تەقوهۆڕ پەیدا دەبوو و دووکەڵ

هەواڵنامەی کتێب

بەرزدەبۆوە، پێکەنین و هەرای ئەسپ سوارەکان ڕۆژانە هەبوون و گژوگیایان پان و پلیش دەکردەوە، دیاربوو ئەوەی لەسەر بەرزاییەک ئەسپەکەی ڕاگرتبوو ئاغایە، ئەوانەی نێچیرەکانیان دەگرت، خێرا بەرەو لای ئەو غاریان دەدا و دەیانوت:

- ئاغام، چوار لەو کەروێشکە قەڵەوانەمان پێکاوە، ڕاومان زۆرە.

- لە وەختی تەقەکاندا بینیم ڕێوییەک سەرەوخواربۆوە، ئاغام تووکە ڕێوی لێی جوانتر نییە، وەک ماڵی میران هەڵیواسە لە دیوەخاندا.

کەوتنە پێکەنین و ئاغا پێی وت:

- سەید وەلی، خۆ گوێت لێیە ! ڕەشە سمایل وەک ئەوەی ڕێویەکەی ڕاوکردبێ و تووکەکەیم پیشان بدات ! ڕێوی بۆی دەرچووە و ئەویش باسی هەڵواسینی تووکەکەیم بۆ دەکات، ناشێت لێی سەندبێت !!

کەوتنە پێکەنین، گیاندارەکانیش لە دوورەوە خۆیان مەڵاس دابوو و دەیانڕوانییە ڕاوچییەکان، ئەوانیش ڕۆژانە دەهاتن و پاشنیوەڕوان ڕووەو کارێزەکانی سەرەوە ملیان دەنایەوە.. شەوانە لەبەرزایی ئەوبەر شیوی لێوار گونددا، لەدەوری ئاگرێکی پرشنگدار کۆمەڵ دەبوون و دەکەوتنە قسان، ئیتر هاتوچۆیان تولەڕێی دەنەخشاند و لەگەڵ هەڵکردنی کزەبایەکدا خۆڵی سەر ڕێگەکە بەهەوادا بڵاودەبۆوە.. هاتنی ناوبەناوی ئەوان وایکرد کە زۆرینەی کەروێشکەکان ماوەیەک باشووریان هەڵبژارد و پۆڕ و سوێسکە و قەتێکانیش سەردەمانێکی زۆر نێو دەوەن و بێشەڵانەکان وڵاتیان بوو. قازوقولنگی کۆچەریش لە بەدواداهاتنی وەرزەکاندا شەوانە ئاسمانیان دەبڕی، ئەو گەشتە ساڵانەیەیان تا هەنوکەش بەردەوامە و تاوەکو گەرمیان و کوێستان بێنێ و سەر زەوی

هەر شتێکی لێ بقەومێ، ئەوان هەر دەڕۆن و لەبەرزایی ئاسماندا بۆ هەمیشە دەبینرێن.

## -6-

هاوین بوو، خەرمان تۆپەڵ تۆپەڵ لە لێواری گوند و بەری سەردوەدا ڕووەو ماڵەکان دەگوێزرانەوە، گوێدرێژەکان بەردەکانیان باردەکرد و لە لێڕی بنارەکەدا سپی داریان ڕادەکێشا..هەندێك لە خەڵکەکە دیواری کۆڵیت و پشتیرەکانیان بەخشتی کاڵ و قوڕ هەڵدەچنی و سەرگەرمی کار بوون، دوای چەند ڕۆژێك کاروانێکی بچکۆلە لە خوارەوە بەرەو بەرزایی دەهات، کەلوپەل و خۆراك باریان بوو، بەنێو گوند کەوتن و خەڵکی لێیان خڕبوونەوە، ئەو ڕێبوارانەی نێوارانیش ڕێیان دەکەوتە ئەم نزیکانە لایاندەدایە لاپان و شەوانی پڕ ئەستێرەیان لە گوندەکەدا بەسەر دەبرد، لەنێو ئەستێرەکاندا تەپوتۆزێك دەبینرا، درێژدەبۆوە و خەڵکەکە تەماشایان دەکرد و گوێم لێبوو دیانوت: کاکێشان، ڕێی کاکێشان و ئەودەم ئەستێرەیەکی نێجگار بێشومار لە ئاسمانی تاریکدا بوون، سەردەمانێك بە ڕوونی دەبینران و نیتر وەختێك گلۆپەکانی شار و چڕبوونەوەی ڕووناکی ئاسۆیان داگیرکرد، شەوان ئەو تاریکییەی نەماو ئەستێرەکان زۆرینەیان ونبوون.لەگەڵیاندا دەمڕوانییە ئاسمانی بەرین،ماوەیەکی زۆر عەودالّی بینینی پێکگەیشتنی لەیل و مەجنون بووم،خەڵکەکە باسیان لەوە دەکرد کە ئەو دوو ئەستێرە پرشنگدارەی لە پەڕێکی ئاسۆوەن لەیل و مەجنونن و لەکاتی نزیکبوونەوە و بەریەککەوتنیاندا ،ئەوەی دەیخوازن و تامەزرۆیین دێتە دی و بەخت یاوەری ئەو کەسە دەبێت کە ئەو ڕووداوە دانسقەیە دەبینێت.

هەندێکیتر دەیانوت ئەو کەسەی بەریەککەوتنەکە دەبینێت تەمەنی کورت دەبێ، هەندێکی دیکەش پێیان وابوو لەو چرکەیەدا هەر کەسێک دوعایەک بکات ئیتر دەمرێ و ناکرێت دەست وەرداتە کاری خوادندەوە.

ڕۆژێک مێردمناڵێک بە هاوەڵەکانی خۆی وت:

- شەو لەسەر بانیژەکە خەوتبووم، دەمەو بەیانی هەستم بە سەرما کرد و خەبەرم بۆوە، ڕوانیمە ئاسمان و لەیل و مەجنونم بینی، دوو ئەستێرەی زۆر گەورە و بەشەوق بوون، دڵم بەتوندی لێیدا و کەوتمە سەیرکردنیان، زۆر زۆری نەخایاند، هەردوو ئەستێرەکە پێکەوە کەوتنە جووڵە و بەرەو خوارووی ئاسمان کشان، وەک ئەوەی ملوانکەیەک دروست بکەن یان لە لێواری قاپێکەوە بەرەو بنەوەی بڕۆن، ئاوەها هەردووکیان لەسەرخۆ بەرەو خوارەوە جووڵان و لەخاڵێکدا پێکگەیشتن، شەوقێکی زۆرتریان دروست کرد و لەپڕێکدا بەخێرایی یەکتریان بڕی و جیابوونەوە و بەرەو سەرەوە جووڵان، ئەمجا یان چووە شوێنی ئەویان و لە جێگەی یەکتری جێگیربوونەوە وەک پێشوو، زۆر سەیربوو و باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد، ئەشمزانی هیچ دوعایەک بکەم نەک بمرم!!

منیش شەوانێکی زۆر هەر ڕوانیم وهەر ڕوانیم، بەڵام هەرگیز ئەوەم نەبینی، ئێستاش جارجارە کە گوندییەک دێتە شارەوە و بۆ کەسێکی شاریی دەدوێت، گوێم لێیەتی هێشتاکە ئەوە باسدەکا و دەگێڕێتەوە کە لای خۆیان شەوانە خەڵکی ئاوایی چاودێری ئەوە دەکەن!

کۆچەری دەهاتن و دەڕۆیشتن، بڕێکیان چەند ڕۆژێک لایاندەدا و لەنزیکیانەوە بارونەیان دەخست، چادر و تاوڵەکانیان هەڵدەدا و دەچوونە سەر دەمی کانیاوەکان.. ئێواران دووکەڵی باریک و شین

بەهەوادا هەڵدەچوون و چەقەڵەکانیش چۆمەکەیان جێدەهێشت و نزیکیان دەکەوتنەوە، هەندێ جار تەقەکردن لەناو دێدا دروست دەبوو و دەنگی دەدایەوە، وەڕینی سەگەل بەدوایدا دەهات و چەقەڵ تێیدەتەقاند.

لەگەڵ دروستکردنی تەویلە و گەوڕەکانیشدا، چەند خانوویەکی نزمی دیکەش لەپاڵیانەوە سێبەریان خستە سەر زەوی، منی تولەڕێی شەقار شەقاریش لە شەوانی نوتەکدا دەبینرام و ببوومە هێلی ڕەتبوونی ئەو ئێستر و گوێدرێژانەی بەسەرمدا دەڕۆیشتن، تەرسی هێسترەکان بە ڕێیەکەدا پەرش ببوونەوە و سپێدان چۆلەکە لەسەریان دەنیشتنەوە، لەنزیک کارێزەکانیشەوە ئافرەتە جلوبەرگ ڕەنگاوڕەنگەکان گۆزە ئاویان پڕ دەکرد و لەبەری خوارووەوە بە ئەسپۆن خەریکی شتنی جەواڵ و بەڕەکانیان بوون.

شەوقی قوتیلە و گڕی ئاگر لە دوور و نزیکەوە، لە تەختان و بەرزاییدا تاوەکو درەنگانێکی شەو ببوونە جێی سەرنجی گیانداران و لەو دوورەوە تەماشایان دەکردن و چاویان لێ نەدەترووکاندن، بۆن و بەرامەی ڕۆنی قرچاو و خواردنیش وەختێ بلاودەبۆوە، گورهەلکەنەی لە لانەکانیان دەردەهێنا و هەموو قیت دەبوونەوە، هەر بۆنیان هەڵدەمژی و تێر نەدەبوون، بۆنی خواردن سەر لە ئێواران وچانێکی دەخایاند و نەیدەهێشت ئاژەڵەکان چاویان بچێتە خەوەوە.

## -7-

لافاو و ئاوی سەربەرەوخواری شاخەکان لە لێشاوێکی لێڵدا بەنێو شیوەکان ببوو و بەردو زیخ و ئەمامی بچووکی ڕادەماڵی..ئەو جوتیارانەی لەبەری لافاودا زەرعاتەکانیان لەکیس چووبوون، شوێنی

هەواڵنامەی کتێب

خۆیان لەو جێگایانە گواستەوە و زەوییەکانی ئەملاولایان کێڵا، بەروبوومیان بەپیت ترو زۆرتربوو و دەغڵ و دانێکی زەوەند لە ماڵەکاندا بوون، من ئەوانەم لە دەمی ئەو ڕێبوارانەوە دەبیست کە بۆ یەکتر دەدوان و حاڵی خۆیان دەردەخست. هەر ئەوانیش بوون ڕۆژانە هەواڵی نوێیان دەهێنا و شتی سەیروسەمەرەیان دەگێڕایەوە. لەو وەختانەدا کە سەرمەست ببووم بە بینینی نانەوەی داو و تەپکەی ڕاوکەران و فێڵی ڕێوییەکان لە پەلاماردانی هێلکەو جوجەڵەی مریشکە کێویلە،یەکێك لە ڕاوکەرەکان وتی:

- وا سێ ڕۆژە کوڕی یەکێك لە بەگەکان دڵداری خۆی هێناوەتە گوند و لەنزیك کارێزی ئاغاوە نیشتەجێ بووە، بڕیاری داوە نەگەڕێتەوە ئاوایی خۆیان، پێدەچێت بنەماڵەی ڕازی نەبووبن بەو کارەی کە کچە مسکێن بخوازێت، کوڕی بەگزادە دوو پیاویشی لەگەڵ خۆیدا هێناوەو ئەوانیش نیازیان نییە بڕۆنەوە. لەوە دەچێت وەسمان ئاغای دیوەخان گەورە ئاسیاوی بێ و ئەو هانی دابێت بێتە لایان.

- بیستم دەڵێن ئاغا بەگەکانی قایل کردووە کە دەستی بۆ نەبەن.

هەر ئەو ڕۆژانە کوڕە هەرزەی جوتیارێك لە بولێڵدا دەگەڵ کۆچەرییەکاندا ڕێی کوێستانی گرتبووە بەرو ڕۆیشتبوو، ڕاوکەرەکان قسەکانیان گۆڕی و وتیان:

- دڵی بەیەکێك لە کچەکانیاندا چووە و لەبەری بەیانەوە پێ بەپێیان ڕۆیشتووە.

- کۆچەریی چۆن هێشتوویانە ؟! لەوانەیە بە بیانووی ڕۆیشتن بۆ شوێنێك خۆی خستبێتە پاڵیان.

- هەر بۆیە ڕۆژانە لەنزیك تاوڵەکانیانەوە بوو و دوورنەدەکەوتەوە!

- بەدزییەوە قـەی لەگەڵ کچەکەدا کردووە، چ ئاغـاو چ خـەڵکیش بەو کـارە ڕازی نـەبوون و چـەند سـوارێکیان لـەدوا نـاردوون، باوکیشـی بەدوایدا ڕۆیشتووە.

دەمی نیوەڕۆ کوڕی هەڵاتوویان هێنایەوە بۆ نێـو گونـد، خـەڵکیش دەیانوت: کاوە ئاوی کەوسەری خواردۆتەوە..چونکـە کچەکـە کەوسـەری ناوبوو و جامە ئـاوێکی بـۆ بردبـوو هەربۆیـە وایـان دەوت. ڕۆژی دواتر یەکێك لەوانەی تەپکەیان دەنایەوە بەپێکەنینەوە بەهاوەڵەکەی وت:

-وەك ئەوەی گونـد ئـاوی تێـدا نـەبێ و لـە بیابـان لایدابێـت ! لـەو هەموو ئاوە زۆرەی کارێزەکانـەوە بچێـت داوای ئـاو لـە کچـە کۆچـەری بکەیت !! بۆ ناچیت یاریدەی باوکت بدەیت هەی سەرەڕۆ؟

هێنـدەی نـەبرد، ئیتـر بـە کـوڕە عاشـق ناسـرا و لەگـەڵ هـاتنی کۆچەرییەکاندا هەموو تەماشایان دەکرد. ئەویش دەنگی نەدەکرد و هەر لە دوورەوە دەیڕوانییە خێوەتەکان.

-8-

نێوەڕاستی بـەهار بـوو، ئەسـپ سـوارێکی زۆر هاتبوونـە نێـو دێ، بـارێکی زۆریشـیان لـە ولاغ نـابوو و منـاڵان هـەموو لێیـان کۆببوونەوە..نەرمە بارانێك بلاوەی بە منداڵەکان کرد و کوڕوکاڵی گونـد بۆ داگرتنی باری سەر پشتی ئێسترەکان چوونە یاریدەیان، باران تاوێکی خایاند و ئینجا هـەتاوێکی پرشـنگدار گونـدی ئـالکردەوە، لـە بـەری بەرزاییـەوە پەلکەزێرینەیـەك خـۆی کێشـا بـە ئاسمانەکـەدا و خـەڵکی گوندەکە هەموو کەوتنە تەماشاکردنی.. هێندەی نـەبرد میوانـەکان لـە دیوەخانی ئاغا وەدەرکەوتن و بەپێ چـەند هـەنگاوێك ڕۆیشتن، تفـەنگ



هەڵاڵەی کتێب

لەشانەکان لای ئەسپەکانیان مانەوە و هێسترەکانیان لە جێیەك گردکردنەوە.

- ڕەنگە بەدوای کوڕی بەگزادەدا هاتبن!

ئەو پیاوەی گوێدرێژەکەی پێش خۆی دابوو وای وت، کابرای هاوەڵی کە بەتەمەنتر بوو وتی:

- نا، ئەوە مەحمود پاشای میری بابانە، لە ئەمارەتی قەڵاچوالانەوە هاتووە،ئەوە چەند جارە دەیبینم، تۆ نەتبینیووە! وام گوێ لێبووە ماڵ بێنێتە ئێرە و میوانەکانی ئەودیو لای لابدەن.

- ناوبەناو دەهاتنە گوندی ئێمەش،پێشتر لەنزیکەوە نەمبینیووە.

مەحمود پاشا و پیاوانی دیکە دەیانڕوانییە ڕۆژئاوای گوند و لەگەڵ قسەکردندا دەستیان بۆ ئێرە و ئەوێ درێژ دەکرد.

## -9-

لە گەرمای جۆزەردانەدا دیواری خانووە گەورەکەی لێوار دنیان هەڵچنی، وتیان ئەوە دەبێتە سەرای گەورەی مەحمود پاشا و جێی حەوانەوەی میرەکانی بابان. هەر گوێدرێژ بوون دووتایان لەسەر پشت بوو و لەبەرزاییەوە بەردیان دەگواستەوە، سپی داریان لە لێرەکانەوە رادەکێشا و لەسەر یەك کۆمەڵیان دەکردن. لەخوارێشەوە خشتە کاڵەکان هەتاو وشکی دەکردنەوە.

ڕێژەی دار برینەوە لە زیادبووندا بوو و چەند کەسێك لە دارستانی نزیك چۆمەکەوە لە سپێدەوە سەرقاڵی داربرینەوە بوون، خاوەنی ئەو درەختانە کۆڵێتێکی لەبەری بەرزایی چۆمەکەوە دروست کردبوو و ڕۆژانە داربڕەکانی بەسەردەکردەوە، چەندە داریشیان لە ولاخ باردەکرد و

لە زەوییەکەیان دەخشاند، من هێندەی تر خەتم دەدا و لەدوورڕا دەناسرامەوە، تەنانەت لە شەوانی نوتەکیشدا سپی دەچوومەوە و کەسێک ڕێی هەڵە نەدەکرد.

لێڕی چڕی کەنار چەمەکە کە درەختەکانی تێکئالابوون و لق و چڵیان هەتاویان تەواوێ دەشاردەوە، هەموو دۆڵەکەی تەنیبوو و بۆنێکی خۆشی لێوە دەهات.هەر داریان لێ دەبڕی و پێوەی دیاری نەدەدا، دەتوت لەچاوتروکانێکدا ئەمامی نوێی گەورە دەبێ و بەئاسماندا هەڵدەچێت.. دارێک ئامێنێ و لە جێگەکەی درەختێکی تر سەردەردێنێ.

## -10-

ئاوەکەی کەمبۆتەوە، ماسییەکانی ئاویشی کەمتر و بچووکترن، بەمەینەتییەوە چاوی لە ئاوەکە کەلاخست و لەپاشاندا لەپەرێکی ترەوە بە پلیکانەکاندا شۆڕبۆوە، ئەو دیمەنەی دوێنێ شەو هاتبووە پێش چاوی بیست ساڵ پێشتری بیرهێنایەوە، سەیرانگای سەرچنارو مەلەکردنی نێو گۆمەکانی ئاوی قلیاسان..چڕستانێکی هەمەڕەنگ لە درەخت و قەوزە و ڕووەکی هەڵچووی ناو ئاوەکە. یادگاریی نووسراوی سەر قەدی درەختەکان سەرنجی ڕاکێشا، منێک کە یادی بیست ساڵ پێشتر دەکەمەوە و هەموو ئەو گۆڕانە دەبینم، دەبێ جاران چۆن بووبێت ! چەند خەمگینە ئەو درەختە بەتەمەنانە هەڵپاچڕێن و لە جێگەیاندا ڕێگە و گازینۆ و ئوتمبێل پاشماوەیان بێت!! خەڵکی ئەمڕۆ هەر بەکاردەهێنن و دەفەوتێنن و لەبری بنیادنانێنەوە، دەبوو ڕۆژ بەڕۆژ بەپێی فراوانبوون و زۆربوونی دانیشتوان لە گەورەبووندا بووایە، کەچی بە پێچەوانەوەیە.

تەماشای هەر جێیەکی دەکرد دیمەنێکی پێشووی دەهاتەوە پێش چاو. هەر گۆشەیەك بۆ خۆی یادگارێکی تاڵی هەڵگرتووە، ڕەنگە هەرکەسە و بەپێی یادەوەری خۆی هەمان جێگا ببینێتەوە، پەلوپۆی جیهانەکان لە هەناوی تاقە جیهانێکدان، بیریکردەوە: ئێمە هەریەکەی جیهانێکی تایبەتین و تاوەکو لەسەری نەدوێین یەکالا نابینەوە، ئەگەرچی لێکچوونیش هەیە لە بینین و گێڕانەوەکانماندا،بەڵام هێشتان لەیەکتری ناچین و هەریەکەیان سەربەخۆن،ئەمەش خاسیەتێکی دیکەی تایبەتمەندییەکانی هەموو بوونەوەرێکە،تۆڕی چاو و مۆری پەنجە و بۆنی جەستە و دی ئێن ئەی، وا تێڕوانین و بینینیش دەبێتە سیفەتی پێنجەمی خودی.

لە بەشی خوارەوەی سەرچنارەوە ڕوانییە دارستانەکەی قلیاسان، جاران چۆن بوو و ئێستا چی لێهاتووە ! ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو چڕی و گەرموگوڕییە خەفە دەبێ و تەنك دەبێتەوە، پاشان بیری بۆ شتێکی دیکە چوو، ئیتر ئێرەش ئەو شوێنە نەماوە حەوانەوەی خەڵکی مۆگەر بکات.. کۆمەڵە عارەبێکی زۆری بینی، لە بەردەلانی وشکی نێو ئاوەکەدا لەسەر کورسی دانیشتبوون و خڕببوونەوە، بینی خەڵکی شارەکە هێندە نین و تاك و تەرا بەمەلوولییەوە لێرەو لەوێ وەستاون، وتی:

- کێ دەڵێ بەو شێوەیەن؟ ڕەنگە من وایان ببینم، ئاخۆ ڕوانینی ئەوانیش هەر وایە !

بە پلیکانەکەدا هەڵگەڕایەوە و لەسەرەوە تەماشایەکی خوارەوەی کردەوە.

- بەلام چۆلٚ دەیبینم، بێ دڵ و بێ گیان..ئەوە هەر من نیم بە تەنها وایدەبینم، درەختەکان و ئاوەکەش وا دەڵێن، ئەو جێگایانەی بۆ مرۆ تەرخانکراون هەموو ئەوە ئاشکرا دەکەن.

## -11-

هێشتان بەو چەشنەی کە بینیت گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ نییە، یادەوەری ئێوە تەنها گەڕانەوەیەك بوو بۆ بیست ساڵ پێشتر، ئەی چی کە چەند سەدەیەك بەسەریدا ڕەتبووبێت! چ جۆرە چڕستانێك لە ئەندێشەتدا دەبینیتەوە؟!

- سەبارەت بە من زۆر گۆڕاوە، ڕەنگە گۆڕانکاری خێرای سی ساڵی ڕابردوو لە هەموو کاتێك زیاتر بووبێت، ئەو جەنگەلە بەدرێژایی تەمەنی هێندە تەنك و ڕووتەڵ نەبووەو لەگەڵ گۆڕانە سیاسیەکاندا بەو ئاکامە گەیشتووە.

- لەوەیاندا ڕاست دەڵێیت، بەلام ئەمشەو تۆش گۆڕاویت، لەبری سەرمەند بوویتە سەرمەست !

بزێك پێکەنی و سەری ڕاوەشاند، دەنگی گۆڕی و وتی:

- وایە..کەمێك سەرم گەرم کردووە، ئەمشەو باشتر دەبینم و گۆڕانێکی ئەوتۆ نییە.

- مەبەستم ئەوەیە کە بە سۆزێکی خەمگینەوە دەدوێیت، ئێجگار کۆڵەکەت گران مەکە.

- ئاخر ئەو گۆڕان و لەکیسچوونە لە بنەڕەتدا سیمای ژیانە ! هەرگیز بە گۆڕینی ژینگە قایل نیم، ئەو دەمەی ئیتر شوێنێك نەمێنێتەوە بۆنی یادگارییەکانی لێوەبێت، لە بینینی جێیەکدا کە

چرکەکانی ژیانت تێدا بەسەربردبێ و ڕەویبێتەوە چۆن دڵگـران نـابیت ؟!
مرۆ هەمیشە ئارەزووی ئەوە دەکات ئەوانـەی لـە بـیرەوەری و خـەیاڵیدا
وێنەیان جێهێشتووە و ڕەگیان داکوتیووە لە ڕاستیشدا هەر بـەو چەشـنە
بیانبینێتەوە، دەتـەوێت بچیتـە ئـەو جێگایانـە و سـەرلەنوێ بژییتـەوە،
ئەگەر نـا هەسـت دەکـەیت لـە خـەیاڵێکی درۆزندایت، ئەندێشـەیەکی
لەخشتەبراو.. لـە پارچەیـەکی دیکـەی ئـەم جیهانـەیت و شتێك نییـە
بەخۆیەوە بتبەستێتەوە، دەبیتە بینەرێکی ڕاگوزەر و بە دڵێکی ساردەوە
دەڕوانیت، دوێنێ بوونی نامێنێ، ئەو دوێنێیەی کە لێی پێکـهاتوویت و
هەمیشە لەناختایە و بۆ کوێ دەچیت لەگەڵتایە !

چەند هـەنگاوێك ڕۆیشت و ڕوانییـە بینـا و تـەلارەکانی بـەرێکی
شەقامەکە، پێی وت:

- خۆشحاڵم کە ئەوە بـیروبۆچوونی مـرۆڤ بێـت، ئەوانـەی بـەئاگاوە
دەژیـن و بـە ویژدانـەوە دڵسـۆزی دەنوێنـن، بـەڵام زۆرینـەتان حـەز بـە
باسکردنی هیچ شتێکی دوێنێتان ناکەن، هـەن دەیانـەوێت هـەر ئـەمرۆ
ببینـن و کەچی لە ئێسـتاشدا ئامادەگییان نییە..با هاوینێکی ئـەو لێڕو
چەمەت بهێنمەوە پێش چـاو.دیـەنی ئێسـتا واز لێبێنـە و دارسـتانێکی
دیکە ببینەوە.

لە گەرمای نیوەڕۆیەکدا سێ فەقێ لە تەکیەی مزگەوتەکـەی وسـور
پاشای مەلکەندی ڕێی چەمەکەیان گرتبووە بەر، بۆ خۆشتن و مەلەکردن
لەو دامێنەوە بەرەو چۆمەکە داگەڕان و تا دەمی ئاوابوون لـە ئاوەکـەدا
بوون، ئاوەکەش لە هەندێ شوێندا گۆمیلکەی فراوانـی لـەخۆ دەگـرت و
سێ مەتر قووڵایی بوو، بێگومان ئەوەش لە هـاویندا، نـەك وەك ئێسـتا
کە لە زستانیشدا دەبینیت ئاوێکی کەمی پیادا دەڕوات.

یەکێك لە فەقێکان پاش خۆشتن دەیویست بپەڕێتەوە، پێی لە بەردێکی لووس و گەورە دانا و هەڵخلیسکا، هاوەڵەکانی لەوبەرەوە کەوتنە پێکەنین و ئەویش بڕێك ڕووەو قوولاییەکە ڕۆچوو و دەستی بە پەلکە تەڕەکانی دار بییەکەوە گرتەوە، کەمێك حەوایەوە و بەچاو نیگای بڕییە ئەملاولای تاوەکو شوێنێکی لەبار بدۆزێتەوە لێوەی دەرباز بێت. بە مەلە ڕووەو ڕۆخەکە ڕۆیشت و لە کاتی بەردانی پەلکە چەماوەکەدا هەستی کرد شتێك لە دواوە سەر پشتی تەزاند، بڕێك سڵەمییەوە، ئەو پەلکەی لە لێدانیدا ڕایچڵەکاندبوو گەڕایەوە جێگەی خۆی.. شانبەشانی لێدانەکە قرچەیەکیشی گوێ لێبوو و لەترسان بە پەلەپرووزێ خۆی گەیاندەوە هاوەڵەکانی، وەك شێت لە تاوەکە دەرپەڕی و بینی تاکە کەوشێکی تاو بردوویەتی، بە هەنسکەبڕکێوە وتی:

- لەو بن دارانە شتێك تێی سرەواندم..ماڵیی بەپشتمدا.

ئەوانیش کە ڕوانییانە پشتە تەڕەکەی، بینییان خەتێکی باریك و درێژ لەسەرەوە بۆ خوارەوە پێستەکەی سوورکردۆتەوە، بەپەلە خۆیان لەبەرکردەوە و ئەو ناوەیان جێهێشت..بەدەم ڕێوە فەقێی ترسار و زارەتراك وتی:

- جا ئەوە کەوشەکەشم لەکیس چوو، بچمە لای وەستا وەیسە چارەسەرێکم بکات.

سبەی لەچێشتەنگاودا بۆ مەلایان گێڕایەوە و ئەویش وتی:

- لەکاتی تاوەختا مەچنە گوێ تاو، چەندم پێ وتن؟! چەمەکە لەکاتی تاریکبووندا پڕدەبێت لە جنۆکە و ئەوە ئەوانن زەفەریان پێبردووە، دیارە تۆ شتێکت کردووە هەر بۆیە دەستیان لێوەشاندوویت!

بەیانی بەرۆژوو بە تاوەکو لە کۆڵت ببنەوە هەتیو، وەرە کورت بخەیتە بەر خوێندن و ئەوەی لێدەرچێت !!

ئیتر ئەوانەی دەمەو ئێواران لە پردە دارینەکەوە دەپەڕینەوە، تاوەکو ڕەتدەبوون هەر تەماشای دەورویشتیان دەکرد و بێوچان بەدەم بسمیللا و وێردخوێندنەوە خێرا بە بەرزاییەکەدا هەڵدەگەڕان. فەقێی بێ کەوش ئێواران لەگەڵ خواردن کۆکردنەوەدا بەپێی پەتی دەگەڕاو کۆمەکی پەیدا دەکرد، پاش هەفتەیەك وەستا وەیسە تاکە کەوشێکی دیکەی بۆ دروستکرد و ڕۆژانە قەرزی دەدایەوە.

## -12-

لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا گوند خرۆشابوو و قەرەباڵغ ببوو و ئیبراهیم پاشا لەبەری ڕۆژئاوایەوە بە وەستاو شاگرد مزگەوت و خانوو و گەرماو و بازاڕی دروست دەکرد، ئیش و کارێکی زۆر ڕووی کردبووە گوندەکە و لەگەڵ کوردە هاتووەکانی ئێراندا سەرقاڵی کار بوون..خەڵکێکی زۆر بە بانگهێشتی حوکمی بەبە هەر بەڕێوەبوون و دەهاتنە شاری چکۆلەوە، ئیدی مەڵکەندی بووە گەڕەکێکی گەورەی ئەو شارە و ڕۆژانە بۆ چوونە سەر کاری نوێیان خەڵکەکە لەپێش سەراکەی مامیەوە ڕادەوەستان، هەر قافڵە بوون لەبەری خوارووی شارەوە دەهاتن و دەڕۆیشتن، ئەسپ سوارێکی زۆر بە ڕێیەکاندا گوزەریان دەکرد و بۆ ئێرەو ئەوێ دەچوون..جەنجاڵییەك بوو دەتوت دەوڵەتێکی تەواوە، چەك و تەقەمەنی دەبران و دەهێنران، هەندێ جار لەشەواندا بەشێکی لەشکری باشوور دەهاتن و لە بەرزاییەکاندا لایاندەدا.

هەرچی ئەو ئەمارەتە بوو کە چەندین ساڵ لە قەڵاچوالان نیشتەجێ بوو، ئیدی هەموو بەماڵ و خێزانەوە ڕژابوونە شارەکەوە،هەر کەسێك ناڕاستەی ئێرە بکشایە دەیگوت (سلێمانی)، دەچمە سلێمانی و لەوێ دەژیم، کاردەکەم، دەخوێنم و بۆ لای پیاوچاکان هاتووم، دەچمە تەکیەکەی شێخ مارفی نۆدێ و خزمەت دەکەم، ئەوێ ئیتر پشت و پەناو شوێنی نیشتەجێمە..هەر لەو وەختەدا بۆ یەکەمین جار ترسێك کەوتە دڵی زۆرینەی دانیشتوانی مەلکەندییەوە،ترسی ئەوەی لە ئایندەدا بکەونە بەر پەلاماری تورك و تەفروتونا بکرێن، جوتیارەکان سەر لە نیوەڕوان لەژێر سێبەری درەخت و کەپری نێو کێڵگەکانیان دادەنیشتن و دەیانوت:

- لە هەموو دونیارە خەلکی دێنە ئێرە و دەفرۆشن ودەکڕن، هەروا بەناسانی سوڵتانی عوسمانی لێناگەڕێت، ئەگەر دوێنێ دەستیان نەگەیشتۆتە پشت شاخان و نێو چیاکان، ئیتر لەمڕۆوە لەبەر دەستداین.

- لەو خوارانە لەنزیك ئێرانەوەن، فارس و تورك ئەگەر هێرش بێننە ئێرە وەك یەکە، لێرە بێت یان لەپشت چیاوە، چ جیاوازییەکی هەیە !

- مادامەکی عوسمانلی موسڵمانن، لەخودا دەترسێن و لەسەر هەمان پەیڕەون مەترسن.

- کاروانی چەلتووك و مازوو کە دێنەوە سەری زمان و بنی زمانیان باجدان و سەرانەیە، ئێرە بووەتە شاری شاران، ئێرە پایتەختی ئەمارەتەکەیە و لە چوارلاوە دوورە دەستە، ئەوان کە ڕیشەیان هی وڵاتێکی تر بێت و چاویان بڕیبێتە خێروبێری ئەم خاکە ڕۆژێك دەگەنە ئێرەش،ئەوان والی وحوکمڕانن وخۆیان بە خاوەنی ئێرە دەزانن.

- ئێمەش حوکمڕانی خۆمان هەیە، تاوەکو قەسری شیرین و ئەو خوارانە لە بن دەستمانە، لەشکری لێن و حوکمڕانی دەکرێن، نە هەرایەك هەیە نە شەڕ و پەشێوی، هەرچییەکیش بوو کۆیلەی خوداین، دەپارێزین، ئێمەش دەبینە جەنگاوەر و لەگەڵیاندا بەرگری دەکەین، تا ئێستا خۆ هیچ نەبووە و لەخۆتانەوە شتی خراپ مەبینن، شت دروست مەکەن لەخۆڕایی.

ڕۆژانە ئەو ئەسپ سوارانەی کە وەك با دەفڕین، دەگەیشتن و هەواڵیان دەهێنا، سەردانی شوێنە دوورەکانیان دەکرد و یەکتریان ئاگادار دەکردەوە، هەر کاتێکیش دەنگی بانگدان لە مزگەوتە گەورەکەوە دەبیسترا، ئارامی و ئاسوودەیی دەبەخشی،ودڵی لەبەرامبەر دڵخۆشی و ئارامیەکەشدا تارماییەکی نەبینراو بەرپێیەکاندا هاتوچۆی دەکرد، دەچووە نێو بازاڕ و ماڵەکانەوە و خۆی دەکرد بە دڵ و دەروونەکاندا..تارمایی لەوێوە پەیدا دەبوو کە حوکمڕانی بەرفراوانی بەبە دەکشا و لە چوارچێوەکەی خۆیدا پەلی بەهێزتری دەدا..لەپشت هەموو ماڵێکەوە کە بناغە و دیواری یەکەمی هەڵدەچنرا و دروست دەبوو، ڕوخانێك هەڕەشەی دەکرد، پەرژینێك قوتدەبۆوە و لەو دیویەوە بۆنێکی دەهێنا، بۆنی پەلاماردان و داگیرکردن، سەرگوزشتە و باسی شەڕەکانی ڕابردوو و دێرین نەدەبرانەوە و دەهاتنەوە بەر بیستن، لەو ڕۆژەوە ئەو ترسە نەبینراوە پەیدا بووەو دێتە نێو ژیانەوە، دەبێتە ڕاستەقینە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە و وەك برینێکی قووڵ سەرهەڵدەداتەوە.

## -13-

تاقە گالیسکەیەك کە پێچکەکانی لە دار بوون و ئەسپێك رایدەکێشا لە شاری چکۆلەدا بوو، بەرلە ماوەیەك لە هەڵەبجەوە هاتبوو و وەستا رەزای گالیسکەوان لێیدەخوڕی، بۆ گواستنەوەی کەرەسە و کەلوپەل بەکاریدێنا و هەر وەستایەك نیشی بەو گالیسکەیە هەبووایە شاگردی لەگەڵدا دەنارد و بەرد و داری پێ بار دەکرد، کاری ئەو لە وڵاخ و گوێدرێژ باشتر بوو و دەیتوانی بە کاروانێك سێ کاروانی دووتا بکات. خەڵکی دێهات و گوندەکان دەهاتن و نیشتەجێ دەبوون، وەستا رەزاش لە گردە گرۆیەوە دادەگەرایەوە و بەدەم هەڵتەك هەڵتەکەوە بە شاگردەکانی دەوت:

- وا من چەند کاروانم کرد، خوا هەڵناگرێ ئەو پێچکانە بەرگە ناگرن.. ئەم ئەسپە بەستەزمانەش لە وزەیدا نەماوە، هاکا ئەم زستانە بۆی دەکەوێ و ماڵم وێران دەبێ، دەکەوێ و هەڵناسێتەوە.

شاگردەکان دەچوونە لای وەستاکان و گلەیی ئەویان دەگێڕایەوە، شتێکیان بۆ زیاد دەکرد و دەکەوتەوە نیش، ئەویش ڕۆژانە سکاڵای لە بەشەکەی خۆی دەکرد و پرتەوبۆڵەی بوو، بە برێك دۆشاو و هەنگوین، ڕۆن و شەکر بۆڵەی دەوەستا و چەند نەمسەرو ئەوسەریان پێکردبا متەقی نەدەکرد، پێچکەکانی گالیسکەکە جیڕە جیڕیان پێکەوتبوو و ئەویش بەترسەوە دەیوت:

- لەوەتەی نیشم بەم عەرەبانەیە کردووە، لە چەڵتوك و دەغڵودان و کای خەرمان چیترم لێ بارنەکردووە، برام ئەمە بۆ بەرد نەکراوە، ڕێیەکە

بڕ نشێوه و پێچكه به جیقه جیڕقەوه گرناهه بڕوات، بەرام دابەزن و بە پێیان وەرن، ئەها کەوت، وا بەربووینەوه.

پێچکەش بەخۆیان و جیڕدیانەوه دەخولانەوه و ئەو چواردەوردیان تەیکردبوو، ئەگەر ڕێیەکە دوورتر و بۆ گەشتێکی ئەوبەڕی شار بووایە، گالیسکەوان بەناڕەزاییەوه دەنگی هەڵدەبڕی:

- بۆ ڕێگەی دوور نەکراوه، ئەو ڕێیەی کە پێم بڕیووه هیلاکی کردووه و دوا کوفرمە، پێچکەی لەم شارە ناچێتە دەرەوه، ڕێی دووری لە دارستانی سەردوه تێناپەڕێ ! دەشیانەوێت بۆ ئەو خوارانە بمبەن !!

## -14-

دەمەوپایز بوو، ڕۆژێك بوو بایەکی توند هەڵیکردبوو. لەبەرزایی ئەودیو چەمەکەوه دوو وڵاخ دەهاتن، ژن و مێردێك و کوڕێکی چکۆلانەیان لەسەر پشت بوون و تورەکە و کەلوپەلیان پێدا شۆڕببوونەوه، بەرلە گەیشتنیان بە پردەدارینەکە، تاوێك لایاندا، پیاوەکە بڕێك لە تورەکەکانی داگرت و قورسایی لەسەر پشتی وڵاخەکان لابرد. دوو ئەسپ سواریش بە غاردان لەبەرزاییەوه داگەڕان و تەپوتۆزیان لەپاش خۆیان هێڵێکی درێژی دروست کردبوو، بە نشێوەکەدا شۆڕبوونەوه و لەنزیکی وڵاخەکانەوه وەستان، بڕێك کەوتنە چپە و لە وڵاخەکان قووڵ بوونەوه، یەکێکیان وتی:

- ئێمە دونیا نەما نەگەڕێین، کابرا زوو پێمان بڵێ ئەو وڵاخانەت لەکوێ بوون؟

کابرای ماندوو لەبەریان هەستا و وتی:

- ماڵومولکی خۆمم پێداون، هاتوومە کن شێخ.

ئەوان دەنگیان گۆڕی و وتیان:

- ئەوە چەند ڕۆژە ئێمە لەدویان هاتووین، کێ بۆی هێناون ؟!

- ئەوەتا یەکیان ڕەش و ئەویتریان خورمایی !!

پیاوەکە وتی:

- کاکم ئەوە دەڵێی چی ! ئێستر هەمووی لەیەك دەچن !! لە کابرایەکم کڕیوون لەنزیك دێلێژەوە، بیست ڕۆژە کڕیومن !

ژنەکە وتی:

- چیمان هەبوو دامان بەوانە، هاتووینە لای شێخ بە بانگهێشتی میر برایم.

وتیان:

- ئەوانە دزراون، سا ولاخی شێخن و بە دوایاندا دەگەڕێین.

- من کڕیومن و ئەگەر هی ماڵە شێخیشن دەیاندەمەوە، من سەروماڵی خۆم دەدەم بە ئەو، فیدای ئەوی دەکەم هەمووی.

لوولەی تاپڕیان ئاڕاستە کردن و بە دەنگێکی بەرز وتیان:

- نقەتان لێوەبێت کوژراون، نەجووڵێن.

- یاڵڵا تورەکەکانیش بێننەوە، هەقی ماندووبوونمان کە چەند ڕۆژە بەهیلاك چووین.

ئێسترەکانیان لەپاش خۆوە ڕاکێشا و ژنە لەدواوە هاواری کرد.

- ئەگەر ئێمە دزیومانن بمانبەنە لای شێخ، بۆ ئێمە لەم چەمە جێدەهێڵن؟!!

کوڕە بچووکەکە بەردێکی بۆهاویشتن و وتی:

- ولاخەکانمان بدەنەوە، ئەوانە هی بابمن.

ئەوەی وت و کەوتە گریان، باوکی ژێریکردەوەو وتی:

- بەڵێ هەون..دز و ڕێگر و چەتەن، شەرت بێ لەکن شێخ و برایم پاشا شکاتیان لێبکەم.

بەپێ کەوتنە ڕۆیشتن، لەڕێگا وتی:

- لەولاتر لێمان پەیدابوونایە حاڵمان زۆر خراپ دەبوو.

ئەسپ سوارەکان گەیشتنە شار و وڵاخەکانیان بەرەو بازاڕ لێخوڕی، فرۆشتیانەوە و خێرا لە شار وەدەرکەوتن، پاشنیوەڕۆ لە خوارووی شارەوە ژن و مێردەکەیان بینییەوە.

- وا داومانەوە بە شێخ و ئەمە ببێتە پەند بۆتان، هەی لەخودا نەترس چۆن شتی وا دەکەیت؟

ژنەکە بە هاوارەوە وتی:

- ئێوە کافری لەخوا نەترسن و تەڵەکەبازن، ئێمە کە دەچووینە لای شێخ بۆ جێتان هێشتین؟ ئێوە ڕاست ناڵێن، بەخۆمان دەماندایەوە.

کوڕەکە بەردێکی دیکەی دەست دایێ و بۆی هاویشتن، ئەوانیش بە پێکەنینەوە ئەسپەکانیان بە چوارناڵە فڕاند و بۆی دەرچوون، ئەو تۆزەی لێیانەوە هەڵدەستا هەرزوو بایەکەش بڵاوی دەکردەوە.دەمەو ئێوارە گەیشتنە شار و لای شێخ مەسەلەکەیان گێڕایەوە،شێخ زوو وڵاخەکانی بۆ گەڕاندنەوە و پیاوەکە وتی:

- لە خزمەتاندایە، من هەربۆیە کڕیومن تاوەکو پێی بێینە شار، لەمڕۆوە هی ئێوەن و خاوەنیان نیم.

- نا، بیدەنە کاروانچییان باری لێنێن.. هەم ئەوان و هەم ئێوەش شتێکتان چنگ بکەوێ و پێی بژین.

-15-

ئەو کزەبایەی لەپێش چەند ڕۆژێکەوە سەرمای هێنابوو لەناکاوێکدا شەپۆلێکی گەرمای بەدوادا هات و تاوەکو ئێوارەش بەو شێوەیە مایەوە، لە ئاسمانیشدا چەند پەڵە هەورێکی تەنك خاوخاو دەجوولان و لە ڕۆیشتنیاندا فراوان دەبوون، مانگ لە پشتی گۆیژەوە بە گەورەییەوە هەڵهات و دیمەنەکەی ڕازاندەوە.

- تەنها مانگ بە جوانییەکەی خۆیەوە دەردەکەوێتەوە، هەرجارەو جوانییەکی تری بەدەردەخات.

لای کردەوە بۆ ئەو تەلارەی لەپڕێکدا قوتببۆوە، نهۆمی شەشەمی هێشتان داروتەختەکەی لێ نەکرابۆوە، هەردوو بەری شەقامەکەی بەچاو بێژایەوە و تەماشای کۆشك و تەلارەکانی تری کرد،ئەو دوو دارسنەوبەرە بەتەمەنانەی لەپڕێکدا بڕابوونەوە و نەمابوون بڕێك نارەحەتی کرد، نەخێر..نارەحەتییەکە تا سەر ئێسقانی بوو، هەستی کرد سەرجەم یادگارییەکانی بڕاونەوە و پارچە پارچە کراون، لەشوێنیاندا دیمەنیان وەك جاران گەڕانەوە و لەچاو داخستنێکدا قەد و پەلکەکانی بینییەوە.

- ئەم شەقامە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سیمای دەگۆڕێت، هەر تەلارەو بەرامبەر یەکدی دەچن بە ئاسماندا، ئێرە بووە بە شەقامێکی بازرگانی و سەیریش ئەوەیە لەبری قەرەباڵغی و گەرمیی چۆڵتر دەبێت ! پێدەچێت هەر کۆشکەو خەلکێکی زۆر لەنێو خۆیدا بەند بکات، کاتەکانیان ببات و لەپێش چاویان نەهێڵێت.

قتووە بیرەکەی لە کیسە نایلۆنەکە دەرهێنا و بەدزییەوە قومێکی لێدا، چەند کەسێك دوای تێپەڕبوونیان هەر ئاوڕیان لێدەدایەوە و ئەویش

وه‌ك له‌ جیهانێكی تردا بێت، پاڵی به‌ قه‌دی دره‌خته‌كه‌وه‌ دابۆوه‌ و جووڵه‌ی خێرای ئۆتۆمبێله‌كان سه‌رنجی ڕاكێشابوو، ده‌تووت ئۆتۆمبێله‌كان كاته‌كان ڕاده‌كێشن و هه‌ڕرووتی ده‌كه‌ن، له‌به‌رخۆیه‌وه‌ وتی:

-ئه‌مانه‌ بۆیه‌ خێرا ده‌ڕۆن تاوه‌كو ئه‌و ساتانه‌ تێپه‌ڕێنن، ئه‌مه‌ كات به‌سه‌ربردن نییه‌، ئه‌مانه‌ له‌و چركانه‌ هه‌ڵدێن و به‌سه‌ر جه‌سته‌ی چركه‌ خاوه‌كاندا بێزارییان ده‌رده‌په‌ڕێنن.

وێنه‌ی دووكه‌ڵكێشێكی زۆری بینی، له‌نیگایدا مرۆڤه‌كان هه‌ریه‌كه‌یان دووكه‌ڵكێشێكی ته‌نك و كاڵیان به‌سه‌ر شانه‌وه‌ بوو، له‌ره‌ی هه‌وایه‌كی باریك و پێچخواردوویان لێ بڵند ده‌بۆوه‌، هه‌ستی كرد ئه‌وه‌ بێزاری و مه‌ینه‌تییه‌ هه‌ڵده‌قوڵێ و لێیان ده‌بێته‌وه‌..پێكه‌نینێكی هات، نا، ئه‌وه‌ ئه‌ڵقه‌ و شه‌به‌نگ و خه‌رمانه‌ نییه‌ ده‌وری داون، ئه‌وه‌ وه‌ڕسی و دڵته‌نگییه‌، نامۆیی و شه‌رم و هه‌ست به‌ كه‌میه‌ پێیانه‌وه‌ لكاوه‌ و له‌چوارده‌وریانه‌، دوایی وتی:

- ده‌زانم پێت خۆش نییه‌ ماوه‌یه‌كه‌ ده‌خۆمه‌وه‌ !

له‌ خه‌یاڵیدا شه‌قامه‌كه‌ پیر ده‌ینواند، درێژببوو و ئانیشكی دادابوو، وتی:

- گرنگ ئه‌وه‌یه‌ زیانت بۆ كه‌سێك نه‌بێت، تۆ له‌وكاته‌وه‌ی شوفێری ئه‌و لێپرسراوه‌ بوویت چ كتێبێكم به‌ده‌سته‌وه‌ نه‌بینیویت ! جارانیش بێ كتێب كه‌س نه‌یده‌بینیت، ئه‌مه‌ گۆڕان نییه‌ له‌ ڕه‌فتارتدا ؟!

سه‌رمه‌ند به‌ كه‌مێك شه‌رمه‌وه‌، هه‌روه‌ك ئه‌ره‌ی دان به‌ هه‌ڵه‌ی خۆیدا بنێت، وه‌ڵامیدایه‌وه‌:

- ئه‌و ماوه‌یه‌ كه‌م كه‌مه‌ ده‌مخوێنده‌وه‌، به‌ڵام هیچ كتێبێكم ته‌واو نه‌كرد،بێ ئومێد نیم لێیان،هه‌ندێكیان له‌ مێشكمدا ماونه‌ته‌وه‌، به‌ من

بێت خەلکی هەموو بخوێننەوە. ڕەنگە دوا چرکەکانی هاوین و هاتنی پایز ڕەفتاری گۆڕیبم، وەکو شتە ئاساییەکانی تر ئەمەش دەخۆمەوە، هەروا دەڕوانمە ئەم قتووە بیرەیە کە ناوێکە، جۆرە شەربەت و گیراوەیەکە و هیچی تر، حەزیش بە بینینی بەدمەستەکان ناکەم و سنووری خۆم ناشکێنم، تۆ خۆت باشتر لێم تێدەگەیت.

پاش کەمێك، بێدەنگی خۆی کێشا، بێدەنگییەکی لەپڕ لەو جۆرانەی ئاگادارت دەکەنەوە و جەستەی پێ دەحەوێتەوە..لەڕاستیشدا ترافیك لایەکەی سەرەوە بوو ئوتمبێلی لە جوولە خستبوو و کشوماتییەکە بۆ تاوێك دەنگە دەنگی هەڵمژیبوو، شەقامەکە لە دونیا کپەکەدا وتی:

- هەر ئەو وەختە کتێبێکی باش ڕووی کردە شارەکە، هەر کەسێك لە ئێرانەوە لەگەڵ کارواندا دەگەڕایەوە کتێبی دەهێنایەوە و دەینارده کتێبخانەکەی مزگەوتی گەورە، بۆ پاڵ ئەو کتێبانەی تر کە میرەکانی بابان دایاننابوون، کتێب پاش خوێندنەوەی ڕێی مزگەوتی دەگرتەبەر و ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی زیادی دەکرد.

وتەکانی بەرەو بیرەوەرییەکانی کشانەوە و درێژەیان بە شەوەکە دا.

## -16-

هەر خەڵك بوون دەهاتن، پیاوان بە کەوا و سەڵتەی بەریان و کەشیدەی سەریانەوە بە سواری ولاخ و پیادەوە ڕووەو شار ملیاندەنا و خۆشییەك لەدڵیاندا بوو، هەستیان دەکرد دەگەنە پایتەختی ژیان و ئەو جەرگەیەوە کە لە خەیاڵیاندا ڕۆشن دەبێتەوە، دەچوونە تەکیەکەی شێخ مارف و گوێیان دەگرت، دەچوونە سەر ڕێی نوێ و منداڵانیان دەنارده

بەر خوێندن، وەك فەقێ لە مزگەوت و تەکیەدا، چیرۆکی پێغەمبەران و پیاوچاکان هەر زوو کەوتنە سەر زمانی خەلکی، بۆماڵ و منالیان دەگێڕایەوە، ئەوەیشی باسێکی نوێی وەبەر گوێ نەکەوتبایە خێرا دوای کار ڕێی بیستنی دەگرتە بەر، ئەگەر بۆیشیان هەلنەکەوتایە هەستیان دەکرد شتێکی گەوردیان لێ ونبووە. ئەوەی پیشەیەکی دەزانی و سەری لێ دەردەکرد دەهات و لە شاردا کاری دەکرد، بەرگدروو و کەوشدروو زۆر ببوون و لە مالان و لە بازارەکەدا بوون..هەرچی سابوون دروستکەرانیش بوون بە مالەوە هاتبوون و لە باشووری مەلکەندیدا گیرسابوونەوە، ئیتر ناویان بەسەر مالەکاندا بڕی و هەموو بە سابوونکەران ناویان هێنان.

لە ئاوی کارێز بەرداشی ئاشیان گێڕا و چەند کوورەیەکیان هەلچنی، گلەسوورە و قسلیان تێکەل دەکرد و بۆرییە ئاویان لێ پێکدەهێنا، سووردەکرانەوە و لە کارێزەوە ئاوی دەگەیاندە بەر مالان، لەبەری قلیاسانیشەوە کوورەیەکیتر هەبوو بە پەین سوتاندن و پووش و تەلاش خشتی کالی سووردەکردەوە.

پێچکەکانی گالیسکەکەی وەستا ڕەزا شکابوون و ولاخ وەك جاران بە دووتا بەردەکانی مەلکەندی و ئەو خشتانەیان دەگواستەوە، وەختێك تەختە و پێچکەی گالیسکە بۆ چاککرایەوە، چەند گالیسکەیەکیش پەیدا بوون و لە هاتوچۆیاندا خەتیان لە ڕێیەکان کردبوو.هەرچی ئەو قەتارچییانەش بوون کە سەردانی تەبرێز و دەوروبەری دەریای قەزوێنیان دەکرد، لە هاتنەوەدا ئاوریشم و قوماش و چەرم و ئاسن و مس و پۆلایان لەگەل خۆیاندا دەهێنا، لەبەری ڕێی قەرەداغەوە قاوە و خورمایان دەهێنا و دەیاننارده ئێران، ئینجا لەو سەریشەوە ڕۆن و

میوه‌ی وشككراویان دێنایه‌وه‌، مازوویان ده‌برده كه‌ركوك و له‌وسه‌ریشه‌وه‌ جلوبه‌رگی لۆكه‌یی ئه‌ستووریان بار ده‌كرد، چه‌ڵتوك و هه‌نگوین و پێسته‌ و سابوون ده‌ڕێشت و پێڵاو و قوماش و جامانه‌یان له‌ موسڵه‌وه‌ به‌ره‌و شار ده‌هێنا، ئیدی هاتوچۆیه‌ك بوو بڕانه‌وه‌ی نه‌بوو.

## -17-

یه‌كه‌م بارانی پایز باری و به‌چه‌شنی لێزمه‌ و تاوی به‌هاران دایكرد، شه‌و و ڕۆژێك بێوچان باری و به‌دوایدا هه‌تاوێكی گه‌ش پرشنگیدایه‌وه‌، خه‌ڵكێكی زۆر خۆیان پۆشیبوو و له‌ باشووری شاردا ئاپۆره‌یان كردبوو. ئه‌و فه‌قێیانه‌ی له‌ ته‌كیه‌ وه‌ده‌ركه‌وتبوون و قه‌ره‌باڵغییه‌كه‌یان بینی له‌دووره‌وه‌ كه‌وتنه‌ قسه‌وباس له‌نێو خۆیاندا.

- له‌گه‌ڵ گه‌یشتنیان به‌ره‌و سه‌ره‌وه‌ دێن، وه‌ستا جه‌مال ماڵیان له‌ مه‌ڵكه‌ندییه‌.

- ئه‌مه‌ چ جۆره‌ ده‌ستوورێكه‌ لههه‌ندێكیان نیشته‌جێی هه‌مان گه‌ڕه‌ك بن و به‌سواری ئه‌سپ بێن !! ڕه‌نگه‌ به‌ ته‌نها جه‌مال بانه‌یی به‌رده‌هه‌ڵكه‌ن له‌گه‌ڵیاندا بێت !

یه‌كێكیان كه‌ لێیان جیاببۆوه‌، له‌ گه‌ڕانه‌وه‌یدا وتی:

- ئه‌وه‌ وه‌ستا جه‌مال گه‌یشت.. ده‌ڵێن بۆیه‌ ئه‌وه‌ی كردووه‌ تا بزانرێت ئێرانییه‌، دیاره‌ لای خۆیان وایه‌ .

هاوه‌ڵه‌كه‌ی وتی:

- به‌مانای له‌ ئێرانه‌وه‌ هاتووم و له‌م شاره‌ ژن ده‌خوازم، ده‌بمه‌ دانیشتوویه‌كی ئه‌م شاره‌ و ناڕۆمه‌وه‌.

- ڕه‌نگه‌ بووكێ له‌ ماڵی خۆیان چاوه‌ڕوان بێت !

ئەسپ سوارەکان بە غاردان سەرکەوتنەوە و وەستا جەمال لەنێویاندا بوو، لە لێواری مەلکەندیدا کەوتنە تەقوهۆڕ و چەکدارەکانی پێش سەراکە لەگەڵ ئەوانەی لە سەربانەکەی بوون بە تەقەکردن وەڵامیاندانەوە، پاش کەمێك ئەسپ سوار لەگەڵ پیادەکاندا بە بەردەم ماڵەکاندا ڕۆیشتن، فەقێکان دوابەدوایان پێیان هەلگرت و یەکێکیان لە پاڵ دار فتیلەیەکەوە کە چەقێنرابوو بەپێکەنینەوە وتی:

- ئەم نیوەڕۆیە خواردن کۆناکەینەوە، لەوبەر شیوەکەی پیرۆمەسوورەوە،لە کۆلانی بەرینی تووەزرەدا نانی شایی دەخۆین، خێراکەن تا بەشمان نەخوراوە.

## -18-

سەرمەند تەنها لەنزیکبوونەوەدا زانی کە ئەوە یەکێکە لەو پاسەوانانەی لای لێپرسراوەکە لەگەڵیاندا بوو، هەر زوو ئاوڕی لە شوێنێکیتر دایەوە و لە تێپەڕبوونیدا هەستیکرد تەماشای دەکات،برێك بە بینینی بێزار بوو و ئەو ڕۆژانەی بیرکەوتەوە، کیسە نایلۆنەکەی فڕێدایە ناو تەنەکە خۆلێکەوە و بە شەقامەکەدا لێژبۆوە.

- هەموو هیوا و خۆزگەی ئەو پاسگرانە ئەوە بوو سەری مانگ موچەکەیان وەربگرن و بچنە یەکێك لەو چێشتخانانە ژەمێك بە دڵی خۆیان بخۆن، لەم وڵاتەدا کە هەموو دونیا چاویان تێبڕیبووە خەلکی هێشتاکە ئاوەها زەلیل و ڕیسوا دەژین، تەنها ژەمێك بۆئەوەی هەست بکەن مرۆڤن و دەژین !

- ئەمە وەکو کاری فەقێکانە ! بەلام ئەوان دەیانخوێند.

لەبەرخۆیەوە بزەیەکی گرت، وەلی بەتاڵییەوە بوو، وتی:

- وەكو چیرۆكەكەی نیوە، بەلآم هێندەی فەقێكان شادمان نین، لە ناوەویاندا هیچ خۆشییەك نییە، ئەوان هەرچەندە بەدرێژایی رۆژ چاوەڕێی ئەوەبوون موچە وەربگرن و ژەمی ڕازاوەی نێو خەیاڵی بەردەمیان بێتە بەردەستیان، لەگەڵ ئەوەشدا حەز بەخۆشی كەسی تریش ناكەن، هەر باسی ئەم و ئەو دەكەن و ئاوڕ لە خۆیان نادەنەوە، سروشتی سەگیان تێدایە، پاس و خواردن و حەپە، قروسكەی بەدبەختی، هەندێك جاریش جێی بەزەیی بوون، بەڕاستی لە ناخیشەوە بۆیان گەرم دەبووم، بەلآم ویژدانی خۆیان خەوتبوون.. ئەوان بەو كارە دەیانویست بە دەركردنی من خۆیان بخەنە پێشەوە، من لەسەر ئەوە كارەكەم نەماوە چونكە دەرمانم خواردبوو، تەنها دەنكە ڤالیۆمێك، بە لێپرسراوەكەیان وتبوو ناكرێت شوفێر بم و ئەوە بكەم، لێپرسراوەكە رۆژێك بانگی كردم و وتی:

- ئاگادارم كە تۆ هەمیشە ڤالیۆم دەخۆیت ! شتی وا دەبێت؟!

پێم وت:

- لە ڕاستیدا پێویستم بەخەو بوو، سەرلە ئێوارە دوای دانانی سویچەكان لە ژووری پاسەوانەكاندا خواردم، ئەگەر شتێك بووایە دەمشاردەوە..هەمیشە بەكارم نەهێناوە، تەنها ئەوەندەیە ئەم ماوەیە خەوم زڕاوە، خەویشم لێ ناكەوێ و هەمیشە بێدارم، لەكاتی ئیشدا نەمكردووە، وتم دەنكێك دەخۆم و ئێوارە زوو خەوم لێ بكەوێت، هەر ئەوەبوو و هیچی تر.

بڕێك خۆی گرژ كردو بێنەوەی تەماشام بكات، وتی:

- موچەی ئەم چەند رۆژەت وەربگرە و سویچ و كلیلەكان دابنێ، مەمنونیش بە كە دادگایت ناكەم.

سوك سویچەکەم بۆ دانایەوە و خواحافیزیم لێکرد، هیچی تری نەوت، لەڕاستیشدا باکم نەبوو، ئەو موچەیەی کە ئیتر وەرینەگرم جێی پێکەنینمە، من زیاتر لەبەر خاتری ئەو هاوڕێیەم چوومە ئەوێ، حەزی دەکرد لەگەڵیدا بم، ئەوە شوێنی من نەبوو، منی دەرچووی کۆلێژ و بێ ئیش، ڕۆژانێکی ناخۆشم بردەسەر و لێی پەشیمانم.

شەقامەکە وتی:

- دەزانم.. ئەوەش دەزانم کە گلەیی و ڕەخنە و ناڕەزاییەکانت ئەوانی دوودڵ کردبوو، ئەوانیش بەو کارەیان دەیانویست وەك دڵسۆزێك خۆیان بخەنە پێشەوە، بەڵام هەروەکو خۆیانن و هیچ شتێك نەگۆڕاوە، هەندێ جار موچەکانیشیان بە تکاکردن و درەنگ وەخت وەردەگرن.

بە شەقامەکەدا ڕۆیشت و بیری کردەوە:

- ئەم گەنجانە لە بێ ئیشیدا بەو موچەیە ڕازین، ئەو هەموو خوێندنە چۆن بەفیڕۆ چوو! دام و دەزگاکانیش جەیان دێ و هیچیش دیار نییە..من لای لێپرسراوێك بووم،بەڵام نازانم لێپرسراو بەمانای چی،ئەوان لە چ شتێك بەرپرسن!! ژیان ئێستا ناشی نەزانە و خوا دەیگێڕێت..ئەم وڵاتە چی لێ بەسەرهاتووە، ئەگەر خەڵکی دەیانزانی چی ڕوودەدات، بەڵام ئایا ئەوەش دەبێتە فریادڕەس! جگە لە گیرفان پڕکردن چیتری لێ دەکەوێتەوە؟! ئێستا پێم بڵێ، ئەو ژیانە چۆن گۆڕا؟ دوای ئەمانی میرنشینەکە ئەو ترس و پەشێوییە سەری هەڵدا یان خەڵکی خۆیان گۆڕاون و سەریان لێ تێکچوو! ئایا خۆیان گۆڕان یاخود ناخیان هەژانی تێکەوت، چ.شتێك ئەو ژیانە ساکارەی نەهێشت؟!

-هێندەش ساکار نەبوو،بەڵکو بێ گرفت و ناسۆری و ماڵوێرانی نەبوو.کەس حەز بە تێکدانی ژیانی خۆشبەختی خۆی ناکات، هەموو

گۆڕانەکان لە دەرەوە دێن، لە دەرەوە بۆ ناوەوە، تاوەکو باروودۆخ لەباریێت ژیانیش وەك خۆی و باشتر دەمێنێتەوە.بەلاّم ئەو گۆڕانانەی دەرەوە هەمیشە بەندن بە تێکشکانەکانی ناوەوە،خاپووربوونی خۆشەویستی و یەکتر قبوڵ نەکردن،خۆ ویستن و بینینی دنیا بەپێی بەرژەوەندی تایبەتی.ئەو بەرژەوەندیانەش بێ سنوور ڕووبەرەکانیان دەتەنی و پەرژینەکانیان هەڵدەتەکاند.

## -19-

لەشکری بابان بەرەو خوار دەکشا، لە نزیك خانەقینەوە سوپای فارس لەشکرکێشی کردبوو، ماوەیەکی زۆر بوو شەڕ هەلگیرسابوو و باروودۆخەکە گۆڕابوو.. هەرچی ولاّخەکانی کاروانچییان بوون پێداویستی و کەلوپەلی جەنگ و تەقەمەنی و ئازووقەیان پێ بردبوون، تەنها لەڕێی کەرکوکەوە شتومەك دەهات، خەلْك هەریەکەی شتێکی دەوت:

- بەفیتی تورك ئێران وا دەکات، پەیماننامەی نێوانیانە لە دژی کورد.

- دەبێت تورکیا چی بۆ ئێران کردبێت وا شەڕ بە کورد دەفرۆشێت ! دیارە تورکیا لە کوردەکانی ئەوانی داوە هەربۆیە ئێرانیش جەنگیان لەگەڵ ئێمە بەرپا کردووە.

- دەیانەوێت دووبەرەکی بخەنە نێوانمانەوە، ئەمە تۆڵەی یارمەتیدانی ئەردەلاّنە کە میرەکانی بابان دەیکەن.. بۆ نەیکەن برام! ئەوانیش کوردن و فارس دوژمنیانە، ئێمە عوسمانلی چاوی تێبڕیوین، ئەوان فارس، شەڕی فارس بۆ ئێمە کزکردنی کوردەکانی خۆیانە و بەهێزکردنی تورك، چ بەرژەوەندییەکی ئەوان نەکەوتۆتە مەترسییەوە، شتێك هەر هەیە.

یەکێکی دیکە وتی:

- ئەمە بە فیتی میرەکانی خۆمانە.ئەی ئێوە شەڕەکانی میرەکانتان بیرچۆوە! عەبدولڕەحمان پاشا چی نەکرد لەگەڵ ئێراندا هەر بۆنەوەی خالید پاشا لە بەغداوە نەگەڕێتەوە!هەر وایە.یەکێك پاڵبداتە لای تورك و دوو بۆ فارس ئیتر ئێرە چۆن وای لێ نایەت؟ شار بووە بە ڕاوڕاوێنی لەشکر و مایەپووچیش هەر بۆ کوردەکەیە.

لەشکری بابان شەڕەکەی دەهێنایەوە ناو چیاکان، دەغڵ و دان ڕووی لە کزی بوو و زۆرینەی جوتیارەکان دەستیان لە کار کێشابۆوە. ساڵ و نیوێك دەبوو شەڕ بەردەوام بوو، لەشکر دەهاتن و دەچوون، گوندنشینەکان بەرەو شار هاتبوون و خۆیان لە سوپای ئێرانی دەپاراست، لە شەوێکدا ئەو چەکدارانەی لە شاریشدا مابوونەوە بەرەو بناری گۆیژە سەرکەوتن، لە دوورەوە دەنگی کرمەی تۆپەکان دەهاتنە بەر گوێ، ئەوانەی لە مزگەوتی گەورەدا بوون وتیان:

- بابان هەر لەچیاکاندا بمێننەوە باشترە، مەیدانی شەڕ لە شار دووربکەوێتەوە.

- خەڵکی تەنگەتاوبوون، شتومەك ڕوو لە کزی و گرانییە، وا بڕوات برسێتی تەواو بەرۆکمان دەگرێت.

ئیدی فەقێکانیش چ خۆراکێکیان چنگ نەدەکەوت. ئەو دەمەی سوپای فارس لە لێواری شار نزیك ببۆوە جگە لە پیرو پەککەوتە و مەلاو پیاوانی مزگەوتەکان چ کەسێك لە شاردا نەمابوون و هەموو هەڵاتبوون، بەنێو چیا کەوتبوون و هەندێکیان خۆیان گەیاندبووە هەمەوەندییەکان. ئەو دۆڵەی چەمەکەی پێدا دەڕۆیشت و چڕو دارستان بوو پڕ ببوو لە خەڵکی، هەندێکیش لە کانی بەردینەوە بەرەو ئەودیو

پیرەمەگروون ڕۆیشتبوون، کەسێك لە بەرزاییەکەوە داگەڕا و چووە لێرەکەوە، بە خەڵکەکەی وت:

- فارس وا بەسەر گۆیژە و ئەزمڕەوەن، دەیانەوێت ڕێی ئەملایان بگرنە بەر، دیارە لەودیو شەڕ گەرمە.

برسێتی برستی لە شارەکە بڕیبوو، فارس هەر زوو شاریان چۆڵ کرد و ئەوەی کەوتبووە بەر دەستیان لەگەڵ خۆدا بردبوویان، لەشکری بابان لەبەری خوارووی شارەوە گەڕانەوە، قۆڵێکیان لە پشتی گۆیژەدا مابوونەوە و بەرگرییان دەکرد، پاش ئەوەی نەختۆکەیەك بارودۆخەکە هێمن بۆوە، دەنگێك بڵاوبۆوە:

- فارسەکان ئەڵقەیەکیان لە چواردەوری ئەردەڵان بەستووە، دەیانەوێت چ یارمەتییەکیان نەگاتێ و تەنها بەری سەرەوەیان بێنێ بۆ هەڵاتن..وا لەشکری بابان لە چیاکاندا لێیاندەدا و ناچاری پاشەکشەی کردوون.

ئەوەی لە ماڵان کۆکرابۆوە هیچی نەمابوو، گرانی و برسێتی پێی ئەستووریان چەقاندبوو و خەڵکی بێ وەرە کردبوو، ڕێژەی ئەوانەی گیانیان لەدەست دەدا لەزیادبووندا بوون و بە گەیشتنی کاروانچییەکان لەبەری خۆرئاواوە، تاهێك بە بەر شاردا کرایەوە، ئەو ماوەیە جگە لە نانی بەڕوو چ خۆراکێك نەمابوو..بارودۆخەکە دوای ئەوەی گەڕایەوە سەر دۆخی خۆی، ئەوانەی کەلوپەل و باریان دەبردە ئێران، لە پاش ڕۆژگارێکی زۆریشەوە ئەو داخەیان هەر لە دڵدا مابوو و بەتووڕەییەوە دەیانوت:

- کوێ کۆزدنشینە دەیبەینە ئەوێ، لە کورد زیاتر پێی ناچێتە سنووری فارسەکانەوە.

- با زەقەی چاویان بێت، لەبەر خاتری کوردەکان دەبینین، ئێمەش ناچینە خاکی ئەوانەوە ئیتر.

- بە کورد نەبێت کەس نەیفرۆشێت، ئەوەی بۆنی عەجەمی لێ بێت لێی دووربکەونەوە.

## -20-

سالانێکی زۆر میرانی بابان حوکمڕانییان کرد و ناوبەناو دوچاری بەشێوی دەبوونەوە. پێم ناخۆشە گۆڕانە ناوەکییەکان بهێنمەوە پێش چاوی خۆم،خەنجەرە ژەهراوییەکانی براکان لە پشتی یەکتری و شەڕی کورسی و دەسەلات،چونکە لەپێناوی گرتنە دەستی دەسەلاتدا هەموو فرتوفێلکیان لە دژی یەکتر بەکارهێنا،ڕێزی بێگانانیان لا زیتر بوو وەك لەنێو خۆیان.ئەمیان وایدەزانی ئێران دلسۆزیەتی و ئەویان عوسمانلی قیبلەی بوو.لەنێو کۆڕی ژنانیشدا ئەو بەزمە خەستر بوو.ژنی میرێك بەهۆی خزمایەتییەوە لەگەڵ ئێراندا،مەیلی مێردەکەی بەرەو ئەوێ دەشکاندەوە.خاتوونێکی دیکە بابی والی نمونەی بالای بوو و کردبوویە بنێشتەخۆشە لای شووەکەی.میرێك دەهات و میرێك هەلدەهات،تەخت دەچووە بن یەکێکەوە و بەرەش لە بن پێی ئەویتریان دەردەهات،هەر ئەوەش ناخۆشی نەبوو،دەربەدەریی و نان بڕینی هەموو ئەوانەش لەلاوە بوودستێت کە لەنێو ئەو گەمەیەدا لێیدەکەوتەوە،هەندێك هەر بەیەکجاری کە بەرەو ئێران هەلدەهاتن ئیتر نەدەگەڕانەوە، ئیتر بۆ کوێ بگەڕانایەوە؟لەو خۆکوژییە چەند کوشتن و برین و چەندە ڕك و کینەشی لێ بەرهەمدەهات.داگیرکەر هێشتان سنووریان نەبڕیبوو،شار ببووە مەیدانی شەڕوشۆڕ.

ئەو کاتەی کاك ئەحمەدی شێخ جێگەی شێخ مارفی باوکی گرتبۆوە و کۆلەکەی زانین و زانستی تەکیەکە بوو، ئەحمەد پاشا دوا میری بابان بوو، هەواڵێك پێش چەند ڕۆژێك گەیشتبوو و ئەوەی دەردەخست کە سوپای تورك لەگەڵ دەوزی هەمەوەندییەکاندا کەوتوونەتە شەڕەوە، کاروانی بازرگانی لەو نزیکانە باریان داگرتبوو و دەستبەتاڵ گەڕابوونەوە..بەر سەراکەی ئەحمەد پاشاش ڕۆژانە ڕەش دەچۆوە،یەکێك لە کاروانچییەکان لە بازاڕدا قسەی بۆ خەلکەکە دەکرد و ئەوانیش لێی خڕبببوونەوە، ئەوەی تازە دەگەیشتە قەرەباڵغییەکە پرسیاری لێدەکرد و ئەویش دەیوت:

- گرمەی تۆپەکان دەنگیدەدایەوە، وەك چۆن بیدات بە بناری گۆیژەدا ئاوا دەنگیان دەهات، خەلکەکە هەموو هەلاتوون و هەمەوەندی تێکڕا بەرەو مەیدانی شەڕەکە ڕۆیشتبوون، خێلەکانی تریش چووبوونە هانایان و بەرگرییان دەکرد، لەهەموو تەرەفێکەوە پێکدادان بوو، ج ڕێیەك نییە و باڵداریش لەو سنوورەوە ڕەتنابێت لوالی بەغدا لەدوای داگیرکردنی ئەربیلەوە نیازی نێرەشی هەیە.لەشکرکێشییەکی بێشوماری کردووە.دەڵێن ئێران ناڕەزایی دەربڕیووە لەپاش تێکشکانەکەیەوە لە شاری مەریوان کە عەبدوڵلاّ بەگی برای ئەحمەد پاشا گورزێکی کوشندەی لێداون.ڕەنگە بابی والی بڕیاری دابێت کۆتاییەك بۆ میرنشینەکە دابنێت و چیتر ئێران هەڕەشە لە بەرژەوەندی عوسمانلی نەکات.

هێندەی پێنەچوو، ئەوە بلاوبۆوە کە نەجیب پاشا سەرۆکایەتی شەڕەکە ددکات.

شار ترسی لێنیشتبوو و گوێبیستی نوێترین هەواڵ بوو، یەکێك لە بەتەمەنەکان وتی:

- هەمەوەند بشکێت مانای نزیك دەبنەوە، عوسمانی سەرودختێکە لەبەر هێز و تیرەی ئەوان دەستیان بە ناوچەی سلێمانی ڕانەگەیشتووە.

یەکێك لە دوکاندارەکان وتی:

- میرنشینی بابان چقڵی چاویانە، ئەوانیش کە دێن ڕوودەکەنە ئاوەدانی، هەموو چەکداری بێسەودا و هیچ نەزانن، وا ئێرەش هەموو شتێکی لێیە و چاویان تێبڕیوە، پایتەختی میرنشین دەمێکە خولیا و خەونیانە، ئەگەر دوێنێ گوندێکی چکۆلە بووە ئێستا شارێکی گەورەیە و تاوەکو چارباخەکەی ئەحمەد پاشا کشاوە.. ئێرە سەرە ڕێی ئاڵوگۆڕکردنی کەلوپەلە و لەگەڵ دیوی ئێراندا بازرگانی هەیە، بێن لێرەش باج وەردەگرن. لە ماڵی خۆمان باج دەسێنن و دەست لە کاروبارەوە وەردەدەن.

- پلانە..هەر ئێران لەگەڵیاندا نەبێت بەرگری دەکەین! ئەوان تاوەکو یەمەنیش کشاون و بە ناوچەی شاخاویدا هەروا ئاسان لەشکرکێشی ناکەن.

یەکێکی دیکە وتی:

- خەتای خۆمانە،ئەوە بەرهەمی چاڵ هەڵکەندن بوو بۆ یەکتری.

هەموو چرکەیەك هاتنی عوسمانی دەهاتە بەر باس و ئەسپ سوارەکانیش دەهاتن و دەچوون. .عوسمانیش بەر لە گەیشتنی خۆیان، تارماییان لە شاردا بوو، دەچوونە کۆڵانەکانەوە و لە دەرگای کراوەوە سەریان دەبردە ژوورەوە.لە کلاوڕۆژنەوە شۆڕدەبوونەوە و بۆنیان دەنیشتە سەر ڕوخسارەکان،دەکەوتنە سەر زمانان و لەگەڵ وشە و ئاخاوتندا

دەهاتن و دەگەیشتن.بەڵکو دێوەزمەی نێو خەونەکانیش بوون و تارماییان دەلکانەوە بە تاریکایی شار و نوتەکییان پێکدەهێنا.ئەو نوتەکییەی بەربڵاو دەکشا و برانەوەی بۆ نەبوو.

## -21-

چەك و تەقەمەنییەکی زۆر لەڕێی کاروانچییەکانەوە گەیشتبوون، کوردەکانی دەوروپشت و ئێرانیش بۆ پشتیوانی برێکیان هاتبوون لەگەڵیاندا..زۆرینەی جوولەکەکان بە ناوی بازرگانییەوە شاریان جێهێشت و تەنها بیست و پێنج ماڵ لە سەدوچل ماڵدا مابوونەوە، ئەوانیش پیشەی خۆیان دەکرد و سەرگەرم بوون. کاروانسەراکان پڕببوون لە چەکدار و چاوەڕێی فرمانێك بوون، سوپای بابان خۆی ئامادە دەکرد وجگە لە کەلوپەلی سەربازی ئازووقەی بەسەر جەنگاوەرانیدا دابەشدەکرد. ئەسپ سوارەکان لەگەڵ پیادەدا هاتوچۆیان بوو و سەردانی یەکتر و ماڵەوەیان دەکردەوە.

دوو شەو سپێدەیان بەدوادا هاتن و لەشکر بەرەو ڕێی کۆیە شاری جێهێشت و بەو گالیسکانەی کەلوپەلی شەڕیان هەلگرتبوو بەڕێکەوتن، لە بەری چواریاخەکەوە کە هێشتاکە تەمی بەیانی نەڕەوییبۆوە، پیادەیەك بە پەلە ڕووەو لەشکر پێی هەلگرت و لە ناویاندا هەر چاوە چاوی بوو،لەناکاوێکدا لە ئەسپ سوارێك نزیکبۆوە و بەشلەژاوییەوە وتی:

- کاکەزاڵ !

دووبارەی کردەوە و ئەسپ سوارەکە ڕاوەستا، لە ڕیزەکەی جوێبۆوە و بەسەرسوڕمانەوە بەرەو دەنگە ناسراوەکە ڕۆیشت، وتی:

- چییە بۆ هاتوویت؟ ئەم جلوبەرگە چیە لەبەرت کردووە ؟!

-کاکەزاڵ منیش دێم، تۆ بڕۆیت و منیش چاوەڕوان بم ئۆقرە ناگرم، منیش دێم بۆ شەڕ.

کاکەزاڵ لە ئەسپەکەی دابەزی و قۆڵی گرت.

- نازەر تۆ چی دەڵێیت؟ تا ئێستا کەس بینیویەتی ئافرەتی ئێمە بچێتە شەڕەوە!! من بەخوا دەزانم چاونەترس و ئازایت، بەڵام بەیانت دەدەمێ بێمەوە بۆ لات. بڕۆرەوە و چاوەڕێم بە، هەرگیز لەبیرت ناکەم.

- هەر دێم،کەس نایزانێ و....

-کچێ من ئەمشەو چیم پێوتیت ! هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم ئاوا بێ متمانە بیت و جلوبەرگی پیاوانە بپۆشیت، ئازەر گیان وەك ئەو خەلکە چاوەڕوان بە..ئەگەر ئێوە بێن ئێمە بەرگری لەچی بکەین؟ مانەوەی ئێوەیە ئێمە دەڕۆینە شەڕی مەیدان، دەنا میرنشین تا لە توانایدا بێت چەندین ساڵ لەو کێوانە هەر شەڕ دەکا و ناوەستێت، ج مەترسییەکیش نامێنێ.. ئێمە خەمی شارمانە، ئێرە پایتەختمانە تێگەیشتی؟!

ئازەر وتی:

- با بێمە سەر ئەسپەکەت..دەتوانێت هەردووکمان هەلگریت.

- مەبە بە بەڵا بەسەرمەوە، لەجیاتی کاری خۆم هەردەبێت دلّم لای تۆ بێت.

چووەوە سەر پشتی ئەسپەکە و بەدەنگێکی گڕەوە وتی:

-چاوەکەم بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە، هەر سەردەکەوین و...لەبیرت ناکەم.

خێرا گەیشتەوە ناو ڕیزی لەشکر و تاوەکو لە چاوانی ونبوو هەر تەماشای کرد، ئەویش ناوبەناو دەستی بۆ هەڵدەبڕی و دڵی پڕببوو، هەرچی جەنگاوەرەکانی تریش بوون هەریەکەی بیری لە شتێك دەکردەوە

و لە بەرزاییەوە ئاوڕیان لە شار دەدایەوە، لەو دەمەدا پۆلە باڵدارێکی زۆریش بەسەر دەشتەکەدا دەفڕین و بەرەو گڵە زەردە ئاراستەیان گرتبوو.

## -22-

نزیکەی پەنجا چەکدار لە شاردا مابوونەوە، هەندێک پاسەوانی سەراکە و ڕێ و بانەکانیان دەکرد، هەندێکیش شوێنە بەرزەکانیان گرتبوو و لە گەیشتنی هەر مەترسییەکدا دەستبەجێ شاریان ئاگادار دەکردەوە..شەوان پیاوە بەتەمەنەکان لە مزگەوتی گەورە کۆدەبوونەوە و قسەوباسیان دەکرد، شار چۆڵببوو و سامناک دەهاتە پێش چاو، وەک سەردەمی شەڕی فارس و گوندەکەی جارانی لێهاتبۆوە..لە یەکێک لەو شەوانەدا چەند دزێک لە جوولەکانەوە درانە بەر تەقە، لەو پەشێویەدا هاتبوون ماڵە جوولەکە ببڕن، دەنگی تەقەکردن خەڵکی داچڵەکاند و وایان بەخەیاڵدا هات شەڕ گەیشتووەتە چواردەوری شار..ئەسپ سوارەکان ڕووەو دەنگی دەمانچە ڕۆیشتن و لە گۆڕستانی جولەکاندا قەیرێک مانەوە، لەبەری خوارەوەشدا سەگەل کەوتبوونە وەڕین و بەدوای یەکدا سەندیانەوە، چەکدارەکان دوو فیشەکیان تەقاند و دونیا کشومات بۆوە، دواتر بەرەو بازاڕەکە ملیان نا، ئیتر پاسەوانیان لە بازاڕەکەشدا دانا و دار فتیلە دادەگیرسان. لە ڕۆژی دواتردا وتیان:

- هەرکەسێک دزی و تاڵانی بکات و بە شەو ببینرێت دەکوژرێت.

نیوەڕوان تەنها لای ئاشەکان خەڵکی لێبوون، ژنان لەوێ کۆببوونەوە و هەریەکەی شتێکی باس دەکرد، جارجارەش جوجوڵێسک بەهۆی گەیشتنی کاروانچییە ئێرانیەکانەوە پەیدا دەبوو، ئەوانیش پاش

ماوەیەك كەم كەم دەهاتن و لە چۆڵی شارەكەدا جگە لە هیلاكی هیچی تریان بۆ نەمابۆوە.

-23-

هەواڵی ناخۆش هەر زوو گەیشتە شار، وتیان هەمەوەند قۆڵێكیان تەواو تێكشكاوە و ئەوانی تریش چوونەتە ڕیزی سوپای بابانەوە و پێكەوە بەرەنگاربوونەتەوە، تۆپەكان وەڵامی یەكتر دەدەنەوە، ئەحمەد پاشا سوپاكەی لە بەرزایی ئەمدیو ڕاگرتووە و پێی ڕاگەیاندوون بەردانی ئەو كێوە مانای تێداچوون و كشانەوە بەردو چیاكان. لەشكری خواروو لەگەڵ ئەو بەشەدا كە لە قەرەداغ دانرابوون، وەك خۆیان مابوونەوە و لەوێ پوشكەیەك نەجووڵابوون، هەفتەیەكی خایاند و نێردرا لە دوایان، پیاوە بەتەمەنەكان وتیان:

- بەردانی قۆڵی خوارەوە بەمانای لەشكر لە كۆیە تەنگەتاو بووە و پێویستییان بە پشتگیری زۆرترە، نابێت ئەوێ جێبهێڵدرێ ئەگەر ناچاری نەبێت.

- لەشكركێشی ئەوان چەندین ساڵە ئامادەیە، هەر لەوێشەوە عوسمانی داگیركەر هێرش دەكەن.

بەشێكی زۆری سوپای باشوور هاتنەوە ناو شار، پرسیاریان لێكرا،ئەوانیش وتیان:

- بەپەلە دەبێت بڕۆین، لەشكری عوسمانی زۆر زۆرە.

- قۆڵەكانی شەڕ لێرەو لەوێن، هەر لە شوێنێكدا نییە و پەلی لێبۆتەوە.

پاش وچانێك لەنێو خەلکەکەوە دەرپەڕین و شاریان جێهێشت، بەتەرزی پێشوو پێ بەپێیان ڕۆیشتن و بەڕێیان کردن. دوای بانگی ئێوارە، کابرایەکی نەخۆش لەپێش دەرکی مزگەوتدا پیاوانی لە خۆی خڕکردەوە، بەدەنگێکی کزەوە وتی:

- کوڕەکەم ڕۆیشتووە، لە نیوەڕۆوە دیار نییە و لەگەڵیاندا ڕۆیشتووە، بەخۆی و گوێدرێژەکەوە ونبووە.

وتیان:

- زۆربەی خەلکی ڕۆیشتوون.. منیش دەستم تفەنگی بگرتایە دەڕۆیشتم.

- کوڕەکەت ئازایە، دلێرە..شێخ فەرمووی هەرچەندە ئەوانیش موسلمانن بەلام بەرگری لە خاك و نیشتمان لە باوەڕەوەیە، بەرگری دەکات، لە تۆ و لە ئێمەش.

کابرا بەنوزەیەکەو. وتی:

- کوڕی من بەتەنیا شەوان نەیدەوێرا تا لای پەینە‌کەش بڕوات ! چۆن ڕۆیشتووە ؟ باوەڕناکەم !

- کاك ئەمین، غیرەتی داوەتە بەر خۆی، دەماری پیاوەتی جووڵاوە کوڕەکەت، ئیتر گەورە بووە.

- دەجووڵێت، کە زانیویەتی نیوەی هەمەوەند شکاون و بەدیل گیراون دەماری گرژبووە.

- بەڵێ گرژبووە.

-24-

سەر لەئێوارەی ڕۆژێك ئەو دەنگوباسە بڵاوبۆوە كە لەشكری عوسمانی بەرزاییەكانی كۆیەی گرتووە و بابان بەرەو دواوە كشاوەتەوە، دوو سوارەكەی تازە دەگەیشتنەوە، لای چۆمەكە لایانداو بەیەكدییان وت:

- ئەوە بڵێین شتێكی زۆر خراپ دەكەین، حەز ناكەم هەرگیز هەواڵێكی وا ناخۆش بەگوێی خەڵكی شارەكەمدا بدەم.

- هەواڵ پێش ئێمە گەیشتووە، بڵێی ئێمە یەكەم كەس بین دەگەینەوە؟! ئیتر شكاوین، ئەو شەڕەی كردوومانە دەرسێكی زۆرە بۆ توركەكان، ئەوان هێشتا بەو سوپا گەورەیەشەوە كونە مشكیان لێ ببووە قەیسەری، دەوڵەتێكی وا گەورە چەند ڕۆژە حاڵیان شڕ بووە، ئەمە ئازایەتی ئەوانی تێدا نییە، چەك و تەقەمەنی ئێمە تەواو بوو و ئەوەندەی لەوان كوژراوە ئێمە سەلامەتین، كوژراومان لەچاو خۆماندا كەمە.

ئەسپە ماندووەكانیان برێك حەواندەوە و بەمەینەتییەوە ڕوانییانە شارەكە، یەكێكیان دڵی پڕبوو و لەبەر خۆیەوە وتی:

- تاوەكو تاریك نەبێت ناچینە ناو شار، ئەو بێدەنگ خۆمان دەكەین بە ماڵەوەدا؛ من نامەوێت كەس ببینێت، شەرم لە خۆم دەكەم، ناتوانم بڕوانمە ناو چاوی خەڵكی.

- ئێمە ئازەر، وا گەڕاومەتەوە..خۆزگە وا نەدەهاتمەوە، ئەو خەنجەرەی داوتە بە من لە كالانە نەهاتووەتە دەرێ، شەڕی دەستەویەخەی نەبینی و هەموو شتێك تەواوبوو، ئیتر كوژاینەوە.

کاکەزاڵ بەو چەشنە دوا و بەهاوەڵەکەی وت:
- با بڕۆینە ئەو لایە.
- بۆچی؟!
- وا چەکدارەکانمان دێنەوە، سەیری ڕێیەکە بکە.
سواری ئەسپەکانیان بوون و لە بەرزایی ئەوبەر چەمەکەوە خۆیان کرد بە لێڕەکەدا، لە دوورەوە ڕوانیانە گەڕاوەکان، ئەوانیش بەسەر پردە دارینەکەوە دەپەڕینەوە، چەند برینداریکیش بەسەر پشتی ئێسترەوە بوون و ڕەتدەبوون، کاکەزاڵ وتی:
- با ئەوان پێشمان بکەون، با بریندارەکان ئەو کۆتاییە ناخۆشە بدرکێنن، وا باشتر نییە؟ وا باشترە. هەروا باشترە.

## -25-

شار دەتوت ئەو خۆڵەمێشە پەرتوبڵاوەیە کە ژیلەمۆ و پەنگری تێدا نەمابێت، ماتومەلوول، هیچ شتێك وەکو پێشوو دیارینەدەدا، ڕۆژی دواتر چەند کەسێکی تریش گەڕانەوە و ئەوەیان ڕاگەیاند کە ئەحمەد پاشا ڕووی لەودیو کردووە، ساغ و سەلامەتە و لەگەڵ دەستوپێوەند و پیاوەکانیدا دەربازبوون، یەکێکیان لەپاش ئەوەوە کە قسەی دەکرد ئاماژەی پێدا:
- وتیان، عوسمانلی وتیان ئەوەی چەك دادەنێت هیچی لێناکەین، کەوتبوونە بوق لێدان و تورکمان زوو زوو دەیانوت ئێمەش موسڵمانین، ئەوانەی دیل دەکەونە دەستمان و دەستبەسەر کراون ڕەفتاری باشیان لەگەڵدا دەکەین، ماوەیەك تا بارودۆخەکە ئارام دەبێتەوە لامان

دەمێننەوە دوایی دەگەڕێنەوە، هەر کەسەو بۆ شوێنی خۆی، ئێمە پەرە بەژیانتان دەدەین.

باوەڕم بەو شتانە نییە، درۆیە..ئەمە مێژووش بە درۆی دەخاتەوە، ئەوان کە هیچ موسڵمانەتییەك پێنازانن و ئەو هەموو گوللە تۆپە بنێن بەو دەشت و کێوەدا دیارە قسەشیان ڕاستییان تێدا نییە.. ئەوان داگیرکەرن و ولاتیان بە تالان بردووین.

ئەمە وتەی بریندارێك بوو کە لەدڵی خۆیدا دەیوت، بەپەستییەوە گوێی لەو قسەوباسە ڕاگرتبوو و دانی جیڕدەکردەوە، پەست و کەللەیی ببوو و، لەگەڵ هەر خۆ گرژکردنێکیشیدا قۆڵە شکاوەکەی ئازاری پێدەگەیشتەوە و لەناوەوە دەیوت ئاخ. لەسەری ڕۆیشتن:

- وتیان بە فرمانی نەجیب پاشای گوزنگی، ئەوەی لە شەڕدا نەکوژراوە ئیتر نابێت بکوژرێت، نابێ دەستی لێبدرێت و وەك هاوڵاتی مولکی تەماشای بکرێت.

- زۆرمان بە دیل کەوتووینەتە دەستیان، دیلمان زۆرترە لە کوژراو و بریندار، مامەیارەش بە دیل گیراوە، ئەو پاش تێکشکانیش تۆپەکەی بەرنەدەدا،هەر تۆپی دەتەقاند، ئیتر لە گەرمەی شەڕدا چەك کرا، دەمانچە دوو لولەکەیشیان لە قەدی کردەوە و دەست بەسەر پێش خۆیاندا،ئەو دیمەنە ئاگری لە جەرگ بەردەدا،ئای لەو ڕۆژە ڕەشە !!

- ئاخ !!!

بریندارەکە لەنێو ئاپۆرەکەدا ئەوەی وت، بەدوایدا خەڵکەکە هەموو وتیان: ئاخ.

-26-

سوپای تورك لەسەر ڕێی سەرەکییەوە بەرەو شار دەکشا، لەشکرێکی زۆر و درێژ، لە باشووریشەوە لەشکرێك دەهات و چەند تەقەیەك کرا، لەبەری باشوورەوە تورکەکان وتیان:

- ئەوەی تەقە بکات کوژراوە، ئێمە شار لە شەڕەوە ناگلێنین، نەهاتووین داگیرتان بکەین، ئێمە برەو بەژیانتان دەدەین.هاتووین ئەم شارە دەپارێزین لە هێرشی ئێرانی.

دەڕۆیشتن و ناوبەناو بە دەنگی بەرز جاڕیان دەدا، ئەو کوردە پیادانەی لەگەڵیاندا بوون، پێش ئەوان گەیشتنە شارەکە و بینییان خەلکی زۆربەی شاریان چۆلکردووە و بەرەو گردی سەیوان و بناری سەرەوەی پاڵ دار بەڕووەکان خۆیان دوور لە شار ڕاگرتووە، تورکەکان بەو کوردانەیان وت:

- پێیان بڵێن بگەڕێنەوە، ئێمەش لەخوداترس و مسوڵمانین و کەسێك دەستی بۆ نابرێت، بڕۆن تورکمان، بڕۆن و پێیان بڵێن شار ئاسوودەیە و هیچ نییە، وا ئازوقە و خۆراکێکی زۆر دێت و ئێرە ڕووی لە ئاوەدانییە وەك زۆربەی شارەکانی تر، وەك بەغدای لێدێت، یاڵلا تورکمان.

بەرەو سەراکەی میرنشین ڕۆیشتن و لەوێ نیشتەجێ بوون، دەستەیەکیان چوونە تەکیە و بە کاك ئەحمەدی شێخیان وت:

- هەر ئێستا بانگ بدەن خەلکی بگەڕێنەوە، هەموو چەك دابنێن و کۆتایی بە شەڕ هاتووە، بە فرمانی والی دەبێت بارودۆخەکە ئارام ڕاگیرێت.

پاشان بە شێخیان وت کە سەردانێکی سەرا بکا و چاوی بە سەرۆکی ژاندارم بکەوێت، یەکێك لە مەلاکان وتی:

- شێخ ماوەیەکە ناساغە و ناتوانێت بڕوات.

نە بانگ درا نە خەڵکیش گەڕانەوە، ئەو شەوە لەو دەشت و گردەی شار و پشت کارێزەکە ڕۆژیان کردەوە.

## -27-

دوو هەفتەیەك تێپەڕیبوو..ساتی هێنانەوەی کوژراوانی بابان بوو، گۆڕستانەکەی پشت مزگەوتی گەورە و بەرزاییەکەی نزیك کارێزی کانی ئاسکان ڕەشدەچزوە و بەرنەدەکەوت، کاك ئەحمەدی شێخ قسەی بۆ خەڵکەکە کرد و گردیکردنەوە.

- شەهیدانی بابان نابێت لێرە بە خاك بسپێردرێن، با بیرێنە گردەکەی شێخ مارفی گەورە، ئیتر ئێرە نابێت هیچ مردوویەکی تری لێ بنێژرێت، شێخ مارف فەرمووی دوارۆژتان لەپێش چاو بێت، شار ڕۆژ بەڕۆژ گەورە تردەبێ و کارێز و کانیاوەکان دەبنە جێگەی ئاوەدانی و بەکاردەهێنرێن، باشتروایە لە گردی ئەولا دێی کانی دڕکە، خوار گوولان بنێژرێن، نزیکیشەو شێخ مارفیش لەوێیە..لافاو نایگرێتەوە و شوێنێکی بەرزە. ئەوێ شایستەی ئەوانە.

هەرچەندە دوای هاتنی عوسمانی ئیتر لەو باوەڕەدا نەبوون شار جێگەی دانیشتن بێت و بەرەو گەورەبوون و فراوان بوون پەل بهاوێت، بەلام ڕووەو گردی سەیوان کشان، لە پاش تەرمەکانەوە خەڵك بەبێ ڕێیەکیان بڕی و تورکیش لەلاوە تەماشایان دەکردن، هەندێك لە ناوەڕەدا دەترسان پەلامار بدرێن و بدرێنە بەر گوللە، لەگەڵ

گەیشتنەوەی دیلەكانیشدا كە وردە وردە چۆڵی شارەكەیان دەڕەوانـدەوە، چـەند بـارێك لەبـەری كـەركوك و بـەغداوە هـاتن، عوسمـانی ئازووقـە و كەلوپەلێكی زۆری خۆی هێنابوو و لە بینینی شوێنەكاندا دەیانوت:

- گەرماو ومزگەوت و سەرا و كاروانسـەرا بە جۆرێك دروست كراون، لە تەلارسازی ئێمە ناچن، ئەمە جۆرە بیناسـازییـەكی لای خۆیانـە، تـا ئەنادۆڵیش شتی وا نابینرێت.

- خانووەكانیان لە خانووی كوردنشینەكانی لای ئێمە نـاچن، دیـارە لەگەڵ كوردەكانی ئێراندا هەمان ئەندازیاری بەكاربێنن بەپێی نزیكییـان لەیەكەوە.

-28-

زیندووبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی لە ڕۆژێكدا سـەری هەڵدایـەوە، ئەو ڕۆژە بووكە بۆ پێشوازیكردنی هاتنەوەی مامەیارەی بە دیلگیراو لـە بەرزایی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێیەكەوە خەڵكێكی زۆر وەسـتابوون، چـەند كەسێك پێش ئەوان ڕایانگەیاندبوو كە دوابەدوای كاروانچییـان دێنـەوە، پاشـنیوەڕۆ بـوو،چـەند سـوارێك لـە دوورەوە دەركـەوتن و وەسـتاوەكان كەوتنە قسەكردن لەنێو خۆیاندا،بوونی لەكیسچووی خۆیـان دەهێنایـەوە بیر و پێش چاویان.

- كوڕەزای هۆمەر ئاغـای دوانزە سـوارەی مـەریوان، حـەیف نییـە چەند وەختە دیل بێت؟!

- ڕەنگە هەر لە موسڵ گلیاندابێتەوە و نەیانبردبێتە بەغدا.

- وا دەگاتەوە شار، دەبێ شار چۆن ببینێ، چاوی بەرایی دێت بـەو شێوەیەی لێهاتووە !!

- جلوبەرگیان لە یەکتری دەچن، کامەیان بێت؟

- بەلکو ئەحمەد پاشاش بگەڕێتەوە و وەك جاری جاران بژین، ئەوانیش بێنەوە و میرنشینەکە دابمەزرێتەوە.

سوارەکان گەیشتن، خەلکەکە بۆ پێشوازی چوونە سەر ڕێگەکە و هەریەکە و شتێکی وت، مامەیارە بە جلوبەرگی سەربازییەوە لەسەر پشتی ئەسپەکەی بوو، چۆن بەو بەرگەوە ڕۆیشتبوو، هەروا گەڕابۆوە، سلاوی لە خەلکەکە کرد و چەند کەسێك لەدوورەوە وتیان:

- دەمانچە و تفەنگی پێ نییە.

- بلێی بیکەنە جێگری بابان تاوەکو ئەوانیش دێنەوە؟!

- نا، نیازیانە عەبدوللا پاشای بابان بکەنە قایمقامی شار، لە مزگەوت بیستم کە ئەو دادەنێن، لەو سێ لیوایە ئەو دەکەنە لێپرسراوی یەکێکیان، ئێمە و شارەزووریش ئیدی سەر بە موسل دەبین.

گەیشتنە نێو شار و بەرەو سەراکە چوون، دوای بانگی ئێوارە، مامەیارە سەردانی مزگەوتی گەورەی کرد و فەقێکان بۆ شێو کۆکردنەوە بە مالاندا دەگەڕان و دەیانوت:

- لە ئەستەمبوول بووە، زانیویانە ئەبەز و قارەمانێکی لێهاتوویووە بردوویانە بۆ ئەوێ تا والی چاوی پێ بکەوێت، لە موسلەوە بردوویانە.

- پلەوپایەیەکی گەورەیان داوەتێ و ئەو ڕەتیکردۆتەوە، وتوویەتی هەر دەچمەوە بۆ سلێمانی، دەی خواردنێکی باشمان بۆ بهێنن، لە شارەکەی زیاتر دلی بە هیچ کوێیەك نەکراوەتەوە.

لە دەرگایەکی دیکە سەریان دەبردە ژوورەوە و خاوەن مالیان دەبینی و دەیانوت:

- لێیان پرسیووە بۆچی شەڕ تەواوبووە و تۆ هەر گوللە تۆپ دەتەقێنی، وتوویەتی ئەرکی من وەك جەنگاوەرێك ئەوەیە تا دوا هەناسە شەڕبکەم و فرمانی خۆم بەجێبێنم، ئەم تۆپە لە ئەستۆی منە و دەستبەرداری نابم، من سەربازم و لە ئەستۆمە شەڕی خۆم بکەم.

- یەکەمجار وایانزانیووە ئەحمەد پاشا خۆیەتی! شەرەفی سەربازییان پێبەخشیووە !!

دوای ڕۆژانێك مامەیارە خۆی چووە لای خەڵکەکە و لە بازاڕدا قسەی بۆ کردن، جلوبەرگە سەربازییەکەیشی هەر لەبەردابوو، ئیتر شتێکی تر لەناو خەڵکدا دەوترا.

- مامەیارە والی بینیووە و ئەویش کە دەزانێت هەر شارەکەی خۆی بەلاوە شیرینە،دیاری کانی دڕکەی داوەتێ بەرامبەر ئەو ئازایەتی و چاپووکییەی.

خەڵکەکە پێیان خۆش بوو، وەلێ لە سەرێکی تریشەوە ئەفسوسیان بۆ ئەو ڕۆژگارە بوو کە خاك و ئاوی خۆیان بێگانە پێیان دەبەخشێ و حوکمڕانییان دەکات، دەست وەردەداتە خێروبێریانەوە و دەیکاتە بەخشندەیی خۆی.

## -29-

کاروان و قافڵەی خۆراك و کەلوپەل کەوتنەوە سەر ڕێ، لە ئەرزڕۆمەوە ولاخێکی زۆریان کڕیبوون و بە بارەوە دەگەڕانەوە، هەر پێستەی خۆشکراو بوو لە شار دەبرانە دەرەوە، شار گەڕایەوە بۆ جموجۆڵی جارانی، بەڵام دۆخەکەی لەدەست دابوو، باج و سەرانە ببووە سکاڵای کاروانچییان و تەنانەت جوتیارە کرێگرتەکانیشی گرتبۆوە،

سەپان وەك جاران هەقی نەدەدرا و ئیدی هەموو شتێك نرخی بەرزبۆوە و تا دەهاتیش بەرەو زیادبوون دەڕۆیشت، هەرچی زەویوزار بوون داگیر کرابوون.

لەگەڵ هاتنی نەورۆزدا، خەڵکەکە چوونە گردی گوولان و ئاگریان کردەوە، ڕۆژانی میرنشین دەهاتەوە پێش چاوی ئەم و ئەو، ئەو ئاگرەی کردبوویانەوە نێڵە و لرفەی نێو دڵیان بوو وەك سکاڵا و ناڕەزایی بەگژ ئاسماندا دەچوو.. مامەیارە لەپێش هەمووان لەسەر گردەکە بوو، تا درەنگانێك لەوێ ئاگر دووکەڵی بەرزدەبۆوە و لەگەڵ داهاتنی تاریکیدا پرشنگی دەدایەوە، چەند کەسێك لەسەر بەرزایی گردەکە دەیانڕوانییە گۆڕەکان و دەیانوت:

- گۆڕتان ڕووناکە بەم ئاگرە، عاشقانی گوڵ، ئێوە گوڵی بەهارەی ئەم شارە بوون.

- بەڵام بۆچی دەڵێن گوولان! ئەم گردە جگە لەم قەبرانە چەند ڕووەکێکی لێیە و هیچی تر !!

ئەو چەند گۆڕەی لەسەر گردەکە بوون، لەڕاستیدا گۆڕی ئەو کەسانە بوون کە سەروەختێکی زوو بە نەخۆشی گەڕی مردبوون، گوولی لێیدابوون و بێچارەسەر گیانیان لەدەست دابوو.. گوولی چەند کەسێکی گرتبۆوە، لە شوێنی تەریك و چەپەکدا دانرابوون و کەس نەیدەوێرا لێیان نزیك ببێتەوە، هەر نەخۆش بوون دەمردن و ڕەوانەی گردەکە دەکران،ئیتر ناچار هەر لە نزیك گردەکەوە خێوەتیان هەڵدا بۆ گوولەکان تا دوورەپەرێز بن لە خەڵکی. تاقە گوولێك لە شاردا مابۆوە، ڕۆژێك حەکیمێك لە ڕێیەکی دوورەوە هاتبوو، وتبووی چارەی دەکەم، ناهێڵم بمرێ و گوولی لێدادەماڵم، پاش هەفتەیەك نەخۆشەکە چاك ببۆوە و

دواتر حەکیم شاری جێهێشتبوو، کەس نەیدەزانی چۆن چارەی کردبوو، تەنانەت کەسوکاری نەخۆشەکەش نەیاندەزانی چ جادوو و سیحرێکی لێکردووە. لە نەخۆشەکەشیان دەپرسی و ئەویش چ وەڵامێکی پێنەبوو، تەنها دەیوت بۆنێکی ناخۆش، بۆنێکی ناخۆش بەبەر لوتمدا دەهات و دەست و پێم بەسترابوونەوە..حەکیم بە پیاوەکەی وتبوو برۆ پیسایی گوولەکەم بۆ بێنە، ئەویش هێنابووی، حەکیم پێی وت:

- هەموو گیانی بە پیسایییەکەی خۆی سواغ بدە، هەموو گیانی.

پاشان خواردنیان بۆ هێنابوو،حەکیم وتی:

- کەمێك لە پیسایییەکەی خۆی بخەرە خواردنەکەیشیەوە و بیدەرێ، مەهێڵە بیزانێت.

چەند جارێك ئەوەی کرد و بە کەسوکارەکەی ڕاگەیاند جوان بیشۆرن، کاتێك گوولەکە چاك بۆوە،حەکیم ڕۆیشت و پیاوەکەیشی چ قسەیەکی نەکرد. شار ئیدی ناوی گردەکەیان بە گوولان ناودەبرد، ئێستا وا ئاگریان لێکردبۆوە و جگە لە گوولان چیتری پێنەدەوترا، هەر ئەو گردە هەنوکە بە گردی مامەیارە ناسراوە.

سەرۆکی سوپای تورك بە ژەندرمەکانی وت:

- ئەمە جەژنی خۆیانە و یادی ڕۆژی خۆیان دەکەنەوە، کەس ڕێیان لێنەگرێ و لێیان نزیك مەبنەوە..لە ئایینەکەی زەردەشتەوە بۆیان ماوەتەوە، ئێوە چی دەکەن بیکەن، بەڵام دەست وەرمەدەنە جەژن و نەریت و بۆنەکانیانەوە، هەر کەسەو ئایینی خۆی، خۆ ئەمانە ئاگر پەرست نین و وەك ئێمە موسڵمانن، گاور بێت یان جوولەکە، گرنگ ئەوەیە زیانی نەبێت و لەڕێ لانەدات و بەرهەڵستی نەکات.

ئەوانیش دەیانڕوانییە ئاگرەکەیان و لە دوورەوە وەستابوون، مامەیارە وتی:

- ئەو چەند گوللە تۆپەی مابوون نەیانهێشت ئاگریاندەم و پێیانەوە بنێم، حەزم دەکرد چی گوللە تۆپە هەمووی بتەقێنم، دوای ئەوەمگرن، دوو ڕۆژ دەبوو هیچم نەخواردبوو، جەنگاوەر هەموو لەپەلوپۆ کەوتبوون، بۆ خۆشم نەمزانی ئەو شەڕە چۆن دوایی هات ! کە بیریشی لێدەکەمەوە وا دەزانم خەون بووە، لەنێو شەڕدا تۆ دەبیتە کەسێکی تر، وەک ئەوە وایە خەوتبیت و هیچت بە خەیاڵدا نەیەت.

## -30-

لەو ساڵانەدا تەنها بەرزبوونەوەی نرخی شتومەک قسەی ئەم و ئەو بوو، کاروانچییان ئیدی بەو باجەی دەیاندا ڕاهاتبوون و تەنها لە سەرپێچی کردنی ژەندرمەکاندا ڕقیان هەڵدەستا، خەڵک دەیوت:

- ڕۆژ بە ڕۆژ نرخ زیاد دەکەن، زۆرتر دەسێنن و تێر نابن، ئەمە چ ورگێکە !

- بە دووساڵ جارێك موتەسەڕیفێك دادەنێن و پاش ئەوەی تێریان دەکەن و گیرفانیان پردەکەن، لادەبرێن و چاوچنۆکی تر دێنە شوێنیان، هەموو بە نانی ئێمە دەوڵەمەند بوون، خواردن لە ماڵانیش دەبەن.

- ژاندارم ناوی بەخۆیەوەیە، ژان و درم، هەم ژانیش و هەم درمیشن و لێمان نابنەوە، لە کرێگرتەیی زەوییەکانی شێخانیشدا دەست وەردەدەن و چاویان پڕ نابێتەوە، تا ئێستا هیچ دانا و زانایی ئەمانەم نەبینیووە، ئەمە هەرچیوپەرچییەکانیانە هاتوون، دز و تاڵانچی و کەللەپوتەکانیان.. ڕەنگە قەرەج بن لە وڵاتی خۆیاندا، هاتوون و بوون بە

سەردار و کوێخا، دەڵێن موسڵمانن، ئەمدیووە بێنە مزگەوت و نوێژ بکەن، حاشا ئەمانە موسڵمان نین و لە مرۆڤیش بەدەرن.

ڕۆژێک لەو سکاڵا و گلەیی و گازندەییەدا، کاک ئەحمەدی شێخ خواجە ئەفەندی بانگ کردە لای خۆی، پێی ڕاگەیاند قوتابخانەیەک بکاتەوە و منداڵان فێری خوێندەواری بکات، زانین و زانست و زانیاری بە منداڵان بڵێنەوە، زمانیان ئەفەوتێ و بۆ دوارۆژ ببنە چاوساغ و بەڕێوەبەری ژیانیان. ناکرێت نەوەی عوسمانلی هەروا نەزان بێننەوە، لەوەتەی ئەمانە هاتوون چ حیکمەتێکیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێناوە، ئەم نەوە نوێیەش هیچ نازانن و دەبێت فێر بکرێن، فێری ئەوە بن و بزانن کە لە بنەڕەتدا کوردن، تا زانا و هۆشیار بن دواناکەوین، لەوە ناچێت تورک ئاوڕ لەم شتانە بدەنەوە، ئەوانە جگە لە خێروبێر، خۆشی خەلکەکەیان ناوێت، بەپەلە بیر لەوە بکەرەوە.

خواجە ئەفەنی زۆری پێخۆشبوو، هەر زوو لەگەڵ ئەوانەدا کە پلەی خوێندنیان لە ئەستەنبوڵ تەواوکردبوو قوتابخانەیەکیان لە یەکێک لە ماڵەکاندا دامەزراند، قوتابیان ڕۆژانە دەچوون و وانەی جۆراوجۆریان دەخوێند، کاتێک لەبەر مزگەوتی گەورەدا وانەکانیان بۆ یەکتری باسدەکردەوە، نابیناکان پێدەکەنین و هەموو لەبەر پەیژەکەی مزگەوتدا باڵیان بە دیوارەکان دابۆوە، یەکێک لە تورکەکان بەو دیمەنە زۆر دلگران ببوو و ڕۆژێک بە لێپرسراوی شاری وت:

- ئەم قوتابخانەیە چییە دایاناوە؟! چۆن شتی وا دەبێت؟

- شێخ لەگەڵ سوڵتاندا پەیوەندی باشە.. هەقتان بەسەر ئەوەوە نەبێ و خەریکی فرمانی خۆتان بن.

منداڵەکانیش ئیدی شیعری شاعیرەکانیان لەبەرکردبوو و دەیانخوێندنەوە، هەر کەسێك گوێی لێدەگرتن تەزوو بە گیانیدا دەهات و لەناوەوە رکێکی ئەستووری بەرامبەر بە تورکەکان هەبوو.

-31-

رۆژانە لە رێی سەرەکییەوە هاتوچۆ دەکرا، ئەسپ و پیادە هێندە بەسەر پردە دارینەکەدا رەتببوون، دارەکانی لە کەڵك کەوتبوون و ولاخ بە نۆرە، یەکە یەکە پیایدا دەپەرینەوە، بارێك دەگەیشتە ئەوبەر و ولاخێکی تر دەچووە سەر پردەکە، شەوێك لەکاتی باران بارینێکی زۆردا،لافاو هەستاو پردەکە لە لایەکیەوە روخاو ئاو و قوڕاو دارەکانی راماڵی، عوسمانی لەگەڵ عەبدوڵلا پاشای باباندا گەیشتنە سەر چەمەکە و خەلکێکی زۆریان خڕ کردەوە. عەبدوڵلا پاشا وتی:

- دەبێت زوو چاك بکرێتەوە، ئاو زۆر بووە و رێی پەرینەوە نەماوە، هەرچی ئەو ولاخانەیە کە لە ئاوەکەیانداوە بارەکانیان تلیساونەتەوە، دەستوبردی لێبکەن تا رێیەکە بکرێتەوە.

داربرینەوە دەستی پێکردەوە، گوریسێکی درێژیان لەمبەرونەوبەری چەمەکە رایەڵ کرد و کەوتنە سنگ چەقاندن و دانانی کۆڵەکە و نیرگە، بەردیان لە شوێنی روخاوییەکە دانا و ئاوەکەیان بە ئاراستەیەکی تردا برد، هەر ئەو رۆژە........

دوو پیکاب لە چەکداری ئاسایش لای شۆستەکەوە لایاندا، چەکدارەکان دابەزین و لێی نزیك بوونەوە، پێناسیان لێ داواکرد و وتیان:

- وەرە لەگەڵماندا.

- بۆچی؟ خێرە !!

چەند پۆلیسێك بەرەو لای کیسە نایلۆنەکە چوون، کەوتنە پشکنینی ئەو دەوروبەرە.

- لەوێ دەیزانیت، بێ دەنگە دەنگ سەرکەوە و لەوێ پرسیاری خۆت بکە .

- هیچ بووە؟ نابێت بزانم بۆ دەمبەن! چی ڕوویداوە؟!!

بەپەلە سەریانخست و لە پشتی پیکابەکەوە ڕوانییەوە شەقامەکە، چەند شتێکی خێرا بە مێشکیدا ڕەتبوون و تێك ئاڵۆسکان، لە بنکەی پۆلیسخانەکە ناسایش دایانگرت و دوای چاوەڕوانییەك بردیانە ژوورێکەوە، ئەوانەی لە ژوورەکەدا بوون، لەبەر ڕۆشنایی گڵۆپێکی تەڵخدا کەوتنە تەماشاکردنی، هەستی کرد شتێکی گەورەی کردووە و پرسی:

- خێرە منتان هێناوەتە ئێرە؟

وێنەی ئەو کەسانەی لەسەر شۆستەکە تەماشایان کردبوون بەبەر چاویدا هەڵواسرانەوە..ئەوەی لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو، ڕووی کردە پۆلیسەکان و وتی:

- ئەمە چی کردووە؟

- قوربان ئەمە شەوانە تاوەکو درەنگ لەسەر شەقامەکەیە و لە شوێنێکدا دادەنیشێت، وتیان چاودێری دەکات و جێی مەترسییە.

سەرمەند بڕێك پێکەنی و وتی:

- وەك ئەو خەڵکە لەوێم، چاودێری چی دەکەم؟!

ئەوەی پشت مێزەکە هەستا و وتی:

- بەتەنیا؟! هەر لەوێ دەمێنیتەوە تا درەنگ چی دەکەیت؟

کەوتە قوولبوونەوە و دوایی درێژەی پێدا.

- دیارە نیازت وایە تی نێن تی بتەقێنیتەوە !

- ئیتر لەوێم، شـەقام شـەقامی هەموانـە و ئـازادم، لـە شـارەکەی خۆمدام و....

- ئاخر چی دەکەیت لەوێ؟ ماڵت نییە، حاڵت....

هەستی کرد پرسیارێکی زۆر بێ مانای لێ دەکات.

- ئەوخەڵکە چی دەکەن لەوێ منیش هەروا، بۆچی قەدەغەیە ! ئەی شەقام بۆچی کراوە؟

یەکێکیان خۆی بەنێو قسەکاندا کرد و وتی:

- قوریان بیرەی داناوە و دەخواتەوە !!

سەرۆکەکەیان برۆی بەرزکردەوە و وتی:

- جا لەوێدا؟ ئەوە شوێنی خواردنەوەیە !

- هیچی تێدا نییـە..بەبێدەنگی دانیشتووم و نەمهێشتووە کـەس بیبینێت، کەس نـازانێت ئـەو کیسـە نایلۆنـە چـی تێدایـە، ئاوەهـا کـە دەمبینیت چۆن تەماشام دەکەیت !

- ئەی کە کەس نازانێت ئەو کیسـە چی تێدایە تۆ پێمان بڵێ؟

بێدەنگی هەڵبژارد، ئەمە پرسیار نییە و خۆگێلکردنە، من پێموتووە بەبێدەنگی و یەکێک پێی ڕاگەیاند بیرە دەخۆمەوە، نازانم.. وتی:

- دەتوانیت لەوان بپرسیت، ئەوان دەیزانن چی تێدابووە.

یەکێکیان بەپەلە وتی:

- دوو قتوو بیرە، لیمۆ، ناوکە کولەکە....

- ئێستا زانیت؟!

- زانینی چی؟! چۆن لەوێ دەخوێتەوە ! چۆن شارەکە ناشیرین دەکەیت، کردوویەتی بە بار.

ئەوان پێکەنین و هەموو چوونە دەرەوە، لەسەری بەردەوام بوو.

- ئێمە هەڵمەتێکمان کردووە بۆ جوانترکردنی شارەکە و تۆش دەخوێتەوە ! بۆ ناچیت ئەو هەموو بار و یانەیە هەیە..لە ماڵەوە بخۆرەوە.

- حەز بە بارەکان ناکەم، بەڵام زیانم بۆ کەس نییە، وەك ئەوانە نیم لە ئوتمبێلدا دەخۆنەوە و بە هۆڕن لێدان و دەنگی گۆرانی بەرز و...دواییش خەڵك بکەن بەژێرەوە.

- ئوتمبێل جیایە و ئەوە ئەرکی سەر شانی پۆلیسی هاتوچۆیە، وەك سەر شۆستەکان کراوە نییە، ئەمە ناشیرینکردنی شەقامەکەیە.

- کام شەقامە!!دوو مانگە ئەو سەر شۆستەیە هەڵکەنراوە و خەڵکی بەسەر ئەو پیسی و گردۆلکەیەدا دێن و دەچن، ناشیرین و پیس و پۆخڵ بووە و کەسێك نییە ئاوڕی لێبداتەوە.گۆمێك دروستبووە و هەر ئەوە ماوە خەڵکی بە قولاپ ڕاوەماسی بکەن!

- ئەوە کاری ئەندازیار و قۆنتەراتچی و ئیشی تۆ نییە، بۆت نییە هیچ بڵێی.

تۆ ئەوە بڵێ، بۆت نییە هیچ بڵێیت و بێیت و بچیت و بژیت، ئەم ڕاستییە بڵێ، بڵێ ئیتر نامانەوێت کەس بەسەر شەقامەکانەوە پیاسەبکەن و کۆببنەوە و... نامانەوێت چارەتان ببینین، ئەوە هەر ئێوەن تاوانباریشمان دەکەن کە لەشاردا ماوینەتەوە و سروشتی بەعس و دیکتاتۆرەکانمان گرتووە،دەمانخەنە پاڵ تابووری پێنجەمەوە، بووینەتە

کەسێکی دڵشکاو و لەژێریشەوە لێمان دەترسن، تۆ ئەوە بڵێ وەك ئەوەی ئێمە لە خۆشگوزەرانی و... پێناسەکەی لێوەرگرتەوە، پێی وت:

- ئەی پێشتر بۆ نەتوت شوفێری ئەو لێپرسراوەم !، بەڵام با ئەمە روونەداتەوە، بۆ ناوی لێپرسراوەکەش باش نییە، ببەخشە و فەرموو دەتوانیت بڕۆیت.

لە بنکەکە چووە دەرەوە و بە بەردەم پیکابە وەستاوەکاندا هەنگاوی نا، یەکێك لەدواوە وتی:

- ئەوە چۆن بەریاندایت؟ بە واسیتە بوو؟ کێ تەلەفۆنی کرد !!

هەموو پرسیارەکانی لە هەوادا بێ وەڵام بۆ هێشتەوە و گەیشتەوە سەر شەقامەکە، لە بیرکردنەوەیدا شەقامەکە وتی:

- گوێیشی مەدەرێ، باش بوو کە پێت وت هێشتا شوفێری لێپرسراوەکەیت، بەڵام شتێکی تر، وەختێك چوویتە پشتی پیکابەکەوە، پاسەوانانی لێپرسراوەکە هاوەڵەکانت لەسەری گۆشەیەکدا تەماشایان دەکردیت !!

- ناڵێم حەز بەخۆشی کەس ناکەن !

- وایە.. سەرەتاتکێیان بوو، هەر ئەوانیش بوون بە ئاسایشیان راگەیاندبوو، وتیان خێرا بیگرن چونکە بۆ شتێك لەپاڵ ئەو درەختەوەیە، نیازی شتێکی خراپی هەیە و چەند رۆژێك لەمەوبەر بینیومانە لەگەڵ رەشتاڵەیەکدا قسەی کردووە، دیارە تیرۆریستە.

سەرمەند سەری راوەشاند و پێکەنی، وتی:

- قسەکەیان پێبڕیت.. نەیانهێشت چاککردنەوەی پردە دارینەکە تەواو بکەیت، من وامزانی لێپرسراوەکە ناردوونی تاوەکو لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکەن، بەڵام جیاوازی نییە، ئەوانیش بۆنی ئەوێیان گرتووە.

چوومە نزیکیانەوە،دەمویست ئاخاوتنەکەیان تۆمار بکەم ،بچمەوە سەر باسەکە و بەرەو گێرانەوەکە بکشێمەوە.بەدەست من بووایە چ شتێك زنجیرەی ڕووداوەکانم لێ نەپچڕێنێت،بەلام بە خواستی من نەبوو،جگە لە ئاگادارێك چیدیکە نەبووم.پێم باش بوو کە سەرمەند لە من بەپەرۆشتر بوو و دەیویست زووتر بگەڕێتەوە بۆ چاککردنەوەی پردە دارینەکە.

## -32-

پردە دارینەی نۆژەن پانوبۆرتر و تۆکمەتر بوو،لەشاریشدا خوێندن و کار و ژیان هەر بەو شێوەیە خایاندی و لەگەل تاریکبوونیشدا حکایەتخوانەکان چیرۆك و سەرگوزشتەی دێرینی شۆڕەسوار و قارەمان و ئەویندارانیان دەگێرایەوە، میوانەکانیش پێکەوە گوێیان لێدەگرتن و بەسۆزەوە چاوەڕێی تەواوبوونیان دەکرد، هەر شەوەی بەشێك لە مێژووی دێرین و پێشینە هەلدەدرایەوە، لە شاردا شیعر خوێندنەوە و نووسینی بەرهەمێکی پڕ بەهرەیی و زیرەکی و چاپووکی بوو..عوسمانی لەو شەوانەدا، ناوبەناو کەسانی دەناردنە ئەو شوێنانەی لێی خڕدەبوونەوە، وەختەبوو باج بخەنە سەر حکایەتخوانان و ترسی ئەوەیان هەبوو جموجۆلێك بەدەر لە خواست و بەرنامەیاندا پەیدا ببێ و لەپڕێکدا باروودۆخەکە بشێوێت، بەدوودلییەوە چاودێرییان دەکرد و بەوردی دەیانڕوانییە هاتوچۆی دانیشتوانی شارەکە.

شەوێکی ئەو زستانە بەفرێکی زۆر باری، بۆ سبەیش بەدەم کرێوەوە بە شلۆقەی باران و بەفرێك وچانێکی تری تێکرد و سەرلەبەری ڕێیەکانی تەنی..کاروان لە ڕێگا تەنراوەکانی دوور لە شار گیریان خواردبوو و نە

قافلە و ئەسپ سوار دەڕۆیشت و نە دەهات، ئازووقــە و دەغـڵ ودان لـە مالەکاندا بوون و ترسی ئەوەیان هەبوو کەم ببنەوە و بەفری ڕێگە نرخی شتومەك زیاد بکات و گرانـی دابێت. بەستەڵەك و بەفری دەشتوکێو زۆری خایاند و خەڵکی کەوتنە دەست گرتنەوە، دوای توانـەوەی بـەفر و بەستەڵەکەکە، لەبەری نێرانـەوە چ کـاروانێك نـەهات، دەنگێـك لـە بازارەکەدا بلاوبۆوە.

- سـوپای فـارس لەگەڵ عوسمانییـەکان لـە خـوارووەوە کەوتوونەتـە شـەڕەوە و سنووریان لەیـەك داخـستووە، کـاروان و ئازووقەیـەکی زۆر گیراون و ئەوەی بەرەو شاریش دێت تورك لای خۆی گلیدەداتەوە، لـەڕێی دەرەوەی شاردا دەیکڕن و کاروان لەوێوە دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

چەند کەسێك بەماڵـەوە شاریان جێهێشت و زۆرینـەی جوولەکـە خاوەن سامانەکان کەوتنە شاردنەوەی سەرمایەیەکیان، دەترسان تـورك بکاتە سەریان و بەزۆر لە چنگیان دەریهێنێ، کەوتبوونە چاڵ هەڵکـەندن لە پەنا دیواری ماڵەکانیاندا، بڕێکیـان شـەوان دەچوونـە گۆڕسـتانەکە و سامانەکەیان لە چاڵ دەنا، هەندێکیش لەوان زیـاتر بیریـان دەڕۆیشـت و دەچوونە ڕێیەکانی لێوار شار ئەوەیان دەکرد، دەیـانوت هـەر کـاتێك لـە شار ڕۆیشتین، ئەگـەر باریشمان بپشـکنرێن هیچمـان لێ نـاگرن، کـاتی پەشێوی دێن و مولکەکەمان لەم ڕێیانە دەردێنین و دەڕۆین.

چەکدار و ئەسـپ سوارێکی زۆر هـەر ئـەو ڕۆژانـە هاتنـە شارەوە و بەرەو سنوور بەڕێکەوتن، تورك دەستی کرد بە کۆکردنـەوەی پیتـاك بـۆ شـەڕ و دەچوونـە ئـەو ماڵانـەی دەغـڵ ودانیـان لـە چـاڵ نـابوو و بـە خاکەناسەوە دەکەوتنە دەرهێنانی، لــە ناسـراو و دەوڵەمـەندەکانی شار

لیرەیەکی زۆریان خڕکـردەوە و هـەرچی ئەوانـەی وڵاخیـان هـەبوو بـەرەو لەشکر کێشیان کردن... وتیان:

- کۆمـەك و پیتاکمـان دەوێت، فـارس شـەڕ دەفرۆشـێ و نـاهێڵێت کاروانی شتومەك بەم دیودا بێن، ئەمە پارێزگاریکردنی ناوچەکەیە، ئەم شارە ڕزگاردەکەین لە چنگی دوژمنانی فارس.

خەڵکی بێزاربوون، سەرەڕای گرانی خۆراکەکانیشیان لێ دەسەندن و پارە و وڵاخیشیان لە دەست دەبۆوە، بە ناڕەزاییەوە دەیانوت:

- بەرەو جەهەننەم، بـڕۆن و نەگەڕێنـەوە، هـەرچی ئازووقـە و بـاری شارانە لای خۆیان گلیانداوەتەوە،بە پـارەی خۆشـان هیچیـان لـە شـاردا نەهێشتەوە، شار لەچی ڕزگار دەکەن ژان و دەرم؟!

- بـەڵکو ئـەو شـەڕە کۆتـایی هـەردوو لا بێـت، یـەکتری ببڕنــەوە و دوژمنانی کورد تێدا بچن.

کەسـانێکی زۆریـان بـەرەو شـەڕ بـرد، ئەوانـەی کـە مابوونـەوە بەدزییەوە هاتوچۆیان دەکرد و خۆیان پیشان نەدەدا، ئیتر برسـێتیش لـە دەرگاکـانی دەدا و هەڕەشـەی دەکـرد. لەبـەری ڕۆژئاواشـەوە ناوبـەناو پێکداداان لەگـەڵ هـۆزی هەمـەوەندا ڕوویـدەدا، لەشـکری عوسمـانی پـەرتوبڵاو ببوونـەوە و لەشـاردا نـەدەبینران، ترسـی ئـەوەیان هـەبوو بەرەنگاربوونـەوەی دانیشـتوان ئاکـامێکی خراپـی هـەبێت، خۆیـان ون کردبوو و خەڵکیش بـەدەم برسـێتییەوە دەیانـاڵاند و زۆرینـە لـە ماڵـە شـێخان یارمـەتییان وەردەگـرت، دەوڵەمـەند و خـاوەن سـامانەکان بەدزییەوە شتیان بۆ ڕەوانـە دەکردن و شەڕیش درێژەی دەکێشـا و بـێ ڕەحمانە ترۆسکەی ژیانی کزکردبوو، لە مەیداندا کوشتاری لێدەکەوتـەوە

و له شاریشدا مەرگ کە برسێتی هۆکاری بوو...بارودۆخەکـە لەهـەمرو ڕوویەکەوه ئیتر تێکچووبوو.

## -33-

ناکامی شەڕ تەنها مـاڵوێرانکردنی کوردەکـانی هـەردوولا بـوو، بـه جووته کەوتبوونه لێدانی هێزەکانی شێخ عوبێدوڵلا لـه ئێراندا و تەنـها ڕێی سەرەوەیان بۆ هێشتبوونەوه، ئەو ڕێیەی بەرەو ڕوسیا درێژ دەبۆوه و بەرژەوەندییـەکانی هـەردووك وڵاتـی مسـۆگەر دەکـرد، لـه مزگـەوتدا وتیان:

- هەندێك له کوردەکـانی ئـەودیو بـەرەو ئـێره هـاتوون، دەڵێـن لـه هەردوو قۆڵەوه له عوبێدوڵلا دەدرێ و شەڕی نێوان خۆیان نییـه، ئـەوان پێکەوەن بـۆ لێدانـی بزوتنـەوەی کـورد، هـۆز و تیرەکـانی سـەر سـنوور بەرگرییان لێدەکەن، هەمەوەندی گەیشتوونەتە ئەوێش بۆ یاریدەیان.

بەشێکی سوپاکە نیوه شەوێك گەیشتنەوه ناو شـار و لـەبوولێڵدا لـه خوار سەراکەوه کۆمەڵیان لـه دەوری چەند ئـاگرێك کردبـوو، مەنجەڵی ڕەش و گەورەیان لەسەر ئاگربوون و چاوەڕێی خواردن بوون، لەناکاوێکدا خەڵکە برسییەکە وەك شێت ڕژانـه گۆڕەپانەکـەوه و جـەنگاوەرەکان ئەڵقەیان لـه ڕوویـاندا دروسـت کـرد، لێپرسـراوی ئـەو بەشـه فرمـانیدا ئازووقەیان بەسەردا دابەش بکرێ و وتی:

- ئێمه بەنیاز بووین لەگەڵ خۆرهـەڵاتندا ئـەوه بکـەین، ئـەم شـاره یارمەتییەکی باشی داوین و به پێتـاك و وڵاخـی خۆیـان هاوکـار بـوون، دەبێت وەفامان هەبێ و هـەقی ئـەو چاکەیـەیان بدەینـەوه. بڕێ شتیان دابەش کرد و لێپرساوی بەشەکە لەژێر لێوەوه وتی:

- ئەم هەموو گەنج و پیاوە چۆن لەشاردا ماونەتەوە ! هەموو پشتیان تێکردوویین و نەهاتوونەتە شەڕ و نەمانە هەڵاتوون و خۆیان دزیوەتەوە !!

هەرچی ئەوانەش بوون کە لە سەراکە مابوونەوە، لەکاتی هەتاوکەوتندا بۆ سوپای گەڕاوە قسەیان کرد.

- لە جەنگێکی سەختدا بووین، دەرگامان پێوەدابوو و نەماندەوێرا سەر ببەینە دەرەوە.

- مردوو زۆرن، شار حاڵی زۆر خراپە، ئەگەر چارەسەر نەکرێت بەرەنگار دەبنەوە، ئێمە سەرەتا وا خۆمان پیشاندان کە برسین و سوپا هیچی بۆ ئێمەش نەهێشتۆتەوە، هەندێکمان دەچوونە ماڵان و داوای یارمەتییان دەکرد، لەڕاستیشدا حاڵمان تەواو ناڵەبار و پەشێو ببوو.. وا ئێوە هاتوونەتەوە و دەزانن بڕە ئازووقەیەکتان پێیە، ئەگەر دابەش نەکرێ و کاروان نەگات لەو باوەڕەدام بەرەنگارمان بنەوە، شار تاقە مەڕ و بزنێکی تێدا نەماوە، نە ڕەشەوڵاخ و نە هیچ.

## -34-

لەشکری گەورەی دواتر هەموو گەڕانەوە و بەشاردا ڕەتبوون، دەیانزانی ناکرێت لە شاری برسیدا هەروا بێننەوە، لە لێواری ڕێدا ئازووقەیان جێهێشت و بۆ حەوانەوە لە قلیاسان لایاندا.. لەکاتی دابەشکردنی ئازووقەکەدا وتیان:

- فارسەکان بەرپرسی ئەو قاتوقڕی و نەهامەتییە بوون، ڕێی شتومەکیان گرتووە، بەلام وا ڕێگە دەکرێتەوە و هەر ئەم ڕۆژانە برسێتی نامێنێ، کوردەکانی ئێرانیش دەستیان لە برسێتیدا هەبووە.

تورکمان بەشاردا دەگەڕان و جاڕیان دەدا.

- وا کاروان بەڕێوەیە.. مرسڵ هەموو ئازووقە و خۆراك و کەلوپەلیان بەرەو ئێرە ناردووە، خۆڕاگر بن وا گەیشتن، دێن و دەگەنە هەموو جێیەك، بۆ شار و گوندەکانیش دەنێرن. .هۆو خەلکینە وا دەغڵ ودان دێت، وا دێن و سوڵتان یارمەتی ناردووە.

لەو ڕۆژانەدا، پیاوێکی پێخاوسی پەیدا ببوو و بەرپێیەکاندا هاتوچۆی دەکرد، بەپەلە هەنگاوی دەنا و ئاوڕی خێرای بە هەر چواردەوریدا دەدایەوە، بەدەم ڕێوە وەك ئەوەی تەنها بۆ خۆی بدوێ، دەیوت:

- نییە.. هیچ نییە هیچ، ئەوێ نییە، ئێرە نییە.

لە بازاڕەکەدا خەلکی سەرقاڵی داگرتنی بارەکان بوون، تەماشایان دەکرد و ئەویش بەردەوام دەیوت:

- باوەڕت بێت نییە، لەوێش نییە و لێرەش نییە.

وتیان:

- شێت بووە، ئەقڵی لەدەست دا، براکەیشی نەگەڕایەوە و تێداچوو، ئەمیش شێت نەبوایە دەمرد.

- ئێمەش لە لێواری شێتیدا بووین، هەموو شتێکمان بیرچۆوە.

-خەلفە ڕەحمان پێش مردنی، مانی لە خواردن گرتبوو، وتیان سوێندی خواردووە هیچ نەخوات، دوای ئەوەی خوشکەزایەکی مردووە هەرچییەکیان بۆ بردووە ڕەتیکردۆتەوە، وتوویەتی هیچ ناخۆم، خوشکەزام لەبرسا مرێ و منیش ئێستا شت بخۆم! نە نان نە ئاو، هیچ ناخۆم تا دەمرم.

کابرای شێت سەرلەنوێ گەڕایەوە، یەکێك بانگی کرد و شتێکی بۆ درێژ کرد.

- وەرە هەیە، وەرە عوسمان ها بگرە.

## -35-

هەوری هەڵپە ئاسمانی شاری گرتبوو، ئەوەی بەسەریان هاتبوو بیریان نەدەچۆوە، ناڕەزاییش بەردەوام بەرزدەبۆوە و سکاڵایان لە دەست باج وەرگرتن گەیشتەوە بەردەم تورکەکان، دەنگی چەند ناسراوێك لەبازاڕدا دەهاتنە بەر گوێ، کەسانی ناودار و لە خواترس و دەوڵەمەندەکان کۆبوونەوە و لە بڕیاریاندا گەیشتنە لای قایقام، داوایان خستە پێش دەستیان: دەبێت عوسمانی دەست لە بازاڕ بکێشێتەوە، خەڵك هێشتاکە برسین و پاش ئەو مەینەتییە نابێت عوسمانیەکان باج وەربگرن.. نرخی شتەکان زۆر بەرزبوونەتەوە و خەڵکی لەبەرامبەریدا دەست کورتن، ئەگەر تورك ئاوڕ لەم داواکارییە نەداتەوە و بەزووترین کات وڵاخەکامان بۆ نەگەڕێنێتەوە ئەوا ئێمەش بە ئەرکی سەرشانمان هەڵدەستین.

تورك هیچ گوێی بەو داواکاریانە نەدا و لەشەوێکدا دوو ژەندرمەیان کوشت، بە چەقۆ لێیاندان و تفەنگەکانیان بردن، سبەی تورکەکان کەوتنە گرتنی چەند کەسێك و وتیان:

- کوشتنی دوو ژاندارمی عوسمانی بەمانای یاخیبوون و وەك هێزە کوردییەکانی تر تەماشا دەکرێن، ئەگەر بکوژانی ئەوانە ئاشکرا نەکرێن تۆڵە لە گیراوەکانیان دەکەینەوە.

سەرلەنیوەڕۆ لە بڵندگۆی مزگەوتی حاجی حانەوە وەڵامی هەڕەشەی تورکەکان درایەوە، مەلایەك لە مزگەوتدا بەئاشکرا وتی:

- تورك باش دەزانن کە ئەو کارە دەستی دانیشتوانی شارەکەی تێدا نییە و هەرگیز ئەوەی نەکردووە، تەنانەت لەکاتی برسێتیەکەشدا کە شار سوپا و سەربازی تێدا نەماوە، نەچوونەتە سەر ئەو پاسەوانانەی سەرا.. ئەمە هەرگیز کاری شارەکە نییە و پێویستە بەزووترین کات گیراوەکان بەرەڵا بکەن، واز لە باج سەندن بهێنن ئەگەر خۆیان بە موسڵمان دەزانن، ئەم کارەی تورك بە هیچ شێوەیەك ڕەفتاری ئیسلامەتی پێوە نییە و پێویستە وەك شارەکانی تر تەماشای سلێمانی بکەن، بە چاوێکی یەکسانیش بروانە هاوڵاتیانمان.

چوون و ئەوانیشیان دەستبەسەر کرد، لەناویاندا مەلایەکیش هەبوو کە تورك لەمێژ بوو چاوەڕێی هەلێکی دەکرد دەستگیری بکات، شەڕ ئەو هەلەی لەکیس دابوو و ئێستا بیریان لێدەکردەوە، ئەویش مەلا مەحوی شاعیر بوو کە پێش ماوەیەك خانەقایەکی دانابوو، تورك وڵاخەکانی گەڕاندەوە، بەڵام باجی وەکو خۆی هێشتەوە، هەندێك لە گیراوەکانی بەردان و چوار کەسی لای خۆی هێشتەوە، مەحوی و مەلای حاجی حان لەگەڵ دوو کەسی تردا پاش چەند ڕۆژێك ڕەوانەی بەغدایان کردن و ژەندرمەیان بەشاردا بڵاوکردەوە.

لەبەری سەردەوەشدا، کلدانییەك ئاشێکی تری دانابوو و بە هەرزانتر دەغڵ ودانی دەهاڕی، ئەوانەی دەچوونە ئاشەکە، دوای باسکردنی گیراو و دوورخراوەکان، وتیان:

- ئەو گرانییەی بینیمان دوژمن نەیبینێ، پیشە و کاری هەمەجۆری پێش شەڕەکە زۆربەی جوتیار و سەپانی لە کێڵگەکاندا نەهێشتبوون و بەردو بازاڕ رایکێشان، ئەگەر زەویوزار لەژێر دەستماندا دەرنەهێنرانایە وامان لێ نەدەهات.

## -36-

سەرلە ئێوارە بوو، لەدوورەوە هارەڵەکەی بینی، ڕوخساریان گەشایەوە و سەرمەند وتی:

- ئەوە چۆنییە ! دەڵێی ڕێتان هەڵە کردووە؟!

کوردۆی هاوەڵی وتی:

- تەواو، ئەم ماوەیە ئیتر دەمبینیت، منیش تەواو!

بەڕێگەکەدا ڕۆیشتن و سەرمەند پێی وت:

- تێناگەم لیانی چی تەواو !!

- منیش وازم هێنا.. ئەوە دوو ڕۆژە لەوێ نەماوم و بێزاربووم، بەبیانووی خوێندنەوە سویچەکەم دانایەوە، بەڕاستیش نیازمە بخوێنم، با پێکەوە بخوێنین، دەڵێی چی؟، ماستەر دەخوێنین.

سەرمەند سەری ڕاوەشاند و بەسستییەکەوە وتی:

- دوای چی! ڕۆژگار وای کردووە بێ ئیش و بێ کار بسوڕێینەوە، ئەم هەمو ساڵە خوێندمان و بڕوانامەش ناوری لێ نادرێتەوە، لێرە زانست تەنها بۆ موچە وەرگرتنە و هیچی تر.

- ئێمە دەرچووی کۆلیژین، لە کۆیە بەشی دەروونناسی کراوەتەوە، وەرە دەڕۆین و لەوێ ماستەر دەخوێنین، سبەی سەرێك دەدەم و پرسیار دەکەم، ئەگەر نەخوێنم ئیشی تەکسی دەکەم، باشتر نییە؟!

- زۆر باشترە.. لێرە بڕوانامە تەنها بۆ کردنەوەی جێگەی خۆتە، پیشاندانی هێزە بەرامبەر دەرەوەی خۆت نەك پێداویستی و بەرەودان، زانست پوولێك ناکات لای خەلکی !!

- دەزانی چی، ئەو ڕۆژە داوەت کراین، لێپرسراوێك داوەتی بۆ کردبووین لە سەرچنار، ئێمەش دەبوو ئێوارە بڕۆیشتینایە، وەزیر و جێگر هەموو لەوێ بوون و ئێمەش هیچ، چووینە لای و وتمان وا دەنگە و ئێستا چاوەڕوانمانن.. وتی ناڕۆین، نە من دەڕۆم نە ئێوەش، هەر کەسە بەلای ئیشی خۆیەوە بڕوات دەی.. لەدەرەوە پاسگرەکان پەست ببوون، کوفریان دەکرد و وتیان دەڕۆین، دوایی پاشگەزبوونەوە و ئێوارە ناچار سوکە خواردنێکمان دروست کرد، کەوتنە پرتەوبۆڵە و وتیان ئێمەش لە هەڵبژاردندا دەنگ نادەین، دەچین و کاغەزەکان بەسپێتی تێدەکەین، وەرە خواردنێکە پێمان ڕەوا نابینن !

قەیرێك پێکەنین و دوایی وتی:

- دەڵێی چی.. بیرێکی لێ بکەرەوە، سەرت لێدەدەمەوە، ئەگەر خوێندیشمان پێکەوە دەچینە کۆیە و ڕۆژانی بەسەرچوو دەهێنینەوە، وەکو سالانی زوو.

لە ناوی کۆیەدا. شەڕی عوسمانی و ئەحمەد پاشای بیرکەوتەوە، لە گوێدا گرمەی تۆپەکانی مامەیارە زرینگانەوە، هاتەوە بۆ سەر شەقامەکە و لە دووکەڵی جگەرەکەی کوردۆدا دووکەڵێکی سپی و تۆپەڵی بینی، لەسەر کێو و بنارەکانەوە هەڵدەستان و گوللە تۆپیش بێوچان دەتەقین.. زرمەیان لە بنار هەڵدەستان و چەکدارێکی زۆر هەڵدەهاتن لێی.

## -37-

دەمێك بوو مەحوی شاعیر گەڕابۆوە و لە خوارووی شارەوە خانەقاکەی کردبۆوە، خەڵك دەچوونە ئەوێ و پاش ماوەیەك ئەوەیان بۆ

ڕوونبۆوە کەپاش بردنیان بۆ بەغدا، چووەتە حەج و لە گەڕانەوەیدا سەردانی ئەستەنبوولی کردووە، چاوی بە سولتان کەوتووە و ئەویش ڕێزێکی زۆری لێناوە، پشتگیریشی کردووە خانەقا دابمەزرێنێ و کەس ڕێی لێ نەگرێت.

بارودۆخ ڕووی لە باشی دەکرد.. ئەوانەی خوێندنی باڵایان لە ئەستەنبوول بەدەست هێنابوو، گەڕابوونەوە شار و چووبوونە لای شێخ سەعید، پاشان داوایان ڕوویەڕووی تورکەکان کردبۆوە، تورك ئەگەرچی پێویستی بەو توانایانە زۆر بوو، وەلێ لەسەرێکی تریشەوە ئەو شانازییەی بۆ خۆی دەگەڕاندەوە، بوونی قوتابخانەیەکی وەك ڕوشدییەی مولکی وای لە تورك کردبوو لەبری برەودان بە وانەی نوێ و گەورەکردنی ئەو قوتابخانەیە، بەلایەکی تردا داواکەیان بەرێ و هەم بۆ سوودی خۆیشی کارەکە بەئەنجام بگەیەنێ، بڕیاریاندا بە دامەزراندنی قوتابخانەیەکی سەربازی و بەر لە بنیاتنانی ناویان نا ڕوشدییەی سەربازی و کەوتنە کۆکردنەوەی پیتاك، پێنج سەد لیرەیان بۆ کۆکردەوە. شوێنێکیان دەستنیشان کرد و وەستا و شاگردیان هەموو بانگ کرد، کوورەکانی قلیاسان کەوتنەوە سوورکردنەوەی خشت و گردە گڕوێ و کانی بەردینەش بە دەنگە دەنگی بەرد هەلکەندن و کەرەسە و غەلبە غەلبی کرێکارەکان جمەیان دەهات، پیشەی نوێ و هەمە چەشنیش لە شوێنە دوورەکانەوە شارەزایانی خستە سەر ڕێی شار و کوڕوکاڵیان لەدەوری خۆیان گردکردەوە، پیشەی ئاسنگەران لە هەموویان کزتر و لە هەموانیش بەناوبانگتربوو، چونکە تەنها بەناوەکەیدا خەلکی هەمیشە ناوی کاوەی ئاسنگەریان بیردەهاتەوە و چەکوشێکی ئامادە لە

مێشکیاندا وێنەکەی گەورە دەبێتەوە. دوای تەواوبوونی بینای قوتابخانەکە، تورک لەپێش سەرادا وەك مەراسیمێك وتیان:

- ئەم قوتابخانەیە دەبێتە جێگەی مەشق پێکردن و خوێندن و زانیاری سەربازی بەخشین بۆ قوتابیان، پلەی زانستی باوەڕپێکراوی تیادا وەردەگیرێ و پاشان دەرچووەکان بۆ تەواوکردنی خوێندنیان ڕەوانەی ئەستەنبوڵ دەکرێن، هەر لەم ڕۆژانەدا دەست دەکەین بە ناو نووسین.

تورك لەوەدا پاراستن و بەرژەوەندییەکانی خۆی لەپێش چاوبوو و خوێندکارەکانیش بەرگریکردن لەخاك و زێدی باووباپیرانیان.

بە دەستهێنانی پلەوپایە جێی شانازی و سەربەرزی بوو و هەموو بەگوڕ بوون بۆی، خەلکی هانیان دەدان و ڕۆژێکی گەش بەسەر پێلوویانەوە بوو.

## -38-

گەرمای هاوین لەپاش کەوتنی گەلاریژەوە وەك پیشەی بەردەوامی خۆی شاری بەرەو فێنکبوون دەبرد، بەردەم مزگەوتی گەورە لەو بەیانییەدا ئاپۆرەیەکی ئەوتۆ بوو، ولاخێکی زۆر ڕیزیان بەستبوو و بارێکی باشیان لێنرابوون، لەنێو قەرەباڵغی خەلکەکەدا چەند کەسێك لە دەرکی مزگەوت وەدەرکەوتن، بڕێك وەستان و هەریەکەی شتێکی وت:

- ئێوە خوا دەکات بە سەلامەتی و لەشساغی دەڕۆن، ولاخ چییە! خێرو بەرەکەت بهێننەوە.

- ئیش و کاری زۆرم بەسەردا نەکەوتایە دەهاتم، ئێوە با بگەڕێنەوە جارێ، ساڵێکی تر.

- ولاخم هەبووایە دەڕۆیشتم. سلەجیاتی بـار سـواری دەبـوم و لەگەڵیاندا ئەو سەفەرەم دەکرد.

- حەجێکی خۆش،بەخۆشی بڕۆن و بێنەوە.ڕەنگی ئاسمان ئەمڕۆ زۆر گەشاوەیە،پەیامێکی پیرۆزە و ولاخەکانیش پیرۆزبوون مادەم دەچنە سەر ئەو ڕێیە.

- یاڵلا ڕێیان بەردەن، منالینە دوورکەونەوە وا ولاخ دێن.

پۆلی حەجاج بەڕێکەوت، پێ بەپێیان ڕۆیشتن و بـۆ بـەڕێکردنیان لـە شـار بـەرەوخوار بوونـەوە، لەسـەر ڕێگەکـە خەلکەکـە وەسـتابوون و مالئاوایـیان لێکردن، شێخ سەعید لەگەڵیاندا بوو و ناوبەناو دەیوت:

- هیچتان بیرنەچووە!، وا دەگەڕێمەوە، ئەم نەختـەش دێم، تـا ئـەو لایە دێم و....

چوارەم ئەسپ شێخ سـەعیدی هەلگرتبوو، کابرای ڕوخسار شیرین بـە وانی تری وت:

- شێخ دێت.. ئەو بەگالتەوە ئەوە دەڵێت بزانێت چی دەکەن دواتر.

- بەڕاست یا شێخ ناگەڕێتەوە!!

هەموو کەوتنە پێکەنین، ڕوخسار شیرین ئاوڕی بۆ دانەوە و وتی:

- ئەگەر شێخ نەبووایە ئێمە نەدەڕۆیشـتین، تـۆ بلێـی ئەمشـەو ڕای گۆڕیـبێ!! ئێـوە گرفتەکـەتان ئەوەیـە زوو بـڕوا دەهێنـن، زوو هەلدەخەلەتێن، ئێستا پێتان بلێن ئەمەی بەسەر پشتیەوەین ئێسترە و ئەوانەی پاشەوە ئەسپن باریان لێنراوە دەستبەجێ دەلێن وایە و دەکێشن بە گەردنتانا، چاوکراوە بن، ئـەم ڕێیـە هـەموو شـتێکی تێدایـە، پیـاو دەبێت لە هەموو شوێنێک بیری بەکاربهێنێت.

ڕوخسار شیرین کە لە دوای شێخ سەعیدەوە بەسەر ئەسپەکەوە بوو، تۆفیق بەگی شاعیر بوو، ناسراو بە پیرەمێردی لێزان و بیرفراوان و بزەیەك بەردەوام لەسەر ڕوخساری بوو. دەمەو نیوەڕۆ، پاش ڕۆیشتنی ئەوان خەلکەکە هەستیان بە چۆلبوونی شارەکە کرد و تاوەکو پاشنیوەڕۆ، بێدەنگی باڵەکانی تەواوێ کێشا.

## -39-

دەغلّ ودان و بەروبوومی کێڵگەکان کەم ببوونەوە، جوتیار و پالـە و سەپان گەرموگوڕییان نەمابوو و هەموو سکاڵایان لە ئیشەکەیان هەبوو، ئەو هەموزە ماندوو دەبوون و لەناکامیشدا هیچیان بۆ نەدەمایەوە، باجدان تەواوێ دلساردی کردبوون و دەنگی نارەزایی بەرزببۆوە. تورك دوای ئەوەی زانی بە داگیرکردنی زەوییەکان پەشێوی دروستکردووە، بیریان لەوە کردەوە هەموو زەوییەکان بە کرێ بدەن، هەم ئیش و کار زۆربێ و بەرهەم ڕوو بکاتە شوێنەکانیتر و هەم خۆیشیان سوودمەند بن، وتیان:

- بە بڕیاری والی زەوییەکان بە کرێ دەدرێن،هەر کەسێك دەیەوێت لەم لزمەیەدا بەشدار بێت، پارە بدا و بە کرێیان بگرێت، باجدان تەنها لە ناردنە دەرەوەی بەروبوومدا دەمێنێتەوە، کێ لە توانایدایە بێت و خۆی ناونووس بکات.

بنەماڵەی شێخان زەوییەکی زۆریان بە کرێ گرت و سەپان و جوتیاریان خستنە سەر، شێخ سەعید برێکی زۆری لەو زەویانە وەرگرتبوو و بەردەرگای قەرەباڵغ بوو، ئیدی لە شارەکەدا پرس وڕا بەو دەکرا و هەموو لە دەوری خڕببوونەوە..دواتر چەند زەوییەکیان

بەتایبەتی کرێنەوە.بەروبووم لەزیادبووندا بوو و بەرەو شارەکان و گوندەکانی تر بەرێ دەکران...ڕۆژێک کاروانێک گەڕانەوە و ئەوەیان ڕاگەیاند کە هۆزەکان باریان لێگرتوون و تالانیان کردوون ،هەر کاروانچییەک بەو ڕێیەدا ڕەتببێ ڕووت دەکرێتەوە و ولاخەکانیشی لێ زەوت دەکرێن.

شێخ سەعید تەواو پەست ببوو..بە پیاوەکانی وت:

- هەمەوەند واز ناهێنن، ئەوان لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ توورکدا ئەوە بکەن دێن و لەگەڵ کوردەکەدا دەیکەن، ئەمە زیانی ئێمەی تێدایە و هەرگیز قبوڵ ناکرێت.

لەشکری توورک ڕۆیشتن و پاش چەند ڕۆژێک وتیان:

- با کاروانچییان تفەنگ لەگەڵ خۆیاندا بەرن و، دز و ڕێگر هەر هەن و ئەوە کاری هۆزەکانی تر نییە.. تالانچی هەر هەبوون و با خۆیان پارێزگاری کاروانی خۆیان بکەن.

کاروان بەتەرزی پێشوو گەڕانەوە و چوونە لای شێخ سەعید، وتیان:

- لەبەر هەمەوەند کەس ناوێرێت بپەڕێتەوە، ئەوەی لەوێوە دەڕوات ڕووتی دەکەنەوە و بە دوو چەکدار هەروا بە ئاسانی پارێزگاری ناکرێت، دەشمانکوژن ئەوە بکەین.

- هێزێکی زۆرە و ڕێیەکانیان گرتوون، توورکیش پشتی تێکردووین و ڕەنگە لەژێریشەوە حەز بە دووبەرەکیمان بکەن، کێ نالێ هەمەوەند هان نەدراون !! هەندێک دەڵێن ئینگلیز پەیوەندی باشە لەگەڵیاندا، بەڵام هەمووی لە بنی سەری عوسمانییەوەیە.

بنەماڵەی شێخان چەکدارێکی زۆریان ئامادە کرد و لە شار چوونە دەرەوە، شەڕ و پێکدادان ڕوویدا و داوای یارمەتیان لە توورک کرد...

ئیتر ناوبەناو ئەو شەڕە سەری هەڵدەدا و لەپڕێکدا دەکوژایەوە. ڕۆژێك هەمەوەند بەتەواوی ئابلوقەی شاریان دا و نەیانهێشت چۆلەکەیەك سنوور ببڕێت، تورك وتی:

- ئێوە لەگەڵ ئێمەدا بن و چەکدارێکی باش گردبکەنەوە، کەی لە موسڵەوە هێز بەڕێکەوتن، لە هەردوو لاوە لێیان دەدەین، ئێستا زانیتان هەمەوەند هەموو چەتە و ڕێگرن، بەهیچ شێوەیەك ڕێیان مەدەن بچنە بن کلێشەی هۆز و تیرەکانی‌ترەوە، دوژمنی هەردوو لامان وا بە ئاشکرا خۆی دەرخستووە، هەمەوەند بە خوێنی ئێوە تینوون، ئەوان ناتوانن پەلاماری لەشکری ئێمە بدەن و کاروان و ڕێبواری ئێوە دەبڕن، ئامادە بن بۆ لێدانیان.

شەڕ گەرم ببوو و پاشەکشەیان بە هەمەوەند کرد، ئیتر شێخان ناوبانگیان پەیدا کرد و ڕۆژانە تورکەکان لەگەڵیاندا هاتوچۆیان بوو...ئەگەرچی شێخان زەرەروزیانێکی زۆریان وەبەر کەوتبوو، بەلام دەسەلاتیان بۆ گەڕابۆوە و ڕۆژ بەڕۆژ دیوەخانیان گەرمتر دەبوون.

## -40-

دەرچووانی قوتابخانەی ڕوشدییەی سەربازی لە ئەستەنبوڵەوە گەڕابوونەوە، تورك بۆنەوەی بەردەوامی ببەخشێتە خوێندن، بیری بۆ دوور دەڕۆیشت، دەیانویست هەموو ئەو ئەفسەرانە بە ڕاوێژی کەسێك بجووڵێنەوە کە متمانەیان پێی هەبێ و سەبارەت بەوانیش خۆشەویست بێت، نەك لەپڕێکدا دەستەیەك پێکبهێنێ و جموجۆڵێکی دژ بەڕیا بکەن، چوونە لای شێخ سەعید و هەموو ئەوەیان لەگەڵدا باس کرد، پاشان وتیان:

- نامەیەك لە سوڵتانەوە گەیشتۆتە والی، سڵاوی تایبەتییان هەیە بۆ ئێوە و تیایدا نووسیویەتی دەمەوێ بێنە لام بۆ ئەستەنبوڵ چاوم پێتان بکەوێت، ڕەنگە لە شەڕی دواییدا ناوبانگی ئێوەی پێگەیشتبێت، کەسانی ئازاو قارەمانی زۆر لا گەورەن، ئەو وەك چۆن پەیوەندییان لەگەڵ کاك ئەحمەدی شێخدا پێ خۆشبوو، هەروا دەیانەوێت ببنە دۆستی نوێ و سەردانی بکەن.دەیانەوێت ئەو پەیوەندییە نەپچڕێت.

لە بازاڕەکەدا ئەو سەردانە دەنگیدایەوە، وتیان:

- سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ خۆی نامەی بۆ ناردووە، دەڵێت خۆت و کوڕەکانت وەرنە ئەستەمبوڵ و لە ماڵەکەی خۆمدا بێننەوە، حەز بە بینینتان دەکەم، ڕاگرتنی ئارامی ناوچەکە دڵخۆشی کردووم و کاروباری شارەکەتانم زۆر پێ باشە، زوو بگەنە لام و دەمەوێت چاوم بە ئێوە بکەوێت.

- لە ماڵەکەی خۆی؟! ئەوەیە پێشوازی!

ئەمە لەنێو خەلکدا باس دەکرا..شتی دیکەیشیان بۆ زیاد دەکرد و هەر کەسەی بەچەشنێك ناوەڕۆکی نامەکەی بۆ کەسانی تر باس دەکرد، دەترت نامەکە گەیشتۆتە ناو دەستیان و بە کوردییەکی ڕەوان نووسراوە، پاش چەند ڕۆژێك یەکێك وتی:

- وا دەڕۆن...پیاوماقوڵان و بازرگانەکانیشیان بانگ کردوون و دەڵێن زێوەری شاعیریش دەڕوات، شێخ مەحمودی کوڕی پێی وتووە، وتوویەتی تۆ لەگەڵماندا نەبیت منیش ناڕۆم، چەکدارێکی زۆر لەگەڵ خۆشیاندا دەبەن.

خەلکەکە سەرلەنوێ، وەك پیشەی بەردەوامیان، کەوتنەوە بەڕێکردنیان.

## -41-

چەخماخسازەکان نزیکەی سەدوپەنجا دەمانچە و تفەنگیان لە جۆری یانزەتیر و برنەو و تاپڕ و تفەنگی حسکە و شەش ناگرەیان دروست کردبوو، فیشەک و تەقەمەنییەکی زۆریشیان کەڵەکە کردبوو و دەیانفرۆشت، ڕۆژانە ئەسپ سوار و ڕاوکەران لە دەشت ودەری شاردا دەسوڕانەوە، هەر فیشەک بوون دەتەقین و تفەنگ تاقیدەکرایەوە، ڕاوشکار پیشەی تفەنگچییەکان بوو و تورکیش هەندێک جار هاوشانیان دەبوون، ئەو ڕۆژەی شێخ سەعید و پیاوانی گەڕانەوە، خەڵکێکی زۆر بۆ پێشوازییان لەسەر ڕێگەکە چاوەڕێبوون، لەگەڵ گەیشتنیاندا، لە شاردا ئەم قسانە کەوتنە سەر زاری خەڵکی:

- وەختێ چوونەتە دیدەنی سوڵتان عەبدولحەمید، بەوپەڕی ڕێزەوە میوانداری کراون و لەماڵی خۆی دایناون.

- دەڵێن شێخ مەحمود پلەیەکی زۆر بەرزی بەدەست هێناوە، پایەی مارشاڵی داوەتێ، مارشاڵ !! شەرەفێکی زۆر و پلەیەکی شایستە.

لەنێو بازاڕەکەدا چەخماخسازەکان کەوتنە قسەکردن.

- دەمانچە و تفەنگ و تەقەمەنی ئێرەیان بردووە و پیشانیان داون، زۆریان بەدڵ بووە، وتوویانە ئەمانە لای ئێمە بوونایە مەدالیایان وەردەگرت.. دەبوونە بەرپرسیاری سوپا و گەورەتریش.

- ئەی ئەوان لێرە نین لەبۆ لێرە ناماندەنێ؟! بۆ لێرە نامانکەنە هیچ و موچەمان بۆ نابڕنەوە !

لە بەرامبەر یەکترییەوە وەلامی یەکدییان دەدایەوە.

- یانزە تیر و برنەو و قپاقلی، وتوویانە زۆر بە باشی دروستکراون، ڕەنگە بنێرن بەدواماندا.

- دوای ئەو هەموو ساڵە، ئیتر وا بۆ یەکەمجارە لە دوای میرنشینی بابانەکانەوە کورد پلەوپایەی گەورەی بدرێتێ و ببێتە نوێنەری ڕاستەقینە.

- ئەمە سەرەتای حوکمڕانیمانە دوای نزیکەی پەنجا ساڵ، حوکم دێتەوە دەست خۆمان.

کابرایەك قسەکەی پێ بڕین و وتی:

- پلەی چی؟! خوا دەزانێت لەسەر چی ڕێککەوتوون ! ئەمانە هەرگیز نەوەی شێخ مارف و کاك ئەحمەدی شێخ نین، هەر بیر لەخۆیان دەکەنەوە، ئەوەتا تورك لزمەی زەوییەکانی کردووە، کەچی بنەماڵەی شێخان باجیان زۆرترە، لە جاران زۆرترە !! کە باج بێنێ، ئەم وەربیگرێ یان ئەو جیاوازی نییە .ناخۆشی هەمیشە لەوەدایە گورزی گەورە لە خۆمان لێمان بدرێت.

وتیان :

- ئێوەش فەرمەسۆنن، دیارە هەمەوەندین !

وتی:

- خەڵکی ڕەش و ڕووت ناوڕیان لێنادرێتەوە، بەشی ئەوان لە هەموو زەمانێکدا خوراوە.

- بابە وا مەڵێ، ئێمە دڵێکمان بەشێخان خۆشە، کەواتە گلەیی لە تورك نەکەین ئیتر !

سەردانی ماڵی شێخ ڕێی خەڵکی ناسراو و بەناوبانگ بوو، خەڵکە سادەکەش دەچوونە لایان و لەوانیش زیاتر دڵخۆش و شادمان بوون،

هیوایان بە سبەینێی پرشنگدار ئەستوورتر دەبوو.دوای چەند ڕۆژێك ئەوە بڵاوبۆوە کە سوڵتان تەلەگرافێکی داوەتە شێخ و پێی ڕاگەیاندووە لە کاتی پێویستدا دەتوانێت بەکاری بهێنێ و هەر شتێکی پێویست بێت دەتوانێت پەیوەندی پێوە بکات و بەو بێ تەلە قسە لەگەڵ یەکدا بکەن، ئەو هەواڵەش هێندەیتر گەشتەکەی لای خەڵکی گرنگتر کرد و بە گۆرانێکی ئێجگار گەورەیان لە قەڵەم دەدا،بێ تەل ببووە جێی قسەی خەڵکی و تەنانەت منداڵانیش کە یەکیان دەبینی و کۆدەبوونەوە باسی ئەو بێ تەلەیان دەکرد و خەونیان پێوە دەبینی و هەریەکەی بە شتێك دەهاتە بەر چاوی و ئەو شتەش هەرگیز نەدەهاتە پێش چاوان.

## -42-

تفەنگ زۆربوو و ئیتر بۆ بازرگانیکردنی ڕەوانەی تورکیا و ئێرانیش دەکران، جگە لە پیاوانی شێخان، هەر ڕاوچی و نیشانچی بەکاریاندەهێنان، هەشبوون دەیانکڕی و بۆ پاراستنی ماڵی خۆیان هێشتبوویانەوە.. تیاشیاندا بوو دەیکڕی و بیری بۆ ڕۆژی ڕەش دەچوو.ئەو ڕۆژە ڕەشەی هەر لە زووەوە ئاسمانی ئەم شارەی تەنیووە و لەهەموو ڕۆژگارێکدا قوتدەبێتەوە و لە داهاتوویەکی نەزانراوەوە هەڕەشە لە بوونی ئەمڕۆ دەکات.

دەنگی تفەنگ سەراپای شارەکەی گرتبۆوە، لە پەڕێکەوە بۆ لایەکی دی دەڕژیشت و شەپۆلی دەدا، لەسەرێکەوە پەیدا دەبوو و لەدوورەوە وەڵامی دەدرایەوە، تەقەکان ڕوویان کردە بەردەرکی سەرا و لە بەری خانی عەجەمەکانەوە ئەسپ سوارێکی زۆر غاریاندا، گەیشتنە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە و کەوتنە تەقەکردن لەگەڵ ژەندرمەکاندا، چەند

ئەسپ سوارێك بەرکەوتن و لەسەر ئەسپ بەربوونـەوە..تـورك بـە قەمـە کەوتنە سەر لاشەیان و دەستیان کرد بە بوق لێدان، هێنـدەی نـەخایاند سـوپایەکی گـەورە لـە هـەر چوارلاوە رژانـە ئـەو دەوروبـەرە و کەوتنـە تەقـەکردنێکی زۆری سـەراکە، پاشـان چوونـە سـەربانی سـەراکە و دوا تەقەیانکرد بەئاسماندا، خەلکێکی زۆر دابارینە ئەویّ و هەموو دلّخـۆش بوون، هەموو روانیانە سەراکە و ئەم لای خۆیەوە بەرچاوی گیرا، بەنێو قەرەبالّغییەکەدا جێی خۆی دەکـردەوە و گوێیشـی لـە بوقەکە بـوو کـە بێوچان لێدەدرا، بـە دەست قۆلّـی خەلکەکـەی لابـرد و هێنـدەی زانـی خەبەری بۆوە، کەوتە لابردنی مێشەکان لەسەر روخسـاری و روانیـە لای بارکی، ئەویش پێی وت:

- هەستە، دەمێکە خەوتوویت.. دەی وەرە نان دەخۆین.

لەژێر سێبەری کەپرەکەوە خۆی راست کردەوە و بیری لـە خەونەکـەی کردەوە، تـاوەکو لـە خواردنەکـەش تـەواو بـوو هـەر بیری لیّ کـردەوە و لەپێش چاویدا بوو. کورەکە لەبەرخۆیەوە پێدەکەنی و دەگەشایەوە.

پاشـنیوەرۆ کێلگەکـەیان جێهێشـت و بـەرەو شـار گەرانـەوە، شـار شلّەژابوو، دەردی رشانەوە بەسـەر دەمی خەلکەوە بـوو، منـالّ و گـەورە تووشی ببوون و هەموو ترسیان لێنیشتبوو. چەند رۆژێـك دواتـر، چـەند کەسێکی کوشت و داواکاری رووبەرووی تورك بۆوە، ئـەوانیش جگـە لـە دەرمانی کەنین چیتریان نەبوو، دابەشیانکرد و خەلکەکە وتیان:

- سودی نییە، ئەم دەرمانە بۆ لەرزوتاش دەمـاندەنیّ و بـۆ هـەموو شتێکیش، چوونە بەردەم مالّی شـێخان لـە هـەمووی باشـترە..بزانـین چ حەکیم و پزیشکێك بهێنن و رزگارمان بێت.

لە مزگەوتەکانەوە جاردرا:

- کەلوپەلی خاوێن بەکاربهێنن، ئاوی پیس مەخۆنەوە.
- کەس لە ئاوی کارێزەکاندا شتومەك نەشۆرێت، ئاوەکان پاك رابگرن.

زۆرینەی ماڵەکان شاریان جێهێشت، ئەوانەی دووچاری ببوون لەماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا چاویان بەقوولا دەچوو و باریك و لاواز دەبوون، بەوەدا هەندێك سکچوونیشیان هەبوو، لەوە دەچوو کۆلێرا بێت، خەلکەکە بەچاوە قولکە باسیان دەکرد، هەندێك چوونە کێلگەکان و لەوێ لەژێر کەپرەکاندا مانەوە و دوور خۆیان ڕاگرت.. تەشەنەسەندنی ڕشانەوەکە خەلکێکی زۆری بەرەو مەرگ ڕاپێچ کرد و زۆرینە شاریان لەبیر خۆیان بردەوە و ڕووەو گوندەکان کشان. تورك جگە لە ئاگادارکردنەوەی خۆپاراستن هیچی نەکرد، دەستەیەك بیریان لە داپۆشینی شیوەکان کردەوە، چوونە لای قایقامی تورك و پێیان وت، بەلام نە شیو سەری داپۆشرا و نە هیچ، نارەزایی بەرزبۆوە، لێرەو لەوێ کەوتنە پیشاندانی ڕقیان.

- شیوەکان داناپۆشن.. نەخۆشخانە دانانێن و چ دەرمانێك نییە، ئەمانە چین ڕوویان لەم شارە کردووە حوکمرانی چۆن وا دەبێت !! پەنجاو سێ ساڵە لێرەن و هیچیان نەکردووە !

- پێویستە شێخ سەعید و ئەوان پێیان بڵێن، شێخ مەحمود ئەو داوایە بەرز بکاتەوە، بۆچی لە بەغدا و موسڵ شتی وا ڕوونادات؟ پێویستە ئاورێك لەمە بدەنەوە،نەخۆشی ئاولە ناوبەناو سەرهەڵدەدا و تورکیش چاوی خۆی نوقاندووە، هەر باشە دانیشتوان گوول نابن، ئەمانە هەرچیوپەرچییەکانی ئەستەمولن ناردوویانن، هیچ نازانن جگە لە ڕووتاندنەوەی میللەت و دزینی خێروبێری ئەم شارە نەبێت، شێخانیش

جگە لە بەرژەوەندی خۆیان ئێمەیان پشت گوێ خستووە و باجیان زیاتر کردووە !

- برام، بەڕای من ئەمانە پەیوەندی بە مرۆڤەوە نییە، دەرمان چ چارەسەرێکی ڕشانەوەکە دەکات، خوا ناردوویەتی و هەر خۆیشی دەیباتەوە.

پاش ماوەیەک نەخۆشی لەشاردا نەما و باروزۆخ ئاسایی بۆوە، بەڵام ئەوەی سکچوونێکی سادەشی هەبووایە هەر دەترسا و لەوێوە پێداویستی دانان و دامەزراندنی نەخۆشخانەیەک بووە داواکاری گەل و ئەوەیان بۆ دەرکەوت لەگەڵ گەورەبوونی شار و هاتنی خەڵکی و کاروانچییەکان دەرد و پەتا پەیدا دەبن و دەتەنێنەوە، ئەوانەی شاریان جێهێشتبوو وردە وردە گەڕانەوە.

## -43-

بە فرمانی سەرکردەی سەربازی سەفوەت بەگ، دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی پیتاک بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەکە و دەوڵەمەند و خاوەن سامان و ناودارەکانیان بەسەرکردەوە، نزیکەی سێ سەدو پەنجا لیرەیان کۆکردەوە، وەستا و شاگردیان بانگ کردو کەوتنە ئیش، دوابەدوای ئەوە، لە خوار سەراکەشەوە قوتابخانەیەکی تریشیان دروست کرد و ناویان لێنا قوتابخانەی فەیسەڵیە.. وەستایەکی زۆر لەبەری ئێرانەوە هاتبوون و سەرقاڵی کار بوون، تەلاری قوتابخانەکە گۆڕانێکی خستە شارەوە، ئیدی خاوەن سامانەکان بێ بڕیاری تورک خۆیان کەوتنە پەرەپێدان و جوانکردنی شار.

ئەو ماوەیە شێخ سەعید دیوەخانی گەرم بوو، تەقەمەنی و تفەنگێکی زۆری لای خۆی گلدابۆوە، هەر کەسێك لە شاران و گوند و ناوچەکانی‌ترەوە دەهاتنە شار سەردانی شێخیان دەکرد، ئەوانیش هاتوچۆیان لەگەڵیاندا دەکرد و یەك دەرزیشت و دوو دەهات، هەندێك لە بازرگان و ڕۆشنبیرەکان لە چایخانەکاندا دادەنیشتن و لە گەرمەی قسەکانیاندا دەیانوت:

- بێ پرس و ڕای شێخان کەس ناتوانێت هیچ بکات، نەخۆشخانە دەکەنەوە شێخ سەعید دەڵێن چی؟ لەکوێ دایبمەزرێنین؟ قوتابخانە دەکەنەوە هەر ئەوان، ئێ باشە خەڵکێکی زۆر پێتاك و کۆمەکی بۆ دەکەن، ئەی ئەوان چی !! بۆ پارەیان نییە؟!

- شێخ سەعید تەنها شێخی سوڵتانە، لە دوای بینینی شەوکەت پاشای مەئمورەوە تەواو پشتی لە شارەکە کردووە، بزانە لە هیچ شتێکدا بەشداری دەکەن!!هەر باج زیادکردن و هیچیتر..تورك بە ناو حوکمڕانە، تەنانەت پەیوەندییان لەگەڵ هۆزەکانی تریشدا باش نییە.

ئەو قسە و باسانە ڕۆژانە دەگەیشتنەوە ماڵی شێخان، نەفەرە گەڕاوەکانی ئەستەنبوول لە هەموان زیاتر گلەییان دەکرد، لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانە نوێیەکەشدا خەڵکەکە چاویان کرایەوە و گازندەیان ڕووی لە زیادبوون بوو.

## -44-

کۆمەڵەیەك بەناوی ئیتیحادو تەرەقی دروست ببوون، دەیانوت لە ئەستەنبوولەوە سەری هەڵداوە و تورکیای هەژاندووە، لە موسڵەوە پەیدا ببوون و لقێکیان لە شاردا دانابوو، چووبوونە لای شێخ سەعید و پێیان

وتبوو وەرە سەرۆکایەتی ئەم کۆمەڵەیە بکە، خەڵکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر بەدڵیانە و هەموو لەگەڵیدان، شێخ وتبوی:

- نامەوێ دووبەرەکی لە شاردا دروست بکەم.. خیانەت لە سوڵتان ناکەم و پشتی تێناکەم.

بێزارببوون و دەیانوت:

- ئەوا بەگوێی خۆتان بیستان کە دەڵێت خیانەت لە سوڵتان ناکەم، کەواتە بەڕاستی بوونەتە شێخی سوڵتان !! لەوە زیاتر نییە، مەحمود پاشای جاف کەسێکی شیاوە و ڕۆشنبیران و خاوەن مولکەکانیش خۆشیان دەوێت، ئەو دەکەینە سەرۆك و چی دەبێت با ببێت.شێخان جگە لە خەنجەر لەپشتەکان گوێ نادەنە منەوەران! .

شێخ مستەفای نەقیب لەو کاتەدا سەرقاڵی دروستکردنی قەیسەرییەکەی بوو، چەخماخسازەکانی ئاگادارکردبۆوە کە هەر تفەنگێك لەو ماوەیەدا دروستی دەکەن، لێیان دەکڕێ و پێویست ناکات ڕەوانەی ئەملاولای بکەن، شەوانە چەخماخساز تفەنگیان بۆ دەبرد و ئەویش لێی دەکڕین، بەنێو بازاڕدا ڕۆیشت و بەرەو خواربۆوە، لە خوار بازاڕەکەوە،لەپێش دەمی شیوەکە دیمەنی وەستا و شاگردەکانی بینی دیوارەکەیان بە بەرد هەڵدەچنی، لەولاتریشەوە بڕێکیان خەنەکیان لێدەدا، بە وەستا حەسەنی وت:

- گواستنەوەی ڕێڕەوی ئاو لەپێش هەموو شتێکەوە پێویستە، تاوەکو ئەم زستانە ئاو و لافاو دیوارەکانی لەبەریەك هەڵنەتەکێنێ.

وەستا حەسەنی غەزایی گوێی بۆ شل کردبوو و دوایی وتی:

- وایە.. ئەوەتا دەبینن لەولاوە خەریکی ئەوەن، خەنەکەکە بەولایەدا دەبەین، هەرچەندە ئەم شیوە زۆر لەوانی تر پاك وخاوێنترە، بەلام لافاو کەس ناناسێت، ناهێڵین ئاو دزەی بۆ بکات.

- دەی بزانم، چیتان پێ باش بوو بیکەن، سەر لە نیوەڕۆش خواردنەکەتان بۆ دێت.

لەو وەختەوەی قەیسەرییەکە تەواو بوو و دەرگا تەختەکانی ئامادە بوون بۆ دانان، بە قەیسەری نەقیب ناسرا و دواتر بووە جێگەیەکی زۆر قەرەباڵغ لەشاردا، جگە لە پیشە دەستییەکان، دوکانەکان هەموو شتێکیان تێدابوو، کارامەیی و ناوبانگی مستەفای نەقیب هەر زوو شاری گرتەوە،شەوێك سەردانی شێخ مەحمودی کرد و وتی:

- خەڵك زۆریان بەدڵە، پێم باشە ئێوەش قەیسەرییەك دروست بکەن، خەڵك گلەیی و نارەزاییان زۆربووەو وا دەزانن ئێمە پشتمان تێکردوون، بەم جۆرە کارانە باشتر دەچینە دڵی خەلکییەوە.. با ئەوەندەش نەڵێن شێخانی سوڵتان.

## -45-

پردەکەی قلیاسان پێویستی بە چاککردنەوە دەکرد، ئەگەرچی ناوبەناو بەسەردەکرایەوە و دەستی تێدەخرا، بەڵام هەر کەموکوورییەك بوو و مابۆوە، پشتگوێ خرابوو و دەبوو بیرێکی لێبکرێتەوە، حاجییەك بڕیاریدا دروستکردنی پردەکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت. وەستا و شاگردەکانی قەیسەرییەکەی هەموو بانگ کردن و وتی:

- وەستا حەسەن.. کاك حەبیب ئەولی، دەمەوێت لە جێگەی ئەو پردە دارینەیە پردێکی تۆکمە دروست بکەن، لەسەر ئەرکی خۆم و لەپێناوی شارەکەدا دەیکەم، بە کۆمەڵەکەشم ڕاگەیاندووە، زۆریان پێ باشە.. چەندی تێدەچێت لە گیرفانی خۆم دەیدەم، چاوم لەوە نییە تورك بیکات یان شێخان، لای خۆمەوە پێی هەڵدەستم، وەك دەبینن ئەو پردە

هەر چاك دەكرێتەوە و پاش ماوەیەك دەڕوخێتەوە. تـەواو، دەبێت شار ببووژێتەوە، ڕۆشنبیران تامەزرۆی گەشەسـەندنن.

وتیان:

- كـارێكی زۆر پەسـەندە، بەڕاسـتی زۆر پێویسـتە و خـوا سـەد ئەوەندەت لە جێگەی بداتێ.

- نیازت وایە بەچی بیكەیت، هەر دار یان؟...

- نا، بە بەرد دروست دەكرێت، بەشێوەیەكی تۆكمە.

حەبیب ئەولی وتی:

-ئیشێكی پیاوانەیە، خۆزیا دەست ڕۆیشـتوو و خەزنـەدارەكانی دیكەش ئەوەیان كردبا، ئاوت هەر زینـدوو دەمێنێتـەوە حاجی عـەزیز، خودا وێنەتان زۆر بكات.

عەزیز قەرەنی بەسەرگەرمییەوە وتی:

- دەڕۆیـن سـەردانێك دەكـەین، چۆن دایدەمـەزرێنن لەگـەڵتاندام، گرنگ ئەوەیە شتێكی تۆكمە و بەهێز بێت، لە ئایندەدا بمێنێتـەوە، بـەو چەشنەش بێت لە تەلارسازی خۆمان دوورنەكەوێتـەوە، چیتـان پێویست بوو ئامـادەم، خـودای دەكـرد پێنـج سـەد لیرەشـی تێدەچـوو، خۆشم سەرپەرشتی دەكەم و ناهێڵم پەكتان بكەوێت.

چوون، پێشنیاریان كرد لەسەروو پردە دارینەوە پردی نـوێ دروست بكەن.

## -46-

لە كانی بەردینەوە بەردێكی زۆر بە وڵاغ گوێزرابوونەوە، وەك ئـەوان دەمـــان گالیـــكەیەكیش كـــاری دەكـــرد و ڕۆژانـــە بـــەردی دەهێنا..دووكەڵكێشی كوورەكانی قلیاسان كەوتنەوە گەڕ.. سـەرەتا بە

خڕە بەردی چۆمەکە و پەلکی درەخت و کەلوپەلی لەکارکەوتوو لایەکی ناوەکەیان بە بەربەستێك گرت و ناوە زۆرەکەیان بە ئاراستەیەکی تردا برد، بناغە و پایەی ئەستووریان لە بەرد هەڵچنی و بە تێکەڵەی قوڕ و قسلّ و وردە بەرد بەرزیان کردەوە؛ تاقەکانیان بە خشتە سوورە و گەج لێدا و عەزیز قەردنیش لەلاوە، لەبەری دووری چۆمەکەدا خێوەتێکی هەڵدابوو و ڕۆژانە سەرپەرشتیاری دەکرد. ڕۆژێك لەبەرزاییەکەوە ئەسپ سوارێکی زۆر شۆڕبوونەوە، ئێسترەکان بارێکی زۆریان بەسەر پشتەوە بوون و وەستا و شاگردەکان دەستیان لە کار کێشایەوە، وتیان:

- بنەماڵەی شێخانن.. بۆ کوێ دەچن؟

- شێخ سەعید لە پێشەوەیە، لەدوای چەکدارەکانەوە.

حاجی عەزیز لەسەر پردە دارینەکەوە پەڕییەوە و چووە پێشوازییان، وتی:

- بەخێربێن... خەمتان نەبێ پردە دارینەکە هیچی لێ نەهاتووە جارێ.

چەند شتێکیان وت، وەستاکان بەرەو پیریان چوون و یەکە یەکە لە پردە کۆنەکەوە پەڕینەوە، دوابەدوایان ڕۆیشتن و لە چۆمەکە دەربازبوون، لەنێو خۆیاندا وتیان:

- باشە بۆ کوێ بچن..هەموو هەر بنەماڵە بوون و تورکیان لەگەڵدا نەبوو!!

حاجی عەزیز وتی:

- وامزانی بۆ سەردانی پردەکە هاتوون، حەزم نەکرد لێیان بپرسم بۆ کوێ دەڕۆن !

سپێدان زوو دەهاتن و دەمەو ئێواران دەگەڕانەوە، چەند ڕۆژێکی نەخایاند و شتێکیان بیست، سەرلەنیوەڕۆ لەکاتی نان خواردندا، وەستاکان وتیان:

- باوەڕناکەم دەوڵەمەند و ڕۆشنبیران و بازرگانانو ئەفەرە کۆنەکان پارەیان بە تورکان دابێت بۆئەوەی شێخان لەشار وەدەرنێن، بیستم وتیان سێ هەزار لیرەی زێڕیان داوە بە تورکەکان تا ئەوە بکەن !

وەستا حەسەنی وەستا ڕەشید کە بۆ هاریکارییان هاتبوو، وتی:

- جا شێخان چۆن بەوە دەڕۆن؟! پاشان تورك خۆیان باشتر دەزانن کە سێ هەزار لیرە بەرامبەر ئەوان هیچ نییە، شێخ سەعید چۆن وا ئاسان دەڕواتە دەرەوە لەشار.

حاجی عەزیز گەڕایەوە لایان و وتیان:

- حاجی،خۆ شێخان چ بەرهەڵستییەکیان نەکردووە و چۆن وا لەخۆڕایی دوور دەخرێنەوە، بۆچی بەو پوڵە کەمە دەڕۆنە موسڵ، کۆمەڵەی نوێ چۆن شتی بەوجۆرە دەکەن؟!

- هەموو شتێك دەبێت. بەڵام من بزانم شێخان هەر خۆیان حوکمڕان و وا زوو بە قسەی ئەم و ئەو و پلان و فرتوفێڵ فریو ناخۆن.

- کەواتە، دەچنە یاریدەی شۆڕشی شێخ عەبدولسەلام لە موسڵ، بۆ ئەوە دەچن سا.

یەکێك لە شاگردەکان وتی:

- بۆ یارمەتیدان بچن، هێزێکی زۆر دەبەن..خۆ ئەگەر بۆ کاری سوڵتان دەچن و بەر لە شۆڕشەکەی بارزانییەکان دەگرن هەر هێزی دەوێت.. دەڵێن ئیتیحادوتەرەقی لەگەڵ شێخ عەبدولسەلام چوونەتە پاڵ

یەك و سێ چارەكی شاری موسڵیان بەدەستەوەیە،ئەی خۆ زەكی پاشای والی موسڵیش دەڵێن یەكێكە سەر بە كۆمەڵەكە.

حاجی عەزیز وتی:

- هەرچۆنێك بێت، ئەم كارە نهێنییە و هەریەكە و شتێك دەڵێت..دەی كاكە، دوای نانەكە خشتەكان بهێنن، وا لە كووردەوە هێنراون و كۆمەڵیان كردوون.

## -47-

تەماشای كۆشك و تەلارەكانی ئەوبەری شەقامەكەی كرد و بەردو سەرەوە ڕۆیشت، لەولا ئامادەیی پیشەسازییەوە لەنێو كچە خوێندكارە ڕاوەستاوەكانی بەر وێستگەی پاسەكاندا ڕوانییە پەرژینە داخراوەكەی ئەوبەر، سەرمەند بەلایدا ڕەتبوو و بە تەنیشت شیشە ڕاخراوەكاندا هەنگاوی نا، لە دڵی خۆیدا وتی:

- هەر پڕۆژەیە و خەڵكی سەرقاڵ كردووە...

چەند كەسێك بەلایدا ڕۆیشتن و گوێی لێبوو یەكێكیان وتی..

- ئێستا ئەم بینایەی كە لێرە دەكرێت، لەپشتیەوە لێپرسراوەكانن دەیكەن، قۆنتەراتچی و ناودارەكان هەر ناون و هیچی تر، بۆ تۆ لات وایە ئەمانە بوون بە چی فریای ئەو هەموو بینایە بكەون، بەڕاستی پارەی خۆیان نییە و دەسەلاتدارانن بۆ خۆیان دەكەن.. خەڵكی وا دەڵێن.

دەنگەكە ڕەوییەوە و نیگای بڕییەوە سەر ڕۆژنامە لوولكراوەكەی نێو دەستی، كردییەوە و مانشێتی سەرەكی خوێندەوە، گەندەڵی و چاكسازییەكانی حیزب و پارتەكان، پاشان بیری لە وێنەی هەواڵەكانی كەناڵی تەلەفزیۆنەكان كردەوە..مشتومڕی ئەو دواییەی سەركردەكان

لەسەر دابین کردنی پۆستی نویێ بۆ جێگرەکان و گۆڕانکاری نویێ، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی تاکە کەسی و بەشداریکردن. بەڕێگەکەیدا گەڕایەوە و هەستی کرد هەمان گلەیی و ناڕەزایی سەدەیەك دواتر درێژبوونەتەوە و مێژوو تەواوێ دووبارە دەبێتەوە،هەزار و نۆسەد و چوار و، دوو هەزارو چوار.. ئەمە گۆڕانکاری نییە، نا.. ئەمە درێژکراودیە، ڕایەڵێکی کشاوە و سەدەیەکە بەردەوامە،ئەوەی پێی دەوترێت قۆناغ بوونی نییە!!خۆ کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکەش لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوە.

گەڕایەوە بۆ ئەو ڕۆژگارە و چوونیەکی بینییەوە، وتی:

- جگە لە گۆڕانکاری خانوو و تەلارەکان، مۆدێلی نوێی ئوتمبێل و جلوبەرگ، هیچ نەگۆڕاوە و بەڵکو مەیلەکانی ناوەوە وەك خۆیانن، دەروون هەمان کێشەی جێهێڵراوی هەیە و داگیریکردووە.

پاشان خەیاڵی بۆ ئەوە چوو کە پیشە دەستییەکانیش نەماون و مرۆڤی ئێستا هەر بەکاردەبەن ،تەنانەت منداڵانیش چ یارییەك بەرهەم ناهێنن و ئەو هەموو لیبوك و یارییە ڕەزامەندیان ناکات.لە منداڵییەوە کشایەوە و گەیشتەوە بۆ لای بەرواردەکانی خۆی.

هەستی کرد لەهەمان ڕۆژگاردا دەژی، ئوتمبێلەکان لە پێش چاویدا بوونەوە بە وڵاخ و لە دەنگی پێی خەڵکەکەدا، دەنگی پێڵاوەکان هاوتای دەنگە کۆن و بەسەرچووەکان بوون، دەنگی سم و ناڵی ئەسپ کەوتنەوە بەر گوێی..زۆر بە ڕوونی گەڕانەوە و لەپڕێکدا ئاوڕیدایەوە، بینی گالیسکەیەك بە شەقامەکەدا لێژدەبێتەوە و ئەسپێکی پیر و لاواز ڕایدەکێشێت، عەرەبانە تەختەکەیشی کۆن و ڕزیو و ناڕێك کێش دەکرا و، بەرەو گالیسکەکەی کانی بەردینە کشایەوە، چووەوە بۆ پردەکەی عەزیز قەرەنی و گوێبیستی شەقامەکە و، هەنگاوەکانی خاوکردنەوە. لە

خـوارەوەش سـەرلەنوێ خشـتەکانی شۆسـتەکەیان هەڵدەکـەندەوە و گردێکیـان دروسـت کردبـوو، ئـەو خشـتانەی بـۆ دانانیـان دوو مـانگی خایاندبوو.

## -48-

پردی نۆژەن پان و پۆرتر و تۆکمەتر بوو، ئەگـەر هـەموو چەکدارانی عوسمانی بەسەریەوە ڕاوەستانابە هیچی لێنەدەهات، بـەخۆیان و پایـە ئەسـتوور و پانەکانیانـەوە هـەڵچووبوون و ئاوەکـە بـەژێریدا هـاژەی دەهات..تاقە ڕازاوەکـانی بـە چەشـنێکی دڵگیر چەمابوونەوە و لـەنێو ئاوەکەدا ڕەنگیاندابۆوە، وەختێ تورکەکان بە سـواری ئەسـپەوە پیـایدا ڕەتدەبوون، تاوێك لایاندەدا و لەسەرەوە دەیانڕوانییە چەمەکـە، سـەریان قیت دەکردەوە و دەیانوت:

- کـە ئێمـە هـاتین ئێرە هیچی تێدا نـەبوو. گوندێکـی بچـووك و ڕووتەڵ، وا خەڵك چاویان کراوەتـەوە و هەسـت بـە خۆیـان دەکـەن، ئـەم شانازییە بـۆ عوسمـانی دەگەڕێتـەوە، قوتابخانـەکان هـەموو دەبنـە بەرزڕاگرتنی ناومان و گەرماوە تایبەتییەکانمان ببێتە نمونەیەك تا چـاوی لێبکەن.

عەزیز قەرەنی لەدوای تەواوبوونی پردە بەردینەکە، لە چادرەکـەیدا لەگەڵ وەستا و شاگردەکاندا سەرقاڵی حسێب کردنی کرێی شاگردەکان بوون، کابرایەك لە کاروانچییەکان جیابۆوە و چووە لایان، وتی:

- حاجی عەزیز، بەڕاستی کردەیت، شتێکت کـردووە نمونـەی نییـە، دەستی وەستاکانی خۆش بێت، ئیتر لە پردە دارینە ڕزگارمان بوو، کوا؟ خۆ هەر جێگاکەی دیار نەماوە.

پێکەنین و وەستا حەسەن وتی:

- پردە دارینە لابراوە و دارەکانی ئێستا پەرژینن لە دارستانەکەدا.

کابرا وتی:

- ئەمە چەندی تێچوو؟!

وەستا حەسەن لەجیاتی حاجی عەزیز وتی:

- هەزار لیرە، هەزار لیرەی زەرد !

دەست خۆشی لێکردنەوە و لەپاشاندا وتی:

- شێخ سەعید بمایە زۆری پێخۆشدەبوو، بەلام چی دەلێی، ئیتر نەیبینی !!

هەموو روویان تێکرد و حاجی عەزیز وتی:

- بۆچی نایبینێ؟! هەر دێتەوە و رۆژێك دەیبینێ.

- دیارە ئێوە ناگاتان لە دونیا نەماوە، رەنگە پردەکە ئێوەی سەرقال کردبێت، ئەوا چەند رۆژە لەو پێکدادانەی موسلدا، دەلێن شێخ سەعید و شێخ ئەحمەدی کوری کوژراون، شێخ مەحمود بریندارە و خۆی ون کردووە. تەنها شێخ قادر گەراوەتەوە، بیستم چووەتە ناو عەشیرەتی هەمەوەندەوە. دەلێن گوایە عەرەبەکان بەرێکەوت لێیانداون !

یەکێك لەژێر چادرەکەوە هات و وتی:

- رێکەوت!! ئەگەر هەموو گوللەیان لێدرابێت، شێخ مەحمودیش بریندار بووبێت، ئەمە چ جۆرە رێکەوتێکە!، ئەمە پلانە دژ بە کورد، عەرەبیش لەگەل تورکدا دەستیان تێکەلاوە.

## -49-

گۆڕینی ڕێڕەوی شیوەکە بەلایەکی قەیسەرییەکەدا، وایکرد بەجێهێڵراوی نەمێنێتەوە، هاتوچۆی بەردەوامی بازارکەران وای لە خەلکی کرد بیر لە داپۆشینی بکەنەوە، سەرلەنوێ، دوای ئەوەی تورك لە کاتی نەخۆشی ڕشانەوەکەدا پشت گوێی خستبوو، داواکاری ڕووبەڕووی بۆوە، ئیتر دەست کرا بە داپۆشینی، ئەوەش ڕێگە خۆشکەربوو بۆ شیوەکانی تریش، شیوی یەکەم لە سابوونکەرانەوە بەرەو سەرچیمەن دادەگەڕا و دەگەیشتە ئەسحابەسپی و لەوێشەوە بەرەو خانەقا.. ماوەیەکی زۆر خەریکی بوون و شیوەکانیتر هەروا مانەوە.

لەو ماوەیەشدا ئینگلیز سیخوڕێکی زۆری بەرەو شار و ناوچەکە ناردبوو، بنکە سەربازییەکانیان خستبووە ژێر چاودێری وردەوە و شوێنە جیاجیاکانیان بەسەردەکردەوە، ناوبەناو لەگەڵ کارواندا دەڕۆیشتن و پاش ماوەیەك دەگەڕانەوە.

لە یەکێك لەو شەوانەدا، کابرایەك لە بەغداوە سینەمای هێنابوو، بەپیل ئیشی پێدەکرد، لە نوتەکی شەودا ڕۆشناییەك دەیدا بە دیوارێکدا لەسەرووی شەقامی سابوونکەرانەوە کە بە گێراوەی گەچی سپی سواغ درابوو، سینەما کەوتە ئیش و فیلمێکی ئەمەریکی نیوەچڵی پیشاندا، دوای ئەو شەوە، ئیدی لەبیری باسکردنی ئاژاوەی موسڵ و بنەماڵەی شێخان، هەموو سینەمایان لەسەر زار بوو و بڕیاریاندابوو شەو بچن، بڕۆن و تەماشای بکەن. پیاوان و کوڕوکاڵ و منالان شەوی دواتر هەموو چووبوونە ئەو جێگەیە بۆ بینینی، لە ڕۆژدا ئیتر دەکەوتنەوە گێڕانەوەی

فیلمەکە و ئەو ئەکتەرانەی ڕۆڵیان تێدا بینیبوو، شەوانی دیکە کابرای سینەماچی وتی:

- هەریەکەی شتێك نەدات فلیم لێنادەم، لە شاران وایە، ئەمە سینەمایە خۆ یاری نییە.

ئەوانیش هەریەکەی بڕێکی کەمیان دەدایە و وتیان:

- دەی وا قەرەباڵغ بووە، ئیتر جێی دانیشتن نەما.

- فلیمەکە لێدە، هێندەت وەرگرتووە ئاگات لەخۆت نەماوە.

تیایاندا بوو بۆ چەندەمین جار تەماشایان کردبوو و هەر سەریان لێدەدایەوە، ئەو پیاوانەی ئیتر بێزاربوون لە بینینی، لەلاوە ڕادەوەستان و دەیانوت:

- هەموو هۆزەکان زۆریان لە عوسمانی کردووە شێخ مەحمود بگەڕێتەوە، ئەوانەی ئێرانیش هاتوون و هەڕەشە دەکەن، دەلێن ڕێگەی گەڕانەوەی شێخان بگرن دەکەوینە شەڕەوە لەگەڵیان.

- کەواتە ئەو پیتاکەی باسکرا ڕاست بوو.. ئەگەر وا نەبووایە شێخان دەگەڕانەوە و پێویستی بەوە نەدەکرد تورك ئاگادار بکەنەوە. دەلێن موسڵ ئارام بۆتەوە ئێستا.

## -50-

هێزی چەکداری هۆزەکان سەرجەم لە سلێمانی کۆبوونەوە، لە چواردەوردا کەوتبوونە شەڕ لەگەڵ تورکدا و بەدرێژایی ناوچەکە تاوەکو لیوای موسڵ هێرش و پەلاماردان بوو، عوسمانی ناچار پەنای بردە بەر سوتاندنی گوندەکان و خەڵکێکی زۆری ئاوارە کرد، ڕۆژانە دەهاتنە شار و هەریەکەی چیرۆکی خۆی و شەڕی دەگێڕایەوە کە بینیبوویان.

لە ناوەوەشدا کەسانێکی زۆر چووبوونە لای بەرپرسانی تورک و داوای هاتنەوەی شێخانیان کردبوو، لەئاکامدا تورک شەڕی ڕاگرت و ڕەشید پاشایان کردە والی موسڵ. وتیان:

- ڕەشید پاشا دوای ئەوەی کردوویانە بە والی، خێرا چووەتە کەرکوک و چاوی بە شێخ مەحمود کەوتووە، وا نیازیانە بێنەوە لەم ڕۆژانەدا.دەڵێن ڕەشید پاشاش لەگەڵیدا دێتە سلێمانی.

هەموو ئەو موڵك و زەوییانەی تورك دەستی بەسەردا گرتبوون، دایانەوە بە شێخ مارفی برای شێخ سەعید و بۆئەوەی زەرەر و زیانیان و پارسەنگی کوژراوەکانیان بکات کردیانە پارێزگار لە شاردا، ڕۆژێکی نەخایاند و ڕەشید پاشا لەگەڵ هێزەکەی خۆیدا، شێخ مەحمود و پیاوانیان بەرەو شاری خۆیان هێنانەوە. شێخ ئەو دەمەی چاوی بە پردەکەی قلیاسان کەوت گەشایەوە و زیندووبۆوە، بەلام دوای سالێك لە کوژرانی برا و باوکی، هەستی بە تەنیایی کرد و بڕیاریدا هەر بگاتەوە دەستبەجێ پرسە و ماتەم بۆ شێخان دابنێت،بەسەر پردەکەوە دەپەڕییەوە و چۆنێتی دانانی پرسەکەش لەپێش چاویدابوو،دواتر بە یەکێك لە پیاوەکانی وت:

- ئێستا خەلکێکی زۆر لەڕێدا وەستاون بۆ پێشوازیمان، ئەگەرچی ئەوپەڕی شادمانیە بۆمان، بەلام هەر زوو پرسە دادەنێین، ئەوانەی دێن بۆ بینینمان بەهۆی پرسەکەوە بێن کە نەمانتوانیووە بۆیان بگێڕین، ئێوە خێرا پێش ئێمە بڕۆن.

لەسەر ڕێیەکەش ،لەمبەر و ئەوبەرەوە خەلکی شار بەرەو پیریان دەچوون و بەخێرهاتنەوەیان دەکردن.

## -51-

پیاوانی شێخ داخ لـە دڵ بـوون، ئەگـەرچی بـە ئـەرکی خۆیـان هەستابوون، بەڵام لەناوەوەدا هەستیان دەکرد دوژمنیان بۆ پەیدا بـووە و شارەکەی جارانییان گۆڕاوە، پرسە و ماتەم بەردەوام بوو و لەبازاڕەکـەدا کەریمی چایچی وتی:

- هاتن و کەوتنە شکاندنی گرامافۆنەکان، ئـێ بابـە ئێمـە چیمـان کردووە، بۆ نـاهێڵن کـاری خۆمـان بکـەین؟! چایخانـە گرامـی تێدایـە و لێدەدرێت.

ئەوانەی لای دانیشتبوون وتیان:

- دەنگـی گـرام بـۆ بەرزدەکەنـەوە؟، گۆرانـی لێـدەدەن بـۆ خۆتـانی لێبدەن، ئەی نازانن شار پرسەی تێدایە! کەی ئەمە ڕەفتاری ئێمە بـووە! ئەم شارە کەی دووبەرەکی تێدا بووە!! ژیان تامی نەماوە.

کەریمی چایچی پارچەکانی گرامەکەی پیشاندەدان و دەیوت:

- خەتای من نییە..هاتن و وتیان دەنگی بدرێ، ئـەو گۆرانیـە زۆر خۆشە، دەنگم کز دەکرد و دەهاتن خۆیان گەرمیان دەکـرد، لـە دواییـدا زیان هەر بەر ئێمە دەکەوێت، بڕوانن چییان لێکردووە!

یەکێك وتی:

- چایخانەکەی سەرەوەش گرامافۆنی شـکێنراوە، بـەڵام ئێـوە دوکـان دوکـانی خۆتانـــە، بـــۆ ڕێگـــە بـــەو جـــۆرە کەســـانە دەدەن؟ مـــەهێڵن خوونـەڕێتمان تێـك بچێـت، ڕاسـتە تـورك گوندێکـی زۆری سـوتاندووە، زۆربەیان هاتوونەتە شارەوە و باسـی حـاڵی ناهـەمواری خۆیـان دەکـەن، ئەمە خـەتای شـێخان نییـە، دەسـتی ئـەوانی تێدا نییـە و نـابێت دۆ و

دۆشاو تێکەڵ بکرێت، ئەوەی ڕکەبەرایەتی و دوژمنایەتی دەکات بۆ خۆی بیکات، نەیەتە شار و بە ئارەزووی خۆی دۆخەکە بشێوێنێت، ئەمە بۆ خۆمان باش نییە، تورك ئێستا چیمان پێدەڵێن! ئەوە باشە لەپێش چاوی داگیرکەراندا یەکتری بدەینە بەر قۆناغە تفەنگ!،تورك لەبنەڕەتەوە بۆ ئەوە هاتوون،دووبەرەکی دەنێنەوە و هەرچییەکی دەیکەن لەو پێناوەدایە، خوێندن لێرە ئێمەی لەبەریەك هەڵوەشاندۆتەوە، لەجیاتی ئەوەی ڕێ پیشاندەری نەتەوەیی بێ بووەتە چەکێك و ڕووبەڕووی خۆمان وەستاوەتەوە..شێخان باج وەردەگرن و دەست وەردەدەنە کاروباری هەموو شتێکەوە، دەبێت لە نزیکەوە پێیان بوترێت، بهێنرێنەوە سەر ڕێی ڕاست ئەگەر لەڕێ لایانداوە.

پیرەمێردێك وتی:

- ئەوە قسەی تەواوە، ئێمە هەموو یەك زمان و یەك ئایینین، گوێ لە یەکتری بگرین باشترە.

چایچییەکە هەر تەماشای گرامەکەی دەکرد و بەناڕەزاییەوە دەیوت:

- کێ گوێ لە ئێمە دەگرێت!! ئەگەر هەرزانی بووایە هەر ئێستاخۆم بەخۆرایی چام دەدا! بە خەڵکی، بێ پارە دەمکرد لەڕێی خوا.

کەوتنە پێکەنین و وتیان:

- خۆ جەژن نییە! بەخۆرایی دابەشی بکەیت دێن و چایخانەکەش دەڕوخێنن، دەڵێن لەخۆشیدا چای دەبەخشێتەوە! ئەم ڕۆژە لەلای جەژنە!

کەسانی ڕەشۆکی و ئاسایی هەموو دەچوونە پرسەکە و زۆرینەی ڕۆشنبیر و دەوڵەمەند و بازرگانەکانیش دوور خۆیان ڕاگرتبوو، میللەت ببوو بە دوو دەنگی جیاواز و هەریەکەیشیان خۆی بە ڕاست دەهاتە پێش چاو.

دواتر ڕوونبۆوە كە ئاژاوەكەی موسڵ چۆن بووە،وتیان كاتێك لە موسڵ دەبن،لە ڕۆژی جەژندا ولەنێو قەرەباڵغیدا بەها فەندی سەرخۆش دەبێ و بە قسەی عەرەبەكان لە مەیدانی بابولتۆب توانج و پلاری لە نافرەتێك داوە،ئەوە دەكەنە بیانوویەك بۆئەوەی پلەی شێخان بشكێنن و شەڕیان لەگەڵدا بكەن،ئەو دەمەی لە ماڵی مستەفا بەگ دەبن ئەو مقۆمقۆیە دەبێ و دواتر دەچنە ماڵی محەمەد پاشای سابونچییەوە و شەڕ و پێكدادان ڕوودەدات ، شێخ مەحمود لەو كاتەدا لەوێ نابێ و ئیتر كار لە كار دەترازێ ،وەختێكیش ڕەشید پاشا دەبێتە والی موسڵ،دەچێتە كەركوك و دڵی شێخ دەداتەوە و لەگەڵیدا بەرەو شار دەگەڕێنەوە تا قەرەبووی ئەو كارەساتەیان بكاتەوە.

## -52-

وەستاكان خەریكی دروستكردنی قەیسەرییەكەی شێخ مەحمود بوون، بەرد گواستنەوە لەگەڵ خشتی سووردا بەرەو خوار مەیدانی ماستەكە بەكێش دەكران،لە نیوەڕۆیەكدا وەستا و شاگردەكان كەوتنە باسكردنی ئەوەی لە شاردا ڕوویدەدا، شاگردێك وتی:

- كەریمی ئەڵەكە كە لە گاوران ئاشێكی هەیە بە خەڵكەكەی وتووە دەغڵ ودانێكی زۆر ئەمبار بكەن، با لە ماڵەكاندا ئازووقەیەكی زۆر بهێڵرێنەوە.

وەستاحەبیب وتی:

- بۆچی وای وتووە؟ گرانی ڕوودەدات!

شاگردەكە وتی:

- دەڵێت جەنگ بەرێوەیە، جەنگ هەڵگیرسێت گرانی ڕوودەکاتە شار، ڕوودەکاتە هەموو وڵاتەکە.

- سەیرە..کەریمی ئەلەکە ئەم قسەیەی لەکوێوە هێناوە؟ چۆن دەزانێت شتی وا دەقەومێت، پاشان جەنگ لەگەڵ کێدا ؟! لە ماڵی شێخان هیچ باسێك نییە، نە کەس هاتووە پێمان بڵێ دەستوبرد بکەن و خێرا تەواوی بکەن نە هیچ، شارەکەش ئارامە.

- کلدانییەکان پێیان وتووە، ئەوان پەیوەندی و هاتوچۆی ئەملاولا زۆردەکەن.

ئەوانەی دەچوونە ئاشەکەی گاوران، پرسیاریان دەکرد و کەریمی ئەلەکەش دەیوت:

- جەنگێکی گەورە بەرێوەیە، ڕوویکاتە ئەم ناوچانەش گرانی لەگەڵیدا پەیدا دەبێت.

- باشە چ جەنگ و شەڕێك! تورك گوێی لەوەبێت بەرەنگاری شێخ دەبنەوە.

وتی:

- باشترین ڕێگەچارە ئەوەیە ئازووقەیەکی زۆر بخەین و نەهێڵین بچێتە دەرەوە، با گرانی ڕوونەدا و، وەك پێشتر ڕوویداوە نەگەڕێتەوە، ئینگلیز چاوی لەم وڵاتەیە، شتێکی خراپتان پێ ناڵێم.

لەناو شاردا هەندێك ترس کەوتبووە دڵیانەوە و هەندێکیش کە گوێیان دەگرت، دەیانوت :

- منیش ئاشم هەیێت وا دەڵێم، ئەمە هەر بۆیە دونیای لێ هێناونەتەوە یەك تاوەکو گەنم و جۆ زۆرتر بەرێنە ئاشەکەی ! هەرکەسە و بەرژەوەندی خۆی لە شتێکدایە .

-53-

تورك پاش چەند مانگێك لە هەلگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم بڕیاری چوونە شەڕی دابوو، لە شاردا سەراسیمەیان پێکەوتبوو و بەشەو و بەڕۆژ خەریکی خۆکۆکردنەوە بوون، سەردانی شێخیان دەکرد و لەنێوانیاندا هاتوچۆیەکی زۆر هەبوو، لە شاردا خەلکی بەیەکتریان دەوت :

- ئینگلیز و فەڕەنسیەکان لەشکرکێشییان بەرەو عێراق و سوریا کردووە .

- ڕووسیش لەپاڵیاندایە، حەوت مانگە شەڕە .

- تورکیا لەدژیانە و تەنها ئەڵمانەکان لەگەڵیاندایە، تورك و ئەڵمان هاوپەیمانن .

- باشە کەریمی ئەلەکە چۆن لەوکاتەوە زانیویەتی جەنگێك دەقەومێت ؟ئەم کابرایە زۆر زیرەکە و شایانیەتی ببێ بە کاربەدەستێکی گەورە،یان بە وەزیر.

- ئەگەر تورك تەنگەتاو ببێت خێر و سودی بۆ خۆمان تێدایە، ئینگلیز لێی بدات شێخ دەکەینە پێشڕەو و فەرمانڕەوای خۆمان .

بەردەم دەرگای ئاشەکان بەرنەدەکەوتن، گەنم دەهات و دەچوو و خەلکی کەوتبوونە خۆیان. .تورك ئازووقەی بازاڕەکەی هەموو خڕکردەوە، خەلکەکە ترسیان لێنیشتبوو کە عوسمانی هەر ئەو ڕۆژانە لەگەڵ چەکدارەکانی شێخ مەحموددا بەرەو شەڕ بچن و بکەونە ڕەشبگیری، لە یەکێك لە چایخانەکاندا ئەوانەی دانیشتبوون وتیان :

- جاریٚ هیچ نییە، لەوە ناچێت شێخ بەشداری شەڕ بکات، باشتروایە پارێزگاری شار بکەن و نەچنە جەنگەکەوە، لەجیاتی هێرش بەرگری بکەن .

یەکێك لە بازرگانەکان وتی :

- ئەگەر بشڕۆن دەچنە کەرکوك و موسلّ بۆ یارمەتیدانی لەشکری گەورە، دەنگێك هەیە دەڵێن ئینگلیز هاتوونەتە بەسرە، دیارە شەڕ بەری خوارەوەی گرتووە، لە ئێمە دوورە .

یەکێکی تر وتی :

- من خۆم عیزەتی تۆپچیم بینی، وتی شێخ هیچ بڕیارێکی نەداوە، ئەوان لەوە دەترسن لەم کاتەدا شێخ لەگەلّ هۆز و تیرەکانیتردا پەیوەندی بکا و بچێتە ریزی ئینگلیزەوە .

- بەلام شێخ چۆن شتی وا دەکات ! ئینگلیز کافرن و شێخان حەزیان پێناکەن .

لەسەر رێیەکانیشدا خەلکی سەراسیمەیان پێکەوتبوو، شەوانە سەردانی یەکتریان دەکرد و تەنها شەڕ و ئەمبارکردنی دەغلّ ودان قسەی هەموان بوو، لەو بارودۆخەشدا کچە قوتابییەکان لە قوتابخانە دەهاتنە دەرەوە و خەلکەکە دەچوونە سەر رێگەکان، کچان تێدەپەڕین و ئەوانیش هەر تەماشایان دەکردن، ئینجا چۆن تەماشاکردنێکیش .

## -54-

دوای گەیشتنی خەلیل پاشای والی بۆ شارەکە، چوو سەردانی شێخ مەحمودی کرد و ماوەیەك لەگەلّیدا قسەی کرد، هەر دوای رۆیشتنی

جوجوڵێك پەیدابوو، لەبەردەم ماڵی شێخدا یەك دەهات و دوو دەڕۆی، خەڵکە ڕاوەستاوەکە وتیان :

- شێخ بڕیاری داوە بچێتە شەڕ و خەلیل پاشا پەیمانی داوەتێ لە دوای جەنگ حوکمڕانی تەواوی بداتێ، خۆ ئێستاش هەروایە، تورك بێ ئێمە هیچیان پێ ناکرێت، شێخ حوکمڕانی ئێستای شارە و وتوویەتی شەڕ لەگەڵ کافراندا غەزایە،بەرگرییە لە خاك و نیشتمان و ئایینمان.

- گرنگ ئەوەیە تورك ئەوە بکاتە پەیماننامە و مۆری بکات، من بۆ لەجیاتی شێخ مەحمود تاوەکو پەیماننامەی مۆرکراو نەبینم بەشداری ناکەم، چونکە ....

ئەوەی لایەوە بوو قسەکەی پێ بڕی و وتی :

- وەعدیان داوەتێ، گفت و پەیمانی شەرەفیان بۆ خواردووە و لێی پاشگەز نابنەوە، دەشیبینن، ئەگەر سەرکەوین سەربەخۆییمان دەدەنێ، خۆ ئەگەر عوسمانی بەرگەی ئینگلیزیش نەگرن هەر بە قازانج دەکەوێتەوە بۆمان، لە هەردوو بارەکەدا سودی ئێمەیە لە دواڕۆژدا .

بە فرمانی شێخ ژمارەی جەنگاوەران ئامادەبوون و نزیکەی دوو هەزار چەکدار دەبوون، هەرچی ئەوانی تربوون شێخ پێی ڕاگەیاندن لەشاردا بمێننەوە و شار بپارێزن، لە گوندەکانەوە خەڵکێکی زۆر هاتبوون و تورك چەکی دابوونێ، ولاخێکی زۆر بەخۆیان و باری تەقەمەنی و کەلوپەل و خۆراکەوە لە ماڵەکانەوە بەرەو خانەکە دەبران و چاوەڕێی بەڕێکەوتن بوون. ئەوانەی هێشتان نەیاندەزانی بەرەو کوێ دەڕۆن،پرسیاریان دەکرد و وەڵامیان دەدرایەوە.

- بەرەو ئەو خوارانە دەڕۆین، بەر لە هێزی ئینگلیز دەگرین لە بەسرەوە بەرەو ژوور نەیەن، عوسمانیش خۆیان ئامادە کردووە و دەڵێن تێکەڵ بە لەشکری گەورەی تورك دەبین.

-55-

سپێدەی ڕۆژی دواتر، لەشکری تورک لەگەڵ هێزەکەی شێخدا لـەڕێی خوارەوە بەڕێکەوتن، هێزێکی جێماوی تورکیش لە شاردا مابوونـەوە و ئەوانەی ولاخیان نەبوو و پیادەبوون، تفەنگیان لەشاندا بوو و لـە شاردا دەسوڕانەوە، سەردانی تورکیان کردبوو و ئەو ولاخانەی لایان مابوونـەوە نەیاندابوونێ..شەوانە لە مزگەوتی گەورەدا خڕدەبوونـەوە و خـەلکی لـە گەڕەکەکانەوە خواردنیان بۆ دەبردن، نانەواخانەیەك لـە بـازاڕە چکۆلـەدا نانی بۆ دەناردن و خاوەن موڵك و سامانەکان ناردیان بۆ بردبوو، حـاجی مـەلا سـەعیدی کـەرکوکلی بەسـەرپەدەکردنەوە و ڕۆژانـە دەچـووە نانەواخانەکە. چوار پێنج ڕۆژ بەو چەشنە مانەوە و تـورك کـەرکوکلییان بانگ کرد، وتیان :

- ئەمانـە لـەبری ئـەوەی خزمـەت بکـەن بوونەتـە ئـەرك بەسـەر شارەکەوە ! ئێمە پێویستییەکی زۆرمـان بـە ئازووقـە هەیـە و نـاکرێت لەمانەدا خەرجیان بکـەین، ئـەو چەکانـەی پێشیانە جێـی مـەترسییە، پێویستە چەکەکان بێننەوە .

کەرکوکلیی وتی :

- جێی متمانەن، هەموو مورید و لایـەنگرانی شـێخن و ئـەوانیش پێیان خۆش نییە ماونەتەوە و نەڕۆیشتوون، حەزدەکـەن چەکـەکانیان لێ وەردەگرم و لە ماڵی خۆمدا دایاندەنێم .

وتیان :

- سبەی قەڵەمدار دەنێرینە لایان و ناویان بخوێنێتەوە، چەك بدەنەوە و بڕۆن، چەند کەسن؟

- چل که‌س، سه‌دو شه‌ست زیاتریان ڕزیشتوون.

هه‌ر ئه‌و شه‌وه له‌به‌رده‌م مالّی مه‌لا سه‌عید پیاوه‌کان گردبوونه‌وه و چه‌ك و ته‌قه‌مه‌نییه‌کانیان له‌وێ دانا، تورك به که‌رکوکلییان وت :

- ژماره‌ی ئه‌م چه‌کانه زانراون، سبه‌ی وه‌ریده‌گرینه‌وه، هه‌ر ئه‌مشه‌و پێیان بلێن سبه‌ی هه‌رکه‌سه و بچێته‌وه شوێنی خۆی، خه‌لکی ده‌ستیان گرتۆته‌وه و خواردن ئه‌وه‌نده نییه، که‌ی پێویستمان پێتان بوو ده‌نێرینه شوێنتان، ناوتان تۆمار کراوه، ئاوایان پێ بلێن.

هه‌ندێك له مزگه‌وته‌که‌دا به‌ناڕه‌زاییه‌وه وتیان:

- مه‌گه‌ر به پێیان ئه‌و ڕێیه بکوتین.. ولاّخیشمان له‌ده‌ست بوونه‌وه!

- بزانیایه به‌م ده‌رده ده‌چین نه‌ده‌هاتم، من له به‌رخاتری شێخ هاتووم.

ئه‌وانه‌ی له‌نزیکه‌وه بوون پێکه‌نین و یه‌کێکیان وتی:

- کام ده‌رد!! ئێمه خواردنمان بۆ دێت و له‌به‌ر ئاگرداندا لێی پالکه‌وتووین، له‌و ڕێ و بان و شه‌ڕه‌دا بیت چی ده‌لێیت؟ ئه‌ی چۆن ده‌چیته شه‌ڕ؟ خۆ سه‌یران نییه.

- من ده‌ردی گه‌ڕانه‌وه ده‌لێم، چۆن بڕۆینه‌وه لادێی خۆمان!

## -56-

وه‌ستا و شاگرده‌کان کاری قه‌یسه‌رییه‌که‌یان ته‌واو کردبوو و بێ ئیش دانیشتبوون.. هه‌ر ئه‌و ئێواره‌یه که زانییان سبه‌ی خه‌لکه‌که ده‌ڕۆنه‌وه بۆ گونده‌کانی خۆیان، پێکه‌وه که‌وتنه قسه و وه‌ستا حه‌سه‌ن غه‌زایی وتی:

- وا ئیش و کارمان نەماوە، کرێی خۆمان وەرگرتووە و دەست بەتاڵین، ئینگلیز دەمێکە بەسرەی گرتووە، ڕەنگە ئێستا بەرەو بەغدا بکشێن، دواتر بگەنە ئەم دەوروبەرە، تورك وازمان لیّ ناهێنێ و بەرەو شەڕمان دەبات، ئەوکات کوڕم دەوێت نەچێت، تورك بەرگەی ئینگلیز ناگریّ و پەرتەوازەی کردوون. وا گوندییان دەنێرێتەوە و جاریّ پێویستی پێیان نییە.

سبەی لەگەڵ خەڵکەکەدا ڕۆیشتن و وتی:

- لەو سنوورانە دەمێنینەوە، لێرە تازە هیچ ئیش و کارێك نەماوە، ئیشێك لەویّ هەر دەبێت بیکەین، لێرە باشترە و دوورە دەستە.

وەستا حەبیب پێی وت :

- ئەگەر زانیشمان دەچینەوە بۆ ئێران، شەڕ ئەوێش بگرێتەوە هەر لەسەر سنوور دەمێنینەوە.

لەخوار شارەوە تورکەکانیان بینی و پێیان وتن :

- ناومان نووسراوە، کەی ئاگادارکراینەوە دێن و چەك وەردەگرین، هەنگوین و گوێزێکی زۆرمان بۆ سوپا هێنابوو و بڕۆن بیگەنێ، وا دابەش دەکرێت لەشاردا، بێبەش نەکرێن لێی، بڕۆن !!

بەپێکەنینەوە لە شار دەرکەوتن. لەبەری چۆمەکەشەوە وڵاخێك و پیادەیەك دەهاتن، ژن و پیاوێك بوون، ژنەکە بە سواری ئێسترەکەوە دەنگی هەڵبڕی :

- پیاوەکە بگەرێ، دیارە منالم دەبێت.

پیاوەکە لەسەرخۆ وڵاخەکەی بردە ناو درەختەکانەوە، ژنەکە کەمێك هاتەوە سەرخۆی و کابرا وتی :

- هیچ نەبێت بچینە لای ئەو کۆڵێتە، وا کەسێك لەویّ ڕاوەستاوە.

بەسەر پردەکەدا پەڕینەوە و ژنەکە [illegible]ی پێکەوت، بەپەلە گەیاندیە پێش کۆلێتەکە و ئەوەی لەوێ [illegible] لەدووردوە وتی :

- چیەتی ! نەخۆشە ؟!

- منالی دەبێت، تۆ ولاخەکەم بۆ بگرە تا دایدەگرم.

ولاخەکەی بۆ ڕاگرت و ئەویش ژنەکەی دا بەکۆڵیدا، بردیە کۆلێتەکەوە و خاوەن دارەکان وتی:

- هەربۆیە کەمێك دوورکەوتمەوە زانیم شتێك هەیە، هەر ئێستا ژنەکەم دەهێنم بۆ ئێرە با ئاگای لێبێت، [illegible] دەبەم، وا لەبەری قلیاسانێ.

شتومەکی لە ولاخەکە داگرت و [illegible] چیشتەنگاوی ڕۆژی دواتر پیاوەکە وتی:

- سوپاس بۆ تۆ خودایە، لە ئاوەدانیدا منالەکەی بوو، بەس نەبوو گەیشتینە کۆلێتەکەت! یا شێخ هاتووینە سلێمانی، وا کوڕەکەش بە ناوی تۆوە دەنێم، مالی ئەم کاکەیە ئاوابێت.

## -57-

وەك هەمیشە ڕەشەبا بوو، شەو لە مزگەوتەکەی حاجی خان پیاوان لەبەر تینی گەرمی ئاگردانەکەدا دانیشتبوون و یەکێکیان دەیوت:

- چ دەنگوباسێکی شەڕ نییە.. تورك لێرە تەواو دابڕاون و نە کەس دێت و نە کەس دەڕوات، دیارە ئینگلیز پەریشانی کردوون !

وتیان:

- باشە ئەوان بۆ کافرن؟! ئەوانیش لەسەر ئاینی کلدانییەکانی ئێرە نین؟! گاورن و خوا دەپەرستن!

مەلاکە وتی:

- لەهەمور شوێنێك باش و خراپ هەیە، لای خۆی تورکەکان موسڵمانیشن کەچی نایەنە مزگەوت، نوێژ ناکەن ..بەڵام ئینگلیز پیسن، خەریکی مەی خواردنەوەن و لە خودا ناترسێن.

یەکێکیتریان وتی:

- عوسمانی موسڵمانیشن و ڕەشبگیریش دەکەن، دەڵێن وای کردووە.

مەلا وتی:

- ئەوان لە شەڕەکاندا کردوویانە، جارێ لێرە هیچ دەنگ نییە، زوو وایان کردووە، زوو.

ئەوەی پێشتر قسەکەی کردبوو، وتی:

- پیاوێك لەبەری قەرەهەنجیرەوە هاتووە، وا لە قلیاسانە و ئەوەی بە عەزە چەمەوان وتووە، عەزیز وتی تورك هەمور کوردانی کەرکوك و دەوروبەری بۆ شەڕ بردووە، ئەوەی نەچووە خراپیان لێ بەسەرهێناوە، هەندێکیشی لێ کوشتوون تا چاوترسێنیان بکات، تورك حاڵی شڕە، بەغدا بگرن گلۆڵەی دێتە لێژی،ئەو وای وتووە و باسی تورکەکانی بە خراپە کردووە.

وتیان:

- ئەی چۆنە ئەو هاتووە، هەڵاتووە ؟!

- منیش ئەوەم لێپرسی، وتی ژنەکەی بە منداڵەوە بووە، لەبەر خاتری ئەوە وازیان لێهێناوە، دەڵێ چی پارە و پوڵم بووە هەموویم داونەتێ، ڕێك هاتووە بۆ سلێمانی، گێڕابوویەوە کە تورك چ تاڵانییەکی کردووە، لە بردنی کوردەکاندا وتوویانە دەی ئەوەی بابان، ئەوەی سەلاحەدینی ئەیوبی ئازا و قودس پارێز، ئێوە ڕۆڵەی دلێرن و جیهاد

دەکەن دژی کافرەکـان.ئێـوە ڕۆڵـەی بەجـەرگن،دوای چـەند ڕۆژێـك ئـەو قـانەیان بیرچۆتەوە و بەزۆر و پڕپێداکردن بردوویانن.

- کەواتە لێرە خۆیان کرکردووە ! گوند نشینەکانیان ڕەوانە کردۆتەوە بۆنەوەی بلێن ئێمە شـتی وا ناکـەین، تەنـها هێزەکـانی شـێخ بـۆ ئێمـە هەمـوو شـتێکە، لـەم شـەڕە سـەربکەون ئیتر شـێخ دەکەنـە حوکمڕانـی ڕاستەقینەمان، مافی گەلی کورد دەدەن خۆشییان بێ و ترشی.

لەپەڕێکیترەوە یەکێك وەلامی دایەوە:

- بەلکو ئەوان لەناو خۆیاندا یەکتری ببڕنەوە، ئەوە قـازانجی ئێمەیـە تورك و ئینگلیز یەکتری نەهێڵن، ئێمە هەرچییەکیان بـۆ بکـەین بـەفیڕۆ دەڕوات، سبەی شەڕەکە تەواو بێت وەك جـاری جـاران قنچکێـك نادەنـە ئێمـە، ئـەوەی لـە شارەکەشدا کـراوە هـەر هـی خۆمانــە و پاشمـاوەی میرەکانی بابانە، هەمووی بە پارە و پیتاکی خۆمان کراوە و ئەوان لافی پێوە لێدەدەن،کردووشیانە بـە مـاڵ بەسـەرمانەوە وبـە لـوت بەرزییـەوە تێمان دەڕوانن.

## -58-

چەکدارەکانی شێخ مەحمود لەگەڵ هێزێکی عوسمانیدا پاشنیوەڕۆیەك خۆیان کردەوە بەشاردا، هیـلاك و مـاندووبوون و ئێسـترەکان تەرسـێکی زۆریان بەڕێیـەکاندا بلاوکردبۆوە، بەر دەرکی سـەرا و مزگـەوتی گـەورە لەگەڵ گەڕەکی شێخاندا ڕەش دەچوونەوە، شارە چۆڵ و بـێ بازاڕەکـەیان قەرەبالغ کردەوە و خەلکەکە چوونە لایان و هەندێکیش بەرەو ماڵەوەیان کشـانەوە..یـەکێك لـە جـەنگاوەرەکان کـە فیشـەکدانەکەی سـنگی چ گوللەیەکی تێدا نەمابوو، بە هاوەڵەکەی وت:

- شەڕ تەواو نەبووە، عوسمانی بڕۆن لەشەڕدا بیانبینن، هیچ شەڕناکەن ..هەر شێری ناو شارەکەن ، لەگەڵ هەر هێرشێکدا زوو دەگەڕێنەوە و وەك کەمتیار هەڵدێن، بەڕاستی تورك ترسنۆکن، ئینگلیزیش تا دێت بەرەو سەرەوە دێن، خۆ ئێمە نەچووینە بەسرە، شەڕی ئێمە لەنزیك کوتەوە بوو، لە شوعەیبە..شێخ داخی ئەوانی زۆر لەدڵدایە، زۆرینەی شەڕەکان هەر هێزەکەی ئێمە دەیانکرد، لەپێشەوە بووین و تورکیش لەپاشەوە، لەکاتی بۆردوماندا هەموو پەرتەوازە بووین، ئینگلیز بە چەشنێك شەڕ دەکات دەڵێی ولاتی خۆی دەگرێتەوە، نە ئازووقە ما و نە هیچ، تەقەمەنییەکی زۆر لای تورکەکان مابوونەوە، چووین و بڕێکی کەمیان داینێ، بە شێخمان وت، پێمان وت تورك تەقەمەنیشمان ئەوەندە نادەنێ و پێمان دەڵێن بۆ کاتی تەنگانەیە، دەبێت بە خەساریان نەدەین، هەموو سەرمان ئاوسابوو لەو کارە..شێخ فەرمووی دیارە تەنگانە کاتی نەهاتووە، دیارە تەنگانە لای ئەوان گرتنی ئەستەنبوڵە ! ئەی تەنگانە ئێستا نەبێت ئەی کەیە !

هاوەڵەکەی وتی :

- هەموو گەڕاونەتەوە ؟! کەم دیاریدەدەن !!

- هەموومانین، زۆر کوژراو لە عوسمانیەکان هەیە، ئێمەش هەمانە، بێسەروشوێنمان زۆرترە، شێخ پێی ڕاگەیاندین دەگەڕێینەوە، شەڕکردن هەرگیز وا نابێت، عوسمانی هاتووە بۆ شەڕی خۆتڕێن، بێ بەرنامە و کەلوپەلی سەربازی بەگژ کێدا بچینەوە، ئاوا گەڕاینەوە.

یەکێکیتر لە ماڵی خۆیاندا وتی:

- ماوەیەك شەڕ وەستا و لەو دەشت و بیابانە مابووینەوە، وتیان شێخ فرمانی داوە بگەڕێینەوە، لە ناسرییە لاماندا، شێخ نامەیەکی دا

بە عیزەتی تۆپچی، ئاگام لێبوو عیزەت ڕۆیشت، دوایی وتیان دەبیات بۆ ئەو کوردانەی لە ناسریەن، دەیداتە دەستیان و دەگەڕێتەوە.

ئەوەی چووبووە لای عیزەتی تۆپچی بۆ باسکردنی شەڕەکە، کەوتە قسە و عیزەت پێی وت:

- ناله برایم، من متمانەم پێتە، کەس نەیزانێت، بەڕاستی شێخ لە تورك زۆر دوودڵە و بڕوای وایە هیچیان لەدەستدا نەماوە، نامەیەکی دامێ و لە ناسریە دامە دەست کوردە ناسیاوەکانمان، وتم ئەمە زۆر نهێنی بێت، بیدەنە دەست ئینگلیز و هیچیتر، شێخ نامەکەی بۆ پشتیوانی لە کورد نووسیبوو، ئەگەر ئینگلیز لەم شەڕەدا سەربکەون هەڵبەتە تورك ناچاری پاشەکشە دەکەن لەهەموو ناوچەکاندا، بۆئەوەی لەداهاتوودا بیرێك لە گەلی کوردیش بکەنەوە، ئینگلیز دێت، وا بڕوات دەگەنە موسڵیش و تورك تەفروتونا دەکەن، ئێمەی کورد بۆ لەگەڵیاندا بدۆڕێنین کە شەڕی ئێمە نییە، ئەمە شەڕی داگیرکەرانە دژ بە داگیرکەرانی ئێستامان.

سەرلەئێوارەش ،پاسارییەکان کە لە سپێدەوە ڕووەو پێدەشتەکانی دەوروبەر لەشەقەی باڵیاندابوو،پۆل پۆل دەگەڕانەوە و ژیانی تایبەتی خۆیان دەژیان، دوور لە کۆڕی بێزراوی ئەو بوونەوەرەی پێی دەڵێن مرۆڤ.

## -59-

بۆ هەواڵ پرسینی کوڕو ڕۆڵەکانیان، خەڵکێکی زۆر بەرێی ماڵی شێخەوەبوون، لەو کاتەوەی بەرەو شەڕ ڕۆیشتبوون، بێسەروشوێن و ونبوویەکی زۆر لەریزی چەکدارەکاندا نەگەڕابوونەوەو خەلکەکە

چاوەڕێیان دەکردن، ڕۆژێك ئاژانسی حەربی هاتە شارەوەو خەڵکەکە ڕوویان تێکردن، ناوی جەنگاوەرانی دەخوێندەوەو ئەوانیش لەچاوەڕێی ئەوەدا بوون ناوی کەسەکانیانی تێدا بێت، چەند کەسێك هاتنەوەو ئینجا سۆراخیان لەوان دەپرسی، لەمانگێکدا جارو دوو جار ئەو ئاژانسە دەگەیشت و خەڵکەکە بەپرتاو گرد دەبوونەوە، ئەگەر جاروبار ناوی کەسێکی بخوێندایەتەوەو بەکوژراو لەقەڵەمی بدایە، دەبووە قیژەو هاوارو تێکچوونی بارو دۆخەکە، هەندێکیش لەگەڵ گەیشتنیاندا دەترسان و نەیاندەوێرا لێیان نزیك ببنەوە، تاوەکو هەواڵێکی ناخۆشیان نەهێنابێ و لەبەردەمیدا خۆڕاگرنەبن.

تورك سەرلەنوێ کەوتنەوە خۆ ئەوە بە شاردا دەنگی دایەوە کەسوپای ڕووس گەیشتوونەتە سنووری ئێران، وتیان لەبەری پێنجوێنن و دەبێت بەرگری بکەین، هاتوچۆ لەگەڵ شێخدا دەستی پێکردەوە، سوپاو لەشکر ئامادە بوون و شاریان چۆلکرد، دوابەدوای ئەوە تورك کەوتنە دزی و تالانی و چی لەماڵەکاندا بوون هەمووی زەوت کردن، بەپاج و خاکەناسەوە کەوتنە دەرهێنانی خۆراك و ئازووقەی شاراوەی ماڵان، گرانیش دەمێك بوو کەوتبوو؛ دۆخەکەوە و بەپێی تێپەڕینی کات زۆرتر دەبوو، بەولاخی زەوتکراوەوە گەنم و جۆی دزراویان گواستەوەو بەشاردا کەوتنە جاڕدان، تورکمان وتیان:

- جیهاد دژی سوپای کافرو شەیتانەکان بکەن، ئەوەی شەڕ دەکات غەزا دەکات لەگەڵ کافراندا.

پاش چەند ڕۆژێك کەوتنە گرتنی خەڵکەکەو ئەوەی دەستی تفەنگی بگرتایە پێش خۆیاندا .. وتیان ئەمە پشتیوانیکردنی هێزەکانمانە بۆ پاراستنی ناوچەکەو ڕزگارکردنی لەچنگی داگیرکەران،

هەر خەلك بوون شەوانە شاریان جێدەهێشت و بەرەو بناری چیاكان دەڕۆیشتن و خۆیان دەشاردەوە، بۆ گوندەكان هەلدەهاتن و لەوێشەوە گوندنشینان ڕوویان لەشار دەكرد، پێدەچوو ناوچەیەك بەئارامی نەمابێتەوە.

ڕۆژێك گوێم لە قرەقرێك بوو، لەبەری خوارەوە چەند دەستەیەك ئەسپ سوار هاتن و لەدوایانەوە ئوتمبێلێك دەركەوت، چووە بەردەم سەراكەو ئوتمبێلەكە وەستا، وتیان:

- ئیحسان پاشا هاتووە، ئێستا لەمالی حاجی مەلا سەعید كەركوكلییە.

پاش گەڕانەوەی، شتێكی نوێ كەوتە سەر زاری خەلكی.

- سەفەر بیرلك، تورك جاڕی سەفەری بێ گەڕانەوەی داوە و هەر كەس نەچێت دەیكوژن، ڕەشبگیریان لە هەموو شوێنێكدا كردووە، یان لە شەڕدا دەكوژرێی یان لە شاردا.

دەست كرا بە پشكنینی مالەكان، هەندێك لە دوكانەكاندا خۆیان شاردەوە و دەرگایان لەسەرخۆ پێوەدا، برێك لە ئاشەكاندا بوون و توركیش بێوچان دەگەڕان و سەریان لە تەكیە و خانەقا و مزگەوتەكان دەدا، ئەوەی بەردەستیان بكەوتایە دەستبەجێ ڕاپێچی سەربازی دەكرا و ئەوەیشی بەرهەلستی بكردایە دەكوژرا، چەندین لاو لەبەری داربەڕووەكانەوە گیران و بردیانن، باوكەكان وتیان:

- بڕۆن باشترە، زۆر كوژراون و خۆشاردنەوە داد نادات، یان ئەوەتا لەگەلیان بەشەڕدێن و ژیانمان دەخەینە چنگمانەوە، یان دەڕۆن و مانەوە و خۆحەشاردان هیچ سودی نەماوە.

# -60-

برسێتی و قاتوقڕی زۆری هێنابوو، تورك بە تاڵانکردن و سەندنی دەغڵ ودانیماڵەکان ئێجگار دونیاکەی شێواندبوو، سەرباری ئەوەی شارەکە چۆڵ ببوو و پیاوان و لاوانێکی زۆر بەرەو مەیدانی شەڕەکان پەلکێش کرابوون، ژن و منالان و پیاوانێکی بەتەمەن مابوونەوە و ڕۆژ بەڕۆژ لە سك هەڵگوشین و دەستگرتنەوەدا بوون، هەندێکیش دەبوو ناوبەناو نان و خواردن ببەنە دەرەوەی شار تا بۆ کوڕ و باوك و برا و مێردە هەڵاتووەکانیان بەرن، لێڕی چڕی بەری قلیاسان پڕببوو لە خەڵکی. تورکیش نەیدەوێرا بەنێو دارستانەکەدا بکەوێتە پشکنین، تەنیا لە چواردەوری شاردا سەر ڕێیەکانیان گرتبوو و نەیاندەهێشت خواردن بەرێتە دەرەوە، چەندەها پرسیاریان لێدەکرا و برێکیشیان خواردن و نانەکەیان لێدەسەنرا، ناچار ئەوان ئەوەیان دەکرد و چی دەغڵ ودانیان هەبوون دەیانبردن و نەدەگەڕانەوە ..لەو ڕۆژانەدا ڕاوەماسی برەوی هەبوو، چەند کەسێك بە ئاراستەی ئاوەکەدا دەڕۆیشتن و لەبەری خوارەوەشدا جەواڵ و قوماش و شەرواڵیان گرتبۆوە و بە چەقۆی بەستراو و پەلکی نوك تیژەوە ڕاوی ماسییان دەکرد. لە شاریشدا دیمەنەکە زۆر دژوار بوو، کەسانی دەوڵەمەند و خاوەن سامانی وەك کەریمی ئەلەکە و حاجی کەرکوکلی خواردنیان دەدا بە خەلکە برسییەکە و ئاهێکیان بەبەردا دەکردنەوە، لەپێش نانەواخانەکانیشەوە خەڵکێکی زۆر بێ پارەوپول ڕاوەستابوون و دەیانڕوانییە ئەو کەسانەی نانیان دەکڕی، ئەوەش لەماوەیەکی درێژخایەندا ڕوویدەدا، لە چارەکە سەعاتێکدا تەنیا دووسێ نان دەفرۆشرا و لە تەنوورەکەوە دەردەهات و دەستبەجێ

دەکەوتە نێوان دەستی ئەو کڕیارەوە کە چوویووە قووڵایی نانەواخانەکەوە.. ئەویش خێرا نانەکەی قەد دەکرد و گورج لە چاوی برسییەکانی دەشاردەوە، گونکەکانیش لە بنی دوکانەکەدا دەپارێزران تاوەکو پڕیان پێدا نەکرێن، لەوبن دیوارەی پشتەوەدا تا دەستیان پێڕانەگات و نەکەونە بەر پەلامار.

فڕۆکەیەك ئاراستەی دەشتی وەیس دەکشا و بەخۆی و فڕەفڕیەوە ئاسمانەکەی دەبڕی، لەناکاوێکدا دەنگی بەجارێك گۆڕا و کەوتە شیوەکەی دۆزەخ مینەوە و گڕێکی تۆیەڵی لە ئاسماندا جێهێشت، هەپروون بوو و دواتر زانرا کە هەردوو فڕکەوانەکە ئەڵمانی بوون کە تێیدا مردن. خەڵکەکە بەرەو ڕووداوەکە کشان، تەرمی فڕۆکەوانەکان لەلاوە کەوتبوون و گیانیان لەدەستدابوو، پاشان بردیاننە گردی ئەڵمانەکان و ناشتیانن، دیمەنی کەوتنەخوارەوەکەی هەروا لەپێش چاودا بوو و هێندەی زانی یەکێك نانەکەی نێو دەستی فڕاند و بۆی دەرچوو.. نانەواکە هاتەوە هۆش خۆی و پێکەنینێکی هات، وتی:

- خەیاڵم لای فڕۆکەی ئەڵمانییەکان بوو کە کەوتە خوارەوە و وامزانی ئەوەی نانەکەم لێوەردەگرێت کڕیارەکەیە! هەر زراویشی بردم!!

لە دوورتر چەند کەسێك نیشتنە سەر ئەوەی نانەکەی فڕاندبوو و هەریەکەی پارچەیەکی لێکردەوە، نانەواکە نانێکیتری برژاند و کەوتە پارچەکردنی، سەرو لەتێکی دا بە برسییەکان و بەشڵەژاوییەوە وتی:

- دەبڕۆن لاچن..خۆ کەس ناوێرێت نانێك بکڕێت!، ئێوە لێرە ڕابوەستن زیاتر برسیتان دەبێت، ئەی خوایە چ حاڵێکە تێیکەوتووین! بەڕاستی نەدەبوو شێخ بەو هەموو چەکدارەوە بچێتە شەڕی ڕووس، لێرە بمایەتەوە و نەیهێشتایە تورك بەم دەردەمان بەرێت.. ئاوا بکەونە

تالآنکردن و ماشینەوەی پارووی خەلکی، من نازانم چوون بەرگری لە کێ بکەن!! ئەگەر لەم خەلکەیە ئەوا زەلیل و ڕیسوا بوون و هەموو لەبرسا مردوون، تف لە شەڕ و تف لە چەك و قارەمانێتی، دلێری و نەبەردی ئەوەیە میللەتەکەت برسی نەبێت، تالآنی و نەهامەتی نەچێژێ و سەر بەرز بژی، خۆ هەموو ئەو چەکدارانە بەرەنگاری تورك بوونایەتەوە خەلکەکەش لەگەلیاندا هاوکاری دەکرد و لە ڕیشەوە هەلیاندەکەندن! ئێمە لەچی دەترساین؟ لەوە دەترساین دەربەدەر و مالوێران و تەفروتونا نەکرێین، ئەوا هەموویان هەن ئێستا، هەم دەربەدەر بووین، هەم مالوێران و کوژراو و تەنانەت ئافرەتەکانیش بۆ تێرکردنی سکیان و مال و منالیان لەشفرۆشی دەکەن و ناچارن خوورەوشتی ناهەموار و ناجۆر بگرنە بەر .. من نازانم ئیتر بۆ هەبین!! بۆ دەترساین و لەچیش دەسلەمینەوە! ئاخ، ئاخ..کە ئەو برسیانە دەبینم، کە ئەو هەموو منالە لاواز و ڕوخسار زەرد و چاو بەقوولاچوو و چلکنانە دەبینم، لەناوەوە دەسوتێم، هەست دەکەم ئەوە تەنوورەکە نییە قرچە لە هەویرەکەوە هەلدەستێنێ، ئەوە لە جەرگی منی دەدات، چیم لە دەست دێت لەوە زیاتر؟ جار جارە نانێك و هیچیتر، بڕوانە چەند گوناهن، شەیتان بە شەیتانی خزیەوە دەبێت بە ناو ئەمانە ببینێ، وەرن بێکەسەکان، ئەی بێ پشتیوان و، بێ خاوەن بووەکان، باوك ڕۆیشتووەکان.

منالێك لەلاوە دەستی کرد بە گریان و هەموو تەماشایان کرد، بەلام بە نیگایەکی لاوازەوە بوو،وەك خەونێکی ڕاگوزەر و بێ ناوەرۆك، نانەواکە چەند نانێکیتری برژاند و یەکە یەکە سەرو لەتێکی بەسەردا دابەشکردن، بەدەم ئەو کاریەوە دەشیوت:

- بگرن، دەی بخۆن.. با هیچم بۆ نەمێنێتەوە، مردن!! کامەیە مردن؟ ئەی ئەمە بۆ خۆی چەند مردنێك نییە لە ڕۆژێکدا ؟!!هەر خوا دەزانێت ئیتر چیمان لێ بەسەردێت.هەموو لە برسا دەمرین و یەکتری دەخۆین.

## -61-

ئیتر پاسەوانیان لەبەردەم نانەواخانەکاندا دانا بۆئەوەی کەس نان نەفرێنێ لە دەستی ئەوانەی نانیان دەکڕی، ئەو مێردمناڵانەی نانیشیان کڕیبوو، نانەکەیان دەگرت بە سنگیانەوە و دەڕۆیشتن، هەندێك لە پارچە خامێکەوە دەیانپێچا و برێکیش بۆ ژێر جلوبەرگەکانیان.

کەریمی ئەلەکە زانیبووی کەسانێکی زۆر، برسی لە ماڵی خۆیان دانیشتبوون و لەبەر نەخۆشی و لەڕووداماندیش نەدەهاتن داوای هیچ بکەن، بە یەکێك لە ئاشەوانەکانی وت:

- بەدزییەوە ئەمە بەرە بۆ ماڵی ئاسکۆڵ، ژنەکەی جەبارە مسگەر، برۆ، ئەمەش بۆ منداڵەکانی عەبدوڵڵا، عەبەی پینەچی لە دەرگەزێن، ئەمەش بۆ باوکی ئاترەکە،پاڵەوان دەڵێم، مەهێڵە کەس بیزانێت.

نانی گەنم و جۆ ئیدی نەمابوو، خەڵکێکی زۆر بەڕوویان کردبوو بە نارد و نانی بەڕوویان دەخوارد،نارده برنج و پەمووودانە ، مێوژ و تووی وشك.. عەباس ناوێك هەبوو، ڕاوی باڵندەی دەکرد و شەوان بەنهێنییەوە بەرەو شار دەگەڕایەوە ،ماڵیان لەپەڕێکی تەریکەوە بوو و شوێنەکەیان حسێبی گەورەی گوێدرێژەکانی بۆ دەکرا. ورده ورده برسێتی زۆرتری دەهێنا و هاوشانیشی نەخۆشی بڵاوبۆوە. ڕۆژێك گوێدرێژێکیان سەربڕی و جگەرەکەیان برژاند، برێکیش گۆشتەکەیشیان برد و کەوتنە کوڵاندنی

..چەند کەسێك نەخۆش و برسی مردن و لێرەو لەوێ لاشەیان کەوتبوو، ئەوانەی هێشتاکە برسێتی شالاوی تەواوی بۆ نەبردبوون، دەیانوت:

- لە شەڕی فارسیشدا برسێتی و گرانی بەم شێوەیە نەبووە، تورك هەموو شتێکی برد، ئەودیشی پیاوانی شێخ بردوویانە بۆ شەڕ بەشی هەمووانی دەکرد و نەیدەهێشت عالەمەکە وایان لێ بەسەر بێت، ولاتێکی شێواو و بێ ساحێب، بە تەمەنی خۆم ڕۆژی ڕەشی وام نەبینیووە !

- خوا دەزانێ ئەوانەی چوونەتە سەفەربەلك چییان لێهاتووە، حاڵیان چۆن بێت! ئێرانیەکانیش دەربەدەر بوون، ڕووس هێرشی بۆ هەموو شوێنێك کردووە، ئەڵەمان بە چی فریای تورکەکان بکەوێت، هەموو لە دژیانن، هیچیش دیار نییە، بێن باشترە، کێ دێت بێت و فریای خەڵکەکە بکەون و بێن بەهانامانەوە، شەڕی داگیرکەرەکانە، داگیرکەرێك هاتووە ئەویتر دەربەڕێنێ، شێتییە..بەشەر شێت بووە و یەکتری دەبڕێننەوە. خوا غەزەبی لێگرتوون.

لە پەنا دیواری مزگەوت و کەلاوە داتەپیووەکان و پاڵ پەرژین و لارێیەکاندا لاشەی مردوو دەبینرا،نەخۆش و برسییەکان پاش ماوەیەکی کورت دەدەمرچاو و دەست و پێیان هەڵدەئاوسا و بێ چارەسەر و نامراد مردار دەبوونەوە،زیندووە بێ حەوسەڵەکان و چاو بەقووڵاچووەکانیش وەختێك لاشەی مردووەکانیان دەبینی، زراویان دەچوو و بۆگەنیش بێئەنداز بڵاوبووەوە،شارەوانی ئیتر نەیدەپەرژایە سەر ناشتنی مردووەکانیش و نیگاری جەنگێکی بێ تەقوهۆڕ دەرژایە سەر دیمەنی ئەو شارەی کە تەنها منداڵە لاواز و ژن و پیر و پەککەوتەکانی تێدا

بوون و ئەوانیش هیچ توانـای زەوی کێلانیـان نـەبوو تـا زووتـر بـەفریای خۆیان بکەون.

## -62-

شێخ مەحمود و چەکدارەکانی گەڕانـەوە، هاتنـەوە بەسـەر شـارێکی وێراندا، دوای دوو ڕۆژ ئەو بڕە ئازووقەیەی هێنابوویانەوە چەند ماڵێکی لە هەڕەشەی مەرگ ڕزگـار کـرد، پیاوەکـان چوونـەوە و بەشـە خۆراکـی گەڕاوەی خۆیان بۆ بردنەوە، وتیان :

- تورك حاڵی زۆر شڕ بووە، هەموو بەرەو کەرکوك ڕۆیشـتن و لەبـەر هێرشـی ڕووس هـەڵدێن، ئێمەشیان تۆمـەتبار دەکـرد بـە دز و ڕێگـر و تـالانچی، وەختـەبوو بچینـە پـاڵ ڕووس و هـەقی بـەرودوا لـە تـورك بکەینـەوە، چەند چەکدارێکیان لێ کوشـتووین، گوللـەبارانیان کـردن و وتیـان فرمـانی سـەربازییە لەشـەڕدا، ئـەوەی دزی و تـالانی بکـات دەکوژرێت، بە ئێمەیان دەوت چەتە !!

پیرەژنەکان وتیان:

- هەر دوای ئێوە هاتن و چیمان هەبوو هەموویان برد، خۆیـان دز و چەتەن، ئەم حیزەلانە هەر بە ئێمە دەوێرن، خـەڵکیان لەبرسـا کوشـت ، بڕۆن لاشەی مردووە قوڕبەسەرەکان ببینن.

- دوعام لێکردوون، شتاقیان نەمێنن، بڕۆن و نەگەڕێنەوە، خـوا لـە قەهر و غەزەبی ئەم عالەمە تۆڵەیان لێ بکاتـەوە، ئـۆی کـاك ئەحمـەدی شێخ، شێخ مارفی نۆدێ هەقمان بسەنرێتەوە .

## -63-

لەنیودڕۆیەکدا دەستەیەك لە سوپای هەڵاتووی تورك گەڕانەوە بۆ شار و کەوتنە جاڕدان و گەیاندنی هەواڵی نوێ، وتیان:

- وا ڕووس دەیانەوێت لەشکرکێشی بکەن بەرەو شار، بکەونە خۆ و بەریان لێبگرن، مەهێڵن شار بکەوێتە دەستی بێگانەوە .. بەرەنگاریان بن، لێیاندەن.

پیاوانی شێخ هیچیان نەکرد، چەند ولاخێك بە باری ئازووقەوە گەیشتە بەردەم ماڵی شێخ و خەڵکی لێی کۆبوونەوە، دەستیان کرد بە دابەشکردنی و یەکێك لەوانەی بارەکانی دادەگرت بە جەنگاوەرانی وت:

- ئەمە لە لەشکرەکەی تورك جێسابوون، هەندێکمان چووبوونە بەرەی ڕووسەکانەوە و لە دەستی تورك هەڵاتبوون، تورکی ترسنۆك تەقەی لەوانە دەکرد کە ئازووقەیان باردەکرد، ڕووس دێن، پیاوانمان پێیان ڕاگەیاندبوون ئێمە لە دژیان نین، ڕووس بە چاوێکی ترەوە دەڕوانێتە ئێمە، هەندێکمان وا لەپاڵیاندان و بەرەو ئێرە دێن.

شێخ ئەسپ سوارێکی زۆری نارد، پێی ڕاگەیاندن:

- تورك لەهەموو گفت و پەیانێکیان پاشگەزبوونەتەوە، بەسە ئیتر سەرشۆڕی و برسێتی قبوڵ ناکرێ، چاوتان لێیە تورك چ ناپیاوی و نامەردییەکیان لەگەڵ کورددا کرد، لەجیاتی ئەوەی دان بەمافی گەلەکەماندا بنێن، بە چەتە و تالانچی تۆمەتبارمان دەکەن، ئیتر دەبێت بیر لەسەربەخۆیی خۆمان بکەینەوە. بڕۆن و گوزەرانی شاریان بۆ باس بکەن، کەس تەقە نەکات.

زۆربەی تورکـەکان لەگەڵ نزیکبوونـەوەی سـوپای ڕووسـدا شـاریان جێهێشت، بڕێکیان بە دیل گرتن و جگە لـە دەنگی تـەقوهوڕێکی کـەم چیتر ڕووینـەدا، شـار بـە دەسـت ڕووسـەوە بـوو و شـێخ مـەحمودیش دەمراستی خـەڵکی، لەگـەڵ خۆشیاندا بـارێکی زۆریـان لـە خـۆراك و نازووقە پێبوو و برسێتییەکە وردە وردە دەڕەوییـەوە، هـەرچی ئەوانـەش بوون کە هەڵاتبوون، دوای کشانەوەی لەشکر و سوپای عوسمانی، ڕوویان کردەوە شار و بەمەیەنەتییەوە دەیانڕوانییە ئەو لاشانەی لە کۆڵانەکان و ڕێیەکاندا کەوتبوون، ئەوانەی لەبرسێتیدا گیانیـان سپاردبوو و خـەڵکی برسیش نەپەرژابوون لاشەیان بشارنەوە.

## -64-

کشـانەوە و گەڕانـەوەی سـوپای ڕووس لـەناکاودا بـوو، هـەموو هێزەکـانی خۆیـان لـە شـار بـردە دەردوە و ڕۆیشتن، زۆرینـەی نازووقـە سەربازییەکەیان بۆ شێخان جێهێشت و خەڵکی کەوتنە مقۆ مقۆ.

- دیـارە تـورك سـوپایەکی ئێجگـار گـەورەی بەڕێوەیـە هەربۆیـە ڕووسەکان دەڕۆن!

- تورك بێنەوە تۆڵە لە جەنگاوەرانمان دەکەنەوە، دەڵێن چوونەتە پاڵ ڕووسەکانەوە !

هاتوچۆ زۆربوو و بەردەرکی سەراکە و ماڵی شێخ لەبەر خـەڵکی بەرنەدەکەوتن، بۆ ڕۆژی ئایندە دەنگێك گەیشتە گوێی خـەڵکی و بـە ناویاندا بڵاوبۆوە .

- شۆڕش ڕوویداوە لە وڵاتەکەیاندا، حوکمڕانی نوێ بانگهێشتی سوپا و سەربازەکانی کردووە بگەڕێنەوە بۆ ڕووسیاو بڕیاری ئاگر بەست بدەن، چیتر شەڕ نەکەن و بێلایەن بمێننەوە.

خەڵکی پێیان ناخۆش بوو، ڕووس لەوماوەیەدا برسێتی کەمکردبۆوە ویارمەتی دابوون، شارەکەی هێمن کردبۆوەو پارێزگاری لێدەکردن، چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد سوپای ئینگلیز بێن و نەهێڵن تورک بگەڕێنەوە، پیاوانی شێخیش داخ لە دڵ ببوون و پێکەوە قسەیان دەکرد.

- بەڕای من هەر بێنەوە لێیاندەین،شێخ ڕێگە نەدات قاچ بخەنەوە ئەم شارە،ئەوان بە ئێمە بڵێن دز و جەردە و چەتە، بێنەوە خراپتر دەکەن، هیچ مافێکیشمان نادەنێ و وەك جاران و بگرە خراپتریش دەکەن. لێرە چی دەغڵ ودانی ئەو خەڵکەیە هەموویان تاڵان کردبوو، بە ئاشکرا! بە ڕۆژی ڕووناك !

- وا حەوت مانگە ئینگلیز بەغدای گرتووە و بەرەو سەرەوە ناکشێت، کەرکوك هێشتاکە بە دەست عوسمانیەکانەوەیە، لەوەدەچێت هێزێکی زۆری خڕکردبێتەوە لە دەوروبەری کەرکوك، من بزانم تورك ئیتر هێرش ناکەن و تەنها بەرگری دەکەن! ئەمە بۆچوونمە.

- جا تورك لە سەرەتای شەڕەکەوە هەروا دەکات، هەر بەرگری و، ئەوەش نازانێت، ناتوانێت بەرگریش بکات، ئینگلیز ئەگەر دەزانن چەندە بێ وزەو فشەڵن، عوسمانی بۆتە دارێکی کلۆر. .شێخ بە عیزەتی تۆپچی وتووە تورك بێنەوە و دەست لەو سیاسەتە هەڵنەگرن بەرەنگاریان دەبینەوە.

دوابەدوای کشانەوەی سوپای ڕووس،کە هاتنیان جگە لە خەیاڵێك،فریادڕەسێکی ئێو خەون چیتر نەبوو،پێدەچوو ڕووس

خۆزگەیەکی گەورەکراو بووبێ و هاتن و ڕۆیشتنەوەی خەیاڵیان لـەپێش چاوی ئەوانـەدا بووبێت کـە برسێتی کوشندە و نەخۆشیی وزەپڕوکێن بێئاگای کردبوون لـەوەی ڕوویـدەدا .. دوابـەدوای ئـەو حاڵەتـە دژوارە، تورك ڕۆژێك پەیدابوونەوە و لەسەرەتادا دەستە دەستە هاتنەوە ناو شار، بـەلام وەکـو جـاران زۆر نـەبوون و لەگـەڵ خۆشـیاندا شـتومەکیان هێنابوو.لەو دەمەشدا شار جۆرە ڕەنگێکی گرتبوو کە نەیدەزانی خاوەنی ڕاستەقینەی خۆی کێیە!

## -65-

کۆتایی ڕێبەندان بوو، ڕەشەبایەك بە تونـدی هـەڵیکردبوو و دونیـای تەڕی وشك کردبۆوە، ڕێـیە قوڕاویەکانی شەقار شەقار کردبـوو و لەبـەری ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەلات دەکشا، شەپۆلی بـەهێزی دەدا و شـەو و ڕۆژ وچانێك هێمـن نـەدەبۆوە..لەبـەری داربـەڕووەکانی گۆیـژەوە خـەلکی بەڕوویان بۆ شار دەگواستەوە و لەسەر ڕێـی سەرەکیشـەوە هـەر بـۆ ئـەو مەبەستە چەند ولاخێك بارە بەڕووی دەهێنا، ڕۆژنامەیەك لەنێو دەستی کەسـێکدا بـوو و لـە چایخانەیـەکدا دەیخوێنـدەوە، سـەری هـەڵبڕی و بـە چایچییەکەی وت:

- ئەو تۆزە تووە چییە هێناوتە ؟

مەجـۆلی خامـە سـنەیی چـایچی چـەند دەنکـە تووی‌ـەکی وشککراوەیتری هێنا و وتی:

- ئەمەش چوار دەنکی تر، ئەفەندی ئەمە چییە دەیخوێنیتەوە ؟

کۆمـەڵیان لـە دەوروپشـتی کـرد و ڕەسـوڵە فـەنی بـەدەم چـا خواردنەوەوە وتی:

- ئەمە جەریدەیەکە لە بەغدا دەردەچێت، بە دزییەوە هاتووە، ئەمە تەنها بۆ کوردە و ڕەوانەیان کردووە، عەلی ڕەزا بەگ ئاگای لیّ نییە .. ئەمە بە نهێنییەوە لە عەبدوللاّ سافیم وەرگرتووە، چەند دانەیەکی هاتووە و دابەشکراوە.

وتیان :

- ناوی چییە؟

- کێ دەری دەکات؟!

دەنگی کزتر کرد و وتی:

- ناوی تێگەیشتنی ڕاستییە، ئەو مێجەرە دەریدەکات.. مێجەرسۆن سەر بە سوپای سەربازیی ئینگلیز، ئەوەی زوو لێرە بوو و پێیان دەوت میرزا غولاّم حسێنی شیرازی، لەبیرتانە لێرە سیخوڕ بوو؟!

- ئەوەی سەردانی هەڵەبجەشی دەکرد؟ ئەو جاسوسەی ئینگلیز؟

- ئا..خۆیەتی، بە پشتیوانی شوکری فەزلی شاعیر دەریانکردووە، دەیانەوێت کورد پەیوەندی بکات بە هێزەکانی ئینگلیزەوە، زۆر بە شێوەیەکی نایاب لەسەر کورد نووسیویانە و بە قارەمان و ئازا و نیشتمانپەروەر باسکراوین، دەیانەوێت کوردیش وەك عەرەب لەگەڵیاندا بێ و دژی تورك ڕاپەڕین بکەین و بجەنگێین.

بە ئاگادارییەوە تەماشایەکی دەرەوەیان کرد و ڕەسوڵە فەنی ڕۆژنامەکەی لوول کرد و شاردیەوە. وتیان:

- کەرکوك نەگیراوە ؟ هەواڵی شەڕەکانی باس نەکردووە؟!

- نەء ..چۆن باسی شەڕ دەکات! چۆن جوجزڵی خۆیان بە ئاشکرا دەڵێن ! تەنها وتوویانە بەم زووانە کوردیش وەك عەرەب ڕزگار دەکەین لە دەست عوسمانی.

یەکێکیان قسەکەی پێ بڕی و وتی:

- ئەو خوارانە بووژاونەتەوە، ئینگلیز ناهێڵێت تۆسقاڵێك برسی بن، ژیانیان خۆش بووە.

چایچییەکە پیاڵەکەی بەردەمی ئەفەندی بردەوە و وتی:

- باشە مامۆستا، ڕووسەکان بۆ لەپڕێکدا ڕۆیشتنەوە ؟ بەڕاستی وەك دەگێڕنەوە ئەوان زۆر باش بوون، خۆزگە هەر ئەوان لێرە بوونایە، ئەوانیش لەگەڵ ئینگلیزدا نەبوون؟!

وتی:

- با، بەلام لای خۆیان شۆڕش هەلگیرسابوو، ڕوسیای قەیسەری ئیتر نەماوە، شۆڕشی ئۆکتۆبەر قەوماوە، شۆڕشی کرێکاران و یەکسانی، کرێکاران و جوتیاران.

چایچیەکە گوێی بۆ شل کردبوو و لەگەلێدا خەیاڵی دەڕۆیشت، جگە لە دیەنی چەکوش بەدەستەکان چیتری نەدەهاتە بەرچاو و بزەیەکیش بە ڕوخساریەوە بوو، ئەوانەی لە چایخانەکەشدا دانیشتبوون هەموو ئومێدیان پەیدا دەکردەوە و چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بوون ئینگلیز بێ و ڕزگاریان بکات.

-66-

بەدەم ڕێوە کەوتە پێکەنین، تەماشای درەختەکانی باخی گشتی کرد و جریوەی چۆلەکەکان ڕژانە سەریەوە، بۆ ڕیشۆڵە ڕەشەکان چاوی گێڕا و بەخۆی وت:

- جارێ زووە، هێندە سارد نەبووە بێن!

سالآنی زووتری بیرکەوتەوە،ڕیشۆڵەیەکی زۆر پۆل پۆل لە ئاسمانەکەدا تۆپەڵی هەمەجۆریان دروست دەکرد و بەرامبەر بە تیشکی خۆرەکە دەڕۆیشتن، کاڵ دەبوونەوە و لە لادانێکدا ڕەنگیان تۆخ هەڵدەگەڕا، پاشان درەختەکانی بینییەوە ڕەشدەچوونەوە، زیقە و دەنگیان کاسی کرد، تەماشایەکی سەر تلۆفك و پەلك و لقەکانی سەرەوەی کرد و بەسەر بەرزایی دار سنەوبەرەکانەوە ڕیشۆڵەی بینی، لەولاتریشەوە پۆلێك بەئاسمانەوە بوون و بەرەو درەختەکان دەکشان.

- نا، وا هاتوون.. لەدوای بارینی بەفری سەر شاخەکان هاتوون، دیارە ئاگام لێیان نەماوە !

سەرمەند بزەیەکی بۆ کرد و بە شەقامەکەدا ڕۆیشت،چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازانی ئەمەریکی بە ڕێگەکەدا ڕۆیشتن، لەگەڵ خەلکەکەدا سەیری کردن و گەڕایەوە بۆ چاوەڕوانییەکەی شار،بۆ هاتنی ئینگلیز و ڕزگارکردنیان لە چنگی عوسمانی..هەستیکرد هەمان ڕۆژگارە و پێستێکی دیکە قەتماغەی کردووە لەسەری. بیری درێژبۆوە بەرەو گەردەلوولی بیابان و ڕێوی بیابان، گرانی و گەمارۆی ئابووری و لەو دیمەنانەدا وێنەیەکی دزێوی کەوتەوە بەر نیگا. دیکتاتۆر لە کۆشکەکەی خۆیدا، لەبەری بالکۆنی سەر ڕووباری دیجلەوە دانیشتبوو و پاسەوانە سمێل زلەکانی سینییە خواردنیان دەهێنا، خوانی بەردەمی، هەموو جۆرە خواردنێکی لێ دانرابوو و ئەویش بە پێکەنینەوە، خواردنەکانی هەڵدەدایە ئاوەکەوە تا ماسییەکان بیخۆن، بەدەم کارەکەیەوە دەیوت:

- گەمارۆ لەسەر من نییە، چیم زۆرە خواردنم زۆرە و ئەمە گەمارۆیە لەسەر میللەت.

بۆردومانی کۆشکەکانی بینیییەوە و لەپەنجەرەیەکی تاریکی ئەو ئێوارەیەدا موشەکەکانی هاتنەوە پێش چاو، لە بەنداوەکانیان دەدا و ناوەڕۆکانیان خاپوور دەکرد. بە شەقامەکەی وت:

- ئەو چاوەڕوانییەم بینیووە، وەکو ئومێدی ئێمەش لە لێدانی عێراقدا، چاوەڕوانی ئێستامان بۆ دەستێکی ڕزگارکەری وەك ئەمەریکاو هاوپەیمانان، لەو جەنگەشدا ئومێد و هیوای هاتنی ئینگلیزەکان ! زۆرم پێ سەیرە، ئەم دووبارەبوونەوەیە لەپاش حەفتاو سێ ساڵەوە.هەر بەردەوامە، بەڵکو لەپاش هەشتاو چوار ساڵیشەوە لەکاتی ڕزگارکردنی تەواوی عێراقدا !

لەپاڵ سەرمەندەوە بووم، گوێم لێبوو شەقامەکە لەنێو دەنگی مەکینە و نەڕە و گرەگری ئوتمبێل و پاسەکاندا بەکزییەوە وتی:

- جیاوازییەکە تەنها ئەوەندەیە، برسێتییەکە ئێجگار بەو چەشنەی کاتی تورك دووبارە نەبۆوە، لەدوای پاشەکشەی هێزەکانی ڕووسیشەوە پەیدابۆوە و چنگی خستە قورگی میللەتەوە، تورکیش ناوبەناو شتێکی کەمی دەهێنا و بەڵام نەیدەتوانی بەر لەرێی هاتنەوەی برسێتییەکە بگرێ، قاتوقڕی درێژبۆوە و تاقە تروسکەیەك بۆ نەهێشتنی، گەیشتنی ئینگلیز بوو بۆ شار و کۆتایی هێنان بە نەهامەتی و ئازاری نەبڕاوە.

-67-

خۆراکێکی زۆر هاتبووە شارەوە، بازاڕەکە پڕببوو لە دەغڵ ودان و میوەی هەمەجۆر، لە دوکانی یەکەمدا برنجێکی زۆر و هەمەچەشن، لە دووەمیشدا نیسك و نۆك و پاقلە وماش، لەولاترەوە قەسابێکیش لاکەکانی هەڵواسیبوون و دەلەنگینەوە، بۆنی گۆشتی برژاو و نانی گەرم

کە کونجییـــان بەسـەرەوە بـوون بـە بـەر لوتیـدا هـاتن، چـاوی کـردەوە و ڕوانییەوە ڕێیەکە، هاوەڵەکەی وتی:

- بـیرم لـە خواردنـی خـۆش دەکـردەوە، تـۆ بڵێـی جـارێکیتر بیانبینینەوە!

ئەویش وتی:

- وازم لێ بێنە.. منیش هەر بیر لەوە دەکەمـەوە، بازارەکـەم بینـی پڕببوو لەهەموو شتێك، ئەو گۆشتە جوانە، نانی برژاو، کونجی...

- ئێستا؟!

- بە خەیاڵ، خۆزگە هەر لەو خەیاڵەدا دەبووم!!

مێجەرسۆن بەنهێنی هـاتبور و سـەردانی شـێخ مـەحمودی کـرد، بـۆ سبەی چەکدارەکان وتیان:

- بەرەو کفری و دوزخورماتور هاتوون و ئێستا لەنزیکیـەوەن، دوای گرتنی ئەوێ بـەرەو کـەرکوك دەکشێن، داوای پشـتیوانی کـورد دەکـەن بەرهەڵستی نەکەین و بەرەنگاریان نەبینەوە.

- دەڵێـن نامـەکانمان گەیشـتوون، هەمـــەوەندیش پشـــتیوانییان لێدەکات.

تورکیش لەدوورەوە بێدەنگ بوون و هاتوچۆیان کەم ببوونەوە، عەلی ڕەزا بەگی پارێزگاریش بۆ خۆیشی نەیدەزانی پارێزگاری لە چی دەکـات! ژەندرمە و ئەفسەران دەتوت لە پشـووردان، تەنـها ترسـێکیان ئـەوە بـوو هێرشی برسی و بێ خۆراکەکان ڕوویان تێبکا و پەلاماریان بدەن، شەوانە کەمتر دەخەوتن و وەختێکیش خەونیان دەبینی،خەونەکانیان هـەر ڕاکـە ڕاکە و لەدەرگادان بوون، تالانی و فڕاندنی ئازووقە بوون و هیچیتر.

خەلیلی ڕاوچی باڵندەیەکی باشی ڕاوکردبوو و لە ماڵی خۆیانەوە بەرەو سەرەوە ملی دەنا، لە دەرگایەک نزیکبۆوە و بەتەرزی کەندەسمەیەک خوێندی، چەند جارێك دووبارەی کردەوە و دوای قەیرێك کچێك هاتە نێو دەرگای کراوەوە، خەلیل سەیری دەورووپشتی خۆی کرد و وتی:

- درەخشان، وەرە..باڵندەم هێناوە، ئێستا چۆنیت ؟! ماڵەوە چۆنن؟

کچەش بە چرپەوە وتی:

- خەلیل، باشین، نانی بەڕوو بەردڵی گرتووین، دڵێکمان هەر بەوە خۆشە کەمێك شەکرمان هەیە، لەناو جلوبەرگەکاندا دۆزیومانەتەوە، هەر نانی بەڕوو و قەنداغ دەخۆین.

خەلیل وەکو جاران تەماشای کرد و پێی وت:

- هانێ.. ئەم دوو باڵندەیە بگرە، ناهێڵم پەکتان بکەوێت، چۆن دەهێڵم درەخشانی خۆم برسی و تینوو بمێنێتەوە، داوای شیری چۆلەکەشم لێ بکەیت بۆت دەهێنم، هیوا مەبڕن، بەلام...

- چی ؟! هیچ هەیە!

- باسی شەکرت کرد، هەر چنگێك، لەوە زیاتر نا.... ئەگەر کەمیشتان هەیە نامەوێت.

-ڕاوەستە، وا دەیهێنم ..

درەخشان ڕۆیشت و پاش تاوێك گەڕایەوە، پریاسکەیەکی پێبوو و بەئەسپایی وتی:

- ئەگەر وتیشیان ئەمانە کێ هێناونی، لەگەڵ مەلیحدا ڕێککەوتووم، دەڵێم براکەی مەلیح دەیهێنێ و با کەس نەیزانێت، ئەوە شەکرەکەیە.

- درەخشان گیان، چاوەکەی خەلیل، زوو زوو سەرتان لێدەدەم، سوپاس ..خۆت لەم شەکرە شیرینتری !

برێک سووربوونەوە و لەگەڵ تەپەی پێیەکدا کە لە گۆشەی کۆلانەکەوە کەوتە بەر گوێیان، درەخشان ماڵئاوایی لێکرد و ئەویش دەستوبرد سەری داخست و ئەو ناوەی جێهێشت.

## -68-

شێخ مەحمود چەند نامەیەکی بەپیاوانیدا ڕەوانەی ئینگلیز کردبوو، هەر دوای ڕۆیشتنەوەی مێجەرسۆن، لەڕێگەی کۆیەوە نامەیەکی بە عیزەتی تۆپچیدا نارد تاوەکو بیداتە دەست موحسین ئاغا و بگاتە ژەنەڕاڵەکانی ئینگلیز،بە عەبدوڵڵا سافیشدا نامەیەکی ڕەوانەی کەرکوک کرد ڕاستەوخۆ بگەیەنرێتە لای وڵسن کە حاکمی گشتی عێراق بوو، عوسمانی لە دەوروبەری کەرکوکدا مابوونەوە و بەریان لە هێرشی ئینگلیز گرتبوو،تا لەدوای گرتنی کەرکوکەوە بەرەو سەرووتر نەکشێن، عەبدوڵڵا کەوتبووە نێو سوپای تورکەوە و نەیانهێشتبوو بڕواتە ناو کەرکوکەوە، نامەکەی دابوو بە خەلیل پاشای فەرماندە، لە شاریشدا سالح بەگی تابوور ئاغاسی فەرماندەی هێزی ژاندار سەردانی شێخی کرد و پێی ڕاگەیاند، وتی خەلیل پاشا دەیەوێت چاوی پێتان بکەوێت، بەو شێوەیەش لە شار مەچنە دەرەوە کە نیازتانە لە ئینگلیز بدەن، تەنها لەگەڵ هۆزەکانیتردا کە لێرە نزیکن گفتوگۆ بکەن کە پشت لە عوسمانی نەکەن،ئەوەی لەسەری ڕێککەوتووین لەکاتی چوونتانا بۆ شوعەیبە پەیمانە و ئێستا وەختی هاتووە، دەمانەوێت حوکمڕانیتان بدەینێ و بەوە ئینگلیز نەتوانن بێنە پێشەوە.

شێخ چەند پیاوێکی لەگەڵ خۆیدا برد و بەرەو کەرکوک بەڕێکەوتن، کاتێك چوونە لای خەلیل پاشا هەموو شتێك قلّپ بۆوە، دەستبەسەر کران و نامەکەیان پیشاندابۆوە کە ویستبووی بینێرێت بۆ ولسن، گرتیان و بڕیاریاندا لە سێدارە بدرێت، بەم شێوەیە.

کاتێك ئەحمەد خواجە لە قسەکەی تەواو بوو، ئەحمەد بەگ بەپەرۆشێکەوە وتی :

- یانی چی؟! چۆن بڕیاری کوشتنیان داوە ؟!!

ئەحمەد خواجە پێی وت:

- وەکو بۆم گێڕایەوە، لەدوای هاتنەوەی عیزەتی تۆپچی دەبوو شێخ مەحمود چاوەڕێی هاتنەوەی عەبدوللا سافیشی بکردایە، ئەگەڕانەوەی ئەو خۆی لەخۆیدا نهێنییە و دەبێ بزانرێت، وەنییە ؟!

- چۆن نهێنی نییە! باشە شێخ چۆن ئیشی وای کردووە ؟ تابوور ئاغاسی ئامر فەوج چۆن توانیویەتی تەفرەی بدات؟ پاشان تورك ئێستا لەوپەڕی لاوازی و داڕماندایە، وا شارەکە لەبرسان دەمرن! بەڕاستی پێم سەیرە دوای ئەو هەمووە، شەڕی شوعەیبە و شەڕی ڕووسەکان، شێخ متمانەی بە عوسمانی مابێت، خۆ ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی مەیلی ئینگلیزەکانی بەئاشکرا پێوە دیارە کە دەیانەوێت ببنە دۆستمان، ئەوە زۆر سەیرە! خۆ ئینگلیز لە ئێمە زیاتر پەرۆشی پەیوەندیکردنن لەگەڵماندا!

ئەحمەد خواجە بەئەفسوسێکەوە وتی:

- نازانم، هەمەوەندیش بەلای ئینگلیزدا دایانشکاندۆتەوە.. ڕەنگە خەلیل پاشا هەموو شتێکی لێ تێکدابێت، ئەی هەر ئەو پەیمانی نەدابوویە لە دوای شەڕ سەربەخۆییمان دەدەنێ ؟! بەڕای من هەموو

پیاوان، سەرۆك هۆزەکان و مەلاکان، ئەفسەران و منەوەران و بازرگان و ناوداران سکالانامەیەك لەدژی ئەم بڕیارە بەرز بکەنەوە، نەهێڵین مەسەلەکە کۆن ببێ و خێرا بەرهەڵستی بکەین، دەبێت بەزووترین کات لەم بڕیارەیان پەشیمان ببنەوە و شێخ بەردەن، وایان پێ بڵێین کە نامەکە ناحەزانمان نووسیویانە.

-69-

- تەواو، لەسێدارەی دەدەن! دەستیان ئاشکرا کردووە.

- ئەی ئەو هەموو هاریکارییەیان بیرچۆتەوە؟ ئێمە چیمان بۆ نەکردوون؟! هەر قسەکەی ئەحمەد خواجەیە، دەبێت بڵێین ئەمە پلانە لەدژمان و دەستی ناحەزانی تێدایە، ئێمە ئەگەر بمانەوێت تەنها لە شەو و ڕۆژێکدا چی هێزتان هەیە هەمرو دەگرین و چەکیان دەکەین، بۆ تا ئێستا نەمانکردووە ! ئەگەر ئێمە بووینەتە دوژمن بۆچی لەپشتەوە خەنجەرمان لێنەداون ؟!

لە ماڵی ناودارەکاندا مقۆمقۆ گەرم بوو..هەرچی خەڵکە برسی و، بێ توانا و بێ حەوسەڵەکانیش بوون لە کاتی بیستنی هەواڵی گرتنەکەدا پێیان ناخۆش بوو و، وەلێ؛ سك هەڵگووشین و ناسۆری ژیان هەمرو شتێکی بیربردبوونەوە..ئەوان هەنوکە تاقە ئارەزوو و ئومێدێکیان ڕزگار بوون بوو لە دەست ئەو قاتوقڕی و چەرمەسەرییە.

هەندێك لە دەستبەسەرکردنی شێخدا ترسی ئەوەیان لێنیشتەوە سەرلەنوێ تورك بکەنەوە سەریان و بەرەو شەڕ ببرێن، کەرکوك گیرابوو و تورك پێویستی بەوە بوو خۆی کۆبکاتەوە.

- جارێ بە جەهەننەم، دەمانبەن باشتر. خواردنمان بدەنێ دەرۆین، ئەگەر برە ئازووقەیەك دەدەنە خێزان و کەسەکانمان دەرۆین، بەلاّم ئایا تورك لە توانایاندایە ئەوە بکەن !! نا..تورك ناتوانن خۆراکمان مسۆگەر بکەن، ئەی شەڕ خۆ بە تڕ ناکرێت! هەرگیز بووە چەکداری برسی بنێرێتە مەیدانی جەنگ ! وەللاّ بابە برسیی لەداخان هەموو کەس دەکوژێ، پیاو برسی بێت تەقە لە هێزەکەی خۆیشی دەکات، من بینیومە..شەڕ گاڵتە نییە، بەخوا لەو خوارانەش خۆمان بەفریای خۆمان دەکەوتین، تورك لێیان ڕەزیلتر و ڕیسواتر نییە، هەموو سواڵکەرن، سنگ فراوانی و دەستی یارمەتیم هەرگیز لێ نەبینیون، ئەوەندەش..ئەوەندەشم وت برسیم بۆوە، کورە چی دەبێت با ببێت، نازانم، ژیان لەمە ناخۆشتر و خراپتر دەبێ چیتری تێدا بێت! کە دەڵێن ڕۆژی ڕەش، ئەمەیە ڕۆژی ڕەش، نازانم، من لەژیانمدا ڕۆژی سپیم نەبینیووە.

جەنگاوەرە کۆنەکە ئەوەی وت و لێی پاڵکەوت، وتی: ئێمە کوژراوین!!

## -70-

خەڵکێکی کەم لای ئاشەکان بوون، گەنم و جۆی تازەیان دەهاڕی کە لەو ساڵەدا هاتبوونە بەرهەم، یەکێك لەو جوتیارانەی ڕاوەستابوو وتی:

- تورك ئەو خەڵکەی بەرەو سەفەری بێ گەڕانەوە نەبردایە بەروبوومان زۆر دەبوو، ئەو هەموو دزنە وازلێهێنراون و کەسێك ئەمساڵ تۆوی نەکردن، ئێستا هەموو دەبوژاینەوە.

ئاشەوانەکە وتی:

- چاك نییە هێندەش کراوە ؟! خەڵك زەرعاتی خۆیان بکەن لەوە باشترە چاوەڕوانی ئەم و ئەو بن.

چەند کەسێکیش لەولاترەوە ڕاوەستابوون و چاوەڕێبوون بەشەکەی خۆیان وەربگرن کە خاوەن زەوییەکان پەیمانیان دابوو بێبەشیان نەکەن، لەنێو خۆیاندا کەوتنە قسە و هەریەکەو شتێکی دەوت.

- دەبوو شێخ مەحمود لەکاتی گەڕانەوەیدا داوای ناردنی دەغڵ ودانێکی زۆری بکردایە، ئەی لە بری عەلی ڕەزا بەگ نەکراوەتە موتەسەڕیف! ئێستا هەر خۆی موتەسەڕیفە و تابوور ئاغاسی هەر بە ناو لێرەیە، ڕەنگە بۆ ڕوخانی قەیسەرییەکەیشی پێی ناخۆش بێت! یەك پارچە بانەکەی ڕمیووە!

ئەو ژنەی لە تەنیشتەوە گوێی گرتبوو لەدوورەوە وتی:

- کەس هەیە پێی خۆش بێت؟! چۆن شێخ لەبەر دڵی گران نەبووە! لەو گرانی و برسێتیەدا کەس نەیپەرژاوە سەری لێبدات، ئەو هەموو بارانەی زستان و بەهار لێیداوە و، نە بانی کوتراوەتەوە و نە هیچ، چۆن نارووخێت!! بەشی نەبوو کەس بەژێرەوە نەبوون، بازاڕێکی چۆڵ!!

دووانەکەی پێکەوە قسەیان دەکرد، لەدوای وتەی ژنەکە تێهەڵچوونەوە.

- ئیحسان پاشا کە هاتبووە ماڵی مەلا سەعید کەرکوکی، ئەو شێخی بەرداوە و ناردوویەتیەوە، لەوەدەچێت ئەو کەتنە هەر ئیشی عەلی ڕەزا بەگ بووبێت، کە شێخ گەڕایەوە ئەو دەستبەجێ شارەکەی جێهێشت، دیارە ئاشکرای کردووە فرتوفێڵەکە هی ئەو بووە، شێخ بووە بە نەقیب.

- باوەڕناکەم، کاری تابوور ئاغسی بوو، ئەی وتیان ئەو پێی وتووە بڕوات! ئەویشیان لێرە هێشتۆتەوە تا بزانن شێخ چی دەکات، نهێنییەکانی ئاشکرا دەکات، بەڵام هەر ئەمجارەش ئینگلیز کەرکوک چۆڵ نەکەنەوە، بەدبەختییەکەی شێخ لەوەدا بوو ئینگلیز دوای چەند ڕۆژێک لە کەرکوک پاشەکشەیان کرد، ئەمجارە بگەڕێتەوە بۆ دواوە کەس متمانەی پێ نامێنێ،وەکو هەمەوەند، لەدوای ئەوە لەدژیان وەستاونەتەوە و لەپێش چاویان کەوتوون.

- زوو بهاتنایە!! بەغدا و کەرکوک هەموو لەخۆشیدا دەژین و گیانیان بەبەردا کراوەتەوە.

## -71-

تابوور ئاغاسی هەموو هێزەکەی دەبردە دەرەوەی شارو بێدەنگ دەڕۆیشتن، بەو دیمەنە خەڵکەکە لەدوورەوە تەماشایان دەکردن و کەوتبوونە قسەکردن.

- ئینگلیز وا دێن، شەڕ گەرمە و لە سلێمانی نزیک بوونەتەوە، چۆنە ئێمە کۆناکەنەوە!

- دیارە مانەوەی شێخ شتێکی تێدابە، بۆچی ناڕۆن لەگەڵیاندا دژی ئینگلیز؟! یان دەیانەوێت لەشاردا بێننەوە و پارێزگاری لێ بکەن، ئەگەر دەزانن خواخوای ئەوەمانە بێن!

هەریەکەی شتێکی دەوت، دوای ڕۆیشتن و دوورکەوتنەوەی تورکەکان، بەنێو خەڵکیدا هەواڵێکی نوێ بڵاوبۆوە، منداڵان ڕایاندەکرد و هەر کەسێکیان دەبینی دەیانوت:

- شەڕ تەواو! شەڕ وەستاوە. هۆو شەڕ ڕاگیرا.

هەر ئەو شەوە هەواڵی نوێ ئەوەی ڕاگەیاند ئاگربەست مۆرکراوە و جەنگ کۆتایی پێ هاتووە، تورك جگە لە موسڵ چ شوێنێکیان لەژێر دەستدا نەماوە..ئەو هێزەشی ڕۆیشتبوون، بەرەو ڕەواندز و ئەو دەوروبەرە کشاون و دەگەنەوە بە سوپای عوسمانی.

بۆ سبەی ئەو ڕۆژە، دەستەیەك لە پیاوانی شێخ لەگەڵ پیاوماقوڵاندا لە شار دەرکەوتن و خەڵکەکە کەوتنەوە مشتومڕی هەمیشەیی خۆیان.

- شێخ بۆ پیاوانی ناردووە؟ ئەگەر دەچنە نزیك ئینگلیزەکانەوە بۆچی خۆی نەڕۆیشتووە؟

- نابێت خۆی بڕوات، مادەم شەڕ تەواوبووە، بە ئاشکرا دەچنە لای ئینگلیز، وتیان بۆ کۆمەك ڕۆیشتوون، ئینگلیز زووبێن و یارمەتی بهێنن، ئیتر جەنگی جیهانی تەواو بوو.

- لەبەر خاتری شێخ و مەلاکان نەڕۆیشتووە، پێیان ناخۆشە کافر ڕوویکەنە شارەکە و دەڵێن ئێرە شاری موسڵمانێتی و خوا پەرستییە، شێخ لەبەر دڵی ئەوان ئەو کردەوەیە ناکات،کە مێجەرسۆن هاتبووە لای دەڵێن فەقیانەکەی لە دەستی پێچاوە ئینجا تەوقەی لەگەڵدا کردووە،بەڵام هەر ئەم ڕۆژانە نامەی تازەی بۆ ڕەوانە کردوونەتەوە، شێخ بێ ئینگلیز پشتیوانی نییە و ئاخر کێ فریای ئەم میللەتە برسییە بکەوێت! ئەوەندە ڕەگی دار و بنەپیشۆك و بنەگزۆزروان و گژوگیامان خوارد ڕیخۆڵەمان تاڵاو دەداتەوە، بە هیچ شتێك ئەو تاڵییە لە قوڕگم دەرناچێت، زمانم هەلا هەلا بووە، ئەوە تۆش وایت؟!

## -72-

پانزە ڕۆژی تەواو تێپەڕی و لەڕۆژی ئایندەدا خەڵکی لەمبەر و ئەوبەری ڕێیەکە وەستابوون و چاوەڕێی هاتنی ئینگلیز بوون،لەبەری چۆمەکەشەوە جگە لە پیاوانی شێخ و بەپیرەوەچووەکان،دەستەیەك لە ئینگلیز بە کەلوپەل و پێداویستی بارکراوەوە بەسەر چۆمەکەدا پەڕینەوە،لەگەڵ گەیشتنیاندا هەموو ڕوانیانە ئینگلیزەکان و کەوتنە چەپڵەلێدان، پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا و سەرۆکەکەیان دەستی بۆ هەڵبڕین، کەوتە بەرزکردنەوەی کڵاوەکەی و هەندێك وتیان:

- دیارە سوپای گەورە لەدواوەن، جارێ ئەم تۆزەیان هاتوون، دێن، ڕەنگە لە ڕێیەکیترەوە بێن.

- ئەمان لەڕێی داریکەلییەوە هاتوون، لەبەری بازیانەوە لایانداوە، ئەگەر بێن هەر لێرەوە دێن، چونکە ڕێیەکەی بەری قەرەداغ دوورە.

- دەڵێن ناوی نۆئیلە، مێجەر نۆئیل، ئەوەی دوارەی دکتۆرەکەیە، ئێمە خواردنمان دەوێت! کەی دەگات؟! کێ دێت گرنگ نییە..گرنگ خواردنە و برانەوەی برسێتییە.

گوندییەکانیش هاتبوونە پێشوازییان، هەموو دڵخۆش بوون و گەشابوونەوە.. لەبەری چۆمەکەشەوە تاقە کەسێك کە چووە سەر ڕێیەکەیان خەلیلی ڕاوکەر بوو. پاش ڕۆیشتنی ئەوان، لە شوێنێکدا خۆی مەڵاس دایەوە و ڕوانییەوە ئەو تەپکانەی نابوونیەوە، مەلەکانیش لە ئاسماندا دەفڕین و بەرەو دەوەنەکان دەکشان، ڕەوەیەکی زۆری پۆڕەکانیش لە دامێنی گردەکەی خوارەوەدا نیشتنەوە و خەلیل وتی:

- درەخشان، وا پۆرەکان نیشتنەوە، درەخشان، لە تەپکەکان نزیك بوونەتەوە، دیارە ئەم ئێوارەیە پۆڕ دەخۆین، چی دەبێت با ببێت! ئەگەر نەشبوو بە دارولاستیك ڕیشۆڵە خۆت بگرە و هاتم.. ڕیشۆڵە درەخشان، کۆتر درەخشان، جوان و دڵگیر درەخشان، قەڵەو و خڕین درەخشان، گۆشتی ناسك درەخشان،درەخشان و درەخشان،نەشمیلەی خۆم درەخشان.

ڕیشۆڵە کردبوویانە ڕۆژی خۆیان، لەخەیاڵیدا بەردەکانی بۆ دەهاویشتن و ئەوانیش درەختەکانیان بەر نەدەدا، وەك هێشوویەك بە پەلك و چڵەکانەوە بوون بەتەرزی خەڵوز، دواتر ڕەنگی خەڵوزەکانیش گەشدەبوونەوە و بۆنی گۆشتی برژاویان دەهێنا.

-73-

مێجەر نۆئیل لەگەڵ سوپادا لەشاردا بوون، خۆراك و یارمەتییان هێنابوو و ئیدی ڕۆژێکیتر بوو، هەژار و نەدارەکان وتیان:

- مادامەکی بە پارەیە، هیچ!! ئێمە ئیمانە بیکڕین با پارەش بخەنە بازارەوە، جگە لە یارمەتی ناتوانین هیچ بکڕین، لیقەومار هەر لیقەوماوە لەهەموو زەمانێکدا، خوای گەورە چارەسەر.

- بەڵکو باشتر بێت!! دەوڵەمەند و گیرفان پڕەکان ئیتر نابێت دەست بە ڕوومانەوە بنێن.

لە مزگەوتەکەشدا پیاوان کۆبببوونەوە و بارودۆخەکەیان خستبووە بەر باس، نۆئیل بە فارسییەکی باشەوە وتارەکەی خوێندەوە، کەسێکی لێهاتووە و خەڵکی خۆشیان دەوێت.. شێخ مەحمود پشتیوانی لێدەکرێ و داواکراوە دەنگی بدەینێ، وابزانم مانگی پانزە هەزار ڕوپیەی دەدەنێ وەك حوکمداری ڕاستەقینە..مێجەر نۆئیل بە ڕاوێژکاری سیاسی شێخ

دانراوە، هەر لە خۆی دەوەشێتەوە، ڕاوێژکاری سەربازیش مێجەر دانییە.

ئەوەی لایەوە بۆی ڕاست کردەوە:

- دانلیس. دەشیانەوێت خەلکی دەنگ بە شێخ بدەن و پەسەندی بکەن، ئێستا لەئێوارەوە هەموو لە مالّی شێخدان و بۆ ئەوە چوون، چۆن نابێتە حوکمدارمان!!

دواترئەوەی پێشوو قسەکەی لێوەرگرتەوە.

- ولسن بە مێجەر نۆئیلی وتووە، لە دەمی خۆیەوە گوێم لێبوو بە فارسی ئەوەشی باسکرد کە سەرۆک هۆزەکان هەموویان، خەلکەکە تێکڕا ئەوە بە باش بزانن کە ئینگلیز نایەوێت هیچ دەسەلاّتێکی بێگانە بەسەرماندا بسەپێنێت، وتی حوکم بەدەست خۆتانەوەیە و ئێمە لای خۆمانەوە پشتگیری لە شێخ مەحمود دەکەین ئەو پلەیەی بەریکەوێت، بنەمالّەیان لە سەرەتای دروستبوونی شارەکەوە تیایدا دەژین و خەلکی دێن بۆ لایان، باووباپیرانیان بەسەردەکەنەوە و دەچنە زیارەتی مەرقەدەکەی کاک ئەحمەدی شێخ، دیارە ناوی شێخ مارفی نۆدێی نەزانیبوو، یان لەبیری کردبوو.

- نا،دەیزانی..هەموو شتێکی ئەم شارە دەزانێ! نیازیشیانە قوتابخانەی فەیسەلیە بکەنە جێنشینی سوپا، تاولەی عەسکەرییان لەسەروو داناوە، لای باخەکە.. ئەوەی ئەردیریش...

هاوەلّەکەی وتی:

-ڕوشدیەی سەربازی! کردوویانەتە نەخۆشخانەی سەربازی، کێ نەخۆشە بڕوات داوودەرمان وەربگرێت.

لەدەرەوەش ڕەشەبا بوو، کە خۆی دەدا لە لقی درەختە ڕووتەڵەکان گیڤەی دەهات، بازاڕەکەش چەند پاسەوانێکی لێبوون و ئاگریان کردبۆوە، لە ترسی بڕینی دوکانەکان کە ئازووقە و کەلوپەلیان تێدابوون لەوێ بوون، یەکێکیان وتی:

- ئیتر تفەنگ دروستکردن نییە، پێش هەموو شتێك دەبێت چەخماخازەکان بیر لە ئیشێکیتر بکەنەوە، جا تفەنگمان بۆچییە؟! بەشی پاسەوانەکان هەیە و پێویست ناکات.

## -74-

چەند مانگێك تێپەڕین و ڕۆژێك مێجەرسۆن کە لە شوێنی نۆئیل دانرابوو و دادوەری سیاسی بوو، بڕیاریدا چەند شتێکی نوێ بە خەلکی ڕابگەیەنێت، دەیزانی دەسەلاتەکەی شێخ ڕۆژ بە ڕۆژ دەبێتە نانەوەی ئاژاوە و دەربڕینی گلەیی و ناڕەزایی، یەکێك لە سیخوڕەکان پێی وت:

- خەلکی بەقینداچوون، دەلێن شێخ مەحمود هەموو خزم و کەسەکانی خۆی هێناوە و پلەوپایەی گەورەی داونەتێ، لێپرساوی هەمووشتێك هەر کەسەکانی خۆیەتی و ئێمە پشت گوێ خراوین، زەویوزارێکی زۆریان هەیە و مانگانە موچەیەکی زۆریش وەردەگرن، ئینگلیز لەو زیاتر ئێمە نابینن.

مێجەرسۆن خۆی گرژ کردو بە نهێنی پێی وتن :

- لەبازاڕدا بلێن زەوی وزاری بێ تاپۆ و نایاسایی دەستیان بەسەردا دەگیرێت، ئەم قسەیە بلاوبکەنەوە..لە خەلکی نزیك ببنەوە بزانن چی دەلێن. .بڕۆنە چایخانەکەی مەجۆلی خامە سنەیی،بێدەنگ دابنیشن و

ئاگاتان لەم و لەو بێت، بەوردی هەموو شتێك، چی هەیە بۆم باس بکەن.

خەلکی پاش بیستنی ئەو هەواڵە، ترسیان لێنیشتبوو، ئەوانەی بێ تاپۆ زەوییان هەبوو دەیانوت :

- کاغەز و ئەوراقمان بپشکنن هەموو شتێك ڕووندەبێتەوە.

- بەلاّم لێرە چۆن دەتوانن ئەوە بکەن!خۆ ئەوراق لە بەغدایە لەکاتی عوسمانییەکانەوە، مەگەر لەوێ تەماشا بکرێن..جا ئەوە شێخان زۆربەی زەوییە کرێگرتەکانیان لێدەسەنرێتەوە !!

- لەڕاستیدا هی خۆیانن.. تورك هاتن و داگیریکردن، بەلاّم هەموو شتێك نایاسایی بێت دەیگرن، ڕەنگە باجیشیان لێ وەربگرن و سزایان بدەن.

لەبەردەم مالّی شێخیشدا چەکدارەکان و خەنجەر لەپشتەکان وەستابوون و دوای بیستنی هەواڵەکە کەوتنە گفتوگۆ، یەکێکیان لە دوایی قسەکانیدا وتی:

- لەوەتەی ئەم سۆنە هاتووە کاروبار تێکچووە و هەر ڕۆژەی هەواڵێکی سەیر و ناخۆش دێت، نۆئیل بەڕاستی کابرایەکی زیرەك و باش بوو، ئەو چەند ئاسان و بێ فیز کاری خۆی دەکرد و پەیوەندی لەگەلّ شێخدا، بگرە هەموو کەسێك خۆشیدەویست، لەمانە نەدەچوو.

هاوەڵەکەی قومێکی لە جگەرە پێچراوەکەی دا و وتی:

- لەوەدەچێت لابرابێت، ئینگلیز وەك جاران نەماون، سۆن کابرایەکی باش نییە، ئاگات لێبوو کە چووینە پێشوازیکردنی لە وشیراوا، هەر ئاوڕیشی لێ نەدایەوە!! چووە نزیك خێوەتەکان و خۆی ...مریك کرد، شێخ حەز بە چارەی ناکات، وتوویەتی کابرایەکی بێ ڕێزە

و وەك جاران هەر لە سیخورِ دەچێت، ئەمە بۆ نانەوەی ئاژاوە هاتووە، هەر رووی نەکردە شێخیش!!

- سەیرە!! ئەمە خۆی بەچی دەزانێت؟ ولّسن بە فڕۆکە خۆی هات و سەردانی شێخی کرد، هێندەی سۆن هەوا و لوت بەرزیی نەبوو، شێخیش لەبەر ئەو باشییەی بوو پەیمانی دابوویە دژی هێزی عوسمانی بووەستێتەوە لەکاتی پێویستدا، شەڕیش بکات هەر لەبەر خاتری ولّسنە.

-75-

مێجەرسۆن لە هەولّی نانەوەی دووبەرەکی و تێکدانی پشتیوانیانی شێخدا بوو، سەرەتا دەسەلاتیان لە هەریەك لە ڕانیە، ئەوەش بەو بروسکەیەی لەلایەن شێخەوە ڕەوانە کرا بە لابردنی شێخ ئەمینی سندۆلان کە گوایە پەیوەندییەکانی کورد و ئینگلیز دەخاتە مەترسییەوە، هەروەها هاندانی عادیلە خانمی خێزانی وەسمان پاشا کە پێشتریش هێند کۆك و تەبا نەبورن، بە ڕەوانەکردنی لیسی ئەفسەر بۆ هەلّەبجە، لەو ناوچانەدا دەسەلاتی شێخیان کەم کردەوە و نیازیان بوو تەنها لە شارەکەدا قەتیسی بکەن، دەچوونە شوێنانیتر و کەسانی هەلبژێردراو و جێی متمانەی شێخانیان لادەبرد و کەسانی تریان دادەنان. .زۆرینەی کەسە ناسراوەکانیان لە حوکمڕانییەکەدا دەربەڕاند و بە فرمانی سۆن عەجەم و ئەفغانی و هندییان لە شوێن دانان، نارەزایی لە بەرزبوونەوەدا بوو و ئیتر ئینگلیز گۆڕابوون. ئینگلیز دوای بینینی نەوت تەنها بیری لە بەرژەوەندی خۆی دەکردەوە و دەسەلاتی شێخیش لەبەر چاویاندا ببووە درکێك، شتی خراپتریش دەکەن.

ئەحمەد تەقی گوێی لە مەلا حەمەدەمینی مزگەوتی گەورە گرتبوو و ئەویش لەسەری ڕۆیشت: سەرەتا باش بوون، لەدوای بانگکردنەوەی نۆتیلی میجەریان، ئەمەیان لەگەڵ گرینهاوس ناوێکیتردا کە جێگریەتی دانا و دونیایان تێکدا، ئەمانە کافرن، خەلکیش لەم قاتوقڕییەدا تەنها خۆراکیان لەبەرچاوە و بەهەموو شتێك ڕازین، ناچاریشن کاکی برام، ئەفسەرەکانی هاوڵت وا هەموو چوونەتە هێزی لیڤییەوە .. ئەوەش قەیدی نییە، کێ دەبێتە سەرباز وپۆلیس بۆ خۆمان باشترە..ئەوانە جێی نارەحەتین کە بوونەتە سیخوڕ و سۆن سیخوڕێکی زۆری هەیە و بەشاردا بلاویکردوونەتەوە، ڕەنگە لێرەش هەبن، کێ چووزانێت! دێنە ئێرە و هەموو جێیەك،بێ هۆ گرفت بۆ ئەم و ئەو دروست دەکەن، وتیان پانزە هەزار ڕوپیەکەی شێخیش کراوەتە دە هەزار، دیارە جگە لەو موچەیەی هیچیتری پێ ڕەوا نابینن، قسەی سەندنەوەی زەوی‌وزارەکانیش لە گۆڕێیە،باروودۆخەکە خراپە، باشتر ئێوە کە لە ئەستەمبوڵ بوون! لێرە برسێتی زۆری کوشت و زۆریشی شێت کردووە، برۆ لە ڕێیەکاندا دەیانبینیت.

## -76-

پۆلیسەکان لەبەردەم پۆلیسخانەکەدا وتیان:

- پێیان وتراوە چەکەکانیان لێرە دابنێن، دەڵێن دە کەسن و دێن.

- هیچ دیارنییە.. ئەمە شەڕی لێ نەبێتەوە باشە! میجەرسۆن ڕێگەیان نادات بە چەکەوە بێنە شارەوە، شێخ پێی وتووە سەردانی گلکۆی کاك ئەحمەدی شێخ دەکەن و ناکرێت ڕێیان لێبگرین، ئەویش دەڵێت بێ چەك، بەلام لەوە دەچێت شێخ ناردبێتی بەدوایاندا ! دەڵێن

هێزێکی زۆرە و وا لە شارباژێڕن، سۆن ئەگەر نەزانێت جێی مەترسین بۆ ڕێیان لێدەگرێت ؟!

لە بازاڕەکەدا وتیان:

- وا مەحمود خانی دزلی لە شارباژێڕەوە گەیشتووەتە سەر گۆیژە و نیازیانە بێنە پشتیوانی شێخ.

-مێجەرسۆن شاری جێهێشتووە و چووە بۆ پێشوازی خێزانەکەی..درۆیە، ئەمە بیانووە..دیارە شەڕ دەقەومێ بۆیە تێی تەقاند!

سیخوڕەکانیش گوێیان لێدەگرتن و دەچوونە لایان، تکایان لێدەکردن دووبارەی بکەنەوە، پرسیاری تریان دەکرد و بەپەرۆشەوە دەیانوت:

- مێجەرسۆن نەڕۆیشتووە، سەردانی هێزی لیڤی دەکا و هەر لێرەیە.

- خۆم بە چاوی خۆم بینیم ڕۆیشتن و لە شار دەرکەوتن! هێزی لیڤی لێرەوەیە یان لەولا؟!

مێجەرسۆن پێش ڕۆیشتنی فرمانی دابوو بە مێجەر دانلیس بەرەنگاری هێزەکە ببنەوە، سبەی ئەویش فرمانیدا هێز و سوارەی لیڤی بەرەو بناری گۆیژە بڕۆن، سوارە بەرێکەوتن و بە پێشڕەویی پیادەکان چوون، لە بناردا بووە تەقوهۆڕ و فیشەک تەقاندن، هێزی سوارە لە پاشنیوەڕۆدا گەڕانەوە و دەستبەجێ چوونە لای شێخ مەحمود، هەرچی پیادەکانیش بوون تاوەکو تاریکبوون شەڕیان کرد و مەحمود خان هێزەکەی هێنایە شارەوە، کەوتنە شاڵاو و گرتنی فەرمانبەران و ئەفسەر و سەربازە ئینگلیزەکان، هەر ئەو شەوە جگە لە شەش ئەفسەر کە

میجەر دانلیسیش لەناویاندا بوو، هەموو بەرەلآ کران و تەنها ئەوانیان زیندانی کرد، وتیان:

- ئێمە ئەوە ڕفتارمان نییە ئێوە لە بەندیخانەدا بهێڵینەوە.. لە ترسی چەکدارەکان ئێوە لێرە بەند دەکەین، کەس ناتوانێت هیچتان لیٚ بکا و بۆ خۆشتان باشترە تاوەکو نەتانکوژن.

شار کەوتە ژێردەستی شێخ مەحمودەوە وەك کاتی ڕۆیشتنی تورکەکان و بەر لەهاتنی سوپای ئینگلیز، خەلکیش سەرباری برسێتی، ترسیان لێنیشتبوو و خۆیان بۆ ئامادە دەکرد.

## -77-

ئالاّی ئینگلیز داگیرابوو و ئالاّی کوردستان لە جێگەی دەشەکایەوە، بەخۆی و ڕەنگە سەوزەکەیەوە کە لە ناوەڕاستیدا بازنەیەکی سوور و مانگێکی سپی یەك شەوەی تێدا بوو.. شێخ مەحمود لەو بەیانیەدا پیاوانی نارد تاوەکو دەست بەسەر بیٚ تەلەکەدا بگرن و نەتوانن ئینگلیز لەڕێی ئەو ئامێرەوە ڕووداوی دوایی پێبزانن، پاشان هەستا بە دیاریکردنی ئەو ناوانەی لە دەستەی بەڕێوەبەرانی کاروباری حکومەتەکەدا بەشدار دەبوون، هەموانی بانگ کرد و هەرکەسەی خستە سەر شوێنی خۆی.

هیچ ڕووینەدا و شێخ دەستەیەك لە چەکدارەکانی ڕەوانەی تاسلوجە کرد، وتی:

- برۆنە تاسلوجە، لەسەر بەرزاییەکانەوە خۆتان قایم بکەن و ئاگاداری ڕێیەکە بن، ئەگەر زانیتان ئینگلیز هێزێکی زۆر دەهێنێت، شەڕی خۆتان بکەن و لەسەرەوە لێیاندەن، بەپەلە چەند کەسێك بنێرنەوە

بۆ لامان تا بەهاناتان بێین، نیشانەیەك دابنێین، یەکەم کەستان کە دەیانبینێت بە هێمایەك پێتان بڵێ هێزەکە زۆرە یان کەم.

دوای سێ ڕۆژ ولسن بە فڕۆکەوە بەسەر شاردا فڕی، بەخۆی و ڤرە ڤرەوە ڕەتبوو و لەبەرزاییەوە تەماشای شارەکەی کرد،بەسەر دەبۆکەدا گوزەری کرد و نامەیەکی بەردایەوە،دواتر بازنەیەکی تەواو کرد و بەئاراستەکەی خۆیدا گەڕایەوە .خەلکەکە وتیان:

- ولسن خۆی بوو، جاری پێشووش هەروا هات، فڕۆکەکەی دەناسمەوە،بزانین ئەو کاغەزە چی بوو فڕێیدایە خوارەوە!

- هەر کەسێك بێت، ئینگلیز ئیتر شارەکەی بینی و دەزانێ حالی بەچی گەیشتووە، تەلەگرافەکەیشیان دەستی بەسەردا گیراوە و ڕەنگە زانیبێتیان هیچ وەلامێکیان نییە، سەر قشلەشی بینی و ڕۆیشتەوە.

- شەڕ دەقەومێت، ئینگلیز ناهێڵێت ئەمە بەئاسانی بچێتە سەر، مێجەرسۆن ئێستا هەموو مەسەلەکەی باسکردووە بۆیان و دەزانن مەحمودخان هاتووە.

هێندەی نەبرد ناوەرۆکی نامەکە لای خەلکی یەکالابۆوە. لە نامەکەدا هاتبوو کە شێخ مەحمود دەبێت بچێتە بەغدا و سەردانی ولسن بکات زۆر بەپەلە.بووە مقۆمقۆ:

- وەك پێشنیارەکەی تابوورئاغاسی،بۆئەوەی لەوێ دەستگیری بکەن و بە فرتوفێڵ ئیشی خۆیان بکەن.

لەنێوەندی ئەو قسەوباسانەدا یەکێك لە چەکدارەکان خۆی کرد بەشاردا و بەپەلە هەواڵی نوێی بۆ شێخ برد.

- مژدەتان لێ بێت! ئینگلیز هێزێکی کەمی هێنابوو و بەرەو تاسلوجە سەردەکەوت، دەستبەجێ لە شوێنی دیاریکراودا بەر گوللەمان

دان و بەپەلەپڕوزێ پاشەکشەیان کرد، زیانێکی زۆریان لێکەوتووە و دوو تانکیان جێهێشتووە،چەند ئوتمبێلێکیان کەوتوونەتە دەستمان، کوژراویان هەیە لەگەڵ چەند دیلێکدا. هێزەکەی ئێمەش هەر لەوێ ماونەتەوە و دوای هێزەکەی ئینگلیز نەکەوتوون.

شێخ بزەیەك کەوتە سەر گۆنای، لەنێو چاویشیدا شتێك دیاریدەدا، کەمێك لە ترسی تێدابوو و شتێکیش لە بەرەنگاربوونەوە، چرکەکانی ئێستای دەکشان و بەرەو ئایندەیەکی نادیار درێژدەبوونەوە.

هێزەکەی مەحمود خانی دزڵی هەر ئەو ڕۆژە بەرێکەوتن،شانبەشانیشی شێخ قادری برای شێخ مەحمود بەخۆی و سوارەوە ملی ڕێیان گرت،وتیان پێشرەوی دەکەن هەربۆیە چەك و تفاقێکی زۆریان لەگەڵ خۆیاندا برد.هەواڵی سەرکەوتنی دوایی بەشاردا بلاوبۆوە و ئیتر کەسێك نەما گوێبیستی نەبێت،ورەی دانیشتوان ئێجگار بەرزبۆوە،وەلێ لەکاتی تاریکبووندا ترس هێدی هێدی دەکشا و لەتەك نوتەکیدا بەسەر ڕێ و دیواری ماڵەکان و سەرجەم ڕوخسارەکانیشدا دەباری.

-78-

مل و سەری ئەسپەکانمان گرتبوون و بەرەوخوار شۆڕمان کردبوونەوە، بەشێوەیەك کە لە فڕۆکەکان نەترسن تا هەڵبێن، خۆمان دابوو بەسەریاندا و بە شەرواڵەکانمان بەرچاویانمان داپۆشیبوون، سەرەتا فڕۆکەکان بەسەر دەربەندی بازیانەوە دەخولانەوە و دەیانویست بزانن لەمدیو ژمارەی جەنگاوەران و ڕێژەی لەشکرکێشییەکەمان چەندن، دوور ڕۆیشتن و لەپەڕی خۆرهەلاتەوە سەرلەنوێ گەڕانەوە، بە تفەنگ کەوتنە

تەقەکردن و چەند دەسترێژێکیان بەدەم فڕینەوە کرد، دەسترێژ تاوێر و کەرتە شاخەکانی بەری سەرەوەی دەربەندەکەی بێژایەوە، چەند ئەسپێک لەدامێندا غاریاندا و بەو تەقەکردنە تۆقین، فڕۆکە ناودیوبوونەوە و لەسەرەوە هاواریان کرد:

- وا لەشکرکێشی دەکەن، لەگەڵ تێکبوونەوەدا لێیاندەن.

لەوە نەدەچوو فڕۆکەکان کەسیان کوشتبێ، تەقە دەستی پێکرد، ئینگلیز چەند تۆپێکیان بە تەپۆلکەکەوە ناو دووکەڵیان بەرزکردەوە، زرمەی تۆپەکان دەنگیان دەدایەوە و هەر باڵداربوون ئەو ناوەیان جێدەهێشت. ئەسپەکانمان بردنە بەری درەختەکان و لەوێ بە دارەکانەوە ڕێشمەکانمان شەتەك دا و بەرەو بەرزاییەکە کشاینەوە، لەهەموو لایەکەوە بوو بە تەقە و ئینگلیزیش بێوچان ئەمبەر و ئەوبەری دەربەندەکەیان بە گوللە تۆپ دادەگرتەوە، شێخ لەبەری خۆرهەڵاتدا بوو، وتی:

- وا بە شاخەکەدا سەردەکەون، هەرکەسێك لای خۆیەوە لێیان بدا و مەهێڵن یەکێکیان بتوانن بێن، هەموو شوێنێکیان لێ بگرن، لەولا لەبەری چەپەوە و لێرەش لای ڕاست.

هەر لەوێدا زانیمان کە چاوساغیان لەگەڵدان، لەوێشدا هەمەوەند دەست پێشخەربوون ،لەپشتەوە خەنجەرە ئامادەکەیان دەبریسکایەوە، وتیان یەکێك لە سەرۆك بەگزادەکانی هەمەوەند کە ناوی موشیری حەمەی سلێمان بوو چاوساغییەکەی کردووە لای ڕاستی دەربەندەکەوە.وەختێ کە سەرکەوتن ،لەگەڵیاندا هەندو سیگێکی زۆریشیان پێش خۆیاندابوو، هەندی بەشاخەکەدا هەڵگەڕان و لە بەرێکیترەوە پەیدابوون، هەردوولا کەوتینە تەقە و ئینگلیزیش تا

دەهات بەرەو پێشەوە دەهاتن، لەملاو لاوەوە چەند جەنگاوەرێک بەرکەوتن و تفەنگیان لە دەست بەربۆوە، بینیمان جگە لە پڵینگ و گورگە،کاجنیسەکانیش کە مەگۆلەکانی بۆرمان وەکو مێروولە داباربن و سەرباری ئەوەی زۆریان پێوەبوون و خلۆربوونەوە، هەر دەهاتن و هەڵدەگەڕان، دەنگی فڕۆکە دیسانەوە پەیدا بوونەوە و لەپشتەوە هاتنەوە، زۆر نزم ڕۆیشتن و کەوتنە تەقە و دەستڕێژ بەهەموو لایەکدا، تەنگمان پێ هەڵچنرابوو، لە هەموو لایەکەوە تەقە و تۆپیش بێوچان گرمەی لێرە و لەوێ هەڵدەستاند.ئیتر هەریەکەو ڕووەو پەنایەک هەڵهات، وتیان:

- شێخ بریندارە، وا لە ئەسپەکەی بەربۆوە وئێستا لەپاڵ بەردە قارەماندایە ، بیگەنێ، خێرا بیبەن.

شێخ لە دوو لاوە بریندار ببوو،چەند کەسێک بەرەو لای ڕۆیشتن، لەسەرەوەش ئینگلیز پەیدابوون و بەردەوام تەقەیان دەکرد، بوو بە قیامەت، هەر گوللە بوون گیڤەیان دەکرد و بەم بەرد و ئەو درەخت دەکەوتن، ئەسپەکان کەوتبوونە حیلە و جوتەیان دەهاویشت، هێندێکیان غاریاندا و تا بۆیان کرا دوورکەوتنەوە. پاشەکشەمان کرد و چووینە نێو درەختەکانەوە،شەڕی ئاگرین دەرفەتی نەما و بووە شەڕی دەستەویەخە،قەمە درێژەکانی گورگە لەگەڵ شیرە پان و قورسەکانی کاجنیس بەرامبەر خەنجەرەکانمان بەرزبوونەوە،شەڕی دوژمنە یەک نەدیوەکان تەپوتۆزیان لێ هەستا، گوێم لە دەنگی برقەکان بوو، وتیان:

- شێخ دەستبەسەر کراوە، تەقە ڕاوەستێنن، کەس تەقە نەکات.

ترسی ئەوەمان هەبوو لەگەڵ تەقەکردندا زەفەر بە شێخ بەرن و بەر گوللەی بدەن، ئەو هەواڵە ورەی تەواوێ نەهێشتین و هەموو ئەژنۆمان

شکا..چەند کەسێك لەبەری دامێنەکەوە ڕۆیشتن و هەلاتن،بینیم لە دەروازەی دەربەندەکەوە کە دیوارێکی بەردی هەلچنراوبوو،سەربازانی ئینگلیز بە پیادە و سواری ئەسپ و ئۆتۆمبێلەوە دێنە ئەمدیو،سیگ ومەگۆل هەموو شوێنێکیان تەنیبوو،دەتڕوانییە هەر شوێنێك مێژەری سپی و دیمەنی ڕیش و سمێلی ڕدشی لوول و درێژ بوو.. سوك ڕێشمەی ئەسپێکم لە درەختێك کردەوە و تا بۆم کرا ڕۆیشتم، نە تەقە ما و نە هیچ، بەسەر بەرزاییەکەدا هەلگەڕام و لەدوامەوە یەکێك وتی:

- شێخ گیراوە، شێخ حەمە غەریبیشی لەگەلدایە، ئینگلیز تەوقی کردوون.

بینیم حەمەی نێرگەلەیە،وتی:

- منۆشیر ئاغا نەبایە ئینگلیز شێخیان نەدەناسییەوە! ئەو بوو شێخی پیشاندان ، تەواوبووین.

وایزانیبوو شێخ کوژراوە،جەنگاوەرێکی تریش گەیشتەوە پێمان و وتی:

- حاجی سەید حەسەنی مامی شێخ کوژراوە، تایەری فەرخەی مودیری پۆلیسیشم بینی لە کوژراوەکاندا بوو،دیلێکی زۆریشمان هەیە ، باش بوو نەکەوتینە دەستیان، بەس نییە شێخ هەر بریندارە و نەکوژرا!

تاوێك ئەسپەکەم وەستان و ئاوڕێکم دایەوە، نە تەقە مابوو نە هیچ، تەنها لەپەڕێکی دوورەوە دەنگی دەهات. ئینگلیز لە ناوەڕاستی ڕێی دەربەندەکەدا ئۆتۆمبێلەکانیان ڕاگرتبوو و گردبوونەوە، کەسانێکم بینی بەسەر بەرزاییەکانەوە دەستیان لەهەوادا بوون و هەریەکەی یەك دوو ئینگلیز و هندی و مەگۆل لەپشتیانەوە بوون، لە دووریشەوە تەپوتۆز بەرزببۆوە و هەر ئەسپ سوار بوون دەگەیشتنە ئەمدیو

دەربەندەکە، ڕۆیشتم، ئەسپ شەلاڵی ئارەق ببوو و بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا، دواتر زانیمان کە هێزەکەی مەحمود خان چوونەتە نزیک قەرەهەنجیرەوە و لەوێ ڕێیان لە هێزەکانی ئینگلیز گرتووە، حەمەی نێرگەلە وتی:

- ئەوان ئەبا سێ ڕۆژ زووتر شەڕەکە دەقەوما، ئەوان لەگەڵ هێزەکەی شێخ قادردا کە لەنزیک ( بنە )وە بوون بۆئەوەی پشتی هێزەکانی ئینگلیز بگرن نەگەنە دەربەندی بازیان، هەڵبەتە ئێستاش هەر شەڕە لای ئەوان، چونکە لەشکرکێشییەکە زۆر زۆرە.

شەوی دواتر درەنگ گەیشتینەوە شار، شەڕێکی سەیر بوو، سەگ و گورگە دەتوت خۆیان لێ زیادە و گوێیان بە گوللەی تفەنگی ئێمە نەدەدا. هەژدەی حوزەیرانێکی ناخۆش، ئەو دیمەنە بەڕاستی زۆر ناخۆش بوو، بینیم شێخ مەحمود بریندارە و لەپاڵ تاشە بەردەکەدا قاچی ڕاکێشاوە.بەردە قارەمان!

ڕەحمان چنارەیی لە قسەکەی تەواو بوو و هاوەڵەکانیشی بە خەمگینییەوە گوێیان بۆ شل کردبوو، ڕەحمان وتی:

- ئەوانەی گەڕاونەتەوە ئێستا لێرەن، وتیان با کەس نەیزانێت، لەسەر ئەوە ڕێککەوتین جگە لە بنەماڵەی شێخان و خێزان و خانەوادەیان بە کەس نەڵێین چونکە ئینگلیز بەڕێوەن، هەر ئەم ڕۆژانە دێنە شار، مەهێڵن کەس ئەم هەواڵە جەرگبڕە پێبزانێت، من متمانەم بە ئێوەیە، وا بزانن هیچتان نەبیستووە. .تازە ناتوانین بەرهەڵستی بکەین و پەرتەوازە بووین، نیوەمان بە دیل گیراون، کوژراویش هەیە، نزیکەی سی چل کەس!

پێشبینیم کردبوو، ڕۆژگارێکی زۆر بەرەو دواوە کشامەوە و شەڕی نێوان میرەکانم بیرکەوتەوە، ئەودەمەی سوپای عەبدولڕەحمان پاشا بەهەمان شێوە لەبەر لەشکری بەزەبری خالید پاشادا تێکشکا و هەڵاتن ، جا ئەو شەڕەش سێ جاران بوو و ئەم دەهات و ئەو دەبەزی،ئەو سەردەکەوتەوە و بەرامبەر خۆی لێ کۆدەکردەوە...ڕۆژانی دواتری شەڕەکەی دەربەندیش، بەدرێژایی ڕێیەکە، لە هەردوو بەرەوە لەشکری ئینگلیز خێوەت و بارەگایان هەڵدەدا و دەشتودەرەکەیان تەنیبوو، منیش بۆ یەکەمجارم بوو لەپاش دەروێشەکانەوە ئەو هەموو سمێڵ و ریشە لوول و درێژانە ببینم بەخۆیان و مێزەری سەریانەوە.خێوەتەکان بڵاوببوونەوە و تا چاو بڕی بکردایە هەر لەشکر بوو، دیاربوو لەدوای تێکشکانیانەوە لەبەری تاسڵوجەدا، بڕیاریان دابێت بەوپەڕی هێزەوە پێشڕەوی بکەن نەك سەرجەم چەکداری هۆزەکانی کورد چ لەناوخۆ و چ لە ئێرانەوە هەموو هاتن بۆ بەرەنگاربوونەوە!

-79-

لەو بەرەبەیانەی ڕۆژی دواتری شەڕەکەدا، یەکەیەکی سەربازی ئینگلیز بەرەو شار دەهاتن، گەیشتنە بەری چۆمەکە و لای ئاوەکە لایاندا. کەوتنە قسەوباس لەنێو خۆیاندا و هەندێکیان چاودێری ڕێیەکانیان کرد، هەندێیەکان بەسەرو مێزەری سپییەوە لە ئاوەکەدا دەموچاو و قاچیان فێنك کردەوە .. باڵندە هەمەجۆرەکانیش لە دوای هەتاو کەوتنەوە بەسەر پێدەشتەکانەوە بوون، کڵاوکوورەکان دەیانخوێند و بەسەر سەربازەکاندا دەفڕین، هەرچی ئەسپەکانیش بوون زۆرینەیان

لەسەر ڕۆخەکە ناویان دەخواردەوەو بە کلك و یاڵیان مێشە سەوزەیان لە خۆیان دووردەخستەوە، سەرۆکی فەرماندەی یەکەکە وتی:

- دەڕۆین، هێزێکی بچووکی ئەسپ سوار دەبەین و ئێوە لێرە بمێننەوە، بزانین لە شاردا چی هەیە، ئەگەر بە دڵی خۆمان بوو هەواڵ دەگەیەنینە ئێوەش، قۆناغ قۆناغ چەند ئەسپ سوارێك لەسەر ڕێ جێدێڵین، هەر شتێك ڕوویدا بکەونە تەقە و، بەوە ئێوەش بیزانن و بێنە فریامان، فرایزەر پێی وتین یەکەم ئیشمان ئازادکردنی دیلەکانە کە مانگێکە لایان بەندن.

بەڕێکەوتن و بەسەر پردەکەدا ڕۆیشتن، خاوە خاویان دەکردو دەمەونیوەڕۆ خۆیان کرد بە شاردا، دەستبەجێ چوونە جێگای دیلەکان و هەموو پاسەوانەکانیان بێ تەقە دەستبەسەر کرد، دیلەکانیان بەردا و دوابەدوای ئەوان ئەسپ سوارێك بەخێرایی بەرەو چەمەکە کشایەوە.

- تەواو، ئێستا بەرەو شار بکشێین .. هیچ نییە، پاسەوانانی دیلەکانی خۆمان هەموو گرتوون، ئەوانەی ئێمەیان بینی زوو خۆیان شاردەوە و شار چۆڵە، کەس ناوێرێت بێتە دەرەوە.

پاش گەیشتنی سەربازانی یەکەکە، ئەدمۆنس فەرمانیدا ماڵی شێخ مەحمود تەوق بکەن، سیخوڕەکانیان پێش خۆیاندان و ڕۆیشتن، تۆپیان لەبەر ماڵی شێخدا دامەزراند و دواتر بەرامبەر شاخەکە کەوتنە ڕیزکردنی تۆپەکانیان، ترسی ئەوەیان هەبوو وەك جاری پێشوو چەکداری هۆز و تیرەکان لە شاخەوە بێن و بارودۆخەکە تێك بدەن و شەڕ دروست بێتەوە. لەسەر بەرزایی قشڵە سەربازەکان بە تفەنگەوە ڕاوەستان و کەوتنە چاودێریکردنی شارەکە... شاریش دەنگ و هەواڵی گرتنی شێخیان پێ گەیشتبوو و تەنانەت منداڵانیش دەیانزانی، دەیانوت:

- شێخ مەحمود کارێکی زۆر خراپی کرد، یان لەسەرەتاوە پشتی لە تورك نەکردایە و ئاوا متمانەی بەم کافرانە نەبووایە، یان کە دەچێتە پاڵ ئینگلیز بۆچی بە کردەوەی یەکێکی وەکو مەحمودخان دەستخەڕۆ دەبێت !! ئینگلیز هەروا ئاسان نییە و هێزێکی بێشوماری هەیە.

- ئەوا خۆیشیان گرت و بنەماڵەی لەشاردا نەمان، دەربەدەر و ئاوارە بوون ئیتر .

- چوونەتە ماڵی شێخ و لەوێ لایانداوە، ماڵی شێخ قادری برایشی هەر سەربازی لێیە، تۆپیان داناوە و کورم دەوێت نزیکیان ببێتەوە، ماڵی شێخ پڕ پڕە و گلاویان کردووە.

## -80-

لە یەکەم شەوی گەڕانەوەی لەشکرەکەی شێخ مەحموددا، کە بڕیاریاندابوو ئەو هەواڵە زوو ئاشکرا نەکەن تێکشکاون و شێخیان بە برینداریەوە دیل کردووە، هێندێك بنەماڵەی شێخانیان ئاگادارکردەوە و بۆ سبەی شاریان جێهێشت، دەیانزانی سوپای ئینگلیز تۆڵەی ئەو شەڕە و هاتنی چەکدارانی مەحمود خانیش دەکەنەوە، زۆرینەی بەرەی ماڵە شێخان و نزیکەکانیان ڕۆیشتن و بەرەو ئێران ملیاننا.. سوپای گەورەی هاتوو لەپاش چەند ڕۆژێکەوە بەشاردا بڵاوببوونەوە و هاتوچۆیان بوو، سەرەتا ناوداران و پیاوماقوڵانی شاریان لەسەر ڕێیەکاندا خڕکردنەوە و هەڕەشەیان لێکردن، ژەنەراڵ فرایزەر ئوتمبێلەکەی لە جێیەکدا ڕاگرتبوو و بە بەردەم ڕاوەستاوەکاندا دەهات و دەچوو، وتی:

- شێختان گیراوە، سەد چەکدارتان لای ئێمە بە دیل گیراون و ڕەوانەی بەغدامان کردوون، لەسەر ئەم کارە نارەوایەیان سزای خۆیان

وەردەگرن..کەسێك لە ئێوەش بەرهەڵستی نەنوێنێ و ئەگەر بیکەن ئەوە کۆتاییتانە.. لە سەرانسەری عێراقدا هەمور دونیا ئارامە و خەڵکی کاری خۆیان دەکەن، بەهۆی ئەم چەکدارە یاخییانەی ئێوەوە تەنها ئەم شارە پەشێوی و نائاسوودەیی تێدایە، کێ لە ئێوە پشتیوانی لە شێخ دەکەن فەرموون قسە بکەن تا ڕەوانەی کەرکوك و بەغدا بکرێن، بڕیاردراوە، بڕیاری سەربازی، سەرپێچیکەران لەسێدارە بدرێن، ئیتر شێخ و پیاوانی تەواوبوون و ئەوەی ئاژاوە دەنێتەوە لە بەرواری ئەمڕۆوە دوژمنمانە و دەیکوژین.

بەرەو ئوتمبێلەکەی گەڕایەوە و خەڵکەکە کەوتنە دەنگە دەنگ، فرایزەر بە ئەسپ سوار و پیادەکانی سوپاکەی وت:

- ڕێیان لێبگرن..مەهێڵن بگەنە ئوتمبێلەکانمان، بەر قۆناغە تفەنگیان بدەن ئەگەر بڕژێنە سەر ڕێگەمان، دوای ڕۆیشتنمان بڵاوەیان پێ بکەن، ئەگەر نا ئێوە یەکەمین کەسن بە ژێر ئوتمبێلەوە دەبن!

ڕۆیشتن و بەرەو شێخان کشان، ماڵی شێخ مەحمود جێگەی حەوانەوەیان بوو، هەر ئەو ڕۆژە کەوتنە گەڕان بەدوای ئەو کەسانەدا کە دەستوپێوەند و پیاوانی شێخ بوون، گرینهاوس کە چوار ڕۆژ دەبوو ئازادکرابوو و مانگێك بەند کرابوو، لە ڕۆژانی جێگریی مێجەرسۆندا زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپەڕینەکەی دەناسی و هەڵیکوتایە سەریان، پیاوانێکی زۆریان گرت و ئەوەیشی نەکەوتبوونە نێو دەستیانەوە، کەلوپەلی ماڵەکانیان هەمور دەرهێنان و لەبەر مزگەوتی گەورەدا کۆمەڵیان کردن، ئاگریان تێبەردان و دووکەڵی ڕەشیان لەو گەرمای هاوینەدا چوون بە ئاسماندا، خۆیان کرد بە مزگەوتەکەشدا و سەرجەم کتێبی کتێبخانەکەیان فڕێدایە ئەولای حەوزەکەوە، مەلا و فەقێ و

نابیناکانیش هەریەکەی قورئانێکی شاردبۆوە و مزگەوتیان چۆڵ دەکرد، سوارەکان چوون و سیخوڕەکانیان بانگ کرد، وتیان دەی، بە دەستی خۆتان دەبێت ئەم گردە کتێبە بسووتێنن، دوایی ئەو ئەفسەردی لە سوپای لیڤیدا بوو هات و ئاگری بەردایە ئەو چەند هەزار کتێبەی هێندەی خەرمانێکی گەورە بەرز ببۆوە، لەدوورەوە،لەسەر بەرزایی قشڵەوە ئەوانەی دیمەنە دڵتەزێنەکەیان بینی، وتیان:

- ئەو هەموو کتێبەی کە چەندین ساڵە پاشماوەی میرە گەورەکانی بابانن، وا هەموویان فڕێداون و ئاگریان تێبەردەدەن! ئەو هەموو نووسراو و دەستنووسەی مۆری خۆیان لەسەر بوو وا دەیسوتێنن، کاك ئەحمەدی شێخ تۆڵەمان دەوێت، دەستی ئەوانە وشك بكە كە ئەو هەموو کتێبە ئایینی و مێژووییە دەسووتێنن، وا کافرەکان هاتوونەتە ماڵی خوا و گلكۆی ئێوە یا شێخ!!

یەکێکی‌تر وتی:

- شەش هەزار کتێب زیاترە، ئەوانە مێژووی ئێمە دەسووتێنن.

- بڕوانن، ئەوەی ئاگرەکەی پێوە دەنێت ڕەشەی بەکرەفەندی هێزی لیڤییە!! پێویستە بکوژرێت!

ئەویش بە فرمانی ئینگلیز کتێبە سوتاوەکانی هەڵەوگێڕ دەکرد و دەیسوتاندن، گڕی ئاگری کتێبەکان لە بەژنی دارتووەکان بڵندتربۆوە و دووکەڵێکی هەڵچوویان بەرەو ئاسمان دەچوو، خۆڵەمێشیی هەرزوو چواردەوری تەنی و بەدەم شەپۆلی بایەکەوە بڵاوەدەبۆوە، لاپەڕە و کاغەزی گڕگرتوو لەنێو دووکەڵی پان و بەریندا بەهەوادا دەڕۆیشتن و بەسەر سیمای خەلکی و ڕێگە و درەخت و ماڵەکاندا پەرشدەبوونەوە،

پیت و وشەکان لێك دەترازان و پەرت دەبورن هەروەکو زمـانی تەتەڵـەی خەلکەکە.

## -81-

گرتن و ڕاوەدونانی خەلکی بەردەوام بوو، ئـەو ڕەفتارانـەی ئینگلیز کە ڕۆژانـە لـەپێش چاوی شارەکەدا دەیکرد زۆرینـەی بێزار و پەست کردبوو و لە سەرەتادا بە نەنگی و خراپە باسـی ئەوانەشیان دەکرد کە دەچوونە دامو دەزگاکانیـان، پۆلیسیش لەوانـە بەدەرنـەبوون، ڕاونـان و پشـکنین و گـەڕان هـەر بـە شـارەوە نەوەسـتا و بـەرەو گونـد و شارۆچکەکانیش پەلی لێبزوە، ئینگلیز دەیویسـت دەسـەڵات و توانـای خۆی پیشانی هۆز و تیرەکـان بدا و پشـتیوانی ولایـەنگری شـێخان نەهێڵێت. لەنێوەندی ئەو کارانەدا، پانزە ڕۆژ دەبوو مێجەرسۆن هاتبۆوە ناو شار، قسەی لەگەڵ سەربازان و پۆلیسـەکاندا کـرد و جاڕدان سـەری هەڵدا، وتیان:

- لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا هەرکەس چەك و تفـەنگی لـە ماڵدایـە بیدات بەدەسـتەوە، چـەك و تەقەمـەنی و تەنانـەت خەنجـەریش. کـێ تفەنگی لەلایە بیدات بە پۆلیسخانە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس کـە لـە شاردان، هەرکەسێك چەکەکەی نەهێنێتەوە سزای پێنـج سـەد ڕوپیەیـە، یاخود شەش مانگ توند دەکرێت لە بەندیخانەدا... کێ تفەنگ و چەکی هەیـە لـە هـەموو جۆرێـك، تەنانـەت خەنجەریش، نـەڵێن گوێمـان لێـی نەبووە، ئەوەی سـەرپێچی بکا و لەماڵیدا بگـیرێت سزاکەی پێنـج سـەد ڕوپیەیە، ئەوەی لەلای ماوە و نایهێنێ و پارەی نییە بەند دەکرێت شەش

مانگ، شەو و ڕۆژێك، لەماوەی بیست و چوار کاتژمێردا، نەلێن نەمانبیستووە، شار و گوند و لادێکانیش دەگرێتەوە خەڵکینە.

چەند جارێك و لەکاتی جیاجیادا ئەو ئاگادارییەیان ڕاگەیاند، خەڵك ترسیان لێنیشت و هەریەکەی چەکەکەی خۆی بردە پۆلیسخانە، لە گوند و شوێنەکانەوە دەهاتن و دایاندەنان، برێك چەکەکانی خۆیان بەژێر گڵەوە کرد، خەلیلی ڕاوچی تاپڕێکی پێبوو و ڕاوی دەکرد، ڕێبوارێك لە پاشنیوەڕۆدا پێی وت:

- دیارە ئێوە گوێتان لەو بانگەوازە نەبووە، بڕۆ تاپڕەکەت تەسلیم بکە، ئەمە بڕیارە، با دوایی پێنج سەد ڕوپیەت لە گیرفان دەرنەهێنن، جا ئەوە ماڵەکەشت هەموو بفرۆشیت پێنج سەد ڕوپیە پێکەوە نانێیت! دیارە لەم دەشتەدا گوێت لێی نەبووە!

خەلیل لێی نزیکبۆوە و وتی:

- ئەی ئەگەر نەمبوو ؟!

- شەش مانگە، شەش مانگ دەتگرن و دوایی بەڕەڵات دەکەن.

ڕێبوارەکە ڕۆیشت و خەلیل لەبەرخۆیەوە وتی:

- نایدەم، چی دەبێت با ببێت، ڕاو کەی بە دارولاستیکی بەنوخێن دەکرێت! ناوەڵا نایدەم و دەیشارمەوە، من ڕاوچیم، خۆ ڕاوە ئینگلیز ناکەم! سۆنە ڕاودەکەم نەك سۆن !! تا سۆنە ڕاوەستابێت میجەرسۆن خۆراکی من نییە.

دوایی هاواری لە ڕێبوارەکە کرد:

- لەماوەی چەند ڕۆژدا ؟!

ڕێبوارەکە ئاوڕێکی بۆ دایەوە و لەدوورەوە دەنگی هەڵبڕی.

- شەو و ڕۆژێك، سبەی دوا مۆڵەتە، سبەی.

ڕێبوارەکە ڕۆیشت و سەری بادا،لەبەرخۆیەوە وتی:کاشکای سۆنت ڕاودەکرد،هەق وایە لەبری شەڕوشۆڕ،هەر شەوەی یەکێکیان لێ بکوژن.
خەلیل بەرەو شار کشایەوەو بەدەم ڕێوە هەر بیریدەکردەوە، دەیوت:
- چۆن دەیدەم!! جاریٚ ئەوە تاپڕ پەیوەندی بە چەکەوە نییە، تاپڕ چەکی ڕاوە و...نایدەم.
گەیشتە ناو شار و گوێی لێبوو خەلکی باسی چەخماخسازەکانیان دەکرد، دەیانوت ئیتر کەس بۆی نییە چەك و تفەنگ و دەمانچە، خەنجەریش دروست بکات، تەماشایان دەکرد و، وتیان:
- ئەوە یەکێکی‌تریش چەکی هێناوە..برۆ بیاندەرێ خێرا تا مۆلەت ماوە.
ئەو چەك و تفەنگە کۆنانەی کۆمەڵ کرابوون و لە شار و لادێوە هێنرابوون گردێکیان دروست کردبوو و هەر کەسێك دەیبینی بیری لە کتێبە سووتاوەکان دەکردەوە، مێجەرسۆن لە ڕۆژی داهاتوودا پێی وتن:
- مەیسووتێنن، بڕۆن لە ژوورێکی پۆلیسخانەکەدا دایبنێن و کلیلەکەیم بۆ بهێنن، وا فەرمانگەیەکی شارەوانی دروست دەکەین، هەر لەم ڕۆژانەدا کە بناغەی لێدرا هەمووی بخەنە ئەو بناغەیەوە.

## -82-

خەلکی ماوەیەکی زۆر بوو پەرۆشی بیستنی هەواڵی شێخ و بە دیل گیراوەکان بوون، دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەك، لەڕێی گەیشتنی کاروانچییەکانەوە بۆیان ڕوونبۆوە، یەکێك لەوانەی لەبەری کەرکوکەوە هاتبوو وتی:

- شێخ بڕیاری لەسێدارەدرانی گۆڕاوە بە دوورخستنەوەی، بردوویانەتە کوێت، بیستم لەوێش نامێنێت، دەیبەن بۆ هندستان، کێ ناڵێت ئێستا بەڕێوە نییە.

بە فەرمانی ژەنەڕاڵ فرایزەر، سوپای ئینگلیز لەشاردا نەمان و وەکو جاران هێزی لیڤی پێکهێنرایەوە، سەدو پەنجا ئەفسەر بە بەرگی شینەوە شاریان دەپاراست لەگەڵ پۆلیسدا، بۆ ئەو مەبەستەش بارەگایان لە دەبۆکە دانا و شەوانە هاتوچۆی خەلکیان قەدەغە کرد، لە مزگەوتی گەورەدا فەقێکان بەچرپەوە قسەیان دەکرد و لەپاشاندا چەند شتێکیان باسکرد کە کەوتبوونە بەر گوێیان.

بنەماڵەی شێخ چوونەتە ئەودیو و لای سمکۆ شکاکن، مەلا وتی نە ئینگلیز و نە تورك، نە هیچ کەسێك ناتوانن دەست بۆ شێخ ببەن، چۆن دەتوانن لەسێدارەی بدەن؟! ئەوانیش وەك عوسمانی لە بڕیاری لەسێدارەدان پەشیمان بوونەتەوە، بردوویانەتە هندستان، دیارە ئەوێش بەدەست ئینگلیزەوەیە، ئەی نابینن هندییان لەگەڵدا بوو!! مەلا وتی دوورخراوەتەوە بۆ ئەوێ، بەڵام شتێکیتر، ئاگاتان لێیە سوپایان بردەوە، ئەوە دوای سەندنی چەك و تفەنگی خەڵکی بوو، کوردێك ئەماوە چەك نەکرابێت، مەگەر ئیتر بە بەرد شەڕ بکەین، داوای خەنجەریشیان کرد.. ئێستا دونیایان بۆ تەخت بووە و هیچ مەترسییان نەماوە، تەنها ئەوان ناهێڵن خەڵکی هاموشۆی یەکتری بکەن، ئەم مێجەرسۆنە زۆر زۆڵە! دەڵێن بە کوردییەکی زۆر باشیش قسە دەکات، دەڵێن گاڵتەی بەم کوردییەی ئێمەش دێت، وەکو نۆنیل، ئەویش گوێتان لێبوو کە قسەی کرد بە چ فارسییەك دەیوت، هەر ئەو باش بوو! ئێستا باجیش هەیە، کاروانچییەکان باجیان لێوەرگرتبوون، ئینجا ئەمە چ

جیاوازییەکی لەگەڵ تورکدا هەیە؟! هەر ئەوان باشتریش بوون، ئەمانە پیسن، ژنان بەبێ پەچە خۆیان دەرناخەن، دەڵێن لە ترسی ئینگلیزە تا دەستدرێژییان نەکرێتە سەر.

## -83-

لە چایخانەکاندا بەچرپە قسەیان دەکرد، هێشتان سیخوڕەکانی سۆن مابوون و گوێیان لە خەڵکی دەگرت، هەندێکیان بە ڕەفتاریاندا ناسرابوون و دەستیان لای خەڵکی ئاشکرا ببوو، ڕۆژنامەی پێشکەوتن کە سۆن بە پشتیوانی ڕۆشنبیران دەریدەکرد، کەوتبووە نێو دەستی خوێنەوارەکانەوە، یەکێك لە ئەفسەرە گەڕاوەکان کە لە جەنگی جیهانیدا بە دیل گیرابوو، نووسراوەکانی ڕۆژنامەکەی دەخوێندەوە و سەری باددەدا، هاوەڵەکەی وتی:

- حەوت ئەوەندە باجیان لەسەر بەروبوومی توتن زیاد کردووە و دەیانەوێت بەم ڕۆژنامەیە بڵێین ئیتر پێشکەوتووین، ئەمە چ پێشکەوتنێکە!! هەر بەناوە و بەڵکو دواکەوتووین، پلەوپایەی فەرمانگەکان و دەستەی بەڕێوەبەران هەر ئەوانەن کە بە لای ئەواندا شکاندوویانەتەوە.هندی هەرگیز ڕۆژی وا خۆشیان بە چاوی خۆیان نەبینیووە،سیگ و گورگە و کاجنیسە ناجسنەکان هەموو بوون بە کاربەدەست و منەوەرانیش چایخانە خۆت بگرەو هاتم ،قەند و چای ناغخواردنیشیانە!

ئەفسەرەکە هەروا دەیخوێندەوە و دوایی ڕووی کردە هاوەڵەکەی.

- فێری زمانی کوردیشمان دەکات!، ئەگەر بەڕاستیش لێزان بێت قەیناکە، پێمان خۆشە شتی سوودمەند بکرێت، کێ دەیکات جیاوازی

نییە، بەڵام سۆن لە ڕەفتاریدا ئەوە نییە، کـە بـە ڕێگـادا دەڕوات دەبـێ خەڵکی لەبەری هەستن و بۆی بچەمێنــەوە!پۆلیســێکی قنـگ هـەڵپچڕاو نەخۆش دەکەوێ و دەبێــت هــەمور بچـن سـەردانی بکـەن، باشـە ئەمـە کارێکی سەربازییە و جگە لە پۆلیس و سەربازان نابێت کەسی مولکی بیکات، سۆن ئاگای لـەوە نییـە!، یەکسـانی هـەر لای بۆلشـەوییەکانە، بـاوەڕت بێـت بەشێوەیەکی زۆر بـاش مامەڵـەیان لەگـەڵ دەکردیــن و دوایـیش ئازاد کراین، زۆرم پێ حەیفە کـە ڕووسـەکان لـێرە ڕۆیشـتوون و شاریان نەخستۆتە چنگیانەوە، باشە ئەمانە کە هاوپەیمانی ئینگلیز بوون دەیانتوانی بێننەوە، شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکرێت با بکرێت، ئەگەر ئـەوان لێرە بوونایە ژیانێکی ترمان دەبوو، خەڵکی هەژار لای لێدەکرایەوە نەك هەر ئەو ناوانەی ئێستا هەن و دوێنێش هەبوون.جا کێ دەچێتە لایـان؟! چـۆن خـەڵکی خۆیـان سـوك دەکـەن بەدەسـت ئینگلیـزەوە،ئـەو هـەمور دەرچووە هــەن و بــێ کـار ماونەتــەوە.لەگـەڵ بـێ سـەوادەکاندا چ جیاوازییەکمان هەیە؟!

هاوەڵەکەی وتی:

- منەوەرانی گیرفان بەتاڵ، خۆ زۆر لـە شاعیرەکانیشـمان هـیچ لـەم ڕۆژنامەیەدا بلاوناکەنەوە! دەیانەوێت بە بەخشینی پاداشـت نووسـەر و قەڵەم بەدەستەکان لـەخۆیان کۆبکەنـەوە، بە نـاوی پـەرەپێدانی زمـانی کوردییەوە، زمانی کوردی پێویستە نەك هەر لە ڕۆژنامەدا گەشەبسـەنێت و بە ڕەوانی بەکاربهێنرێت، بەڵکو لەسەر جادەکـاندا، لـە بـازاڕدا پـێش بکەوێ و ئازادانە قسە بکەن! کە ئەوان پەرە بـەو زمانـە دەدەن، ئەگـەر نەهێڵن کەس قـەی خۆی بکات نەبێت باشترە..من ئـازانم زمـان بۆچـی

کراوە و بۆچی هەیە ؟! ئەگەر نەتوانیت ئەوەی لە دڵتایە پێـی بڵێیت!!!
دەنگێکیش هەیە دەڵێن گوایە شەمەندەفەر دێننە شاردوە!

## -84-

سەریان ئابوو بەسەری یەکترەوە و بەچرپە دەدوان، لە خوار سەراکەوە ڕاوەستابوون و جارویار دەهاتن و دەچوون، وتیان:

- هەر دەستە و گروپە، هەر کۆمەڵە، دروست بوون و ناوی سەیر سەیریان لە خۆیان ناوە.

- دەروێشیش پەیدابوون، ئینگلیز زیاتر لەوان دەترسن!

- ترسی چی؟! بەئاشکرا تیاترۆخانەیان داناوە، ئەو ئافرەتە بێ ئابڕوو و بێ شەرمانە لەکوێوە هاتوون! کەی لە شاری ئێمەدا شتی وابووە؟! ئەمانە خەڵکی چ شوێنێکن ؟

- برسێتی ! برسێتی دروستی کردوون، ئەی لەکاتی برسێتیەکەشدا چەند ئافرەتێك فێری لەشفرۆشی ببوون، لایەنگرانی ئینگلیزن و شەوانە لەماڵیاندان، خۆیان حەز بەو خراپییە دەکەن، زۆربەیان مێرد و برا و باوکیان نەماوە، لە شەڕ بێ سەروشوێن بوون و بێ ساحێب ماونەتەوە.دەڵێن سەروەختی عوسمانییەکانیش لەو ئەسحابە سپییەدا چەند ئافرەتێکی تورك شەوانە گۆرانییان وتووە و سەمایان کردووە، تۆ بڵێی ئەمەی ئینگلیزیش جۆرێك نەبێت لەخشتەبردن و خەریککردنی خەڵکی بێ ئیش!

- ئەی خۆ خەڵکەکە هەموو برسیشن بۆ شتی وا ناکەن؟! خۆیان خراپن، ئەوا بە ئاشکرا مەیفرۆشێك دوکانی عارەقی داناوە، بۆ ئێمە ناچین عارەق بخۆینەوە، ئەوانەی دەچنە ئەوێ و خۆیان سەرخۆش دەکەن،

حەزی پێدەکەن، خەڵك واز لە حەزی خۆیان ناهێنن، ئێمەش بێ ئیش، بەڵام پیاو لەبرسا بمرێت نەك ببێتە تەشی ڕێسی ئەم ئینگلیزانە.

گەڕانەوە و لە شوێنەکەی پێشوویان وەستانەوە، ڕوانییانە دەورویشتی خۆیان و وتیان:

- ئۆزدەمیر لە ڕەواندزە، تا کۆیەیان بەدەستەوەیە و تورك چەکێکی باشی داونەتێ، لە موسڵەوە بۆیان دەنێرن و هێزی ئینگلیزیان پەرێشان کردووە، دەڵێن ئەوە چەند جارە ئینگلیز تێکشکاوە و ناتوانێت بەرەنگاریان بێتەوە.

- ئینگلیز دەڵێن دەبێت موسڵ بێتەوە سەر عێراق، تاوەکو موسڵ بەدەست تورکەکانەوە بێت ئینگلیز ناوێرن نزیکی ئەو ناوچانە ببنەوە، موسڵ بچێتەوە سەر عێراق بەمانای شاری ئێمەش !

پیاوەکە لەو قسانەدا بوون و لە تەنیشتیانەوە کەسێکیتر ڕاوەستابوو، وتیان:

- با بڕۆین، تەماشای مەکەن، ئەوە سیخوڕێکی مێجەرسۆنە گوێ دەگرێت، دەڵێی لە ئەسڵدا دایك و باوکی خەڵکی لەندەنن! ئینگلیز زادە!!

ڕۆیشتن، یەکێك لە ئاسیاوەکانیان بەلایاندا ڕەتبوو و هەنگاوەکانیانی خاوکردەوە، پێی وتن:

- دەڵێن هەشت هەزار تورك بەڕێوەن بێنە سلێمانی، وا سۆن هێزی لیڤی بۆ ڕەوانەکردوون، خەڵکی پێیان خۆشە بێن، ئەم تیاترۆخانەیەی ئینگلیز نەهێڵن و بێناموسی بنەبڕ بکەن.

ئیتر لەشاردا هەریەکەی بیروڕایەکی هەبوو، هێنانەوەی شێخ مەحمود لەپشتی هەموو گفتوگۆکانەوە قسەکانی کپ دەکرد، هەموو ڕێیەکان

دەچوونەوە سەر داکۆکیکردن لە هەستی نەتەوەیی و گەڕانەوەی دەسەلات بۆ حوکمداری خۆیان، چەندیش جیاوازی هەبوو لە بۆچوونەکاندا، بەلام کە ناوی شێخ مەحمود دەهاتەوە بەر گوێ، هەموانی بێ دەنگ دەکرد. هەموو ئەوانەی لە ئینگلیزیش نزیک نەدەبوونەوە بە جل خوارەکان و تورک خواکان لەقەڵەم دەدران.

## -85-

مەلیک فەیسەڵ هێنرابوو و لە بەغدا لەسەر کورسی پاشایەتی دانیشتبوو، ئینگلیز سەری لێ هاتبۆوە یەک و نەیدەزانی شار چۆن ڕازی بکات، دەیانزانی بە لکاندنەوەی سلێمانی میللەت ڕازی نییە بچنەوە پاڵ بەغدا و مەلیک حوکمیان بکات، هەر کەسێکیان دادەنا، دوای ماوەك لایاندەبردەوە و جگە لە هێنانەوەی شێخ چ ڕێگەیەکی تر نەبوو، وتیان:

- ئینگلیز لە تورك دەترسێت، نایەوێت ئیتر هێزەکانی خۆی لەو شەڕەدا تەفروتونا بکات، دەیەوێت بە هێنانەوەی شێخ تورك ڕازی بکات و دەست لە لەشکرکێشی هەڵبگرێت، ئۆزدەمیریش بە هاتنەوەی شێخ قایل دەبێت، ئەمە باشترین چارەیە و بەلام ئینگلیز هەر دوودڵە، چەند مانگە شێخ قادری هێناوە و دایناوە، بەلام نەیتوانیوە بارودۆخەکە ئارام بکاتەوە، ڕۆژنامەی پێشکەوتنیش هەموو هەفتەیەك بە شان و شەوکەتی فەیسەڵدا هەڵدەدات.

لە ڕۆژێکدا ئینگلیز دامودەزگاکانی خۆی بە فڕۆکە گواستەوە، تەنها پەنجا کەسی هێشتەوە لە هێزی لیڤی بۆ پاراستنی شار.. بۆ ڕۆژی

دوایی پیاوماقوڵانی لە دەشتی وەیسدا خڕکردنەوە و قسەیان بۆ کردن. گۆڵدسمیس وتی:

- شارەکە بۆ ئێوە جێدێڵین، خۆتان لەناو خۆتاندا کێ هەڵدەبژێرن بۆ حکمداری بیکەن، ئێوە ئێستا سەربەستن، سەرباز و چەک، جبەخانە و پارە بۆ خۆتان جێدەهێڵین، کلیلی دەدەنە دەست چ کەسێك ئەوە کاری ئێوەیە، ئێمە بە فەرمانێکی سەربازی دەگەڕێینەوە، ئازووقە و پارە و چەك لەژێر دەستی ئێوەدایە تاوەکو شێخ مەحمود دێتەوە، لەناو خۆتاندا مەجلیس پێك بهێنن، شارەکە لە ئەستۆی ئێوەیە و دەبێت بیپارێزن.

پاش ڕۆیشتنی ئینگلیزەکان خەلکەکە لەبەری دەشتی وەیسەوە بەپێ گەڕانەوە، هەریەکەی شتێکی وت، یەکێك بەوەی تەنیشتی وت:

- مێجەرسۆن هەمیشە لەکاتی ئاڵۆزیدا دەڕوات و بیانوویەك دەدۆزێتەوە، ئەم کابرایەش دیارە ناتوانێت شارەکە لە ئەستۆ بگرێت! ڕەنگە تورك هەر ئەم ڕۆژانە بێن، دەبێت شێخ قادر پێیان بڵێت وا شار کەوتۆتەوە دەستمان، ئینگلیز بۆ پارێزگاری و پاراستنی شارەکە ئەو چەند سەربازەی هێشتوونەتەوە، ڕێیان لێ بگرێ و ئاڵۆزی و پەشێوی نەنێنەوە تاوەکو شێخ مەحمود دێتەوە، ئیتر کاری نهێنی نەما، چی هەیە لە ڕوو بوترێ و چارەیەکی خێرا بدۆزنەوە.بە دانانی حەمدی بەگی بابانیش دۆخەکە ئارام نابێتەوە، هەر دەبێت شێخ بگەڕێتەوە.

## -86-

لە کۆتایی مانگی ئەیلولدا شێخ گەڕایەوە بۆ شار.. دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ و سێ مانگ و دوانزە ڕۆژ لە پاش بە دیل گرتن و شەڕی دەربەندی بازیان؛ مێجەر نۆئیل هاوشانی بوو و بۆ پێشوازیکردنی

هاتنەوەی، خەڵکێکی تا بڵێی زۆر ڕژابوونە سەر ڕێگەکە و لە هەردوو بەرەوە ڕاوەستابوون، ڕۆژێکی‌تربوو، هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەریی لە دەروونی هەمووانا بوو، دوابەدوای وتەکەی گۆڵدسمیس شار باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو سەربەخۆیی بەدەست دێنن و حوکمڕانی تەنها لە دەستی خۆیاندایە. بە بینینی نۆئیل خەڵکەکە شادمان بوون، شێخیش هەرگیز ڕۆژێکی وا خۆشی بە چاوی خۆی نەبینیبوو، لە خەیاڵیدا شار چۆڵ ببوو، بەلام بینی زۆر قەرەباڵغە.

هاتوچۆی ماڵی شێخ تا درەنگانێکی شەو بەردەوام بوو، هەفتەیەك خەڵکی سەردانیان دەکرد و لە دێ و گوندەکانی چواردەورەوە دەچوونە دیدەنی.. حەمە ئەمین عەتار کە ژنبرای شێخ بوو بە شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمودی وت:

- لە بەغدا شێخ پێی وتم: سەرەتا بە سەرۆکی مەجلیسی میللی دایاننام، دواتر لەو بڕیارە پەشیمان بوونەوە و کردیانەوە بە حوکمداری کوردستان، وتی دوودڵ بوون لە نازناوەکە، قسەشیان لەگەڵدا کردم کە کار و فرمانێکی پۆلیسییان بۆ بکەم، دەیانەوێت لەگەڵ گەیشتنەوەمدا لە سلێمانی خەڵك لە خۆم کۆبکەمەوە و شەڕی تورك بکەم، بچم لە ڕەواندز دەریانپەڕێنم، بەڕاستی نەمزانی چی بڵێم، وتی ناچار ڕازی بووم و بەڵێنم دانێ هەرچی تورکە دەریبکەم، بەلام من چۆن شتی وا دەکەم، تۆ لەو باوەڕەدایت ئەوە لە من بوەشێتەوە !! من ئەگەر قایل نەبوومایە نەیاندەهێشت بێمەوە، نەیاندەهێشت چاوم بە سلێمانی بکەوێتەوە، وەهای وت.

شێخ لەتیف وتی:

- ئـەو گەڕانـەوە کتوپـڕەی ئینگلـیز زۆر سـەیر بـوو ! ئـەوان نەیاندەتوانی بچنە ئەو شەڕەوە و زیانێکی زۆریان لێکەوتبوو، پێویستە لەڕێی نامە و هاتوچۆمـاندا ئۆزدەمـیر و سـەرۆک هۆزەکـان ببینـین، بـە ڕێگەیەکی ئاشتیانە کارەکە چارسـەر بکـەین، ئـێرە تـەواو، ئینگلیزی تێدا نەماوە.

## -87-

شـێخ نـاردبووی بەشـوێنیدا، گۆگـۆڵ گەیشـت و ڕێـیـان پـێدا بچێتـە ژوورەوە، شێخ لەگەڵ دانیشتووەکانی تردا بەخێرهاتنیان کرد و وتی:

- تۆ شوفێری مێجەرسۆن بوویت؟!

- بەڵێ قوربان. شوفێری تایبەتی.

- ناوت گۆگۆڵە؟!

- گۆگـۆڵ جـان مکورجـی، خـەڵکی شـاری کەلکـەتام ئەگـەر ئێـوە بینیوتانە!

شێخ بزەیەکی دەربڕی و بەخۆشییەوە وتی:

- بیسـتوومە، کەواتە هندیت؟! لە بەغداوە تۆ مێجەرت هێنا؟

گۆگۆڵ بەهێمنییەوە وتی:

- نەخێر، نا.. من دوایی هاتم، ناردیان بەدوامدا ئوتمبێلـەکانیان لـە ئیش کەوتبوون.

- باسی تۆیان بۆ کردووم، وتیان سۆن زۆر لە تۆ ڕازیبووە، وایە؟!

- بـەڵێ وایـە.. پێـش مـن دوو شـوفێری تـری هـەبوون، ڕۆژێـک ئوتمبێلەکانیان لەنزیک کەندەکـەوەوە، لای تاسلوجە لـەکار کـەوتبوون و سۆن دەستبەسـەر ڕەوانەی بەغدای کردنەوە، مـن هـاتم،سۆن وتـی چۆن

توانیت ئوتمبێلەکە چاك بکەیتەوە، بەچی چاکت کردەوە، منیش وتم بە کەرەسەی یەکێکیان ئەوەی ترم چاك کردەوە، کاری میکانیکیش دەزانم.

شێخ پێی وت:

- لەمڕۆوە دەبیتە شوفێری من، ناوەکەشت دەگۆڕم، ئیتر لای خۆم دەبیت.

هەموو کەوتنە پێکەنین و شێخ وتی:

- غەفوور، دەبیتە غەفووره هندی، کە دەتبینم ئاسیاوێکی کۆنم بیردێتەوە.

وتیان:

- پڕ بە پێستی خۆیەتی، ناوی غەفووری زۆر لێ دەوەشێتەوە.

## -88-

مانگێك تێپەڕی و شێخ نازناوی مەلیکی لەخۆی نا، ڕۆژێك سوپاکەی کۆکردەوە و بە ناوی سەربازی کوردستانەوە نمایشێکیان سازدا، مەلیك مەحمود وەستابوو و سەربازەکان بەبەردەمیدا ڕەتدەبوون، ڕۆژنامەیەکیشیان دانا و چەند قوتابخانەیەکیان کردەوە، ئەو ئەفسەرانەی لە بەغداوە هاتبوونەوە، بوونە مامۆستا و مەشقیان بە لاوان دەکرد، خەلکی دەکەوتنە چەپلەلێدان و پێ بەپێی لاوان دەڕۆیشتن لە بازاڕەکەدا وەختێ بەلایاندا ڕەتدەبوون، هەستی میللی تەواوێ بوژابۆوە و باروذۆخ بەرەو باشتر دەڕۆیشت، ڕۆژێك غەفووره هندی بە ئوتمبێلەکەی شێخی بردە دەرەوەی شار و سوارەکان لەگەڵیدا ڕێیان بڕی، یەکێك لە دوکاندارەکان وتی:

- سمایل خانی سمکۆ دێت، شێخ چووە پێشوازی لێ بکات، بۆ پشتیوانی هاتووە.

-89-

دوای نزیکەی شەش مانگ، چەند فڕۆکەیەك بە ئاسمانی شارەکەدا فڕین، خەلکی وەختێ بینییان بەنزمییەوە دەفڕن، لەبەر هەتاوەکە هەستان و فڕۆکەوانەکەیان بینی بە دەست ئاماژەی کرد کە دابنیشنەوە و نەترسن، چەند جارێك خولانەوە و بەیاننامەیان فڕێدا، خەلکی کەوتنە هەلگرتنەوەی کاغەزەکان و هەریەکەی شتێکی وت، بەرلەوەی ڕاستییەکەش بزانن وتیان:

- هەڕەشە دەکەن، دەلێن دان بەم حکومدارییەی شێخدا نانێن و مەلیك تەنها فەیسەلە لە بەغدا.

- زۆر لەوە دلگرانن شێخ هاتوچۆی تورکەکان و لایەنگرانیان دەکات، دەلێن ئەم کارەی شێخ یاسایی نییە. شێخ پێویستە دەست بکێشێتەوە و ئەم کارانە نەکات، سمایل خان زوو شار جێبێلێت، زوو.

لەماوەی هەفتەیەکدا ترس گەڕایەوە، باسی هاتنی سمایل خانیان دەکرد و دەیانوت:

- سمایل سمکۆ بۆ ئەوە هاتووە شێخ هانبدات لایەنی ئینگلیز بگری و پشت لە تورکەکان بکات.

- بیستم دەلێن سمکۆخان کوڕێکی تورك گرتوویەتی،ڕەنگە بیەوێت شێخ لا بداتەوە بەرەو تورك،ئەگەر شێخ وا بکات لەوانەیە بەرەلاکردنی کوڕەکەی مسۆگەر بکات،ئیتر نازانم.

- ئینگلیز دوای ئەوەی ویلایەتی موسلی بۆ کۆمەلەی گەلان جێهێشتووە کە بڕیاربدات لە چۆنێتی چارەنووسی، دێتەوە سەر عێراق یان نا، هەربۆیە ئەمە دەکەن، ئینگلیز ئیتر ترسیان لە تورك نەماوە و

شێخیش بەلایانەوە زیادەیە، کاریان بە شێخ نەماوە ئیتر شەڕی تورکیان بۆ بکات.

سەرلەنوێ فڕۆکەکان ئاسمانەکەیان بڕی و بەیاننامەیتریان بڵاوکردەوە.. ئەوانەی کە خوێندەوارییان نەدەزانی، پرسیاریان دەکرد، هەندێکیش لەخۆوە قسەیان دەکرد و بەئارەزوویان دەیانخوێندەوە.

- چی نووسراوە؟ چی دەڵێن؟!

- دەڵێن دەبێت بە زووترین کات شێخ و سوپاکەی سلێمانی چۆڵ بکەن، ئەگەر بە دەنگ ئەم بانگەوازەوە نەیەن ئەوا بۆردومانی ماڵی شێخ دەکەین، یان دەڕوات یان بۆردومانکردن!

ئیتر شار چاوەڕوانی نزیکبوونەوەی ئەو ترسە بوون، هەرچی شێخیش بوو ملی بەو بڕیارە نەدا و، نە ڕۆیشت و نە هیچیش، شێخ وتی:

- جاری پێشووش دەیانویست وەك نوێنەرێك بچمەوە بەغدا و نەهێڵن دەستم بگاتەوە بە شارەکەم.. ئەوە لەم بەیاننامەیەدا دەرکەوت کە بە هیچ شێوەیەك دان بە سەربەخۆیماندا نانێن، خۆشییان بێ و ترشی سنووری دەسەڵاتمان دەبێت تاوەکو زنجیرە شاخی حەمرین بێ و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە تاوەکو شاری سنە، ئەوان دیارە موسڵیان مسۆگەر کردووە بگەڕێتەوە سەر عێراق بۆیە هەڕەشە دەکەن، ئێمە لەمڕۆوە دەبێت پەیوەندی لەگەڵ تورکەکاندا باشتر بکەین، ئینگلیز لە چەمچەماڵەوە تا ئێستا ناهێڵن دەسەڵاتمان بەرەو کەرکوك بکشێت، ئەوت بینراوە و وەك بەکرێگیراو تەماشامان دەکەن!

دوو ڕۆژی دواتر دەنگی فڕۆکەکان لەدوورەوە هاتنەوە، خەلکەکە زۆرینەیان خۆیان شاردەوە و دەست کرا بە بۆردومانکردنی شار، چەند ماڵێك پێوە بوون و ئاگر و دووکەڵیان لێ بەرزبوونەوە، چەند جارێك

بۆمبیان بەردایەوە و کەسانێکی زۆر گیانیان لەدەستدا و هێندێکیشی بریندار کرد..فڕۆکەکان گەڕانەوە و خەڵکی بەرەو سەرەوەی شار ڕۆیشتن، تا درەنگانێك لەوێ خۆیان حەشاردا و لەکاتی تاریکبووندا گەڕانەوە، دەنگی گریانی کەسوکارانی کوژراوەکان دەهاتن و خەڵکەکە بەهانای ئەوان و بریندارەکانەوە ڕۆیشتن و بووە قەرەباڵغی لە شوێنی ڕووداوەکاندا.قیژەی ئافرەتان لە شەودا هاوتای دەنگی فڕۆکەکان دەبوونەوە کە بە ڕۆژ لە ئاسماندا بوون،وەك ئەوەی دەنگەکانیش لەئاسماندا بەگژ یەکدیدا بچنەوە.

سبەی شێخ بەخۆی و سوپاوە، لە بەردبەیاندا ڕێی گرتەبەر و لە شار دوورکەوتنەوە، بۆردومان دەمەو نیوەڕۆ سەریان هەڵدایەوە و جگە لە مزگەوتی گەورە شار کەسی تێدا نەمابوو، ئیتر ڕۆژانە فڕۆکە دەهاتن و شاریان دەدایە بەر بۆمب، خەڵکیش لە گردەکانی سەرەوە و دامێنی داربەڕووەکاندا دەیانڕوانییە ئەو دیمەنە و تەپوتۆزیش لێرەو لەوێ وەك پەڵە هەوری تەڵخ بەرزدەبوونەوە لەسەر ڕێ و ناو ماڵەکانەوە، بۆردومانەکە ئیتر چەند ڕۆژێکی خایاند.

## -90-

دوو مانگ و پانزە ڕۆژی خایاند و هێزەکانی ئینگلیز گەڕانەوە، سەرەتا سوپایان نەبردە شارەوە و لە سەرچنار لایاندا، پیاوماقوڵانی بێ دەسەڵاتیان کۆکردنەوە و وتیان:

- وەك لەو بەیاننامانەدا وتوومانە، کەس نابێت بەرگری بکات، بارودۆخ دەبێ ئارام و بێ شەڕوشۆڕ بێت، بە بێدەنگی دابنیشن و کاری خۆتان وەك جاران بکەنەوە.

زۆرینەی سوپا بەرەو گوند و ناوچەکان کشانەوە، ئەمجارەیان ئەدمۆنس خۆی هاتبوو، پاش چەند ڕۆژێك هێزی لیڤی کەوتەوە پاراستنی شار و وەك جاران ئینگلیز بەکرێگیراویان لەدەوردا بوون، هەندێك بە توندوتیژی شێخیان هێنایە بەر باس و لە دژی وەستابوونەوە، ئەو ڕۆژانە خەڵکی دەنگوباسی‌تریان کەوتبووە بەر گوێ، دەیانوت و دەیانوتەوە.

گوندەکانی دەوروبەر بۆردومان دەکرێن، شار خەڵکێکی زۆری تێدا نەماوە و چۆڵیان کردووە و ڕوویان لە لادێ و گوندەکان کردووە، گوندنشین و دێهاتەکانیش وا بەرەو شار دێن، شێخ لە ئەشکەوتی جاسەنەی سورداش نەماوە و چووەتە ماوەت، گرانی و قاتوقڕی ئەو گوندانەی گرتۆتەوە، هەموو نانی بەڕوو و هەرزن دەخۆن، وا ڕانیە خراوەتە سەر شاری هەولێر، چەمچەماڵ ئیتر لەسەر سلێمانی نییە و بە کەرکوك لەقەڵەم دراوە، ڕەواندز گیراوە، کۆیە بەهەمان شێوە، موسڵ دانی پێدانراوە کە ئیتر سەر بە عێراقە، هاتوچۆی مەندوبی سامی لەگەڵ پیاوان و کەسانی فەیسەڵدا بەردەوامە، ئەوەی لێرە کاری ئاسایشی پێ سپێردراوە تەنها شێخ قادری برایەتی، باج زۆرتربووە، بارودۆخ خراپترە..ئەم ئەدمۆنسە قوتابی مێجەرسۆنە، ڕۆژنامەکان دەردەچن و ژیانیش لە جاری جاران خراپترە، وا سوپای ئینگلیز بەرەو شار هاتوون، دەیانەوێت بخرێینەوە سەر عێراق، داوایان کردووە ئەندامی خۆمان لە پەرلەمانی عێراقدا بەشداربن، سوێندیش ئەخۆن بۆ فەیسەڵ کە دڵسۆزن گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە شارەکەمان نوێنەری هەبێت، وا ئەندامانی ئەنجومەن دەست لە کار دەکشێنەوە..بۆ دەست نەکێشنەوە؟ چەمچەماڵ بۆ کەرکوك بێت، ڕانیە بۆ هەولێر! چیتر ماوە، ماوەتیش لە

سلێمانی دابڕاوە، هنری دۆبس نامەی بۆ شێخ ناردووە، پێی ڕاگەیاندووە کە ڕانیە، قەڵادزێ، سەنگاو، چەمچەماڵ، هەڵەبجە و قەرەداغ و ماوەت لەمەودوا سەر بە دەسەڵاتەکەی نین و دابڕاون.. هەڵاتووەکان و ئەوانەی لە بۆردومانەکەوە شاریان جێهێشتووە گەڕاونەتەوە، گوندیش قاتوقڕی تێکەوتووە، وا بەرەو شار دێن.. نەیارانی شێخ ئیتر دەڕۆن، دەبێت شێخ بێتەوە، نازانم..پیاو کاری خۆی بکاو گوێ نەداتە هیچ، چاکسازی نییە، بەروبووم بەتاڵان دەکرێن، باج، باج سەندن زۆربووە، زۆر زۆربووە و... ئیدی ئاوەها بوو، ڕۆژگار لێرە وەکو خۆی دووبارە دەبۆوە و لەگەڵ دووبارەوەبوونیشیدا سیماکانی جارانی باشتر بوون وەك لە داهاتووی.

## -91-

لە کۆتایی جۆزەردانەدا شێخ بۆ جاری سێیەم گەڕایەوە، لە ناوەڕاستی هەمان مانگدا ئینگلیزەکان شاریان چۆڵ کرد و وتیان:

- ئەم شارە دان بەوەدا نانێت ببێتە بەشێك لە عێراق، شێخ کە گەڕایەوە سنووری دەسەڵاتی ببەزێنێ و پێشێلی بڕیارەکانمان بکات خۆی بە دەستی خۆی کۆتایی بە حوکمڕانیەکەی دێنێت، ئەم خەلکەش بە بێ ڕێنمایی و فەرمایشتی شێخ هیچ شتێك ناکەن! تەنها ئەو دەتوانێت بارودۆخ ئاسایی بکاتەوە.

شێخ سێیەمین کابینەی حکومەتەکەی دانا و دەستی کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەك، ئینگلیز وەك جاران چاپخانەکەی خۆیان نەبردبۆوە و تەنها میلێکیان لێ دەرهێنابوو کە نەتوانرێت ئیشی پێ بکرێت، شێخ ئەو کەسانەی بانگ کرد تاوەکو بیخەنەوە گەڕ و دوابەدوای ئەوە پولی بۆ یەکەمین جار چاپکرد و خەریکی لێدانی پارەش

بوو، دوای هەوڵدان بۆ فراوانکردنەوەی دەسەڵاتەکەی، ئینگلیز فڕۆکەیان ناردەوە بۆ شار، فڕۆکەکان دیسانەوە کەوتنە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، خەلکەکە وتیان:

- هەر ئەمجارە بوو! خۆ مانگێك تێنەپەڕیووە بەسەر هاتنەوەی شێخدا!! ئەم تێوەژەنینە چییە؟!

- ئەمە گاڵتەپێکردن و سوکایەتییە، دێن و دەڕۆن، نە ئەوەیە وازمان لێبێنن بۆ خۆمان بژین، نە خۆشیان لێرە ئۆقرە دەگرن و کاروبار بە باشی بەڕێوە دەبەن، ئەمە چ وەزعێکە !!

- سەریان لێتێکداوین، بڕۆین و نەگەڕێینەوە باشترە،بەلام بۆ کوێش بڕۆین؟کورد کەی شوێنێکی هەیە تیایدا بژی؟هەموو خاکێکی لیّ زەوت بکەن شوێنێکیش نامێنێتەوە تیایدا بژێت..خەلکی دەربەدەر و ماڵوێران دەکرێن و هیچیتر، هەر جارەی دێنەوە شتێکیتر دەقەومێت، شتێکیتر تێکدەچێت، ئەو ڕۆشنایییەی لە دڵیشماندایە ڕەویوەتەوە، ئینگلیز یاری بە چارەنوسمان دەکات، بە ئێمە و بە شێخیش.خەلکی ڕوخاون،هەر فڕۆکە بێت تێدەتەقێنن، وره شتێکە تیاماندا نەماوە!

بەیاننامە کەوتنەوە سەر زەوی و دەستەکان زوو پڕیان پێدا کردنەوە، یەکێك وتی:

- ئەگەر خوێندەواریت نییە وەکو جاری پێشوو گاڵتەمان پێ مەکەن! تەواو بیخوێنەرەوە.

ئەوەی کاغەزەکەی بەدەستەوە بوو، سەری ڕاوەشاند و وتی:

- خەمتان نەبێت تەواو دەیخوێنمەوە، نووسراوە: ئاگاداری بۆ شاری سلێمانی، ئاگادارین ئەم شار و ناوچەیە بۆردومان دەکرێت، ئەگەر شێخ

مەحمود شارەکە بەجێنەهێڵێت ئەوا بۆردومـان دەکرێت بۆ زانیاریتان، دەستبەجێ شار چۆڵ بکات و بڕوات.

ئەوەی پرسیارەکەی کردبوو وتی:

- ناڵێن کەی؟! کەی بۆردومان دەکەن؟

- چۆن شتی وا دەنووسن!! تەنها ئاگادارکردنەوەیەکە و هیچیتر، کەی فڕۆکە هاتن ئەو وەختە.

- توخوا ئەمە قسەیە؟ کە ئاگادارمان دەکەنەوە با سەعات و وەختەکەشمان پێ بڵێن!

یەکێك وتی:

- دیارە لە ڕۆژی یەکشەممەدا دەبێت، چونکە پشووی خۆیانە!

هەندێك پێکەنین و دواتر بڵاوەیان کرد،هەر زوو ترس جێگەی پێکەنینەکەی گرتەوە و کەوتنە گوێ قوڵاخی دەنگی قڕەی فڕۆکە، دوای پێنج ڕۆژ، ڕێك و ڕاست لە ڕۆژی یەك شەممەدا فڕۆکەکان هاتنەوە بۆ بۆردومانی شار، ئەمجارەیان بە بۆمبی بەهێزتر کارەکەیان کرد، ئیتر خەلکەکە زۆربەیان کۆچ و ڕەویان کرد و ملیان بە شاخ و چیاوە نا و ئەوانەی لەشاریشدا مابوونەوە هەموو لە پشت گردی سەیوانەوە بوون، سپێدان زوو بەڕێدەکەوتن و ئێوارانیش دەگەڕانەوە، دەشتودەر پڕببوو لە خەلکی و هەموو شاریان جێدەهێشت، شێخ تا ئەو کاتە لەگەڵ خەلکەکەدا لە سەیوان بوو و لە تەنیشت ئارامگای شێخ مارفی نۆدێوە دوور لە شار مابۆوە، بە چاوی خۆی دەیبینی ماڵەکان دەکەوتنە بەر بۆردومان و فڕۆکەکان شارەکەیان کاول دەکرد، دەیڕوانییە گڕ و دووکەڵ و دارمانی بان و دیواری ماڵەکان، چاوی سوورهەڵگەڕابوو و نیگای بە مزگەوتی گەورەدوە نووساند، لە دڵی خۆیدا وتی: باپیرە، وا شارەکەمان

دەسووتێنن، تەکیەکەت کەوتۆتە ژێر چەپۆکیانەوە، ئاخ.. ڕوانییەوە ئارامگاکەی شێخ مارفی نۆدێ و چاوی پڕبوو لە فرمێسک، باپیرە گەورە، شار هاتوونەتە لات، وا شارەکەت خاپوور دەبێت، ئێمە چیمان بۆ نەکردن و ئەوەش بەشمانە، ئێی نووربەخش، کوانێ شیعرەکانت، کوانێ گڕوتینی وشەکانت. لەپێناوی ئەم خاکەدا کوردی دلێر و قارەمان، شەڕی کرد دژی مەمالیکەکان، دژی فارس و تورک گەیشتە مەیدان، بەڵام هەر جەور و ئەشکەنجە بوو بەشیی ، ماڵوێرانی لەسەر زەوی، لە ئاسمانیش ئاگر باران، لاوەکە لەو دەمەو ئێوارەیەدا لەبەر ماڵی دلدارەکەیدا وتی:

- گوڵەزەر، من خۆم گوێم لەو شیعرەی شێخ بوو، بە گریانەوە بەسەر کێلەکەی شێخ مارفدا چەمابۆوە و وای وت، دەڵێن ولسن ئەو شیعرەی کەوتۆتە بەر گوێ و چووەتە سەر ڕووباری دیجلە و وەکو کچێکی قەیرە گریاوە، گوڵەزەر گیان چ ڕۆژێکی ناخۆش بوو، ئەو ڕۆژە هەر خەمی تۆم بوو، گوڵەکەی شەماڵ.

ئەمە لە پاش دوو هەفتەوە لاوەکە بۆ عاشقەکەی باس دەکرد، دوای کارەساتی بۆردومانەکە لەخۆوە ئەو شیعرەی هۆنیبۆوە، شەوی پاش بۆردومانەکە شێخ بە پیاوەکانی وت:

- سبەی زوو دەڕۆین، مانەوەی ئێمە زیانێکی زۆر بە شارەکە دەگەیەنێ و ئەو کافرانەش واز ناهێنن، سیخوڕ و تەشی ڕێسەکانیان ئێستا هەموو هەواڵێکیان پێدەگەیەنن و دەزانن هەر لێرەین.

لە بوولێڵدا کابرای ڕەشتاڵە، غەفوورە هەندی تۆمبێلەکەی ئیش پێکرد و شێخی لە شار بردە دەرەوە، ئەوانەی گوێیان لە شیرەی مەکینەی تۆمبێلەکە بوو، خەبەریان بۆوە و وایانزانی دەنگی فڕۆکەیە و،

منالآن ئیتر کەوتبوونە گریان و ئەم و ئەویان لە خەو هەڵدەستان، شاریش چۆڵ ببوو و خەمگین دەینواند.

## -92-

ئەمجارەیان ئینگلیز بە هاوشانی هێزی عێراق هاتەوە سلێمانی، وەکو جاران هێزی لیڤی دانرایەوە و دەستبەجێ چاپمانیان کردە لێپرسراوی شار و وەك پارێزگار دانرا..شاریش چۆڵ، جگە لەو چەند کەسەی لە ترسی بۆردمانکردن دەچوونە دەشتودەر و سەر لە ئێواران دەگەڕانەوە، ئەوانەیتر کۆچیان کردبوو و لەگەڵ هێوربوونەوەی بارودۆخەکەدا وردە وردە دەهاتنەوە. شەوانە تەقە دەکرا و چەکدار دەهاتنە شارەوە، شێخ بەرەو سیتەك ڕۆیشتبوو و پیاوەکانیشی لە دەوروبەری گۆیژەوە مابوونەوە و جاروبار لە هێزەکانی ئینگلیز و چەکدارە عێراقییەکانیان دەدا.. ئەوانیش ئیتر چەند چادرێکیان لە بناری گۆیژەدا هەڵدابوو و لەبەری بەرزایی و دار بەڕووەکانەوە بە تفەنگ وەڵامی یەکتریان دەدایەوە.پۆلیسی سوارەش دەهاتن و دەچوون.

پلەوپایە و کارگێڕی کەوتبوونە دەست عەرەب و تورك و ئاشوری و هندی و خەلکی شارەکەش نارەزاییان دەردەبڕی..هەر دەستە و کۆمەڵە بوون بە ناوی جیاجیاوە سەریانهەڵدەدا و دروست دەبوون، بۆ یەکتر ناسینەوەش وتەی جۆربەجۆریان دەکردە هێما و بەنهێنییەوە لەهاتوچۆدا بوون. لە بەغداوە لیژنە دەهات و دەکەوتنە ڕاپرسی، لەنێوان دوو ڕێگەشدا پرسیان دەکرد و، یان بەرەی عێراق و شا فەیسەڵ هەڵبژێرن، یاخود تورك و هیچ گوێیان بەوە نەدەدا کە خواستی گەل هەمیشە لە دەوری بازنەی سەربەخۆیی و خود موختاریدا دەسوڕێتەوە و جگە لەو

مەبەستە چیتریان قبوڵ نەبوو و ئیتر درێژدەبۆوە، ئەو خەون و خولیایە دەکشا و بەردەوام دەبوو و تا دەهاتیش بەتینتر دەبۆوە.

-93-

پارێزگار دەگۆڕا و ئەنجوومەن و لیژنەیتر پێکدەهاتن و ژیانیش وەك خۆی و بگرە بەرەو خراپتر هەنگاوی دەنا، هەژاران و نەداران لە هەمان ئەندێشە و چاوەڕوانیی دێرینیاندا بوون و چ چاکسازی و بەرەوپێشچوونێك کە خاوخاو دەجووڵا تینوێتی نەدەشکاندن.

دەست کرابوو بە داپۆشینی تێکڕای شیوەکان و خەلکێکی زۆر سەرقاڵی ئیش بوون، ناوبەناو نەخۆشی ئاولە لە دێهات و شارۆچکەکانەوە پەیدا دەبوو و ڕوویدەکردە شار.. بانگەواز و جاڕدان بۆ خۆکوتاندن سەری هەڵدەدا، لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا، ئاگاداری بڵاودەکرانەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەلکەکە، خانوو دروست دەکران و شار گەورەتر ببوو، دەستە و گرووپە نهێنییەکان هەڵدەوەشانەوە و هی دیکە پێکدەهاتن، هاتوچۆ بۆ پشتیوانی بەردەوامبوو و هەموو کەسێکیش ئەوەی باش دەزانی کە حوکمی پاشایەتی ئیتر قاچی داکوتاوە و بەسەریاندا سەپێنراوە، سەرباری ئەوەش جموجۆڵ هەر هەبوون و گوزەرانیش وەکو خۆی ڕێی دەبڕی.

ڕۆژێك سەراکەیان ڕوخاند و تەختیان کرد، سەرای مەحمود پاشا ئیتر دیمەنەکەی ڕەوییەوە و دیار نەما، سەرلەنوێ، بناغەی لێدرایەوە و وێنەیەکیتری بەخشی، ئەمجارەیان دوو نهۆم بوو و چەند تاقێکی تێدا بوو، خەلکی بە بینینی دەیانوت:

- تامی کوردایەتی نادات، ئەم تەلارسازییە وەکو هەموو ئەوانەیە کە لە کەرکوك و بەغدادا هەن، بۆنی مەلیکی گرتووە و گیانی کوردایەتی پێوە نەماوە! ئەمە خزمەتگوزاری نییە، بەڵکو سڕینەوەی مێژوومانە! دەیانەوێت بە دانانی ئاشی ئەلەتریکەکەی سابوونکەران بڵێین خۆشبەختی!

## -94-

ماوەیەك بوو گالیسکەیەکی پایلی هاتبووە شارەوە، دوو ئەسپ ڕایدەکێشا و گالیسکەوانەکە لە کەرکوکەوە هێنابووی، لەبەری چوارباخەوە بەرەو بازاڕ دەڕۆیشت، خەڵکی وەك پیشەیان لەکاتی تێپەڕبوونیدا تەماشایان دەکرد، ئەوەی لە پشتەوە سواربوو وتی:

- کاك تۆفیق لێرە لادە، ڕاوەستە هەر ئێستا دێمەوە.

دابەزی و خۆی کرد بە ماڵێکدا، پاش قەیرێك لەگەڵ یەکێکدا دوا و وتی:

- چووم..سەرم لەهەموویاندا و هەرچی ئەوانەی کە لە چوارباخن، تۆ بە حەمە حسێن و شەوکەتە فەنیش بڵێ، سبەی زوو لەوێ بن و ئەوانیش بە خەڵکیتر بڵێین.

- خەمت نەبێت، کێ دەناسم پێی دەڵێم، چۆن نایەین!! ئیتر کاتی دەنگ بەرزکردنەوەیە.

ڕەسوڵی عەتار سەرکەوتەوە و گالیسکە ڕۆیشت، تۆفیقە کوێری گالیسکەوان وتی:

- لەکوێ ڕادەگریت ڕابگرە حەیاتم..نیشم نییە، ئەو خەلکە دەبینم هەموو دێن و دەچن! دیارە شتێك قەوماوە!! قوتابییەکان دەبینم بە ئاشکرا خەلکی هاندەدەن و دەست بەرزدەکەنەوە! ئەوە چییە؟

ڕەسوڵ وتی:

- سبەی خۆپیشاندانە،ناهێڵن کەس بچێتە دەنگدان، ئەمە دژی گەلی کوردە، ئەوانە هیچ نوێنەری کورد نین و بەکرێگیراوی خۆیانن، نابێت کەسێك بچێتە ئەو هەڵبژاردنەوەوە.

- ئەوەی دەچنە ئەنجومەنەکەوە؟

-نا، لە پەرلەماندا..بڕۆ، لەولا بوەستە، لای دارتووەکە.

گالیسکەوان ڕێشمە و جڵەوی ڕاکێشا و ڕەسوڵی عەتار دابەزییەوە، چووە دوکانێکەوە و پاش کەمێك گەڕایەوە، لەگەڵ سەرکەوتنیدا وتی:

- بڕۆ، بگەیەنە بەردەرکی سەرا و ئیتر تەواو، چەند دەکات هەمووی دەدەم.

ڕۆیشت و لەمبەر و ئەوبەری ڕێیەکەشەوە قوتابییانی قوتابخانەی زانستی شەوان دەڕۆیشتن و دەیانوت:

- ڕێیان لێبگرن، ئەوەی خۆی بە کورد و نیشتمانپەروەر دەزانێت بەریان لێ دەگرێ و ناهێڵێت بچنە دەنگدان، سبەی بچنە بەردەرکی سەرا و داکۆکی بکەن، بەر دەرگاکە بگرن و مەهێڵن.

لە ڕۆیشتنیاندا دەنگەکانیان کزدەبوون و وەختێ گەیشتنە بەر سەراکە، ڕەسوڵ پارەی دا و گالیسکە بەرەو سەرەوە ملی نا. لەبەری سەراشەوە خەلکی دادەگەڕان و دەچوونە بازاڕ..یەکێك ڕەسوڵی بانگ کرد و بە چرپەوە وتی:

- چووین، هەموو هاوکاری دەکەن و دێن، وا شار ئاگادار کراونەتەوە و ئێستا دەچینە بەری بازاڕەکە، سەوزە فرۆش و برنج فرۆشەکانیش گەرم دەکەین، بازرگانەکانیش.

خەڵکی هەموو بە چرپەوە دەدوان و لەکاتی تاریکبووندا بەر مزگەوتی گەورە قەرەباڵغی بوو و دوایی بڵاوەیان لێکرد، یەکێك لەبەر تیشکی گڵۆپەکاندا بە ڕێیەکەدا ڕۆیشت و ناڕاستەی خوارەوەی سەرا کشا، ڕۆیشت و لە دەرگایەکی دا، چووە ژوورەوە و وتی:

- کاکە برایم، سبەی خۆپیشاندانە و خەڵکی بەشدار دەبن، ڕۆشنبیران و بازرگان و هەژارانیش پەیمانیان داوە بێن، هەر چۆنێك بووە بەر دەرگای سەراکە دەگرین و ڕێ بە کەسێك نادەین بچێتە دەنگدان، هەموویان سی کەسن، تۆ بڵێی بەو هەمووە بەریان لێنەگرین؟! سبەی ئێوە دوکاندارەکان هان بدەن دوکان نەکەنەوە ویچنە بەر سەراکە، هیمەتی ئێوەمان دەوێت.

- وا دەکەین، بەڵام خۆپیشاندانێکی هێمن بێ و کەسانی ڕۆشنبیر خەڵکەکە وریا بکەنەوە، ئینجا کاك ڕەشۆڵ، بە سروودی بەجۆش و دوور لە کاری لابەلا، دەبێت قەڵەم بەدەستەکان لەپێشەوەی خەڵکیدا بن، دونیا وەك جاران نییە، دەبێت داواکاری بەرز بکرێتەوە بە نووسراو، بە شیعری نەتەوەیی.

ڕەشۆڵی گۆرانیبێژ ماڵئاوایی کرد و لەبەری دەرگەزێندا لە دەرگایەکیتریدا.

- ئەحمەدەفەنی، سبەی لەکاتی دیاریکراودا وەرن، چوومە لای برایم ئەحمەدیش، من و فایەق بێکەس و خەڵکی هەموو ئامادەین و ئیتر بتانبینم، برایەتی کورد و عەرەب کەی وا بووە! ناحەزانی دەیانەوێت

مافەکانمان زەوت بکـەن، بـڕۆ بـە دەرودراوسـێکانت بڵـێ، ئـەوانیش بـە ناسیاو و کەسەکانیان.

## -95-

سبەی پۆلیس و پاسەوانەکان لە حەوشـەکەدا بـوون، دوو پۆلیـسیش لەبەر دەرگای پەرژینەکەدا ڕاوەستابوون و تەماشای خەڵکەکەیان دەکرد کە لە پەنا دیوارەکەی تەنیشتەوە خڕببوونەوە.. هەتاوی بەهێزی بـەیانی هەر زوو دونیاکەی گەرمکردبوو، چەندە تینیشی زیـاد دەبـوو، خـەڵکی زۆرتـر دەبـوون و لـە کۆڵانەکانـەوە بـەرەو سـەراکە دەکشـان، ئـەو ڕۆژە کەسێك دوکانی نـەکردەوە و ئیشیان نـەکرد، لـە ماوەیـەکی کەمیشـدا گۆڕەپانەکە ڕەش داگەڕا، پیاوان و لاوان و تەنانەت منداڵانیش هاتبوون، هەندێك دار و تیلاشیان هێنابوو و قوتابیان وتیان:

- بیشارنەوە، نامانەوێت بزانن بۆ شـەڕ هـاتووین، تەنـها ڕێگـە لـە دەنگدەران دەگریـن و هیچیـتر، مامۆسـتایان بـۆ پێشـەوە، ڕێگەکـە هەمووی بگرن و مەهێڵن کەسێك بچێتە ژوورەوە.

چواردەوری دەرگا و پەرژینەکانی هەردوولایان گرت، چەند کەسـێك لەبـەری پشـتەوەدا کەوتنـە دروشم و بـەدوایدا خەڵکەکـە دووبارەیـان کردەوە، بوو بە دەنگە دەنگ و پاڵنان، پۆلیسەکان بە قۆناغـە تفـەنگ چـەند کەسـێکیان داگرتـەوە، تیـلا بەدەسـتەکان هاتنـە پێشـەوە و تفەنگەکانیان دوورخستەوە، هەریەکـەی لـە شـوێنێکەوە شتێکی وت، بووە ژاوەژاو و دەستەیەك لە پۆلیسەکان هەوڵی دەرگاکەیاندا بکرێتەوە، خۆپیشاندەرەکانیش دەرگاکەیان گرتبوو و بوو بـە بـەردەفڕکێ، ئەوانـەی قۆچەقانییان هێنابوو چەند بەردێکیان فڕێدایە حەوشەکەوە، ڕاکێشـان و

پاڵنان دەستی پێکرد و پۆلیس پریـان بـە چـەند کەسـێکدا کـرد، هـاوار بەرزبۆوە:

- بێکەسی شاعیریان بردووە! برۆن..مەهێڵن.

قۆناغە تفەنگ و دار و تێـلا بەریـەك کـەوتن و بێکـەس و ئەوانـەی گیرابوون لە چنگی پۆلیس دەرهێنران، بەرد بە ئاسماندا دەفڕین و دەیاندا لە پەنجەرە و دیواری سەراکە، لەبەرزاییشدا، لەسەربانی نهۆمی دووەمی سەراوە تیپێکی سەربازی ڕەشاشیان دامەزراند و عەولە سیس وتی:

- مەترسـن، کـەس نـەجوولێ، دەیانـەوێت بڵاوەمـان پـێ بکـەن، مەترالیۆز ئێوە نەترسێنێ.

پریـان بـە چـەند کەسـێکیتردا کـردەوە و خەڵکەکـە ڕژانـەوە نێـو حەوشـەکە، چـەند کەسـانێك لاچاویـان کەوتنـە بـەر قۆناغـە و بـڕێ پۆلیسـیش سـەروگوێلاکیان برینـدار بـوو، خەڵکەکـە کشانەوە و چـەند تەقەیـەك بـە ئاسـماندا کـرا، لەبـەری کۆڵانەکانـەوە دەمانچـە تـەقین و ڕەشاشێ سەربانەکە دەسترێژێکی کرد بە ناو خەڵکەکەدا، چەندین کـەس بەرکەوتن و یەکێك هاواری کرد:

- گوللەی ئەوان نەتانترسێنێت، بڵاوە نەکەن.

چەند کەسێك بەو دەسترێژە بڵاوەیان کرد و لەبەر دەرگاکەدا کەوتنە شاڵاو و پەلاماردانی پۆلیسـەکان، دەنگی دەسترێژ سەرلەنوێ بەرزبۆوە و ئەوانەی بەرکەوتن زوو گیانیان لەدەسـتدا و چـی ئاپۆرەی خـەڵکی بـوو تەنکبۆوە و هەریەکەی بەلایەکدا غاریدا، تەقەی تر و کەوتنی برینداد و کوژراو و، فیشەك گیڤەی دەکرد، هەوای دەبڕی و لەژێریەوە خەڵکەکەش ڕایدەکرد، لـە ماوەیـەکی زۆر کورتـدا جگـە لـە جەسـتەی درێژبـوو و کەوتووی سـەر گۆڕەپانەکە و خوێنێکـی زۆر کەسـی لێ نـەما، ئەوانـەی

لەبەر دەستی پۆلیسەکانیشدا بوون گیران و کەوتنە لێدانیان، لە چواردەوریشەوە دەنگی پێی هەنگاو هاژەی دەهات.

هەر بریندار بوون بە دوو سێ کەس دەبران و خوێنێکی زۆر لەسەر زەوییەکە جێدەما، دوای نارامبوونەوەی بارودۆخەکە، لاشەی کوژراوەکان پۆلیس ڕایدەکێشان و لە حەوشەی سەراکەدا کەڵەکەیان دەکردن کە نزیکەی دە دوانزە کەس دەبوون، ئیتر دوای ئەوە.. پاش چەند ڕۆژێکیش ئەوانەی دەستیان هەبوو لە ڕاپەڕینەکەدا یەکە یەکە گیران و گەڕان و پشکنینیش هەر بەردەوام بوو.

## -96-

لە پاش ئەو ڕووداوەوە، حکومەتی عێراق هێزێکی هێنایە شارەوە و ترسی ئەوەیان هەبوو پیاوانی شێخ مەحمود تۆڵە بکەنەوە و بدەن بەسەر شاردا، بەکر سدقی فەرمانده هەر زوو کەوتە سەنگەر دابەستن و چەند ڕەبایەیەکیان لە گەڕەکەکاندا دامەزراند، گۆشەی سەربانی فەرمانگە و تەنانەت مزگەوتەکانیش سەربازان بەسەریەوە بوون و بە شەو و ڕۆژ پاسەوانییان دەکرد.

لەسەر ڕێ و ناو بازاڕەکەشدا هەر کەسێك ڕەتدەبوو، سەرباز و پۆلیس داوای ناسنامەیان لێدەکردن و ئەوانەی هیچ پێناسێکیان هەڵنەگرتبوو بە قسەی ناشیرین بەڕێدەکران، وتیان:

- ئەوانەی لاشەی کوژراوەکانیان وەرگرتوونەتەوە ڕەزیل کراون و بە تاوانبار و دوژمن لەقەڵەم دراون، سەرەڕای کوشتنی ئەو دوانزە کەسەش هێشتاکە داوای تۆڵەی سەربازە کوژراوەکەی خۆیان دەکەنەوە ! ئەمانە ڕەگەزپەرستن و ئێمە بە هیچ نازانن !!

- هەر کەسێکیان گرتووە ڕەوانـەی کـەرکوک کـراوە، هـەموویان بـۆ ئەوێ بردوون و،پۆلیس و سەربازان هێشتاکە تۆقیون ! دەی شـێخ وەرە و تۆڵەی کـوژراو و بریندارەکانـمان بکـەرەوە..پێویسـتە بێـن و کەسـێکیان نەهێڵنەوە.هەقی بەناهەق ڕژانی خوێنی شەهیدانمان. هەڵبژاردنیش هـەر دوای نۆ ڕۆژ بۆ خۆیان کردیان و ئەمەش ڕەفتاریانە لە شارەکەدا، داوای خواردنیش لە خەڵکەکە دەکەن لە سەربانی مزگەوتی گـەورەدا !! نـازانم ئەوانە چۆن وشك نابن و کاك ئەحمەدی شێخ چۆن لەو بانە فڕێیان ناداتـە خوارەوە !

-97-

بارودۆخی ناڕام ساڵێکی خایاند، حکومـەت ترسـی ئـەوەی هـەبوو بـەرلەنوێ ڕاپەڕین ببێ و چـەکدارەکانی شـێخ مـەحمود تۆڵـە بکەنـەوە، سـوپا چواردەوری شـاریان تـەنیبوو و بـەرگرییان دەکـرد بارودۆخەکـە نەشێوێت، لە نێوەند نارەزایی بەردەوامی شاریشـدا دەنگێـك بڵاوبـۆوە، هەموو هەواڵی نوێیان دەگەیاندە یەکتری و بـە مەینەتییـەوە بۆ یـەکتر دەدران.

- شێخ چووەتە دەوروبەری کەرکوك و شەڕێکی گەورەی کردووە.

- شەڕی ناوباریك زۆری لە سوپای عێراقی کوشتووە، ئینگلیز ناچار پەنایان بۆ فڕۆکە بردووە و بە بۆمب لێیداون، ئـەو دەوروبـەرە شـەڕێکی گەورەی تێدا بووە.

- شێخ و پیاوانی دەستبەسـەر کراونەتـەوە، دەڵێـن دوورخراونەتـەوە بەرەو ناسریە!

- بردوویانەتەوە بۆ بەغدا. دەڵێن دەبێت لەوێ دابنیشێت و نەگەڕێتەوە بۆ ناو شاخ.

- فەیسەڵیش لێرە، هاتووە مەدالیای ڕافدەین دەکات بە بەرۆکی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی موتەسەڕیفدا!! باشە ئەم چی کردووە؟ ئەوان بە پاڵپشتی فڕۆکەی ئینگلیز گرتوویانە کەچی ئەم خەڵات دەکەن!!

- گوایە شارەکەی پاراستووە! سەرباز و پۆلیسی سوارە لەهەموو شوێنێکدان و پێی دەڵێن پاراستن! ئەوان خۆیان شارەکەیان تێکداوە، بە دوو حکومەت زراویان لە شارێك چووە!!

- جموجۆڵیش هەر دەمێنێ، داوای مافی ڕەوا ناکوژێتەوە.

## -98-

لەبەر دەرکی سەرادا بوو، بینیم دەیڕوانییە وێنەکەی شێخ مەحمود و نیگای بەسەر مانگەکەوە نووسابوو، مانگێکی یەك شەوە لەناو بازنەیەکی سووردا، لای کردەوە و ڕوانیە سەراکە، درەخت و ئەو گوڵانەی لەلاوە ڕوابوون، دیمەنی پێشووی پەرژینەکەی هاتەوە پێش چاو، سەرمەند ئەو وێنانەی بینییەوە کە لە کتێبەکاندا هەبوون، گالیسکەی دوو ئەسپی و ئەو تەلە دڕکاوییانەی لەپشتەوەیاندا بوون، دەنگێکی کپی بیرهاتەوە: قامچییەك بۆ دواوە، گالیسکەوانیش بەری پشتەوەی بەر قامچییان دەدا و مناڵەکانیش کە خۆیان پێوە هەڵواسیبوو قۆڵیان دەتەزی و خێرا غاریاندەدا، دەنگی ناڵی ئەسپەکانیش کە دەیاندا بەرێیە قیرەکەدا زەمەنەکانی دەبڕی.

بڕێك ڕۆیشت و تەماشای بەری شەقامەکەی سابوونکەرانی کرد، دەنگی دەستڕێژەکەی شەشی ئەیلولی کەوتەوە بەر گوێ، ڕوانییە

گۆڕەپانەکە و، لە شوێنی نۆبەتچی و باخچەکەدا، پۆلیسی هاتوچۆی بینی ئوتمبێلەکانیان ڕاگرتبوو، هەستی کرد جاران زۆر پانوپۆڕتر بوو و هەنوکە بچووکبۆتەوە، بە شەقامی مەولەویدا ڕۆیشت و لەدوایەوە چاودێری هەنگاوەکانیم دەکرد، خۆی لە خەلکەکە لادەدا و بە چەشنی من دەڕۆیشت، وێنەی بەرگەکەی دەگۆڕا و لە ڕەنگێکەوە دەچووە سەر یەکێکی دی.. کەمێك دواتر، خێرا ڕۆیشتم، خەیالم بەردو ئەوسەری شەقامەکە دەڕۆیشت، بۆ لای باخی گشتی و تەنکبوونەوەی خەلکەکە کە ئیتر لەوێدا سەر شۆستەکە بەرین دەبوو،دەمزانی لەوێدا دەرفەتی دەبێت بۆ شەقامەکە گوێ ڕادێرێتەوە، جریوە و دەنگی پڕ هەنگامەی ڕیشۆلەکانی ئێوارەش دەڕژانەوە نێو بیستنیەوە، سەرمەند زۆر ڕۆیشتبوو و دەیویست زووتر گوێبیستی بیرەوەرییەکان بێت،بەرلەوە لە تەنیشت کتێب فرۆشەکانەوە کە لەسەر زەوی کتێبەکانیان ڕیزکردبوو گوێی لە چەند کەسێك بوو:

- ئیتر دەنگی چی بدەین؟! لەناو خۆیاندا کورسییەکانیان دابەشکردووە و بەر لە خەلکی بڕیاریان داوە، هەموو شتێك بێ ڕا وەرگرتن کراوە. مەگەر بۆ ئەوە بچین دەنگ لە هەلبژاردنەکەی عێراقدا بەدەست بێنین.

- خەلکی دلیان ساردبۆتەوە، بەلام هەر دەنگ بدەین باشترە، سبەی ئەگەر دەنگ نەدەین ناتوانین هیچ بلێین، دەنگت بدە و بەیانی بلێ ئێمە ئێوەمان کردووە بە نوێنەری خۆمان!

لەولاشەوە پەیامنێری تەلەفزیۆنەکان ڕاپرسییان لەگەل خەلکیدا ساز دابوو.

-99-

ڕۆژێکی مانگی تشرینی دووەم بوو، هەورێکی چڕوپڕ ئاسمانی گرتبوو و تا دەهات شارەکەی تاریك دەکرد، لەبەری ڕۆژئاواوە بایەکی توند هەڵیکرد و بەدوایدا تاوە بارانێکی دڵۆپ گەورە باری، دواتر خونسارێك باری،بەفرێکی وشك بەچەشنی تەرزە،لەوێنەی دەنکە زەنگیانەی ورد خێرا دایکرد و لەچاوتروکانێکدا کردیە لێزمەیەکی زۆر بەخوڕ و لافاو هەستا.

لەبەری خوارەوەی سەراکەوە گالیسکەکەی تۆفیقە کوێر سەردەکەوت و ئەسپەکان لەبەر بارانەکەدا خوسابوونەوە، ئاوی تیژڕەوی سەربەرەوخوار لەپەنا دیوار و شۆستە نزمەکانەوە پێچی دەخوارد و بە لێشاوێکی زۆرەوە دەهات، ئەو دوو کەسەی لە گالیسکەکەدا بوون بەپەلە قسەی خۆیان تەواو کرد.

- هەر کە گەیشتیت، زوو خۆت بکە بەماڵیاندا و کاغەزەکانی بدەرێ، مەهێڵە کەس بیزانێت، ئەوەتا لە پاکەتە جگەرەکەدایە و پێیشی بڵێ دوو سبەی کۆبوونەوەیە لە ماڵی فەرەجە بۆر. بیرت نەچێت.

- دەزانم، بە کەمالیشم وتووە..دوو سبەی دوای نیوەڕۆ لەوێ!

گالیسکەوانەکە لەبەر دەرکی سەرادا هاواری پێکەوت:

- برام، ناتوانم بەرەو سەرەوە بڕۆم، ئەسپەکان دەرەقەتی لافاوەکە نایەن، خۆم دەکەم بە سابوونکەراندا، وا بڕۆین ئاوەکە قلپماندەکاتەوە و دەمانبات، ئەسپەکانیش گوناهن.

وتیان:

- برۆ، مادەم ناتوانیت تاوەکو سەری گۆشەکە بمانبە، هەر ئەم سوچەی پیشەودی سابوونکەران.

بەخێرایی دابەزین، خەڵکەکەش هەر زوو لەژێر بارانەکەدا نەمابوون و ڕۆیشتبوون، بڕێکی زۆریش خۆیان کردبوو بە ناو دوکانەکاندا و تەماشای ئاوەکەیان دەکرد، هەورە بروسکەش دوابەدوای یەك بە گرمەوە دونیایان ڕۆشن دەکردەوە و لەگەڵیدا تاوە بارانەکە بەخوڕتر دایدەکرد. هەرچی بەری خوارەوەش بوو، لافاو زۆرتر هەستابوو و ئەژنۆییەك بەرزببۆوە، دیوارە گڵینەکانی دەتلیساندەوە و بەدەم قوڕاوەوە خۆی دەکرد بە نشێو و شیوەکاندا، لافاوەکە ئەگەرچی کەسی نەکوشتبوو، بەلام زیانێکی زۆری دابوو لە چەند خانوویەك و زۆرینەی خەڵکەکەشی تۆقاندبوو، شتە سوکەڵەکانی لەگەڵ خۆیدا دەبرد و تاوەکو نزیکەی نیو کاتژمێر خایاندی.

## -100-

باخی گشتییان دروست دەکرد، شانبەشانی لێدانی بناغەی ماڵی موتەسەریف لەگەڵ جادەی تازەدا، جادەی تازە مەولەوی بوو.. هاوین بوو، کاروانی بەفرهێنەکان لەبەری کانی بەردینەوە دەهاتن و سەهۆڵیان خستبووە ناو جەواڵ و بەرە و پەلکە گیاو چڵی درەختیان پێدا دابوون نەتوێنەوە، بەفریان لە پیرەمەگروونەوە دەهێنا و ڕووەو شار دەهاتن، چەند کەسێکیش بەدەم ناڕەزاییەوە لەڕێی سەرەکییەوە ولاخیان پێش خۆیان دابوو و دەیانوت:

- ئەم شارە تەواو تێکچووە! سەیتەرە و سەربازیان لەهەموو شوێنێك داناوە.

- دەڵێی بۆ وڵاتێکیتر هاتووین!! هەموو شتێکمان دەپشکنن، بزانە ئەو بەرچنانەیان چی لێکرد! هەموو ترێ و میوەکانیان لەسەر ئەو خۆڵە فڕێداون.. ئێمە چی دەهێنین؟ دەڵێن قاچاخ!! لەو گوندانەوە هاتووین، تەنها ئەم شارەشە وای لێهاتووە، لە دەست بۆردومانی ئینگلیز و قاتوقڕی ڕزگارمان دەبێ، شتیتر بەدوایدا دێن، عەرەب بۆ وا لە کورد دەکەن؟! ئەگەر ئەم شارە بەجیاوازتر دەبینن و خەڵکەکەی ڕەزیل و ڕیسوا دەکەن، دە جیای بکەنەوە و ملتان بشکێنن، چۆڵی بکەن و بگەڕێنەوە بۆ بیابانی خۆتان، ئەی خوایە هەرگیز ئەمە قبوڵ نەکەیت، پێپەتی ببێتە سەردار و حوکمڕانت!!!

بە نارەزاییەوە دەڕۆیشتن و لە وڵاخەکانیان دەدا وەختێك بەلایەکیتردا گوزەریان دەکرد، چەندە لێیان دەدان هەستیان دەکرد لە سەربازەکان دەدەن و تۆڵەی ئەو گاڵتەپێکردنەیان دەکەنەوە.

## -101-

چەند ساڵێك دەبوو جەنگی جیهانی دووەم هەڵگیرسابوو، گرانی و قاتوقڕی سەرلەنوێ خۆی کێشایەوە بەسەر شارەکەدا و نرخی کاڵا و شتەکانیش تا دەهات بەرەو بەرزبوونەوە دەڕۆیشتن، ناوی ئەڵمانیا و هیتلەر بەسەر زاری هەموو کەسێکەوە بوو، تەنانەت منداڵانیش دەیانزانی و کاتێك لە قوتابخانە یەکتریان دەبینی ناوی هیتلەریان دەهێنا، لە مامۆستاکانیان دەپرسی:

- ئەم شەڕە بۆچی بە جیهانی ناودەبرێت؟!

مامۆستاش دەیوت:

- چونکە هەموو جیهانی گرتۆتەوە و وڵات نییە بەشدار نەبووبێت.

- مامۆستا لە دژی کێ؟ لەناو خۆیاندا شەڕ دەکەن؟ دەبێ هەموویان شەڕ بکەن؟!

- ئێمە وەکو چۆن باسی شەڕی جیهانی یەکەمان کردووە کە عوسمانیەکان دژی ئینگلیز و ڕوسیا و فەڕەنسا کردوویەتی و ئەڵمانیا چووەتە بەرەی تورکیاوە، ئەمەشیان سێ وڵاتن یەکیان گرتووە، ئەڵەمان و ئیتاڵیا و یابان لە دژی عالەم، هەموو جیهانیش دژی ئەو سێ دەوڵەتە وەستاونەتەوە، ئەڵمانیا لەهەموویان خراپترە و وڵاتەکان داگیر دەکات، وەکو ناپلیۆن دەیەوێت هەموو جیهان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، هیتلەر سەرۆکەکەیانە و شەڕی وا گەورە مێژوو بەخۆیەوە نەیبینیووە، چونکە چەکی نوێ بەکاردەهێنن.

گرمەی تۆپ و دەنگی گوللە دەچووە گوێی قوتابیەکانەوە، مامۆستاکەیان هەواڵی نوێی پێ دەوتن و ئەوانیش دیمەن و وێنەکانیان دەهاتنە پێش چاو.. گرانیش هەر بەردەوام بوو و نارەزایی خەڵکی بەرزبۆوە.

- دەڵێن ئێران ناهێڵێت هیچ شتێك بگاتە ئەمدیو، لە سنوورەوە هیچ ناگات.

- هەر ئێمە وا نین، وڵاتان هەموو گرانی و قاتوقڕی تێکەوتووە، ئینگلیز لەبەر شەڕەکە هەر فریای خۆی دەکەوێت، مەلیکیش هیچی پێ ناکرێت و ئاوڕمان لێناداتەوە.

- باوەڕناکەم بەغدا برسێتیی تێدا بێت! ئەوان خواخوای ڕۆژێکیانە پارووی ئەم خەڵکە بفڕێنن..کورد بۆ ئەوان هەر دوژمن بووە و بەچاوێکیترەوە تەماشای دەکەن.

شەڕ درێژەبۆوە و گرانیش تا دەهات شاری دەگوشی، ئەگەرچی بارودۆخەکەی تەواو شێواندبوو، بەڵام کەسێك لەبرسا نەمرد.. بەر لە کۆتایی جەنگیش قسەیەك بەشاردا پەخش بوو و هەموو لەسەری دەدوان و غەڵبە غەڵبیان بوو.

- هیتلەر بۆمبی زەڕەی بەکارهێناوە.

- شارێکی کاول کردووە، شارێك لە یابان و هەمووی کوشتوون!

لەبەر نانەواخانەیەکدا، هەرکەسە بڕو شتێکی دەوت و یەکێکیان لەدوایی قسەکاندا وتی:

- نا، ئێوە بەهەڵەدا چوون.. ئەوە هیتلەر و ئەڵمانیا نەبووە، ئەی یابان لەگەڵ خۆیاندایە!! ئەوە ئەمەریکا بووە، ئەمەریکا بۆمبی ئەتۆمی کێشاوە بە یاباندا و دوو شاری وێران کردووە، شتێکی زۆر خراپە و تازەترین چەکی بەکارهێناوە! وا بڕوات دونیا نامێنێ.نیتر ئاخرزەمانە.

یەکێك لێی پرسی:

- ئەو قومبەلە زەڕەیە چییە؟! ئەمە ئاخرزەمانە!

وتی:

- هەموو شتێك دەکات بە خۆڵ، زەڕیی ناوەکەی بەخۆیەوەیە، گەرد و تۆز، داویەتی لە دوو شار و کەسی تێدا نەهێشتووە، دەڵێن کردوویەتی بە ئەوە !

دەستی بۆ ئاردەکە درێژکرد و هەمرو چاویان تەواو زەق کردبۆوە.

-102-

پۆلیسەکان چایخانەکەیان جێهێشت و ئەوانەی کە مابوونەوە کەوتنە قسە.

- کوردەکانی ئێران کۆماریان دامەزراندووە، پێشەوا قازی محەمەد لە مەهاباد دەوڵەتێکی دامەزراندووە و ڕووسەکانیش پشتیوانی لێدەکەن، میللەت هەموو لەگەڵیدایە.

پیرەمێردێك وتی:

- ڕووس پیسن، خوا ناپەرستن و کافرن، ئەم قازییە چۆن متمانە بەوانە دەکات؟! کورد بۆچی دەچێتە پاڵ شوعیە کافرەکانەوە! ئەی خۆ موسڵمانن!!

چایچییەکە وتی:

- هەر شتێك بە قازانجی گەلی کورد بێت باشە، ڕووس بەری سەرەوەی ئێرانی بەدەستەوەدیە، ئەوە مەلا مستەفاش بەخۆی و چەکدارەکانیەوە چوون و پشتیوانی لێدەکەن، حاجی ڕەحیم ئەمە پەیوەندی بە ئاینەوە نییە، ئەوان پشتیوانی لەم گەلە دەکەن و بەتەنگ فەقیر و هەژارانەوە دەچن، ڕووس نەبووایە هیتلەر عالەمی دەبڕاندەوە، ئەو زاڵمەیان لەناوبردووە،ئەگەر ئەوان نەدەبوون عالەمەکەی دەبڕاندەوە ئەو کافرە! تۆش بەوان دەڵێی کافر!!

پیرەمێردەکە بەناڕەزاییەوە وتی:

- ئێوە هیچ نازانن، ڕووس کە لێرە بوون ئەو دەمە شوعی نەبوون، دوای جەنگەکە دەستبەجێ گەڕانەوەو پشتیان تێکردین، ئێمەیان دایە دەست ئینگلیز و بۆ خۆیان گەڕانەوە! دەبێت قازی وەکو شێخ مەحمود

بکات، چەند ساڵ شەڕی کرد و بەهەموو شێوەیەك بەرەنگاری بوونەوە، وا ئێستا لە داریکەلی دانیشتووە و شوعی و دەستەی جیاجیا پەیدابوون، ئەگەر هەموو بچوونایەتە پالیەوە ڕۆژمان وەکو ئێستا نەدەبوو، ئەمە تەفرەقەیە.. بزانن ئەو قازی موحەمەدەش بەچی دەگەیەنن، ئێران و عێراق و تورکیا هەموو لەدژمانن، دەبێت وەکو چەتەکانی خولە پیزە بچنە ئەو شاخانە و چەند ساڵ بەگژیاندا بێنەوە، ئەمە ماڵوێرانییە.

یەکێك قسەکەی پێ بڕی و وتی:

- حاجی..ئەمڕۆ دوێنێ نییە، ڕووس ئەگەر بەڕاستی پشتیوانیان بکەن دەگەنە ڕۆژی خۆیان، من پێم خۆشە، کورد لە هەر شوێنێکدا ڕاپەڕین و شۆڕش بکات باشە، هەموو سودی لێ وەردەگرین، پشتی یەکتری بەرنەدەین، لەوێوە قازی و لەملاش بارزانییەکان، هەموویان وەکو بێکەسی شاعیر و عەولە سیس چاونەترس بن، بە هەموو شێوەیەك بەگژیاندا بچنەوە، بە خولە پیزە دەڵێن چەتە! ئەوان چەندین ساڵە بە کورد دەڵێن چەتە، هەر کەسێك چەك لە دژیان هەڵبگرێ و داوای مافی ڕەوای ئەم گەلە بکات دەیخەنە بەرەی دز و جەردە و تاڵانچییەوە، بەس نییە پۆلیسیان لێ دەکوژێت، کەس پێیان ناوێرێت، دەستیان خۆش بێت لێیان دەکوژن ئاوەها.

## -103-

لەبەر دەرکی سەرادا سێدارەیان هەڵخستبوو و ڕێیەکانیان گرتبوو نە ئوتمبێل و نە گالیسکەی پێدا نەڕۆن، خەلکێکی زۆریش لە چواردەورەوە

ڕاوەستابوون و ژاوەژاویان بوو، ئەو ژن و ئافرەتانەی لەوێوە دەڕۆیشتن، دەیانڕوانییە سێدارەکە و دەیانوت:

- من ناوێرم تەماشای بکەم، خێرا بڕۆن. شەو خەوم لێ ناکەوێت.

یەکێکی تریان وتی:

- خولە پیزە خۆیەتی؟! چەند کەسیان گرتووە؟

- براکەیەتی، تالەی برایەتی و دەڵێن بە بریندار گرتوویانە! بڕۆین باشترە، کچێ بڕۆن ئاوڕ مەدەنەوە، ئەم منداڵانە بۆچی هاتوون؟ بۆچی باوک و کەسیان پێیان ناڵێن لابچن؟

براکەی خولە پیزەیان هێنا و پەتیان خستە گەردنیەوە، بوو بە غەڵبە غەڵب و پۆلیسەکان چەند شتێکیان خوێندەوە، خەڵکەکەش هەریەکەیان شتێکی دەوت، ئەوانەی لەپشتەوە بوون وتیان:

- دەڵێن ئاوا لە چوارچراش سێ سێدارەیان بۆ شۆڕشگێڕان داناوە، قازی محەمەد و برایەکی، لەگەڵ وەزیری شەڕدا. کورد لەهەموو شوێنێك دەبڕێننەوە.

- دەیانەوێت شۆڕش و چەتەکان وەکو یەك ببینین، دەڵێن هەر کەسێك چەك لە دژمان بەرزبکاتەوە ئەمە کۆتاییەتی، هەموویان لە بەرمیەکدا داناوە، بزانە لە دوای خنکاندنی براکەی، ئەو خولە پیزەیە چی دەکات! تۆڵەی لە هەموویان دەکاتەوە و ناهێڵێت بەسەریانەوە بچێت، وا نۆ ساڵە لەو چیا و شاخانەیە و حکومەتێك پێی ناوێرێت، پۆلیس تۆقیون لێی، لە چوار پێنج کەس!!

ئەوەی پێشتر قسەی کردبوو بە هاوەڵەکەی وت:

- ئەوەی باش بووە مەلا مستەفا و پیاوەکانی بەرەو سۆڤێت ڕۆیشتوون، دوای شەڕێکی زۆر لەگەڵ سوپای ئێراندا ئینجا ڕۆیشتن، دەبوو قازیش بڕۆیشتایە.

- ڕاوەستە، وا لەوتار خوێندنەوە تەواو بوون! هێشتا پۆلیسەکانیش ڕەنگیان زەرد بووە!!

## -104-

ئەمجارەیان تشرینی یەکەم بوو، دونیای تاریك سوور هەڵگەڕابوو، بای وەشت بۆنی بارانێکی بەلێزمەی دەهێنا..لەناکاوێکدا بە توندی دایکرد و بەدەم تەرزە بارینەوە سەرمای بەخشییە خەڵکی و دار و دیوار، بێوچان دەباری و، ئاو و لافاو هەستا، تەرزە دونیای سپی کرد و بەدەم بایەکی خێراوە بەسەر ئاوەکەوە دەڕۆیشت، دەنکە تەرزەی تەشیلەیی و گەورە بە توندی دەیاندا بەزەویدا و بلقیان لە ئاوەکەدا دروست دەکرد، ئاوەڕۆ و شیوەکانی تەقاند و بەرەو خواربۆوە، خەڵکی دەچوونە شوێنە بەرزەکان و ئیتر عەرەبانەکانیش نەیاندەتوانی خەڵکی بپەڕێننەوە، ئاو زۆرتر بەرزدەبۆوە و کەف و تەرزە بەسەریەوە لەشەپۆلدا بوون، نیو کاتژمێر باران و تەرزە باری و بەدوایدا ئاسمان ئاڵبۆوە.

بەری خوارەوەی شار حاڵی شڕ بوو، هەرچی ئاوی هاتووی شاخەکان و سەرەوە بوون لە چەند ڕێڕەوێکی لێژ و جیاجیاوە لافاوی بۆ دەچوو و دیوارەکانی هەڵدەتەکاند، هەر خانوو بوون لایەکیان دەڕمی و ئاو بەرەو ژوورەوەیان دەڕۆیشت. هاوار و قیژە نیدی لەو جێگەیانەدا زیاد لە دەبوونەوە و خەڵکی دەبرد، چەند خنکاوێکیش لەڕێی سەرەوە شەپۆل دەیبردن و کەسێك نەیدەتوانی فریایان بکەوێت، دوای ڕۆژێك لەو کارەساتە دژوارە خەڵکەکە هەموو کەوتنە باسکردنی.

- ئەو هەموو خەڵکە خنکان و کەس نەیتوانی ڕزگاریان بکات، حکومەت ئەگەر نەتوانێت لەو تەنگانە وماڵوێرانییەدا فریای مرۆڤ بکەوێت چ حکومەتێکە! ئەرەماشە!

- حەفتاو چوارماڵی ڕووخاندووە، هەندێك ڕەنگە بە ڕمینی دیوار و بانەكان دڵیان تەقیبێت!

- دەڵێن قوربانییەكان سی چل كەسێكن، شار پرسەیەكی زۆری تێدایە، بێ ماڵ و حاڵ بوون، خەڵكێكی زۆر بەم سەرما و سۆڵەیە لانەیان لێتێكچوو!! گوایە كۆمەك دەكرێن لەلایەن حكومەتەوە!

- كوڕی ئەبەرد و هەڵكەوتووی كوشتووە، كێ دەتوانێ خۆی لە چنگی ئەو لافاوە بپارێزێ، ئاگر و ئاو، دوژمنیشت ئەو دووانەی بەسەر نەیەت، لەهەموو شتێك خراپترن.

- غەزەبە، خوا غەزەبی لێ گرتووین، شاری شێخان و پیاوچاكان شوعێنێ لەخوا نەترسیان تێدایە، لەوەتەی ئەمانە پەیدابوون ژیان ناخۆش بووە! ژیان كەی شتی وای تێدابووە! ئەم شارە هەرگیز ناخۆشی بەخۆیەوە نەبینیووە، هەر لە خۆشی و جەژندا بووە تاوەكو هاتنی ئەم كلفرانە، كەسێك نوێژ ناكا و لەخوا ناپارێتەوە، نایكەیت مەیكە، بەڵام باوەڕیشی پێ ناهێنن، گاور بە گاوریی خۆیەوە خوا دەپەرستێ، قەشەش باوەڕی هەیە!! هەموو كەسێك لەسەر دینێكە و باوەڕی بە خودای میهرەبان و گەورە هەیە، تەنانەت ئاژەڵیش بە ئاژەڵی خۆیەوە زیكر دەكەن، ئەوەی دەسوڕێ و هەیە هەمووی سوژدەی بۆ دەبەن، تەنها ئەم شەیتانانە، ئەم فەرمەسۆن و فاسق و دەمپیس و بێرپیس و گلاوانە باوەڕی پێ ناهێنن، حكومەتیش چۆن نایانگرێت؟! چۆن ئیتر دووریان ناخاتەوە! ئەمانە هەموو بە ئاگری جەهەننەم دەسوتێن و تاهەتایە تیایدان و لێی نایەنە دەرەوە، ئەمانە سەر بە بیروباوەڕێكن كە وڵاتەكەیان پشتیان كردە قازی محەمەد، ڕووسی فاسق و پیس، كەس لەوان پیستر نییە!!

## -105-

ئەو ڕۆژە شار گۆڕا بوو، دەنگوباسێکی نوێ لەگۆڕێدا بوو، لە ماڵ و بازاڕ و چایخانەکاندا هەموو گوێیان لە ڕادیۆکـان ڕاگرتبـوو، گوێبیستی کردەتـا سـەربازیـیەکەی قاسم بـوون کـە لـە چواردەی تـەمووزدا پێـی هەستابوو بـۆ ڕوخـاندنی تـەختی پاشایەتی، دوکاندارەکـان دوکانیـان داخستبوو و لە ڕێ و بانەکاندا هەواڵی نوێیان دەگەیاندە یەکتری.

- عەبدولکەریم قاسم مەلیکە چکۆل و پیاوەکانی هەموو گرتـوون و کوشتوون، ڕایگەیاندووە حوکمی مەلیکی گۆڕاوە بـە کۆمـاری! بـەغدا حاڵی پەشێوە و خوێن ڕشتنە.

- مەلیك فەیسەڵی دووەم! مەلیکە بچکۆلی دەستبەجێ لەناوبردووە و بەدوای ئەوانەشدا دەگەڕێن کە خۆیان شاردۆتەوە، سـەرلەبەری عـێراق پێیان خۆشە.

- وا سەربازەکانی مـەلیك کەوتوونەتـە چەپڵـەلێدان و دەڵێـن ئێمـە لەمڕۆوە لە بەرەی حوکمی نوێداین، چوونەتە پاڵ قاسـم و پێیـان خۆشـە شۆڕشی کردووە، دەڵێن ئەمڕۆ ڕۆژێکی نوێیە.

- سەیرە!! ئەمانە داشی دامەن و چی ڕوویدات لەگەڵیدان، فەرمانی سەربازی جێبەجێ دەکەن و خۆیشیان نازانن چی دەکەن، تەنها بەرامبەر بە کورد خراپە دەکەن و بوونەتە گورگ، لەولاش خۆیانکردووە بە مـەڕی مردوو! مارەکانیش تەنها کاژەکانیان دەگۆڕن.

- دەڵێـن نـوری سـەعید دەسـتگیر نـەکراوە! وا خـەریکی گـەڕان و پشکنینن..ڕایدەگەیەنن کە هیچ شوێنێکیان بە دەستەوە نییە هـەڵبێن،

هەموو ڕێگەکانیان تەنیووە و باشترین ڕێگەچارە خۆ بەدەستەوەدانیانە تاوەکو تاوانەکانیان کەم ببنەوە.

- نەدەبوو مەلیك بکوژن! ئەوکوڕە هێشتا تەمەنی ئەوەندە نەبوو تاوەکو ئاوەهای لێ بکەن، دیارە ئەمانەش زۆردارن و بەزەییان بە کەسدا نایەتەوە.

- باشتر..ئێمە لە چ وەزعێکدا بووین ! ئیتر ئینگلیز ناتوانێت دەست وەرداتە ولاتمانەوە، هەرچی مەلیکەکان کردوویانە بە ڕێنمایی و چاوسوورکردنەوەی ئەوان بووە، دڵنیام، دڵنیام کە ئەم حکومەتە بەرامبەر بە کورد دەگۆڕێ و لەگەڵماندا باش دەبن.

پاش سێ ڕۆژ هەواڵێکی دیکە بەشاردا بڵاوبۆوە و وتیان:

- نوری سەعید لەسەر سنووری سوریا گیراوە، سەرۆکی وەزیرانیان دەستگیر کردووە و جلوبەرگ و عەبای ژنانەی لەبەردا بووە، ویستوویەتی نەیناسنەوە و دەرباز بێت.

- دەستیان خۆش بێت، کەسێك ئەوەندە ترسنۆك بێت، ئەی ئەو هەموو بەندکراوانە گوناه نین بە فرمانی ئەمە هەتاو نەبینن!! کە ئەوەندە ترسنۆك بیت ئەو خەلکەت بۆچی گرت و ژیانی عالەمەکەت تێکداوە؟

منالانیش بە کۆلان و شەقامەکاندا دەڕۆیشتن و بێوچان دەیانوت: نوری سەعید بوو بە ژن، لەبەرئەوەی نەیکوژن...ڕایاندەکرد و بەدەم چەپلەلێدانەوە دەیانوتەوە، وتیان:

- قاسم شوعییە، ئیتر لەگەڵ چینی کرێکار و چەوساوەکاندایە، پەیوەندی لەگەڵ ڕوسیا باشە.

- بۆی پرۆلیتاریا، هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤیەت و بیروباوەڕی مارکسی، بۆی قاسم کە داکۆکی لە زەحمەتکێشان و ڕەنجبەران دەکات.

-106-

بەردەرکی سەرا قەرەباڵغی بوو، شارەکە زۆربەی ڕژابوونە گۆڕەپانەکەوە و لەچاوەڕوانیدا بوون، هەتاوی پاشنیوەڕۆ سێبەرەکانی درێژکردبۆوە و پیاوان و لاوان شانبەشانی ژنان دەیانڕوانییە تەلاری بەر هەتاوەکە، ئوتێلی سەرسیر، کە بە قەسرەکەی نوری عەلی بەناوبانگ بوو.

لەو ساتەدا کە پۆلیسەکان لە سەربانی تەلارەکە بوون، مەلا مستەفا لە نهۆمی سێیەمەوە دەرکەوت و خەڵکی کەوتنە چەپڵەلێدان، هەندێك پێکەوە کەوتنە قسەکردن.

- عەبدولکەریم قاسم لەوەدەچێت برایەتی کورد و عەرەبی لەپێش چاو بێت، دەزانێت کە هەردوو میللەتەکە هاو ئازار و هاو ئامانجن و وەکو یەك داگیرکەران زوڵمیان لێکردوون.

- هەر خۆیشی ناردیەوە بەدوای بارزانیدا، لە ڕووسیاوە بانگی کردۆتەوە تاوەکو بیرێك لە مەسەلەی کورد بکرێتەوە..کوردیش ئیتر دەبێت خۆی حوکمڕانی خۆی بکات.

بارزانی بە بڵندگۆ دەستی کرد بە خوێندنەوەی وتارەکەی و خەڵکەکە هێمن بوونەوە، کچانیش هاتبوون و تەماشا و گوێیان دەگرت، بارزانی بەرگێکی ئەفەنی پۆشیبوو، قاتێکی خۆڵەمێشی و بە هێمنی کەوتە خوتبەدان، ناوبەناو چەپڵەڕێزان شەپۆلی دەدا و لێرە و لەوێوە دەوترا:

- بژی بارزانی، بژی کورد و کوردستان،مەلا مستەفای بارزان. بژی کورد، ڕۆڵەی کورد، مستەفا بارزانی.

وتارەکەی بەردەوامبوو و وێنەی بارزانی و وێنەکەی قاسم بەرزدەکرانەوە، بە دارێکەوە وێنەکەی مەلا مستەفا لەسەروو وێنەکەی قاسمەوە هەڵواسرابوو. بارزانی لەپڕێکدا دەنگی گۆڕی و هەر بە بلندگۆکە وتی:

- وێنەکانمان لە تەنیشت یەکترەوە دابنێن، پێم خۆش نییە وێنەی منتان لەسەروو وێنەی ئەوەوە داناوە.

دەستبەجێ وێنەکەیان داگرت و لەپاڵ یەکەوە دایاننان. لەگەڵ کۆتایی هاتنی وتارەکەشدا دەنگی چەپڵەو دروشمدان بەرزبۆوە، مەلا مستەفا دوای تاوێك ڕۆیشت و لەتەك بڵاوەکردنی خەلکیدا هەندێك وتیان:

- بانگی چەندیان بۆ بڕیوەتەوە و پێی ڕازی نەبووە، وتوویەتی ناتوانم لە بەغدا دابنیشم و دەبێت پشتی گەلەکەم بگرم، ئەو میللەتەی بێ پشتوپەنایە و ئومێدیان پێمانە.

- ڕایە، وتوویەتی هەر بۆ ئەوە هاتورمەتەوە بۆ عێراق کە باروودۆخ گۆڕاوە و لەگەڵ شۆڕشی نوێدا گەلی کورد بێبەش نەبێت، لە ڕوسیا پلەی ژەنەڕاڵیان داوەتێ و دوای ساڵێکە لە شۆڕشەکەی عێراق گەڕاوەتەوە.

لەولاترەوە کۆمەڵێکیتر لەهەمان قەرپاسدا بوون و یەکێکیان وتی:

- بە قازی محەمەدی وتبوو وەرە لەگەڵماندا بڕۆین، متمانەت بە ئێران نەبێ و پاشەکشەی ڕووسیا بۆ ئێوە خراپە، ئێران دوژمنی کوردە و

وەك عێراق و تورکیا هەمان ڕەگەزپەرستی بەکاردێنن، قـازی نـەچووبوو لەگەڵیاندا و ئاوای لێ بەسـەرهات، مەلاش دوانزە ساڵە هەر لەوێیە، لـە ڕووسیا.

پاش چەند ڕۆژێك باسی گەیشتنەوەی بارزانی دەکرا کـە بـۆ بـەغدا گەڕابۆوە، دەنگێك هەر زوو خۆی کرد بە شاردا:

- بارزانی لەکاتی گەڕانەوەیدا، تورکمانێك لە کەرکوك ویستوویەتی زەفەری پێ بـەرێ و لـەناوی ببات..مـەلا مستەفا لـە کەرکوکـەوە بـە سـواری فڕۆکـە بـەرەو بـەغدا بەڕێکەوتووە و کـابرای تورکمـانیش کـە نەیتوانیوە کارەکەی بە ئەنجام بگەیەنێت، لە داخدا دڵی تەقیوە.

## -107-

هەرچی ئەو کەسانە بوون کە لەسـەر بیروبـاوەڕی شیوعی و چەپڕەو موتەسەڕیفی سلێمانی گرتبوونی، پاش سـاڵانێك لە دوای نەمانی تەختی پاشایەتیدا بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕایەوە، وتیان:

- عومەر عەلی کە فرمانی گرتنی ئێمەی دابوو، هـەر لـێرە لـەم سـەرایەدا بـەندیان کردیـن و بـە لێـدان و ئەشـکەنجە دەیانویسـت نـاوی کەسانیتریان پێ بڵێین..دەمانوت نایزانین، لە هیچ شتێکدا نین، کەوتنـە دەرهێنانی نینۆکی دەست و قاچمان، چەند چەتەولێکیان تێبەردابووین و مـووی سمێـڵ و ڕیشـیان دەردەهێنـاین، بـە دار و هەڵواسـین و شـوولك لێماندەدرا و ئاوی ساردیان پیادا دەکردین، ئەو عومەر عەلییـە تورکـە زۆر لەگـەڵماندا خـراپ بـوو، چـی هـۆی خـراپ هەیـە لەگـەڵماندا تاقیکردەوە، هەندێکمانی بـەرەو کـەرکوك و بـەغدا ڕەوانـە کـرد و مـن یەکێك بووم لەوانە.

یەکێکی‌تر وتی:

- عومەر عەلی تەنها ئەوەی باش بوو نەیدەهێشت کەس دزی بکات،دەچووە بازاڕ و جلوبەرگی حەماڵی دەپۆشی و لە بازاڕەکەی دەکۆڵییەوە،بەیانیان دوکاندارێك بۆچی بۆی هەبوو دوکان بکاتەوە و کێشانە و تەرازووەکەی کەموکوڕی هەبێت! عومەر عەلی ئەو شتانەی باش بوون، خۆ ئەگەر کەسێکیشی بەردابێت جموجۆڵی سیاسی کردبێ و بەهۆی سیاسەتەوە گیرابێت،دەڵێن هیمەتی عەریف حەمەجانی تێدابووە کە چووەتە لای وپێی ڕاگەیاندووە فلانە کەس دەستی لە هیچ شتێکدا نەبووە،ئەویش داواکەی ڕەت نەکردۆتەوە، دەزانی لەبەرچی؟دەڵێن بۆئەوەیە کە لە فەلەستین پێکەوەبوون و حەمەجان لەوێش کوژراوە کوردەکانی بۆ یەکالاکردۆتەوە کە هەموویان لەپێشەوە پێکراون و گووللەیان بەرکەوتووە، نەك عەرەبەکان، کە زۆرینەیان لەدواوە بەرکەوتوون،من لەنزیکەوە نەمدەناسی، بەڵام دووریەدوور دەمبینی، پیاوێکی کەڵەگەت بوو.

هەرچی ئەوانەی خەڵکی کەرکوکیش بوون وتیان:

- هەر بەرین دەستبەجێ دەچینە بەسرە وەکو هاوڕێکانمان..تورکمان بەتەواوی ژیانیان لێ تەنگ کردووین، ئێوەش وەرنە ئەوێ، هەرچی سیخوڕی ئەم عەرەبانەیە، هەر تورکمانەکانن بە کوردی قسە دەکەن و دێنە ناومانەوە..ڕەنگە لە سلێمانی وەها نەبێت، بەڵام ئەو عومەر عەلییە خۆی تورکە و متمانەی بە تورکمانەکان هەیە، ئێوەش پێی نازانن، تۆوی دووبەرەکییان تیاماندا چاندووە!

پاش ئەو گێڕانەوەیە، یەکێکی‌تریان وتی:

- ئێستا لە کەرکوک تۆڵە لەو تورکمانانـە دەکرێنـەوە کـە خـەڵکیان زۆر بە گرتن داوە و هەموویان دەناسن، بیستم دەڵێن دەیانسووتێنن و بە ئوتمبێل ڕایاندەکێشن! شەڕی کورد و تورکمـان بـەرپابووە و هـەر ڕۆژەی کۆمـەڵێکیان لیٚ دەکـوژن..شیرعیەکانی هاوڕێمـان تۆڵـەی ئێمەشـیان لێدەکەنەوە و ئیتر ڕۆژ ڕۆژی ئێمەیە. ئەم بەکرێگیراو و ئەلقە لەگوێیانـە تـاوەکو هـەبن ناحەوێنـەوە، قـاسمیش قسـە ناکـات و تەنـها بـە نـاوی پاراستنی شارەکەوە جارجارە بلاٚوە بە خەلکەکە دەکەن..عومەر عەلیش گەڕاوەتەوە بۆ تورکیا و عێراقی بەجێهێشتووە.

## -108-

ئاوڕنەدانەوە لە کێشـەی گـەلی کـورد شـتێکی چـاوەڕوانکراو بـوو، سـەرەتاکانی شۆڕشـی ئـەیلول دەسـتی پێکردبـوو و پێشـمەرگەیەکی زۆر لەشاخدا بوون، دیسانەوە مافـەکانی گـەلی کـورد پێشـێل کرابوونـەوە و حکومەتی نوێ لە پەیمانـەکانی خـۆی پاشـگەزببۆوە،شـەوان پێشـمەرگە دەهاتنە شارەوە و دوای تەقـەکردنێکی زۆر بـەرەو گونـد و نـاو چیاکـان دەگەڕانەوە،هەر ڕۆژەی هەواڵێك دەهات و دەست وەشاندنی پێشـمەرگە دەکەوتـە بـەر گوێـی خـەڵکی،بـە نـهێنی و چرپـەوە ئیـتر دەدوان و وەك ڕۆژانی زوو نەیاندەڕوانییە شارەکەیان، ئومێدیان بـە پێشـمەرگە بـوو و ناوی بارزانی، یاخود مەلا مستەفا بەسەر زاری منالاٚنیشەوە بوو، تەنها ناوەکەی وورەی درەوشاوەی شار بوو و ئیـتر وردە وردە دەبـووە سـیمبۆڵی کوردایەتی و شۆڕشی کورد.شـەوان کـە دەهاتنـە شـارەوە و زەبریـان لـە حکومـەت دەوەشاند، دەنگی خەڵکی بەرزدەکردەوە، وەلیٚ بە نهێنی.

- قاسم هەر عەرەبە و لەوان باشتر نییە، کوردی داماو بەشی هەر زەوتکراوە و کەس دان بە بوونی نانێت، ئەمیش پشتی تێکردووین و هیچی پێ ناکرێت، شوعیەکانیش دەڵێن ئێمە عێراقین!
- شۆڕش تاقە ڕێگەی ئەم میللەتەیە، بە چەك نەبێت هەقی خۆمان وەرناگرین.
- ناچارکراوین، لە دوژمنێك ڕزگارمان دەبێ، دوژمنێکی‌ترمان بۆ قوتدەبێتەوە و لەسەر هەمان ڕەفتار دەڕۆن، خۆ شوعیەکانیش هەمان بیروبۆچوونیان هەیە، پێیان وایە قاسم بەرواڵەت داکۆکییان لێدەکات، هەر دەرکەوتوون و بەئاشکرا هەن، دەنا هیچ نییە.
- درۆیە! کورد هەمیشە چقڵی چاوی ئەم ڕەگەزپەرستانەیە، چاویان بە ئێمە هەڵنایەت، یان ئەوەتا سەرکز دادەنیشیت یان دەڕێیتە شاخ و چەك هەڵدەگریت، زۆر چوونەتە دەرەوە، دەڵێن تاوەکو نەگەینە ڕۆژی خۆمان واز لە خەبات ناهێنین، یان کوردستان یان نەمان! جاری ئەمە خوێ چێشتە.

## -109-

خەلکی دەدرانە بەر قۆناغە تفەنگ و بە شەق تێهەڵدان و بۆکس و پاڵنان دەکرانە پەندی زەمانە، ڕۆژ ڕۆژی زەعیسم سدیق بوو، چەکدارەکانی لیوای بیست بە بازاڕەکەدا بلاّوبوونەوە و هەر کەسێك بەشێوەیەك تەماشای بکردنایە، یاخود کەمێك گومانی لێ بکرایە، هەڵیان دەکوتایە سەری و بە ئارەزووی خۆیان لێیان دەدا، زەعیم دەیوت:

- دەست لە کەس مەپارێزن، ئەمانە هەموویان لەژێرەوە یارمەتی بۆ پێشمەرگە و بارزانی دەنێرن، هەر یەکێك بەشێوەیەك جوولایەوە بەر قۆناغە تفەنگی بدەن.. ئەمانە فێر نابن، حکومەت ئەم شارەی بۆ کردوونەتە بەهەشت و ئەوانیش بەهیچی نازانن، داخراون و لەگەڵ بێگانەدا هەڵناکەن، کەس بۆی نییە تەماشای ئافرەتیان بکات نەك دەست لێدانیش، دەرسێکیان بدەنێ هەرگیز بیریان نەچێتەوە، ئەو شەوانەی پێشمەرگەکان، ئەو چەتە و یاخییانەی بە شاخاوەن، دێن و دەست دەوەشێنن، بۆ سبەی لە چاویاندا دەبینم، هەموو خۆشحاڵن و پێدەکەنن، دەزانم لەدژی ئێمە ئەوە دەکەن، تەنها بیر لە نەتەوەی خۆیان دەکەنەوە و بە ئێمە دەڵێن پێ پەتی، ئەوان بە درۆوە پێمان دەڵێن برا..لەژێرەوە بە خوێنی سەرمان تینوون و بۆیان بکرێت یەکە یەکە دەمانکوژن.. لە هیچ شتێك ناسڵەمێنەوە، ئەم پارێزگارەی لێرە دانراوە حەزی لێناکەم، هیچ نازانێ و وەك ئێمە لێیان تێنەگەیشتووە، بە من بێت لە رۆژێکدا هەر هەموویان نەمێنن، بەڵام حەیف نییە هەروا زوو بمرن! هەر رۆژەی شتێکیان لێ بکەیت، هەر تورك باشی وتووە، دەڵێن سەگی کوڕی سەگن!

ئەو کوڕە گەنجانەی لە قەیسەرییەکەی وەسمان پاشادا بوون، بە گەیشتنی چەکدارەکانی لیوای بیست، یەکە یەکە کەوتنە سەریان و دەمولوتیان پڕبوون لە خوێن، بە قۆناغە و شەق و پێداکێشان لە بازارەکەدا بردیانن و سواری پیکابەکانیان کردن، لەوێش لەبەر چاوی خەڵکەکەدا زللەیان تێسرەواندن و بە تف و رەزیل کردن سەرکەوتن بەرەو بەندیخانە. خەڵکی لەژێر لێوەوە دەیانوت:

- بەبێ ئەوەی هیچیان کردبێت، نە دەستیان لە شتێکدا بێت ئاوایان لێ بکرێ !! عەرەبی هیچ نەزان و پێ پەتی، دوور لە پێغەمبەر و قورئان و پیاوچاکانیان، ئەمانە ئاژەڵ و دڕندەن، ڕەشتاڵەی پیسی مێشك بۆگەن! خوایە قبوڵی نەکەیت کردەوەی ئەم زاڵمانە.

- بردیانن بۆ زیندان؟! بۆ لای ددان درێژەکە ؟

هەندێك ئێواران زوو دوکانەکانیان دادەخست و بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشتن،ئیتر ئەوە بووە نەریتێکی شارەکە،هەمیشە تاریکی لای شار مێردەزمەی هەنگاوەکان بوو و شوێن پێکان دەکەوتن، لەگەڵ تاریکبووندا دەبوونە ئەو مەڕەی لە گەلە دابڕابن و تارمایی نەزانراو بەرەو شوێنی تریان بەرێت.. لیوای بیست هەموو ڕێیەکانیان گرتبوو و دەیانڕوانییە خەلکی، ئەوانیش خۆیان لە چاویان بەدوور دەگرت و بێنەوەی تەماشایان بکەن ڕەتدەبوون، لە ناوەوەش ترسیان هەبوو بانگ بکرێن و یان لەدواوە پیایاندا باڵن، بڕێکیش لە دوکاندارەکان بە دەنگێکی نزمەوە لەنێو خۆیاندا دەیانوت:

- ئەمە کەسێك نییە لەناوی بەرێت؟ پێشمەرگە بۆچی نایکوژن؟ بۆ نایتۆپێنن؟!

- تەماشایان بکە، هەر دەڵێی سەگن ! بڕوانە لمۆزیان!! بێ ناموس و بێ کەرامەت! سەگ و گورگ و بەراز، هەندێکیان هەر لە ورچ دەچن، لە کەرکەدەن و دێو!

گوێ براوێك لای خەلکەکە ناسرابوو و هەموو خۆیان لێ لادەدا، سیخوڕێکی بەرچاوی زەعیم سدیق بوو و لەخۆوە، بە میزاجی خۆی،کێی بەدڵ نەبوایە ناوی دەدا و بە پێشمەرگە یان لایەنگری شۆڕش دەستی بۆ درێژ دەکرد، کەسانێکی زۆری ڕاپێچی زیندان کردبوو، دەتوت تۆڵەی

گورێیە براوەکەی خۆی لەو خەلکە دەکاتـەوە، منیش بەپێی ئـەزموونی خۆم، ئـەوەم لا ئاشـکرا ببـوو کـە هەمیشـە سـیخورەکان خـاوەنی کەموکوورییەکن، ئیتر جەستەیی بێت یان لـە ناوەوەیـاندا. گـویَ بـڕاو داخـی لـە دلـی شـاردا بـوو، رۆژێـك لای مـەیدانی ماستەکە، یـەکێك لەوانەی بەدەستی ئەو گیرابوو، هەلیکوتایـە سـەری و بـەر چـەقۆی دا و هەر لەوێدا کوشتی.ئیتر لـەناو بـازاڕ و مالـەکاندا، تروسـکەی خۆشـی دەچریـسکایەوە و وێردی سەر بەرمالەکان و دوعـاکردنی دوای نوێژەکـان هەموو سنگ کوتان و پاڕانەوە بوو تا ناحەزانی گەل بە ئاکـامی خۆیـان بگەن و چیـتر کـوڕی خـەلکی نـەکوژن. ڕۆژێکـی هـەینی، پـاش نوێـژی جومعە،دەروێشەکان زیکرێکیان کرد لەوێنەی نـەبوو، دەتـوت ئـەوانیش بەو زیکر و لەخۆدانەیان تابیر لە خۆشی خۆیان دەکەن بۆ ئـەو تۆڵەیـە و زیکرەکەیان هەلپەڕکێیەکی نهێنییە لەبنەڕەتدا کە ئاوەها دەریدەبڕن.

-110-

تـازە هاتووەکـان، دوای ئـەوەی هـەموو سـەروگوێلاکیان هێنابوونـە خواردەوە، یەك بە یەك ڕەوانـەی ژوورەوەیـان دەکـردن، ڕەشـتالەی کەلبـە درێژ زوو زەفەری پیَ دەبردن و پر بە گاز و قەپالی گۆشتی لیَ دەپچڕین، ئەوانیش دەکەوتنە هاوار هـاوار و پۆلیـسەکانی حەبـسخانەکەش بۆیـان گرتبـوون، ئـەو ڕەشـتالەیە هەرچـەند تەماشـام دەکـرد لـە بنیـادەم نەدەچوو..ئەمە گورگ بوو خۆی خستبووە پێستی مرۆڤەوە!! نـا..سـەگ بوو، سەگێکی دڕ و خوێڕی..بەلام ئایا سـەگ بە سەگی خۆیشیەوە شـتی وا دەکات؟! ئەگەر زیانت بۆی نەبێت پەلامارت نادا و لەبەر هەلمـەتیدا دابنیشیت بەزەیی دەجوولێت، مرۆڤ ئەوە نازانێت، تاوەکو تۆ خۆتی بۆ

شل بکەیت و لەبەردەمیدا بێدەنگ بیت هێندەی تر لێت هار دەبێ و فرمانی ناڕەوای خۆی دەسەپێنێت.

مرۆڤ نەبوو، گازی لە هەر کەسێك دەگرت و بەو بڕە تیژانەیەوە گۆشتی دەپچڕی، خەلاتی پێنج دینار بوو، بۆ هەر قەپاڵەی پێنج دیناریان دەدایە، وتیان سەگێکی دوو پێی زەعیم سدیقە لەوێ دایناوە. بڕواننە سەر شانم، ئەوە جێ قەپاڵی ئەو دڕندەیەیە. دوای ئەوەش نە دەرمانێکیان دەداینێ و نە هیچ، داوای دەرمانمان بکردایە، دەستبەجێ ڕەشەی کەڵبە زلیان بۆ دەناردین، ببوورن، تێ بەردەداین. ڕۆژانە وێنەی مەلا مستەفایان بۆمەدەهێنایین و دەیانوت:

- دەی، ئەوە بەرد، بەردی تێبگرن! تفی لێ بکەن، بڕۆن دەی، لە تەنەکە خۆڵەکانەوە پیسی بێنن و تێی بگرن.. بۆ وەستاون؟! خۆشتان دەوێت؟ بە سەرۆك و ڕزگارکەری خۆتان لە قەڵەمی دەدەن؟! لێیاندەن، بە دار ئازایان بشکێنن. پاشان دەهاتنەوە و دەیانوت:

- بارزانی؟ ئەو یاخییەی شەوان چەتەکانی دەنێرێ بۆ لێدانمان، هەمووتان بە پەتا دەکەین وەکو براکەی خولە پیزە.. دەی جنێوی پێ بڵێن، بە ئەو و جەلال تاڵەبانی و برایم ئەحمەدیش، دەی جنێو بدەن، تف و بەرد بگرنە وێنە و ناوەکانیان، ئێوە دەبێت لەسەر ئەمانە هەڵبواسرێن، سەرەڕای ئەوەش پێشمەرگە لە ماڵی خۆتاندا دەشارنەوە و دەیانپارێزن؟! کۆمەك و یارمەتییان بۆ ڕەوانە دەکەن و لە پەلاماردانی شاریاندا پێدەکەنن؟! وەرن پۆلیس.. دارکارییان بکەن، یان بانگی ڕەشتاڵە بکەن گاز لە دەموچاویان بگرێت.

دارکاری و ڕەفتاری دزێویان بۆ ئێمە شتێکی ئاسایی و بەرکول بوو، لەو بەندیخانەیەی سەردەمدا ئەو هەموودیان گرتووە، بڕۆن لەوێ بە چاوی

خۆتان ڕەفتاری ئەمانە ببینن، دوژمنتان نەکەوێتە بەر دەستیان، بە ڕاستی ئەمانە کافر و دڕندەن.

یەکێك لەوانەی کە گوێیان لێ گرتبوو، وتی:

- بە فرمانی زەعیم سدیق، ناهێڵێت لە هیچ ڕێیەکەوە کەلوپەل و خۆراك بێنە شارەکەوە، هەر خەڵکە لە ئوتمبێلەکان دادەگیرێن و دەکەونە پشکنینیان، خەڵك ڕووت دەکەنەوە، دەڵێت چی بگاتە ئەم شارە دەیبەن بۆ پێشمەرگە، خۆ پێشمەرگەش بەمە دەزانن، ڕۆژ نییە سێ چوار کەس لەماڵی خۆیاندا نەگرن و لە بازاڕیشدا نەدرێنە بەر قۆناغە تفەنگ.

## -111-

بەهار بوو، شەو بەنیوە ببوو و بێدەنگی باڵی کێشابوو، پێشمەرگە هاتبوونە شارەوە و چەند ڕۆژێك بۆسەیان بۆ زەعیم سدیق دادەنا و تێینەدەکەوت، چاوەڕێیان دەکرد.

لەبازاڕە بچکۆلەدا و لە پشت مزگەوتی گەورەوە، لەمبەر و ئەوبەری ڕێیەکەوە، پێشمەرگە چارشێویان کردبوو و لە سوچ و پەناکاندا بوون، دەیانزانی ڕێگەی زەعیم لەوێوەیە بەرەو حامیە، یەکێك لە پێشمەرگەکان بە هاوەڵەکەی وت:

- ئەوان درەنگ دەڕواتەوە، نازانم ئەم سەگبابە چی دەکات تا ئێستا ؟! هەر هاتن تەقەیان لێ بکە، ئێمە لە مبەرەوە و ئەوانیتریش لە سوچەکەیتردا، دەزانی چی! خوای دەکرد سێ چوار ئوتمبێلیش دەبوون، ئەمە نەتۆپێنین شار دەبڕێنێتەوە، دەی، ئاگاداربە.

وڕەی ئوتمبێلێك لەدوورەوە هات، دەنگەکەی هەواکەی دەبڕی، وردە وردە نزیکبۆوە و بە ڕێگەکەی بازاڕە چکۆلەدا، لای دوکانەکەی ڕەشەی

عاسمەخانەوە و دوکانی ترشیاتەکەی عەبە کۆڵـەوە ڕۆیشـت، لـە ناسـتی پێشمەرگەکاندا، دەستبەجێ بوو بە تەقە و لەهەموو لایەکەوە فیشـەکی بـۆ بـاری، کـاتژمێر دووی شـەو بـوو، دەنگـی کلاشـینکۆف بـەئاسماندا زایەڵەبۆوە و پێشمەرگەکان هەریەکەیان بە کۆڵانێکدا غاریاندا. سـبەی، هەموو چاوەڕێی هەواڵی نوێ بوون، وتیان:

- تەقەکان لای ئێمەوە بوون! دەڵێن زەعیم سدیق خۆی بووە، پیاوانە بەر دەستڕێژیان داوە و ئیتر نازانم، تۆ بڵێی پێوەنەبووبێت؟!

- لەوەدەچێت بریندار بێت! بەیانی فڕۆکەیەك لە حامیەوە هەسـتا و ڕۆیشت، دیارە بریندارە و بە پەلە بردوویانەتە بەغدا، کوژرابێت خـێرێك دەکـەم، ئـەم سـەگە بـەرۆکی شـارەکە بـەربدات!! پیاوانـە تەقـەیان لێ کردووە.تۆی شێخ عیسێ و شێخ موسێ، شـێخ عـەبدولقادری گـەیلانی، کـاك ئەحـمەدی شـێخ، پیرمەسـوور.. کوژرابێـت یـەك حەفتـە بـەرۆژوو بم،بریندارـیش بێـت تووشـی دەردێك بێـت بەهـەموو دکتـۆر و شـێخ و مشایەخێك چاك نەبێتەوە، ئیفلیـج بـێ و کـرم تێیـدات. ئـۆە یـا ڕەبی ببێتە سەرەتان لێی ئەگەر نەکوژراوە.

## -112-

هـەرچی سـەرۆکی فەرمانگـە و پلەوپایـەی بەڕێوەبـەریان هـەبوو، هـەموو ڕاپێچـران و برانـە حامیـە، چێشـتەنگاو لیـوای بیسـت لەگـەڵ پۆلیسی ناوخۆدا بەشاردا جارپاندا.

- لە کاتژمێر دوانزەی نیـوەڕۆوە هـاتوچۆ قەدەغەیـە، هەرکەسـە و بڕواتـەوە مـاڵی خـۆی، کـەس نـەڵێت گوێـم لـێ نـەبووە..هـەر کەسـێك

عەرەب، نە تورك، نە فارس و کەسم خۆش ناوێت، ئیتر دەبێت ببم بە درك بۆیان، هەزارانیان لەبەر چاومدا لەتوپەت بکەن مێش میوانم نەبێ و پێ بکەنم.

ئەنوەری ژن برام وتی:

- ناهەقت نییە.. ئێمە دڵساف و بەوەفا و بەبەزەیین، ئینسانی بیردەکەینەوە، گۆرانی شاعیر لە هەستێکی جوانەوە ئەوە دەڵێت، دەڵێی چی ئەوە بیروبۆچوونی ئەوان بێت!! ئەمانە هەرە دڕندەکانیان هێناویانن بۆ ئەم شارە، نەخوێندەوار و پێ پەتی و بێ سەوادن، ئەوان وان!!

یەکێکی‌تر وتی:

- هەر ئەمجارە بەربم، دەستبەجێ دەچمە دەرەوە، دەبمە پێشمەرگە و هەموو شەوێك دوو سێیەکیان دەتۆپێنم.. با بەربم خۆم دەزانم چییان لێدەکەم.

خێزانەکەی لەدوای قسەکانیەوە وتی:

- هەموو ڕۆژێك خواردن و کەلوپەلمان دەهێنا و نەیاندەهێشت بێینە ژوورەوە، نە خواردنیان وەردەگرت و نە هیچ، دەیانوت حامیەیەکی زل و گەورە تۆبڵێی خواردنی تێدا نەبێت !! دوای چەند ڕۆژێك خواردنەکانیان لێوەرگرتین، دیارە خۆیان خواردوویانە، ئەگەر دەمزانی ناگاتە لای ئێوە !! حاجی عەبدولڕەزاقی موتەسەڕیف نەبووایە ئەو زەعیمە پیسە هەمووتانی دەکوشت، چاوی بە کەس هەڵنایەت و کێ پلەوپایەی هەیە گرتبووی، پێی ئەغزە کورد ئەو کورسییانەیان هەیە و دەیەوێت عەرەب و تورکمان بچنە جێگەکانتانەوە!

- زۆریان لە حامیەدا کوشتووە! برۆ ئێستا ژێـر ئـەو گڵـە هـەمووی کوژراوی داماون.

- دەڵێن برێکیان لەو دەشتودەرە زیندەبەچاڵ کردووە!!

## -113-

گـەوڕ و تەویلـەی ئەسپ و وڵاخ بـوو، خـانێکی گـەورە بـوو لــەناو حامیەدا.. هەموومان لەوێدا بووین، دەرگایان لەسەر داخستبووین و بێ نان و بـێ ئاو جێیـان هێشتبووین، ڕۆژانـی یەکـەم تەنـها سـەمونێکی سـەربازییان دەهێـنا و هیچیتر، دواتـر ئەوەشیان کـەم کـردەوە..نـاو تەویلەکە بەرنەدەکەوت، هەموو هەر بە پێوە بووین، کەسێك نەیدەتوانی بجەوێ و جارجارە بە زۆر، بە نۆرە دادەنیشتین، سـەرمان دەخـستە سـەر شانی یەکتری و ئاوەها دەخەوتین.

دوای مانگێك، هەندێکیان بەردابوو و جێیەکە برێك فراوانتر ببـوو، دەمانتوانی دابنیشین و بەو بۆنە ڕاهـاتبووین، ڕۆژانێکـی زۆر ناخۆشمـان بردە سـەر، لـە بـێ خواردنیـدا پەنامان بـردە بــەر تەرسـی ئەسـپ و ئێسترەکان، بە دەست دەمانپرواندن و جۆیەکەی ناویـان دەخـوارد، چاو بنوقێنە و بیخۆ، بۆن؟! سێ و پێنج ڕۆژ دەبوو پێی ڕاهـاتبووین، ڕۆژانـە جنێومـان دەدا، هـەر ئـارەزایی بـوو بـەرزدەبۆوە و نەدەگەیشـتە هیـچ شوێنێك، ڕۆژێك لەوپەڕی تووڕەییدا وتم:

- عەبدوڵڵا گۆرانی شاعیریش دەڵێت برای عەرەبی چاو ڕەشـم، تـاڵ بوو بەشت، تاڵبوو بەشم!! نازانم چۆن وای وتووە؟! هـەر ئێمـەی کوردیـن دان بە برایەتی خۆماندا دەنێین بۆ نەتەوەکانیتر! ئێمـەین ڕێـزی هـەموو کەسێکمان لەلایە و خۆمان بچووك دەکەینەوە.. بیبەریم، حاشا من نـە

عەرەب، نە تورك، نە فارس و كەسم خۆش ناوێت، ئیتر دەبێت ببم بە درك بۆیان، هەزارانیان لەبەر چاومدا لەتوپەت بكەن مێش میوانم نەبێ و پێ بكەنم.

ئەنوەری ژن برام وتی:

- ناهەقت نییە.. ئێمە دلساف و بەوەفا و بەبەزەیین، ئینسانی بیردەكەینەوە، گۆرانی شاعیر لە هەستێكی جوانەوە ئەوە دەڵێت، دەڵێی چی ئەوە بیروبۆچوونی ئەوان بێت!! ئەمانە هەرە درندەكانیانن هێناویانن بۆ ئەم شارە، ئەخوێندەوار و پێ پەتی و بێ سەوادن، ئەوان وان!!

یەكێكی‌تر وتی:

- هەر ئەمجارە بەرێم، دەستبەجێ دەچمە دەرەوە، دەبمە پێشمەرگە و هەموو شەوێك دوو سێیەكیان دەتۆپێنم.. با بەرێم خۆم دەزانم چییان لێدەكەم.

خێزانەكەی لەدوای قسەكانیەوە وتی:

- هەموو ڕۆژێك خواردن و كەلوپەلمان دەهێنا و نەیاندەهێشت بێینە ژوورەوە، نە خواردنیان وەردەگرت و نە هیچ، دەیانوت حامیەیەكی زل و گەورە تۆبلێی خواردنی تێدا نەبێت !! دوای چەند ڕۆژێك خواردنەكانیان لێوەرگرتین، دیارە خۆیان خواردوویانە، ئەگەر دەمزانی ناگاتە لای ئێوە !! حاجی عەبدولڕەزاقی موتەسەڕیف نەبووایە ئەو زەعیمە پیسە هەمووتانی دەكوشت، چاوی بە كەس هەڵنایەت و كێ پلەوپایەی هەیە گرتبووی، پێی ئەغزە كورد ئەو كورسییانەیان هەیە و دەیەوێت عەرەب و توركمان بچنە جێگەكانتانەوە!

## -114-

• شۆڕشی کتوپڕی عێراق، دوایی هێنا به عەبدولکەریم قاسم و حیزبی بەعسی به سەرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف هاتنه سەر کورسی دەسەلات، وتیان قاسم و ئەوانەی لە وەزارەتی بەرگریدا بوون هەموو کوژراون، کێ دەستی هەبووە و پلەوپایەی بەرزی بەدەست بووە هەموو دەستبەسەر کراون. بەغدا ببووە ڕاوڕاوێنی شیوعیەکان و ئەوانەی بە دەستی ئەمەی دوایی کوژرابوون، تۆڵەیان لێ دەکردنەوە، یەکێك لە کەرکوکەوە هاتبووەوە و دەیوت:

- هەموو ئەو تورکمانانەی لەکەرکوکدا سوتاندبوویان و بە ئوتمبێل ڕایانکێشابوون، هەمووی پیشاندا، شەڕی کورد و تورکمان هەمووی وێنە گیرابوو و لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی تیایدا بوو، لە پێشەکی فلیمەکەی سینەما عەلەمیندا لێدرا، زۆر سەیر بوو!

وتیان:

- ئەمە شەڕی نەتەوەیی زیندوو دەکاتەوە، ئێستا کەی وەختی ئەوەیە کای کۆن بە با بکرێت، ئەم کارە هانی کورد و تورکمانیش دەدات تێهەڵچنەوە، ئەم بەعسیانە نەتەوەیین و پاسەوانی قەومییان هەیە!!

- بەعس بەمانای بووژانەوە، ژیانەوە، ئەگەر وا بێت شتێکی باشە.

## -115-

لەهەمان تەلاری بەردەرکی سەرادا، خەڵکی کۆبوبونەوە و گوێیان لە جەلال تالەبانی دەگرت، خەڵکی چەپڵەیان لێدەدا و ناوبەناو دەیانوت:

بەخێر بێی بۆ سلێمانی، مام جەلال تاڵەبانی...وتارەکەی بەجۆشەوە خوێندەوە و هەریەکە و لای خۆیەوە شتێکی وت:

- ئەمە پارێزەرە..بۆ خوێندن چووەتە میسریش، لەگەڵ برایم ئەحمەددایە، لەڕێی مەحکەمە و پارێزەرییەوە نزیکایەتییان هەیە، برایم ئەحمەدیش لە شەڕی بەردەرکی سەرادا بەشدار بووە، خاوەنی چیرۆکی ژانی گەلە، جاران پێیان دەوترا منەوەران.

- زۆر زیرەکە، هەموویان ڕۆشنبیرن و ئەوەندەی بارستایی ئێمە کتێبیان خوێندۆتەوە، وا بزانم جەلال تاڵەبانیش نووسینی هەیە! پارێزەر بیت و بچیتە ئەو چیایە!! دەڵێن لەگەڵ بارزانیدایە لە چیای قەندیل.

- خەڵکی کوێیە؟ تاڵەبان ؟!

- دیارە، دەڵێن کۆیە، ئەو دەوروبەرە و لای گەرمیان.. بەری خوارووتر.

چەپڵەڕێزان و دروشم خایاندی، یەکێك بە هاوڕێکەی وت:

-بڕوانە ئەوسەری ڕاوەستاوەکان! ئەوەی دەستی بە دیوارەکەوەیە، ئەها، دەستەکەی تری خستۆتە سەر قایشەکەی، بینیت؟! ئەوە زەعیم سدیقە! ئێستا زۆری پێ ناخۆشە ئاوا چەپڵە بۆ تاڵەبانی و بارزانی لێدەدەین، ئەو کەسەی بە خوێنی سەرمان تینووە ئێستا چۆن دڵی ناتەقێت!! هەر ئەو نەبوو ڕایدەگەیاند کە بەرد بگرنە وێنەکانیان؟!

-116-

شەڕ و تەقوهۆڕ بڕانەوەی نەبوو، خەڵکی دووردەخرانەوە و بەرەو باشووری وڵاتیان دەبردن، شۆڕشی دواییش چ مافێکی بۆ کورد مسۆگەر نەکرد و بگرە زۆر خراپتریش بوو، هەرکەسە بوون هەواڵی شەڕیان

دەهێنا و دەکەوتنە باسکردن و گێڕانەوەی، خاوەنی لاندرۆڤەرەکە بە ناسیاوەکەی وت:

- عەبدولسەلام هێزێکی زۆری بردۆتە سەرەوە، شەڕ و پێکدادان و بۆردومانکردنی ئەو ناوچانە زۆر بەتوندی کراوە، عێراق ناچار پەنای بردۆتە بەر هێز و سوپای سوریاش، پارتی دیموکرات عێراقی پەریشان کردووە، شەڕی یەکجارەکییە، بەعسییەکان هەرچی ڕێگەیە بەکاریدەهێنن و ناگەنە هیچ، دیارە ئەو ڕێککەوتننامانەش بۆ خۆکۆکردنەوەیان بووە، هەموو حکومەتێك هەمان کردەوەیان هەبووە، لەوپەڕی لاوازییاندا ڕێککەوتن دەکەن و دوایش لێی پاشگەز دەبنەوە.

دوای ماوەیەك هەواڵێکی گەرم گەیشتە گوێی خەڵکی و هەموو شادمان بوون.

- عەبدولسەلام لە فڕۆکەکەی خۆیدا سووتاوە و نەماوە، خوای کورد تۆڵەی لێکردۆتەوە.

دوابەدوای ئەو عەبدولڕەحمانی برای هاتە سەر حوکم و پاش ماوەیەك درێژەی بەهەمان ڕێگەی براکەی دا و لە لێدانی کورد و هێزی پێشمەرگەدا دەستی نەپاراست.

## -117-

لەناو خەڵکیدا مقۆمقۆی ئەوە هەبوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان دووبەرەکی تێکەوتووە و بووە بە دوو لەتەوە، بووە بەو مەلەی هەر باڵێکی ڕووی لە شوێنێکە، دەیانوت جەلالی و مەلایی، دوای ئەوەی مام جەلال تاڵەبانی چەکدارەکانی خۆی لە بەکرەجۆدا لەگەڵدا بوون، خەڵکەکە وتیان:

-پارتی هەربۆیـە دوو بـەرەی پێکهێناوە، هەریەکـەیان بەشێوەیەك دەڕواننە ڕەوشەکە و لەپێناوی گەلی کورد دەکەوێتـەوە، ئـەم کـارە بۆ ئەوەیە لەشاردا بن و نزیك بن.

- ئەمـە ئینشیقاق و دووبـەرەکی نییـە، فێڵـە، فێڵێکی باشـە لـە حکومەتی عێراق و بـەهۆی بەرەیەکیانـەوە ئـەوەی تریشیان سودمەند دەبێت، گرنـگ ئەوەیـە کەسـێکی وەکـو زەعیـم سـدیق نـەماوە و چەکدارەکان ناهێڵن کەسێکی عەرەب بە ئارەزووی خۆی کورد بگرێت.

- بەم شێوەیەش دەتوانن هەم لەشاردا بێننەوە و هـەم لەشاخیشدا، لە حکومەتیش بدەن ئیتر دەخرێتە ملی ئەوانـەی لەشاخدان، دەخرێتـە ئەستۆیان و بەوە کاری خۆیان دەکەن و حکومەت پێی نازانێت.

- حکومەت پەیمانی داوە دەسەلاتی شارەکە بداتە دەست کورد خۆی و لە ئایندەدا هەروا دەبێت.

هەریەکـەی شـتێکی دەوت، ئـەو ڕۆژەی گوندنشـینێك هەواڵـە نوێیەکەی هێنابوو، خەڵکی بەسەرسوڕمانەوە گوێیان لێی دەگرت.

- حکومەت وا لە کۆتەڵەوە بـەرەو دواوە کەوتۆتـە بۆردومـانکردنی پێشمەرگە، پارتی ئیتر بە ڕاستی بووە بە دوو بەشەوە!! وەك ئـەوە نییـە کە ئێمە بیرمان لێ کردبۆوە.

چی بـاس و خـواس هـەبوو هـەموویم وەلانـا و ئـارەزووم نـەبوو ج شتێکی نوێم گوێ لێبێت، پێم ناخۆش بوو دوژمنانی ئەم شارە دەستیان خستۆتە نـاو ڕۆڵەکانیانـەوە، ئـاوا دووبـەرەکییان تێدا کـردووە و بـە فرۆفێڵی خۆیان کـورد تـەفرە دەدەن، عـەرەب هـەر پـەیمانیان دەداتێ و دواییش سوك خۆی لێ دەدزێتەوە، بەشەڕیان دەدا و خۆیشـی دەڕوانێتـە ئەو نمایشە!

بلێنەوە!! من نازانم بۆچی ئەو هەموو دەنگە ڕاستەقینانە لەبەرامبەر چەند دەنگێکدا ناوا خپ دەبن و دەپوکێنەوە؟! بۆچی ئەوەی میللەت دەیخوازێت نایەتە دی و بەو داخەوە سەردەنێنەوە.

## -118-

لە چاڵە بەفرەکانی گۆیژەوە بە گوێدرێژ بەفریان دەهێنا، ئیدی وەك جاران سەهۆڵ لە پیرەمەگروونەوە نەدەهێنرا چونکە ڕێیەکە دوور بوو و حکومەتیش بە ئارەزووی خۆی سەهۆڵەکەی زەوت دەکرد.

پایزان و زستانان ئەوانەی چاڵە بەفریان هەبوو، سەریان لە چاڵەکان دەدایەوە و پووش و کاکەیان چاکدەکردەوە، گیای تریشیان لەسەر دادەنان و نەیاندەهێشت هەتاو لێیان بدات، هاوینان، کاتی گەرمبوونی زەوی، دەچوون و بە مشار دەکەوتنە برینەوەی، یەکێك لەوانەی گوێدرێژەکەی پێش خۆی دابوو، لە پێش مزگەوتی گەورەدا ڕاوەستابوو و چاوەڕێی دەکرد وەستا و کرێکارەکان بەفرەکەی لێ بکڕن، ئەوانیش سەرقاڵی تەواوکردنی گومەزە پیرۆزەییەکەی منارەکە بوون، منارەی نوێ زۆر بەرز بوو، کابرای بەفرفرۆش تەواوێ سەری هەڵبڕی و لەبەرخۆیەوە وتی:

- ئیشێکی گرانە..ئەوانەی ئیش لەم منارەیەدا دەکەن خوا لێیان خۆش دەبێت، خێرێکی گەورەیە، بچیتە ئەو ئاسمانە و لەوێ ئیش بکەیت، باوکم ئەمە ئازایەتییە!

دوو نابینا بەخۆیان و گۆچانەکانی دەستیانەوە بەلایدا ڕەتبوون، بەفرفرۆشەکە وتی:

- مەچنە ئەولایە، کرێکار لەسەرەوە نیش دەکەن و نەك خشتێکیان لە دەست بەربێتەوە، ئەم ئیشەی حکومەت بە ڕاستی شتێکی چاکە، لەوەتەی هەم ئیشی وا باشم لێ نەدیووە!!

نابیناکان بزەیەکیان بۆ دەربڕی و یەکێکیان وتی:

- حکومەتی چی؟! ئەمە بە کۆمەك و یارمەتی مەلا مستەفا دروست دەکرێت.

بەفرفرۆشەکە وتی:

- کام مەلا مستەفا؟

- بارزانی، مەلا مستەفای بارزانی، هەشت هەزار دیناری ناردووە منارەکەی پێ دروست بکەن، پارە لە دەمی پێشمەرگەوە گیراوەتەوە بۆ ئێمە! حکومەت کەی ئیشی وا دەکات! بەدەست ئەوان بێت هەر مزگەوتەکەش دابخرێ و کەس سەری لێ نەدات.

ئەوەی تریان وتی:

- ئەی خەتیب وتی شەش هەزار دیناری تێچووە!!

ئەوەی کە پێشتر قسەی کردبوو، پێکەنی و وتی:

- بیستم مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ خەتیب ناردووە، وتیان نووسیویەتی: وا بزانم هەشت هەزاری گەلالە دەکاتە شەش هەزاری سلێمانی!

کەوتنە پێکەنین و نابیناکان ڕۆیشتن، بەدەم ڕێوە وتیان:

- دەڵێن خەتیب ئوتمبێلێکی کڕیووە، لەمەودوا بۆ مەولود خوێندن پێی بڕۆین!

چووم،ڕوانیمە پردەکەی قلیاسان، ئەو پردەی عەزیز قەرەنی هەزار لیرەی تێدا خەرج کردبوو لەپێناوی شارەکەدا، دیمەنی چادرەکەی هەر لەپێش چاومدا بوو و وەستا و شاگردەکانم دەبینییەوە، وەستا حەسەنی غەزایی و وەستا حەبیب، حەسەنی وەستا ڕەشید و دووکەڵکێشی خشت سوورکردنەوەکەی قلیاسان، تاقەکانم بینییەوە هێشتا تازە و تۆکمە بوون، ئێستاش وا برێك دارماوە و بەردەکانی دەرپۆقیون، لەبەری بنەوەدا ئەختۆکەیەك ئاودڕ بوون و، وەلێ وەك پاشماوەیەکی لێهاتبوو، جوانتر و دێرینتر، پەنجاو شەش ساڵ بەسەر تەمەنی پردەکەدا ڕۆیشتبوو و هێشتاکە ئەوانەم دەبینییەوە کە لەکاتی دروستکردنیەوە بەسەریدا ڕەتدەبوون.. ئینجا ڕوانیمە شەپۆل و هاژەی چەمەکە، لە ماسییەکان نزیك بوومەوە، بە پێچەوانەی شەپۆلەوە دەڕۆیشتن و بێوچان ئاوەکەیان دەبری، ئەوەی ئەوەکانیان وەکو خۆیان مابوونەوە و باکیان نەبوو بەو دونیایەی چی تێدا دەقەومێ، باکیان نەبوو کە بنیادەم بەو هەموو هۆش و ئەقڵەیەوە بەرەو خراپتر هەنگاو دەنێ و لەجیاتی جوانکردنی ژیان و دەوروبەریان، ڕووەو دارمان و بیرچوونەوە دەچن، چوومە لای تووەڕکەکان و تیایاندا نقوم بووم، پێم خۆش بوو هەر سەیری زەردەزیرەکان بکەم کە لانەیان چێدەکرد و دوور لە ژاوەژاوی شار و دەروونی مرۆڤ دەژین و بۆ خۆیان دەفڕن و گیزە گیزی نەبڕاوەیان دەکەن، پێم خۆش بوو بۆ هەتایە سەرقاڵم بکەن و ئاگام لە شار نەمێنێ. هەر هیچ!! بەڵام هاژەی چەمەکە بردمیەوە بۆ لای خۆی، شەڕی میرەکانی بابانم هاتنەوە پێش چاو، شێخ مەحمود و هەمەوەندییەکانم بیرکەوتەوە کە هەر جارەی بەچەشنێك بەرەو ڕووی یەکدی دەوەستانەوە، لە خوڕە و کەفچڕینەکەدا چەندەها دەنگ و هاوارم

- مەچنە ئەولایە، کرێکار لەسەرەوە ئیش دەکەن و ئەك خشتێکیان لە دەست بەربێتەوە، ئەم ئیشەی حکومەت بە ڕاستی شتێکی چاکە، لەوەتەی هەم ئیشی وا باشم لیٚ نەدیووە!!

نابیناکان بزەیەکیان بۆ دەربڕی و یەکێکیان وتی:

- حکومەتی چی؟! ئەمە بە کۆمەك و یارمەتی مەلا مستەفا دروست دەکرێت.

بەفرفرۆشەکە وتی:

- کام مەلا مستەفا؟

- بارزانی، مەلا مستەفای بارزانی، هەشت هەزار دیناری ناردووە منارەکەی پیٚ دروست بکەن، پارە لە دەمی پێشمەرگەوە گیراوەتەوە بۆ ئێمە ! حکومەت کەی ئیشی وا دەکات! بەدەست ئەوان بێت هەر مزگەوتەکەش دابخریٚ و کەس سەری لیٚ نەدات.

ئەوەی تریان وتی:

- ئەی خەتیب وتی شەش هەزار دیناری تێچووە!!

ئەوەی کە پێشتر قسەی کردبوو، پێکەنی و وتی:

- بیستم مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ خەتیب ناردووە، وتیان نووسیویەتی: وا بزانم هەشت هەزاری گەلاڵە دەکاتە شەش هەزاری سلێمانی!

کەوتنە پێکەنین و نابیناکان ڕۆیشتن، بەدەم ڕێوە وتیان:

- دەڵێن خەتیب ئوتمبێلێکی کڕیووە، لەمەودوا بۆ مەولود خوێندن پێی بڕۆین!

-119-

شەوی بەرات بوو، دەرگای ماڵەکان لەسەر پشت بوون و منداڵان بەخۆیان و تورەکەی کۆڵیانەوە دەگەڕان، هەندێکیش وەکو شەوانی مەولود و میعراج تەنەکەیان کون کون کردبوو بە بزمار و، مۆمێکی داگیرساویان پێ بوو، مۆمەکان لە ناو تەنەکەکاندا چەقێنرابوون و لە کونەکانی چواردەورەوە ڕۆشناییان دەپرژاند، لە دوای تەنکبوونەوەی ڕاکە ڕاکە و ڕەوینەوەی ژاوەژاوی منداڵەکان، پیاوان پێکەوە لەبەردەم ماڵێکدا وەستابوون و قسەیان دەکرد. ئەوەی پاڵیدابۆوە بە دیوارەکەوە وتی:

- یەکێك لەو پێشمەرگانەیان لە حەمامەکەدا کوشتووە، بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە کەوتوونەتە پارچەکردنی و جێیانهێشتووە، کەس نازانێت دەستی کێ بووە! ڕەنگە خەبەری لێدرابێت.

لەسەری ڕۆیشتن و یەکێك لەو لاوانەی لەگەڵیاندا وەستابوو، وتی:

- دەڵێن لەو شێخ محێدینەش، شێخ سدیقیان بەهەمان شێوە کوشتووە، دواتر حکومەت تەرمەکەی بردۆتە مەیتخانە و لە پاش چەند ڕۆژێك ژنەکەی سەردانی ئەویی کردووە، دەڵێن بەهیچ شێوەیەك نەیناسیوەتەوە، تەنها نیشانەیەك نەبێت، کە زانیویەتی جێ فیشەکێك بە بەلەکیەوەیەتی و بەوەدا ناسیویەتیەوە، دەڵێن دووژمندار بووە!

پاش قەیرێك ئەوەی شەرواڵ و کراسێکی لەبەردا بوو، وتی:

- بەیاننامەی پانزەی ئازاریش هیچ.. شەڕ دەستی پێکردۆتەوە، لەم شەوانەدا گوێتان لە تەقە نەبوو؟ لە سەروو ئیبراهیم پاشاوە دەنگی هات، وتیان لە پشت سەدەکەوە لەگەڵ پۆلیسدا کەوتوونەتە تەقەکردن

لە یەکتری، حکومەتی بەعس هیچ مافێکی کوردی نەداوە، هەر رێککەوتن و پەیماننامە مۆر دەکرێ و دراییی هەڵدەوەشێنرێنەوە..دەنگ هەیە ئەمە دەستی ئەحمەد حەسەن بەکری تێدا نەبێ و ئیشی جێگرەکەی بێت، سەدام، دەڵێن زۆر پیسە..بە مناڵیش لەم شارەدا بووە، باوکی پۆلیسی سوارە بووە و ئاوا لێرە بوون، حەمەو میینی دەلاك وتی ماڵیان لە پشت مزگەوتی قامیشانەوە بووە، وتی لە سەرتاشخانەکەی شەوکەت ئەوە باسکراوە، باشە ئەم شارە چییان لەو کردووە؟! کورد خۆ بۆ هەمرو کەسێك باشە!

## -120-

بە دایکی وت:

- شار ئیشی تێدا نییە، وا شەڕیش دەستی پێکردووە و بەرەو خراپبوون دەڕوات، حکومەت هەر ئەوەندەی گوێی لە تەقەیەك بێت ئیتر شارەکە دەشێوێنێت، خەڵکێکی زۆر بێ ئیشن و بۆ کارکردن دەچنە بەغدا..ئێمەش دەڕۆین، شەش حەوت برادەرین و هەمووومان پێکەوەین، خۆم لەگەڵیدا قسەم کرد، وتی ئێوە ئیشی خۆتان بکەن و هەقتان بەسەر هیچ شتێکەوە نەبێت، بەغدا ئەو هەمرو کوردەی لێیە و ئیشی خۆیان دەکەن، کەسێك نییە بڵێت تۆ خەڵکی کوێیت.

دایکی تەماشای کردەوە و پێی وت:

- ئەم قالە تەگەرانییە جێی متمانەیە؟! خۆی چییە؟ چ کارەیە؟ ئەی هەر خۆی نەبوو لە بناری گۆیژە لە حکومەتی دەدا؟!

- دایە.. ئەمە بازرگانی دەکات، نەك بە قاچاخ، کاغەزی خۆی هەیە و دەچێتە ئێران و فەرش و بستە و ئەو شتانە دەهێنێت، خەڵك لە

بەغدا زۆر دەناسێت، ماڵیان لە گەڕەکی کانێسکانە ئێستا..بە ئاشکرا ئیش دەکا و پەیوەندی لەگەڵ دامودەزگاکاندا زۆر باشە، نزیکەی هەشت سەد کەس دەبین، لەوێ ئیشی بە قۆنتەرات گرتووە، ئێمە هەر بکەوینە سەر ئیش مانگی جارێك بە نۆرە دێینەوە، ناهێڵم پەکتان بکەوێت، زوو زوو پارە دەنێرمەوە ئەگەر خۆشم نەگەڕێمەوە، پارەیەکی باشە.

دایکی وتی:

- کوڕم کاکە تاڵە، ئەگەر متمانەت پێ نییە مەڕۆ، دڵی تۆ هیچت پێ ناڵێت؟!

- ئەگەر بەم شێوەیە بیر بکەینەوە نابێت لە دەرگای حەوشەوە قاچ بخەینە دەرەوە، ئەوە دڵی دایکە وا دەڵێت، مەترسە، تەنها خەمی من خەجیجی خوشکمە، دەترسم بڕۆم ئەو کابرایەی مێردی ڕێی بۆ تەخت بێت، کەسێك نەبێ چاوی لێ سوور بکاتەوە.

سبەی خواحافیزی لە ماڵەوە کرد و ڕۆیشت، گەیشتە بەردەرکی سەرا و لە شوێنێك ڕاوەستا، ئاوڕێکی دایەوە و بینی دایکی پێ بەپێی لەگەڵیدا هاتووە، سەری سوڕما و چوو بەرەو پیریەوە.

- ئەوە بۆچی هاتوویت ؟ هاتوویت بۆ بازاڕ یان بۆ لای من؟

- دەمەوێت چاوم پێیان بکەوێت، قاڵە تەگەرانی ببینم و شتێکی پێ بڵێم.

- بۆ خاتری خوا ! دیارە بە پیاوم نازانیت!! دایە کوڕەکەت پیاوە، من ئیتر لەمڕۆوە گوزەرانی ئێوەم لە ئەستۆیە، دوای باوکم ئەوە ئەرکی سەر شانمە، خەمی هیچت نەبێت.

سەرلەنوێ کوڕەکەی ماچ کردەوە و بە چاوی فرمێسکاوییەوە ڕۆیشت، وتی:

- ئەحمەد، کاکە تاڵە گیان، زوو زوو بێیتەوە و نامە بنێریت!!

## -121-

سەرمەند ئەو ڕۆژەی بیرکەوتەوە، پێش حەڤدە ساڵ کە سەرباز بوو و بە سواری لۆرییەوە بەرەو ڕومادی و هیت دەڕۆیشت، شوفێرەکە میسری بوو، لەلایەوە دانیشتبوو و میسرییەکە وتبووی:

- لە میسر قەڵایەك هەیە زۆر لەو قەڵایەی هەولێری ئێوە دەچێت. پێی دەڵێن قەڵای سەلاحەدین، سەلاحەدینی ئەیوبی کردوویەتی.

باسی ئەو سەربازانەیان کردبوو کە لە پشتی لۆرییەکەدا بوون، میسرییەکە پێی وت:

- هەمووتان کوردن؟!

-تەنها دوو کەسی عەرەبن، بە فرمانێکی لێبووردن گەڕاینەوە و ئێستا وا بووینەتە سەرباز.

- شەڕ وەستاوە و مەترسی نەماوە.. هەژدە مانگە و لێی دەردەچن.

دوایی لە درێژکراوەی قسەکانیاندا، میسرییەکە وتبووی:

- لە فەلەستین گۆڕستانێك هەیە بە ناوی قادر تەگەر، خۆم بینیومە..ئەو گۆڕستانە هەمووی کوردن، لێی نووسراوە قادر تەگەر. بەو ناوەوە.

سەرمەند ناوی قالە تەگەرانی بیرکەوتبۆوە، دەیزانی مەبەستی ئەو بووە، پاشان چەند شتێکی بیرکەوتنەوە و لە دڵی خۆیدا وتی:

- ئەو ڕۆیشتنەی کە ڕۆیشتن، ئیتر نەگەڕانەوە، چاویان بە سلێمانی نەکەوتەوە و ئێستاش کەسوکارەکانیان چاوەڕێیان دەکەن.

بیری لەو دەنگوباسانە کردەوە کە ناوبەناو گەیشتبوونە شارەوە، یەکێك وتبووی: ئەم دەستەیە کە چوونەتە بەغدا نزیکەی هەزار کەس دەبوون، بە نهێنی ئیشیان کردووە و چوونەتە قەسری نیهایات، ئەوەی چوونەتە ئەوێ هەمووی کوژراون. یەکێکیتر وتبووی: سەدام هەموویانی ناردووە بۆ کەنداو، ڕۆڵی چەتەی دەریایان بینیووە، لە پاش ئەوەوە کە ئێران سێ دوورگەکەی داگیرکردبوو. سێیەم وتبووی: لەو بیابانەی ڕومادی، لە سەربازگەیەکدا بۆ نیوەڕۆیەك هەموویان داوەت کراون، پێکەوە نانیان خواردووە و یەکە یەکە مردوون، ژەهر کراوەتە خواردنەکەیانەوە، ئیتر دوای چەند ساڵێك، سەگەکانی ئەو گوند و لادێیانە ئێسقان و جلوبەرگیان لەژێر گلەکەدا دەرهێناون، ئێسقان بە دەمیانەوە بووە، دەڵێن ئەوە تاقم و دەستەکەی قالە تەگەرانی بوون.

سەرمەند بەخۆی وت:

- ئێستاش هەر لەو باوەڕەدان ماون و ڕۆژێك بێت بگەڕێنەوە.

شەقامەکە بە سەرمەندی وت:

- قالە تەگەرانی پیاوێکی کەڵەگەت و قۆز بوو، هەمیشە ڕانك و چۆغەیەکی سووری هەناری دەپۆشی، ناوبەناو لای داربەڕووەکانەوە شەڕی لەگەڵ حکومەتدا دەکرد، نازم گزار کردبوویە پیاوی خۆی، پێی وتووە کوڕە ئازاکانی شار کۆبکەرەوە و وەرنە بەغدا، مانگی هەزار دیناریان دەدەمێ، ئیتر چووبوون و جلوبەرگی سوپایان پۆشیبوو،چەکیان بەسەردا دابەش کردوون و ویستویانە کودەتای سەربازی لە دژی سەدام حوسێن بکەن، سەدامیش بەرلەوە دەستی کەشف کردوون و ئاوەها هەموویان تیداچوون، نازمیش دواتر هەڵاتووە ولە ڕێی بەرەو کویت دەستگیرکراوە،کێ دەڵێت ئەوەش ڕاستیی مەسەلەکە بوو بێت، کۆکردنەوەی کوڕە بەجەرگ و دلێرەکانی شار و نەهێشتنیان بۆ خۆی

بەشێکی ڕوونی ئەو نهێنیانەن! من لەدەمی خەڵکەکەوە بیستوومە و هەریەکەی تا ئێستا شتێك دەڵێن لەو بارەیەوە.

## -122-

سەرلە ئێوارە بوو، لە بەردەرکی سەرادا، لەسەر ئەو چیمەنتۆ سێگۆشەیەدا سێدارەیان هەڵدەخست، خەڵکی لە دەورویشتەوە وەستابوون و قەرەباڵغی بوو، خەڵکی لە جامی ئوتمبێل و پاسەکانەوە تەماشایان دەکرد و دەڕۆیشتن، ئەوانەی ڕاوەستابوون، وازیان لە ئیش و کاری خۆیان هێنابوو و لەیەکتریان دەپرسی و غەڵبە غەڵب بوو.

- چییە ئەم سێدارەیە؟ بۆ کێیە؟!

- ئەو کوڕەی کە نارنجۆکەکەی خستۆتە مەکتەبی کچانەوە، گیراوە و سبەی لە سێدارەی دەدەن.

- باشە چۆن شتی وای کردووە؟ لەسەر ئەوە بووە؟!

- نازانم.. دیارە بۆ مامۆستایەکی بەعسی بووە، یان عەرەب! هەریەکەی شتێکی وت. بۆ سبەی خەڵکێکی زۆر وەستابوون و دیانڕوانییە ئەو دیمەنە ناخۆشە، یەکێك لەناو خەڵکەکەدا وتی:

- با بیکوژن.. بۆچی نارنجۆك فڕێدەداتە مەکتەبی کچانەوە؟ ئەی ئەوانیش هەر کوردن و چ گوناهێکیان هەیە! هەرگیز شتی وا ڕووینەداوە! ئەمە ویژدانی نییە، هەر کەسێك نەبێت بمرێت باشترە.

یەکێکیتر وتی:

- کێ دەڵێت وایە؟! باوەڕم بەم حکومەتە نییە، دیارە هەر خۆیان شتی وایان کردووە و بەسەر ئەم داماوەدا هێناوە..ئەم حکومەتە هەموو ئیشێکی لە دەست دێت و شەیتانن.

- دەڵێن سەر بە ڕێکخراو: سیاسییەکان بووە، خوا دەزانێت چەندیش لێیانداوە!

دوای بەئەنجام گەیاندنی کارەکە، سێدارە لابرا و ئەو ناوە نەبای دیبوو نە باران.

## -123-

خەڵکێکی زۆر چووبوونە دەرەوە، زۆرینەی قوتابخانەکانیش مامۆستاکانیان ڕۆیشتبوون و ببوون بە پێشمەرگە، تەنانەت پۆلیسیش ئەو ڕێیەی گرتبووە بەر و هەموو هەستی نەتەوەییان بەرزببۆوە، شار چ شتێکی دڵخۆشکەری تێدا نەمابوو، ئەو تروسکەیەی کە هەبوو تەنها لە شۆڕشدا بوو، پیاوانی ناو چایخانەکان دانیشتبوون و خەیاڵ دەیبردنەوە، هەموو بیریان لای ئەو ڕۆژە بوو کە تیایدا سەرکەوتوون و حکومەت ڕووخاوە، بوونەتە خاوەنی خۆیان و سەردار و پێشڕەویان حوکمڕانییان دەکات، سەرخۆشەکانی شەویش هەر بەو مەیلەوە دەیانخواردەوە..هەر کاغەز بوون دەهاتن و دەڕۆیشتن، دەهاتنە نێو دەستی ئەم و ئەودوە و ڕەوانەی شوێنێك دەکران، دەچووە لای دوکاندار، مامۆستا و قوتابی، فەرمانبەر و، ئەوانیش دەیانچرپاند، ژووانیان دادەنا و بە نهێنی و پەنهانییەوە لەگەڵ یەکتریدا دەدوان و هەواڵی نوێیان دەهێنا و دەگواستەوە.

شەوانەش پێشمەرگە دەیاندا بەسەر شاردا و چالاکییان دەکرد، تەقە و زرمە و گرمە بوو، دەستڕێژ و تەقو هۆڕ لێرە و لەوێ، هەموو ئەوانەی لەماڵیشەوە دانیشتبوون، گوێیان لەو تەقەکردن و پێکدادانە دەگرت و لە هیچ شتێکیشدا نەبوون پێیان خۆش بوو و بەڵکو ئەرمونیانترین

دەنگ بوو پەردەی گوێی دەلەراندنەوە، سەبارەت بەوان تاقە پشت و پەنایەك بوو. لەناو شاریشدا، لەبەردەم سەرا و مەخفەر و بنكەی پۆلیسەكاندا، هەر پیكاب بوون بڵاودەبوونەوە و ئاراستەی دەنگەكە دەچوون، پۆلیسەكانیش تەنها چاویان بەدەرەوە بوون و لە ناوەوەش دەیانوت:

- وەرن، ئەم حكومەتە بڕوخێنن و مەهێڵن بەعسییەك بمێنێتەوە.

- دەست خۆش، ئەو شوێنە هەموو پیسەكانی لێن، هەمووانتان كوشتبن كارێكی پیاوانەتان كردووە، خەمتان نەبێت، بەخوا لە خۆشیدا هەر تەقە بە ئاسماندا دەكەم، چۆن تفەنگم ڕوودەكەمە ئەولایەی ئێوەی لێبن.. ئەگەر دەزانن چەندمان پێخۆشە دێنە شارەوە، بەڵام ئێوەش تەقە لە ئێمە مەكەن، ئەم چەكەی پێمانە دارێك بن باشترە، بەناو چەكن و فیشەكەكانی بۆ ئاسمانن نەك بۆ ئێوە، ئێمە داماوین، قوڕبەسەر و فرمان جێبەجێ دەكەین، بەڵام لەپێش چاوی ئەواندا و بەڕاستی نا، خۆمان دەنوێنین كە گوایە شارەكە دەپارێزین.

-124-

ئەو ماڵانەی تەلەفزیۆنیان هەبوو، خەڵكی گەڕەك هەموو دەچوونە لایان، شەوانە كۆدەبوونەوە و تەماشایان دەكردن، لە بەغدا ناوبەناو دز پەیدا دەبوون و دەخرانە سەر تەلەفزیۆن، ئیدی لە شاریشدا هەبوون، دز و چەتە دەچوونە سەر ماڵان و ئەوانەی تەلەفزیۆنیان هەبوو لە خۆیان دەترسان، خەڵكیش لە بەغداوە دەهاتنەوە و قسەیان دەكرد، جگە لەوانەی لە شاشەی تەلەفزیۆن پیشان دەدران، شتی دیكەیان باس دەكرد.

- ئەوانە دەچنە سەر مالّی بەڕێوەبەری پۆلیس و ئەوانەی کاربەدەستن و ئەفسەری گەورەن، دەستەیەکی نهێنی پەیدابوون و هەموویان لە حەمامەکانیاندا لەتوپەت دەکەن، کەس ناوێرێت لە مالّی خۆیدا بحەوێت، بۆیان دەچنە سەربان و لەسەر قەرەوێڵەکان دەیانکوژن، گەڕەکەکان، ئەوانە دەچنە باخەکانەوە و لەوێ دەنوون، کەس ناوێرێت بە تەنیا بچێتە حەمامەوە، خێزانەکان دەترسن و بەغدا زۆر دژوار بووە، هەر ترس و لەرزە.

ڕۆژێکیان لە حامیەشەوە چەند گوللە تۆپێك نران بە شاخی گۆیژەوە، ئەو قوتابیانەی لە نهۆمی سەرەوەی قوتابخانەدا بوون ترسیان لێنیشتبوو، مامۆستا دەیوت:

- مەترسن، هیچ نییە، تاقیکردنەوەیە و تۆپ دەتەقێنن!

لە پەنجەرەکانەوە دەیانڕوانییە بناری گۆیژە، دووکەڵی سپی و بۆر تۆپەڵ تۆپەڵ بەرزدەبوونەوە و گوللە تۆپیش بێوچان بنارەکەی دادەگرتەوە و بە هەوادا گیڤەی دەهات. هەندێك لە بازاڕەکەدا وتیان:

- ئەوانە لەو داربەڕووانەدا پێشمەرگە هەیە، بە ڕۆژ ڕەنگە بێننەوە، ئەمانیش لێی دەدەن.

- دەیانەوێت هێزی خۆیان پیشان بدەن و بڵێن چاوترسێنیان دەکەین، نە پرۆژەیان هەیە و نە هیچ. لێدانی ئەو شاخە لەخۆڕاییی، لێدانە لە پشت و پەنای ئێمە، ئەمانە هەر بۆیە ئەوە دەکەن دیارە گوێیان لێبووە کە مەلا مستەفا بە ڕۆژنامەنووسە بێگانەکانی وتووە.

- چی وتووە ؟!

- لێیان پرسیووە کێ پشتیوانیتان دەکات ؟ وتوویەتی ئەو شاخانە پشت و پەنامانن، تەنها ئەوان!!

## -125-

ئاشبەتاڵ بەسەر زاری خەلکی شارەوە بوو، نائومێدییەك باڵی کێشابوو بەسەر شاردا و ئومێد و هیواکان دەکوژانەوە..خەلکەکە سۆراخی پێشمەرگەکانیان دەکرد و لێرە و لەوێ هەر باس بوو.

- مانای چی؟! شۆڕش تەواو؟

- ئێران هەموو چەکە دژە ئاسمانیەکانی بردۆتەوە، لەگەڵ عێراقدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون پشت بکەنە کورد، ئێران چیتر هاوکاری شۆڕش ناکات! دوژمنانی کورد لەدژمان ڕێککەوتوون.

- پەیماننامەی جەزائیریان مۆرکردووە، سەدام لەگەڵ شای ئێراندا چوونەتە جەزائیر و ناکۆکی نێوانیان نەهێشتووە، ئەو زەوییانەی ئێران داگیریکردوون هەمووی بۆ خۆی بێ بەو مەرجەی یارمەتی و پشتیوانی کوردەکانی عێراق بڕێ، بە کوردییەکەی پشت بکاتە مەلا مستەفا و عێراقیش چۆن بیەوێت لێیان بدات، چەك و تەقەمەنیش ئیتر نانێردرێن و خێزانێکی زۆر لەو چیایانەدان.

شەڕیش هێشتاکە لە چواردەور و گوند و چیاکاندا مابوو، فڕۆکەی مێك و باجەر ڕۆژانە بە ئاسمانەوە بوون و دەنگیان دەهات، وتیان:

- بارزانی وتوویەتی شەڕ تەواو بووە، چەك دابنێن و لەسەری بەردەوام بین شتێکی خراپە، کورد هەمووی دەبڕێننەوە، ئیتر کەس پشتیوانیمان ناکەن، کۆمەك نییە، زۆرینەی خەلکی شارەکان لە شاخدان و تەنانەت خۆراکیش ناگاتە لایان، لە تاران ج پشتیوانیەکی تری نەکراوە بەڕاستییەکەی.

- بەرەو ئێران ڕۆیشتوون، ئەگەر ئەوڕۆ گوند بە پێوە نامێنێت و هەمووی دەسووتێنن، بە ناپاڵم و مووشەك وەكو قەلادزێی لێدەكەن، ئێران ئۆردوگای بۆ كردوونەتەوە، عێراق دەبێت بڕیاری لێخۆشبوونیان بۆ دەربكات تاوەكو دەگەڕێنەوە، لەوە زیاتر نییە، دونیا پشتی تێكردووین.

سەر ڕێیەكانیش ئۆتۆمبێلی سەربازی و زیل و ئیڤای پێوە بوون، ڕۆژێك سێ پێشمەرگەیان لە مزگەوتی قامیشاندا دانا و خەلكی چوونە تەماشاكردنی تەرمەكانیان، بەهۆی تەقینەوەی مینەوە كوژرابوون و هەر كەسێك كوڕ و برا و باوك و مێرد و ناسیاوی لەدەرەوە بووایە، دەچوو و دەیڕوانییە ڕوخساریان، تەرمەكان بێ خاوەن مانەوە و لە پاشاندا خەلكەكە ناشتیان.

## -126-

• پێشمەرگە و خێزانە ئاوارەكان كۆمەل كۆمەل لە ئێرانەوە دەگەڕانەوە، بە گەڕاوەكان ناویان دەبرا و هەركەسە و دەچووەوە بۆ شوێنی خۆی، بەرەو شار و گوندی خۆیان، زیلەكانیش زۆرینەیان سەر سنووریان جێهێشت و بەرەو حامیە كشانەوە، برسێتی و ئاوارەیی گەڕاوەكانی چاوچنۆك كردبوو، وا دەیانڕوانیە شار دەتوت هەرگیز هیچیان نەبینیوە، هەندێك ناڕازی بوون و بارودۆخەكەیان پێ قوت نەدەچوو.

- جگە لەو پارەیەی لە فرۆشتنی چەكەكانماندا دەستمان كەوتوون خاوەنی هیچ نین، بەس ئەوەیە ماوین.

- ئیتر كوژاینەوە.. هەموو لایەكمان لێ بووە دوژمن و خواش ئاوڕی لێ نەداینەوە.

- هەندێك دەڵێن ئێمە هەمیشە بێ پشت و پەنابووین و شۆڕشی خۆمان کردووە، با هەر بەردەوام بووینایە، یان کوردستان یان نەمان چی لێهات! ئەمە چ مانەوەیەکە ئێمە تێیدایین؟! دەبوو هەر شەڕ بکەین.

- ئەو بڕیارەی ئێران شتێکی زۆر خراپ بوو، لە ڕاستیشدا هەردوو لا ناچاری کردبوونیە دۆست، بارزانی بە ناچاری پەنای بۆ شای ئێران برد و ئەویش لەبەر خاتری بەرژەوەندی ئێران دژایەتی عێراقی دەکرد و هەر لەبەر عێراقیش بوو یارمەتی ئێمەی دەدا، کوردی بەدبەخت ئەوە بەشیەتی.

- ئاشبەتالیش نەبووایە خوا دەیزانی چیمان لێ بەسەر دێت.. سەدامێك مەلا ڕەوانەی لای بارزانی بکات و بیانتەقێنێتەوە ئیتر چیتر ناکات، لە سەرەوە دەڵێت ڕێککەوتن و لە ژێرەوەش ئەمە پیشەیەتی! وتیان بارزانی وتوویەتی هیچ دوژمنێکمان هێندەی ئەم سەدامە پیس نییە، کەس نەیتوانیوە بڕوانێتە ناوچاوم، بەڵام ئەم کابرایە زۆر سەیرە...شەڕمان بکردایە ئیتر ئێستا دزداشەمان لەبەردابوو.

ئیتر هەریەکەی دەکەوتنە گێڕانەوەی سەرگوزشتەی خۆیان، حاڵ و گوزەرانیان لە شاخدا و لە ئێران و ئۆردوگاکاندا، هەر دەیانگێڕایەوە و تەواوبوونی نەبوو.

سەرمەند وتی:

- ڕۆژانی بێئومێدی میللەت بوو، جا ڕۆژی ئومێد و خۆشیی کەی هەبووە؟!

شەقامەکە لەنێو دەنگی شیڕەی ئوتبێلەکانەوە وتی:

- بەڕاستی وایە ..ئەگەرچی ئەو بێئومێدییە بە ئاشبەتاڵ ناوی ڕۆیشت، بەڵام ئەوە تەنها نیست و پشوویەك بوو، پێم سەیرە

ڕۆشنبیرانیش هەندێك جار بە نسكۆ ناوی دەبەن، چونكە شۆڕشی كورد هەر بەردەوام بووە و، بەڵكو شۆڕشی گەلی كورد هەرگیز نەكوژاوەتەوە ، چونكە شۆڕش هەمیشە ناچاری بووە و یەخەی كوردی گرتووە،جگە لەوەش شتێكی دیكەی لە دەست نەهاتووە.

## -127-

بێ ئیش و بێكاری ڕووی كردبووە خەڵكی، ئەوانەی لە ئێرانەوە گەڕابوونەوە و خاوەنی هیچ شتێكی خۆیان نەبوون، پەنایان بردبووە بەر كەلوپەل و شت بردن بەرەو كەركوك و بەغدا، لە شاردا دەیانكڕی و بە نهێنییەوە دەیانبرد، زۆرینەی كارەكەشیان توتن بردن بوو و دەبوو بیشارنەوە، لە سەری فەردەكانیشدا ترش یان هەر شتێكیتر دابنێن و بازگەكانی پێ بخەڵەتێنن.

هەر نەفەر بوون لە پاسەكاندا دادەگیران و پشكنین بوو، كاتێك گونییەكیان دەهێنایە خوارەوە، فڕێیان دەدایە سەر زەوییەكە و دەیانوت:

- ئەمەی تۆیە؟! چەند جار پێمان وتیت ئەم توتنە مەبە؟ بۆچی ئێمە نایزانین ئێوە چی دەبەن؟!

كابرای ڕیش سپیش دەیوت:

- كار و كاسپیم نییە، ئەمە دواجارمە و تەواو، ئیتر نایەمەوە، هەر نەچارە!

خەڵكی دەكەوتنە پاڕانەوە و بۆئەوەی بارەكەیان دانەگرن و بیاندەنەوە، لە ژێرەوە بە پارە لەگەڵیاندا ڕێك دەكەوتن، لەوسەریشەوە شەكر و چایان دەهێنا و هەمان بەزم دووبارە و سەدبارە دەبوونەوە،

برێکیان نەیاندەهێشت پریاسکەیەکیش شت بگاتە شارەوە، ڕۆژێک کابرایەکیان داگرت تەنها لەبەرئەوەی لە دەستەسڕێکدا کەمۆکەیەک چای هێنابوو، هەزاران جنێو و ڕەزیلکردن بە پوولێك، وتیان:

- چۆن دەبێت چای لە کەرکوکەوە بهێنیت؟ ئەمە قاچاخە.

- هەر ئەو تۆزەیە!! بۆ خۆمم هێناوە و هی فرۆشتنەوە نییە.

چایەکەیان ڕۆدەکردە سەر زەوییەکە و دەستەسڕەکەشیان بۆ دەتەکاند و دەیانوت:

- لەمەودوا هەر کەسێك شتی پێ بێت دەبێ سزای خۆی وەربگرێ، یان پارە دەدات یان لێدان.

لەناو بازاڕیشدا پۆلیس و لیژنەی ناوخۆ دەگەڕان و پاکەتە جگەرەیان دەگرت، هەر پاکەتفرۆش بوون خێرا ڕایاندەکرد و پۆلیسەکان دەیانوت:

- ئەم پاکەتانە ئێرانین، ڕۆسمانی ئێرانی دەهێنن و دەیانفرۆشن، گریڤن و وینستۆن!!

- ئەمە فلانە و ئەوەش فلان.

چایچییەك کە دەیڕوانییە ئەو ڕاکەڕاکەیە، دەیوت:

- توخوا ئەمە وەزعە؟ ئاخر پاکەتی ئێرانی بۆ قەدەغە بێت!! خەلکی شەکر و چای دەهێنن، توتن دەبەنە کەرکوك و ئەو خوارانە بۆ ڕێگەیان لێدەگرن؟! هەموو شتێك قەدەغەیە! جیاوازی چیە، کەرکوك و سلێمانی هەر لە عێراقدا نین! بە چ یاسایەك قەدەغەیە؟ ئەمە خەلکی خەریك دەکەن و هیچیتر، ژیان نییە، لەوانەیە بەیانی بڵێن هەواش قەدەغەیە! تەماشاکردن یاساغە و ئاوڕدانەوە قاچاخە، ئاخ !! بۆچی ئەم دونیایە وای لێهاتووە؟! تف لەو ژیانەش کە وەها بێت!

-128-

چەقۆ وەشێن پەیدا ببوون، بۆکس خەنجەر و ئەبونەڵقە لەبەر پشتێن و ناو گیرفانەکاندا بوون، چەند گەڕەکێك شەڕە چەقۆی تێدا دەکرا و خەلکی لە یەکتریان دەدا، دیاردەیەك دروست ببوو کەسێکی نامۆ نەیدەوێرا بە گەڕەکێکی تردا بڕوات،لەڕاستیشدا، نامۆش هەر خەلکی شارەکە بوو! کابرایەك کە شەڕێکی لەو چەشنەی بینیبوو کە لاوە نەخوێندەوار و لابەلاکان دەیانکرد، وتی:

- ئەم شەقاوەیەی بەغدا هەموانی فێرکردووە، ئەم ئاوە سەدام ڕشتوویەتی و هەر دەستی خۆیەتی وا بەشەڕیان دەدات، شەڕی کورد بڕانەوە و قڕکردن نەماوە، دەیانەوێت لە ناو شارەکانیشدا ئینجا دووبەرەکی و ڕك و کینە دروست بکەن و یەکتری بکوژن، خەلکی بێ ئیش و تاقە شتێك کە بۆیان ماوەتەوە خۆ دەرخستنە و پەلاماردان و پیشاندانی ئازایەتییە، منالانیش هیچ یارییەکیان ناگاتە دەست و دار و چیلکە دەکەن بە چاو وگیانی پشیلە و سەگەکاندا، ئەوەندەیان هەلواسین و پەت و سێدارەیان پیشاندان تاوەکو ئەوانیش لەسەر ئاژەلەکان تاقیانبکەنەوە، شیرازە تێکچووە.

لە کاتی شەڕەکانی بەردەم سینەماکان و ناو بازاڕدا، پۆلیس دەهاتن و دەیانپێچانەوە، چەقۆ و چەکە سوکەلەکانیان لێدەگرتن و دەیانبردن بۆ زیندان.. ئیتر ئەوانەی جێی گومان بوون و شەروالیان لەبەردابوو، لەسەر گۆشەکاندا داوای پێناسیان لێدەکرا و دەکەوتنە پشکنینیان، چەقۆ و بۆکس خەنجەریان قەدەغە کردبوو بەلام نەدەچوونە ئەو دوکانانەوە کە بە ئاشکرا دەیانفرۆشتن و لەناو جامخانەکانیاندا

هەڵیانواسیبوون، چەقۆی ئەبونەڵقە لە هەموو چەشنێکی هەبوو، یەك ئەستێرە و سێ ئەستێرە و، بێ ئەوەی بڵێن بۆ دەیفرۆشن، ئەگەر قەدەغەیە، ئەوا لە هەموو شوێنێکدا وەکو یەکە، بەکاربهێنرێت یان نا، وا قەدەغە دەکرا تاوەکو خواستی لەسەر بێت! یەکێك لەوانەی لەبەر کتێبخانەیەکدا ڕۆژنامەکەی نێو دەستی دەخوێندەوە، بە هاوەڵەکەی وت:

- درۆ دەکەن.. خۆیان هەموو جۆرە چەقۆیەکیان ناردۆتە شارەکەوە بۆئەوەی ئەو خەڵکە ناوشیارە بیکڕن و لەیەکتری بدەن، هەر خۆیانن دەیهێنن و ئەو ژەهرە دەڕێژن، خەڵکیش هەر دوای چاولێکەری کەوتوون، لە بازاڕدا چی ببینن وا دەزانن پێویستە و زۆر گرنگە، بیستومە دەڵێن جۆرە چەقۆیەك هاتووە، هەر ئەوەندەی پەنجەی پێدا بنێیت سێ چوار مەتر سەری چەقۆکە وەکو گوللە دەردەپەڕێت! دەڵێن هەر چەقۆیەی چەند دانێکی لەگەڵدایە، چەند سەرە چەقۆیەك، ئەی ئەمە کێ دەیهێنێت؟

هاوەڵەکەی وتی:

- وایە .. یان پرسیاری ئەوە بکە کێ دروستی دەکات؟ هەر ئەم وڵاتانەی خۆمان و دەوروپشتمان نین؟! ئەمە سیاسەتە، سیاسەتە و هیچیتر و دەیانەوێت بەوە خەریکیان بکەن نەك ڕۆشنبیری، ئەو هەموو گۆڤار و مەگەزینی ڕووت و خلاعییەش دەستاودەست دەکەن، حکومەت دەیەوێت مێشکی گەنجەکان داگیربکات.

شۆڕش هەڵگیرسابۆوە، نووسراو و بەیاننامە بەنهێنییەوە بڵاوەدەکرانەوە، چەند ڕێکخراوێك لە شاردا هەبوون، ڕۆشنبیران بیروباوەڕی چەپ و کۆمۆنیستییان لەسەردا بوو، کتێبەکانی مارکس و لینین و ئەنگلس دەستاودەستیان دەکرد، وەك زەمانی زوو شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا و بۆلشەوییەکان زۆرینەی گفتوگۆ و وتووێژەکانیان بوو..ئەگەرچی شیوعیەکان لەسەر هەمان بیر و ڕێڕەو بوون، بەلام خەلکەکە شۆڕشی چەکدارییان لا مەبەست بوو، جگە لە پارتیزانی شۆڕشێکی سەرتاسەر خەون و خولیایان بوو و لە دوای نسکۆ و ئاشبەتاڵەکەوە کە وایان پێدەوت هەندێك نەیاندەتوانی دابنیشن وبێ سرەوت لە جموجۆڵدابوون. بەڵکو بارودۆخەکەش دەبوو بتەقێتەوە.

شەوان پێشمەرگە دەهاتنە شارەوە و دەبووە تەقە، زرمە لە شوێنێك هەڵدەستا و گوللە بەملاولادا گێڤەیدەکرد...پۆلیسی ئێشکگریش بە شوێنەکاندا بڵاوبوونەوەو ڕێگەکانیان چاودێری دەکرد.

شەو بوو، ڕەشەبایەکی توندی هەبوو و هەوایەکی زۆر سارديش، یەکێك لە پۆلیسەکان لە سەر جادەی مەولەوی بوو، لە گۆشەیەکی دەبۆکەدا لەسەر بلۆکێك دانیشتبوو و لەبەر دەمیشیدا ئاگرێکی لە تەنەکەیەکدا کردبۆوە، دوای ئەوەی جگەرەکەی هەڵدایە ئاگرەکەوە، ڕوخساری بە کلێتەکەی داپۆشییەوە و تەنها چاوی بەدەرەوە ما، پاش تاوێك تارماییەکی بینی لە بەری خوارەوەدا، لە ئاستی بازاڕی شووشەدا جوولایەوە و دیار نەما.. بەخۆی وت:

- ڕەنگە دار و بەردم لێ بروبێت بە زەلام، گڕی ئاگرەکەیە!

هەستایە سەرپێ و ڕوانییە شەقامی مەولەوی، ڕەشەباش نایلۆن و کاغەز و خۆڵی سەرشۆستەکەی لوول دەکرد و بەلایەکدا دەیبردن، دانیشتەوە و ئارمانیەکەی بینییەوە، دوو کەسی تریشی بینی و هەستا و پڕی کرد بەو پارچە کارتۆنەدا کە ڕەشەباکە هێنابووی، پشتی کردە دیمەنەکە و خۆی سەرقاڵکرد بە ئاگرەکەوە، لە دڵی خۆیدا وتی:

- دەبڕۆن، بڕۆن و تووشی گرفتێکم مەکەن، ئاخر پێشمەرگە بۆ لەوێوە دێن؟ ڕەنگە لەوێش پۆلیسی تر هەروەك منیان کردبێت، ئا... ئاوڕ نادەمەوە، ئاوڕبدەمەوە کوژراوم!!

پێشمەرگەکانیش لای خۆیانەوە وتیان:

- خێرا بڕۆین، جارێ خەریکی ئاگرەکەیە و نامانبینێت، دەی.. ئەوە دارێکی دەرهێناوە و جگەرەی پێ دادەگیرسێنێ، بڕۆن.

پۆلیسەکە بە تیلەی چاو ئەوانی بینی دەڕۆیشتن و دەستی کرد بە خۆ گەرمکردنەوە، پاش ماوەیەك لە پەڕێکی ترەوە بوو بە تەقە و ڕەشەباکەش شەپۆلی پێدەدا.

## -130-

ڕەزای باش چاووش لەژێر پەردەکەدا بوو، چەقۆیەکی قەڵەمبڕی بەدەستەوە بوو و خەریکی خواردنی ئەو شوتییە بوو کە لەسەر زەویەکە دایانابوو، خشپەیەکی گوێ لێبوو و ئاوڕێکی بۆ شوێنەکە دایەوە، بینی پشیلەیەکە سەری خستۆتە ناو بەرمیلێکەوە و بۆ خواردن دەگەڕێت، دواتر پشیلەکە لەوبەریەوە ڕۆیشت و برێك سەیری یەکتریان کرد.

سەرلەنوێ ڕەزا گوێی لە خشپەیەکی تر بوو، وتی:

- دیاره قاچه مریشك لـەو بەرمیلەدایـه، بـه ڕۆژ ئـەم ژێـر پـرده چ حەشـرێکه! ئـەو هـەموو بـاڵدار و ئاژەڵـەی تێدا دەفرۆشـن، ڕۆژ ڕۆژی پشیلەیه سـەگی داماو!

چەند تارماییەکی بینی و لەحەژمەتا هەستایه سـەر پێ، چاویان بە یەکتر کەوت و دەستبەجێ لە جێی خۆی دانیشتەوە، بێئەوەی دەست بـۆ تفەنگەکەی درێژ بکات، کەوتەوە قاشکردنی شـوتییەکه و سـەری بـەرز نەکردەوە، پێشمەرگەکان لێی نزیکبوونەوە و وتیان:

- تەقە نەکەیت. هەوڵ نەدەی شاور لێدەیت ها.

- خەمتان نەبێ، وەرن شوتی بخۆن.

پێیان وت:

- لەسەرەوە کێی لێیە؟ لای پلیکانەکە؟!

- کەس، تەنها وەسمانە درێژی باش چاووش لە سوچەکەی بەرامبـەر مزگەوتی گەورەدیه.

دەستیان دایە تفەنگەکەی و ڕەزای ئیشکگر وتی:

- مەکەن.. ئەو تفەنگەم ببـەن مـاڵم وێـران دەبێـت، بەکەڵکیشتان نایەت، سیمینۆڤە! هیچ نرخێکی نییە بـەڵام منـی پـێ سـجن دەکرێـم، توانای شەق شەقێنم نییە و بمدەنەوە.

وتیان:

- دەچینە حەوشی گەورە، نایبەین، تەنها لەسـەر سوچەکە دایدەنێـین نـەك بـێ مێشکییەکت لێ بقـەومێ، شـاوریش لێبدەیـت دەسـتبەجێ کوژراویـت، گوێـت لێبـوو؟! دوای پێنـج دەقیقـە ئینجـا وەردوە بـۆ تفەنگەکەت تاوەکو ئێمە دەڕۆین.

ڕۆیشتبوون، ڕەزا تفەنگەکەی بەدەستەوە بوو و دوای قەیرێك گوێی لە شاوری پۆلیسەکان بوو، بووە تەقەکردن و ڕەزاش لەولاترەوە چەند فیشەکێکی لەخۆوە کرد بە ئاسماندا، ئەو گوزەرەی کاس کرد و هەرچی کۆتر و مەل و باڵندەی ناو دوکانە داخراوەکان بوون کەوتنە فڕین و دەنگی شەقەی باڵیان دەهات وەختێ خۆیان دەکێشا بە قەفەزەکاندا.

## -131-

هاوین بوو.. دوای ئێوارە، کوڕوکاڵی گەڕەکەکان لە دەرەوە بوون و لەسەر جادە و کۆڵانەکاندا پیاسەیان دەکرد، لە شەودا کوڕێکی بچووك لە ماڵەوە ڕایکرد و چووە سەر گۆشەی دوکانەکان، وتی:

- کاکە ئازاد، وەرە لە تەلەفزیۆن ئەحمەد حەسەن بەکر قسە دەکات، وازدەهێنێ و سەدام لە جێگەکەی خۆی دادەنێت، وەرە گوێی لێ بگرە.

- چی؟! سەدام؟ وەی وەی! ئەم شەقاوەیە بووە بە سەرۆك! دەستبەجێ دەڕۆم. .ئەمە بێتە سەر حوکم دونیا تێکدەچێت! ئەمە قسەی لەگەڵدا ناکرێت، بزانە ئەم عێراقە چی لێدەکات!!

ئەوانەی خوێندنیان تەواو کردبوو، هەموو کەوتبوونە خۆیان و نیازیان بوو وڵات بەجێ بهێڵن، بڕۆنە ئەوروپا و لەوێ خوێندنی بەرز بخوێنن، هەرچی ئەوانەش بوون کە لە زانکۆدا دەیانخوێند مێش میوانیان نەبوو، وتیان:

- ئەم سەدامە بێ شەڕ دانانیشێت، خوێڕی و شەقاوەی بەغدایە و بەکری فەقیر لەخۆڕایی نییە دەستی کێشاوەتەوە، بە زۆر لایبردووە، هەر بە شەق.

- پێیان دەوت باوکی سەرۆك، بەمانای سەدام سەرۆکە و ئەویش باوکی، نەیدەتوانی وێنەی خۆی بە تەنیا دابنێ بە بێ وێنەی سەدام، ئەحمەد حەسەن هەر بە ڕواڵەت سەرۆك بوو. ئەی کوڕێکیشیان نەکوشت!

- دەڕۆم، دەچمە ئەورووپا و تاوەکو شتێك نەقەوماوە، ئەوان بە دەستی خۆیان مەیدانی دارەکانیان سووتاند تاوەکو پێشمەرگە خۆیانی تیادا نەشارنەوە، فیتی سەدام بوو، ئەمە زۆر پیسە، بە قسەم دەکەن دێن و ڕزگارمان بێت، ئێوە هەر تەماشای قسەکردنەکەی بکەن، کەس بە پیاو نازانێت، ئێران گۆڕا و ئەمە شتێکی لە بن سەردایە، زۆر لەپڕدا هاتووە!!

- کێ دەڵێت باشتر نابێت؟! بەکر توانای نەمابوو، لەوانەیە ئەخۆشیش بووبێت! لەم وڵاتانەی ئێمەدا کەس هیچ ناڵێت، خۆ ئەورووپا و ئەمەریکا نییە ڕاستی بڵێن!

ئەو شەوەی کە مەیدانی دارەکەیان سووتاند، سەرجەم دانیشتوانی دەوروپشتی ئاگرەکەماڵیان چۆڵ کرد و دەترسان لەوەی گڕە بەهێزەکە شاڵاو بۆ خانووە گڵەکان ببات، ڕاکەڕاکە و هەرایەك بوو دەتوت ڕۆژی قیامەتە. بۆ سبەیش جگە لە دەشتێکی ڕەش و سووتاو هیچی دیکە نەمابوو، تاقە دارێك لە چنگی زمانەکێشانی ئاگرەکە ڕزگاری نەببوو، دەشتێکی سووتاو مابۆوە هەروەك مەیدانی جەنگێکی خاپوور، بە یاریدەی کۆڵانە تەنگەکانەوە خۆمم گەیاندێ و ئەوەم بە چاوی خۆم بینی، لە بینینیدا ڕۆژانی زووم بیرهاتنەوە، ئەو مەیدانە پێشتر باخێکی ڕازاوە بوو و بەرووبوومێکی بەپیتی لێ دەڕوا و دیمەنێکی دڵڕفێنی هەبوو.

## -132-

بەندکراوەکانی ئەبوغرێب و زیندانەکانیتر بەربوون و هاتبوونەوە بۆ شار و خەڵکی خرۆشابوون، بەرەڵاکردنی رۆڵەکانیان بۆ ئەوان هەموو شتێك بوو، لێرە و لەوێ شتیان دەوت.

- سەدام بەم کارەی خۆی لە دڵی میللەتدا کردۆتەوە، ئەحمەد حەسەن هەمووانی گرتبوو و ئێستا باوی گرتن و راوەدونان نەماوە، رۆژ بەرۆژ ئیشی باشتر دەکات.

- مادەم بەندکراوەکانی ئازادکردووە جێی متمانەیە، خەڵکی سلێمانیش دەزانن سەدام بە منداڵی لێرە خوێندوویەتی، لەوانەیە زۆر بیری ئێرە بکات! شوێنی یادگاری منداڵی خۆشەویستە.

- خۆ دەتوانێ بێت! وڵات وڵاتی خۆیەتی و بۆی هەیە دیمەنی ئەم شارە ببینێتەوە.

وێنەی نوێی سەرۆك بەهەموو شوێنێکەوە بوون، لەو رۆژانەشدا خەڵکی لادێ و گوندەکان رژابوونە شارەوە و بەرێی بانکەکانەوە بوون، لە بری زەویوزار و باخەکانیان پارەیەکی زۆریان وەردەگرت و دەگەرانەوە، لە بانکەکاندا دەفتەریان دەکردەوە و رۆژانە پارەیان رادەکێشا، سەرقاڵی کرینی ئوتمبێل و کەلوپەل بوون، لەناو شاریشدا ببوونە جێی نوکتە و پێکەنین،شتی سەیروسەمەرەیان لەبارەوە دەگێرانەوە، گوندنشینەکان و خەڵکیش دەیانوت:

- هەرگیز عێراق سەرۆکی وا باشی بەخۆوە نەدیووە، پارە رژاوە و هەر تەعویزە دێنە شارەوە.

- پارەی باشیان دەداتێ و بەندیخانەکانی کردۆتەوە، هەر خەڵکە بەردەدرێن و ئاوڕمان لێ دەدرێتەوە.

- ئیتر بۆت هەیە لەشاردا بێنیتەوە، بەو پارەیەی وەرتانگرتووە دەتوانن ئیشی پێبکەن و لە کوێ حەز دەکەن لەوێ بن، ئارەزووتان لێ بێت دەتوانن بچنە بەغدایش نیشتەجێ بن.

- شۆڕشی چی؟! خەڵك چی دەوێت؟ تێروپڕ و ئاسوودە، ئازادی وخۆشبەختی.

- نازانم چی بڵێم!! کورد ڕۆژی وا خۆشی بە چاوی خۆی نەبینیووە، ئەعوێز پارە وەردەگرن!

یەکێك لە شاعیرەکانیش کە گوێی لەو باسانە دەبوو و بە چاوی خۆی گوندنشینەکانی دەبینی پارە وەردەگرن لە دڵی خۆیدا دەیوت:

- ئێی ڕۆژگار! بە پارە ماڵ و موڵك و خاکی خۆیان دەفرۆشن و گێژبوون، ئەم پارەیە کرینی خاك و شاخە و دوورخستنەوەیانە، ئیتر شوێنێك نەمێنێتەوە پێشمەرگە تیایدا بێننەوەو پشت و پەنایان داگیر بکرێن، بەڵام کێ گوێ لەم قسانە دەگرێت، ئەوانەی بیانەوێت پارەش وەرنەگرن، دیسانەوە موڵکەکەیان زەوت دەکرێن و مایە پووچ دەمێننەوە، ئەوانەی ئیازیان نییە موڵکی خۆیان هەراج بکەن لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن و ژمارەیەکی کەمن کە دیار نین.

-133-

مولازم موحسین لەشاردا بوو، دوای بەسەرچوونی زەمەنی زەعیم سدیق، وێنەیەکی کۆپیکراوی لە سەردەمێکی ترەوە سەریهەڵدەدایەوە. گومانی لە هەر کەسێك بکردایە دەیگرت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا

دەکرد، دەچووە ناو بازاڕ و لەگەڵ پیاوەکانیدا دەگەڕان، ناوبەناویش خەلکی ڕایاندەکرد و دەیانوت:

- قڵیشایەوە.

هەندێ جار زرمەیەک لە شوێنێک هەڵدەستا و چی ئەوانەی ناو بازاڕ بوون بەرەو شوێنێک ڕایاندەکرد، پۆلیس چەند دەستگیر و، ئەوانەی ڕاو دەنا کە لەسەر ڕێیەکاندا کارتۆنیان دانابوو و کەلوپەل و وێنەیان دەفرۆشت، لە شانەدەری و قەلاچوالانەوە کەلوپەلیان دەهێنا و لە بازاڕیشدا دەیاندا بەسەریاندا، کەسێک قۆناغە تفەنگێکی بەریکەوتایە هەموو لەو ناوەدا نەدەمان و ڕایاندەکرد، ئەو شەپۆلە دەگەیشتە شوێنیتر و لەوێشدا بەهەمان شێوەی لێدەهات.

ڕۆژێک مێردمناڵێک دەمانچەی دەرهێنا و ویستی ئەفسەرێکی عەرەب بکوژێت، پەنجەی پێدانا و دەمانچەکە نەتەقی، چەند جارێک میلی هێنایەوە و لەناکامدا ڕایکرد، ئەفسەر و پۆلیسەکان بەناو بازاڕدا دوای کەوتن و خەلکەکەش هەریەکەی بەلایەکدا غاریاندەدا، یەکێک لە دوکاندارەکان دیمەنەکەی بینی و وتی:

- ئەمڕۆ چی بووە؟ بۆ ڕادەکەن؟!

یەکێک لەوانەی هێوربوٚوە وتی:

- مناڵێک دەمانچەی دەرهێنا و جوتەی کرد، ڕایکرد و بازاڕەکە شلەقا.

دوکاندارەکەی تەنیشتی وتی:

- وەرە، شتێکی ترت پێ بلێم میرزا، مولازم موحسین پرسیار لەو بریندارانە دەکات کە لە نەخۆشخانەکاندان. هەر یەکێک ناوی بەرزان

بێت بەر بۆکس و زللەی دەدات، دەڵێن بە چەرخەکەی ڕێشیان دەسووتێنێ، زۆر ڕقی لە ناوی بەرزانە!

ئیتر ڕۆژ ڕۆژی ملازم موحسین بوو، ببووە گورگێکی شارەکە و بە ئاشکرا کەڵبەی لە خەڵکی جیڕدەکردەوە.

## -134-

سێیەم ڕۆژی جەژن بوو، خەڵکی هەموو چووبوونە ناو حەوشەی سەراوە و تا دەهات قەرەباڵغتر دەبوو، چاوەڕێبوون سەدام حسێن دەرکەوێت و قسەیان بۆ بکات، چەند شوێنێکی بەرز و سەربانی ئوتێلەکان چەکدار بەسەریدا بڵاوببوونەوە، هەموو ڕێیەکان گیرابوون و هیچ ئوتۆمبێلێك بۆی نەبوو بەو ڕێیانەدا ڕەت ببێ، تەنها ئەو جێب و ئوتۆمبێلانە نەبێت کە پاسەوانەکان ڕایانگرتبوون و خەڵکی لەنێو ئاپۆرەکەدا چووبوونە سەریان بۆ ئەوەی بە باشی سەرۆك ببینن.

سەدام لە ئەیوانی دووەمەوە دەرکەوت و بوو بە چەپڵەڕێزان، جگە لە پارێزگاری شار، سەرۆکی ئاسایش و خاوەن پلەوپایە بەرزەکانی حیزبی بەعس لەملاولایەوە ڕاوەستابوون، چەپڵە تەواو بوو و سەدام دەستی کرد بە وتاردان، بەدوایدا چەپڵەیتر و دەست بەرزکردنەوە درێژەی کێشا، کەسێك مایکرۆفۆنەکەی بۆ گرتبوو و ئەویش درێژەی بە قسەکانیدا، یەکێك وتی:

- ئەوەی لای پایەکەوە ڕاوەستاوە کوڕەکەیەتی، عودەی کوڕی! ئەویشی لەگەڵدایە.

وتیان:

- کامە؟ کامە کوڕە گەورەکەیەتی؟!

- ئەوەی لەلای بابەکەوەیە، لەبەر سێبەرەکەدا.. جلوبەرگی مغاویری لەبەردایە، بەڵام بەنەکەکە!

- وامزانی وەک قوتابییەکانی تێرە جلوبەرگی تەلاتیع و فتوەی پۆشیوە! بابە، گەورەیە!!

چەپڵە لێدرانەوە و شەپۆلی دەدا، منداڵێکیش زۆر زۆر خۆی هەڵدەبڕی و دەیڕوانییە دەستاوەکان، سەدام بە قاتە ئەفەندییە شینە کاڵەکەیەوە لە ناوەڕاستدا وەستابوو و لەناو هەموویاندا دیار بوو، کەوتەوە پێدانی مژدە و باسکردنی پرۆژەی نوێ بۆ شارەکە، منداڵەکەش ئەنێو ئاپۆرەکەدا دەرپازبوو و ڕوانییە سەربانی تەلارە نزمەکانی ئەو چواردەورە، بیری ڕۆیشتبوو، خەیاڵی لای پێشمەرگەکان بوو، بەخۆی وت:

- هەموو شەوێک دێنە شارەوە و دەبێت بە تەقەکردن، بۆچی ئێستا نایەن بەر فیشەکی بدەن؟! خۆ کەس نایزانێت، لەدوورەوە لێی بدەن و بیکوژن، خۆی و کوڕەکەیشی، ئەگەر من گەورە بوومایە لە کەس نەدەترسام، بەر فیشەکم دەدا و دەمکوشت، دەی پێشمەرگە وەرن، کوا ئازایەتییەکەتان!! لەجیاتی ئەوەی بە شەو پۆلیسەکان دەکوژن و دێن تەقە بکەن، وەرن وا لەبەر دەستاندایە، لە پەنجەرەکانەوە تێی بگرن!

لە سەراکە چووە دەرەوە و لە پەنا پەرژینەکەوە سەیرێکی سەدامی کردەوە، بەدەم ڕۆیشتنەوە دەیوت: تاق تاق ...بم..بوم...تاق!!!

هەر ئەو ڕۆژە سەدام گەڕایەوە بۆ بەغدا، ئەپاش سالانێکی دیکەی پڕ کارەساتیشەوە، هەر سەردانی شاری دەکردەوە هیچیش ڕووی نەدەدا، زەوی لەژێر پێیدا تەواو تەخت بوو.

-135-

لە بلندگۆی قوتابخانەکانەوە دەنگی ورپاکردنەوە دانرابوون، لەگەل دەنگەکەدا کە وەك گیاندارێك دەیبۆڕاند و دەیقیژاند، فڕۆکەی ئێرانی بەسەر شارەکەدا فڕین و لەهەموو لایەکەوە بوو بە تەقە، ئەو منالانەی خەریکی هەلماتێن و یاری بوون، وازیان لە گەمەکردنی خۆیان هێنا و ڕوانییانە ئاسمان، یەکێك لە فڕۆکەکان بەخێرایی بەرەو خوارەوە فڕی و دەنگی دۆشکە و کلاشینکۆف بەرزبوونەوە، ژنەکان وتیان:

- منالینە وەرنە ژوورەوە، کەواتە ئێتر شەڕە، وا بۆردومان دەکەن؟!

یەکێك لە ژنەکان وتی:

- ئەو هەموو سروود و گۆرانییە لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆکاندا لێدەدرێن، ئەی چی! شەڕە بە ڕاستی !! عێراق دەلێت چەند ڕۆژە ئێران شەڕمان پێ دەفرۆشێت و لە بەغدادا تەقینەوە دەکەن.

- باشە ئێران خۆ ئیسلامییە ! ئیسلام چۆن بۆردومان دەکات!!

فڕۆکە بەسەر ئاسمانی شارەکەوە بوون و لە گەڕانەوەیاندا گرمەیەك لە شوێنێك هەستا، تەقەکردن بەدوایدا شاری داگرتەوە، یەکێك لەوانەی چەکی پێ بوو و بەرگی سوپای میللی پۆشیبوو، لەناو کۆلانێکدا دەستی کرد بە تەقەکردن بە ئاسماندا و لەسەر زەوییەکە خۆی پالخست، لەسەر دەم خۆی لێ ڕاکێشا و کردی بە هەرا، دواتر چووە سەر پشت و چەند فیشەکێکی تریشی تەقاند، ئەو منالانەی دیمەنەکەیان بینی کەوتنە پێکەنین و وتیان:

- ترحێو.. ئەمە ئەلێی لە فلیمی حەربیدایە! دیەوێت بە کلاشینکۆف تەیارە بخاتە خوارەوە!!

- هەموو گیانی خۆی کردووە بە خۆڵ، تەماشای سەری بکەن! چەند خۆڵاوی بووە!!

- کەریش وا دەگەوزێت! کەرێکی ناتەوردەم بینی وەکو ئەو خۆی گەوزاند!

ئیتر لە دوای ئەو دیمەنەوە هەرکەسە و شتێکی وت:

- دەڵێن لە حامیەی داوە! من هەر وتم سەدام شەڕێك دەقەومێنێت!

- لای کارگەی شەکرەکەش..دیارە نیازیان بووە بۆردومانی بەنزینخانەی دووریانەکە بکەن..

- لەمڕۆوە ئیتر دەڵێن دەبێت هەموو ئوتمبێلێك لەشەودا لایت بکوژێننەوە، یان بەشی سەرەوەی لایتەکانیان ڕەنگی شین بکەن، هەر ئینزار لێیدا دەستبەجێ هەموو گڵۆپەکان بکوژێنینەوە، پیاو بەو دەنگی دزێشکانە زراوی دەچێت، منالان هەموو تۆقیون.

-136-

حکومەت لەدایکبووی ساڵەکانی داوا دەکرد، هەموویانی دەکردە سەرباز و بەرەو بەرەکانی شەڕی دەبردن، لە یەکەمین لەشکرکێشیدا عێراق قەسری شیرینی گرتبوو و تەلەفزیۆن هەر سروود لێدان و گۆرانی و وێنەی سەرۆك بوو، لەسەر شەقامەکانیش ولاخێکی زۆریان خستبوونە ناو زیلەکانەوە و دەیانبردن بۆ سەربازگە و یەکە سەربازی و سەنگەرەکان، فڕۆکەش ڕۆژانە دەهاتن و بۆردومانی شوێنەکانیان دەکرد، لە بەنزینخانەی بەرامبەر کتێبخانەی گشتیان دا و مووشەکەکە بەرینەکەوت، کێشای بە ماڵێکدا و لایەکی تەواوی خاپوور کرد،

خەڵکی دوای ڕووداوەکە چوونە سەیرکردنی خانووەکە و لەپاشاندا ڕوونبۆوە ماڵەکە کەسی تێدا نەبووە لەو کاتەدا.

لە بازاڕیشدا مولازم موحسین خەریکی ڕاوەدونان و گرتنی خەڵکی بوو، شەوان دەچووە سەر ماڵەکان و چەند لاوێکی دەهێنایە دەرەوە، زۆرینەی خەڵکیش لەتاو کردەوەکانی مولازم وەهەڵاتن لە سەربازی، بەرەو گوند و ناو چیاکان و سەر سنوور دەڕۆیشتن، هەر ڕۆژەی هەواڵی هاتنەوەی تەرمی چەند سەربازێك دەگەیشتە گوێی خەڵکی. تەرمی کوژراوەکان لەناو تابووتدا بوون و ئاڵای عێراقیان پێوە بوون، لەو ڕووداوانەشدا حکومەت تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگی بەسەر چایخانەکاندا دابەشدەکرد و خەڵکی پێیان خۆش بوو، وەلێ بێ خواستی خۆیان، حکومەت دیواری بیرکردنەوەی بڕیبوون و لەهەمان کاتیشدا جەنگ گەیشتبووە هەموو شوێنێکەوە، دەچووە بەر بینایی و خۆی دەکرد بەنێو گوێچکەکاندا، تامویۆی تێدەپەڕاند و هەستەکانی داگیر دەکرد... ئیتر خەڵکیش دەیانوت:

- وا تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگی بەخۆڕایی دابەشکردووە، موچەی زیاد کردووە، خەڵکی بۆچی ناچن بۆ عەسکەری؟! ئەمە بەرگریکردنە لە نیشتمان دژی دوژمنان.

- کاری خراپ مەکەن و مولازم موحسین خۆ لە خۆڕایی کەس ناگرێت، کەسی بێ تاوان ناکوژێت، ئەویش هەر کراس و شەرواڵێك لەبەردەکات، سواری ماتۆڕ دەبێت، لەناو بازاڕدایە وەکو هەموو کەسێکی ئاسایی، شت مەتەقێننەوە با نەتانگرێت، با ڕاوتان نەنێت، ئێوە دانانیشن و خەتای خۆتانە.

- ئەو لە خۆرایی خەڵك دەگرێت، ناهێڵێت کەس بە ئارەزووی خۆی بێت و بچێت، دەڵێی زەعیم سدیقە! کۆمەڵێکی لە خۆی نزیك خستۆتەوە و ڕۆژانە هەواڵی بۆ دەبەن، چاودێری هاتوچۆی ئەم و ئەو دەکەن، شووڵی لێ هەڵکێشاوە و لەلایەن سەدامەوە هەڵبژێردراوە، بە سلێمانی دەڵێن سەری مارەکە و بە چاوێکی دوژمنانە و جیاوازەوە سەیری دەکەن، مولازم موحسین گەنجەکانی ناچاری ڕۆیشتن کردووە.

لە سینەماکانیشدا ناوبەناو فیلمی شەڕ و جەنگی جیهانی لێدەدرا، ئیتر کەس ئافرەتێکی نەدەبینی بچێتە سینەما و ئەو دیمەنە بە یەکجاری ڕەوییەوە.ئەوەش سەرەتای هەموو مەینەتییەکانی لێوە دەبینرا. ڕۆژێك لە سینەمایەکدا مولازم موحسین و پیاوەکانی لۆجێکیان گرتبوو و دانیشتبوون، ئەوەی دەیبینین نەیدەوێرا تەنانەت لە دوو ڕیزی بەردەم لۆجەکەشدا دابنیشن و هەموو دوور لەو بێ ئاوڕدانەوە دەیانڕوانییە فیلمەکە و کەسێکیش بە باشی ئاگای لە فیلمەکە نەبوو و خواخوایان بوو زوو تەواو بێ و بچنە دەرەوە.

## -137-

زانکۆی سلێمانیان دەگواستەوە، دوای ئەوەی چەند مامۆستایەکی عەرەب کوژرابوون، حکومەت شارەکەی تاوانبار دەکرد و تۆمەتەکەی خستبووە پاڵ قوتابیان و پێشمەرگەکانەوە، زانکۆ برایە هەولێر و ناوەکەیشیان گۆڕی بە زانکۆی سەلاحەدین، قوتابییان کەوتبوونە نارەزایی و بۆ یەکتری دەدوان.

- دەیانەوێت ئەم شارە بکەنە لادێ و هەموو سیمایەکی مەدەنی و ڕۆشنبیری تێدا بسڕنەوە.

- ڕەنگە هەر خۆیان چەند تەقەیەکیان کردبێ و بلاویان کردبێتەوە کە چەند مامۆستایەك کوژراون و دەبێ سزای شارەکە بدەن! ناویان ناوە زانکۆی سەلاحەدین.

- دەڵێن یەك دووانێکیان لێ کوشتوون، دابەزیونەتە سەر کورد و بە ناژەڵ ناویان بردوون، بە دواکەوتوو و چەتە و دز و بێ ڕەفتار، نەتەوەیەك کە لە جەنگەڵەوە پەیدابوون.

- ئینجا هەر دواکەوتوویەك لەشارەکەماندا هەبێت بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە، ئەوانن ناهێڵن پێشبکەوین و خواستەکانمان بێنینە دی..دوژمنانی کورد هەمیشە هۆکاری دواکەوتوویی و، هۆی ڕمانی ئینسانی بوون، دەشڵێن خەتای خۆیانە، خۆیان کەسیان تێدا هەڵنەکەوتووە، تەنانەت دەشڵێن سەلاحەدینی ئەیوبی عەرەب بووە!! بۆچی کەس لە کورددا هەڵنەکەوتوون! ئەوەندەی کورد ڕۆشنبیر و هونەرمەند و دەرکەوتووی تێدا بووە باوەڕناکەم بەهەموو عەرەب هەیانبێت، ناڵێم تیایاندا نییە، کەسانێکی زۆر زانا و فەیلەسوف و هەلکەوتوویان هەبووە و هەیە و بەڵام مانای ئەوە نییە هەموو شتێکی نەتەوەکانیتر نەسەلمێنێت و بیانسڕێتەوە، عەرەب هەر ڕەگەزپەرست بوون و جگە لە خۆیان دان بە نەتەوەیتردا نانێن.

لە بەری باخی گشتیشەوە هەر بوتڵە غازبوون خلۆردەبوونەوە و بەرەو شوێنی غازەکە دەڕۆیشتن، بڕێکیش بەرمیلیان دابووە پێش خۆیان و ڕوویان کردبووە بەنزینخانەکە، یەکێك لەوانەی لەوێوە دەڕۆیشت لەبەرخۆیەوە وتی:

- دیسانەوە ڕاکەڕاکە بەدوای غاز و نەوتدا! لەوەتەی فامم کردووە کورد هەر ڕاکەڕاکەیانە، ئەم شارە هەر نەوت و غازی تێدا نییە و

دەست خراوەتە بینە قاقایانەوە، تەنها هیلاککردن و خەریککردنیانە، لەبری هەموو شتێك بیر لەو شتانە بکەنەوە، تف لەو ژیانە ! ئەی ئەمە کولەمەرگی نییە ئاوا پیاو و ئافرەت ڕەزیل کراون!! نازانم بەعس هاتووە چی دەژێنێتەوە؟!!

ڕۆیشت و لەبەردەم دامودەزگای بەعسیەکاندا پاسەوانەکانی بینی، ئەوانیش دەیانڕوانی و لە خەڵکی مۆڕدەبوونەوە، دەتوت ئۆردوگاکانە و ئەوانەی لە شارەکەدان لەنێو تەلبەندێکی دڕکاویدا دێن و دەچن.

-138-

ڕێپێوان و ڕۆژی زەماوەندی شار بوو..جگە لە قوتابیانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکان، زۆرینەی دوکاندارەکانیشیان کۆکردبوونەوە و لەگەڵ فەرمانبەر و کرێکاری کارگەکاندا هێنابوویانن بۆ بەردەم باخی گشتی و ئوتێل سلێمانی و بە درێژایی ڕێگەکە هەر خەڵك بوون، نایلۆنی ڕەنگاوڕەنگ و قوماشی هەمەجۆری نووسراو بە تەنافەکانەوە شۆڕببوونەوە و لە ڕێی بلندگۆکانەوە گۆرانی و سروودی بەجۆش لێدەدران، چەپڵەڕێزانێك بوو دەتوت شەڕ تەواو بووە و چ گرفتێك لە ژیاندا نەماوە، وتارخوێندنەوە و دروشمدان دڕی بە گۆرانیەکان دا و دەنگی ئامێرەکانی مۆسیقا و تیپی سروود هەمووی وەستان، لەگەڵ ناوهێنانی سەرۆکدا چەپڵە لێدەدرا و لەسەرێکەوە بۆ سەرێکی‌تر شەپۆلی دەدا، دەستەیەکیش لە خوێندکارە کچەکان کە جلوبەرگی کوردی ئالووالآیان پۆشیبوو بەدەم ڕیتمی بەزم و ڕەزمی مۆسیقا و سروودەکانەوە دەستیان هەڵدەبڕی و لەنجەولاریان بوو، ئینجا دەنگی

دەهۆڵ بەرزدەبۆوە و خەڵکەکەی دەخستە جوولەوە، شاریش نەیدەزانی بۆچی زەماوەندی بۆ دەکەن و مێش میوانی نەبوو.

دوو ڕۆژ دواتر لە گۆڤەند و ئاهەنگی شار، کۆمەک و پیتاک کۆکردنەوە بۆ شەڕی قادسیە دەستی پێکردبوو و لە ڕێی موختاری گەڕەکەکانەوە بەسەر ماڵاندا دەگەڕان، هەر کەسێك زێڕ و ئاڵتونی هەبووایە دەبوو پارچەیەکی لێ بدا و ناوی بنووسرێت، موختاری گەڕەکێك لەبەردەم ماڵێکدا وەستابوو و چەکدارەکانی سوپای میللیش لە دوایەوە بوون و کەسێکیش بەخۆی و قەڵەم و دەفتەرێکەوە خەریکی ناونووسین بوو، موختارەکە بە ژنی ماڵەکەی وت:

- ئەمڕۆ ڕۆژی بەخشینە بۆ قادسیەی سەدام، ئیتر زێڕ و تەلا و ئاڵتون، بە چی بەشداری دەکەن هاوکاری وڵات و شۆڕشی ڕەوای گەلەکەمان دەکەن، ئیتر ملوانکە بێت یان ئەڵقە و هەر پارچەیەکی‌تر.. ناوتان دەنووسین و گیروگرفتەکانتان چارەسەر دەکەین، وا بۆری ئاوی تازە بەڕەو گەڕەکەکەمان ڕادەکێشین و ناهێڵین هیچ کەموکوورییەکمان بمێنێ، ئەوەیشی حەزدەکات پارە و ئاڵتونێکی باش ببەخشێ، وەفای بۆ نیشتمانە ئازیزەکەی هەیە و پەیمان نوێ دەکاتەوە و ئێمەش بەتایبەتی ناوی دەنووسین کە بچێت بۆ دیدەنی سەرۆکی بەڕێز خوا بیپارێزێت... دەیەوێت چاوی بە پیاوماقوڵانی ئەم شارە قارەمانە بکەوێت.. ئەمە گوڵیەخەیە؟! زۆر باشە، هەر ئاڵتون بێت جێی شانازییە، وەرنە پێشەوە ناوی ئەم ماڵە قارەمانەش بنووسن، گوڵیەخەیەکی جوانیان بەخشیوە! هەر بژین.

لە بازاڕیشدا چەند کەسێك دەگەڕان و دوکانەکانیان بەسەردەکردەوە، وتیان:

- کێ پارەی باش دەبەخشێت بۆ شەڕی ڕەوای نیشتمان، دەچێتە بەغدا بۆ بینینی سەرۆکی فەرماندە، حاجی بە دراوسێ دوکانەکانیشت بڵێ، ئەوەی کۆمەکی باش دەکات خەتی تەلەفۆنی دەدەینێ و سەرۆک دەبینێت، ئەو لە ئێوە زیاتر حەز بە بینینی پیاوماقوڵانی شارەکە دەکات. وەرن بۆ کۆبوونەوە ڕۆژی دووشەممە و ناو بنووسن، ئیتر هێڵی تەلەفۆنەکە بۆ دوکانەکانتان بێت یان بۆ ماڵەوە گرفتێك نییە، بزانن چ کەسێك هەیە خوێنی خۆیشی ببەخشێت، باوەڕتان بێت هەر بگەنە لای سەرۆك چوار قات پارەکەتان بۆ دەگەڕێتەوە، هەڵێکە و لەکیس خۆتانی مەدەن، ئەوەی زوو ناو بنووسێت ئەوە دەڕوات.

## -139-

وا هەرچی هەڵاتووەکانە دەیانگرن، زۆریان گرتووە و خوا دەزانێت چییان لێدەکەن، ئەوەی لە سەربازی خۆی دەدزێتەوە هیچ ڕێگەیەکی لەبەر دەمدا نییە..هەر دراوسێییەکان خۆیان خەبەری لێدەدەن، دونیا بووە بە بەعسی و هەرچواردەورمان سوپای میللییە، برۆ..لەم ماڵەدا ناوا دابنیشیت دێنە سەرمان و پێستت دەگروون، ڕەنگە هەر لەبەر دەرگادا گوللەبارانت بکەن و منیش بگرن، دەڵێن چۆن ڕێگە دەدەیت کوڕەکەت فیرار بێ و پێمان نەڵێیت!!

کوڕەکەی وتی:

- ئینجا هەر ئەوە ماوە بەدەستی خۆت بەگرتمان بدەیت؟!

- ناتوانم!! کوڕم لە سەربازی ڕای کردبێ، دێن و موچەکەشم دەبڕن، ئەو خوشکانەت مەخەرە دەستی ئەو زاڵمانەوە، بۆچی تۆ لات وایە ئەو ئافرەتانە لەسەر چی دەگیرێن و ئەتك دەکرێن؟ بەهۆی باوك و برا و

مێردیانەوەیە کە ترسنۆکن و خۆیان شاردۆتەوە و خەبەریان لێدەدرێت، باوکم بڕۆ، نامەوێت لەمماڵەدا بێنێت، وەکو ئەو خەڵکە بڕۆ بۆ سەربازی، مەڕی نێر بۆ سەربڕینە.. بێن هەر بە شۆفڵ ماڵەکەمان بەسەردا دەڕوخێنن و هەموومان دەکوژن لەسەر کوڕێك!!

ژنەکەی وتی:

- پیاوەکە بۆ کوێ بڕوات؟! ئەو هەمووە دەکوژرێن و بێ سەروشوێنن، ئەم ڕژێمە بەخوێنی سەری کورد تینوون، دەیانبەنە پێشەوەی شەڕەکان و بەکوشتنیان دەدەن، من ناهێڵم کوڕەکەم بڕوا و بکوژرێت! خۆ نەمدۆزیوەتەوە!! بۆچی چییە!

کابرا سووربوو و سەری دونیای لێ هاتبۆوە یەك، بەتوڕەییەوە وتی:

- ئەوە تۆیت خانم هانی دەدەیت، هەر تۆش بوویت ڕێگەت لێگرت نەچێتە سەربازی، ئەو خەڵکەش وەکو ئەو ڕۆیشتوون و بە مۆڵەت مانگانە دەگەڕێنەوە. ناتوانم ئیتر...

ژنەکە وتی:

- مانگانەی چی؟! ئەو کوڕەی گێسیاخان وا چوار مانگە نەهاتۆتەوە! نە نامەی دیارە نە هەواڵێك، خوا دەزانێت قوڕبەسەرە لەکوێیە و چی لێ بەسەر هاتووە.

- من ئەم شتە پڕوپووچانە نازانم.. کوڕی من نابێت ئەوە بکات! دەبێت بڕوا و ئەمە دوا بڕیارە، بەرگەی بێنەوبەردە و ئازار و ئەشکەنجە ناگرم، ئیتر پیر بووم، هەریەکەمان لەلایەك تەفروتونا دەکەن.. ئاخر سەربازی چییە لێی بترسیت؟ ترس و لەرزی ماڵەوە زۆر خۆشە؟!

کوڕەکەی بەناڕەزاییەوە وتی:

- جەناب خۆتان وا بزانم زۆرتان سەربازی کردووە، ئێوە بەپارەدان خۆتان دزیوەتەوە، ئەگەر لە سەربازی نەترساون و ئازا و قارەمان بوون، ئەی لەبەر چی پارەتان داوە؟!

- هەتیو جوان قسە بکە، بێم بە دار هەمرو گیانت دەشکێنم.

ژنەکەی هەستا و بەری لێگرت، وتی:

- بۆ خاتری خوا!! دەنگ هەڵمەبڕە، هەر بە دەنگی تۆدا دەزانن کوڕەکەمان لە ماڵەوەیە!

- نەڕوات خۆم بەگرتنی دەدەم، مۆڵەتی دوو سێ ڕۆژی دەدەمێ، یان دەچێتە سەربازی، یان لەم شارەدا نەمێنێ و بچێتە ئەو لادێیانە بۆ لای پێش مەشکە، ببێت بە پێش مەشکە!

- پیاوەکە تۆ کەی وابوویت؟! بۆ جنێو بە پێشمەرگە دەڵێیت؟! کوڕم.. هەر ئەم ڕۆژانە خۆم دەتبەمە ئەو گوندانە و لەوێ دابنیشە، هەوریەیەک هەرچۆنێك بێت بۆت بکەن و لەم ماڵەدا بێنیتەوە ئەم کابرایە واز ناهێنێت، هەر خۆی تووشمان دەکات!

- باشە.. دەڕۆم، یان دەبمە پێشمەرگە و یەکەم کەس تۆڵە لە باوکم دەکەمەوە، یان ئیشێك دەکەم و لەوێوە دەچمە ئێران.. خەڵکی هەموو ڕوویان کردۆتە ئەوێ، دەڵێن ئۆردوگای کردۆتەوە ئەوێشەوە دەچمە خاریج.

## -140-

بەفرێکی ئەستوور باریبوو، دونیا سەرلەبەری سپی دەچۆوە، درەختەکان هەموو لەژێر قورسایی بەفری باریودا چەمابوونەوە و هەندێکیشیان لق و پەلکەکانیان لە زۆری چەمابوونەوە چونکە لە شەودا

بەدەم بایەکی توندەوە تێیکردبوو، هەندێ جێگەی نەرم و لاپاڵی گردەکان و چاڵەکان مەترێکی تەواو بەرزایی بەفرەکەی بوو و ڕێگەکانیش هێندەی ئەژنۆیەک دەبوو.

کۆمەڵێک قوتابی لە گەڕەکی قادسیە و بەکرەجۆوە ڕێی شاریان گرتبووە بەر و دەڕۆیشتن، ترسی ئەوەیان هەبوو بەفر ڕێیەکەیان بگرێ و لە تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵیاندا بێبەش بن. چەند ئوتومبێلێکیش دوای ئەوەی لە شەودا خزیبوون و نەیانتوانیبوو ڕێگەکە ببڕن، لە لایەکی ڕێیەکەوە بوون و بەفرێکی کەڵەکە نقومی کردبوون، لەدوورەوە دیمەنیان لە چەند چادرێکی گرمۆڵە دەچوون. قوتابییەکان بەدەم شەڕە تۆپەڵەوە ڕێیان بڕی و گەیشتنە سەر پردەکەی قلیاسان، لەوێدا ئاوێکی زۆر وەستابوو و بەفرەکەی تواوبۆوە، یەکێکیان بەدەم ڕۆیشتنەوە وتی:

- باشە پردە کۆنەکە تاوەکو ئەم ساڵانەی دواییش پاشماوەی مابوو، چەند پایەیەکی ئەستووری لەمبەر و ناو ئاوەکەدا بوون، چی لێهات؟! دیارە ڕووخاندوویانە!

ئوتومبێلێک بەخێرایی دەهات و لایتی هەڵکردبوو، لە ئاستی ئاوە ڕاوەستاوەکەدا خێرا ڕەتبوو و قوتابییەکانی سەرتاپا تەڕ کرد، بە دەست کەوتنە جنێوپێدانی و ئاماژەیان بۆ کرد، شوفێرەکەش جامانەیەکی سووری لە ملیەوە ئاڵاندبوو و بە پێکەنینەوە بۆی دەرچوو، یەکێکیان وتی:

- زانیتان کێ بوو ئەوەی لێی دەخوڕی؟

- نا.. کێ بوو؟!

- مولازم موحسین خۆی بوو، هەر باش بوو نەگەڕایەوە!

- بشگەڕێتەوە چی دەکات؟! ئەو هەموو گیانی ئێمەی تەڕ کردووە بەم بەفر و سەرمایە!
یەکێکی‌تریان وتی:
- باشە ئەمە بۆ کوێ دەچێت؟! چونکە دەزانێت بەم بەفرە پێشمەرگە ناتوانن بێنە شارەوە.
- ئینجا ئەو لە کێ دەترسێت!! نەمبینی کەسێک تەقەی لێ بکات.
بە ئارەزووی خۆی بەشاردا دەسوورێتەوە و چی خراپە دەیکات و کەسێکیش پێی ناڵێت بەری چاوت کلی پێوەیە، لە من و تۆ باشتر دەگەڕێت، ترس؟! خوا دەزانێت ئێستا کەمینی بۆ کێ داناوە، یان خەبەر لە کێ دراوە بچێت بیگرێت! یان بۆ لای چ ژنێک دەڕوات! شار بەدەست خۆیەوەیەتی، ئەم هەموو تەقەکردن و نارنجۆک فڕێدانە هیچی بەر ئەو ناکەون، شۆڕش دەبێت مەمنوونی بن کە لەشاردایە و خەڵکی ڕاودەنێت.
- بۆچی ؟!بۆچی مەمنوونی ئەم فەلەستینیە بەعسییە بن؟! ئەو هەتیوبازە!
- چونکە ئەم لایەکی شارەکەی دەرپەڕاندووە و لە ڕقی ئەم بوونەتە پێشمەرگە.
ڕۆیشتن، یەکێکی‌تریان کەوتە گەرمکردنەوەی لەپی بە هەڵمەکەی ناو دەمی و وتی:
- ڕۆژێکیان لەنزیک کتێبخانەکەی شێخ ئەنوەری شاعیرەوە بووم، مولازم موحسین لەگەڵ پیاوەکانیدا لەبەردەم بازاڕی زانکۆدا بوون، تەماشای قایشیان دەکرد و لە کەمەری خۆیان دەبەست، هەر ئەوەندەم زانی مولازم موحسین بەپەلە بەرەو ئەمبەر هات. خێرا خۆی کرد بە

کتێبخانەکەدا و لە شێخ ئەنوەر نزیکبۆوە، دەستم دایە کتێبێک و بەدزییەوە تەماشای ژوورەوەم کرد، مولازم موحسین یەک دوو جار بە دەست لەبەر سنگی شێخ ئەنوەری ژەند، ئەویش پێی وت عەیبە پیاوێکی وەکو تۆ کە خۆی بە رۆشنبیر دەزانێت ئەو رەفتارە بکات. خۆ ئێمە ئاژەڵ نین، بیستبووم کە شێخ ئەنوەر جارجارە مولازمی دەبینی مۆرەکرن لەنێوانیاندا ببوو، هەروا لەیەک مۆڕدەبوونەوە و ئەوەندەم زانی شێخ ئەنوەر بەتوندی دەستی مولازمی چەماندەوە وئەویش کەوتە سەر چۆک، زۆر بە قووەت ئەوەی کرد و لەپڕێکدا بەر ئەژنۆیەکی تێسرەواند و...

- مولازم موحسین لێیدا؟!

- نا..شێخ ئەنوەر لێیدا، بە دوو پلیکانەکەدا خستیە خوارەوە و کەوتە سەری. خێرا لەوێ دوورکەوتمەوە و لەچاوتروکانێکدا پیاوەکانی هەموو بە راکردن چوونە یاریدەی، بە ئارەزووی خۆیان کەوتنە سەر شاعیرەکە و سەروگوێلاکیان خەڵتانی خوێن کرد، بوو بە قەرەباڵغی و ئەوانیش دەمانچەکانیان دەرهێنا و هەر زوو خەڵکەکە بلاوەیان لێکرد.

سەرمەند گەیشتەوە بۆ ئەو رۆژگارە و ئەوەی بیرهاتەوە کە دڵشاد مەریوانی شاعیر بەرگری لە شێخ ئەنوەر کردبوو کاتێک مەسەلەکەیان گەیشتبووە دادگا، مەزبەتەکە ئەو بۆی نووسیبوو، پارێزگاری شاریش بە شێخ ئەنوەری وتبوو چۆن لە بازاڕدا شتی وا دەکرێت، کە وای پێوتبوو بە چاویش تێیگەیاندبوو کە رێگەی تر و باشتر هەیە...سەرمەند لەنێوەندی ئەو چیرۆکەدا دڵشاد مەریوانی دەهاتەوە بەر چاو، لەپێشیەوە دەڕوا و کەڵەگەتێکە، شانێکی نزمترە لەوەی تر و دەست و قۆڵێکی تووکنی هەیە، مەریوانی هەنگاو دەنێ و وردە وردە باریکتر دەنوێنێ،

دێتەوە سەر ڕوو و بە شەقامی پیرەمێردا دادەگەڕێ، ڕوخساری دەبێتە شاکر فەتاح و بزەیەك بەسەر لێویەوەیە.هەورەکان چڕدەبنەوە و دونیا تاریك دەبێت، هەتاوێکی کز سەردەردێنێتەوە و سێبەری پاشنیوەڕۆیەکی هاوین دەیباتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارانە.

## -141-

خۆپیشاندان بوو، قوتابیانی ئامادەیی و دواناوەندییەکان ڕژابوونە سەر شەقامەکان و بەدەم دروشم و دەست بەرزکردنەوەوە پێکەوە سکاڵای خۆیان دەردەبڕی، کچان و کوڕان شانبەشانی یەکتری دەڕۆیشتن و چەند کەسێك دروشمیان بەرزدەکردەوە و ئەوانی دی دەیانوتەوە.. هەرچی ئەو کوڕ و کچانەش بوون کە پێشتر لەڕێی تەماشاکردنی یەکتر و ڕێی قوتابخانەوە دڵیان چووبوو بەیەکدا، لەو خۆپیشاندانەدا چووبوونە پاڵ یەکتری و سڵاویان لە یەکتری دەکرد، لەو ڕۆژەدا هێندەی تر جوانتر و شیرینتر یەکیان دەبینییەوە. بەگەرمییەوە دەڕۆیشتن و دەنگیان زیاتر هەڵدەبڕی، لەدووردوەش دەنگی ئۆتمبێلەکانی پۆلیس دەهاتن و ئەوانیش گەرمتر دەبوون. ئۆتمبێلەکانی فریاکەوتن سەری گۆشەیەکیان گرت و پۆلیسەکانیش سەر شەقامەکەیان تەنی، لەکاتی نزیکبوونەوەیاندا گازی فرمێسك ڕێژیان بۆ فڕێدان و یەکێك لە بڵاوەکردنی قوتابیەکاندا وتی:

- مەترسن، گازی فرمێسك ڕێژە، بڵاوە مەکەن.

نارنجۆکی گازەکەش لەسەر زەوییەکە کەوتبوو و دووکەڵی سپی لێ بەرزدەبۆوە، یەکێك چوو نارنجۆکەکەی هەڵگرتەوە و فڕێیدایەوە بۆ بەری پۆلیسەکان، ئەوانیش چەند دەستڕێژێکیان بەئاسماندا کرد و هەر قوتابییەی بەلایەکدا ڕایکرد، هەندێك خۆیان کردەوە بە قوتابخانەکانیاندا و بڕێکیش هەر خەریکی دروشمدان و دەنگ هەڵبڕین بوون، چەند

تەقەیەکی‌تر کرا و دەست کرا بە ڕاوەدونانیان، لەسەر شەقامەکەی لای باخی گشتییەوە چەند ئاسایشێکی بەعسییەکان بە جلوبەرگی مولکییەوە وەستابوون و کە قوتابییەکان لێیان نزیکدەبوونەوە، دەکەوتنە لێدانیان و بە شەق و بۆکس ڕەوانەیان دەکردن.

پیکابەکانی هێزە تایبەتییەکانیش گەیشتن و ئەوەی کەوتنە بەردەستیان بەدەم لێدانی قۆناغە تفەنگەوە سواری پیکابەکانیان کردن، چەند کەسێك بەرهەڵستییان کرد و دەستڕێژ بەسەریاندا کرا و ئەوانیش هەڵاتن، پیکابی دیکە هاتن و خۆیان کرد بە ئامادەیی سلێمانی کوڕاندا..بێنەوەی گوێ بدەنە مامۆستاکان، بەسەر پۆلەکاندا دابەش بوون و بە کێبڵ و قۆناغە تفەنگ قوتابییەکانیان داگرتەوە، ئەوەی دەکەوتە بەر دەستیان، بە ئارەزوویان کێبڵیان لێدەدا و هەرچی قوتابییەکانیش بوون، هاوارهاواریان پێکەوتبوو و هەموو لە سوچێکی پۆلەکەدا گردببوونەوە لە ترسی لێدان، هەموو چووبوونە سەریەکتری و ئەوانیش بێوچان کێبڵیان دەوەشاند و هەرچی لەسەرەوە و بەردەمی بەعسییەکاندا بوون لێدانێکی چاکیان خوارد و کەسێك نەیوێرا شتێك بڵێت.

-142-

دیمەنی ئەو ڕۆژگارە تێکەڵ بە بۆنی ریقنەی ڕیشۆڵەکانی باخی گشتی، هاتنەوە پێش چاوی سەرمەند و خەیاڵی ڕۆیشت.

پیکابەکان ڕاوەستابوون و قوتابییەکانیان سەردەخست، خۆی بینییەوە لەودیو شیشەکانی باخی گشتییەوە هێزە تایبەتییەکان دەبینێتەوە، یەکێك لە لاندکرۆزەرەکان دەرگاکانی پاشەوەی کرابوونەوە و کچە خوێندکارەکانی تێدابوون، یەکێك لەو ڕەشتاڵانەی بینییەوە کە هەمیشە

لەو ناوەدا بوو و زللەی لە کچەکان دەدا، دواتر چەند قوتابیەکی تری هاتنە پێش چاو گیرابوون و بەرەو لاندکرززەرەکانیان دەبردن، لوولەی تفەنگەکانی بینییەوە تەنورەی کچەکانی دەدڕاند و ئەوانیش بەرهەڵستییان دەکرد، پرچیان ڕادەکێشرا و خێرا ئوتمبێلەکان دەڕۆیشتن وەك تیسکەی تفەنگ.

سەرلەنوێ هاتەوە سەر شەقامەکە، بەڕییەوە و بەخێرایی ڕۆیشت، چوو هەواڵی بپرسێت لە قوتابخانەکەیاندا، یەکێك لە هاوەڵەکانی ئەوی بینی و وتی:

- سەیرانت نەبینیووە؟!

- با، لێرەبوو..ئەو هەمووەیان گرت! بینیت؟!

- منیش بۆ ئەوە هاتووم، برۆ بزانە نایدۆزیتەوە، ئەگەر ئەرك نەبێت بلێ سەرمەند هاتووە.

لە ناوەوەشدا پێی ناخۆش بوو، هەرگیز بەو چەشنە خۆی نەبینیبوو لەبەردەم یەکێك لە قوتابخانەی کچاندا بووەستێت، وەختێ لەدوورەوە سەیرانی بینی، ئاهێکی پێدا هاتەوە و ئەو وتی:

- چیە؟ چی بووە؟!

- باش بوو لێرەبوویت، هەر دڵم لەلات بوو، ئەو هەمووەیان بردووە، زۆریان هی قوتابخانەکەی ئێوە بوون، جلی خۆڵەمێشییان لەبەردابوو، ترسام، وتم نەك گیرابیت، سەیران..برۆ جانتاکەت بێنە و خێرا برۆین.

- بۆچی؟!

- نەك بگەڕێنەوە! لەپاش ئەمەوە، ئەمڕۆ قوتابخانە نییە، برۆ خێرا دەی.

بەدەم ڕێگاوە پێی وت:

- هاتنە پۆلەکەمانەوە، هەموومان لە سوچێکدا کۆمەڵ ببووین و بە ئارەزووی خۆیان لێیاندایین، کێبڵێك بەر سەرم کەوتووە، دەستی لێ بدە بزانە چەند ئاوساوە.

خۆیانی بینییەوە پێدەکەنین، ئەو پاشسنیوەڕۆیەش وردە وردە کاڵدەبۆوە وەك هەموو شتەکانی تر.

## -143-

شۆڕش ڕێککەوتننامەی هەبوو لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا، سەرجادەکان هەر خەڵکی بوون وێنەی شەهیدەکانیان هەڵگرتبوو و دەڕۆیشتن، دروشمی بەجۆشیان دەدا و وەستاوەکانی ئەمبەر و ئەوبەریش چەپڵەیان لێدەدا، یەکێك بە هاوەڵەکەی وت:

- ئەهاتن بۆ سورداش؟!

- بۆچی خێرە؟

- دەڵێی لەم شارەدا نیت! ئێمە چووین، چی شارەکە بوو هەمووی لەوێ بوون، مام جەلال قسەی کرد و وتاری خوێندەوە، ئەو خەڵکەش گوێیان دەگرت، مامەڕیشەش لەوێ بوو لەگەڵ هەموو پێشمەرگەکانیشدا.

- مامەڕیشە لە کێ دەچێت؟ ڕەنگوبۆی چۆنە؟!

- وێنەی زۆرم گرتووە لەگەڵیدا، پیشانت دەدەم..وەکو هەموو کەسێکی ئاسایی، نەختێك لاوازە، باڵای زۆر بەرز نییە، ڕیشی کەمێك درێژە، جامەدانی لەسەر دەکا و جلوبەرگێکی ئاسایی، تفەنگێکی لەشاندا بوو و زوو زوو پێدەکەنی، یەکەمجار کە دەیبینیت باوەڕ ناکەیت ئەو بێت، ئەو کابرایە کەسێکی زۆر سادەیە..ئینجا گوێمان لە

وتارەکەی مام جەلال گرتەوە، حکومەت ئیتر دەبێت دان بە مافەکانماندا بنێت، ئەمجارە ڕێککەوتنەکە جێی متمانەیە و هەمور کەسێك پێی خۆشە.

ڕێپێوان لەهەمور لایەکەوە بوو، وێنەکانیان بەرزدەکردەوە و چەپڵە لێدەدرا، شەوانە ئوتمبێلەکان هۆڕنیان لێدەدا و دەنگی سروود و گۆرانییان بەرزدەکردەوە، خەڵکی پیادەش دەیانوت: بژی بژی کۆمەڵە، هەمور گەلت لەگەڵە، ئەوەی چەپڵە لێنایات دیارە جاشە و ڕووی نایەت. دەنگی دروشم و هۆڕن لێدانی دوابە دوای یەك و قەرەباڵغی و هاتوچۆ تاوەکو درەنگانێکی شەو بەردەوامدەبوو. لە یەکێك لەو ڕۆژانەدا کەسێك وتی:

- گازینۆیەك کە لەنهۆمی دووەمدایە لە بازاڕدا، بە کامێرای ڤیدیۆ وێنەی هەمور ڕێپێوانەکان و خەڵکەکەی گرتووە، تۆڵێی بیخەنە سەر تەلەفزیۆن!!

کەسێکیتر وتی:

- حکومەت هێشتا هیچی دیار نییە! دەبوو هەر ئەم ڕۆژانە بە ڕەسمی ڕێککەوتننامەکەیان ڕابگەیەندایە، دیارە زۆر دەخایەنێت، خەڵکی هەر چاوەڕێن و درێژە دەخایەنێت.

## -144-

خۆپیشاندان و ناڕەزایی سەرلەنوێ سەریهەڵدایەوە و قوتابیان داوای جێبەجێکردنی کێشە و مافەکانیان دەکرد، حکومەتیش هەڵمەتێکی کردبوو بۆ دەستگیرکردنی هەمور ئەوانەی سەر بە ڕێکخراوەکانی ناو شار بوون.. لە گەڕەکێکدا چی مێردمناڵ بوون هەمووی ڕاپێچان و

هێزی تایبەتی دەیبردنە ناو بەندیخانە هەمە جۆرەکانیانەوە. هەر کەسێك وەك برادەریش ناوی بهاتبایە دەگیرا و ئازار دەدرا.

ئازار و ئەشکەنجە و لێدان و هەڵواسین ڕۆژانە بەشی ئەو کەسانە بوو کە گیرابوون، ئەو هەموو هاوارهاوارە لە بەندیخانە و زیندانەکاندا زایەڵە دەبوونــەوە و نەدەگەیشــتنە گوێــی شــار، لێپرســینەوە لەگــەڵ دەستگیرکراوەکاندا دەیخایاند و لە شاڵاوی نوێدا ناو قوتابخانــە و بـازاڕ و ماڵەکانیشی دەگرتــەوە... شـار ترسـێکی دژواری تێدا بـوو و هــەموو خۆیان دەشاردەوە، ئەوانەی لەهیچیشدا نەبوون نـەیاندەوێرا بچنــە سـەر شەقامەکان و بە گرتنی هاوەڵەکانیان زارەترەك ببوون، دەیانوت:

- لەخۆیانــەوە ئـەم و ئـەو دەگرن و هەڵیاندەواسن، لـەژێر ئـازار و لێداندا کە پاڵەوانیش بەرگەی ناگرێت قسە دەکەن، ناو دەهێنــن تـاوەکو لەکۆڵیان ببنەوە، لەتاو هۆیەکانی ئەشکەنجەدان هەر شتێك بڵێن، بەسەر خۆیاندا دەهێنن! ئەگەر نەشیانکردبێت دەڵێن کردوومانە!

- لێیان دەپرسن کێ دەناسیت، ئـەوانیش ناچـار نـاوی برادەرەکـانی خۆیان دەهێنن، کەس هەیە هاوەڵی نەبێت؟! ناوی ئاسایی دەدەن و دوای ڕۆژێك دەگیرێن، باوەڕناکەم کاری بڵاوکردنــەوەی بەیاننامــە و نووسـینی سەر دیوارەکانیان کردبێت! نـاهێڵن کەسـیش بیـانبینێت، لێرە پۆلیـس زیاتر مارکس دەناسن وەك لە کرێکار!!

ئەوەی لە شاردا کتێبێکی هەبووایە جێی گومانی ڕژێم بێـت، لـەژێر گڵیان دەنان و کەس نەیدەوێرا بە ئاشکرا قسە بکات... ئەو شاعیرانەش کە ڕۆژانە لە چایخانەکاندا شـیعرو نووسـراوی ئـەدەبی خۆیـان بـۆ یـەکتر دەخوێندەوە و پیشانی یەکدیان دەدا، ببووە جێی ناڕەزایی ئەوانی تـر و دەیانوت:

- کاکە، لێرە شیعر مەخوێننەوە، شت دەنووسن لێرە پیشانی یەکتری مەدەن، وا دەزانن مەنشورات و کاری نهێنی دەکەن، دێن و چایخانەکەشمان پێ دادەخەن، دەڵێی ئاگاتان لە دونیا نییە؟!

- بەهۆی ئێوەوە ئێمەش دەگرن..وەرن خۆتان بە یاری دۆمینە و تاوڵەوە خەریک بکەن باشترە.. لەخۆیانەوە ملی ئەم و ئەو دەگرن و ونیان دەکەن، شیعر دەنووسن لە ماڵەوە بیکەن و بڵاوی بکەنەوە و لێرە سەرکز دابنیشن، من لێرەوە کە ئێوە دەبینم شک و گومانتان لێدەکەم ئینجا ئەوان!!

ڕۆژانە دەیاندا بەسەر چایخانەکانیشدا و داوای پێناس و ناسنامە و مۆڵەتی سەربازییان دەکرد، پیکابەکانیان دەوەستان و خەڵکیان دەخستە ترس و لەرزەوە..لە یەکێك لەو کارانەیاندا عەسرێکیان دوو کەسیان بە شەق و بۆکس دەرپەڕاند و بردیانن، کەسێك کە هاتوچۆی ئەو چایخانەیەی دەکرد، ڕۆژێك بە چایچییەکەی وت:

- دەزانیت ئەو ڕۆژەی لەپڕێکدا خۆیان کرد بەژووردا دەمانچەم پێبوو؟!

- نێ !!!

- سوك دەمانچەکەم خستە ناو ئاوە گەرمەکەوە، نەمتوانی هیچ بکەم، لەخۆوە ترسیشم هەبوو بەو گەرمییە هەرچی گوللەیە بتەقن..بەڵام باش بوو!

- باشی چی؟! توخوا ئەوە ئیشە ؟خۆ دەمانچەتان پێ بگرن دەزانی چیتان لێدەکەن! هەرچی ئەوەی لێرەش دادەنیشن، هەموویان دەبەن!! ڕازیم نییە هەرگیز شتی وا بکەیتەوە، با برادەریش بین، ڕۆژەکەی زۆر

دژوارە و بۆ پووشێك دەگەڕێن تێوە بگلێین نەخوازەلا دەمانچە!! ئازایەتی نییە.

ئازار و ئەشکەنجەدانی بەندکراوەکانیش بەردەوام بوو، شەوانە هاواری کچی منداڵەکان دەروودیواری تەوارییەکەی کاس دەکرد، لە شەوێکدا پێشمەرگە لە تەوارییەکە نزیك بوونەوە و نارنجۆکێکیان هەڵدایە ناوەوە، پاشان بوو بە تەقە و تا درەنگانێکی شەو شەڕ و پێکدادان خایاندی.

## -145-

شەو درەنگ بوو، لە گەڕەکی قادسیەدا کە بەری خوارەوەی زۆربەی ماڵە چەکداری سوپای میللی بوو و بارەگای تێدا بوو، زرمەیەکی بەهێز لە بارەگاکەیانەوە هەستا و بەدوایدا دەستڕێژی گوللە و فیشەکی گڕدار دەستی پێکرد، پێشمەرگە چەند ئارپیجییەکی تریشیان نا بە بنکەکانیانەوە و لەهەموو لایەکەوە بوو بە تەقە و لە کۆڵانەکاندا شەڕ بوو، گوللەی هەمەجۆر دەیاندا بە سوچی ماڵان و دیوار و پەناکاندا. گڵۆپی ماڵەکان زۆربەیان کوژانەوە و پێشمەرگەش لای خۆیانەوە گڵۆپی دار عەمودەکانیان شکاند بۆئەوەی نەبینرێن و دوای چالاکییەکەی خۆیان بگەڕێنەوە.

هەر فیشەك بوون دەتەقین و لێرە و لەوێوە بەرزدەبوونەوە، ئینجا تەقینەوە و هەڵدانی چەند نارنجۆکێك دەستڕێژێکی زۆریان بەدوای خۆیاندا هێنا و گوللەی هەرەمەکی و گڕدار بەهەر چواردەوردا بڵاوبوونەوە. دوای چل و پێنج خولەك، پێکدادان و شەڕی نزیکی

کۆڵانەکان دوایی هات، لە پەڕێکەوە چەند پێشمەرگەیەکی بریندار ڕێی ڕۆیشتنیان لێ گیرا و کەوتنە نێو تەقەی نزیکی سوپای میللییەوە.
سبەی، لەکاتی قەرەباڵغ بوونی وێستگەی پاسەکاندا، تەرمی چەند پێشمەرگەیەك لە دوای پیکابەکانەوە ڕادەکێشران، سوپای میللی تەقەیان بە ئاسماندا دەکرد و لە پشتی پیکابەکانەوە هەڵبەز و دابەزیان بوو.. تەرمەکانیش بە پەت و گوریس بەسترابوونەوە و لەپاش پیکابەکانەوە لەسەر زەوی دەخشان و بێوچان ڕادەکێشران، دەیانبردنە لای بارەگاکە و دەهێنرانەوە، دەیانویست بەو کارەیان هێزی خۆیان پیشان بدەن و کارەکەی شەویان نمایش بکەن لەپێش چاوی ئەو خەڵکەدا کە بەلایانەوە جێی گومان بوون و لە ژێرەوە پێشمەرگەیان خۆشدەویست.
دوو چەکداری سوپای میللی لە پشتی ئەو پیکابەدا بەپێوە بوون کە تەرمی پێشمەرگە ناودارەکەیان ڕادەکێشا، یەکێکیان وتی:
- فەرەیدون، ئەمە هاوڕێ جەبارە؟!
چاوەکانیشی تەواو زەق کردبوونەوە و چاوەڕوانی وەڵامێك بوو.
- خۆیەتی..لەو کاتەدا کە فیشەکەکانم پێوە نا، گوێم لێبوو پێشمەرگەکانی تر وتیان هاوڕێ جەبار جێمەهێڵن، بریندارە، گەڕانەوە بۆ لای و دەستیان خستە بن باڵی، چەند فیشەکێکی کەمم پێ مابوو، هەموویم تەقاندن و نەمهێشت بیبەن.
- دەزانی چی؟! یەکەم کەس من بریندارم کردبوو، لە پشتی خستەخانەکەوە یەکەم فیشەکم لێدا و دوایی هەڵهات بۆ لای ئێوە، من بووم!! لەسەر سك بۆی خشام، ئەی چۆن!!
پیکابەکەیان سەرلەنوێ بەلایەکی تردا برد و وتی:

- کە بردمانە شارەوە بلێی ئەو بوو، خەلاتێکی باشمان دەدەنێ و بێبەشت ناکەم.

- دەڵێم هەردووکمان بووین، چی گوللە لە لەشیدایە هەمووی گرداەکانی منن!!

- نا..بلێ ئەو بوو، دوایی منیش پێوەم نا..بلێ یەکەجار کاک مەحمود یاخسەمەری لێیدا، ئیتر هەقت نەبێت، من زۆریان دەناسم و داوای پارەیەکی باش دەکەم، هەتیو فەرەیدون؟! گوێت لێمە؟!

فەرەیدونیش لەداخان هەر هەڵدەبەزییەوە و فیشەکی دەکرد بە ئاسماندا، مەحمود وتی:

- هەتیو فەرەیدون؟! وا ئەڵێی دەزانی چی دەقەومێت؟

- هیچ ناقەومێت! من خۆم لێمدا. لە دڵی خۆیشیدا دەیوت: (ئەی تۆی ترسنۆک کە لە ماڵەوە خۆت شاردبۆوە !).

مەحمود کەللەیی ببوو، ئەویش چاوی کز دەکرد و سەری بۆ بادەدا، وتی:

- بزانم دەڵێی چی ؟! دەی بزانم!بزانم چۆن دەیگێڕیتەوە!

فەرەیدون کە کەوتبووە تەتەڵەوە، ڕەنگی پەڕیبوو، وتی:

- دەڵێم! کاک مەحمود یاخسەمەری دوای من...

- نا هەتیو، وا نا..بلێ...

- دەڵێم..من، نەء، دەڵێم کاک مەحمود یەکەم فیشەک و دووەمیشی لێدا و هەڵهات بۆ لای نزیکی منەوە، ئینجا منیش (خولەی سەگباب و قزلبڕ ) ئینجا منیش لێمدا.

- ئەی عافەریم، هەر بژیت فەرەیدون، پارەیەکی باشت دەدەمێ، بەخوا پیاویت. لەو پیاوە قزڕە!

فەرەیدون دەیڕوانیە ناو چاوی و لە دڵی خۆیدا دەیوت:
- بەخوا تۆش دەڵێی گەماڵیت! گەماڵە پیری سمێڵ زلی بۆیـاخکراو، تۆ!! موچەکەت چوار ئەوەندەی منە و هەر تێر ناخۆیت؟! هـا؟ خولـەی هیچ و پووچ، بڕوانە ئەو چاوە بچووکانەی دەڵێـی کونـە کولێرەن! بزانـە هیچ پڕی دەکاتەوە، ناخ..ئەگەر دەمزانی ئـەم گیـاندارەیت! لـەبری ئـەو قوڕبەسـەرە فیشەکم دەنا بە تۆوە، نا..من نەبووم، ئینجا کێ دەڵێت من بەکەجاریش لێمداوە؟ بەخوا بزانـن مـن بـووم هـەر دەشمکـوژن، شـەوێك دەدەن بەسەرمدا و ناهێڵن ناو بخۆمەوە، با هەر ئەم گەماڵە تێر بخوات، بەڵکو تێوە بگلێ و بیکوژن. خۆزگە ئەمەم دەکوشت لە جیاتی ئەو!! بە خەڵکیش دەڵێم خولە بوو، بەڵکو بیتۆپێنن.
مەحمود وتی:
- هەر کە گەیشتین بڵێ کاك مەحمود یەکەم کەس بوو لەسەر سـنگ بۆی خشا و دەستبەجێ ...
فەرەیدون لە پیکابەکە دابەزی و وتی:
- خەمت نەبێت کاك مەحمود.. دەڵێم تۆ بوویت، باشـە؟! نـاوی تـۆ دەهێنم.
- ئەی بەقوربانت بم، ڕۆڵـەیت بەخوا، شـێری مـەیدان هـەر تۆیـت، شێری قارەمان.
پیکابەکە دەڕۆیشت و لەدواشەوە خەمێکی ئەستوور نیشتبووە سـەر پێڵووی خەڵکەکە، دەتوت دونیـا کۆتـایی پێـهاتووە و هـەموو شـتەکان بوونەتە گوریسێکی درێژ و ئاڵاوەتە ملیانەوە.

زۆرینەی گیراوەکانیـان بردبوونـە بـەغدا و لـە پـاش جـەورو سـتەم و لێدان و ئەشکەنجەدانیان، بەناو دادگایی کرابوون و بڕێکی زۆریان وەبـەر سێدارە کەوتبوون.. .ڕۆژێکی سارد و کڕێوە بوو، لەسـێدارە دراوەکانیـان دابوونەوە بە کەسـوکاریان و بەنهێنییـەوە بـە خاکیـان سـپاردن. دانـانی پرسە و کۆبوونەوە لە ماڵاندا زۆر بە بێدەنگی بەڕێوە دەچوون و کەسێك بۆی نەبوو بەئاشکرا بۆ ڕۆڵەکانیان بگرین و شیوەن بکەن. وەك چۆن بـە بێدەنگی گیرابوون و بـە بێدەنگی دادگـایی و لـە سـێدارەی کارەبـایی درابـوون، هـەروا پرسەشـیان بـە هێمنـی بـوو و فرمێسـکەکانیش بـە بێدەنگی دەڕژان، پێیان وتبوون:

- دەیانبەنەوە و، بێتەوەی کەس بیزانێت چی لێدەکەن بیکەن، بزانین بەشێوەیەکی ئاشـکرا پرسـەیان بـۆ دادەنێـن دوایـی خراپتـان لێ بەسـەر دێنین، ئەگەر وا ناکەن چاوتـان بـە لاشەشـیان ناکەوێتـەوە، قـایل بـن و شوکری خوا بکەن کە حکومەت ئەم دوژمنانەتان دەداتەوە.

خەڵکی بەدزییەوە سەردانی پرسەکانیان دەکرد و بڕێك سیخوڕیش بە ناوی ناسیاو و برادەری نزیکی لە سێدارە دراوەکانەوە خۆیـان دەکـرد بـە مـاڵێکدا و، بـۆ مـاڵێکی تر، هـەندێکیش نـەیاندەوێرا بچنـە پرسـەی نهێنییەوە و لەپاش ماوەیەك سەرخۆشییان لێدەکـردن، لـە یـەکێك لـەو پرسانەدا، برای لەسێدارە دراوێك بە هاوڕێکانی خۆی وت:

- براکەی من هێشتا منـاڵ بوو، بە بیجامەوە چوو بوو نان بکڕێـت، بە پیکابەوە بۆی هاتبوون و لەبەردەم نانەواخانەکەدا بردبوویان، هیچـی نـەدەزانی. .پـێش ئـەوەی ئیعدامیشـی بکـەن، بینیمـان، چـی تاوانـە و

چالاکی و جموجۆڵە لەتاو لێدان و لەژێر ئەشکەنجەدا هەمووی بەسەر خۆیدا هێنابوون، وتبووی من کردوومە بەلام لێم مەدەن، ئیتر بەم شێوەیە تۆمەتبار کرابوو.

لەپێش قوتابخانە و هۆڵەکانیشدا، وەختێك نمایشێکی شانۆیی پێشکەش دەکران، پیکابێکی هێزی تایبەتی لەسەر گۆشەیەکی نزیکدا دەوەستان و چاودێری خەلکییان دەکرد..ترسیان هەبوو لە دوای شانۆگەرییەکانەوە ڕێپێوان و خۆپیشاندان سازبکەن و هەستی نەتەوەییان بەرزببێتەوە، لەو ڕۆژانەدا شانۆیی (دوژمنی گەل) پێشکەش دەکرا و جگە لە پیکابە تایبەتییەکان پۆلیسەکانیش لە بەردەم هۆڵەکاندا بلاوبووبوونەوە و لە ئامادەباشیدا بوون.

## -147-

ئەمجارەیان قوربانیانی جەنگ قوتابییەکانیشی گرتبۆوە، ئاکامی دوای تاقیکردنەوەکان بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بوو، لە شاردا تەنها ئامادەییەکی تێدا بوو بۆ بەشی وێژەیی، لەو ساڵەدا بڕیاری نوێ درابوو کە ئەوانەی نمرەیەکی زۆر باشیان نەهێناوە لە هیچ شوێنێك وەرنەگیرێن...دەرچووەکانی ئامادەیی هەلگوردی کوڕان هەموو لە ناو حەوشە و بەر دەرگای قوتابخانەکەدا کۆببوونەوە و هەموو تێکچووبوون، نارەزایی و دەنگ بەرزکردنەوە بوو و هەریەکەی شتێکی دەوت، دەستەیەك پێکەوە وەستابوون و قسەیان دەکرد.

- تەنها سیانزە کەس وەرگیراون، شەش قوتابی لە زانکۆکاندا و حەوتیش لە پەیمانگاکان!

قوتابخانەیەکی گەورە و گران هیچی وەرنەگیرێن، ئەمە غەدرە لە ... دەکەن!! لە تۆڵە دەچێت!!

یەکێکی تر وتی:

- ئەوانەی نمرەکانیان لە سەروو حەفتاو یەکەوەیە لە پەیمانگاکان وەرگیراون، هەشتاو سێ و هەشتاو چوار تەنها دەچنە کۆلێژەکان! کەی ئەمە ڕەوایە، چ کەرێك ئەم بڕیارەی داوە؟!

- بە تایبەتی بۆ وێژەیی!حەفتای وێژەیی دەکاتە هەشتاو پێنجی زانستی !! کێ دەتوانێت لە وێژەییدا ئەو نمرە بەرزانە بهێنێت؟ مەگەر بۆ کوڕەکانی سەدامی دابنێن!!

دەنگ بەرزکردنەوە بوو و لە حەوشەکەدا دەیانوت:

- بڕوخێ ڕژێم، بڕوخێ سەدامی دیکتاتۆر..ئەمە دوای خۆپیشاندانەکانمان بوو!

هەندێکی دیکە بڵاوەیان کرد و یەکێك وتی:

- بۆ دەترسن؟! هەزار جار بڕوخێ سەدام و حیزبی بەعسی فاشی.. لەم قوتابخانەیەی ئێمەدا خۆ چڵکاوخۆری تێدا نییە، یەکەم قوتابخانەیە کە یەکێتی قوتابیان و لاوانی بەعسی تێدا نییە، پێویستە خۆپیشاندان بکەین و نەهێڵین ئەم بڕیارە سەربگرێت، مانای تێدا نییە حەفتا لە هیچ شوێنێك وەرنەگیرێت ! ئەمە کوفرە هەی لە هێنی ساجیدەش بەم، دەیانەوێت بە شەق بمانبەن بۆ سەربازی و بکوژرێین، دواییش تالایەکی پیسی عێراقیمان پێدا بدەن و بڵێن ترسنۆك بوون، پارەی فیشەکەکانیش لە دایك و باوکمان بسەننەوە.. هەرگیز ئەمە ڕەوا نییە و نابێت قبوڵ بکرێت..بڕوخێ بەعسی فاشیزم، بڕوخێ عێراق و ڕژێمەکەی.

هەندێك وتیانەوە و بە کۆمەڵ چوونە دەرەوە، لە دەرەوەش بالۆرە لێدەدرایەوە و هەریەکەی جنێوێکی دا و لە پاشاندا بەڕێوەبەری قوتابخانەکە هاتە دەرەوە، یەکێك وتی:

- مامۆستا.. مامۆستا فەرەج بزانە چۆن غەدریان لێکردووین! چۆن دەبێت قوتابیانی وێژەیی ناوەهایان لێبکرێت؟! بە ڕیشی کێ ڕەوایە نمرەی حەفتا لە هیچ شوێنێك وەرنەگرن!!

مامۆستا فەرەج بابان سەری ڕاوەشاند و پێی وتن:

- ڕووی باوکی ئەوەش ڕەش بێت کە ئەم بڕیارە بێ سەروبەرەیەی داوە، گەمژەییە، ئاوڕیان لەم هەموو قوتابیە نەداوەتەوە، ئاخر ئەمانە وێژەیین، خۆ زانستی نین!! گوناه نییە ئەو قوتابییە جوان و زیرەکانە دوارۆژیان کوێربێتەوە! چاوەکەم.. ئەوا ئێمەش سکالای خۆمان نووسیووە و هەر ئێستا دەیبەم بۆ بەڕێوەبەرێتی پەروەردە، دەبێت پاشگەزببنەوە لەم غەدرە.

قوتابیەکان بڵاوەیان کرد و کەوتنە جنێودان، هەندێك وتیان:

- پاشگەز نەبنەوە هەموو دەکرێینە سەرباز.. ناچین بۆ سەربازیش، بەو هەموو نمرە بەرزەوە وەرنەگیرێین!!

- دەچینە ئێران، ئەگینا ئێمەش دەچینە پاڵ فیرارەکانەوە!

مامۆستا فەرەجیش بەدەم ڕێوە لە دڵی خۆیدا هەر جنێوی دەدا:

- تف لەم ڕژێمە ناڕەوایە..دەیانەوێت هەموویان بکەنە قوربانی شەڕی دەبەنگی و بیانبەنە بەرەکانی جەنگەوە، ڕژێمێك کە لە شەڕەکانیدا کیمیایی و گازی کۆمەڵ کوژ بەکاردەهێنێت، ئەی سەدامی نەزان و نەرەس، چۆن ئەم خەلکەت ئاوا ئەفرە داوە و هەموویت کردوونەتە جاش!!

-148-

زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا و دایکی بەهرۆز وەڵامی دایەوە، پاش تاوێك وتی:

- بەهرۆز، ئەوە بەهزادی براتە لە بەغداوە قسە دەکات، بانگت دەکات.

بەهرۆز تەلەفۆنەکەی وەرگرت و وتی:

- کاکە بەهزاد، ئەم کاتەت باش، شتەکانت بەدەست گەیشتن؟!

- من زۆر باشم .. بەهرۆز گیان شتێکم بیستووە، کوڕێکی عەرەب لە کۆلیژ لەگەڵماندایە، ئەمڕۆ پێی وتم سلێمانی سبەینێ شتێکی تێدا ڕوودەدات، ئەو لە حیزبدا زۆر گەورەیە و لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە هەواڵی نوێی پێیە..گوێم لێ بگرە، وتی سبەینێ هاتوچۆ قەدەغە دەکرێت لە شارەکەتاندا، خۆ تێدەگەیت! خۆتان بشارنەوە و ئاگاتان لە خۆتان بێت، ئەمە زۆر نهێنییە، منی زۆر خۆشدەوێت، هەرچەندە بەعسییە، بەڵام لەگەڵ مندا کوڕێکی باشە.. دەی، نەك چاودێری بخەنە سەر تەلەفۆنەکە، لەوانەیە ڕێگەش دابخەن و نەتوانم بێمەوە، دەزانی چی!! ئەگەر تەلەفۆن نەما و هێڵەکانیان بڕی ئەوە بزانن قسەکە ڕاستە، شتەکانیشم بەدەست گەیشتوون.

لە ئێوارەدا پەیوەندی تەلەفۆنی پچڕا و بۆیان ڕوونبۆوە کە هەواڵەکە دەقاودەق وایە..لە شەویشدا خەڵکی شارەکە پێیان زانی و ئەوەی یاساغ و هەڵاتوو بوون کەوتنە خۆیان، ترس و لەرز دڕی بە شارەکە دابوو و لە نێومالەکاندا وێردخوێندن دەستی پێکرد. بەهرۆز وتی:

- دەچم بەدوای ئالاندا، پێی دەڵێم شوێنێکم دۆزیوەتەوە، دەچینە ناو گۆڕستانەکەی لای خۆمان.

بە ئالانی وت:

- تەنها قفڵێك بهێنە لەگەڵ چەکوشێکدا و هیچ مەڵێ.

پاشان وتی :

- دایکە .. ئێمە دەچینە گۆڕستانەکەوە، یەکێك لە قەبرەکان چەترێکی داخراوی هەیە، لە پشتەوە قفڵەکەی لێدەدەینەوە و بۆ خۆمان دادەنیشین، لە دەرەوە ناوەوە هیچ نابینرێت، موشەمایەك هەر چواردەوری تەنیووە، ئەگەر بێن و بڕوانن هیچ دیار نییە، خواردن و بەتانی دەبەین و خەمتان نەبێت، قفڵەکەمان شکاندووە و ئەوەی خۆمان بەکاردەهێنین، بە کەس مەڵێن.

دایکی وتی:

- ئەی ناترسن!! شاریش ئەو هەموو فیرارەی تێدایە!

- ئەگەر لە مردوو بترسین ئەوا خۆشمان دەچینە پاڵیان سبەینێ!! جلی ئەستوورمان لەبەردایە و بە بەتانییەکە خۆمان دادەپۆشین، مادەم دەمانپارێزێت جێی مەترسی نییە.

سبەی گەڕان و پشکنین بوو، ئەوانەی هیچیان پێنەبوو، هەموویان گرتن و بەرەو کەرکوك و بەغدایان بردن و شاریش وەکو بێ ناو ناو دەلەرزی، بەلام بە بێدەنگی.

-149-

تەقە لە مامۆستایەکی عەرەب کرابوو، وتیان کوژراوە و دەستی ئەو سێ کەسەی تێدابووە، هەموویان گرتبوون و.. لە تەنیشت دیوارەکەوە

ڕیزیان کردن، هەر سێکیان، وتیان قوتابی دواناوەندی ڕۆشنبیری کوڕان بوون، چەکەکانیان ئامادە کرد و لەچاوتروکانێکدا گوللەبارانیان کردن،لە پێش چاوی ئەوخەلکەدا، بێئەوەی سڵ لە هیچ شتێك بکەنەوە، دوایش بردیانن، ئەولا دیوارە هەمووی خوێن بوو، دەڕۆم..وا بڕوات گەنجێك لەم شارەدا ناهێڵن و هەمووی لەناو دەبەن..یەکێکیان دوو ساڵ پێشتر لە پۆلی ئێمەدا بوو، ڕۆژێك بە پەلە هات بۆ لام و وتی:

- ئەو قەمسەڵەیەی خۆتم بدەرێ، هەر ئەمرۆ..بلوزێکیشت لەبەردایە..

پێم وت:

- بەم سەرمایە بۆچی هەر کراسێکت لەبەر کردووە؟!

قەمسەڵەکەم داکەند و ئەویش لەبەری کرد، وتی:

- یەك تۆز کورتیشە، بەڵام زۆر باشە..دەزانی چی، تازە من نەهێنیم لەگەڵ تۆدا نەماوە، دوای ئەوەی مەنشوراتەکانی منت ڕزگارکردووە جێی باوەڕ و متمانەمیت..ئەمرۆ بەدوامەوە بوون، خۆم کرد بە مەکتەبدا و، هەر هاتن، فەراشەکە دەرگاکەی کردەوە و لەو کاتەدا کە سەرم لەژوورەوە بوو، گوێم لێبوو وتیان: ئەوەتا.. قەمسەڵە شینەکە چووە ژوورەوە. خێرا قەمسەڵەکەم داکەند و فڕێم دایە سەر سەربانی مەکتەبەکە، ئێستا دەڕۆم، لە دیوارەکەوە خۆم هەڵدەدەم و ئەگەر لەدووریشەوە ببینن ناممناسنەوە، ئێستا ئەوەتان لێرە و بۆم دەگەڕێن.

وەختێك لە قسەکەی تەواو بوو، براکەی وتی:

- خەڵکێکی نەفس نزم ژن و خوشکی خۆیان دەبەن بۆ ئەم بەعسییانە! بەدڕەوشتییەکی زۆر دەکرێت لەم شارەدا، هەندێك ژن پەیدابوون بە پێی خۆیان دەچن بۆ بارەگاکانیان، هەموویان هەقی

کوشتنیان هەیە، بیستم دەڵێن زۆربەیان دەمانچەشیان پێیە و خەبەر لە خزم و دراوسێکانی خۆیشیان دەدەن، دەچنە کۆبوونەوەکانیانەوە و سەر بە یەکێتی ژنانی عێراقن، هەموو لەژێرەوە بەعسییەکی پیسن و سەردەکەن بە هەموو کونێکدا، لەخۆڕایی نییە لەپڕێکدا دەدەن بەسەر ماڵێکدا، یان دوکانی کۆگاکان و ناو بازاڕدا، گۆرانیبێژێك هەیە سەری شارەکەی شۆڕکردووە و دەڵێن ژنەکەی خۆی بە دەستی خۆی دەبات بۆ مولازمەکان و کەرامەتی هونەر و گۆرانیبێژەکانیتری بردووە، لۆتییە. کە ئەو هەواڵانە دەگەنە گوێم خەریکە لە پێستی خۆم دێمە دەرەوە، ئەو هەمووە بەو داخەوە سەردەنێنەوە کە کۆتایی و مردنی سەدام نابینن، دەزانیت ئەو کوڕەی دراوسێشمان، ئەوەی بەرامبەرمان کارێکی زۆر باش دەکات.

- چی دەکات؟! لوقمانی زاراخان ناڵێیت؟

- بەرگی سەربازی دەپۆشێ و بەیانیان دەڕوات، خەڵکی وا دەزانن سەربازە، دەچێتە دوکانەکەیەوە و ئیش دەکات، تەنەکەچییە و لەوێ خۆی دەگۆڕێت، ئێوارانیش بە بەرگە سەربازییەکەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە.. ئەمە کەس نەیزانێت!! مەمنوونی ئەو فەوج و جاشانەش نییە پێناس و کاغەزی بۆ بکەن و کەس گومانی لێ ناکات...

شاریش، لاوەکانی هەمووی پێناسی ساختەیان پێبوو.

-150-

شار لەژێر گرمەی تۆپباراندا بوو.. بەشێوەیەکی هەڕەمەکی گوللە تۆپ دەیدا بە گەڕەکەکانی شاردا و ماڵ و شوێنە گشتییەکانی دەگرتەوە، وتیان سوپای ئێران نزیکبوونەتەوە و لە دووری بیست

کیلۆمەتری هەواییەوە دەیانهاوێژێت، سەرەتا خەڵکی شار وایاندەزانی تۆپەکانی حکومەتن و لە حامییەوە هەڵدەدرێن و دەتەقێنرێن، چونکە شەوانە فڕۆکەکانی عێراق کە دەچوونە بۆردومانکردنی تاران و شارەکانی تر، لە ئاستی شاردا هەوایان دەکردەوە و گرمە و ناڵەیەکی زۆر بەهێزی لێدەبۆوە، پەنجەرەی ماڵەکانی دەلەراندەوە و دەیانوت:

- بەئارەزوو ئەوە دەکەن.. تەنها لەسەر ئەم شارە ئەو دەنگە دەکەنەوە بۆئەوەی بە ئارامی نەتوانین دابنیشین، بە دەست ئەوان بێت چی موشەك و باری تەقەمەنییەکانە کە هەڵیانگرتووە بە یەکجار هەموو فڕێدەنە ئەم شارەوە و هەمووی بکوژن، وەك چۆن ناهێڵن کەس بە ئارەزووی خۆی هاتوچۆ بکات، مۆزیش قەدەغەیە!! لەوەتەی جەنگە مۆزێك نەهاتۆتە ئەم شارەوە و سەدامیش لە تەلەفزیۆندا بە منداڵەکانی وت زۆر مۆز مەخۆن بۆئەوەی توشی حەساسیەت نەبن، لەهەموو لایەکەوە ئەم شارە چقڵی چاویانە، تەنانەت گۆرەوی سپیش لەپێی گەنجەکاندا دادەکەنن!

تۆپەکان بەهەوادا گیڤەیان دەکرد و دەیاندا بە چەند شوێنێکدا، خەڵکی لەسەر جادەکان و ناو بازاڕدا نەدەمان و ڕوویان دەکردە نێو ژێرزەمین و سەردابەکانەوە.. یەکێك لە تۆپەکان کێشای بە حەوشەی ماڵێکدا و بەرمیلە نەوتەکانی گرتیبەردا، دووکەڵێکی ڕەش هەڵچوو بەئاسماندا و لێرە و لەوێش ئاگر کەوتنەوە و چەند کەسێکی کوشت، خەڵکی ناوبەناو دەیانوت:

- ئیشی عێراق خۆیەتی، چەند وەختە ئێران بۆ تۆپبارانی نەکردووین؟! ئەگەر عێراقیش بێت کەس نایزانێت.. ئەمە دەڵێت لەودیو گۆیژە و ئەزمڕەوە دەیتەقێنن!

ئاراستەی تۆپەکان گۆڕان و چەند شوێنێکی تری شاریش بەرکەوتن. ئەوانەی ئەو چەند ڕۆژانە لە شار دوورکەوتبوونەوە، دوابەدوای ڕەوینەوەی تۆپەکان گەڕانەوە، ئەگەرچیش گرمەکان نەمابوون، بەڵام هەمیشە لەبەر بیستندا بوون و ئاوێتەی خەونەکانیش دەبوونەوە.

## -151-

پاشنیوەڕۆیەکی مانگی مایس بوو،هەوری چڕوپڕ دونیای سوورکردبوو و لەناکاوێکدا بایەکی توند و شێداری هێنا و تاوەبارانێکی چەند ڕیز دایکرد، ئاوو قوڕاو لەسەر شەقامەکان هەستا و بەدەم هەورە بروسکەوە توندتری کرد.. لافاو سەریەرەوخوار دەهات و شتی سوکەڵەی ڕادەماڵی، قەفەزێك بەخۆیی و کەوەکەی ناویەوە ئاو دەیبرد و چەند کەسێك پڕیان پێداکرد، خاوەنەکەی پەیدا بوو و وتی:

- لەسەر شۆستەکە دامنابوو، کەچی ئاو گەیشتبووە ئەوێ و ئاوڕمدایەوە بەسەر ئاوەکەوە دەڕۆیشت، زۆر سوپاس، دەزانن چ کەوێکی باشە؟! وەرن هەقی ئەوە سەر و چایەکتان بۆ بکرم.

وردە وردە بینینی ئاوەکە سامناك دەبوو و لە بەری خوارەوەدا شتە قورسەکانیشی دەبرد، شەپۆلی قوڕاوێکی زۆر بەدەم پێچ و خولانەوەوە ئوتمبێلە ڕاوەستاوەکانی ناو کۆڵانەکانی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، لە خوار سەراوە ئاوەکە تاوەکو ئاستی نیو قەد بڵند ببوو و زۆرینەی دوکاندارەکان دەرابەکانیان دادابوونەوە و ڕۆیشتبوون، ئوتمبێلەکانی دەکێشا بە یەکدا و دەیخستنە سەر یەکتری.

چەند وێنەگرێك کەوتنە فلاش لێدان و چەند دیمەنێکی لافاوەکەیان گرت، لەپڕێکدا هێزە تایبەتییەکان بۆیان چوون و کامێراکانیان لێگرتن،

نەیاندەهێشت کەس وێنە بگرێ و چەندینیان خۆیان کرد بە ناو دوکانەکاندا، وێنەگرێك وتی:

- نازانم وێنەگرتنی ئەم لافاوە بۆچی قەدەغەیە؟! وا کامێرای ئەوهەموویان گرتووە و جنێویان پێدەدەن! لە ولاتاندا بێت خەلاتمان دەدەنێ، کەچی لێرە ناهێلن بە هیچ شێوەیەك بجولێینەوە!! بارانیش قەدەغەیە! هەناسەدانیش قەدەغەیە!

دوکاندارەکە وتی:

- وا دەزانن ئەم لافاوە شۆڕشێکە ! دیارە لەبەر ئەوە قەدەغەیان کردووە چونکە هیچ شتێکی باشیان بۆ شارەکە نەکردووە، ئەگەر چەند مەنهۆلێکیان لەسەر ئەو شەقامانەدا بکردایە ئاو و لافاو ئەوەندە ڕوونەدەدا، یەری زێرابەکان بچووکن و ئاو لەکوێوە بڕژێتە ناویانەوە؟! ئەها وا لەبەر دوکانەکەدان، کامێراکەت بشارەوە.

ئاوە زۆرەکە دوکانی زەڕەنگەرەکانی خوارەوەی مەترێك نقوم کردبوو و پارچە زێڕ و وردە تەلای لەگەڵ خۆیدا بردبوو، پاش ئەوەی بارانەکە وەستا و ئاو تەنك بۆوە، دەنگێك دەهات و دەنگێك دەڕۆیشت، وتیان دوو برا لە ئۆتمبێلەکەیاندا نەیانتوانیووە دابەزن و هەردووکیان خنکاون، دیواری ماڵە گلەکانی خوارەوەی ڕماندووە و سێ چوار کەس کوژراون.

سبەی خەلکەکە دەچوونە بینینی ئاستی ئاوەکە کە بە دیوارەکانەوە دیاریدەدا، خەتی بۆر و هێلی قوڕاوەکە لە هەندێ شوێندا هێندە بەرز ببوونەوە جێی سەرسوڕمان بوون، یەکێك وتی:

- هەر زۆر باشە خەلکی ماون ..ئاوەکە لێرەوە زۆر هەستاوە!

منالانیش لە جادەی کاوەدا، لەنێو زیخ و چەوی سەر قیرەکە و شۆستەکاندا دەگەڕان و برێکیش بە چەقۆوە کەوتبوونە سەر هەلدڕینی

کوشنی ئوتمبێلەکان، لەپڕێکدا مێردمناڵێك بەخێرایی ڕایدەکرد و ئەوانی تریش کە تەماشایان دەکرد، دەیانوت:

- ئاڵتونی دۆزییەوە.

لافاویش چەو و زیخێکی زۆری لەسەر شەقامەکان جێهێشتبوو.

## -152-

هەواڵی نوێی هەڵەبجە گەیشتبووە گوێی هەموو کەسێك، خەڵکی بەبێدەنگییەوە دەڕۆیشتن و هیچ قسەیەکیان نەدەکرد، دوکاندارەکان بە دەنگێکی کزەوە کڕیارەکانیان ڕەوانە دەکرد و لە چایخانەکانیشدا بێدەنگی باڵی کێشابوو و تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان زۆر بە کزی لێدەدران، خەڵکی دەیانڕوانییە ناو چاوی یەکتر و ڕامابوون، چاوەکان پێکەوە دەدوان و سەدان پرسیاری بێ وەڵام لە نیگاکاندا بوون و کەسێك نەیدەوێرا لە دەرەوە باسی کارەساتەکەی هەڵەبجە بکات و لە ماڵەکانیشدا بە چرپەوە دەدوان، خەڵکی دوای یەك دوو ڕۆژ سەریان دەنا بە سەری یەکترەوە و قسەیان دەکرد، هەندێك لەخۆوە بۆنەوەی هەستیان پێنەکرێت پێکەنینێکی دروستکراویان بۆ دەکرد و تێهەڵدەچوونەوە.

سێ کەس لەسەر بەرزایی گۆڕستانی شێخ محێدینەوە ڕاوەستابوون و دەیانڕوانییە شارەکە، یەکێکیان وتی:

- ئێران بە یارمەتی پێشمەرگە هەڵەبجەیان گرت، حکومەتیش دوای چەند ڕۆژێك کاغەزی بە فڕۆکە و کۆپتەرەوە بۆ فڕێدابوون.

- بۆچی؟! وەك ئاگادارکردنەوە؟

- نەء.. دەڵێن بۆ ئەوە بووە تاوەکو بزانن ئاراستەی بایەکە چۆنە ...سەدامتان بینی کە هاتە سلێمانی؟ لە ژوورەکەی پارێزگاردا؟

- لە تەلەفزیۆن بینیمان، هەڵبجە گیرابوو و ئەویش پێدەکەنی!

- دەزانن لەبەرچی پێدەکەنی؟! بۆ ئەوە نەبوو خۆیان زاڵ پیشان بدەن! نەء..ئێمە لەسەر هێڵەکانی لاسلکێن و گوێمان لەهەموو شتێکە لە حامیە، بە ڕۆژ و بە شەو ئەوان خشەخش دەخەنە سەر ڕادیۆکەی شۆڕش و پێشمەرگە.. ئەو وەختەی سەدام قسەی دەکرد بە تەلەفۆن، گوێمان لێبوو لەگەڵ یەکێکدا قسەی دەکرد، وا بزانم لیوا بوو یان عەقید.. سەدام قسەی کرد و ئەویش بە جنێو دایگرتەوە، پێی وت وەرە ئەگەر خۆت بە پیاو و ئازا دادەنێیت بە چاوی خۆت ببینە، پێی وت باسی سەربازیم بۆ نەکەیت، تۆ هیچ لە سەربازی و نەخشەدانان نازانیت، هەی لادێیی و هیچ نەزان، جنێوی وای پێدەدا، ئێمە خۆمان خەریك دەکرد بۆئەوەی نەزانن کە کوردەکانی وەك ئێمە گوێمان لێیەتی، سەدامیش هەر پێدەکەنی و، شەو کە لە تەلەفزیۆندا بینیم پچڕابووم لەبەر پێکەنین، جوانیش نییە کە لە ڕۆژێکی وادا پێدەکەنین، گازی کیمیاوی زۆری کوشتووە، وتیان چی ئەفسەر و پلە بەرزەکانی لای دەربەندیخان و ئەو شوێنانەیە هەموویان گرتوون، لەوانەیە عێراق هەر خۆی گوللەبارانیان بکات! زۆربەی ئەفسەرەکانیان گرتوون.

یەکێکی تریان بە پێکەنینێکی ساردەوە وتی:

- ئەم بەیانییە، ئوتمبێل و لۆرییەکی زۆرم بینی بۆ سەیران دەچوون! هەموویان بەرەو قەشقۆڵی و دوکان دەڕۆیشتن!! لام سەیرە خەلکی دەچن بۆ سەیران لەم کارەساتەدا !!

- دیارە بەعس خۆی پێی وتوون، چەند خێزانێك بڕۆن ئیتر بەدوایدا شارەکەش دەچن! خەڵکێکی زۆر هەن سەدامیان لە باوکیان زیاتر خۆشدەوێت، دەڵێی خوایە لەلایان!

هەڵەبجە گفتوگۆی خامۆشی ناو ماڵ و شوێنە جیاجیاکان بوو و ببووە ترسێکی ئەوتۆ کە هەر جووڵانەوەیەکی لەو چەشنە شاریش بخاتە ناو مەترسییەوە، هەندێکیش ناڕەزاییان دەردەبڕی بەرامبەر پێشمەرگەی حیزبەکان کە زووتر خەڵکەکەیان ڕزگار نەکردووە.

-153-

لە گوزەری ڤیدیۆ و کاسێتەکاندا، دوکانێك کاسێتی کیمیابارانەکەی هەڵەبجەی لەلابوو و خەڵکی بە نهێنییەوە دەیانبرد و تەماشایان دەکرد، دەنگوباسی ئەو کاسێتە گەیشتبووە هەموو کەس و تامەزرۆبوون ببینن، ژنەکان دەیانوت:

- نامانەوێت بیبینین! من هەر ناوێرم تەماشای بکەم.

- خۆمان زۆر دڵمان خۆش نییە ئەوەش ببینین، ئیتر لە ترسدا نازانین چی بکەین.

- شتی وا جێی مەترسییە، باوەڕ بە کەس مەکەن و لای دیواریش هیچ مەدرکێنن.

ڕۆژێك لە چایخانەیەکدا، کە جێی بەسەربردنی کاتەکانی شار بوو هەر لە زووەوە تا ئەمڕۆ و بێگومان سبەیش، یەکێك وتی:

- لەڕێی ناسیاوێکمەوە من خاوەنی ئەو دوکانە دەناسم، شریتەکە دەهێنم و ماڵ چۆڵکردنیش لەسەر ئێوە بێت، حەز دەکەن هەر ئەمشەو سەیری دەکەین.

شریتەکەیان پێبوو و دەڕۆیشتن، نزیکەی حەوت هەشت برادەر پێکەوە خۆیانکرد بە ماڵێکدا و کەسێکیش شوێنیانی هەڵگرتبوو و دوایان کەوتبوو، هەر ئەوان کاسێتەکەیان وەرگرتبوو، پێ بەپێیان ڕۆیشتبوو تاوەکو ناونیشانیان بزانێت.. ئەو هەڵیانکوتایە سەریان و هەموو ڕێیەکیان لێگرتن. بە بێدەنگی ڕاپێچیان کردن و کاسێتەکەیشیان لەگەڵ خۆیاندا برد.

-154-

هەموو تاوانەکەیان خستە ئەستۆی منەوە..وتیان شریتەکەی هێناوە، هەر هەموویان چینێکی باش لێدانیان خواردبوو و ئیتر تووشیان کردم، نەمدەزانی چۆن زانیویانە، دیاربوو هەر ئەو دوکاندارە لەژێر چاودێریدا بووە، ناشزانم، ڕەنگە هەر کەسێك کاسێتەکەی بە کرێ بردبێت وەك ئێمەی لێ بەسەر هاتبێ. وتیان:

- کەواتە تۆ بەوانیشت وتووە کاسێتەکەی هەڵەبجە وەردەگریت؟ تۆ وەرتگرتووە، وانییە؟!

وتم:

- ئەو دوکاندارە پێی وتم ئەمە شەڕی قادسیەیە، دیمەنەکانی جەنگە و ئێمە بۆ ئەوە بردوومانە، من نازانم شریتی هەڵەبجە چییە، شتی وام نەبیستووە.

- ئەم درۆیە لەگەڵ کێدا دەکەیت؟ کاسێتی مەیدانی شەڕەکانت بۆچییە؟!!

- من هونەرمەندم، لە کۆلێژ پێمان وتراوە هەریەکەمان تابلۆیەك لەسەر جەنگ بکەین، من پێویستیم بە بینینی ئەو دیمەنانە بوو تا شتێك هەڵبژێرم بۆ بابەتی تابلۆکەم.

- بەرەی شەڕ یان هەڵەبجە تا بیکەیتە پۆستەر و بە دیوارەکاندا هەڵیبواسیت؟!

نەیانهێشت وەڵام بدەمەوە. هەردوو دەستمیان بە هەڵگەڕاوەیی بەرزکردەوە و هەڵیانواسیم، کێبڵ لێدان و جگەرەیان دەکوژاندەوە بەگیانمدا، ئەوانە چەند شتێکی ئاسایی بوون، بەرکولیان بوو، ڕۆژێك چاویان بەستمەوە و خستیانە ناو لاندکرۆزەرێکەوە، ئەوەندە بەملاولاودا پێچیان کردەوە و سەرەوخوار ڕۆیشتن، نەمزانی لە کوێ گیراوم..لەسەر ئەم شەقامە، شەقامی سالم چاویان کردمەوە و وتیان:

- دەی کێ دەناسیت؟! چاو بگێڕە.. شیروان باش گوێ بگرە، خۆت گێل بکەیت و بلێی کەس ناناسم ئەمشەویش هەڵواسینەکەیە.. دەی، تەماشای شوێنەکان بکە و کێ دەناسیت بیلێ خێرا.

بەسەر شەقامەکەدا ڕۆیشتین و هاوەڵ و برادەرەکانی خۆمم بینی، لە چایخانەکەدا نێرەشم بینی دانیشتبوون لەسەر کورسییەکانی دەرەوەدا، هیچ قسەیەکم نەکرد. دیسانەوە وتیان:

- ئەمانە دەناسیت؟ ئەوانەی کە لە چایخانەکە دانیشوون!

- نایانناسم..من ئەوەندە برادەرم نییە، کەس ناناسم و ئەوەی دەیناسم ئێستا لە بەغدان.

کێشایان بەسەرمدا و زوو زوو دەیانترساندم، ئەوانەی لەگەڵمدا گیرابوون هەموویان بەرەڵا کردبوون و تەنها من مابوومەوە،خاڵ و پوورێکم گەورەکانیان دەناسی و لە بەغدا دادەنیشتن، هەر لە هەولی مندا بوون و ئیتر ئاوەها بەریاندام، بە تەمای ژیان نەمابووم.

یەکێك لە هاوەڵەکانی وتی:

- شریتەکە پیاو دەتوانێت سەیری بکات؟! دەبێت چەند سامناك بێت!!

هەر لەو ماوەیەدا زۆرینەی شەقامەکانی شار، دەمی کۆڵانەکانیان بە بلۆك گرتبوو و دیواریان دروست کردبوو، بۆئەوەی ئەگەر خۆپیشاندانێك بکرێت بە کۆڵانەکاندا کەس نەتوانێت خۆی دەرباز بکات یان لە کاتی داواکردنی پێناس و پسوولەی مۆڵەتدا یاخییەك نەتوانێت کۆڵانە و کۆڵان هەڵبێت و بەوەش زۆرینە بکەونە نێو چنگیانەوە.

## -155-

چووبوونە لای خاوەنی گەرماوەکە، بە چرپەوە وتیان:

-حاجی ئەحمەد، سبەینێ گەڕان و پشکنینە و هاتوچۆ قەدەغەیە، دەمانەوێت بچینە ڕاڕەوی کارێزەکەوە، لەوێ خۆمان بشارینەوە و هیچ شرتێنێکمان نییە.

حاجی ئەحمەد وتی :

- ئێستا کاك محەمەد حەمامەکەی بەدەستەوەیە، ڕێگای کارێزەکەش لە موفتییەوە نییە، لەسەر جادەی ئیبراهیم پاشا دەرگا و قفڵەکەی لێیە، دەرگایەك لەوێدایە، دەرگایەکی تریش لای حەمامی شەعب هەیە، ئەوەیان باشترە. لەسەر جادەکە ناکرێت سەری دەرگاکە هەڵبدرێتەوە،ئەوێ باشترە.

وتیان:

- ئەوێ باشە، ئەی چۆن بچین؟!

- شەو درەنگ دەبێ بچین، بە دوو سێ کەس دەرگاکە دەکەینەوە، دەبێت جلوبەرگی باش لەبەربکەن، خواردن ببەن..لایت زۆر پێویستە،

جێگای زۆر کەسی تێدا دەبێتەوە، دوور دوور لەیەکەوە بن، باوەڕناکەم هەوای تێدا نەمێنێت، بەڵام دووربن لەیەکترەوە باشترە.

دوکاندارێکیش کوڕەکەی بردە دوکانەکەیەوە و وتی:

- نە چرا هەڵبکە، نە ڕووناکی، بۆ خۆت لێرەبە و کەی هاتوچۆ کرایەوە دێم و دەرابەکە هەڵدەدەمەوە، تا ئێستا کەس دوکانەکان نەگەڕاون، ئەگەر کەسیش بەدەرەوە نەبێت ناتوانن قفڵەکان بشکێنن، مەترسە، کەس نایزانێت و هیچ حکومەتێکیش تا ئێستا بازاڕی نەپشکنیووە، چەند شتێك دەبەم نەك بڵێن بۆچی بەم شەوە دوکانەکەی کردەوە.

هەندێکیش چووبوونە ناو بارەگای سەرۆك هۆزە جاشەکانەوە و بڕێکیان بۆماڵی ئامر سریەکان، شەرواڵیان پۆشیبوو و لەناو جێبەکاندا خەوتبوون، سبەی ئەوانەی گیرابوون، لە دووڕیانەکەی سەرچناردا ڕیزیان کردن و کەوتنە گوللەباران کردنیان بێنەوەی کەسێك نقەی لێوە بێت.

## -156-

تۆپە قورسەکانیان دەنا بە دێیەکانی گڵەزەردەوە، لە بەرزاییشەوە کۆپتەرەکان بە موشەك گڕیان بەردابووە گوندەکانەوە و لە هەموو لایەکەوە گڕ و دووکەڵ بەرزدەبوونەوە، خەڵکێکی زۆر لە سەربانی ماڵەکانەوە دەیانڕوانییە گڵەزەردە و تۆپەکانیش بە ئاسمانەوە گیڤەیان دەکرد، بەو دەنگە و زرمە گەورانەوە باڵدارەکانیش سەراسیمەیان پێکەوتبوو و هەر پۆلەی بە لایەکدا باڵیان لێکدەدا..ڕاوەستاوەکانی سەر گۆڕستانەکە دەیانڕوانییە دیمەنەکە و دەیانوت:

- ئەمشەو گوێتان لە دەنگی تۆپەکان بوو؟ هەمووی تۆپی ئەمساوین و لەم حامیەیەوە دەیتەقێنن، حکومەت بە ئاشکرا گوندەکان

خاپوور دەکات و لە دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفالەوە لە کەس ناترسێت، جاشەکانی پێش خۆی داوە و کێومالّی ئەو ناوچانە دەکەن.

- ئەو دێ و گوندانەی خواردوەیان هەموو ئەنفال کردوون، بە ناوی سوورەتی ئەنفالەوە ئەوە دەکەن! دیارە خواش ئێمە بە زیادە دەبینێت لەسەر ڕووی زەوی ...ئەوەی ئەم حکومەتە کردوویەتی و دەیکات باوەڕناکەم هیتلەریش کردبێتی، نازی و فاشییەکانیش نەیانکردووە. چییان لەم خاکە نەکردووە! بەردەکانیش ناحەسێنەوە و قاچیان هەبووایە لێرە دەڕۆیشتن، بەردیش لێرە سەنگین نییە.

تۆپەکانیش بە شەو و ڕۆژ دەتەقین و زەوییان دەلەراندەوە، پێداماڵینی شەوانەیان بە ڕوونی دیاربوون و لەگەڵ گەیشتنیاندا تۆپەڵە گڕێ هەمە جۆریان لە شاخەکەوە بڵند دەکردەوە.

-157-

ئەمە خشتەی یەك مانگی جموجۆڵی سەربازی ئەم ناوچانەیە، جموجۆڵی فەیلەقی یەك و پێنج کە لە کوردستاندان، بە دەستی هەر کەسێکەوە بیگرن دەستبەجێ بەبێ دادگاییکردن لەسێدارەی دەدەن.. هەمووی کۆد و شفرەیە و هەر سەربازێك لەو بەشەدا بیبینێت دەتوانێت لێی تێبگات، ئەم خشتەیە مانگانەیە، بیبەن لەگەڵ خۆتاندا، ئێران ئەمە بکەوێتە بەر دەستیان دەزانی چەندی پێدەدەن، ئێوە لەبەری بگرنەوە و زۆر بە نهێنی دایبنێن، بە پەلەش چونکە کاتمان نییە.

ئەوانەی گوێیان لێ گرتبوو، دەیانڕوانییە خشتە سەربازییەکە و یەکێکیان وتی:

- خەمت نەبێت، ئەی تۆش بۆچی نایەیت لەگەڵماندا؟! ئێران ئەمە ببینێت ڕەوانەی ئەورووپامان دەکات..بەڵام دەبێت زوو بڕۆین، هەر بۆ

جموجۆڵی ئەم مانگە دەست دەدات؟ نەوزاد.. ئەگەر دواکەوتین دەتوانیت خشتەی مانگێکی ترمان بۆ بهێنیت ؟! ئەمە ئیشێکی زۆر گرانە!

نەوزاد وتی:

- دەتوانم، کەس گومان لە من ناکات، ئەمەش دوو سبەی دەبێت بیبەمەوە، عەرەبەکە مۆڵەتی وەرگرتووە و تاوەکو نەهاتۆتەوە دەبێت دایبنێمەوە، ئەگەر دەزانن لای منە پێستم دەگروون!!

- ئەی چۆن هێناوتە؟

- لەبەر خاتری ئێوە، هەر ئەم ئێوارەیە دەمەوێتەوە و خێرا کۆپی بکەن، ئێوارە دەڕۆمەوە و سوک دەیخەمەوە شوێنی خۆی، کارێکی زۆر خەتەرە!

یەکێکیان لە دڵی خۆیدا وتی:

- ئەگەر هەڵۆش نەگەڕابێتەوە بۆ بەری قەڵادزێ، دەیدەمە دەست شۆڕش لەرێی رێکخراوەکانەوە، لەوە ناچێت بەم زووانە بگەینە ئێران، با شۆڕش سودی لێوەربگرن، جارێ چوونەتە بەری قەرەداغ لەوێ چالاکییان هەیە.

## -158-

رژێم بریاری بەخشینی دەرکردبوو، خەڵکی دەچوونە بارەگای حیزبی و رێکخراوە بەعسییەکانەوە، مۆڵەتی سێ رۆژ دانرابوو تاوەکو بچن ناویان تۆمار بکەن و پسوولە وەربگرن، بریارەکە تێکرا هەڵاتووەکانی سەربازیی دەگرتەوە لەگەڵ سەرجەم ئەو قوتابی و مامۆستایانەی دەرکرابوون لەسەر ئەوەی نەچووبوونە سەربازگەکانی مەشق پێکردنەوە، هەروەها هەموو ئەو گوندنشینانەی کە بەرەو سنوور و ئێران رۆیشتبوون

و گوێیان نەدابووە ڕاگواستنی گوند و لادێکان بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ..بۆ هەرچی ئەوانەش بوو کە لەژێر بۆردومان و لێدانی گازی ژەهراوی و کۆمەڵ کوژیشدا پەنایان بردبووە بەر ئێران و چەند مانگێک دەبوو لە کەمپ و ئۆردوگاکانی ئەوێدا مابوونەوە.

بەپەلە خەڵکی پسووڵەیان وەردەگرت و لەڕێی بەسەربازیکردنەوە هەریەکەیان ڕووەو شوێنێک دەنێردران، بڕیارەکە سێ ڕۆژی تێپەڕاند و مۆڵەتەکە درێژکرایەوە، پەیتاپەیتا خەڵکی دەهاتنەوە و ناونووس دەکران، لەو بارودۆخەشدا خەڵکەکە هەریەکەی شتێکی دەوت:

- خزمەتی ئاسایی هەژدە مانگە و دوای ئەوەی تەواوی دەکەن، تەسریح دەکرێن و سوپا نابیننەوە، ئیتر سەربەست دەبن و کاری خۆتان بێ ترس و لەرز دەکەن.

- ئێستا نە شەڕ ماوە و نە هیچ، ئەوەی سەربازی نەکات نابێت بە پیاو، ڕەوانەی هیچ شوێنێکتان ناکەن و جێی مەترسی نییە، خێرا بڕۆن و کات بەفیڕۆ مەدەن.

- هەندێک لە ئینزیباتخانەکە ناویان نووسیوە و ئەوانیش کەوچکە چایان داونەتێ ناوی بەرمیلەکانی پێ خاڵی بکەنەوە، ئەوەیە سوکایەتی پێکردن!!

- هەشت ساڵ جەنگ هەڵگیرسا، خۆشیان نەیانزانی لەپێناوی چیدا کردیان، سەدام لە ڕێککەوتننامەکەی جەزائیری ساڵی حەفتاو پێنج پاشگەز ببۆوە و ئێستاش دەڵێن با هەروەکو خۆی بێنێتەوە..!!

دوای کوشتارێکی زۆروزەوەند لە هەر دوو وڵات و شەڕێکی بێ ئاکام!

- خومەینی ڕازی نەدەبوو، ئەمـــەریکا بـە ئاشـکرا خـۆی فـاوی بـۆ گرتەوە، بە شەق شەڕەکەیان وەستان!

- ئێمەی بۆچییە؟ خۆ نە شەڕ ماوە نە هیچ !!چی بەدەستەوە بێت؟ شەیتانیش سەر لەم دیکتاتۆرە دەرناکات.

## -159-

ئیتر چاوەڕێی چی دەکەیت؟! بۆچی ئاوڕێك لـە خـۆت نادەیتـەوە؟ ژیان هەروا ناڕوات. مادەم ئەویش زۆر حەز دەکات، ڕێوییە و بەپیرتـەوە هاتووە، تۆی خۆشدەوێت کچی! بچۆرە بـەغدا یان هـەر شـارێکی‌تر و لەوێ بژی، وەکو ئەو کچە فەرمانبەرەی ئاسیاومان ، کچەکەی گوڵستان ..هەڵوێست؟! کامەیە هەڵوێسـت؟! باشـترین کـار و هەڵوێسـت ئەوەیە ژیانی خۆت بگۆڕیت و لایەك لە خۆت و لە ئێمـەش بکەیتـەوە، ئـەمڕۆ گرنگە تاوەکو پیر نەبوویت، دەتەوێت پرچی سپی بهۆنیتـەوە؟ بۆ کـێ؟ کەس هەیە چاوەڕوانی بێت!! ئەو برا قوڕبەسەرامان لەخۆڕایی لەسـێدارە درا و وەکـو بلقـی سـەر ئـاو تـەقی، کـێ ئـاوڕی لێدایـنـەوە و ئاوڕمـــان لێدەداتەوە؟! ئەگەر خـەیاڵت بـۆ ئـەوە دەڕوات بەعسییە و ژنێکی‌تری هـەیە، گرنگ نییە..خەڵکی لەژێرەوە هـەموو بەعسین و بـە دە پەنجەیان مۆر و ئیمزایـان کـردووە و لەسـەرەوەش وا خۆیـان دەردەخـەن بـەڕێزن و کوڕی مەککەن.. بە قسەی خوشکی گەورەی خۆت دەکەیت دەسـتبەجێ شووی پێدەکـەیت و دەکەویتـە نـاز و نیعمەتـەوە، ئـاوڕێکیش لـە ئێمـە بدەیتەوە! وەکو من مەبە..ژیان گۆڕاوە، خانوو و ئوتمبێلی هەیە و پارچە زەویش، موچەیەکی باش وەردەگرێ، ئەگەر عەرەبیشـە باشـتر، هـەموو مانگێك دەچێتە بەغدا، بۆ هەموو شوێنێك، تـۆش لەگـەڵیدا دەچیـت و

دونیاش دەبینیت، بۆ خۆت هەر بگەڕێ و گەشتوگوزار بکە، ژیان لای ئەوانە نەك شوو بە پیاوێکی هەژار بکەیت و هەمیشە لە ترس و لەرزدا بیت، هەر ڕۆژەی بە بیانوویەك بیبەن بۆ شوێنێك و بەرێی بەندیخانەکانەوە بیت، لە سەربازی هەڵبێ و ئەم شاخەوشاخ بکا و دەربەدەری و ئاوارەیی لەگەڵدا بچێژیت.. شوو بەو مولازمە بکە و ئەویش چاوەڕێی وەڵامێکی خێرای تۆیە، ئەگەر تۆش شووی پێ نەکەیت هەزارانیتر هەن ئامادەن و سێ و دووی لێناکەن و بە کراسی بەریانەوە شووی پێدەکەن.

خوشکەکەی هەر قسەی بۆ دەکرد و ئەویش بە چەشنی خاوەن ئەزموونێك گوێی لێگرتبوو.

-160-

سروودی بەجۆش لێدرانەوە و هەرچی لەدایکبووی ساڵەکانە داواکران، لە چایخانە تاریك و بچووکەکەدا دانیشتبوون و هەریەکەی شتێکی باس کرد.

- دەڵێن کوەیت پارێزگای نۆزدەهەمینی عێراقە و دەستبەرداری نابین، وتیان کودەتایەکی سەربازییە و ئێمە چووین یارمەتییان بدەین، داگیرکردنەکەیان کردووە بە پشتیوانی، کەچی ئێستا دەڵێن سەر بە وڵاتی خۆمانە و فایلە کۆنەکان دەکەنەوە، مێژووی کوەیت و عێراق باس دەکەن و دەیانەوێت بیسەلمێنن کە سەربەخۆیانە، ئەی بۆ نایسەلمێنن کە کوردستانی عێراق سەر بە ئەوان نییە و ئێمەش بەزۆر، بەپێی پەیماننامەکان و نەخشەکان چووینەتە سەر ئەوان؟! تەنانەت هەر لەبەر ئەمە، خێرا شەڕی لەگەڵ ئێراندا ڕاوەستاند تاوەکو بتوانێت هەموو

سوپاکەی بەرەو ئەوێ بیات! من دڵنیام، عەدنان خێروڵڵای ژنبرایشی هەر خۆی لەناوی بردووە، ئەو هەرگیز لە کۆپتەر نەکەوتۆتە خوارەوە، وتیان گێژەڵووکە بووە و بە پەلە بۆ کاری پێویست گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا، کۆپتەر کەوتنەخوارەوە درۆیە، دیارە ڕازی نەبووە لەپاش هەشت ساڵ شەڕدوە، جەنگێکیتر بقەومێ، ڕەنگە بوبێت بە لەمپەرێك لەرێیدا!!

یەکێکیتریان وتی:

- منیش بەلامەوە سەیرە، خێرا ئێمەیان هەموو تەسریح کرد و هەندێکیش بێتەوەی سەربازی بکەن دەفتەرەکانیان بۆ پڕکردنەوە، ئەودیان بۆیە کرد تاوەکو هەموو کوردە ڕاکردووەکانی لادێکان لە ئێران بگەڕێننەوە و بەرەو کوەیتیان بەرێت، سەرەتا بەو فرۆفێڵە خەلکەکەیان بردەوە بۆ سەربازی کە ڕەپت و زەپتیان تەواو نەبووە، هەر دیاربوو ئەمە شتێکی بەدەمەودیە، چ جۆرە سوپایەکیشمان هەیە، سوپایەکی شڕۆڵە، هیچ شتێك نییە، بەلام زۆرم پێ خۆشبوو ئەم دەبەنگییەی کرد، ئەمە کۆتاییەتی و ئەمەریکا ناهێڵێت بەسەریەوە بچێت، نەگەڕێتەوە لێیدەدەن، ناشگەڕێتەوە بە شەق نەبێت.

ئەوەی کە لە بەرامبەریان دانیشتبوو، تەماشای هەرچواردەوری خۆی کرد و وتی:

- لێی نادەن...هەمووی درۆیە، نە سوپاکەی دەگەڕێنێتەوە و نە هیچ، ڕەنگە لە دوا مۆڵەتدا بکشێتەوە، لەگەڵ ئەوەدام، بەلام ناڕوخێت، من شارەزای ئەم کابرا شێتە بم لەناکاودا دەکشێتەوە و هیچیش نابێت، دەگەڕێتەوە؟!

- باشتر کوەیتی گرت، ئەم کارە دەبەنگییە ئێمەی ڕزگار کرد، ئەمەی نەکردایە کوردی نەدەهێشت، دوای ئێران دەکەوتە سەر ئێمە و نەیدەهێشت کەسێك بێنێتەوە بە کوردی قسە بکات.

- بۆچی هێشتا کوردی هێشتۆتەوە؟! لە قڕکردندا دەستی نەپاراستووە، لەبەر چاوی دونیادا هەڵەبجەی کیمیاباران کرد و هیچیش ڕوونەدا.. ئەو هەموو گوندەی سووتاندووە و خەڵکەکەی ئەنفال کردووە، ئەمە پێش ئەوەی ببێتە سەرۆکی عێراقیش کەسی نەهێشتووە، چی خراپەکارییە کردوویەتی .. ئەوەتا هەربۆیە زیندانە سیاسییەکانیشی بەرداوە، مەبەستم هەموو ئەو منالانەیە کە چەند ساڵە گرتوونی، بۆ خاتری ئەوەی بەرەو جەنگ ڕاپێچیان بکات، هەر خۆمان باشمان کردووە کە زوو وازمان لە سەربازی هێنا، وا نەبووایە نەماندەتوانی ئێستا بیینەوە.. خوا دەزانێت ئێستا لە چ حاڵ و گوزەرانێکدان، ڕەنگە شەڕ بقەومێت، بە گاردی کۆماری لەدواوە هەر خۆی لەوانە بدات کە دەکشێنەوە، یەکەی ئیعدامات دادەنێ هەروەکو شەڕەکانی تر..

هەر پێنجیان قسەیان دەکرد و چایخانەکەیان بە دووکەڵی جگەرە قانگ دابوو، ئەوەی لە کۆتاییدا قسەی دەکرد، پێی وتن:

- بە ڕای من ئەوەندەش نەیەیتە چایخانەکە و ناو بازاڕیشەوە، کێ ناڵێت ڕەشبگیریش ناکات!!

-161-

گەمارۆی ئابووری توندتر دەبوو و نرخی هەموو شتەکان بەرزبوونەوە، سەرەتا زۆرینەی چێشتخانەکان داخران و سەموونەکان ڕەش داگەڕان، وتیان لەبری گەنم جۆ بەکاردەهێنن، ساختە دەکەوتە شتەکانەوە و دەفرۆشران.. لەجیاتی برنج ساوەر لێدەنرا لە چێشتخانەکانیشدا، دونیاکە شێوابوو، جگەرەکێشەکان نەیاندەتوانی

جگەرەی گرانبەها بکڕن و ناچار سیگاریان دەپێچایەوە، هەرکەسە و قتووە توتنێکی هەڵگرتبوو، کیسەیەکی پێبوو و بە ئامێرێکی بچووك بەرە سیگاری تێدەکرد و جگەرەی پێچراوەی پڕ دووکەڵی دەکێشا، ناویەناو جگەرەکێشەکان کە لە چایخانەکاندا لەبری سیگاری پێچراوە جگەرەیان دەدا بە یەکتری، ئیتر خۆشترین کات بوو بەلایانەوە، لاوان بەچەشنی باووباپیرانیان و زەمانی زوو جگەرەیان دەپێچایەوە، ڕۆژێك یەکێك لەو گەنجانە وتی:

- هەر ئەوە ماوە شقارتەش نەمێنێ و بە بەردەستێ ئاگر دابگیرسێنین، گەڕاوینەتەوە بۆ سەردەمی ئەشکەوتەکان و دایناسۆرات، بروانە شێتەکانی سەر شەقامەکان، وا بڕوات دەچینە پاڵیانەوە!!

شەڕی ڕزگارکردنی کوەیت دەستی پێکردبوو و فڕۆکەکانی هاوپەیمانەکانیش بە شەو و ڕۆژ شارەکانی عێراقیان بۆردومان دەکرد و بە مووشەك و ڕۆکێتی نوێی دوورهاوێژ بنکە و شوێنە سەربازی و ستراتیژیەکانیان کاول دەکرد.. دواتر شوێنە جومگەیی و گشتییەکانی تریش بەرکەوتن و هاوپەیمانان دەستیان نەدەپاراست، لە تۆڕی کارەبا و ئاو و هۆیەکانی گواستنەوەشیان دا و وڵاتیان کردبووە سەربازگەیەکی داتەپیو و کەلاوەیەکی گەورە، هەروەك کەلاوەکانی ناو دەروونی بنیادەم.

جەنگی لەشکرکێشی زەوی و تانك و سەربازانیش هەڵگیرسا و هەرچی خەڵکی شارەکە بوون، هەموو گوێیان بە ڕادیۆکانەوە بوون و لە ئێستگەیەکەوە بۆ ئێستگەیەکیتر بەدوای هەواڵی نوێ و دوا گۆڕانکارییەکانەوە بوون، لەو ماوەیەدا خەڵکی شارەکە ترسیان لێنیشتبوو کە دیکتاتۆر لەو پەشێوییەدا زەبرێکی کوشندەیان تێ

بسرەوێنێ و بە کاری هاوپەیانان بیداتە قەڵەم، ڕۆژێک لەدوای پاشەکشەی سوپای عێراقەوە دەنگێك بڵاوبۆوە:

- لە بەسرە سەربازەکان لە ڤیلاکی و تووڕەییدا لوولەی تانکەکانیان کردوونەتە وێنەکانی سەدام و لێیان دەدەن، ڕاپەڕینە و سوپا زۆر بێزارە، نیوەیان نەفروتوونا بوون و دیکتاتۆریش هەر پێدەکەنێت.. سەربازەکان لەناو برسێتی و کارەساتی جەنگ ڕاپەڕیون و تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە، وا بڕوات شارەکانی تریش دەگرێتەوە و هەموو هەڵدەستن، ئەمە قبوڵ ناکرێت، شەڕ و برسێتی پێکەوە.

خەڵکیش هەموو ترسی کوڕەکانی خۆیان هەبوو، ئەو کوردانەی لە جەنگەکەدا بێ هەواڵ بوون و پاشماوەیان دیار نەمابوو، ڕۆژێک چەند سەربازێك هەڵاتیوون و گەڕابوونەوە بۆ شار، دایکی یەکێکیان بە دراوسێکانی دەوت:

- پۆستاڵەکە لە قاچی دەرنەدەهات، یەکپارچە پێی داماڵرابوو چونکە دەمێکە داینەکەندوون.. وتی هەر سەربازن هەڵدێن و دەگەڕێنەوە، باسی بەسرەی کرد، وتی وێنەکانی سەدامیان سوتاندووە و لە کەس ناترسن، حکومەت ناتوانێت بەرهەڵستی بکات، ڕەنگە ببێتە ئینقیلابێکی سەربازیی!!

دواتر لەناو بازاڕدا چەند شتێکی دیکە باسکران:

- گاردی کۆماری تەنها پاراستنی بەغدای لە ئەستۆیە، ناتوانن بەغدا جێبهێڵن.

- نیوەی سوپای عێراق تەفروتوونا بوون، بە فڕۆکەی شەبەح ئەمەریکا چاك لێیداون.

- سەدام دەڵێت سێ دەوڵەت لەدژمانن و خۆمان ڕاگرتووە!!!

- درۆیە! سەدام هەربۆیە ئەم کارەی کرد بۆئەوەی ئابرووی عەرەب نەهێڵێ و تاوەکو ئەمەریکاش پێ بخاتە ناوچەکەوە و بێن، سەدام باشترین کاری بۆ ئەوان کردووە! ئەوەتا شوێنەکەیشی دەزانن و لەناوی نابەن، دەڵێن ئەوە کاری ناوخۆیە و پەیوەندی بە گەلی عێراق خۆیەوە هەیە!!

-162-

دەمەو نیوەڕۆیەک کۆپتەرێك لە حامیەوە هەستا و شاری جێهێشت، خەلکی وتیان:

- خوا دەزانێت چ شتێکیان بەدەستەوەیە، شار هەمووی بیر لە ڕاپەڕین دەکەنەوە، دەڵێن فەیلەقی یەك و پێنج لە کوردستاندا نەماون و بەرەو شەڕەکەیان بردوون.

- دیارە دەیانەوێت هێزەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە بە هەر چواردەوردا!!

- عێراق هێزی نەماوە.

لای ئێوارەوە چەند گەنجێك لە بەری سەهۆڵەکەوە پێکەوە وەستابوون و یەکێکیان وتی:

- دوێنێ لە ڕانیە ڕاپەڕین بووە.. خەلکی شارەکە هەستاون و پەلاماری دامودەزگاکانیان داوە، هەرچی ئاسایش و سەرباز و بەعسییە دەست ڕۆیشتووەکانە هەموویان گرتوون و لە سەربانی مزگەوتەکەوە یەکەیەکە هەڵیان داونەتە خوارەوە،خەلکیش لە خوارەوە بە چەقۆ و قەمە هەموویان کوشتوون ..چوونەتە سەر دۆشکە و بی کەی سییەکان

و شەڕە تفەنگ بووە، ئامر سریە و جاشەکانیش لەپاڵیاندا بوون و ئێستا شار بەدەست خۆمانەوەیە، عێراق تەواو.

- چۆن ؟! ئێمە ئاگامان لە هیچ نییە...جاشەکانیش هاتوونەتە پاڵیان؟!

دواتر وتی:

- ئەمڕۆ گوێتان لەو کۆێتەرە بوو کە ڕۆیشت!! ئەوە دەڵێن بەڕێوەبەری ئاسایشی بردووە لەگەڵ پارێزگاری سلێمانیدا، چی سەرانی گەورەیە هەموو ڕۆیشتوون، سبەی لێرەش دەکرێت!

- چی!! ئەی ئەو هەموو دەبابە و زرێپۆشەیان لە سوچەکاندا داناون؟!

- هیچ نین!! نە تانك و نە زرێپۆش ناتوانن بەر لە ڕاپەڕینی شار بگرن، ئەوانە هەربۆیە لەوێ دانراون تاوەکو چاوترسێنی خەڵکەکەی پێ بکەن و بڵێن هەین و هێزێکی گەورەمان ماوە.

- ئێستا ڕاپەڕینی عێراقیش هەر بەردەوامە، نەجەف و کەربەلاشی گرتۆتەوە... بەغدا گرنگە.

- دەزانن چی، ئەمشەو دەچین و سیلاح وەردەگرین، وەرن هەقتان نەبێت، ئەی گوێتان لە ڕادیۆکەی خۆمان نییە؟! هەر ئەمشەو دەڕۆین بۆ چەك و وەرن لەگەڵ مندا بن.

- چی هەیە؟! پێشمەرگە چی دەڵێن؟!

- ئێستگەکەمان دەڵێت سبەینێ حەوتی سێ زەماوەندە.. هەر بروسکە لێدەدەن!

## -163-

بەر دەرگاکە پڕببوون لە چەکدار، سەرۆکی ئەو فەوجەی جاشەکان وتی:

- نامەوێت کەسێك بەرهەڵستی بکات، سبەینێ پێشمەرگە دێنە شارەوە و دەقەومێت، کێ دەچێتە هاریکارییان شارەزووی خۆیەتی. نامەوێت کەستان لە دژی پێشمەرگە و خەڵکی بن ، وا نەکەن هەر داخ لە دڵ دەتانکوژن، ڕێگەیان بدەن چی دەکەن بیکەن، حکومەت جگە لە ئێمە هیچ هێزێکی نەماوە.. ئێمەش دەبێت بچینە پاڵ میللەت و تۆڵە لە بەعسییەکان بکەینەوە، ئەگەر ناشچن، لە ماڵی خۆتاندا دابنیشن و هیچ مەکەن، دەتوانن تفەنگەکانتان لە بارەگا دابنێن.

یەکێك وتی:

- قوربان، وا باشترە پێکەوە بین، هەموو دێینە ئێرە، بە تەنیا دەترسین.

- بەڵام ئەگەر تەقەیان لێکردن خراپ دەشکێتەوە، ئەو هەمووە چۆن دەتوانن بێنە ئێرە؟ هەر جێتان نابێتەوە؟! هەر شتێك قەوما بەرگری مەکەن، تەنها ئەو کاتە بەرگری بکەن کە بەعس و سەربازەکان هێرشتان بۆ بهێنن.. سبەی کێ دەچێتە ڕاپەڕینەکە بچێت و کەس ڕێی لێ نەگرتووە، هەر نامە و برووسکەیە لە پێشمەرگەی حیزب و پارتەکانەوە بۆمان دێ و داوای هاوکاریمان لێدەکەن، ئیتر شانبەشانیان بێت یاخود چەکیان بدەینێ ..لەبەرئەوە سبەینێ ڕاپەڕین لە شاردا دەکرێت و بزانین چۆن دەبێت.. بیبستمەوە چەکدارێکی ئەم فەوجە لوولەی تفەنگەکەی کردبێتە ڕووی پێشمەرگە و میللەت بە دەستی خۆم تۆڵەی لێدەکەمەوە،

لەوە زیاتر نییە،ئەوەی نەچێتە پاڵیان بە دوژمن حسێبە و هەر میللەت خۆی لەناومان دەبەن، خەڵکێکی زۆر کوڕ و برایان لەسێدارە دراون و داخ لە دڵن و چاوەڕێی ڕۆژێکی وا دەکەن، ئێمەش چییان پێ وتین بە قسەیان دەکەین و ئیتر هەموومان لەبەردیەکداین.

-164-

دەنگی تەقە و زرمە لەهەموو لایەکەوە دەستی پێکرد، هەر گوللە بوون گیڤەیان دەکرد و لێرە و لەوێوە دەتەقێنران، دەنگی دەستڕێژی پێشمەرگە و بەعسییەکان وەڵامیان دەدانەوە... پێشمەرگەیەکی زۆر داباریبوونە شارەوە و دابەش ببوون، هەرچی ئەو دامودەزگا و شوێنانە بوون کە ئاسایش و بەعسییەکانی تێدا بوون، کەوتنە بەر شاڵاو و پەلاماردان و لەهەر چواردەورەوە تەنران، خەڵکی دوابەدوای چەکدارەکان دەڕۆیشتن و هەڵیاندەکوتایە سەر شوێنەکان، تالان وبڕۆ دەستی پێکرد و لەنێوەندی گوللەباران و سووتاندنی بارەگاکاندا خەڵکی شتیان بەکێش دەکرد و بە کۆمەڵ دەڕۆیشتن، پێشمەرگەکانیش بە فەردە، کاغەزە نهێنییەکانیان دەگواستەوە.

لە کۆڵانەکانەوە پێشمەرگە و چەکدارەکان دەڕۆیشتن و هەڵمەتیان دەبردە جێیەکانیتر، هەر ئارپیجی بوون دەنران بە بینا و شوێنی مۆڵگەی بەعسییەکانەوە، نارنجۆکیش ئیتر ڕۆژی بوو، زرمە و گرمەی ئاگر و دووکەڵ بەرزدەبوونەوە و بێوچان لەبەردەوامیدا بوون، خەڵکی گەڕەکەکان لەبەر دەرگای ماڵەکانیانەوە ڕاوەستابوون و بارودۆخەکەیان بۆ یەکتری یەکالا دەکردەوە، هەرچی ئەوانەش بوون کە بار و کۆڵیان بەسەر شانەوە بوو، خێرا شتە تالانکراوەکانیان دەگواستەوە و لە

کاروانی هەمەچەشنەدا بوون، ناوبەناو گوللە بەسەریاندا گیڤەی دەکرد و ئەوانیش وەك شتێکی ئاسایی تەماشایان دەکرد، منالێك لە گۆشەی کۆلانێکدا کارتۆنێکی گەورەی هەلگرتبوو و بە خەلکەکەی وت:

- برۆن، شتی زۆر لێیە، کێ عەرەبانەی هەیە بروات شت بهێنێت، بەعسییەکان هەموو رایانکرد.

خەلکەکە بە دیەنی شتە دزراوەکان پێدەکەنین، لەنێو گرمە و تەقەکاندا مامەلە و کرینەوەی کەلوپەلەکانیش هەبوون، لاوێك لە منالێك نزیکبۆوە و وتی:

- بێنە تەکەیەك لەو جگەرە سۆمەرەم بدەرێ... بەچەند دەیدەیت؟!

لێت دەکرمەوە!

- نایفرۆشم، برۆ بۆ خۆت بیهێنە، ئەو هەمووەم لە رێگا لێکەوتوون و خەلکی پریان پێدا کردن!! هانێ، ئەوەش بەخۆرایی بۆ تۆ، برۆ خێرا.. زۆری لێیە، من هەر ئەوەندەم توانی.

دووکەلی رەش لە شوێنە جیاجیاکانەوە هەلچووبوون بە ئاسماندا، دوو کەس پاچ و خاکەناسیان پێبوو و بەرەو گۆرستانەکە دەچوون، دراوسێکان وتیان:

- بۆ کوێ؟! خێرە ئەوە!!!

بە دەنگێکی کزەوە یەکێکیان وتی:

- خالم گوللەی وێلی بەرکەوتووە.. لەبەر دەرگاکەی خۆیاندا وەستاوە و...

- دەچین قەبری بۆ هەلدەکەنین.

خێرا بۆ یارمەتیدانیان لەگەلیاندا چوون، گوللەش بەنێو کێلی گۆر و چەترەکاندا گیڤەیان بوو و دەیاندا لەو کێل و لەو درەختانە، یەکێك پێی وتن:

- بەم گوللەبارانە گۆڕ هەڵکەندن ناکرێت، وا بڕوات ئێمەش هەموو پێوەدەبین، جارێ با تەقە ڕابوەستێت، جارێ با هەر لە مزگەوتەکەدا بێنێتەوە! جارێ وەختی ئەوە نییە.

دەنگی گرمە و تەقینی ئارپیجی لەبەری سەرەوەدا دەتوت مەیدانی جەنگەکانە، ئەوانەی پاچ و خاکەناسەکانیان جێهێشتبوو، چوون و دیمەنی شار ببینن، یەکێکیان وتی:

- ئەمنە سوورەکەیە، دیارە هەر هەموویان لەوێ مۆڵ بوون و وابزانم شەڕ هەر لەوێدا ماوە.. شار تەواو پاکبۆتەوە و دەڵێن ئەوانەی حامیەش هەڵاتوون و ڕوویان کردۆتە ئەمنە سوورەکە!! تەماشا بکە چۆن گڕ و دووکەڵی لێ بەرزدەبێتەوە! لەهەموو لایەکەوە تەقەی لێدەکەن، ئەوانە دەبینیت کە لەسەر گۆشەی کۆڵانەکاندا ئارپیجییان پێوە دەنێن؟

گۆللەش دەیاندا بە سەیران و چەترەکانی گۆڕستانەکەدا و تاوەکو درەنگانێك هەر بەردەوام بوو، منداڵ هەر خەریکی شتومەك بارکردن بوون و بەدەم ڕێوە دەیانوت: بەعسی قڕانە، بژی پێشمەرگە.. یەکێك لەوانەی گەڕابۆوە بۆ ماڵەوە، وتی:

- تەنها ئەمنە سوورەکە ماوە پاك بکرێتەوە، دیارە بەعسییەکان هەمووی لەوێن، خەمی بەندکراوەکانمە، دەترسم هەموویان کوشتبێتن ئێستا.. هەر ئەوێ ماوە! پیاو پێکەنینی بەو خەڵکەش دێت، پیرەژن بەرمیلی بەسەر شانەوەیە و دەڕوات، شت بارکردنێکە دەڵێی قیامەتە! خەڵکیش زۆر شەهید بوون و بریندار زۆرە، کۆمەڵێك خۆیان ئامادە کردووە بچن بۆ ئەمنەکە، دەڵێن بۆ دەمانچە دەچین، دیارە بەعسییەکانیش چاوەڕێن دیکتاتۆر فریایان بکەوێت!!!

## -165-

ئەو چەند ڕۆژە،خەڵکی شار دەچوونە بینینی ئەمنە سوورەکە و لاشەی کەوتووی بەعسییەکانیش هێندە زۆربوون خەڵکی بەنێویاندا دەڕۆیشتن، کەسانی وا هەبوون دوای ئەمانی بەعسییەکانیش هێشتا داخ لە دڵ بوون و لەسەر لاشەکانیان بوون، لەسەر کوژراوەکان هەڵدەپەڕین و ڕۆژانی زوویان بیردەکەوتەوە، هەندێك بەدوای ئەوانەدا دەگەڕان کە ئازار و ئەشکەنجەیان دابوون و دەیانویست بەکوژراوی بیانبیننەوە، تەنها چەند لاشەیەك دەناسرانەوە و ئەم و ئەو بەخەڵکەکەیان دەوت، دەنا زۆرینەیان سیما و ئەدگاری کۆنیان لەدەست دابوو و کەس نەیدەزانی کێن، هەندێکیش بەناویاندا ڕەتدەبوون و نەیاندەوێرا سەیریان بکەن. چوون و لە حەوشەکەدا ئوتمبێلە سووتاوەکانیان بینی، میچ و بانە ڕمیوەکان کە سووتابوون و لە بنەوە لەبەریەك هەڵتەکیبوون، یەکێك وتی:

- خێرا لاچن، نەك بە یەکجار بڕمێ بەسەرماندا، بڕوانن چی لێهاتووە! دەڵێن کاکلی حافز لێرە سووتاوە!

لەولاترەوە کابینەیەکی لێبوو، بلۆکی لەژێردا بوو و خەڵکی سەریان بۆ دەبردە ژوورەوە، خوێن و پیسی تێدا دەبینرا و جلوبەرگێکی ژنانەی پڕخلی تێدا بوو..خۆیان کرد بە بینایەکی تردا و وتیان ئەوە شوێنی بەندکراوەکانە، شوێنی بەندییە تەنهاکان و تەماشای دیوارەکانیان کرد، قولاپەکانی قەد دیوار و میچەکانیان بینی، یەکێك بە هاوەڵەکەی وت:

- باش بوو نەپەڕژابوونە سەر بەندکراوەکان دەنا هەموویان دەکوشتن، ئەوان هەر بەو ئومێدەوە شەڕیان دەکرد کە هێزی

بەعسییەکان بێن و ڕزگاریان بکەن، دوای ئەوەی خەلکی بەندیخانەکانیان شکاندبوو بینیوویانە بەندکراوەکان هێشتا ماون، چ خۆشییەك بووە کە چوونەتە دەرەوە، تۆ بیهێنەرە پێش چاوی خۆت..لێرەدایت و گوێت لەو هەموو زرمە و گرمە و تەقەیەی دەرەوەیە، دوو ڕۆژە شەڕێکی قورسە و لەپڕێکدا پێشمەرگە و میللەت دێن و ڕزگارت دەکەن.

هەریەکەی شتێکی دەوت، دونیا ئیتر گۆڕابوو، ڕۆژێکیتر بوو و کەس نەدەترسا جگە لەو عەرەب و بەعسییانە نەبێت کە خۆیان شاردبۆوە و چاوەڕێی ئارامبوونەوەی بارودۆخەکەیان دەکرد، ئیتر خەلکی بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد و هەموو پێدەکەنین، لە دەرەوەی ئەمنەکەشدا، چەند لۆری و گەلابەیەك وەستابوون و لاشەکانیان باردەکرد، لاشەی بەعسییەکان کەڵەکە ببوون و لە شار دووردەخرانەوە.. مالی پارێزگاری شاریش ببووە جێگەی سەردانی خەلکی و پۆل پۆل دەڕۆیشتن و تەماشایان دەکرد، لەوێشەوە دەیانڕوانییە شارەکە و هەموو خەیاڵیان لای ئەو ڕۆژانە بوو کە بەسەریان هاتبوون و تەمەنیانی زەوت کردبوو، ئەو دیمەنانە هێشتان مابوونەوە و لەبەر نیگادا بوون، وەك خەونێکی دزێو و ناخۆش مابوونەوە بەلام لەژێر ڕووپۆشێکی تەلخدا.

-166-

لەهەموو لایەکی شارەوە هەر دووکەڵ بوون بەرزدەبوونەوە، ئاگری نەورۆز کرابۆوە و خەلکێکی زۆریش چاوەڕێی هەواڵی نوێی کەرکوکیان دەکرد، لەگەڵ تاریکبووندا دەنگی تەقەکردنێکی زۆر دەستی پێکرد و خەلکی وتیان:

- کەرکوکیش ڕزگارکرا.. کەرکوکیش گڕی گرت!

تەقەکردن بەئاسماندا کاتێکی زۆری خایاند، خەلکی بریندار ببوون بەو گوللە باریوانەی هێشتان سارد نەببوونەوە، لە ڕادیۆکانەوە ئاگادارکردنەوە ڕادەگەیەنرا کە خەلکی چەکدار دەست لە فیشەك تەقاندن هەلبگرن و ئەوانیش هەر بەردەوام بوون، یەکێك وتی:

- جگە لە تەقەکردن ئەم کوردە هیچ شتێکی تریان نییە گوزارشت لە خۆشییەکەیان بکەن، دیارە وا دەزانن ئەو گوللانە هەر دەڕۆن و ناکەونەوە سەر زەوی !! جگە لە تەقەکردن هیچ هۆیەکی ترمان نییە بۆ دەربڕینی خۆشییەکانمان، تەقەکردن و هۆڕن لێدانی وەڕسکەر و هیچیتر! ئەمە دەربڕینی داخە یان خۆشی؟!

بۆ چەند ڕۆژی دواتر، خەلکی هەموو دەیانزانی کە تەنها سەربازگەی خالید بە دەست سوپای عێراقەوە ماوە لە کەرکوکدا، یەکێك لەپێشمەرگەکان کە گەڕابۆوە، وتی:

- لە شەڕێکی نزیکدا بووین، چەکدارێك لە پەنایەکەوە هەر تەقەی دەکرد و نەیدەهێشت بچینە پێشەوە، دوو پێشمەرگەی لێ بریندار کردبووین و دیاربوو تەقەمەنی و فیشەکێکی زۆری لەلایە..لە هەر چواردەورەوە بۆی چووین و نارنجۆکمان بۆ هەلدا، دوای ئەوەی دەنگی بڕا، چووین و بینیمان ئافرەتێکە، یەکێك بوو لە چەکدارەکانی موجاهدین، تفەنگەکەشی کەلکی ئەوەی نەمابوو لەگەل خۆماندا بیبەین. ئەگەر پێشمەرگە ئەو ڕێگایەی پشتەوەیان لێ نەگرن، کە دەچێتە سەر موسل و لەولاشەوە بۆ بەغدا، ئەوا سەربازگەکە ناگیرێت و هەر یارمەتی بۆ دێت، سەربازگەیەکی زۆر گەورەیە و پڕە لە سەرباز و

تەقەمەنی، هەر بەهاوەن دەتوانین لێیان بدەین، ئەوانیش هەرەمەکی تەقە دەکەن و گوللە هاوەن دەگرنە ئەملاولایان.

## -167-

لەدوورەوە دەنگی گرمەی تۆپەکان دەهات.. لە سپێدەوە تاوەکو پاشنیوەڕۆ هەر بەردەوامبوون وخەلکەکە پرسیاریان دەکرد، ئەو لاوانەی بە شەقامەکەدا دەڕۆیشتن گوێیان لەو گرمانە دەگرت و دەیانوت:

- تۆپەکانی خۆمانن، لە قەرەهەنجیر شەڕە،حکومەت کۆپتەرەکانی ناردبوو و پێشمەرگەش لەو دەووبەرە تەقەی هەمەجۆریان لێدەکرێن، تانکەکان لەدوورەوە و کۆپتەریش بەسەریانەوە، پێشمەرگە شەڕەکەیان بردۆتە ناو گردۆلکەکانەوە و ناهێلن بستێك بێنە پێشەوە.

یەکێکی تریان وتی:

- تۆ باش گوێ بگرە، ئەمە دەنگی تۆپی ئێمە نییە، یەکەمیان کە دەتەقێت دوورترە لە گرمەکەی دوایی، ئەوە تەقاندیان، ڕاوەستە ... ئەوە کەوت!! کام دەنگەیان گەورەتر بوو؟!! باوەڕت بێت حکومەت دەیانهاوێت.

وتی:

- نەء .. ئەمە هی خۆمانە.. ئەها ئەوەش!! ئەوەش دوورتر! گوێت لێبوو؟!!

خەلکی لە دەنگی تۆپەکاندا دوودڵ بوون و ترسیان لێ نیشتبوو، لەسەر بەرزاییەکانیشەوە هیچیان نەدەبینی، دەنگی گرمەکان دووربوون و کەسێکیش ڕاستییان نەدەوت . نیوەڕۆ بوو، دوو ئافرەت سەرو

کۆڵێکیان بەپشتەوە بوو و بەرێیەکەدا دەڕۆیشتن، دوای قەیرێک کۆڵەکەیان دانا و لاوێک لێیان نزیکبۆوە، پرسیاری کرد.

- دەڵێی لەدوورەوە هاتوون! ئەمە چییە پێتانە؟!

یەکێک لە ژنەکان وتی:

- کنگرە، چووین بۆ کنگر و.. ئێمە خەڵکی ئەڵڵایین.

گەنجەکە وتی:

- ئەی بۆچی هاتوون، کنگرەکە دەفرۆشن؟!

- فرۆشتنی چی!! کۆیتەرەکان ناچاریان کردین...

- کچێ هیچ مەڵێ.. نا کاکە،هیچ نییە.

گەنجەکە سەری سوڕما و پێی وت:

- بۆچی هیچ نەڵێت، ئێوە خەڵکی ئەڵڵایین و کۆیتەرەکانی حکومەتیش بۆردومان دەکەن، وەنییە؟! تۆ بڵێی خۆمان کۆیتەرمان هەبێت! کەواتە کۆیتەر گەیشتوونەتە ئەڵڵایی!!

خەڵکی لەسەر رێیەکە بەپێ دەڕۆیشتن و پاسەکانیش زۆر کەم ببوونەوە، هەریەکەی شتێکی دەوت و لاوەکەش هەر کەسێکی دەبینی، چیرۆکی دوو ئافرەتەکەی بۆ دەگێڕانەوە، یەکێک پێی وت:

- کاکە..تۆ چۆن شتی وا دەڵێیت، بۆچی ورەی خەڵکەکە دەڕوخێنیت؟!

- من ڕاستی دەڵێم، دەشزانم کە دەنگی ئەو تۆپانە هی ڕژێمن و بەرەو ئێرە دێن، ئیتر بۆچی ورەیان دەڕوخێنم، خەڵکی سەریان لێشێواوە و کەس ڕاستییان پێ ناڵێن!! من خەمخۆریانم.

وتی:

قەرەباڵغی بوون و ئوتومبێلەکان خاوخاو دەڕۆیشتن و پیادەکانیش خێرا، دیمەنێکی دژوار بوو و ئیدی کۆڕەو بوو، کۆڕەوێکی تەواوی شار.

-169-

شار چۆڵ ببوو..ئەوانەی مابوونەوە هەندێکیان لە بەیانیدا بڕیاری ڕۆیشتنیان دا، بەڕێوەبوون و تانکەکان و ئیڤای سەربازەکانیش لە ڕێی سەرەکییەوە دەهاتن، تانکەکان گەیشتبوونە سەر پردی دووڕیانەکە و دوو خێزانیش خێرا چوونە ژێر پردەکەوە، سەربازەکان دابەزین و لە هەردوو لاوە ڕێیەکەیان لێگرتن، یەکێکیان لێیان نزیکبۆوە و وتی:

- ئەگەر ئەو ڕێککەوتننامەیە نەبووایە کە لەژێرەوە سەرۆکەکانتان کردوویانە، ئێستا نەماندەهێشت کەسێکتان بەزیندوویی بێننەوە، خوا بتانکات بە قوربانی ئەو ڕێککەوتنە.

ژنەکان چووبوونە بەردەمی کوڕ و پیاوەکانەوە و نەیاندەهێشت سەربازەکان بیانبینن، ترسی ئەوەیان هەبوو بیانکوژن..دوایی سەربازەکە وتی:

- بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە، خۆ چەکتان پێ نییە؟!

- نەخێر.

- دەبڕۆن، بە بێدەنگی بڕۆن و مەیەنە دەرەوە، هیچ نابێت.

ڕۆیشتن و یەکێك لە کچەکان وتی:

- باشە کە ڕێککەوتن هەبێت ئەی بۆچی خەلکی ڕۆیشتن؟! تۆ بڵێی ڕاست بکەن!!

دەمەونیوەڕۆ کۆپتەرەکان شاخی ئەزمڕیان بێژایەوە و خەلکەکە زاردترەك بوون، کۆپتەرەکان تەقەیان لە بناری ڕێیەکە دەکرد و هەندێك

به تفەنگی بێ قۆناغەوە دەستیان لێکردنەوە، پاش ئەوە کەوتنە گوللە هاوەن هاویشتن بەرەو بنارەکە و چەند کەسێك بریندار بوون، سەربازەکان پێدەکەنین و دەیانوت:

- کە نەتوانین بە ئارەزووی خۆمان لێیان بدەین، هیچ نەبێت بیانترسێنین.. چەندم پێ ناخۆشە ئاوا بە ئاسانی دەڕۆن و حکومەت فرمانمان ناداتێ!

هاوەنەکان دەیاندا بە شاخەکەدا و کەرتە شاخ و تاوێری گەورەیان دەبێژایەوە، بنارەکەیان هەپروون دەکرد و پێشمەرگەکانیش وەلامیان دەدانەوە..سێ کەسیش کەوتبوونە ناو دۆخەکەوە و لە کاتی ڕۆیشتنیاندا دروانیان کەوتنە چرپە چرپ، دواتر یەکێکیان وتی:

- ئەم ملۆزمە لەکوێوە بۆ ئێمە پەیدا بوو، وەرە بە ناو گوللەباراندا تالانی بکەیت، شەریکیشت بۆ پەیدا ببێت، ئەمە لەکوێوە دەناسیت ؟!
خۆ هیچیشی نەکرد! خوا دەزانێت خۆی لە کەرکوکدا چی دزیوە و پێمان نالێت!!

لە کاتی تەقینەوەی هاوەنەکاندا یەکێکیان نارنجۆکێکی هەڵدا بۆ ئەو کەسەی لەبارەیەوە دەدوا و نارنجۆکەکەش لەگەڵ تەقینەوەی گوللە هاوەنەکاندا ناوێتە بوو.

-170-

چەند ماڵێکی کەم مابوونەوە، شاری چۆڵ و جێهێڵراو سامناك دیاربوو، تانکەکانی ڕژێم گەیشتبوون و کەس نەیدەوێرا سەر بێنێتە دەرەوە، لەنێوەندی لێزمە باراندا چەند خێزانێك گەڕانەوە و سەربازەکان بە بینینیان هیچیان پێ نەوتن، ئەو دەمەی لە گۆشەی بازاڕ و سەر

ڕێیەکانیشدا فەردە ئاردیان دابەش دەکرد، هەندێك کەوتبوونە سەر تالانکردنی ماڵەکان، یەکێك لەو دزانە بە هاوەڵەکەی وت:

- لە کۆڵانەکەماندا تەنها ئێمەی لێماوین، بەبێ ترس کام ماڵە دەستنیشان دەکەیت بیکە.

لێرە و لەوێ چەند کەسێکی دیکەش هەڵیانکوتابووە سەر ماڵەکان و ئەوەی دەکەوتە دەستیانەوە دەیانگواستەوە، دوو کەس ئەرشێکی دزراویان بە سەربانەکاندا ڕادەکێشا و هەڵیاندەدایە ناو حەوشەی ماڵی خۆیانەوە، یەکێکیان وتی:

- بۆچی شار چۆڵدەکەن؟! با چۆڵی نەکەن و ماڵیان تالان نەکرێت، ڕەنگە سەربازەکانیش ئێستا خەریکی دزی بن، کێ بە کێیە، هەر کەسێکیش مابێتەوە و بزانێت ماڵە دراوسێکەی ئەولای دەبڕن ناوێرێت بێتە دەرەوە، ئێمەش هەر کەسێك هات تەقە دەکەین و دەڵێین ماڵی خۆمان لە پیاوخراپ دەپارێزین، ناهێڵین کەس نزیك بێتەوە، بەڵام هەر بە بێدەنگی ئیشەکە بکەین باشترە.

هاوەڵەکەی وتی:

- ئەگەر هاتینەوە وا دەزانن ئیشی حکومەتە،بۆچی ئەوانیش دزی ناکەن؟! زۆر گوناحە ئەم شتانە بکەوێتە دەستیانەوە! هەر خۆمان بیبەین باشترە، دەڵێین لە ترسی سەربازی برسی پاراستوومانە، بەڵام بزانە ماڵێك تەلەفزیۆن و ڤیدیۆیان بەجێهێشتووە! هەموو بردوویانن لەگەڵ خۆیاندا، ئاخر لەو دەشتودەرە چی لێدەکەن؟!

ناوبەناو لە گەڕەکەکانەوە تەقە دەکرا و سەربازەکانیش هاتووچۆیان بوو، تێکڕای دوکانەکانی ناو بازاڕەکەش داخرابوون و تەنها ئەوانە مابوونەوە کە لەسەر عەرەبانەکانیان خواردنیان دەفرۆشت، لەبەردەم سینەماکانیشدا خەلکەکە خەریکی یاری لگاوبوون و زارەکانیان

هەڵدەخڕاند، جگە لەو قەرەباڵغییە، شار هیچی دیکەی تێدا نەدەبینرا و سەربازەکانیش قوماریان دەکرد لەگەڵیاندا. زاری لگاو لە پەرداخەکاندا بەریەك دەکەوتن و خڕەخڕ و تریك تراکیان لە هەناوی ئەو خەڵکە دەچوون کە هەرگیز ئارامیان نەبوو.

## -171-

زۆرینەی خەڵکی گەڕابوونەوە و جادەکانیش هەمووی پیس و پۆخڵ بوون، ئەو خۆڵڕێژە پیرەی هەموو تەمەنی لەم سەر شەقامەدا بەسەربردبوو، وەکو جاران خەریکی پاککردنەوە و گسکدانی سەر شۆستەکان و لێوارەکان بوو، یەکێك لەناو هاوەڵەکانیدا وتی:

- ئەم کابرا پیرە چەند ساڵە هەر کەنناسە!! دونیا بە هەر شێوەیەك بگۆڕێ و چی تێدا بقەومێ، ئەو هەر لێرەیە و ئیشی خۆی دەکات! من بە باشترین مووچەی دەدەمێ.

پاشان بە شەقامەکەدا ڕۆیشتن و دەیانڕوانییە وێنەی شەهیدەکان کە هێشتاکە بەدیوارەکانەوە هەڵواسرابوون و باران و ڕەشەبا شێواندبوونی، یەکێکیان وتی:

- ئێمە لە ئێران بینیمان، تەلەفزیۆنی ئێران پیشانیدان کە چوونە لای سەدام، زۆرم پێ ناخۆش بوو کە مام جەلال و کاك مەسعود چوون بۆ بەغدا و دیکتاتۆریان بینی، لە دوای ئەو ڕاپەرینە مەزنەوە چۆن چوون؟! وتمان ئیتر ڕژێم نەما و هەموو شتێك تەواو بوو!

یەکێکی دیکە وتی:

- ئەگەر ڕێککەوتنیان نەکردایە ئێستا لەم شارەدا نەدەبووین، بەخوا هەر بە کیمیاوی و گازی ژەهراوی تر لەناوی دەبردین، بۆچی وا دەزانیت

سەدام دەیهێشت ئەو خەڵکە بڕۆنە سەر سنوور و ئێران و دەستیان لێنەوەشێنێت؟! بەپێچەوانەوە کارێکی باشیان کرد.

- کاری باشی چی!! مەسەلەکەمان زۆر چووبووە پێشەوە و ئەگەر ڕێککەوتنیان نەکردایە ئێستا دانیان نابوو بە مافەکانماندا!! هەموو دونیا هەڵدەستان و بێدەنگ نەدەبوون!

- هەموو کۆڕەو و ئاوارەیی ئەم میللەتەیان بینیووە، بزانم هیچ دەکەن! کۆمەڵکوژیش بکرایانایە وەکو ئێستا دەبوو، سیاسەت هەمووی بەرژەوەندییە ئەگەر ڕاستیت دەوێت.

-172-

ڕێپێوان بوو، هەرچی مامۆستاکان و فەرمانبەران بوون، ڕیز لە دوای ڕیز دەڕۆیشتن و بە دەنگی بەرز دەیانوت: سەر بۆ مووچە دانانەوێنین.

لە پاش ڕاپەڕینی دووەمەوە کە تانکەکانی ڕژێم سووتێنرابوون و ئەوانیش تەنها توانیبوویان گوللە تۆپێک لە دیواری ماڵێک بدەن، هەندێک پێکەوە قسەیان کردبوو:

- تازە کورد ناتوانێت هەڵبکات داموودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی حیزبی بەعسی فاشی لە شارەکاندا بێنن و دەبێت بۆ هەتایە بڕۆن و نەگەڕێنەوە، دەبێ حکومەت ئیتر مل بدا بە خواستی میللەت، ئیتر لە تواناندا نەماوە.

- بەڵام لەم کاتەدا.. دەڵێن کاک مەسعود بارزانی بۆ گفتوگۆ هێشتاکە لە بەغدایە، لێرەش وا ڕاپەڕین کرایەوە و حکومەتیان نەهێشت.

یەکێکی دیکە وتبووی:

- برۆین باشترە، ڕێی سوریا زۆر باشە و هەموو خەلکی ڕوودەکەنە ئەوێ، ئۆردوگا و کەمپی بۆ عێراقییەکان کردۆتەوە، لەوێشەوە دەڕۆینە ئەورووپا، وا بڕوات ئەم بارودۆخە شلۆقە زۆر دەخایەنێت، خەلکی سووتەمەنییان نییە و ئەم زستانە هەر بە خەلووز خۆمان گەرمدەکردەوە، نە غاز هەیە نە نەوت، کارەباش نییە و نەڕۆین تێدا دەچین، زۆربەی برادەرەکانمان ڕۆیشتوون و منیش دەڕۆم.

هاوەڵەکەی وتی:

- دایکم خەونی بینیوە.. وتی لە خەوما پێیان وتم سەدام چەند لەسەر کورسی تەخت بووە ئەوەندەی تریشی ماوە، ئێ باشە، ئەو بەشێوەیەکی ئاشکرا ساڵی حەفتاو نۆ بوو بە سەرۆك، تاوەکو ئێستا دەکاتە دوانزە ساڵ، بەو پێیە بێت تاوەکو دوانزە ساڵی تریش ئەم دیکتاتۆرە ناڕوخێت! بەمانای تا ساڵی دوو هەزارو سێ!! لە خەویدا وایان پێوتووە! مومکین نییە بگاتە دوو ساڵی تر، دوو هەزار و سێ دەڕوخێت بەپێی خەونەکەی دایکم!!

کەوتنە پێکەنین و ئەویتر وتی:

- بۆچی چییە؟! تۆ باوەڕت بە خەون هەیە!! گوێ لەو قسانە مەگرە، هەمووی قسەی پڕوپووچن.

ڕاپەڕینی سێیەمیش لەو کاتەدا ڕوویدا کە سەربازەکان بازگەیان لە دووڕیانەکەی سەرچناردا دانابوو و داوای پێناس و ناسنامەیان لە نەفەرەکان کردبوو، یەکێك لەوانەی قبوڵ نەکردبوو و فیشەکێکی نابوو بە سەربازەکەوە، ببووە تەقە و چەند هاوڵاتییەك کوژرابوون، ڕژێمیش لە دوای ئەو ڕووداوەوە، ناچار سوپا بچووکەکەی لەگەڵ کەرەسەی دامودەزگاکاندا کێشابۆوە و شارەکەی بە یەکجاری جێهێشتبوو، لە

یەکەم بڕیاریشدا مووچەی سەرجەم فەرمانبەر و مامۆستاکانی بڕیبوو و، ئەوانیش ڕێپێوانیان دەکرد، دەڕۆیشتن و بە دەنگێکی دڵیرەوە دەیانوتەوە: سەر بۆ مووچە دانانەوێنین. یەکێك لە مامۆستاکانیش لە چاوپێکەوتنێکدا وتی:

- هیچمان ناوێ تەنها ئازادی نەبێت، نامانەوێ دامودەزگای سەرکوتکەر بگەڕێنەوە و مووچەمان دەبڕن با بیبڕن، ئێمە جگە لە ئازادی هیچی ترمان ناوێت. بژی ئازادی، نا بۆ مووچەی سەرشۆڕیی.

## -173-

کۆمەڵێك مانیان لە خواردن گرتبوو، شەوی پێشتر لەگەڵ یەکتردا قسەیان کردبوو و بۆ ئەو مەبەستە لە شوێنێکدا کۆببوونەوە، هەریەکەیان دروشمێکی نووسراویان بە بەرۆکەوە بوو و ڕیزیان بەستبوو... ڕۆژی دواتر خەڵکێکی زۆر سەردانیان کردن و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەسەریان کردنەوە، وتیان:

- دەمانەوێت نەتەوە یەکگرتووەکان دان بە سنووری کوردستاندا بنێن و هێڵی سی و شەش بگۆڕن بە سی و چوار، تاوەکو ئەوێ خاکی کوردە و پێویستە جێبەجێ بکرێت، فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق ئیتر نەتوانن لەو هێڵەوە بترازێن و ناوچەی دژەفڕین ببەزێنن. یان حەمرین، یان تا ماوین دەجەنگین.

- نە نان دەخۆین، نە ئاو.. تاوەکو ئەم داواکارییەمان جێبەجێ نەکرێت مانگرتن ناشکێنین.

- داوامان بەرزکردۆتەوە هەمووومان بە ناوی گەلی کوردەوە، دەبێت هێڵەکە ببێتە سی و چوار و لە بڕیارەکەیان پاشگەزبنەوە.. تاوەکو ئەو هێڵە ناوچەی کوردانە و دەستبەرداری نابین.

فەرمانبەران و مامۆستایان و خوێندکاران، هەموو ڕژابوونە چواردەوری مانگرتووەکانەوە و بە دروشم و سروودی بەجۆش داکۆکییان لێدەکردن و پشتیوانی خۆیان دوپات دەکردەوە. لێزمەی بارانێکیش بوو، خەڵکەکەی هەموو خوساندبوو و دەیانڕوانییە ڕوخساری مانگرتووەکان، ئەوانیش لەژێر چادر و خێوەتەکاندا دانیشتبوون و دەیانڕوانییە خەڵکەکە.

شاعیران بە شیعری نەتەوەیی و کاریگەر بەشدارییان دەکرد و گۆرانیبێژەکانیش بە گۆرانی نیشتمان پەروەریی و ڕاتەکاندنی هەست و سۆزی گوێگران،مانگرتنەکە درێژدەبۆوە و هەندێك لە مانگرتووەکان لە توانا و وزەیاندا نەدەما، خەڵکیش لە بینینی ئەو دیمەنەدا دەیانوت:

- هەموویان دەمرن! بڕوانە ڕەنگ و ڕوخساریان، هەموو زەرد ولاواز بوون، وا بڕوات نە داواکارییەکەیان جێبەجێ دەکرێت و نە دەمێننەوە، هەموو دەمرن.. پێیان بڵێن وازبهێنن.

- ئەمانە قارەمانی میللەتەکەمانن، واز مەهێنن تاوەکو بەدەنگمانەوە دێن.

- هیچ کەس گوێ لە ئێمە ناگرێت، ئەوان هێشتاکە وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ نامانناسن و ئاوڕمان لێنادەنەوە ..هەزار شتی وا بکەین سوودی نییە، ڕێپێوان و.. کۆڕەوێکی گەورە و گرانیان بینی و دڵیان نەجووڵا !! بە ڕای من مانگرەکان وازبهێنن، سوودی نییە هەرگیز.

- دایکتان بمرێت، چییان لێ بەسەرهاتووە، تۆبڵێی لەژێرەوە هیچ نەخۆن؟! پیاو چۆن دەتوانێت ئەو هەموو ڕۆژە بمێنێتەوە ! دیارە جارجارە کوپێك شیر دەخۆن، پارچە نانێك!!

- هیچ ناخۆن، قارەمانن و خۆڕاگرن، تەنها دووانیان حاڵیان خراپ بووە، بە ئیسعاف ئەوانیشیان بردووە بۆ نەخۆشخانە، نازانم بوئێن چۆن دڵیان نابێت بە ئاو!!

ئوتۆمبێلەکانی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکانیش ناوبەناو دەهاتن و مانگرتوویەکی نوێیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد کە ئیتر لەتوانایدا نەمابوو.. ئاکامی مانگرتووەکان، لە نەخۆشخانەدا لەژێر چاودێریدا بوون و ئەو کاغەزەش وەك هەموو هەوڵەکانی پێشووتر بێ جێبەجێکردن هەروا مایەوە.

## -174-

برسێتی و گرانی بوو، لە بازاڕدا هەموو شتێك هەبوو و زۆرینەی خەڵکی هەر تەماشایان دەکردن و نەیاندەتوانی بیکڕن، کەسێك ئاوڕی لێنەدەدانەوە و بە ناچاری دەژیان .. جگە لە خۆراك و ئازووقە خەڵکی شار ئاوڕیان لە هیچ شتێکیتر نەدەدایەوە، خۆراك و خواردەمەنیش بۆ ئەوان تەنها شتە هەرزانبەها و ئێکسپایەر و ساختەکان بوون، خەڵکی وەك سەردەمانی زوو داریان بەکاردەهێنا بۆ چێشت لێنان و خۆشتن و تەنانەت بە خەڵووزیش خۆیان گەرمدەکردەوە، چەندین ماڵ بێ هۆش ببوون و گازی خەڵووزەکە لێیدابوون. ڕۆژێك دوو لاو، لەوانەی لە کاتی خۆیدا مۆدێلی نوێی جلوبەرگیان دەهێنایە شارەوە، بەرەو لای چایخانەیەك دەڕۆیشتن، لەلاوە چەند فەردە خەڵووزێك کەڵەکە کرابوون و پرسییان:

- خەڵووزی لوولەیە؟!

چایچییەکە وتی:

- هەموو لوولەن و باشترین جۆری خەڵووزە، پڕیشک ناهاوێژێ و نەرم دادەگیرسێت.

- حاجی مەجید، کام فەردەیە باشە بۆمان دابنێ.. بۆ ئێمەی دانەنێیت ئەی بۆ کێ؟! چاوێکت لێمان بێت، خەڵووزەکەی جاری پێشوو زۆر باش بوو.

چرا ولالە و گڕسۆز لە بازاڕدا دەفرۆشران و خەڵکی لە شوێنانەوە بۆیان دەهاتن، بلوریی باشترین پڕفرۆشی هەبوو و زۆربەی کوڕوکاڵ بە فرۆشتنیان خەریك ببوون، چونکە شەوانە، یان لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا تەنها یەك کاتژمێر کارەبا هەبوو.. کاتێك مەولودێك لە ماڵێکدا دەخوێندرایەوە، هەرچی گەڕەکەکە بوون لەوێ بوون، دیمەنی خواردن و برنج بە تایبەتی ببووە جوانترین دیمەن و هیچ شتێك هاوتای نەدەبوو، لە کاتی نان خواردنی ماڵە مەرلووەکەدا یەکێك وتی:

- ئەم گۆشتە گیاییە نەبووایە، سۆیا دەڵێم، حاڵمان زۆر خراپ دەبوو، خۆزگە هەموو ڕۆژێك پیاوچاکێك ئاوا مەولودی بخوێندایە!! ڕەنگی برنج جوانترین ڕەنگە!

کەسێکیتر بۆی خستە سەری.

- سفرە و خوان هەر سپی بکاتەوە بەسە.. ڕەنگی ئاشتییە! باشە ئەمە کەی دونیا هەرزانی و خۆشگوزەرانی بەخۆوە دەبینێت؟! دەترسم نەیبینینەوە!

- دوای پەرلەمان .. پشت بە خوا دوای هەڵبژاردن گرانی نامێنێت، وا دەڵێن.

یەکێکیش دوای ئەوەی تێری خواردبوو، وتی:

- وەختێ لە ئێران بووین، ڕۆژێك لە شاری مەریواندا کابرایەك وتی: ئێوە بۆچی هەڵاتوون؟ بۆچی ڕاپەڕینتان کرد؟! خۆ حکومەتەکەتان برنج و ڕۆن و شەکر و چای باشی دەدانێ! من ئەوەی ئێوەم هەبووایە شوکری خوام دەکرد و بێدەنگ دادەنیشتم..منیش پێم وت: باشە منیش هەموو مانگێك چی خۆراك هەیە بۆت دەکڕم و دەتدەمێ، بەڵام هەموو ڕۆژێکیش لەو چوار ڕایەدا، لەو فولکەیەدا چینێکی باشیشت لێدەدەم، بە شەق و بۆکس و قسەی ناشیرین بەڕێت دەکەم، ڕازیت؟! خێرا ڕۆیشت و جگە لە سەر ڕاوەشاندن هیچی تری بۆ نەمایەوە.

ئەوانەی گوێیان لێگرتبوو دایانە قاقای پێکەنین و یەکێکی‌تر وتی:

- تۆبڵێی دوای هەڵبژاردن کوردستان خۆش بێت!!

- بەڵێ، یاسا دادەنرێ و ئاوڕ لە فەقیر و هەژارانیش دەدرێتەوە، ئێستا هیچ یاسایەك نییە، هەر کەسە بە ئارەزووی خۆی چەکی پێیە و ماڵان دەبڕن، لە بازاڕیشدا فرتوفێڵ زۆر بووە،هەر ئافرەتن دەکوژرێن بە ناوی داوێن پیسییەوە، کەسێك دەکوژن و دەڵێن بەعسی بووە، پاکسازییە، وڵاتێکی بێ حاکم و پڕ لە دز و جەردە، خەڵکیش ناچار کەلوپەلی ناوماڵیان دەفرۆشن و دەڕۆن، وا بزانم ئەم شارە کەسی تێدا نامێنێ. شار هەمووی ئاودیوی ئێران دەکرێ و گیرفان پڕکردنە.

## -175-

لەسەر گۆشەی گەڕەکەکاندا خێوەتیان هەڵدابوو و لە ڕێی بڵندگۆوە ڕێنمایی بڵاودەکرانەوە، دەنگی گۆرانی و سروودی پێشمەرگە لێدەدران و لە شەقامەکانیشدا هەر ئوتمبێل بوون بە دەنگی بەرز گۆرانییان لێدەدا و پارچە پەڕۆیان دەشەکاندەوە، پەڕۆی ڕەنگینیان بەرزەکردەوە و وێنەی

سکرتێر و سەرۆکەکانیان نابوو بە جامی نوتمبێلەکانیانەوە، تەنانەت دوکاندار و دەستگێڕەکانیش پەرۆی حیزبەکانیان هەڵواسیبوو و، قووماشی نووسراو بە دارعەمود و پردەکانەوە بوون، هەر کەسەی بانگەشەی بۆ پارت و حیزبەکەی خۆی دەکرد و لە پڕوپاگەندەدا بوون.

دەنگی گۆرانی لە بنکەکانیشەوە بەرزدەبووەوە، بەردەمی قوتابخانەکان قەرەباڵغی و ڕیزبەستن بوون و خەڵکی دەچوونە دەنگدان، پەککەوتەکانیش بەشداربوون و بەسەر کورسی کەمنەندامانەوە هاتبوون، ئەو دەرمانەی لە پەنجەیان درابوو ماوەی ڕۆژێك هەر مابوونەوە و هەریەکەیان شتێکی دەوت:

- شەو تاوەکو درەنگ بەسەر بنکەکانەوە دەگەڕاین، هیچ شوێنێك ڕێگەیان نەداین دەنگمان بدەین، وتیان مۆڵەت تەواو بووە و ئیتر کەس بۆی نییە بێتە ژوورەوە.

- من سێ جار هەر خۆم دەنگم داوە، جارێکیان خێرا درەمانەکەم لە پەنجەم سڕییەوە و دیار نەبوو، جارێکیش بەهۆی ناسیاوێکمەوە خۆم پێداکرد!

- دەڵێن جگە لە لیستی حیزبەکان، لیستی ڕابەر نەماوە و پشت گوێیان خستووە، تەنها حیزب دەردەچێ و هیچی تر..بەڵام وا دوو ڕۆژە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕاناگەیەنن!!

- دوو حیزبە گەورەکە سەنگەریان بەرامبەر یەکتری داناوە، دەڵێن ئەنجامەکە ڕابگەیەندرێ دەستبەجێ دەبێتە شەڕ، ئەمە چۆن دیموکراسییەکە!! لە یەکەم ئەزموونداا ناوا بیربکەینەوە دواڕۆژمان چی دەبێت؟

تاوەکو سێ ڕۆژ دونیا کپ بوو و خەلکی کەوتبوونە مقۆمقۆ..
لەپڕێکدا دەنگێك بلاوبۆوە:

- کورد هەمووی بوون بە یەك، هەموو دەرچوون!

- دوو حیزبەکە پەنجا بە پەنجا کورسییەکانیان دابەشکردووە بۆئەوەی شەڕ نەقەومێت، جیاوازی نەماوە لەنێوان حیزبەکاندا و هەموو بوون بە یەك.

ئالایەکی گەورەش بەسەر یەکێك لە پردەکانی پەڕینەوەدا! هەلواسرابوو و هەردوو ڕەنگەکە ئاوێتە ببوون، لەسەر دیوارە گەورەکەی مالی پارێزگاری کۆنیشەوە، نووسرابوو: یەکێتی دیموکراتی کوردستان.

-176-

دەڕۆم، هەرگیز بەرگەی ئەم گرانییە ناگرم، لێرە کە ئازادی هەبێ و نان نەبێت هیچ سوودێکی نییە..نە کار و کاسپی هەیە و نە هیچ، ئەوەیشی دەستت دەکەوێت بەشی نانە سکی دەکات و نەی سووتەمەنی و نەی ئازانم چی!! لێرە بێنمەوە تێکدەچم، فەردەی ئارد زۆر گران بووە و بە هەزار دینارە، نەوت و غاز نرخیان فڕیون و بە خەلووزیش، ئەویش گرانبووە و ئەوەندە گازەکەی لێیداوین دونیای لەبیر بردووینەتەوە، ئەو هەموو هیوا و ئاواتەم هەبوون و وردە وردە دەپووکێنەوە، خەمی ژیان بارێکی قورسە و دەستی خستۆتە بینمانەوە، هیچ فەلسەفە و مەعریفەیەکیش داد نادەن و فریادڕەس نین.. ژیانمان کولەمەرگییە و لە سك هەلگووشین و دەست گرتنەوەداین، ئەو هەمووە دەبینم هەموو مامۆستا بوون و ئێستا شقارتە دەفرۆشن، عەرەبانەیان داناوە و

خـەریکی شـەکر فرۆشتنن، جلویـەرگی کۆنـە و تەنـەکۆرەش لـەولاوە بووەستێت، بووین بە سوالکەر.

تەنەکە ڕۆن هەر ڕۆژەی نرخێکی بەرزتری هەیە و ئـەو خەلکە بـێ ویژدانانەش نیوەی ژێرەوەیان پڕکردووە لە پەتاتەی کولیـو، فـەردە ئـارد پڕیەتی لە گەچ و مالەوە دەلێن بە هیچ شێوەیەك ناکرێتەوە و نابێت بـە نان!ئیـان لـەبری ئـارد دەرمـانی مـەلاریایان تێکـردووە! لـەو بـازاڕەدا قولپڕینێکە سنووری نییە، لەوەتەی ئەم خەلکە چاویان کەوتووە بە ئێران و گەڕاونەتـەوە خراپیـان لیّ بەسـەر هـاتووە..کەشیدەکەی بەسـتوویانە پڕیتـی لـە تەلەکـەبازی و هـەزار فرتوفێـلّ، حاجییـەکان کەعبـەیان بیرچۆتەوە و هەزار سوێندی درۆ دەخۆن و کـالاّ نابوتـەکانیان بـەگرانیش دەفرۆشنەوە، ناهەقی ئەوانەش ناگرم هەموو کەلوپەلێکی خۆیان هـەڕاج دەکەن و ئەم ولاّتە بەجێدەهێلن، ئەمەریکا لـەبری ئـەوەی دەست بخاتـە قوڕقوڕاگەی دیکتاتۆری تاوانبارەوە، هاتووە گـەمارۆی لەسـەر مێللـەت داناوە، لە تۆڕی ئاو و کارەبا دەدات وەك ئەوەی سـەدام بێبـەری بکـات! هاتن و ئێمەیان خستۆتە شـەوەزەنگەوە، گەڕاوینـەتـەوە بۆ چاخـەکانی ناوەڕاست و بـە خۆشـان دەلێین مـرۆڤ، هەسـتدەکەم لـە خـەونێکدام و ڕابوونم نییە، لەسەریشمە لێـی دەرنـەچم و تـاوەکو مـاوم بیچێـژم ..لـە سادەترین و ساکارترین مافی خۆم بێبەشم، ئەو مافـەی کـە بوونـەوەران هەیانە و... بـەلاّم ئێمـەش لـەو بەدبەختانـە دەچین، بۆ پـارووە نـانێك دەبێت هەزار کون بکـەین، وەختـیّ سـەگ و پشـیلە برسییەکان دەبینـم خۆمانم دێتەوە پێش چاو، بەرگەی ئـاگرم و هـەموو گـەنجێتی خـۆم لـەم بێدەرەتانییەدا خەرج ناکەم و بەسەر نابەم.

ئەو هەموو دزەش پەیدابوون، ئەو ڕۆژە لە بازاڕدا ڕپیان کردووە بە ملوانکەی کچێکدا و فڕاندوویانە، ئەنگوستیلەی ئالتون و بازنیان دەرهێناوە و بۆی دەرچوون.پیاو ناوێرێت کیسە نایلۆنێکی ڕەشی پێ بێت،چەندینیان کوشتوون و وایان زانیوە پارەیان پێ بووە،لە جەنگەڵیشدا شتی وا نەبووە و نەکراوە. بۆ هەزار دینار مرۆڤ کەلەپاچە کراوە و ژیانی کەوتۆتە دۆزەخەوە!! هەر تەقەیە و شەوانە لێرە و لەوێ و لە پەڕی شارەوە دێنە بەر گوێ، شەو نییە نەدەن بەسەر یەك دووماڵدا و خەڵکی زارەترەك نەکەن، هەر ئەوە ماوە دزەکان بشمانکوژن یان ئێمە دەستمان خوێناوی ببێت، هەر نۆرەی دوژمنایەتیشە کە خوێنمان وشك بکات!! ئاسایشیش پێیان ناوێرن و بیستوومە چەند چەکدارێکی ئەوانیش لەگەڵیاندا بوون، گوایە گرتوویانن و شتە دزراوەکانیان لێ سەندوونەتەوە.

دەڕۆم، زۆربەی برادەرەکانم ڕۆیشتوون و لە مۆسکۆوە چوون بۆ تالین، لەوێوە تەنها بە سەد دۆلار، باوەڕ بێت بە هەشتا دۆلار سواری کەشتی بوون و پەڕیونەتەوە بۆ کەنارەکانی سوید، ئیش دەکەم و هەر نەتوانم بە پێ دەیکوتم، وڵات بە وڵات دەڕۆم و خۆم ڕزگار دەکەم، لەوێ هیچ نەبێت دەتوانم یارمەتی ماڵەوەش بدەم، لێرە نەفەرێکیشیان لێ کەم دەبێتەوە و باشتریش، هەستدەکەم لێرە ناتوانم بەو کاسپییەی دەیکەم شوێنێکی باش پڕ بکەمەوە، بە قسەم دەکەیت دێیت و پێکەوە دەڕۆین، هەر چوار پێنج مانگە و فریای ماڵەوەش دەکەویت تاوەکو یەکە یەکە ڕایانبکێشیت بۆ لای خۆت، خەبەرت بێتەوە تاوەکو زووە دەڕۆین، ئەمە زۆر دەخایەنێت.

برادەرەکەی گوێی لێگرتبوو و وتی:

- منیش هەمان بیرکردنەوەم هەیە، دەڕۆین هەر بەم زووانە.ئێرە شوێنی مرۆڤ نییە.

چایخانەکەیان جێهێشت و لە دەرەوەش بەچەشنێکیتر شارەکە و خەلکەکەیان دەبینی،بینینێك کە پێشتر چاوانیان نەیبینیبوو.

## -177-

بە نۆرە نانیان دەخوارد، ئەوانەی نیوەڕۆ خواردبوویان، بۆ شێوکردن دەبوو نەیەنە پێشەوە، یان هەر ژەمەی کەمێك و هیچیتر، نانی بەیانی و بەرچایی لە زۆربەی مالەکاندا تەرك کرابوو..ژەمەکانیشیان زۆر کەم و بێ سوود بوون، دۆشاوی خورما لەگەڵ خورمادا سەرەکیترین خواردن بوون، یاخود تەماتەی فلیقاوە و هەرزانبەها، ڕۆژێك کوڕێك بە دایکی وت:

- ئەم نانە تیریـەش کەس تێر ناکات، ئەوەندە تەنکە بەری دڵ ناگرێت !!

- کوڕم، لە خوا بەزیاد بێت کە ئەوەش هەیە، باووباپیرانمان باسی گرانی گەورەیان دەکرد و دەیانوت نانی بەڕوو و هەرزنیان خواردووە، وا دەزانم ئێستایە کە دەیانگێڕایەوە، هەیشە ئێستاش باسی شتی زۆر سەیر دەکەن، هەر ئێمە وا نین و برۆ لە ژنە دراوسێکانیش بپرسە.

لە ماڵێکی تریشدا، کوڕێك چوو بۆ گوزەری چەك فرۆشەکان و دەمانچەیەکی کڕی خۆی پێ بکوژێت. لە بازاڕدا خێرا ڕۆیشت و خۆی گەیاندە گەراجی پاسەکان، خەیاڵی سەیر سەیر بەمێشکیدا دەهاتن و بەشێوەیەك دەیڕوانییە ژیان کە بۆ دواجارە دەیبینێت. لە سەرچنار دابەزی و خۆی کرد بە بەری درەختەکانی قلیاساندا، دەمانچەکەی

دەرهێنا و میلی هێنایەوە..دەنگی پێیەك بـۆ لای خـۆی كێشـی كـرد و دەمانچەكەی شاردەوە، گەنجەكە لێی نزیكبۆوە و وتی:

- خۆشناو ! ئەوە چی دەكەیت لێرە؟!

نەیناسییەوە، لەخۆوە وتی:

- هیچ، تۆ هەقت چییە؟!

- من كامەرانم، نامناسیتەوە؟ لە نـاوەندی پێكـەوە بوویـن، ئێسـتا منت ناسییەوە؟ چۆن نامناسـیتەوە؟!

كەوتنە قسە و كامەران وتی:

- چیت بینیووە؟ ئاگام لێبوو دەمانچەكەت دەرهێنـا، چییـە دەڵێـی بووی بە پێشمەرگە!!!

پێكەنین و دواتر پێی وت:

- نیازت نییە بڕۆیت؟! من دەڕۆم، ئاسـیاوێكم لـە زاخۆیـە، زۆر لـە شوفێری لۆرییەكانی توركیا دەناسـێت، وتـی وەرە و بـەواندا بـە قاچـاخ دەتبەمە ناو توركیاوە، لەوێشەوە دەڕۆم، ئەمە كەی ژیانە!! دڵمان خۆش بوو دوای هـەڵبژاردن دونیـا خـۆش دەبێـت، وا هـەردوو حیزبەكـەش لـە پەكەكە دەدەن، شەڕ لە كوردستاندا كۆتایی نایەت، دەڕۆم.

وتی:

- بڕۆ، تاوەكو ڕۆژێك زووتر بڕۆیت قازانجتە، ژیان زۆر بێ تام بووە.

- ئەی تۆ بۆ ناڕۆیت؟! بۆ نایەیت پێكەوە بڕۆین! من تەنـها خـەمی ئەوەمە شارەزای ناو توركیا نیم و بە تەنیام.. پارە گرفتێك نییـە، هـەر ئەوەندەی بگەینە زاخۆ، ئەو ئاسیاوەم بەخۆڕایی دەمباتە ئـەوێ، ئەگـەر دێیـت، پێكـەوە دەڕۆیـن و ئیـش دەكـەین، ئاسیاوەكەم وتـی كاغـەزی كەمپەكـەی سیلۆپیشـت بـۆ دروسـت دەكـەم و پۆلیـس نـاتوانێت لـەناو توركیادا بتگرێت، ئێستا چاوەڕێمـە، ئـەو لـەوێ خـەریكی بازرگانییـە،

وەرە بڕۆین، چی دەکەیت لێرە، نە نیشێك هەیە نە کاسپییەك، پێنج سەد دینار زۆریشی زیادە، ئەو دەمانچەیەت شتێك هەر دەکات.

خۆشناو تەماشایەکی دەمانچەکەی کردەوە و سەری ڕاوەشاند، لە دڵی خۆیدا وتی:

- هیچ نەبێت با فیشەکێکی پێ بتەقێنم.

فیشەکێکی بە ئاسماندا تەقاند و لە کاتی دەرچوونی فیشەکەکە و گەڕانەوەی میلەکەدا، پەنجەی بریندار بوو و کامەران وتی:

- کەی تۆ و دەمانچەیان وتووە! خۆ پەنجەی خۆتت بریندار کرد!!

## -178-

لە شەڕی پارتە بچووکەکان ڕزگارمان بوو ئینجا نۆرەی خۆیانە، دەڵێن هەڵبژاردنەکان ساختەکاریی تێدا بووە، پارتی دیموکرات دەڵێت ئێمە بردوومانەتەوە، دەنگمان زیاتر هێناوە و یەکێتی نیشتمانیش قبوڵی نەکردووە، ئەی ئەوە نەبوو سێ ڕۆژ دواتر ئەنجامی پەرلەمانەکەیان ڕاگەیاند! دەترسان شەڕ بقەومێت و ئەوا قەوماش... لە هەولێر شەڕێکی گەورە بووە، یەکێتی لیوایەکی تایبەتی زۆری دروست کردبوو و ئەوانیش یەکگرتنەکەی پاسۆك و سۆشیالیستیان لەگەڵ خۆیاندا گرێداوە، دەڵێن هەموو چوونەتە ناو پارتییەوە و، تەنها ڕەسوڵ مامەند چووەتە ناو یەکێتییەوە،کاك حەمەی حاجی مەحمودیش حیزبەکەی خۆی لەو هاوپەیمانییە کێشاوەتەوە.. ئێستا هەولێر بە دەست یەکێتییەوەیە، باسی هەڵبژاردن کرایەوە و شەڕ هەڵگیرسا.. ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو قۆناغەوە !! دیموکراسی گاڵتە نییە..وا کوڕ و باوك،برا و برا قسەیان پێکەوە نەماوە، خزمایەتی ئەوە هەر هیچ، نازانم

ئەم میللەتە هەموو بۆچی بوونەتە دوژمن لەیەکتری! دڵمان چەند خـۆش بوو کە ئەو زاڵمەی بـەغدامان لـە کـۆڵ بۆوە.. کـەچی ئێسـتا یـەکتری دەخۆین و گەورەترین دوژمن هەر خۆمانین، کورسی چییە لە پەرلەماندا شەڕی لەسەر بکرێـت، ئـەو میللەتـە دامـاوە خۆشـگوزەرانییان دەوێ و پێویستە ئاوڕیان لیٚ بدرێتـەوە، نـەك هـەر ڕۆژەی شـەڕێك بـە نـاوی شتێکەوە بقەومێ و گەنجی ئەم کوردستانە لەخۆڕایی بکوژرێن. کورسی ئەگەر بۆ بەگەڕخستنەوەی ژیانمان نەبێت نازانم چییە!

ئاخ!!! دوژمنـانیش لـەدوورەوە تەماشـامان دەکـەن و لەژێریشـــەوە خەریکی فاك و فیکن.. تورکیا و عــێراق و ئێران، سـوریاش. هیچیـان خۆشـی ئـەم میللەتـەیان نـاوێت و دەسـت وەردەدەنـە کاروبارمانــەوە و ناهێڵن بە ئاشتی و ئارامی دابنیشین.

چایچییەکە چایەکیتری بۆ هێنا و وتی:

- گوێـی مـەدەرێ، خـوا چاکیـان بکـات، ئەمـــە شـــەڕی کۆنیانـــە دەیکەنەوە.

هاوەڵی کابرا پێکەنی و وتی:

- خەلکی بێزاربوون، گەنجی تێـدا نـەماوە ئـەم شـارە، ئـەو هـەموو خێزانە هەر ناوماڵیان دەفرۆشن و بەڕێدەن، لێرەش وەهابییەکان دروست بوون، ئیسلامییەکانیش خەریکی ئەمـــەر و ئەوسـەرن و نـازانم.. ئـەو هەموو حیزبە لە کوردستاندا هـەبێت هـەرواى لیٚ بەسـەر دێـت، جـاران بیرمە هەر مەلا مستەفا هەبوو، ئینجا هەموو دونیاش بـەهۆی ئـەوەوە کوردیان ناسیٚ، نازانم کیٚ بووە وتوویەتی، پێنج سەد چەکداری بـارزانیم هەبووایـە هـەموو دونیـام داگیر دەکـرد، هـەر ئـەوان هــەبوون لەگـەڵ شیوعیەکاندا، نـەك وەك ئێســتا، میللـەت پارچـە پارچـە بـووە و هـەر

کەسەی بۆ خۆی، بەرژەوەندی خۆی دەوێت، کورد ڕزگارکردن وا نابێت، ئەگەر ڕاست دەکەن هەمور دەبنە یەك و داوای مافەکانمان دەکەن، نە دەبنە دیکتاتۆریش، خۆ ئەگەر لەپێناوی ئاسایشی خەڵکی و هەرزانی و خۆشگوزەرانیدا بشبنە دیکتاتۆر قەیدی نییە، گرنگ ئەوەیە لێرە ژیان هەبێ و ئاوا دەربەدەر و سەر لێ شێواو نەکرێن و هەریەکەی ڕوو بکاتە وڵاتێك، تەنانەت دینداریەکەش وەك جاران نەماوە.. ئەو ڕۆژە لە مزگەوتدا نوێژی جومعەمان دەکرد، وەهابییەك لە تەنیشتمەوە بوو، قاچی تەواو بڵاوکردبۆوە و هەردوو دەستیشی بەسەر سنگیدا نووشتاندبۆوە،دەتوت کاراتی دەکات! پێم وت: کاکە وەها نوێژ ناکرێت تۆ ئاوا قاچت بڵاو بکەیتەوە، هیچ نەبێت جێگەی منت تەنگ کردووە، بڕوات هەبێت هەر تەماشایشی نەکردم و دەتوت ئەو دیوارەیە، من نازانم، ئەمە ئەوپەڕی سەرلێشێواوییە.

-179-

لیستی خۆرادەمەنی لە بازاڕدا بڵاوبۆوە و خەڵکەکە دەیانکڕی، هەمور سەیریان دەکرد و پێدەکەنین، یەکێك لەسەر شۆستەکەدا هاوڕێیەکی خۆی بینی و پێی وت:

- لیستەکەت بینی؟! ئەگەر ڕاست بێت شتێکی زۆر باشە، نیتر برسێتی نامێنێ و هەرزانی و خۆشی ڕوودەکاتە ئەم وڵاتە، دونیا گۆڕاوە، خەڵکی هەمور دڵیان خۆشە.

وتی:

- باوەڕم پێی نییە، جارێ با ئەوتەکە بڕوات، خوا دەزانێت ئەمە کێ بڵاویکردۆتەوە! تۆ بە جوانی سەیری بکە، ئەم خەڵکە لەخۆیانەوە بڕوا

بە هەموو شتێك دەكەن، لیستەكە بە باشی بخۆێنەرەوە ئەو وەختە بۆت ڕووندەبێتەوە كە درۆیە، ئەمبە دەڵێی لیستی كارمەندە بیانییەكانی ڕێكخراوەكانە، یان ئەوانەی بارەگای نەتەوە یەكگرتووەكان، شتی وای تێدایە درۆكە لەوێدا دەردەكەوێت، هەر ئەفەرەی چوار ساسی تێدایە، هیچ كەسێك بە مانگێكیش دانەیەك بەكاردەهێنێت؟! یان ویسكی و خواردنەوەی گازی و ئەو هەموو پاكەتە جگەرەیە!

- بۆچی ؟! عێراق دەزانیت چەند دەوڵەمەندە، ژێر ئەم خاكە هەمووی نەوت و كانزایە، لە ڕاستیدا ئەو بەشە هێشتاكە هەر كەمیشە كە دایانناوە!

- ڕاستت دەكەیت، بەڵام كێ گوێ بە گەلانی عێراق دەدات!! هەمووی نەوتە خۆ بۆ ئێمە نییە، نەوت وڵاتی ئێمەی كاول كرد.. خۆزگە یەك دڵۆپی تیادا نەدەبوو، ئێستا ئێمە لە شوێنی كرواتیا و بۆسنەو بوریانیە دەبووینە دەوڵەت و وەك میللەتێك دەسەلمێنراین، بەڵام كەوتووینەتە ڕووبەڕێكی نەوتییەوە و دونیا چاویان تێبڕیووە،پاشان بۆ ببینە دەوڵەتیش؟! مانگەشەو سەر لە ئێوارەوە دیارە،ئێمە هێشتاكە نەبووین بە هیچ لەناو خۆماندا شەڕ دەكەین،ببین بە دەوڵەت و هەروا بیربكەینەوە، باوەڕت بێت یەكتری دەكەین بە دوو لەتەوە، ئەویش ئەگەر شتێك مابێت پێی بڵێین باوەڕ!! ئەو دیكتاتۆرەی بەغدا ئەختێك دەماری پیاوەتی هەبووایە ئێستا وازی دەهێنا و كورسییەكەی جێدەهێشت، میللەتەكەت ئەوەندە برسی بێت و بۆ خۆیشت لە هیچت كەم نەبێت، ئەمە چۆن سەرۆكێكە!! سەرۆك تێر بێ و میللەتیش برسی! هەرگیز شتی وا بووە؟! ئەی تۆ نوێنەری كێیت؟ نوێنەری برسییەكانیت! ئەوان دەڵێن تاوەكو سەدام لەسەر حوكم بێت گەمارۆی ئابووری دەمێنێتەوە،

ئەی بۆچی لاناچێت ئەگەر سوودی گەلەکەی دەوێت؟! گەلی عێراق دوای ڕاپەڕینی ساڵی نەوەدو یەك، هەر نەوەندەی لە دەست دێت، دەشیانتوانی ڕژێمی بەعس بڕوخێنن، دەستیان دایە بن باڵی و نەیانهێشت، ئەی کۆیتەری بەکارنەهێنا بە ناوی گواستنەوەی سەرانی بەعس؟! بۆ ڕێگەیاندا؟ کوردیان لە کەرکوك پێ دەرنەپەڕاند؟! نەوتەکە لە قازانجی هاوپەیمانانە ماوەتەوە و ناڕوات، بیرە نەوتەکان هەموو یەدەگن بۆ پاشەڕۆژی خۆیان، با جارێ نەوتەکە بڕیاری چوونە دەرەوەی لەسەر بدرێت ئەو دەمە لیست بڵاوبکەنەوە، منیش دەتوانم سبەینێ لیستێکی بەو شێوەیە بە ئارەزووی خۆم دروست بکەم، ئەوە خۆڵە دەخرێتە چاوانەوە، کوڕ ئەو کوڕەیە فریو نەخوات، ئەگەر ڕاست دەکەیت برۆ لە ڕێکخراوێکدا خۆت دابمەزرێنە .. ڕێکخراوەکانیش هاتوون ئایەکسانی بڵاودەکەنەوە، خەڵکی نانیان نییە بیخۆن! کەچی ئەوانیش هاتوون موچەی کارمەندێکی کورد دە گەڵا و بیست گەڵا دەدەن، هەیانە سی وەرەقە وەردەگرن! ئەمە ناردەنییت چی؟! برۆ بزانە چەند وەردەگرن، هەر دەشکرۆزێنەوە و دەڵێن نیمانە، ئەی فەرمانبەر و مامۆستا هەیانە؟! کێ ئەوەندەی دەست دەکەوێت؟! تەنانەت ئاوڕ لە ماڵی باوك و برایشیان نادەنەوە، پەیوەندی کۆمەڵایەتییان بە تەواوی پچڕاندووە و نایانەوێت کەس ببینن!! خوا خوایانە دڵی هەموو ئەوانەی دەیانناسن لە خۆیان برەنجێنن و سەردانیان نەکەن، برادەرەکانی زوویان واز لێهێناون و لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا هەستان و دانیشتن دەکەن کە وەك خۆیان هەیانە و پێویستییان بە یەکتری نییە، تەنها بەرژەوەندی نەبێت، هەیانە خۆیان دەشارنەوە و نایانەوێت گوێشیان لە خەڵکی بێت، ئەوەش لە واسیتە و ناسیاوی نەبێت دەست ناکەوێت، برۆ و لەوێ ئیش بکە، بزانم

ئیتر سڵاوم لێدەکەیت؟! بزانم بە هەموو شتێکی ئەو بیانییانە ڕازی نابیت و ناوێریت هیچیش بڵێیت؟! بڵێن وەرە سەرناوەکەشم بۆ پاك بکەرەوە دەچیت، داوای شتی سەیرسەیریشت لێدەکەن، ئەوان لەسەر خوانی نان خواردن لوتیشیان پاك بکەنەوە پێیان ناڵێن کارێکی دزێوە، بەڵام کوردێك وا بکات هەزار قسەی پێدەڵێن و بەرژەوەندی کوێری کردوون، ژیانی ئێرە شاوا ناچارییە، پیاو وای لێهاتووە لە ماڵەکەی خۆیدا سەرکز دابنیشێ و نەیەتە دەرەوە تا دەتۆپێ.

لە بازاڕیشدا هەر خەڵکی بوون بە دوای لیستەکەدا دەگەڕان و پێکەوە قسەیان دەکرد، شتی سەمەرەیان لەبارەوە باسدەکرد و ئومێدیشیان زۆرتر.

لە شەوێکدا بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك جێبەجێ کرا و شار بوو بە تەقەی خۆشی، هەندێك گوللەی بێ کەی سییان تەقاند و بڕێکیش گوللە دۆشکە و ئاسمانیش هەمووی فیشەکی گڕدار بوو، زرمە و گۆمەیەك بوو لە وێنەی نەبوو، خەڵکیش دەیانوت:

- ئۆخەی خوایە، گرانی و برسێتی تەواو.. ئەو دۆلارەش نەبووایە کە لە ئەورووپاوە دێتەوە بۆ خەڵکی، ئێستا هەموو لەبرسا دەمردین! ئەو میللەتە داماوە چییان نەبینی؟! ئەم شەڕی براکوژییەش تەواوبووایە و یەکێتی و پارتی ئاشت بنەوە هیچمان ناوێت، هەر هیچ!

-180-

تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان بە بەردەوامی ڕاگەیاندنی حیزبییان بڵاودەکردەوە و خەڵکیش هەموو گوێیان لێگرتبوون، خواردن دابەشدەکرا و هەموو گلەییان لێی هەبوو، دەیانوت:

- چی خۆراکی کۆن و عەمارەپۆیە هێناویانەتە ئەم وڵاتەوە و خەڵکی تووشی هەزاران دەرد و نەخۆشی بوون، وڵاتانی عەرەب تێکڕایان خەنیبوون بەم بڕیاری ناردنە دەرەوەی نەوتە و چی شتی ئێکسپایەر و بێ کەڵکە بۆ ئێمەی ڕەوانە دەکەن.

- خۆم هەر دەمزانی بڕە خۆراکێکی خراپ دابەش دەکەن، باشییەکەی تەنها ئەوەندەیە نرخی بازاڕی داشکاندوە و هیچیتر.

- دەڵێن نەتەوە یەکگرتووەکان بەم بڕیارە بۆدجەی ساڵانەی خۆی بەرزکردۆتەوە، نەوتەکە نەرژیشتایە دەستیان نەدەرژیشت.

لەسەر جادەکانیش باسوخواسی ڕەوشی نوێ و باروودۆخەکە بوو، کۆمەڵ کۆمەڵ گەنجەکان ڕادەوەستان و باسی شتی هەمەجۆریان دەکرد.

- بەعس زۆربەی کوردەکانی کەرکوك و ئەو دەوروبەری دەرکردووە و هەموو هاتوونەتە ئەم شارەوە، لادێیش لەولاوە بووەستێ، نازانم لادێیی بۆچی ناگەڕێنەوە بۆ گوندەکانی خۆیان و ئەم شارە بەرنادەن، ئیشی ئێمەشیان گرتووە و لە پێش ئێمەشەوە دەچنە هەندەران و وڵاتانیان پڕکردووە، ئابڕووی کوردیشیان لەوێ بردووە و شتی سەیریان لێ دەگێڕنەوە!

- ڕژێمی دیکتاتۆریش ناوبەناو تی ئێن تی دەنێرنە کوردستانەوە و زرمە لە شوێنێك هەڵدەستێنن، ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە سەر جادە و نزیکی شۆستەکان دەوەستێ بە باشی ئاگاتان لێیان بێت، نەك هەموویان مینرێژکراوبن.

- سێ و کیسەڵە هەر ڕێکخراوەکان خۆیان هێناویانن، برادەرێکم وتی لە ڕێیەکدا دەمانبینی یەکێك لە ئۆتۆمبێلەکانیان زوو زوو قتوویان بەملاولادا فڕێدەدا.. وامانزانی دەخۆنەوە، قتووی فڕێدراو زۆر بوون و لە

شوێنێك دابەزین، سەیری یەكێك لەو قتووانەمان كرد، بینیمان هەمووی گەرایە!!

## -181-

بە هیچ شێوەیەك نامەوێت ئەم برایەت سەردانمان بكات، چی دەڵێم بە پێچەوانەوە ڕەفتار دەكات، دەیەوێت ئێرەش بكاتە مەیدانی شەڕەكان، سەر بە هەر پارت و ڕێكخراوێكیت بۆ منی باس مەكە.. ئەو لە دژی من ئەو شتانە دەڵێت.

ژنەكەی وتی :

- چۆن نایەتە ئێرە !! ماڵی خوشكی خۆیەتی و بە ئارەزووی خۆی دێت، ئەو هەر بیروباوەڕێكی هەبێت تۆ هەقت نەبێ بەسەریەوە، ئەگەر تۆش حەز بەو جۆرە قسانە نەكەیت درێژە بە مەسەلەكە نادەیت.

كابرا بەتووڕەییەوە وتی :

- ئینجا ئەوە بیروباوەڕە؟! من بم لەجیاتی ئەو برایەت سەری خۆم هەڵدەگرم، دوای حیزبێكی وا كەوتووە كە بە هیچیش تەماشای ناكەن، بیروباوەڕێكی كۆن و لەكاركەوتوو.

ژنەكەی وتی :

- كورد بۆ وایان لێ بەسەرهاتووە؟! حەز بە چارەی یەكتری ناكەن و دوژمنی ڕاستەقینەی خۆیان بیرچۆتەوە! شوورەیی و نابڕوومەندانەیە ئەم جۆرە بیركردنەوانە.. تازە خێر لە خۆمان نابینین، ڕاستیشت دەوێت خەتای ئێوەی پیاوانە كە بەم شێوەیە داكۆكی لە حیزبەكان دەكەن.. براكەی من خۆی موسڵمانە و پەیوەندی بە هیچ حیزبێكی ئیسلامییەوە نییە.

- ڕاست دەکەیت، سمێڵ و ڕیشی هەموو بەڵگەیەکە، ئەو کەسانەی کە لەگەڵیدان هەموو وەك ئەون، ئەمانە موسڵمان نین و خوا دەزانێت سەر بە کوێن، یان لەژێرەوە دیارە پارەیەکی زۆریش وەردەگرن، لەمڕۆوە نامەوێت بێتە ئێرە و تەواو ، دونیا گۆڕاوە.. لەم کاتەدا وەختی وانە وتنەوەی کۆن نییە و وا تەماشامان دەکەن هەموو کافرین، تازە بەتازە ئێمە دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی شمشێر و فتوحاتەکان..کە ئەو کچ و ژنە لەچك لەسەرانەش دەبینم ئەوەندەیتر خۆمان بە دواکەوتوو دێتەوە پێش چاو، بە کۆڵانێکدا بڕۆیت و یەکێك لەوانە ببینیت، بەلاتدا ڕەتدەبێ و سەر دادەنەوێنێ، وەك ئەوەی دڕندەی ببینێت!!

ژنەکەی سەری ڕاوەشاند و پێی وت:

- ئەمە ئەوان! ئەی خۆ ئێوە دانی خێر بە هیچ حیزبێکی تریشدا نانێن، کەسیش ناوێرێت ڕەخنەتان لێ بگرێ و دەستبەجێ پیایدا هەڵدەشاخێن .. دیارە زۆر لە خۆتان ڕازین ، هەر خۆشتان باس دەکەنەوە و هێرش دەکەنە سەر ئەم و ئەو و دواییش هەر خۆتان دەیکەن بە ناخۆشی، قسە ناخورێت، کردەوە گرنگە، کێ بتوانێ کەموکوڕی ئەم میللەتە پڕبکاتەوە و چارەسەری بکات ئەوە جێی خۆی دەکاتەوە لە دڵیاندا، ئەوت و غاز نییە و زۆر گرانە، بزانم بۆچی گومرك خراوەتە سەر ئەوەش !! نرخی شتەکان بۆچی ئەوەندە بەرزبوونەتەوە، بیروباوەڕ چییە؟! خەڵکی چاکسازییان دەوێت گەر دەپرسیت!!

-182-

هەر ماڵ بوون کەلوپەلیان دەخستە ناو ئۆتۆمبێلەکانیانەوە و دەڕۆیشتن، شار چۆڵ دەبوو و کەسی تێدا نەدەما.. ئەوانەی مابوونەوە

گوێیان بە ڕادیۆوە نابوو و هەریەکەی شتێکیان دەوت، دراوسێکانی گەڕەکێك لەبەر دەرگاکانیاندا خڕببوونەوە و دەیانڕوانییە دیمەنی شارچۆلکردن، یەکێك لە خاوەن ماڵەکان خزمەکانی هاتبوون و دەیانوت:

- چۆن دەمێننەوە؟! شار وا هەموو دەڕۆن و ترسی تۆپبارانیان هەیە، حکومەت بێن هەموو گەنج و پیاوەکان دەگرن.

خاوەن ماڵەکە وتی :

- هیچ نابێت. ترسی نییە و دەمێنینەوە، تۆپبارانیش بێت بزانین چ ماڵێك ژێرزەمینێکی باشیان هەیە دەچینە ئەوێ، ئەم خەلکە بۆ ئەوەندە حەزیان لە دەشتودەرە؟! پاشان بۆچی حکومەت هەموومان دەگرن؟ ئەی پارتی لەگەڵیاندا نین! چۆن تەقوەتۆڕ دەبێت، یەکێتی بڕوات . شار جێبهێڵێت ئیتر شەڕ لەکوێدا دەکرێت، نابێت، شەڕ نابێ و ئەریۆیە یەکێتیش لە شار دەچنە دەرەوە.

- ئارەزووی خۆتانە، من هاتووم بەدواتاندا و هەقم نییە، ئێمە دەڕۆین.

سواری ئۆتۆمبێلەکانیان بوون و ڕۆیشتن، خاوەن ماڵەکە چووە لای دراوسێکەی و لەگەڵیدا کەوتە قسە، پێی وت:

- تۆ کابرایەکی ڕۆشنبیریت.. ئەم بارودۆخە چۆن لێکدەدەیتەوە؟! جاری خۆت دەڕۆیت؟

- من ناڕۆم.. ئێستا گوێم لە ڕادیۆکەیان بوو، پێش سەعاتێك لە خەلەکان بوون، ئێستا گەیشتوونەتە دوکان، بەمانای نە تەقە هەیە و نە شەڕو ڕەنگە کەمێکیتر بگەنە پیرەمەگروون،هێزی پێشمەرگە ئەگەر لە شەڕدا بن چۆن ئاوا بە ماوەیەکی کورت دەگەنە ئەو شوێنانە! ئەوەی لە هەولێر ڕوویداوە شتێکیتر بوو، تەنانەت ئەمەریکاش دەنگی نەکردبوو

کە سوپای عێراق لەشکرکێشییان کردبوو، ئەی فرۆکەکانی هاوپەیمانان لە بنکەی سەربازی تورکیا ئامادەن و پێیان نالێن چەکوشی ئامادە؟!

- بەڵێ وایە.

- ئەی بۆچی بستێك نەجوولان!! نە حکومەت دێ و نە هیچ ، تەنها ئەوەندەیە، ئەگەر شەڕیش لەنێوان دوو حیزبەکەدا بقەومێت، ئەوا بەدوور دەبێت لەم شارە، حکومەتی عێراقیش بە ناو حکومەتە، خەڵکی تازە فێربوون دەبابەیەك ببینن دەستبەجێ هەڵێن، ماڵی پوورم لە کەرکوك دادەنیشن، دەڵێن سەربازەکانی عێراق پارەی ڕۆیشتنەوەیان پێ نییە و لە ماڵان سواڵ دەکەن! پارە کۆدەکەنەوە و بەو شێوەیە دەگەڕێنەوە بۆ شارەکانی خۆیان، سوپایەك ئەوە حاڵی بێت نازانم بۆچی لێی بترسین، لە ماڵی خۆت دابنیشە و، ئێمە لە هیچ شتێکدا نین.. کەسیش لە مردن ناتوانێت خۆی بدزێتەوە، لێرە بێت یان لە هەر شوێنێکیتر، من هەر لێرەم و هیچیش ناقەومێت، تەنها خەڵکەکە دەربەدەر و ئاوارە دەبنەوە و کێشەی نێوان خۆیانە، ئەو هەموو هەوڵە دەدرێت و شەڕیش ناوەستێت، شەڕ شتێکی خراپە، ئەمڕۆ پێویستە بە گفتوگۆ گرفتەکان و کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

-183-

منداڵان کەوتبوونە سەر ماڵی لێپرسراوێك و کەلوپەلی ماڵەکەیان کێش دەکرد، لەلاشەوە دووکەڵ هێشتاکە لەو لاندکرۆزەرەوە بەرزدەبۆوە کە گڕی تێبەردرابوو، ژنێك لەوێوە ڕۆیشت و بە منداڵەکانی وت :

- کێ سووتاندوویەتی؟

وتیان :

- لێپرسراوەکە خۆی پێی وتبوون بیسووتێنن، دیارە ئیشی نەکردووە و ئەویش نەیویستووە بەو شێوەیە جێی بهێڵێت! ئەو وەختە سووتاندیان کە ڕۆیشتن.

کابرایەکیش لەوێوە تێدەپەڕی و دەیروانییە منداڵەکان، وتی :

- خۆ ئەمەش ڕاپەڕینەکە نییە وا ماڵەکانیان تاڵان دەکەن!! هەر کوردن و وەکو خۆمانن، ئەو شتانەتان بۆ چییە؟! ماڵی خۆتان حەرام مەکەن، ئەوەی شتی دزی بەرێتە ماڵیانەوە شتێکیان لێ بەسەر دێت.

دوو لاویش پێکەوە لەسەر شۆستەکەوە دەڕۆیشتن، یەکێکیان وتی:

- ئەو خەڵکە هەموو ڕۆیشتن و هیچ شتێك دیار نییە، نەدەبوو بڕۆن، تەلەفزیۆنەکەی یەکێتیت بینی؟! وتیان پەخشەکەمان بۆ ماوەیەك دەوەستێت!

- گوێم لێبوو.. ئەو خەڵکەی ڕۆیشتوون لە ترسا شاریان جێهێشتووە، ترسی حکومەت.. هەندێکیش لەوە دەچێت دوژمندار بن، چۆن بە بۆنەی سیاسەتەوە ئەم کوردە بوون بە دوژمنی یەکتر و پارچە پارچە بوون ، لەجیاتی ئەوەی بەرەنگاری دوژمنی گەورە ببنەوە و یەك دەنگ بن. ئەم حیزبانە خاڵی هاوبەشیان گرنگترە وەك لە ناکۆکی!

لە ڕێی سەرەوەشدا جیبێك خێرا بە شەقامەکەدا لێژبۆوە و کەوتنە تەقەکردن بەئاسماندا، هەندێك سەرجادەکەیان چۆڵ کرد و بینییان تەقەی خۆشی دەکەن، یەکێك وتی :

- دیارە ئەمانە لە هەڵەبجەوە هاتوون، پەرۆکەت بینی؟! یەکەم جێبی پارتین.

شەو هەر ئوتۆمبێل و لۆری بوون دەهاتنە شارەوە و هۆڕن لێدان بوو، خەڵکیش لەمبەر و ئەوبەردوە دەستیان بۆ بەرزدەکردنەوە و تا درەنگانێکی شەو هاتوچۆ بەردەوامبوو.

-184-

پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاردا بوون.. لە دوای نیوەڕۆوە بەردەکی سەرا قەرەباڵغی بوو و ناو حەوشەکەیشی خەڵکێکی زۆری تێدابوون، بوو بە گۆرانی وتن و ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ و شەویش چەند نوتمبێلێکی دیکە کەوتنەوە هۆڕن لێدان.. لە پاش ئارامبوونەوەی شاریش کە کارەبا کەم ببۆوە، لێرە و لەوێوە ڕۆژانی زوو هاتنەوە بەر باس، ئینجا حاڵ و گوزەرانی ڕۆیشتووەکان دەبیسترا و خەڵکی دەیانوت:

- خێوەتیان وەرگرتووە و هەموو لەوێ ماونەتەوە، ئەو دەشتودەرەش ئێستا سارد بووە!

- ئەی ناگەڕێنەوە؟! لێرە خۆراکەکەیشیان وەرناگرن ئەو خەڵکە، ژن ومناڵی داماو بێ کۆین و بایعی ماونەتەوە.

- دەڵێن لەوێ بەسەریاندا دابەش دەکرێت، بەڵام پێم سەیرە! تۆبڵێی ئیتر یەکێتی نەگەڕێنەوە بۆ ناو شار و لە چیادا بێننەوە!! هەر دەبێت بێنەوە.

- پێویستە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە، شەڕی براکوژی ئەزموونەکەمان دەخاتە مەترسییەوە، لە هەردوو حیزبەکەدا، ئەو چەکدارانە هەر برا وکوڕ و کەسوکاری ئێمە نین؟! هەر کوڕی میللەتەکەن و خوا ئەو دەستانە نەهێڵێت کە ناوا دووبەرەکی و شەڕ دەنێنەوە لەناوماندا، ئیتر حکومەت چۆن ناگەڕێنەوە!!

-جاران دوژمنانی کورد ئێمەی کوردیان دەکردە جاش و داشی بەر دەستی خۆیان، خوا ئەو خوایەیە ئێستا عەرەب بوونەتە جاشی کورد، دەهێنرێن و لە بڕیارێکدا دەگەڕێنرێنەوە!.. پێویستە ئیتر لەپێناوی ئەم

میللەتـەدا چـی نـاکۆکی و ناتـەبایی هەیـە نەیـهێڵن و بچینـە ڕۆژێکـی نوێوە، ئەوەی چەند ساڵە خەباتی بۆ دەکەین لەکیس خۆمانی نـەدەین و هەمیشە لەپێش چاوماندا بێـت، خـاڵی ناکۆکیمـان چەند زۆریـش بـن، ئەوەندەی خاڵی بەرژەوەندی ڕاستەقینە سەنگین نییـە و هەمیشـە خـاڵی هاوبەشمان گرنگترە، ئەگەر ئەوەمان لەبەر چاودا نـەبێت نـەبین باشـترە و دەفەوتێین.

خاڵی هاوبەش تەنیا میللەت بیری لێ دەکردەوە و لای حیزبەکانیش بوونی نەبوو.

## -185-

سەرمەند ئەو ڕۆژانەی بیرکەوتەوە.. یەکێتی گەڕابۆوە و پارتی شاری جێهێشتبوو، سێ ڕۆژ لەبەردەم مەڵبەندا هەڵپـەرکێ و زەماوەند بـوو، هـاوەڵێکی خـۆی بینیبـوو لەسـەر سنوور گەڕابۆوە..ڕوخسـاری خـۆر بردبووی و لێـوی قلیشـابوو و هـەتاو و کزەبا پێسـتی شـەقار کردبـوو، هاوەڵەکەی وتبووی :

- دوو ڕۆژ لێرە دەبم و خێرا دەگەڕێمەوە.

- بۆچی؟! نە شەڕماوە نـەم دەوروبـەرە و نـە هیـچ شـتێك، خـەڵکی هەمووی گەڕاونەتەوە، چیت بەجێهێشتووە؟!

- ناومان نووسیووە.. نـاوم نووسـیووە بـۆ سـوید و لـەکیس خۆمـی نادەم.

-لەکوێ ناوت نووسـیووە؟

-لەوێ، هاتن و ناوی هەموومانیان نووسی، خەڵکێکی زۆر لەوێ چاوەڕێی ئەوە دەکەن، حەیف وتیان ئوستڕالیای تێدا نییە، حەزم لەوێ بوو.

سەرمەند وتی:

- بە ڕای من ئەڕۆیتەوە باشترە، مادەم هەموو گەڕاونەتەوە بەمانای هیچ، ئەورووپای چی و شتی چی؟!

- چۆن؟! ئەورووپا لەکیس خۆم نادەم، نە ئێرانەوە دەڕۆین.

- بڕۆ، خوای دەکرد دەچوویتە سەر مانگ، بەڵام من هیچ بڕوام بەوە نییە و ئارەزووی خۆتە.

سەرمەند لەو دیمەنەوە چەند شتێکی تری بیردەکەوتەوە، شەڕی ناو چیا و هێرش و پەلاماردان، درێژبوونەوەی شەڕی براکوژی و بەردەوامبوونی، ڕک و لێکترازانی پەیوەندییەکان بە گەرمی و ساردبوونەوەی هیوا و ئومێدەکان، لە دوو تای بەرامبەردا بە هاوسەنگی.

## -186-

زۆرینەی ڕێکخراوە بیانییەکان کشابوونەوە، ئەو کارمەندە کوردانەش کە لە لایان ئیشیان کردبوو، هەموو ناونووس دەکران و لە چاوەڕێی ڕۆیشتندا بوون، بەشی یەکەمیان بەخێرایی ڕۆیشتبوون و گەیشتبوونە ئەمەریکا و کۆمەڵەی دووەمیشیان چاوەڕێی بڕیاری گەشت پێکردنیان بوون.

ترسی گەڕاندنەوەی ڕێكخراوەكان، بەتایبەتیش ئەوانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ئەمەریكاوە هەبوو، چوو بووە دڵی خەلكەكەوە و دوودڵ بیوون، دەیانوت:

- هەموو بڕۆنەوە و كوردەكانی ناو ڕێكخراوەكانیشیان ببەن، دیار حكومەت دێتەوە و دەیانەوێت عێراق بگەڕێننەوە بۆ ڕیزی نێو عەرەب و جاری جاران.

- گەمارۆی ئابووریشی لەسەر لادەبەن و هەر ملی ئەستوور دەبێت، هەرچی خراپە بەم میللەتەی كردووە و كەسێك نییە دادگایی بكات! هێشتاكە ڕژێمە فاشییەكەی ئەو ڕێز و حورمەتی زیاتری هەیە وەك لە ئێمە، وڵاتە عەرەبیەكانیش هەموو بووژاونەتەوە بە عێراق، لێرەش جگە لە قڕكردن و بەكۆمەڵ كوشتن هیچیتر بەشمان نییە، باوەڕم بە هیچ شتێك نەماوە،درۆیە..هەموو شتێك لە درۆ پێكهاتووە و درۆ گەمەیان پێدەكات.

- هەر خەلكە و ناوی خۆیان دەنووسن! كارمەندی ڕێكخراوەكان بە ئارەزووی خۆیان ناوی كەسوكار و ناسیاوەكانیان تۆمار دەكەن و دەیانبەن..ڕزگاریان بوو، دەڵێن فەڕاشەكانیش، پاسەوانەكانی بەردەم بارەگاكانیشیان ناونووس كردووە بۆ ڕۆیشتن، وا بڕوات كەسی تێدا نامێنێت!!

لە بازاڕیشدا ڕاكەڕاكەی عەرەبانەكان و دەستگێڕەكان بوو، بە كۆمەڵ سەر شۆستە و شەقامەكانیان جێدەهێشت و پۆلیسیش ڕاویدەنان، بڕێكیش لە خاوەن عەرەبانەكان وەك ئەوەی مێشیش میوانیان نەبێت، مابوونەوە و بێ باك بوون، نەدەجووڵان و دەتوت

تارماین پۆلیسەکان نایانبینن، خاوەن عەرەبانەیەك بۆڵە بۆڵی بوو و ناڕەزایی دەردەبڕی.

- ئەی بۆچی ئەو عەرەبانانە ڕاونانێن؟! یان لەژێرەوە پارەیان لێوەردەگرن و لەگەڵیاندا ڕێککەوتوون!! خوایە قبوڵی نەکەیت، لە هەموو زەمانێکدا فەقیر و هەژاران بەم دەردە دەبەن! ناهێڵن کار و کاسپی خۆمان بکەین، لە شەڕدا بووین و چەکمان هەڵگرتبوو، ئیتر شەڕی براکوژی ناکەین، ئەوپەڕی ڕێزە پاڵ بەم عەرەبانانەوە دەنێین، دیارە دەزانن زۆربەمان عەرەبانەمان بەکرێ گرتووە! ڕۆژانە دە دینار بدەین بە خاوەن عەرەبانەکان و بە پۆلیسیش! بۆچی چییە، ناهێڵن لەم وڵاتەدا دابنیشین، دەبێ بڕۆین و سەری خۆمان هەڵبگرین، دەڵێن دیمەنی جادە و سەر شۆستەکانتان ناشیرین کردووە، ئەی چی بکەین؟! هیچمان نییە و بەوە دەژین، ئەوکاتە ئەم جادە و شۆستانە جوان دەبن کە هەموومان شێت دەبین و لێرە و لەوێ بە پیسی و پۆخلی دەکەوین، ئەو کاتە جوان دەبێت، ئێوە ئاو و کارەبامان بۆ دابین بکەن، لە دوو بەنداودا کارەباکەت بەم شێوەیە بێت، ئاوت نەبێت!! هەر باشە کە ئێمە دەژین.

دوو کەسیش گوێیان لێگرتبوو و ئەویش بەناڕەزاییەوە عەرەبانەکەی کرد بە کۆڵانێکدا، یەکێکیان وتی:

- پارەی نووسینی هەموو تابلۆی سەر دوکانەکانیش وەردەگرن، دەڵێن تەنانەت نووسراوی سەر شووشە و جامخانەکانیش دەبێ بدەین، بۆچی ئێمە چیمان دەست دەکەوێت؟!!

ئەوەی تریان وتی:

- چاوەڕێی ئەو قاچاخچییەم بگەڕێتەوە، هەر بێتەوە دەستبەجێ دەڕۆم.

- ڕۆیشتنی چی!! ئەو هەموو لە ئاوەکانی یۆنـاندا خنکـاون، لـە بـەحری ئیجـە، مین و تەقـەلێکردنی سـەر سـنووری ئێران و تورکیـاش لـەولاوە بووەستێت، بیستت لـەم ماوەیـەدا تورکـەکان دەستڕێژیان لـە کۆمـەڵێك کردبـوو؟! هـەموویان کووشـتوون، لـەم وڵاتـە جوانانـەی دەوریشیان داوین!!

## -187-

دەیانڕوانییە سەربانی ئەو ماڵانەی سەتەلایتیان هەبوو، دیش و سێڵە پانەکان بە سـەربانەکانەوە بوون، منالەکان دەستیان بۆ ڕادەکێشان و بە دایك و باوکیان دەوت، یەکێك لە منالەکان وتی:

- ئەها ئەوەش!! ئەو ماڵەش هەیانە، هەموو دونیا دەبینن!!

ژنەکە وتی:

- بەخوا پیاوەکە ئێمەش دەمانەوێت.

- چۆن سـی و شـەش وەرەقـەی پێدەدەم؟ بـا هـەرزانتر بێـت، ئـەو برادەرەم بە سی و هەشت گەڵا کڕیویانە، با بزانین هـە مانگانە سێ وەرەقە وەردەگرم، لە بەیانییەوە تـاوەکو نییە، هەر کوفرە ئەو پارەیە بدەین بە سەتەلایت، بۆ چیمانە!!

ژنەکەی بەناڕەزاییەوە وتی:

- وەڕس بووین لە بینینـی کەنالـەکانی خۆمـان، یـان دەڕۆیـن، یـان سەتەلایتمان دەوێت، هیچ نەبێت لـەوێوە دنیـا ببینین! هیچ شتێکمان نییە دڵی پێ خۆش بکەین، هەر جومعەکانە بـۆ سـەرچنار و بـەکرەجۆ، ئەوە هەموو خۆشییەکەی ئێمەیە و منالەکانمان بە بینینی ئەو کەنالانـە

ئاقلّ بن و شتی باشی لێوە فێر بن، دنیا ببینین کە نەمانبینیوە، ئەمە کەی ژیانە!! خزمەکانمان هەموو هەیانە.

- بەوە ئاقلّ بن یان لە ڕێ دەربچن؟! وەلاّ ئیتر دەماخۆن.

- ئێمە تەماشای ئەو کەناڵە خراپانە ناکەین، ئەوانە دەسڕینەوە.

## -188-

عەبدوڵلا ئۆچئالان گیرابوو و خەڵکی لە چایخانەکاندا تەماشای ئەو دیمەنە ناخۆشەیان دەکرد کە تورکەکان چاو و دەستیان بەستبۆوە و وێنەیان گرتبوو لە فڕۆکەیەکدا .. هەریەکەی شتێکی دەوت.

- ئەمە بەشی کوردە، دوژمنانی کورد هەموو پلانێکیان بۆ لەناوبردنمانە.

- خەریکە دلّم دەتەقێت، چەند ناخۆشە بەم شێوەیە سەرۆکی حیزبێکی کوردی ببینیت بکەوێتە دەست دوژمنانی کوردەوە، ڕۆژێک نەمانبینی دوژمنەکانی خۆمان ئاوایان لیّ بەسەر بێت.

لەسەر شەقامەکانیشدا باس باسی دەستبەسەرکردن و گرتنی سەرکردەی ئەو پارتە بوو و هەستیان بە نشوستی دەکرد. یەکێك وتی:

- باشە بۆچی چووەتە ئەو ولاّتە؟!

- شوێنی نەما، ولاّتان هەموو ڕێککەوتن دالّدەی نەدەن، ئەمە پلانێکی خراپ و قێزەون بوو.

لە شاریشدا کوڕێکی نوکتەباز و قۆشمە هەبوو، هەموو کەسێك دەیانناسی، هەر دەمەی شتێکی دەکرد و ببووە جێی باسکردن و گفتوگۆی خەلکی، سەر لە ئێوارەیەك لە یەکێك لەیانەکاندا، ئەوتی ئاو

زۆباکەی کرد بە خۆیدا و نیازی بووهەر لەوێدا گڕ لە خۆی بەردات، گارسۆنەکانی یانەکە پێیان وت:

- لێرە نا .. شتی وا مەکە.

سەرخۆش بوو، لە یانەکە بە پەلە دەرپەڕی و چووە کەبابخانەکەی بەرامبەردەوە، هەرچی خەڵووزی گەشاوەی ناو مەقەڵییەکە بوو، ڕشتییە سەر گیانی و گڕی لە خۆی بەردا، بەسەر شۆستەکەدا کەوتە هاوار و لەحەزمەتا ڕایدەکرد، چەند کەسێك بەهانایەوە چوون و کوژاندیانەوە، خێرا بردیان بەرەو نەخۆشخانە و خەڵکەکەش دیمەنەکە لەپێش چاویاندا لانەدەچوو، دەنگەکە بە شاردا بڵاوبۆوە و هەموو زانییان کە سیروان خۆی سووتاندووە، یەکێك لەنێوەندی هەواڵەکەدا وتی :

- سیروانە شێر لە ماڵەوە دەرکرابوو، شەوانە لەناو لۆرییەکانی لای ولۆویەوە دەنووست!! ئەم گرتنەی ئوچناڵانیش زیاتر هانی داوە کۆتایی بە خۆی بهێنێت، ئەو دیمەنە زۆر کاریگەری هەبووە.

## -189-

خلە موجیزە ناوبانگی هەبوو.. دەیانوت هەموو گەشتێك بیست نەفەر لەگەڵ خۆیدا دەبات و دەیانگەیەنێتە ئەستەنبوڵ، بێئەوەی بە ڕێیەکی دژواردا بیانبات و زۆر بە سانایی دەیانگەیەنێت.

نەفەرەکان چاوڕوان بوون خالیدی قاچاخچی بەو زووانە نەفەرەکانی خۆی ئامادە بکا و پێیان ڕابگەیەنێت فڵانە ڕۆژ بەڕێدەکەون، لاوەکان پێکەوە قسەیان دەکرد و بەشێوەیەکی تر دەیانڕوانییە بەری سەهۆڵەکە، چاویان لێ کەلا خستبوو و لە بەنایەکدا مقۆمقۆیان بوو.

- من دوو هەزار دینارم داوەتی، کێ دەیەوێت بڕوات با پارەکەی لا بخەوێنێ و زوو بەڕێ بکەوین، ئیتر ڕزگارمان بێت لەم وڵاتەدا کە هیچ خۆشییەکی تێدا نەماوە، براکەم ژنەکەی وای ناردۆتەوە ببینێت سەعاتێکی تر لێرە نامێنێتەوە، بڕۆین بڕۆین، لێرە تا ئێستا بەردێکمان نەخستۆتە سەر بەرد، چیمان نەبینی؟! شەڕی براکوژیش وەستا و هیچ گۆڕانکارییەك نەکرا، ئیدارەکەیان نەکردەوە بە یەك و کەی ئەمە ئاشتبوونەوەیە!! بڕۆین ، ئێرە کەسی تێدا نەماوە.

هاوەڵە فیتەرەکەی وتی:

- کاك نەورۆز..باوەڕت بێت دەستم ناچێتە ئیش، ناتوانم هیچ بکەم، نە خەوم خەوە و نە خواردنیش ئەوەندە دەخۆم، گەنجێتیمان بەفیڕۆ دەڕوات، ئینجا ئێمە کەی گەنجین!! گەنج ئەوەتا لەو وڵاتانە دەژین، لێرە سەد ساڵ ئیش بکەم نابم بە هیچ ، ئیشەکەش کزبووە، ئەی کەی ژن بهێنم و کەی ماڵ دروست بکەم، خاوەن ماڵی ئێستاش هەر خانوو دروست دەکەن و بە کرێیەکی زۆر و پێشەکییەکی خەیاڵییەوە دەیدەن بە کرێچی، بزانە حکومەتیش دەتوانێت نرخیان بۆ دابنێت؟!

یەکێکی تریان بە چیلکەیەك گڵەکەی خەت خەت دەکرد و هەستایە سەر پێ:

- نرخ! یاسا نییە، لە هەر وڵاتێکدا یاسا نەبوو ئەوە حاڵیەتی، ئەوان ناتوانن کێشەی نێوان دوو کەس چارەسەر بکەن، قەرزار یاسایەك نییە قەرزەکەی لێ بسەنێتەوە و بیداتەوە بە خاوەنەکەی، دوژمنایەتی ئەوە هەر هیچ، من نازانم بۆچی دادگا هەیە، ئەو هەمووە بە ژێر سەیارەوە دەبن و خەڵك دەکوژرێن و فلانە کچ خۆی دەسووتێنێ و فلانە قوتابی لە داخی مامۆستایەك خۆی دەکوژێت، هیچ ناکرێت، بڕواتان

هەبێت سوور بزانم لەو ڕێیەدا دەکوژرێم و دەخنکێم بەشەرەفم هەر دەڕۆم، چۆن ناڕۆم!!

- خلە موعجیزە ناوەکەی بەخۆیەوەدیەتی.. بێ هیچ سەریەشە و گرفتێك دەمانبات، ئەمە دوانزدیەم کاروانیەتی، ناوەکەی بە کوردی پێی دەڵێن پەرجوو، ئەو شەوە لە فەرهەنگێکدا سەیرم کرد.

ئەو بەیانیەی گەنجەکان لە پێش ماڵی خلە موجیزەدا گردبوونەوە و بڕۆن، ژنی قاچاخچیەکە پێی وتن:

- خێرا بڕۆن، ئەمشەو خالید گیراوە، ئێستا لە ئاسایشە، بڕۆن تاوەکو زووە، کەی بەربوو ئەو دەمە وەرنەوە، بڕۆن با ئەشزانن ئێشی قاچاخچییە و خێرا بتوانن بەرەڵای بکەن بۆنەوەی زوو بڕۆن.

خلەش بەدرۆوە گیرابوو، لەگەڵ برادەرێکیدا ڕێککەوتبوو شتێکی بداتێ و بە بیانووی گرفتێکی سوکەڵەوە یەك دوو ڕۆژ لە ئاسایش بیهێڵێتەوە، پێی وتبوو:

- هەر دوو ڕۆژ بمبەرە ئەوێ و هیچی تر.. بڵێ دەبێت قەرزەکەم بداتەوە، دوو ڕۆژ بێ لێپرسینەوە بمهێڵەوە و دوایی خۆم ون دەکەم، چوار هەزار دینارت دەدەمێ.

لە ڕاستیشدا خۆی نزیکەی سی هەزاری لە نەفەرەکان وەرگتبوو و کاتێکیش نەفەرەکان دەچوونە ئاسایش ، هاوەڵەکەی دەیوت:

- بەڵێ گرتوومانە، ئێمە دەزانین قاچاخچییە و کوڕی ئەو خەڵکە بەکوشت دەدا لەو ڕێگەیەدا، بەدوای ئەوانەشدا دەگەڕێین کە هانی ئەمیشیان داوە بیانبات.

هاوەڵەکەی بەو قسانە بەرێی دەکردن و نەیدەهێشت پێ بخەنە ناو بنکەی ئاسایشەکەوە بۆنەوەی کەسێك نەزانێت ژێر بەرەکە چی تێدایە!

## -190-

خۆی و دایکی لەسەر شەقامەکە دەڕۆیشتن، ئێوارە بوو، ژن و منالێکی زۆر لەسەر کورسییەکانی سەر شۆستەکە دانیشتبوون و خواردن و دۆندرمەیان لەبەردەمدا بوو، دایکی پێی وت:

- بیر لە بەرژەوەندی خۆت بکەرەوە، خۆشەویستی هەموو شتێك نییە، لە دوای شووکردنیشەوە خۆشەویستی دروست دەبێت، ئەو لە ئێستاوە شەیدای تۆ بووە و خۆشیدەوێت.. تۆش چ داواکارییەکت هەیە بیڵێ و هەمووی بۆ بهێنێتە دی.. ئەمڕۆ ژیان بە بوونەوەیە، کە نەتبوو تامی لێ ناکەیت کچەکەم، گوێ لە ڕەفیقەکانت مەگرە، هەریەکەیان شوو دەکەن بە کەسێك کە لە خۆیان داماوترە، ئالتونێکی کەمیان بۆ دەکەن و دوای ماوەیەك دەیانبەنە خانوویەکی کرێوە، نەبوونی و کەمدەستی دەبینن و لەژێرەوە هەموویان بێزارن، بە ناچاری دەژین و هەزار گیروگرفتیان هەیە و قسە ناکەن، بڕۆ بزانە ڕۆژانە چەند ژن و مێرد لە یەکتری جیادەبنەوە، هەندێك هەر بە قەیرەیی ماونەتەوە و نایانەوێت وەك ئەوانیان لێ بەسەر بێت.. لە من بپرسە، وەرە با بپەڕینەوە بۆ ئەوبەر.

چوونە ئەوبەرەوە و بەسەر شۆستەکەدا ڕۆیشتن، دوایی وتی :

- تانیا گیان .. ئەو سوارچاکەی چاوەڕێی دەکەن، هەر خەونە و نایەتە دی، لە قۆناغێکی تەمەندا ئافرەت ئەو بیرکردنەوەیەی هەیە و لە دواتردا کاڵەك بە ئەژنۆی خۆیان دەشکێنن، کوڕی ئێستا خۆیان ژنن، گیرفان سارد و بێ سێبەر، کە هاوەڵەکانت هاتنەماڵەکەتەوە و هەموو شتێکت هەبوو، دەزانیت ئەو وەختە ئێرەییت پێدەبەن، کچە خاڵ و

پووره‌کانت، له‌داخدا هه‌موو شه‌ق ده‌بەن، له‌ رقی ئه‌وان شووی پێ بکه‌ و بچۆره‌ ماڵی سه‌ربه‌خۆی خۆته‌وه‌، ماڵێکی گه‌وره‌ت بۆ ده‌کات و به‌ نوێترین و گرانترین تاقم و که‌لوپه‌ل پڕی بکه‌ره‌وه‌، خانووه‌که‌ت له‌سه‌ر تاپۆ بکات و عه‌رزه‌یه‌کیشت بۆ بکڕێ، داوای ئوتمبێلێکی تازه‌ مۆدێلیش بکه‌ و هه‌ر رۆژه‌ی پێی ده‌چین بۆ شوێنێك.. با ئیتر بڕین، ئه‌مرۆ جگه‌ له‌ پاره‌ و سه‌روه‌ت و سامان هه‌موو شتێکیتر درۆیه‌، به‌خوا له‌ ناز و نیعمه‌تدا هه‌موو رۆژێك له‌ دایك ده‌بیته‌وه‌ و جوانتریش ده‌بیت، باوکت هیچ ناڵێ و ده‌ڵێت ئاره‌زووی خۆیه‌تی، کچێ تانیا.. ئه‌ویش رازییه‌ به‌ڵام قسه‌ ناکات، باوك وه‌هان.. هه‌موو شته‌کانیش بکات به‌ناوته‌وه‌ و ....

بڕێك بێده‌نگ بوو و دواتر له‌سه‌ری رۆیشته‌وه‌.

- ئه‌ها ئه‌و کوڕانه‌ چۆن سه‌یرت ده‌که‌ن؟! له‌ خوا به‌زیاد بێت کچه‌که‌ی خۆم له‌ هه‌موو که‌سێك جوانتره‌، به‌ڵام هه‌ر سه‌یرکردن به‌س نییه‌..با هه‌ر له‌دووره‌وه‌ ته‌ماشا بکه‌ن و ده‌ستیان به‌ که‌له‌پچه‌وه‌ بێت!! ئه‌ر لێپرسراوانه‌ زۆریان هه‌یه‌ و ده‌نگ ناکه‌ن، به‌خوا بشڵێی ده‌تباته‌ ئه‌ورووپا و ئه‌مه‌ریکاش، کوێ ده‌ڵێی ده‌یبینیت به‌هۆی ئه‌وه‌وه‌، گه‌ر ده‌ڵێی ته‌مه‌نی له‌ من زۆرتره‌ و گه‌وره‌ دیاره‌، ئه‌وه‌ بۆ خۆت باشتره‌، سبه‌ینێ که‌ مردیش چی ماڵ و مولکییه‌تی بۆ تۆ ده‌مێنێته‌وه‌، وه‌کو ژنه‌که‌ی تری، باوه‌ڕ بێت حه‌ز له‌ ژنه‌که‌ی تری ناکات.. ده‌یه‌وێت بژی ، ئاخر وایه‌، پاره‌یه‌کی زۆرت هه‌بێ و نه‌توانیت به‌ دڵی خۆت بژیت هیچ نییه‌، ئه‌و ته‌نها تۆی ده‌وێت، ئینجا بزانه‌ ئه‌و ره‌فیقانه‌ت چۆن خۆزگه‌ت پێ ده‌خوازن، کوڕی ئێستا هه‌ر ئه‌وه‌ ده‌زانن جلوبه‌رگی جوان له‌به‌ر بکه‌ن و بێنه‌ سه‌ر جاده‌کان رابووه‌ستن، هه‌ر ده‌مه‌ی له‌سه‌ر ئیشێك بن و به‌

ناچاری تەمەن لەگەڵیاندا بەسەر ببەیت، لە پشتی هەموو کچ و قەیرەیەکەوە کوڕ و پیاوێکی بەدبەخت و گیرفان بەتاڵ هەیە، کچەکانیش بە ئاگری ئەوانەوە سووتاون!! هەرچەند بیر لەو خزمە خراپانەی خۆشمان دەکەمەوە، چاوم دەچێتە پشت سەرمەوە، هەر ڕۆژەی شتێکی نوێیان کڕیبێت دێن و تامی تامیمان دەکەن، خۆیان دەنوێنن و حەزیش ناکەن ئینۆکمان هەبێت خۆمانی پێ بخورێنین، بەخوا دەشتوانین بچینە وڵاتێکیتر، چەند حەزدەکەم چاویان لە ئێمە دوور بکەوێتەوە و ئیتر نەمانبینن، هەر حەزم بە هەواڵ و بیستنی دەنگیشیان نەماوە، تۆ شووی پێ بکە، چیت دەوێت لەبەر دەستا ئامادە دەبێت، هەروەکو فلیمەکان و حەلقە میسرییەکان، هەرچی هیوا و ئاواتی خۆشتە دەیهێنێتە دی، خوێندنی خۆشت تەواو بکە و بە ئوتمبێلی خۆت هاتوچۆ بکە.. خزمەتکاریش ئیتر بەدەورتەوەدن و ناهێڵن دەست لە هیچ ئیشێکەوە بدەیت، ئەی ژیان چییە؟! جگە لەو خۆشییە من نازانم ئیتر ژیان چییە! ئەی چییە! چییە؟! بۆچی ئاوڕ دەدەیتەوە؟!

تانیا وتی :

- هیچ نییە!

دایکی پاش کەمێك پێی وت :

- تانیا، ئەوە ئەو کوڕە نییە کە حەزی لێکردوویت؟! ناوی چییە؟

- شکار .

- هەر ناوڕیشی لێ مەدەرەوە، هەر ئەوە دەزانێت ڕیشی بکات بە دەزوو و پانتۆڵی کۆنە لەبەر بکات، دەزانی چی، لەمڕۆوە هەڕەشەی لێ بکە، ئەم لووسکانە با بڕۆن ئیشێك بکەن باشترە و ئاوڕیان لێ مەدەرەوە، ئەم گەنجانەی ئێستا پانتۆڵ لێکەوتووی پێڵاو بلحن. ئیتر تۆ

دەبێتە ژنی لێپرسراو و دەبێت ئاگات لە خۆت بێت، ڕەنگە هەر بەم زووانەش بکرێتە وەزیر و.. کچەکەم ئیتر بیرکردنەوەی ناوێت، بڕۆ خێرا بە تەکسییەك خۆمان لەم هەتیووە ڕزگار بکەین، دڵێی مێشە دوامان کەوتووە.

دوای دوو ڕۆژ تانیا بە شکاری وت :

- ئیتر نامەوێت سەیرم بکەیت، شوو بە لێپرسراوەکە دەکەم و چی نامەم هەیە بۆم ڕەوانە بکەرەوە، مەیەرە سەر ڕێم، بەخوا دەتکوژن، بزانێت واز ناهێنیت خراپت لێ بەسەر دێت، دەبڕۆ ئیتر، وابزانە خەون بووە و یەکترمان نەناسیووە، من دەستگیرانی خۆمم خۆشدەوێ و نامەوێت هەر سەیریشم بکەیت!!

شکار ڕۆیشت و هەستی بە گێژبوون کرد،هەستی کرد گەورەترین بەلا بەسەریەوە گەنجێتییە و لەژێریدا خۆی ڕاناگرێت، لاوی لێی بووە بە نەژدیهایەك و لەسەر پێلووی خۆی پاڵخستووە، چەند جارێك بەخۆی وت بمرە بمرە و وەك دەنگێکی بێزارکەر لە گوێچکەیدا هەراسانی کرد.حەزی بە مردنی خۆی دەکرد و تفی لەو ڕۆژە دەکرد کە تێیدا لەدایکبووە..پاش ئەوەی وتەکانی ئەوی بیرکەوتەوە، بەخۆی وت:

- تف لەو ڕۆژەی کە من تیایدا دەژیم و لەدایکبووم..خۆزگە نەدەهاتمە ژیانەوە، ئێمە زیادەین و ژیان بۆ ئێمە نەکراوە، بڕۆ بۆ خۆت بمرە، هەر بمرم باشترە نەك ئەم ژیانە ئاوەها ببینم ، تف لەو ژیانەش کە بەو شێوەیە بێت!! تف لە هەموو بوون و گەنجێتییەکیش. بڕۆ شووبکە بە پلەوپایە، وەکو خانووی ئێستا کە هەر پلەوپایەن، پایەی بەرز و پلیکانەی پێچاوپێچ تا سەر لوتکەی هیچی!

ڕۆیشت و هاوەڵەکانی خۆی بینی ، پێی وتن:

- منیش دێم، بە قاچاخچییەکە بڵێن ئەویش دەیەوێت بڕوات، دەڕۆم و نامەوێت ئیتر یەك دەقیقەیتر لەم شارەدا بم، بەشەرەفم دڵم بە هیچ شتێك خۆش نییە، خوا دونیا کاول بکات!! گوو بە دونیا!

وتیان:

- دەوەرە کاکە، ئێستا هاتیتە سەر ڕای ئێمە؟! دەڕۆین و لەدواوە هەزار بەردیشی تێدەگرین، ئەم شارە تەنها لەبەر چەند کارێزێك دامەزراوە و بۆ ئەمڕۆ ناشێت، من نەمبینیووە شار بەبێ ڕووبار و ئاو دابمەزرێت.جا ئەمانە کەی شارن! جگە لە چەند گوندێکی سیخناخ چیترن؟!

- کوێرە لادێن.. کوێرە لادێ!

## -191-

هیچ ڕۆژێك ئەوەندەی ئەو ڕۆژە پەست نەبوو، چاوی دونیای نەدەبینی، هەموو شتەکان لەبەر نیگایدا لێڵ و تەڵخ دەچوونەوە، دونیای بە گۆمێکی لیخن و پڕ قەوزە دەبینی، قەوزەی درێژ و لیتەیەکی پۆخڵ، لەگەڵ برادەرەکەیدا پەڕینەوە و ئوتمبێلێك بەخێرایی بەخۆی و تەوژمێکی بای توند و هۆڕن لێدانێکی درێژەوە بەلایاندا ڕەتبوو، ئاوڕێکی بۆ دایەوە و لەسەر شۆستەی ناوەڕاستی جادەکەدا کەوتە دەست ڕاوەشاندن لێی و چەند جنێوێکی مزری پێدا.. بە لێوی سپی و وشکەوە پەڕییەوە و کەوتە پرتەوبۆڵە.

- ئەم شارە ڕێزی مرۆڤی تێدا نەماوە، بووە بە سەگخانە، ئەم خەڵکەش تەواو تێکچوون، ئەوەتا تابلۆیان بۆ هەڵواسراوە کە لە چل کیلۆمەتر خێراتر نەڕۆن، بە پۆلیسەکانی هاتوچۆشم وت، وتیان چی

بکەین!! هیچ شتێك بە ئێمە ناکرێت، وتم چۆن؟ وتی ئیتر وایە.. پێم وت ئێوەش بڕۆنەماڵەوە، کە ئێوە ناتوانن یاسا بسەپێنن، یاخود یاساتان نییە ئەبن باشترە، بڕۆن بخەون و خۆتان بشارنەوە.

هاوەڵەکەی پێکەنی و وتی:

- ڕاست دەکەیت، بەڵام ئەوەندە خەمخۆر مەبە، بیدەرە بەری.. لەم شارەدا بتەوێت خەمی هەموو شتێك بخۆیت ڕۆژێك دڵت دەوەستێ و تووشی هەزار نەخۆشی دەروونی دەبیت، یان شێرپەنجە.

- بۆچی هێشتاکە نیمانە؟! بۆچی وا دەزانیت ئەو خەڵکە هەموو ساغن و نەخۆشی دەروونییان نییە؟! کەسێکی وەکو فرۆید لێرە بژیایە دە کتێبی تری دەنووسی، نەخۆشی دەروونی وای دەدۆزییەوە کۆمەڵگەی بەشەریەتیشی دەگۆڕی، هیچ شتێك تەواو نییە، هەمووی دزییە! بەڕێوەبەری فەرمانگە و شوێنەکان بەم ڕۆژانە دەرگایان لە خۆیان پێوەداوە و پلان دادەنێن بۆ دزیکردن، هەر بیر لەوە دەکەنەوە بە چ شێوازێکی نوێ گیرفانیان پڕ بکەن، تێریش ناخۆن، وەك سمۆرەیان لێ هاتووە و خەریکی شاردنەوەن!!خەڵکی دەچنە فەرمانگەکان و بەڕێوەبەریش خەیاڵی هەر لای چۆنێتی دزیکردنە.

برادەرەکەی وتی:

- ئێستا پێم بڵێ، خانووتان دەست کەوت؟ ژنەکەت گەڕاندەوە؟!

هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، ئەو وتی:

- ئەی چۆن؟! ژیان وا دەڕوات؟!

- خۆشم نازانم چی بڵێم، دەستم ناچێتە خۆم، ئەو منداڵانە ئەژنۆیان شکاندووم، دەنا فیشەکێکم بەخۆمەوە دەنا و کۆتاییم بەم گاڵتەجاڕییەم دەهێنا، وا بۆ سێ مانگ دەچێت ژنەکەم ڕەوانەی ماڵی باوکی

کردۆتەوە، خۆشم ئێستا لە ماڵی باوکمدام.. فەرمانبەرێکی دەست و پێ سپیم، مووچەکەم بەشی خۆمان دەکات ئەویش بە هەزار حاڵ، کرێی خانوو ئەوەندە بەرزبووەتەوە ناتوانم هیچ بکەم، کاشکای لادێیی دەبووم، دەچوومە کوێرە گوندێکەوە و نیشی کێڵگەم دەکرد، دەچوومە ژوورێکی گڵەوە تاوەکو دەتۆپیم، یان سەری خۆم هەڵدەگرت و دەڕۆیشتم، هیچم نییە، تەنانەت وەختە هۆشیشم دابنێم، تاوان بخەمە ئەستۆی کێوە؟! ناهەقی ئەو خەڵکە ناگرم هەموو جنێو دەدەن، کەسی وا هەیە سێ عەرزەی بە فرۆفێڵ وەرگرتووە و مووچەی باشیشی هەیە، ڕەخنە لە کێ بگرم؟ لە گەندەڵی و دزی؟! لەم سەردەمە تێکچڕژاوە! لە چی؟!من نەدەبوو ژن بهێنم و منداڵ بخەمەوە، بەڵکو نەدەبوو بێمە ژیانیشەوە.. ئەو کۆترانە دەبینم و خۆزگەیان پێدەخوازم، خۆزگە کرمێک دەبووم بە دارێکەوە، بەردێک دەبووم و شەقیان تێهەڵدەدام، گرفتەکە خۆم نیم، ئەو ژن و منداڵانەم نەبوونایە بە شێت دەیاندامە قەڵەم و ڕزگارم دەبوو! خەڵکیش زمانی خۆیان ناگرن، نازانن من چ دەردێکم هەیە، من ژیانم بیرچۆتەوە، نەک خۆشەویستی و سۆز و میهر.. من دونیام لەبەر چاو کەوتووە،لە پێستی خۆم بێزارم، ئای مەرگ کە بێدەنگییەکی ناسوودەیت!! خۆزگە هەست و بیرکردنەوە نەدەبوون، شێت دەبووم وەک هەموو ئەو شێتانەی لە شاردا هەن، تەنانەت ئەوانیش ئارام و بەختەوەر نین.. دەیانبینم هەریەکەیان بە گرفتێکەوە گیرۆدەبوون، لێرە شێتەکانیش خاوەنی ئەندێشە و خەمی تایبەتییانن، ئەوانیش نارازین و داخێک چزاوە بە دڵیانەوە!!

-192-

کەس بەم کارە ڕازی نییە، چۆن شتی وا دەبێت ؟! ئەمە یەکەمجار نییە مقۆمقۆی لەم شێوەیە دەکرێت، سەدام با بۆخۆی پارەکەی ئێمە ڕەت بکاتەوە، ئێمە بۆخۆمان بەکاریدەهێنین و کەی ڕوخاندیان و پارەیان گۆڕی، ئەو وەختە دەگۆڕدرێتەوە، ئەگەر بڕیارێکیش لەو بارەیەوە بدرێ و لە بەرژەوەندی کوردستاندا نەبێت، پێویستە قبوڵی نەکەین و دەبێت ئەوان لە پێش ئێمەوە بەرگریمان لێ بکەن و نەهێڵن شتی وا ڕووبدات، ئەی حکومەت بەمانای چی!! ئەگەر نەتوانێت بەرگری بکات و داکۆکی نەکەن، مانای وایە هیچی بە دەست نییە و نابێتە نوێنەری دەنگی گەل، ئێمە چیمان نەبینی؟! ئێستا ئەو بڕە پارەیەی لای خەلکیشە لێمان زەوت بکەن هیچمان بۆ نامێنێتەوە و دەبین بە سفر، وا تەلەفزیۆنەکان و ڕادیۆکان، ڕۆژانە ئاگاداری بلاودەکەنەوە و سیمینار و مێزگرد دەکەن و خەلکیان تۆقاندووە، خەلکیش زوو باوەڕیان پێدەکەن و هەموو زەندقیان چووە،دەڵێن با لە ئایندەدا زیانیان بەرنەکەوێ و خۆیان و خێزانیان نەخەنە نارەحەتی و پەشێوییەوە، دەبێت بەتەنگ پاشەڕۆژ و داهاتوویانەوە بن.

بە چرپەوە هاوەڵەکەی وتی:

- دەزانی چی! تۆ کەمێك سوك قسە بکە، ئەم چایخانەیە هەمووی گوێیە، متمانەت بە کەس نەبێت، ئەوەی ئەولاتەوە مرۆڤ نییە دانیشتووە، وا نەزانیت کەسێکی ئاساییە و هاتووە چای خۆی هەڵبقوڕێنێ و بڕوات، ئەوە گوێیەکە بە تەنها، گوێ قوڵاخ بووە و هیچیتر و تووشی بەزمێکمان مەکە.

پێکەنی و ڕوانییە ئەو کەسەی لە لایانەوە دانیشتبوو، هەستی کرد جەستەی دەبێتە گرێیەکی گەورە و دەکشێت، لەسەری ڕۆیشت.

- من نازانم بۆچی ڕێگە نادرێت خەلکی قسە بکەن، یان ئێمە بە دەستی خۆمان دیموکراسی پێشێل دەکەین و خۆمان ڕێگەکان لە خۆمان دەگرین، کاتی ڕژێمی بەعسیش دەیانوت دیوار گوێی هەیە، ئێمە لە هەموو سەردەمێکدا سەرکز قسە دەکەین و چپەچپ دەکەین، دونیا وا ناڕوات، کێ گوێ لە من دەگرێت بیگرێت، هەمووی هەقە ، منم کە بەتەنگ ئەم خەلکەوەم، لای خۆمەوە من لەم دەنگوباسە ناترسم و بەلام پێم ناخۆشە دەلێن دینارێکی ئێمە بە سەدو پەنجا دیناری ئەولا دەگۆڕدرێتەوە، بابە پارەکەی سەدام کاغەزی چلووردیە.. ساختەیە و دەلێن هەر کوڕەکانی خۆی ئەو هەموودیان چاپ کردووە، ئەی خۆ دۆلار و ئالتونیان لە عێراقیشدا نەهێشتۆتەوە..من وام پێ باشە وەزیر و کاربەدەست و پسپۆڕەکان گوێ لە خەلکی بگرن، ئابووریناسەکانیش ناتوانن بەشێوەیەکی زانستی قسە بکەن و ڕاستی بلێن، ئەو ڕۆژە بیستم کە یەکێك لە لێپرسراوەکان تەنکەرێکی وەرگەڕاوە، تەماشایان کردووە پڕێتی لە دراوی سویسری، هەموو دە دیناری و پێنج دیناری بووە، باشە کاکە ؟!!

هاوەلەکەی دووکەلێکی زۆری لە دەمیەوە دەرپەڕاند و دیمەنەکەی لێل کرد، وەك دووکەلی شەڕ و بەرەکانی جەنگ خۆی پێ شاردەوە، وتی:

- سوك بەقوربانت بم، چی دەلێی ئەوە مەلێ، بڕوانە ئەوەی ئەولا چۆن سەیرمان دەکات!! ئێستا خوا دەزانێت چۆن هەموو قسەکانی لەبەرکردووە! ڕەنگە تەسجیلیشی پێ بێت!!

تەماشای کەسە دیاریکراوەکەی کرد و قاقایەکی لێدا، وتی:

- نەمزانی ئەوەندە ترسنۆکیت!! ئەم قسانەی کە من دەیکەم خۆ لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانیشدا هەن، پاشان ئەو قوربەسەرە نە گوێ لە من و تۆ دەگرێت نە ئاگای لە خۆیشیەتی! ئەوە یەکێکە لە شروب خۆرەکان، ئەوانەی تۆسیرام و دەرمان دەخۆن، ڕەنگە خەوتبێ و تەنها چاوی کردبێتەوە. ئەم شارە بۆ وای لێهاتووە؟ چایخانەکان پڕبوون لە دەرمان خۆر و ئەگەر پێشیان بڵێیت ئێوە نەخۆشن، تووڕە دەبن و دەڵێن هەرگیز باوەڕم نەدەکرد کەسێکی ڕۆشنبیری وەك تۆ ئەم قسەیە بکات، دەی باشە..ئەوان ئەوەی دەیخۆن دەرمانە و لە دەرمانخانەکاندا هەیە، نەخۆش دەرمان دەخوات یان لەشساغ؟! بەڵام ناهەقیشیان نییە، ئەوان بەو هۆیەوە خۆیان لە دونیا نەبان کردووە ، دونیایەکی ناخۆش کە هیچ سیمایەکی ژیانی تێدا نەماوە و شتەکان تیایدا لنگەوقووچن، وەك پێڵاوەکانی ئەو منداڵەی تاکەوتاك لەپێی دەکات .. کەسانێکی زۆریش هەن هەموو ئێوارەیەك دەخۆنەوە و شەو بوێری لێ ناکەن، ئەوانیش تاقە شتێك کە دڵیان پێی خۆش بێت خواردنەوە و سەرگەرمکردنە، من کە دەخۆمەوە دێمەوە سەرخۆم و بەرمدەدات.. ئەمە هەمووی هۆکاری بارودۆخەکەیە کە لە پشتەوە ڕاوەستاوە و وەك سێبەرێك کشاوە، با جارێ لە ڕژێمی دیکتاتۆری بدەن، ئەم حاڵەتە تایبەتییە و پێویستە بچینە قۆناغێکی تردوە.

هاوەڵەکەی ئەو دەوروبەرەی کردبوو بە چرە دووکەڵ و ڕوخساری خۆی پێ ون کردبوو، قنکە جگەرەکەی دوور فڕێدا و وتی:

- لێی نادەن، ئەو هەموو هێنانی لەشکرە درۆیە، سەدام هەر ملی ئەستوور دەبێت، ئەمجارە ئەڕوخێت هەقی وایە ببین بە بەعسی و سوژدەی بۆ ببەین.

- خەمت نەبێت، ئەجارە كۆتاییە، من لە لێدانی ئەفغانستانەوە دەزانم دوای ئەو وڵاتە نۆرەی عێراق دەبێت، ئەفغانستان تەواو بوو، لە عێراقیش دەدەن و سەدامیش دوارۆژەكانی حوكمە نارەواكەی تەواو دەبێت، بزانین دوای عێراقیش نۆرەی كێیە، ئەمەریكا بەبێ بەرنامە هیچ شتێك ناكات، نە ببە بە بەعسی پیس و نە هیچ، پێم ناخۆشە خەلكەكە ئەمە بیركردنەوەیان بێت.

دوو كەس هاتن و ڕۆژنامەیان بەسەر خەلكەكەدا دابەش كرد، دانەیەكیان دایە دەستی و ئەویش لێی وەرنەگرتن، وتی :

- چییە ئەمە ؟!

- ڕۆژنامەیە بەخۆڕایی، هەواڵی نوێ بخوێنەرەوە.

پێی وت :

- هەر نەڵێی ئەمەش سەربەخۆیە ؟!

- با.. سەربەخۆیە و ئێمە ئازادین.

وتی :

- ڕۆژنامەكە بۆ خۆت..من نامەوێت،هەر كەسە دێت و ڕۆژنامەیەك دەردەكات بە ناوی سەربەخۆ و ئازاد و نازانم چییەوە، باوەڕم بەو شتانە نییە، ئێوە گیرفانتان بەتاڵە و هەگبەتان هیچی تێدا نییە.. خوا دەزانێت لەژێرەوە كێ كۆمەكتان دەكات!! برۆ كاكە..من بەرلەوەی گۆڕانكاری لە ڕۆژنامە و بلاوكراوەكانەوە ببیستم، بە بینینی خەلكەكە دەیزانم، من دەڕوانمە ڕوخساریان و لەو بینینەمدا بۆم ڕوون دەبێتەوە، ئەمەم لە زنجیرەیەكی تەلەفزیۆنی میسریدا بینیووە و دەمێكە باوەڕم پێیەتی، ئاوا نابن بە دەسەلاتی چوارەم! ئەوەیشی دەینووسن هەر

قسەیەو کە جێبەجێ نەکرێن نەبن باشترە،چونکە نووسین بۆ گۆڕینی ژیانە، مەبەستم نووسینی سیاسییە!!

## -193-

خەلکی شار هەموو رژابوونە بازارەکەوە.. نایلۆنیان دەکڕی و هەندێکیش بە دوای چادر و خێوەتەوە بوون و لەگەڵ دوکاندارەکاندا قسە و باسیان دەکرد، ژنێك بە کچەکەی وت :

- هەموو نایلۆن دەکڕن، برۆ با ئێمەش لەو نایلۆنانە بکڕین.. شوێنی ئەو تێپە پانانە لەکوێوەیە؟ لەگەڵ لاستیکیشدا.

چوونە بەردەم نایلۆن فرۆشێك و کابراش بە کڕیارەکانی تری دەوت:

- بەری فراوانە،من خۆم لەمەم بردۆتەوە، ژوورێکم ئامادە کردووە، پەنجەرەکەم تەواو داپۆشیووە و دەرگاکەشی تەنها لایەکی ماوەتەوە، لە ئێستاوە تانکی ناوەکانیشم داپۆشیون، ئەو تێپە پانە زۆر باش دیوارەکان دەگرێ و ناهێڵێت نەختێك هەواش بێتە ژوورەوە؛ سەدام هەموو شتێکی لە دەست دێت، بزانێت کۆتاییەتی جارێ تۆڵە لە کورد دەکاتەوە، ئەو هەموو کیمیایی و گازە کۆمەڵ کوژانەی شاردوونەتەوە و هیچ لیژنەیەك نایاندۆزنەوە، ئەی چەکی بۆ چییە ئەگەر بەکاری نەهێنێت!! یەکەم جاریش دەیکێشێت بە ئێمەدا ئینجا ئیسرائیل، شەیتانی ئەم سەردەمە هەر خۆیەتی.

ژنەکە وتی :

- دەبێ بچینە شوێنی بەرز، شوێنێك.. ژووری سەرەوە باشە، بە ساروخ و ناپاڵم بۆردومان بکرێن سەرودش خراپە، خوایە ئەگەر ئێمەش دەگرێتەوە، شەڕ نەبێ و لێی بدەن هەر لە خۆی .

یەكێك لەلاوە وتی :

-وا خەلكی هەموو ژووریان لەو لادێیانە بە كرێ گرتووە، دەچنە سەر سنوور و باشترین شت ئەوەیە پیاو شار بەجێ بهێڵێت، تاوەكو شەڕەكە تەواو دەبێت شار چۆڵ بكەین، نرخی ژوورێك بووە بە دوو هەزار دینار! دوو سەد دۆلار!

ژنەكە نایلۆنەكەی وەرگرت و وتی:

- ماڵەكانمان چۆڵ بكەین بۆ دز و تالانچییەكان؟! وەرە كچێ، هەر ئەوە ماوە چیمان هەیە دزیش هەمووی ببەن و بەم گرانییەش ماڵ دروست بكەینەوە!

لە هەموو گۆشە و سوچێكی شارەكەدا باس باسی لێدانی عێراق بوو و چۆنێتی خۆ پاراستن لە زەبری دیكتاتۆر، ڕۆژانە كۆمەڵێك ماڵ و كەلوپەل و پێداویستییان دەخستنە ئوتمبێلەوە و شاریان جێدەهێشت. لە نێوان لێدانی عێراق و لێنەدانیدا هەر مشتومڕ بوون و هەندێك گرەویان لەسەر كردبوو؛ سەدامیش نامەی كراوەی بۆ سەركردەی حیزبە كوردییەكان دەنارد و پێی ڕادەگەیاندن هاوپەیمانی و هاوكاری ئەمەریكا نەكەن و خۆیان دوورەپەرێز ڕابگرن، پێی ڕادەگەیاندن كە لە هەر خاكێكەوە ئەمەریكا زەبر بووەشێنێت، ئەوخاكە تۆڵەی لێدەكرێتەوە لەلایەن چەكەكانی عێراقەوە، ترس و لەرزیش كەوتبووە دڵی هەموو خەڵكی شارەوە و تەنها بڕێكی كەمیان گاڵتەیان پێی دەهات و پێكەنینیان بە بیركردنەوەی خەڵكە تۆقیووەكە دەهات. ئیتر هەموو چاوەڕێی گورزە سەربازییەكە بوون.

## -194-

شار چۆڵ بوو، هاتوچۆی ئۆتۆمبێلێکی کەم هەبوون بەسەر شەقامەکانەوە، دوکانەکان تێکڕا داخرابوون و لێرە و لەوێ تاکە تاکە خەڵکی دەبینران، لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا هاوپەیمانان بۆردومانی چەند شوێنێکی بەغدایان کردبوو و خەڵکی تینوێتییان نەشکابوو، هەموو گاڵتەیان پێی دەهات و دڵنیادەبوونەوە کە شەڕەکە کۆتاییەك بۆ سەدام و ڕژێمەکەی دانانێت، یەکێك بە پەستییەوە ڕووی لە خەڵکە ڕاوەستاوەکەی بەری سەهۆڵەکە کرد و وتی:

- ئێوە چی دەزانن؟! ئێوە کە خوێندنەوەیەکی باشتان بۆ شتەکان نییە باشتروایە قسە نەکەن، کەی خەڵکی ئەم شارە وابوون، وەچەی ئێوە و بەڵکو نەوەی پێشتریش هیچ نازانن، من تێناگەم، شارەکەی ئێمە بە شاری ڕۆشنبیری و شیعر و هونەر و شۆڕش ناسراوە.. کەسانێکی چالاك و وریا و زیرەك و شت زان .. ئێوە لەکوێوە هاتوون و لە چ هەسارەیەکەوە دابەزیونەتە سەر ئەم زەوییە؟! وامزانی ئەوانەی لە شاردا ماونەتەوە هەموو تێگەیشتوو و شارەزا و دونیادیدەن! باشە ئێوە بۆ نەڕۆیشتن؟! بۆ ئەوەندە بێ بڕوا و کەم متمانەن، کە لە شتەکان تێناگەن چاوەڕێن.. سی و پێنج ساڵە عێراق چاوەڕوانی ڕوخانی ئەم ڕژێمەیە و ئەوەندەی نەماوە، چەند ڕۆژێکیتر و دان بەخۆتاندا بگرن.

کەمێك هێوربۆوە و پێکەنینی هات، ئەوانیش هەموو لێی نزیکبوونەوە، دوایی بە نەرمییەوە وتی :

- لە ماڵەوە بۆ خۆتان شانی بۆ دابدەن و.. سەرینی پەڕتان هەیە، ئەو پشتییە کوردییەکان؟!

هەموو پێکەنین و یەکێك وتی :

- ئینجا کێ سەرینی پەڕی هەیە ؟! بۆچی ؟

- باشە، خۆ سەرینی ئاسایی، بالیف، پشتی.. هەتانە، دوو دانە دابنێن و شانی لەسەر دادەن، گوێ بگرن و تەماشا بکەن و هیچ مەڵێن، مادەم جڵەوی ژیان بە دەست ئێمەوە نییە هەر تەماشا بکەین باشترە.

لەگەڵ برادەرەکانیدا ڕۆیشتن و بەدەم ڕێوە وتی:

- ئەم شارە چی لێ بەسەرهات؟! چەند ناخۆشە ئەم گەنجە بەدبەختانە دەبینم و دونیایان لەبیرچۆتەوە، لە هەندەرانەوە دێنەوە و تێڕوانینیان نەگۆڕاوە، تەمەنیان دەبێتە پەنجا ساڵ و بیروبۆچوونیان وەك هەرزەکارەکەی جاران ماوەتەوە! خۆ پۆشکین سی وحەوت ساڵ ژیا، لێرمەنتۆف بیست وحەوت ساڵ و بزانە چییان نەکرد، لای خۆیشمان هەروا بووە لە سەردەمی زووتردا، شەڕ و برسێتی و سەرگەردانی هەموو هۆکاری ئەم مەینەتییەن، دووبارەبوونەوەی ڕۆژەکان وەکو خۆیان و دابەزینی بەهای ڕۆشنبیری و زانین، هێشتاکە ساڵانی حەفتا و هەشتاکان باشتر بوون، شێتەکانیش بەشی خۆیان شتیان پەکاڵا دەکردەوە لەبەلام ئەم بارودۆخە وای لێهاتووە شێتیش بەدڵی نییە.شێتیش لەم بارودۆخە نیگەرانە.

گەیشتنە سەرچنار، جگە لە خوڕەی ئاوەکە دەنگ لە هیچ شتێکەوە نەدەهات، بە درێژایی ئەو ماوەیە تەنها ژن و مێردێکیان لە پەڕێکەوە بەدی کرد.. یەکێك لە برادەرەکانی وتی:

- هەموو ماسییەکان لە ئێمە خڕبوونەتەوە، ئەوانیش هەست بە چۆڵی دەورویەرەکە دەکەن!

ماسییەکانیش لە ناوەکەدا گردببوونەوە و دەتوت داوای خواردنیان لێدەکەن، یەکێکیان چوو و لە ئوتمبێلەکەدا پسکیتێکی بۆ هێنان، وردی کرد و بلقیان خستە ناوەکەوە؛ لە گۆشەی ئەولاوە کە دەیڕوانی بەسەر دارستانەکەی قلیاساندا، سێ کەس ئاگریان کردبۆوە و دەیانخواردەوە، جگە لەوان ئیتر کەسیتری پێوە نەبوو، یەکێکیان وتی:

- بەڕاست گوناهە بەم نەورۆزە شار چۆڵ بووە و کەسێك ئاگر ناکاتەوە، ئێمە کەی وابووین، با بڕۆین لە شاردا ئاگر بکەینەوە، هەم بۆ جەژنی نەورۆز و هەم بە خۆشی لێدانی عێراقەوە.

دووکەڵ لێرە و لەوێوە بەرزدەبووەنەوە و لەگەڵ تەنکبوونەوە و ڕەوینەوەیدا، ڕۆژەکانیش تێدەپەڕین و خەڵکیش ناوبەناو لە شوێنە دوورەکانەوە دەگەڕانەوە.. شەوانیش وردوری ڕەتبوونی مووشەك و ڕۆکێتە بەڵەدەکان بە ئاشکرا دەبیستران کە لە دەریای سوورەوە دەهاوێژران و بەسەر شاردا تێدەپەڕین، یەکێك وتی:

- ئەو مووشەکانە لە دەریای سوورەوە دەهاوێژن، هەمووی بۆ لێدانی ئەنسارولئیسلامە، لە جیبەکانیاندا، ئەمریکیەکان نەخشە و خشتەی زۆر سەیریان لەلایە، شوێنەکە کیومالْ دەکەن و بە شفرە و نەخشەی چوار گۆشەکانەوە دەستیان بە جیهاز و تەلەفۆنەکانیانەوەیە، یەکێکیان ببووە هاودڵم، وتی ئێستا مووشەکەکان بەڕێوەن و پاش کەمێك مەبەست دەپێکن، هەڵە ناکەن و ڕێك و ڕاست کوێمان پێ وتوون بەجێیدەهێنن، شوێنیان زۆر پێکاوە و چەکدارەکانیش بە عەرەبە ئەفغانییەکانەوە ڕۆیشتوون و کەسی تێدا نەماوە، ئەگەر بچنە ناو چیا سەختەکانیشەوە هەر وازیان لێ ناهێنن هەروەکو تۆرابۆرا لە ئەفغانستان.

## -195-

خۆشترین ڕۆژی شار بوو، ڕوخسارەکان هەموو گەشابوونەوە و ئاهێکی فێنك وەلیّ درەنگوەختە بە دڵەکاندا هاتبۆوە، هۆڕنی ئوتمبێلەکان بەجۆشەوە لێدەدران و پیادە و خەلکە وەستاوەکانیش بینایی و نیاگایان ئالّ ببۆوە، زوو زوو هەواڵی نوێتر و خۆشتریان بە یەکتر دەوت و دەچوونەوە بۆ بینینی دیمەنی بەغدای ڕزگارکراو، دوکانەکان بە دەنگی بەرز گۆرانییان لێدەدا و خەلکی هەڵدەپەڕین، کەوتنی بەغدا و سەرکەوتنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە کۆتایی پێهێنانی ڕژێمی دیکتاتۆری جێی شادمانی گەلانی عێراق بوو، شار خرۆشابوو و تەنانەت درەختەکانیش جوانترین گۆپکە و شکۆفەیان کردبوو، سەر شۆستەی سەهۆلەکە قەرەباڵغی بوو، هەندێك نەیاندەزانی چۆن گوزارشت لەو ڕۆژە نوێیە بکەن، ئوتمبێلەکان هاتوچۆیان بوو و ئاڵای ئەمەریکایان کردبوو بە جامەکانیانەوە، ئاڵای کوردستانیش لەگەڵیدا دەشەکایەوە و بەوپەڕی ڕێز وخۆشەویستییەوە پێشوازییان لە سەربازە ئەمەریکیەکان دەکرد.

نزیك لە دەنگی گۆرانی وهەڵپەڕکێکەوە، یەکێك بە برادەرەکانی وت:

- دوا چاوپێکەوتنەکەی سەدام شتی زۆری دا بەدەستەوە، وتی وا بۆ دە ساڵ دەچێت ئەمەریکا بە ئاشکرا نیشی خۆی دەکات لە جیهاندا، ئەوە زۆر بوو.. پێشتریش داوای لە سوپاکەی کردبوو کە کەسانی هونەریی نەخشە و درەختێك دروست بکەن و تیایدا دەستنیشانی حوکمڕانییەکانی عێراق بکەن، هەر لە یەکەم حوکمڕانی کۆنەوە تاوەکو ئێستا، لەوەدا دیویست ئەوە بهێڵێتەوە کە لە هەموویان زیاتر لەسەر

کورسی دەسەڵات ماوەتەوە، خۆیشی دەیزانی ئەمە دوا ساڵی سەرۆکایەتییە بۆگەنەکەیەتی، داواکردنی ئەو درەختی حوکمڕانییە خۆی لە خۆیدا نهێنی زۆر ئاشکرا دەکات، کەس وەکو ئەم زۆر نەمایەوە و زۆریش عێراقی تێک نەدا.

یەکێک لە وەستاوەکان وتی:

- ئەوە دەیانەوێت پەیکەرەکەی سەدام لە گۆڕەپانەکە بڕوخێنن، بە چەکوش کەوتوونەتە سەر بناغەکەی، چ خۆشییەکە!

چوونە ناو چایخانەکەوە و ڕوانییانە تەلەفزیۆنەکە، ئەوەی پێشتر قسەی کردبوو، وتی:

- تانکەکانی ئەمەریکا لە ساحەی فیردەوسدان، تەنانەت ڕوخاندنی ئەو پەیکەرەش هەر دەبێت ئەوان بیکەن، چونکە لە برۆنز دروست کراوە، ئاخر گوناه نییە پەیکەری شەیتان لە ناوەڕاستی بەهەشتدا بێت؟!!

-196-

هەر ئوتومبێل بوون دەهاتنە ناو شارەوە، بەخێرایی گیڤەیان دەکرد و لەسەر شەقامەکان نەدەمان، خەڵکی سەیریان دەکردن و هەریەکەی شتێکی دەوت.

- بەڕاستی شتێکی زۆر ناشیرینە ئەم ئوتومبێل دزینە، عێراق گەمارۆی ئابووری لەسەر لابراوە و چ پێویست دەکات خەڵکی پەنا بۆ ئەو کارە ببەن! عێراق ئەوەندە دەوڵەمەندە سبەینێ هەموو کەس دەتوانێت بە نرخێکی هەرزان ئوتومبێلی تازە مۆدێل بکڕێت، هەر ئابڕووی عێراق چووە، ئەو هەموو دزی و ڕاووڕووتە لە کەناڵەکانەوە

لێدەدرێن و دەگوێزرێنەوە و دونیا تەماشامان دەکەن!! لەبری ئەوەی بیر لە خۆشی و ئازادکردنی عێراق بکرێتەوە خەلکی بە چییەوە سەرقاڵ بوون!!

- لێیان دەسەننەوە، ئاسایش بە دوای سەیارە دزراوەکاندا دەگەڕێن، پێی دەڵێن علوج!!

- وەرگرتنەوەی چی! وا لە بەغدا و شارەکانەوە هەر ئوتمبێل دێن و لێپرسراوەکانی خۆشمان پێیان وتوون دەتوانن بیکڕن، سبەینێ بچنە سەر ماڵەکانیشیان دەڵێن خۆتان بە ئێمەتان وتووە، لە ڕانیە خۆیان بەستووە، چەکیان پێیە و دەڵێن ئەمەریکاش بێن و ئوتمبێلەکانمان لێ زەوت بکەن بەر فیشەکیان دەدەین، یان دەیانسووتێنین و ناهێڵین بۆ کەس بێت، کرێومانە و پارەکەمان بدەنەوە.. ئەمەریکا خۆی وتی ئەوانە موڵکی میللەتن کە سەدام نەیداونەتێ، وتیان خەلکەکە برسین.

- خەلکی پێشتر نەیاندەوێرا پارەی سویسری بهێننە دەرەوە و شتی پێ بکڕن، ئێستا بێنەوەی بە خۆیان بزانن، بەهۆی سەیارە کڕینەوە هیچیان لا نەماوە!

- پارەی نوێ لێدەدرێت، بەڵام کورد بیتوانیایە بەرگری لە ئابووری کوردستان بکەن و پارەکەمان بە نرخێکی زۆر بۆ حساب بکەن، یان خەلکی بێنە سەر جادەکان و ڕێپێوان و خۆپیشاندان بکەن تاوەکو ئەمەریکیەکان لە هەر بڕیارێکی پێشوەختی خۆیان پەشیمان ببنەوە.

- بارودۆخەکە تاسار دەبینم، کورد وا دەزانن حوکمڕانی کوردستان گرنگ نییە و هەمرو چوونەتە بەغدا!! دوای دوانزە ساڵ ئەزموون دەیانەوێت لەگەڵ عەرەبەکاندا هارتا بینەوە، ئەوان ئێستا لاوازن و

سوپایان نییە، یاسا و ڕێسا نییە، ئێمە هاوپەیمانین با هەر لە دوورەوە بێت.

- ئەی کەرکوک و ناوچەکانیتر واز لێبهێنین؟!

ئوتمبێل دەهاتن و لە گەراجی ماڵەکاندا دەخەوێنران، کەس نەیدەوێرا بە ئاشکرا لێیان بخوڕێ و هەموو دوو دڵ بوون، ناوبەناویش ئەو بریندارانە دەهاتنەوە کە لە ڕێگادا چەتەکان تەقەیان لێ دەکردن، دزی و تاڵانی دەیخایاند و درێژدەبۆوە، هەندێك لە خاوەن ئوتمبێلەکان لە ترسدا ئوتمبێلەکانیان فرۆشتنەوە. لە دوای ئەوەشەوە ڕۆژ بەڕۆژ نرخیان بەرزدەبورنەوە و کەسێك لەبارەیەوە نەیدەدوا، جگە لە پەشیمانی و، هەستیان دەکرد دووربین نین و فێڵیان لێ کراوە، یەکێك وتی:

- ئەو دزی و تاڵانییە بەو مانایەیە کە گەلی عێراق هەموو نەبوون و گیرفان بەتاڵن، جگە لە خۆشگوزەرانی چیتریان ناوێت، ئەگەر هەرزانی و خۆشی بێت کەس ناوڕ لەو شتانە ناداتەوە، سەدام میللەتێکی برسی و نەزانی لە پاش خۆیەوە جێهێشت، مێشکی لەسەری کەسدا نەهێشت، یەك دونیا سەگ و گورگی دروست کرد و هەر ئەوانیشن کە تەقینەوە دەکەن، سەدام تاوەکو دەستگیر نەکرێت بارودۆخەکە ئارام نابێتەوە، هەر بگیرێت هەموو شتەکە کۆتایی پێ دێت، نە تەقینەوە دەکرێ و نە فیشەکێك دەتەقێنرێت، ئێوە بۆ خۆتان هەر بڵێن وانییە!

## -197-

سەهۆڵەکە قەرەباڵغی بوو، ئوتمبێلەکان بەدەم هۆڕن لێدانەوە دەڕۆیشتن، وێنەی دیکتاتۆر بە سەروقژ و ڕیشێکی زۆرەوە بە دەست گەنجانەوە بوون و پیشانی خەڵکیان دەدان.. دەستگیرکردنی سەدام

خۆشییەکی لەرادەبەدەری بەخشیبوو بە خەڵکی و هەندێك لە خۆشیدا چاویان پڕیبوو لە ئاو؛ پیشاندانی شێوەی دەستگیرکردنەکەی لەسەرێکەوە جێی خۆشبەختی و شادمانی بوو و لەسەرێکی دیشەوە بۆنی مەینەتی دەهێنا، مەینەتییەك بۆ ئەو هەستکردنەی کە دوژمنی ئەوەندە هێندە ترسنۆك و زەلیلە بەدرێژایی ماوەی نەبڕاوەی حوکم کردنی چۆن ژیانی میللەتێکی سەراپا خەفەکردبوو و هەموو سیما و نەدگارێکی ڕاستەقینەی نەهێشتبۆوە، ڕاوەستاوەکانی بەردەم چاپخانەکە دەیانوت:

- بەدرێژایی سی و پێنج ساڵ وڵاتێك کاول بکەیت، ئەو هەمووە بکوژیت و بە دزێوترین و نوێترین شێوازی کوشتن و زیندان و ئەشکەنجە میللەتێك نەهێڵیت، جگە لە گەلانی عێراق، دەوروبەرەکەش بخەیتە ترس و لەرزەوە و بۆ خۆشت ئاوەها ترسنۆك و ڕیسوا بیت!

- ئەگەر دڵۆپێك کەرامەت و ناموسی هەبووایە فیشەکێکی دەنا بەخۆیەوە، بەڵام نییەتی، وەکو جرج بچێتە ئەو کونەوە و هێندەش ترسنۆك بیت!! وڵاتێك بتۆقێنیت و هیچیش نەبیت، مردن بۆ ئەو هیچ نییە، مەرگ بەختیاری دەکات و دەبێتە فریادڕەس بۆی، تازە هەرچییەکیشی لێ بکرێت سوودی نییە، تۆڵەی چەند کەسی لێ بکرێتەوە، تۆڵەی چ شتێك! پارچە پارچەشی بکەن و لەبەردەم خەڵکیشدا لە سێدارە بدرێت، نازانم، دەبێت چۆن هەقی لێ بکرێتەوە؟! ژیانی نەهێشت و زەمەنی بەبادا، باڵندەکان و درەخت و خاکەکەش دەبێت تۆڵەی خۆیانی لێ بکەنەوە، هیچ ترووسکەیەکی خۆشی لە دڵ و دەروندا نەهێشت، چی خراپەیە کردی و لە کاتی خۆیدا دەستگیر نەکرا و نەکوژرا، تازە هەرچییەکی دەرهەق بکەیت تینوێتی ناشکێنی،

دزێوترین ڤایرۆسی بوون بوو، پیسترین میکرۆب لە گەردووندا، هەمیشە زاڵمەکان لە کاتێکدا وایان لێ بەسەردێت کە هیچ بەهایەکی نییە، بەڵام ببێ بە وانەیەکی زیندوو بۆ هەموو دیکتاتۆرەکانی‌تری دونیا، یان ئەوانەی بیر لەوە دەکەنەوە هەر خۆیان هەبن. چەندم پێ خۆش کە لوتی هەموو سەرۆکە عەرەبەکانی شکاندا، ئابڕووی هەموویان، ئەویش ئەگەر شتێك هەبێت پێی بڵێن ئابڕوو.

یەکێکی‌تر وتی:

- با سەدامیش بگرن، هەزاران سەدامی تر پەیدابوون و ناهێڵن ئەم وڵاتە خۆشی ببینێت.. من دڵم بە هیچ خۆش نییە، کە نەتوانێت منی تۆراو و دڵشکاو بخاتەوە جووڵە هیچ نییە.. هەموو شتێك لە کاتی خۆیدا خۆشە ، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێمە دڵمان نەماوە، خاوەنی هەستی خۆمان نین، هیچ هیوا و ئومێدێك و ڕۆشناییەکمان تیادا نەماوە، ئێمە لە پشت زەمەنەوەین، تازە ئەگەر لەبەر دەمیشماندا هەڵیپواسن و هەریەکەی تۆڵەی خۆی لێبکاتەوە تامی نییە، ئێمە کوژاوینەتەوە و هیچ شتێك نامانگەڕێنێتەوە بۆ ژیان، چ ژیانێکیش!! خۆزگە نەدەهاتینە ژیانەوە، خۆزگە نەدەبووین هەر لە سەرەتاوە، هیچ خۆشییەکمان نەبینی و بە دڵی خۆمان نەژیاوین.. ڕەنگە بۆ ئەم گەنجانە دونیا خۆش ببێت! بەڵام ئەوانیش وەکو ئێمە بەدبەختن، ئەوانیش لە هەمان خەون و خولیادان و لەوانەیە بۆ ئەو منداڵانە، منداڵە بچووکەکان دونیا بگۆڕێ و بە خواستی دڵی خۆیان بژین، تۆبڵێی کاتی ئەوان خۆش بێت؟! یان ئەمەش دەبێتە ئومێدێك وەکو قسەی ئەوەکانی پێشوو کە هەروا ڕوانیویانەتە ئێمە، کە ژیان بۆ ئێمە خۆش دەبێت و بەڵام خۆشیش نەبووە!

-198-

قاڵبی چیمەنتۆکان کە پڕکرابوون لە گڵ، لەبەردەم ئوتێل و ئەو شوێنانەدا دانرابوون کە جێی مەترسی بوون و دەکەوتنە بەر پەلامار و شاڵاوی تیرۆریستانەوە.. سەر ئەم شەقامە چۆڵ دیار بوو، خەڵکەکە بێ مەیل و سەرکز دەڕۆیشتن، گەنجەکان لەپاڵ پیرەکانەوە لە چایخانەکاندا دانیشتبوون و هەریەکەیان دەیانڕوانییە خاڵێکی نادیار، لەو خاڵە نەبینراوانەدا هەموو خەیاڵیان ڕۆیشتبوو، جارجارە بەهۆی هاتوچۆیەکەوە چاویان لەسەر هەڵدەگرتن و دەهاتنەوە بۆ لای خۆیان.

دوو کەس لە تەنیشت یەکترەوە بوون و یەکێکیان وتی:

- چەند ساڵە ئێرەم جێ هێشتووە، هەموو ئاواتێکم ئەوە بوو بگەڕێمەوە و لێرە بژیم، بەڵام ئێرە هەروەکو خۆیەتی و ژیان تیایدا زۆر قورس و گران بووە.. بەڵکو خراپتریش بووە، تازە ئێمە لە هەردوو جەژنەکە بووین، نە ئەورووپا ئەو خۆشیەیە و ئێستا زۆر گۆڕاوە، نە ئێرەش، سەرگەردانییە. لێرە هەموو کەسێك تەنها بیر لە پارە دەکاتەوە، هەر پارە و هیچیتر!

هاوەڵەکەی وتی :

- خەڵکی بەدبەخت نیازیانە ئێستا بڕۆن، ڕۆژانە دەبیستم جێیدەهێڵن و دەڕۆن.. بەڵام ئەوەش چارەسەر نییە، دڵمان بەوە خۆش بوو هەرچی ئەوانەی دەرەوەن بگەڕێنەوە و تەنیایی و نامۆییان لێ بتەکێنەوە، وا ئاوارەی شار و گوندەکانیش زۆربەیان ماونەتەوە و کەس ناچێتەوە بۆ شوێنی خۆی، زێدی باووباپیرانیان لەبیرچۆتەوە، وتمان دەڕۆنەوە و ئەم شارە هەناسەیەك دەدات.. نرخی شتەکان لەگەڵ

زیادکردنی مووچەدا بەرزدەبنەوە، نەوت و غاز و بەنزین نییە و هەموو گران بوون و بە هیلاکی و شەڕشەقی دەست دەکەون، کارەبا کەمە و ئاویش هەروەها.. وابزانم دونیا ئاگۆڕێ و بەرەو خراپبوون دەڕوات، خانوو لە کڕین نایەت و کرێی خانوویەکی بچووك خەیاڵییە!

سێ کەسی دیکە، چوونە ئەوبەرەوە و لەسەر شۆستەکە یەکێکان وتی:

- ڕازین، سەرباری ئەوەی دونیا ڕۆژ بە ڕۆژ ناخۆشتر دەبێت، کەچی ئێرەش هاتوونەتەوە و لەپێش چاومانی دەخەن.. چی بکەین؟! ئێمەش حەز دەکەین ژیان خۆش ببێ و، حەزمان دەکرد ئەو شاخ و شەقام و تەلار و ژینگەیەمان هەبووایە کە لە کەناڵە ئاسمانیەکانەوە دەیانبینین.

ئەوەیتر وتی:

- مانگێکە هاتوومەتەوە خەریکە دڵم دەتەقێت، بێزار بووم.ئەمە کەی وڵاتە !!وتیان شارەکە زۆر گۆڕاوە و خۆش بووە، تەنها مۆدێلی سەیارە و ئەو بینایانەیە دروست کراون، هیچ نەگۆڕاوە.. کەی ئەمە جادەیە؟! دەترسم بەوانەش بڵێیت درەخت!! کەی ئەوە شاخە کە دەیبینن! سەوزایی و دەشتودەر وەرن لە ئەڵمانیا ببینن، دەموچاو، هەڵسوکەوت، ڕێز، جوانی هەمووی لای ئێمەیە، نان و سەموونی ئێرە ناشیرین بوون، کەی ئەوە خۆراکە؟! کەی ئەمە ژیانە لەم شارەدا ؟!

بەپەستییەوە وتی :

- ئیتر وایە..هەر باشیشە لە دوای ئەو هەموو کارەسات و شەڕ و ناخۆشیانەوە ژیان لێرە ماوە!! تۆ گیروگرفتی تایبەتی خۆت تێکەڵاوی هەموو شتەکانی ئێرە مەکە، ئەگەر پارەیەکی باشت هەبووایە ئێستا خانوویەکت دەکڕی و خەریکی ئیشی خۆت دەبوویت و گاڵتە بەوانەش

دەهات ئەم جۆرە قسانەیان بکردایە.. منیش دەزانم چیا و شاخی زۆر قەشەنگ و بەرز و سەرکەش لە دونیادا هەن و سەرنجراکێشەرن، بەڵام ئەوە بزانە هیچ کامیان بۆ من ئەوەندەی ئەم زنجیرە شاخانە لەبەر دڵان شیرین نین، مادەم جێی یادگاری و شوێنی ژیانمانە لە هەموو چیایەکی دونیا لام جوانترن، ئەو درەختە نزم و بچووك و ناموراد و پڕ تەپوتۆزانە ناگۆڕمەوە بە درەختی هەموو دنیا.. دەزانی لەبەر چی ؟! چونکە هەستدەکەم هی خۆمن، هەستدەکەم بە بینینیان دەگەشێمەوە و لەگەڵ ئێمەدا دەژین، ئەم تێڕوانینەتان وەك نیگای بێگانەکانە و جیاوازی نییە، ئەوە بە خۆشەویستی دێتە کایەوە، کە تۆ شارەکەی خۆت خۆش نەوێت چی دەڵێیت هەمووی تەواوە، بەڵام نامەوێت تێڕوانینی منیش بگۆڕیت، ئەمە گۆڕینیش نییە بەڵکو شێواندنە، ئێمە پێی ڕازین و سەرباری ژیانێکی دژوار و سەخت و پڕ کەموکوڕی و تەنگوچەڵەمەی ژیان، تێڕوانینی خۆشمان خراپ ناکەین.. ئەگەر ئەوە هەست و ڕوانینتە، بڕۆرەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت و دڵت بەوێ بکرێتەوە، من دەزانم لەوێوە کە گەڕاویتەوە زۆرت بیرکردووە و لێرە ئەو ئەندێشە و خەون و خەیاڵە نەبووە کە چاوت پێی کەوتۆتەوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە تێڕوانینەکەت بسەپێنیت.. ئێمەش خوازیارین شارەکە گەشاوەتر و جوانتر بێ و هەموو کەسێك بە مەیل و ئارەزووەکانی خۆی تیایدا بژی، وامزانی کە دێیتەوە پرۆژەی باشت پێیە و بۆ پەرەپێدان و باشترکردن دەست بەکار دەبیت!!

- کام پرۆژە! کێ گوێم لێ دەگرێت؟! لێرە هەرکەسە بۆ خۆی دەژی و بیر لە بەرژەوەندی خۆی دەکاتەوە.. حیزبەکان هەر بیر لەخۆیان دەکەنەوە و هەموو شتێکیشیان بەدەستە، گوێ نادەنە خەڵکی داماو، پیاو لێرە

بۆی هەر دەبێت حیزبی بێ و ماستاو بکات، نادەی بزانم چەند ساڵە لێرە ماویتەوە هیچت کردووە بە هیچ.. بۆچی هیچت نییە و خاوەنی هیچ شتێکی خۆت نیت؟ ژیان چۆن وا دەبێت؟! بزانم هەموو خولیاکانت نەکوژراون؟! لێرە کەس قایل نییە بە ئیشەکەی خۆی و هەمووشیان دەترسن لەسەر کارەکانیان لایبرێن!! لە فەراشەوە بۆ بەڕێوەبەر و سەرووتریش هەموو دەترسن و کەسیش بە کارەکەی خۆی ڕازی نییە. هەموو لە سبەینێ دەترسن. لێرە کەسێك لە شوێنی شیاوی خۆیدا نییە و سەری گا چووە بە قونی کەردا !

پێی وت:

- من گەشبینم، زۆر قۆناغی ناخۆشی و نەهامەتیمان بڕیووە و چەشتووە، باوەڕناکەم ئیتر ئەو ڕۆژە دۆزەخییانە بگەڕێنەوە، لێرە خەلکی هەموو چاویان کراوەتەوە و زۆر بە ڕاشکاوی داواکاری پێشکەش دەکەن و کەموکورییەکان دەخەنە ڕوو، جۆرێك لە دیموکراسی هەیە و...

- دیموکراسی!! هەرگیز لێرە نایبینیت دیموکراسی پیادە بکرێت، ئەوە دیموکراسییە کە بازاڕی ئازاد هەیە و هەرکەس بەرژەوەندی خۆی لێکدەداتەوە؟! ئەو بینایانە دروست دەکرێن و زەوی‌وزار هەراج دەکرێن؟! برۆ لە دەرەوە ئێرە ببینە.. هەزار ساڵی تریش ئەوەی ئەورووپا پێی گەیشتوون لێرە نایگەنێ، بەڵام دەڵێی چی! ئەوە بۆ ئێمە نییە و تەنها بۆ خەلکی وڵاتی خۆیانە، ئێمەی کورد هەرگیز ناحەسێینەوە، هەرگیز ژیانمان بۆ خۆش نابێ و ئارام نابینەوە، ئەو فیدراڵییەی کە داوایشی دەکەن هەر خەونە و عەرەب هێشتاکە هیچیان بەدەست نییە بوونەتە لەمپەر و دژی دەوەستنەوە، ئینجا سبەینێ حوکم بچێتە دەستیانەوە!!

بەکورتییەکەی ئێرە هەر ئێرەیە و چاوڕێی خۆشی و شـادی لێ مەکـە و تاوەکو دونیا دونیایـە هـەروا دەمێنێـتەوە، سـەد خۆزگـەم بـە پێشـوو، جاران ئێرە خۆشـتر و باشـتر بـووە و ڕۆژ بـە ڕۆژ دابونەریتـە جوانـەکان دادەماڵرێن، خزمەکانم تا ئێستا سەریان لێ نەداوم!! من چـووم و ئـەوان نەهاتوونەتەوە! ئەمە پێشکەوتن و ئەو گەشـبینییەی ئێوەیـە؟! ئـەجارە بـڕۆم هـەر ناگەڕێمـەوە بـۆ ئـەم شـار و وڵاتـە، تەنـها لـە دوورەوە و لـە تەلەفزیۆندا جوانە، تەنها بیری ڕۆژە خۆشەکانی دەکەم و هیچیتر.

- با بزانین دوای دەنگدان، چ دەستوورێك دادەنێن، دەستوور سەنگی مەحەکە. هەر شتێکیش خواستی لەسەر بوو دێتە دی، ئەمڕۆ نا سبەی.

-199-

ئیـتر هـەر دەمبینـی و گوێبیسـتی گلـەیی و سـکاڵای ئێـو دەروون دەبـووم، گلـەیی و گـازندە لـە ژیـان و ئـەو ڕۆژگـارەی بـە نابەدڵییـــەوە بەسەردەچوون و تەنها لـە تێپـەڕبووندا دەبوونـە جێـی کەسـەر و خـەم ، خـەمی ئـەوەی لەکیـسچوون و تەمـەنی بـردوون.. سـەرباری ئـەوەش، هەمیشـە ڕابـردوو بـە وێنـە ئاڵەکانیـەوە دەهاتنـەوە ئێـو بـیر و بـیر و بـۆی دەگەڕانەوە، باشتر و لەبارتر خـۆی پیشـاندەدایەوە و بـەرەو ئایندەیـەکی نادیار پەلی دەکوتا.

ئەو چاوەڕوانییە درێژخایەنە، هەر درێژدەبۆوە و بەردەوام دەبوو، لە هەموو قۆناغەکاندا کە هەرچەندە بە ڕواڵەت بوون و لەبنەڕەتدا ڕستێك و هەمان کشان و درێژکراوەی قۆنـاغێك و بـەرگێك بـوون، تینـی زۆرتـر دەبوو و خەون و خولیاکانی ڕادەکێشا.. ئومێـد و هیـوا پـەیداکردن بـە

سبەینێ، کە خۆشتر و گونجاوتر ژیانی تێدا ببینرێتەوە و ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی بهێنێ.

هەموو ئەوانەم دەبینی، هێز و تینی ڕزگاربوون و قوتاربوون لەژێر ڕکێف و چنگی داگیرکەران گەشتر دەبوو و دەبجایاند، بەڵام هەموو داهاتووی ئومێدەکان، ئایندەی ئاوات و هیواکان، ڕۆژگارێکی دیکەی ناخۆشتر و ناهەموارتریان بەدوادا دەهاتن و سەرلەنوێ دروست دەبوونەوە، لەسەر هەمان ڕێتم و خۆزگەی پێشوویان دەڕۆیشتن و بە هەمان ئاکام و بگرە خراپتریش دەگەیشتن.

ئەو هەموو خەون و خولیایانە خەپ دەبوون و دەکوژانەوە، کز دەبوون و هێندەی پێنەدەچوو هەڵدەگیرسانەوە، سالان تێدەپەڕین و ژیان بەسەردەچوو، داواکاری و سەندنی ماف و هەقی خوراو و پێشێلکراو ڕۆژ بە ڕۆژ سنووریان تەنگ دەبوونەوە و بە پەنهانی و هەندێك جاریش بە ئاشکرا ڕادەگەیەنران، کەچی ڕۆژە خۆشەکان پێ بەپێی مەیل و ئارەزووە بەتین و نەبڕاوەکان بەپێچەوانەوە دوور دەکەوتنەوە و خەڵەتێنتر خۆیان پیشان دەدایەوە، لەپێناویشیدا قوربانی و خەبات و فیداکاری دەکرا و تەواوبوونی نەبوو و گرژی و پەشێوی بڕانەوەی بۆ نەبوو.

سەرەنجام، ئەوەی بۆم گێڕایەوە لێشاوی ئەو هێڵە گشتییە بوو کە شار پیایدا ڕەتدەبوو، هەر لە سەرەتاکانیەوە تاوەکو ئێستا ئەو هێڵە درێژ دەبێتەوە و دەکشێت، ئەگەرچی بیروبۆچوون و لێکدانەوەکان، تێڕوانینی نوێ و تایبەتی و باشی بەخۆوە بینیوە و بەرەو پێش چووە، بەڵام هەستە ڕاستەقینەکان، هەستی بنەڕەتی هەروەکو خۆیان ماون و گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە، بەڵکو گۆڕان پڕ بەمانای خۆی هێشتان

نەبووە و ڕووینەداوە، هێشتا داکۆکیکردن لە هەستی نەتەوەیی و سەربەخۆیی و ڕزگاربوون بەردەوامە و لە هەوڵە بێوچانەکانیدا تێدەکۆشێت.

سەرمەند ئاهێکی هەڵکێشا و بەدەم ڕۆیشتنەوە وتی:

- ژیانی ئەم شارە جگە لەوهەستە بەردەوامە چیدیکەی نەبینیووە.. ژیانی ئەم میللەتە سەراپا سیاسەت بووە، بەرگریکردن و داکۆکیکردن بووە لە مافە ڕەواکانی و ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکانیش هیچیان بەجێیان نەهێناوە.. گەمە و دەستی دەستییان پێ کردووە و لە دواجاریشدا جگە لە بەرژەوەندی نەتەوەیی و تایبەتییان بیریان لەم میللەتە نەکردۆتەوە، بەڵکو بە شێوازی دزێو و ناڕەوای جۆربەجۆریان مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە و هەرگیز نەیانویستووە ئارامی و خۆشبەختی تیایدا بێنە دی. حیزبەکانیش بەداخەوە هەر بیریان لە بەرژەوەندی خۆیان کردۆتەوە.

شەقامەکە دواتر وتی:

- ڕۆژانی خۆش و پڕ بەزم و شایی، سەیران و گەڕان و کۆبوونەوە و بۆنە و جەژنەکان، کۆڕی بەزم و گۆرانی، ئامویۆی خۆیان هەبوو و ژیانیان دەگەڕاندەوە، بەڵام هەموو کورت و کەمخایەن بوون و لەنێو جەور و ستەمدا هێندەیان بڕ نەدەکرد.. ژیانی ئێرە تەنها لە خۆزگە و ئومێد و هیوادا هەبوو و تەنها بە ناو پێی دەوترا ژیان، شتێك بوو لە خەیاڵدا، ڕۆژانی ڕاستەقینەش دژوار، چەرمەسەری و پڕ کەموکوڕی و نەهاتیی بوون و لە خەون و خەیاڵە نەبڕاوەکاندا داگیرسابوون.

ئای چەندە خەونیان بە سەربەستییەوە دەبینی، ئەو هەموو خەیاڵە درەوشاوانە لە کەللە سەرەکاندا دەمانەوە و بەو داخەوە دەچوونە ژێر

گلەوە، ئەو هیوا داگیرساوانەی شەوەزەنگەکانیان ڕۆشن دەکردەوە و بەردەوامییان دەبەخشییە هەناسەکان.

ئیرە شار نەبوو.. یەکپارچە خۆزگە و ئاواتی بەدینەهێنراو بوو و بەبەر نیگاکاندا ڕەتدەبوون، دەچوونە سینەوە و بە خوێن و شادەمارەکاندا دەگەڕان، نیگای ئەوان ئەگەرچی خەمگین و مەینەتبارانە بوو بۆ خۆیان و خاکەکەیان، وەلێ لە ناوەوەدا هەردەم بە ڕۆشنی خۆی دەنواندەوە و تروسکەی دەبەخشی.

ژیان نەبوو.. لەپێناوی سبەینێدا دەبووە قوربانی، سبەینێش هەر دوورودەکەوتەوە، دوای سەدە و نیوێك دەهات و لە دوای خۆیەوە لێشاوی خۆزگەکانی کاڵدەکردەوە، وەختێکیش کە هات، دەروونەکان شەقار شەقار ببوون و تاڵە باریکەکانی مابوونەوە، ڕاپەڕین سەرەتا شەوقەکانی گەڕاندنەوە و هیواکانی ژیاندنەوە، بەڵام گەمارۆی نابووری و شەڕی براکوژی وردە وردە کەوتنەوە فوولێکردنیان و نەیانهێشتن.. پەڕە پەڕە بوون و سیس و پەژموردە هەڵگەڕان، ئیدی تۆران، خەلکەکە ناسۆری و نەهامەتی هەموو شتێکی بیربردبوونەوە، تەنها بۆ فریادڕەسێك دەگەڕان، گۆڕانکاری دوایی هێندە خێرابوو، شەپۆلی دەدا و لەبەر تەوژمیدا ڕایدەماڵین، بەرەو شوێنە چەپ و تەریکەکان دەیبردن و جێیدەهێشتن.ژیان نەبوو، ئەوەی گێڕامەوە هیچی ژیان نەبوو!

ئەو هەرزەکار و لاوانەم دەبینی، بە دڵێکی شکاوەوە قوتابخانەکانیان جێدەهێشت و بۆ پەیداکردنی پاروەوە نانێك ئیشی قورس و گرانیان دەکرد، ئەوانەی درێژەشیان بە خوێندن دەدا بە ناچاری دەڕۆیشتن و بیر و هۆشیان لای خۆیان نەبوو، مامۆستاکانم دەبینی، هەموویان گۆڕابوون، دونیایان لەپێش چاو کەوتبوو و لەبەر خاتری مووچەکانیان کە زۆر کەم

بوون وانەکانیان دەوتەوە، خوێنـدن بـرەوی خۆی لەدەسـت دابـوو و ئـەو هەموو دەرچووانە بـێ ئیش و بێکـار دەسـوڕانەوە، پیـاوانم دەبینـی لـە کۆلانەکاندا هـەڵماتێنیان دەکـرد و خـەریکی گلۆر دروسـتکردن بـوون، گەنجەکان چەکەکانیان دادەنا و پاڵیـان بـە عەرەبانەکانـەوە دەنـا و سـەر شۆستەکانیان پـڕ کردبـوو، خۆشەویسـتی کـز دەبـوو و پەیوەندییـە کۆمەلایەتییـەکان هـەپروون دەبـوون، دایکـان و باوکـانم دەبینـی کوڕەکانیان بـۆ دەرەوەی وڵات دەناردن بۆئـەوەی دەرامـەتێکیان چنـگ بکەوێت و بتوانن بژین.. هەموویانم بینی دڵسارد و مەلوول و بێ هیوا دەژیان... لـێرە ژیـان هیـوای لەبەر بڕابـوو، دەمبینـین وەکـو تارمـایی دەهاتن و دەچوون و بە جەسـتە لـە شـوێنێك بـوون و بـە خـەیاڵیش لـە جێیەکی‌تر، بوویەکی ناناماده بـوون و لـە گـۆ کـەوتبوون، دەیانڕوانییـە شتەکان بێئەوەی بزانن بۆ سـەیری دەکەن، دەشیانڕوانی و مێشکیان بـە شتی‌ترەوە هەر خـەریك بـوون، دەمبینـی خـەم و کەسـەر و ناسـۆری بـە جەستەیاندا بلاوبوونەوە و هەموو بەشێکیان تـەنیبوو و کونجێکیـان بـۆ ژیـان نەهێشـتبۆوە، تۆرابـوون و بـە زیـز و بێزارییـەوە دەیانڕوانییـە دەوروپشتی خۆیان و لە هەموو شتێك بێباك بوون، گرنگییان بـە هـیچ شتێك نەدەدا و وەلایان دەنان، تەنانەت مەلا و نوێژکـەرەکانیش لەسـەر بەرماڵ دانیشـتبوون و خـەیاڵ دەیبردنـەوە، نانیـان دەخـوارد و بێئـەوەی تامی بکەن و بیجوون خێرا هەڵیاندەدا و بـۆ ساتی پاشتر ئەندێشـەیان درێژدەبوونەوە، ئەندێشەکانیش بە تەرزی هەڵسوکەوتەکان بێ سەروبەر و نیوەچڵ و پچڕ پچڕ بوون، خەونیان دەبینی، خەونەکان پڕبوون لە ترس و لەرز و لە گەرمەیاندا ڕادەبوون، خەونەکانیان بۆ کەسانێك دەگێڕانەوە و ئەوانیش بێ ئەزموون، سەرپێیی و ڕووکـەش یـەکالایان دەکردنـەوە، بـە

دوای کەسێتی خۆیاندا دەگەڕان و دەیانویست کەسانی بەرامبەر بکەونە خوێندنەوەیان و خۆیان لێ بزر ببوو. قاوەگرەوە و دەستگرەوە و شێخ و لێزان ماڵەکانیان پڕ ببوون لە خەڵکی، بە تایبەتی لە ژنان.

شاعیر و هونەرمەندەکانیشم دەبینی، زۆرینەیان بێنەوەی قاڵ بووبن بە هونەرەکەیان گەشتی وەهمیان دەکرد بەنێو وەهم و نەبووەکانەوە و نەیاندەتوانی بڕێکیش تینوێتییان بشکێنن و لەخۆوە و وەك لاساییەکیش بە ئەدەبی دونیا و بێ تێنگەیشتنیان پەنایان بۆ بردبوون، لە سادەییدا کاری سانایان دەکرد و لە کۆڵ خۆیان دەکردنەوە، وەك ناو، کاری زۆروبۆریان دەکرد و گوێیان نەدەدایە بیروبۆچوونی گوێگر و بینەرەکانیان و ڕۆژ بە ڕۆژ بەسەر خۆیاندا دادەخران، جگە لە حەسرەت و خەم و نامۆیی چیدیکەیان پێ نەبوو بۆ ژیان و بە باشیش گوزارشتیان لێ نەدەکرد.. بەشێوەیەکیش گوزارشتیان لە ژیان دەکرد بێنەوەی هەستیان پێکردبێت و تۆشیبێتیان، خەڵکەکەم دەبینی دوور لە یەکتر ڕادەوەستان و لە کاتی گردبوونەوەشیاندا هەر تەنیا بوون، وەختێکیش دەڕۆیشتن هەستیان دەکرد کامێرایەك هەمیشە بەسەریانەوەیە و دزەڕوانینیان بۆ دەکات، ئەوان ئیتر لە چاوی یەکتری خۆیان دەپاراست، دەمبینین بە درێژایی ئەو ساڵانە چاریان دەخستە ناو چاوی یەکترەوە و تەماشای یەکدییان دەکرد، تەنها بە ڕواڵەت ئەویتریان دەبینی و خۆیان بیرچوویۆوە، لەوەش وەڕس ببوون، ئیدی چاوەکانیش تۆران و لە یەکتر زویر بوون، تەنها لە دوورەوە خۆیان پیشانی یەکتر دەدا و وایان دەردەخست کە یەکدییان نەبینیوە و خۆیان بۆ یەکتری دەنواند، وا خۆیان دەردەخست کە سەرقاڵن و ناپەرژێنە سەر ژیانی ئاساییان و چوونەتە قۆناغێکی باڵاترەوە، خێرا بە بەردەم یەکتریدا ڕەتدەبوون و

بێنەوەی ئاور لە یەك بدەنەوە دەڕۆیشتن، لە ناوەوەشدا خوازیاربوون کەسانی دیاریکراو ئەوانیان بینیبێت و بە وردی تێیان ڕوانیبن، تەنانەت ئەگەر حەزیان لە کەسێکیش نەکردایە و لە ناوەوەدا ڕکیان لێ بوونایە، هەر تامەزرۆبوون یەکتر ببیننەوە و غایشی تایبەتییان بۆ سازدەدا.

کچە دڵشکاوەکان و قەیرە بێ هیواکانیشم دەبینی، چاوە چاوی ئەوەیان بوو سوارچاکی نێو خەونەکانیان پەیدابن و بۆ خواستن دەستنیشانیان بکەن، ئارەزوویان بوو شوویکەن و ڕزگاریان بکەن، ڕۆژانی جەژن و کاتی قەرەباڵغی خۆیان پیشانی کوڕەکان دەدا و هەندێکیان بە دوای ئەوانەدا دەگەڕان کە لە هەندەرانەوە گەڕابوونەوە و هەموو ئومێدێکیان ئەوە بوو دەربازبن و بەهۆی ئەوانەوە شار بەجێبهێڵن، ڕۆژانە دەچوونە لای فاڵچی و دەستگرەوە و قاوەگرەوەکان تاوەکو گرێی بەختیان بکەنەوە، کوڕەکانیش مەلوول، گرانی و سەختی ژیان دڵی هەڵکەندبوون و ناچار لە دووردوە دەیانڕوانییە ئافرەتەکان، حەز و مەیلەکانی خۆیان مردار دەکردەوە و لەنێو خەیاڵە ڕەنگاڵەییەکاندا دەژیان، دەبوونە پاڵەوانی ڕەنگین و دەرگاکانیان دەکردەوە، دەلاقەی نوێیان واز دەکرد و بۆنی نوێ و هەناسەی ساردیان هەڵدەمژی، ژنە لەشفرۆشەکانیشم دەبینی لەسەر جادەکان بە ڕێگەی نەشیاو بژێوییان مەیسەر دەکرد، هەندێکیشیان لێیان ببووە خو و بێ ئەوە نەدەژیان، دەتوت بەوە تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە، هەروەك تلیاك چووبووە نێو خوێنیانەوە، جا من تلیاك هێن و تلیاك فرۆشەکانیشم هەموو دەبینی، ئای لەو یارییە بێ لەزەتانەیان چەندە بێ سنوور بوون، گەمەیەکی قێزەون و هێندە سەیر کە هەرگیز نەمبینیبوو.

دوکـاندار و دەسـتگیرەکانم ڕۆژانــە دەبینــی و کــاری نادروســت و ساختەیان سەرقاڵیان کردبووم، دەمبینین زیـدە نرخیـان دادەنـا و کـاڵا و شتە خراپــەکانیان ســاغ دەکــردەوە، میـوەفــرۆش و بەقاڵــەکانیش بەگەنیوەکانەوە کیسە نایلۆنەکانیان پڕدەکرد و بەڕێیان دەکردن، بیبەر فرۆشەکەن ناو بیبەرەکانیان پڕکردبوون لـە ئـاو و بـە کێشانەی قـورس دەیانفرۆشتن. ئـەوەی جاران پێی دەوتـرا پیشە زۆربــەیان نـەمابوون، دوکاندارێکی بێ بەرهەم کاڵای وڵاتانیان دەفرۆشتەوە.

ئاورم لە پۆلیســەکانی هاتوچۆ دەدایەوە، لەگەڵ شۆفێرەکاندا قسەیان دەکـرد و پـارە و بـەرتیلیان وەردەگـرت و لێدەسـەندن، بـەنزین فـرۆش و نەوت فرۆشەکانیش کاری ساختەی سەیروسەمەرەیان دەکرد، خۆم دەکرد بە ناو فەرمانگەکاندا و لەگەڵ هـەستی هاتوچۆکەراندا ئاوێتە دەبووم، لە ژوورەکاندا گوێم لە شتی زۆر سـەمەرە دەبـوو و کـارە نهێنییەکانم بـۆ یەکالا دەبوونەوە، بەڕێوەبەرەکانم دەبینی دەستبازییان لەگەڵ ژن و کچە فەرمانبەرەکاندا دەکرد و لەگەڵ لیژنەی شتومەك کڕیندا پـارەی زیـدە و بۆماوەیـان لـووش دەدا،بـەڵکو بـە نـاوی شـتی دیکەشـەوە. واسـیتە و خزمایەتی و ناسیاویم دەبینی و نامە و کاغەزی لێپرسراوەکان دەهاتنـە پێش چاوم، ئاگام لێبوو زەوی وزارێکی زۆر دابەش دەکرێـن و لیژنـەکان لەژێرەوە بە پارە وەرگرتـن و سـوودی تایبـەتی ناوەکـان تۆمـار دەکـەن، تەنانەت زەوی دابەشدەکران بەسەر ئەو لادێیی و گوندنشینانەدا بێنەوەی هان بدرێـن بچنـەوە بـۆ شـوێنی خۆیـان ،هـەر دەمبینـی و ناوبـەناویش پەژارە دایدەگرتم، کرێکارانی ڕێگاوبان دەهاتن و قیرە هەڵتـەکیوەکانی منیان تیمار دەکرد، وایاندەزانی سەرما و گەرما و جۆری قیرەکە خراپە وا زوو زوو هەڵدەتـەکێ و شـەقار دەبـێ و ئاگایـان لـەوە نـەبوو هـەموو

ئەوانە داخ و کەفوکوڵی من بوون لە دەست کاری ناجۆر و ناپەسەند و ناڕەوا، ئەوە من بووم شەقار و هەلا هەلا دەبووم. خەڵکێکی زۆر نەیاندەتوانی ژن بهێنن و کاری ناجۆریان دەکرد.

دەمبینین، سەردانی یەکتریان دەکرد و یەکیان دەبینی و قسەکردن و پێکەنینیان بوو، لەژێریشەوە ددانیان لێکتر جیڕدەکردەوە و توانج و پلاریان لەیەك دەدا، گوێم لە هەموو ئەو جنێو و مەرامە خراپانەش بوو کە بەیەکیان دەدا و خوازیاربوون بۆ بەرامبەر بێنە دی، کەسیش نەیدەبیستن و دووڕوویی دەیبردن بەڕێوە، دەمبینی لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوییان لە یەکدی دەدا و خوازیاربوون ناخۆشی و ئایندەیەکی دژواری یەکتر ببینن! تەنانەت لە ناو بەناو ڕۆشنبیرەکانیشدا ئەوەم هەست پێ دەکرد و یەکترییان قبوڵ نەدەکرد، کەسێکیش بە دڵسۆزییەوە کاری بکردایە گوێی لێ نەدەگیرا و بە دژێکی هیچ تەماشایان دەکرد، دەمبینین لەبری ئەوەی خوێنەر لەبەرچاو بگرن و لەپێناوی چاکسازی و گۆڕاندا بنووسن، بۆ ناودەرکردن ئەوە دەکەن و تەنها خۆدەرخستنێك بوو لەپێش چاوی نووسەرەکانیتردا و جگە لە ئامادەگییەکی نائامادە چیدیکە نەبوون، قەڵەمەکانم دەبینی بەرژەوەندی دەیخستنە کار، بەرژەوەندی تایبەتی.

ئەو دایکانەشم دەبینی لە گرانیدا کۆرپە ومەلۆتکەکانیان لەبەر دەرگای ماڵە دەوڵەمەندەکاندا جێدەهێشت و ئاوڕیان لێ نەدەدانەوە، یان ئەوانەی بە دزییەوە منالیان فڕێدەدا تا نهێنییان ئاشکرا نەبن.

دەمبینی هیچ شتێك بەهای ڕاستەقینەی نەماوە و تەنها پارە و بەرژەوەندی خودی لەپێشەوەن، چاوچنۆکی و خۆبردنە پێشەوە و زمان لووسی زەمەنیانە و،خەڵکەکە هەر بیر لە پارە دەکەنەوە و مێشکیان،

چاویان ،خەیاڵیان هەر بۆ پارە و دیمەنی پارەیە. دەشبینی کەسانێکی نامواد و پاك و بێگەرد و خەمخۆر ماونەتەوە و لە هەموو کەس زیاتریش دڵیان بە شارەکەیان خۆشە و گەردنیکیان پێوە نییە.. ئەو هەژارانەش کە قایل و ڕازی بوون و بە بێدەنگی بە ژیانی دەستکورتی و سادەی خۆیان و پڕ گریّ وگۆڵ شوکربوون و فریویان نەدەخوارد، یان ئەو هۆشمەند و زیرەکانەی لە هەموو شتێك تێدەگەیشتن و باشتر دەبینن و کەس نایانناسێت و نایانبینێت.. ئەو نیشتمانپەروەرانەی لە هەموو هەواڵێکی نوێی دژوار و فشارهێنەردا دڵیان بەخێرایی لێیدەدا و بەپەرۆشەوە بەرەو پیری دەچوون و بێ ئۆقرە دەبوون.

هەر لە نێوەندی ئەو بینینانەشدا بوو کە ترسەکەی ئەوانم دەرك پێکرد، دەمبینی کە چۆن ژیان بووەتە مێردەزمەیەکی زەبەلاح و هەموو لێی تۆقیون!.. خەمی ژیان و بەردەوامبوونی لای هەموویان بوو، نەك لە دژی مەرگ و زارەترەك بوون لە کۆتایی پێهێنانی ژیانیان، بەڵکو ژیان خۆی ترسە گەورەکە بوو، چۆنێتی گوزەران و لەپێناوی باشتر ژیاندا هەموو هەڵپەیان بوو، هەمیشە ڕۆژانی ئایندەیان لە پێش چاو دەگرت و بە ڕۆژی ڕەش و تووش دەیانبینی، ئەمڕۆیان دەرخوارد دەدا و سبەیش، هەمان پیشە و تێڕوانینیان دەبوو بۆ سبەینێیەکی‌تر.. ڕۆژەکان سەرجەم تێدەپەڕین و ئەو سبەینێ ڕەش و تووشانە لە دەرگاکانی بیستنیان دەدایەوە و چاویان لێ سووردەکردنەوە، هێندە دۆخی شلۆق و نائارام و ڕۆژی ڕەشیان چەشتبوو، باوەڕیان بەوە نەمابوو ڕۆژانی ئایندە و داهاتوویان گەشتر و لەبارتر و سپیتر ببیننەوە، ئەمڕۆیەکی نالەبار هەمیشە ئەو بانگەشەیەی دەکرد.

ژیان کۆلێکی گران بوو و بەسەر شانەکانەوە بوو، خەلکی هەمیشە لەژێر باریدا هەستیان دەکرد بێ دەسەلات و لاواز و بە پەراوێزکراون و بەرگەی ناگرن، گەنجەکانم دەبینی کۆتاییان بە ژینی خۆیان دەهێنا و خۆیان دەکووشت، پەیوەندییەکان دەشێوان و بەرهەمی خراپیان لێ دەبۆوە.. کچانم دەبینی خۆیان دەسووتاند، داخ و ڕکی ئەستوور بەر بینایی دەگرتن، منالان دەچوونە سەر جادەکان و بە کاری بۆیاخچێتی و شتیترەوە منداڵییەکەیان بەڕێ دەکرد؛ ئێرە شار نەبوو سەرمەند، ئێرە خەمێکی نەبڕاوە بوو، خەمێك بوو بە چەشنی تەمێك نیشتبوو و دادەبارییە سەر مرۆڤەکان، تەنانەت لە ڕۆژانی بۆنە و ئاهەنگ و خۆشییە دانسقە و کورتخایەنەکانیشدا لێیان نەدەبۆوە و گوشیبوونی، حەسرەتێکی لینج بە پێستیانەوە لکابوو و بۆ هەر جێیەك دەڕۆیشتن بۆنی دەهات، وای لێکردبوون بە دڵەوە تیایدا نەژین و بە شتێکی سەیر دەیانڕوانییە هەڵسوکەوتەکانی یەکتری.. پێیان قوت نەدەچوو ئەگەر لە شاییەکدا بڕێك خۆیان بلەنگێننەوە و کەمێك بجوولێنەوە، شەرمیان بەخۆیان دەهات، جلوبەرگەکانیان ڕەش و تۆخ و پەشێو بوون، ڕەنگی ئاڵ و پوخت عەیبە بوون لەلایان. هەموو دونیایان لێ دەبووە چاو و چاودێرێکی هەمیشە لە پشتیانەوە ڕاوەستابوو.. کار دەگەیشتە سەر ئەوەی شەرمیان لە خۆیشیان دەکرد کارێك و کردەوەیەکیش بکەن شایستەی خۆیان نەبێ و تیایدا بچووك ببنەوە و بە کەمتر بڕواننەوە خۆیان، لۆمەی بەرامبەرەکانیان دەکرد و لە ئاکامیشدا لۆمەی خودی خۆیشیان.. ئیتر ئەو خۆ ویستنەش کە هۆکارێك بوو ناسروشتی بڕیاری لەسەر هەڵسوکەوتەکان دەدا، خودی لەکیسچووی گەورە دەکردەوە و بەرامبەر بە پەراوێزبوون و بچووکبوونەوەدا هاوسەنگی دەکرد.

بەڵام سەرجەم ئەو ڕێز لە خۆ گرتنە لەڕادەبەدەرەش ڕووبەڕووی ژیانێکی سەخت دەبۆوە و لەنێوان گەورەکردنەوەی بەبچووکبوونیاندا بەر یەك دەکەوتن و کەسێتییەکانی دووچاری دوولەتبوون دەکرد.. مرۆڤ ئیتر لەژێر ئەو بارە قورسەی ژیاندا بێدەسەڵات و بێ نرخ خۆیان دەبینییەوە و ڕقیان لە خۆیشیان دەبۆوە، هەستیان دەکرد بە زیندە دەژین و ژیانیان جگە لە گەمەیەکی هیچ شتێکی دیکە نییە.

بێ هیوا بوون، دەیانزانی ڕۆژانی ئایندەش لە ئێستا و ڕابردوویان باشتر نابن و خۆیان دەخەڵەتێنن، بێ هیوایی هەمیشە دروستکەری ئەو هەستانەیان بوو، هەربۆیە خۆشەویستی ژیان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەوی کەمدەبۆوە و دەگۆڕایە سەر نەفرەت و پووچیی!

بەڵام سەرمەند، تاقە شتێکیش کە ئەو نیگەرانییەی خەملاندووە، لە دێرینەوە تاوەکو ئەمڕۆ، کاری بەراوردکردنە، بەراوردکردنی ژیانی خۆیان بە ژیانی میللەتانیتر و وڵاتانی دیکە.. نیگەرانییەك چونکە ژێر دەستە دەژین و خاوەنی خۆیان نین.. وەك ئەوان ئازاد و سەربەست نین و یاسا و ڕێسای نابەجێیان بەسەردا دەسەپێنن.. پاشان لەنێو ئەو هەستکردنەشدا، هەمیشە ژیانی ناوخۆ تۆختر و خەستتر دەهاتەوە پێش چاویان، ئینجا بەراوردی ژیانی خۆیان دەکرد لەگەڵ کەسانیتری وەك خۆیاندا، هاوڕەگەز و هاونەتەوە و هاوزمانیان، بەراوردی خۆیان دەکرد لەگەڵ لێپرسراو و سەرکردەکانی خۆیشیاندا، دەیانبینی خۆشگوزەرانی بەشی ئەوانە و بۆ خۆیشیان چارە زەقەیان دێ، نایەکسانییان دەبینی، برایەتی و بە ئاشتی پێکەوە ژیانیان لا دەبووە وتەیەکی ئەستوور و زل و لەناخەوە گاڵتەیان پێی دەهات، دەیانبینی واقیع جگە لە درۆیەکی پان و بەرین چیتر نییە و پشتیان تێیدەکرد، دەیانپرسی بۆچی ئەوان هەموو

شتێکیان هەبێ و لەهیچیان کەم نەبێ و ئێمەش نەبوونی و ناسۆری دەچێژین و ئاوڕێکمان لێنادەنەوە، بەڵکو پڕ بە گیرفانیشماندا دەکەن و پارووەمان دەفڕێنن، ڕۆژانە ئەم پرسیارە بێ وەڵام و بێ چارەسەرەیان بە هەوادا دەدا و لە ناخەوە دەکوژانەوە.

ڕەگی هەموو ئەو هەستە نەبڕاوانەش لە بنجێکەوە سەرهەڵدەدەن، لە هۆیەکی زۆر سەرەکییەوە هەڵدەقوڵێن، کە ئەویش چۆنێتی ژیانە، لێرە سەرمەند، لەم شارەدا و لە هەموو شارەکانی‌تری کوردستاندا کە بۆم روون بۆتەوە بەپێی وتەی خۆتان، ژیانی ڕاستەقینە و پڕاوپڕ بەمانای خۆی هێشتان نەبووە و نەبینراوە، ئەگەرچی ئێوە بە درێژایی مێژووتان دوژمنانتان نەیانهێشتووە بە کامی دڵ بژین و تامی بکەن، بەڵکو لەبیریشی بردوونەتەوە، بەڵام ئێوە خۆشتان هۆکاری بنەڕەتین، خۆشتان دەستان هەبووە لەوەدا و بێلایەن نین.

سەرمەند لەسەر شۆستەکە ڕاوەستا و بەسەرسوڕمانەوە پرسی:

- چۆن؟! ئایا هەمیشە هۆکارە دەرەکییەکان کاریگەرتر نەبوون؟ لە پشتەوە و ڕاستەوخۆ ئاکامی سیاسەتەکانی ئەوان نەبووە وایکردووە؟!

شەقامەکە بەهێمنی وتی:

- تۆ خۆت پێشتر ئەوەت وت کە ئێوە ژیانتان جگە لە ژیانێکی سیاسی چیدیکە نەبووە، بەڵام هەر خۆشتان مۆڵەتی ئەوەتان بە خۆتان نەداوە فێری هونەری ژیان ببن. ئەوە لە دوای ئەوە وانەی ژیانتان بۆ یەکتری جێنە هێشتووە، ئێستاش کە هاتوونەتە ژیانەوە، دایکان و باوکان و گەورەکانتان فێری ژیانیان نەکردوون و نەپەرژاون.. خۆشەویستی ژیان لە هەموو شتێك گرنگترە، ئێوە ناڕاستەوخۆ و لەپێناوی مانەوە و بەرگریکردندا داکۆکیتان لە ژیان کردووە، تەنها لە

بەرامبەر مەرگدا بەهایەکتان پێ بەخشیوە، دەنا بە دڵ و بەگیان، بە هەستە ڕاستەقینەکانتان پڕتان پێدا نەکردووە و ئامێزتان بۆ نەکردۆتەوە.

تیشکەکانی ژیان لە خۆشەویستییەوە دەپرژێن، لەوێوە سەرچاوە دەگرن کە ویژدان تیایدا لەدایك دەبێت، نەبوونی خۆشەویستی و ویژدانێکی زیندوو نەبوونی ژیان خۆیەتی.. بێ ئەم دووانە، چەندە خەبات بکەن و تێبکۆشن و سووربن لە داکۆکیکردن و بەرگریکردن، سودی نییە و لە هەر گۆڕانێکدا ناحەزان و دوژمنانتان هەوڵی شێواندنی بارودۆخەکەتان بدەن، ئاسان دەشێوێ و لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە، دەزانی بۆ ؟! چونکە خۆشەویستی نەبێت هیچ شتێکی دیکە پێکەوە ناتانبەستێتەوە، بەڵکو زوو لەخشتە دەبرێن و بەرامبەر یەکدی هەڵدەگەڕێنەوە، خۆ ئەگەر ئەوەی بەدەستیش هاتووە لە دوای ئەو هەموو ڕەنج و قوربانییەوە، بتانەوێت بەردەوام بێ و سەقامگیربێت بێ نەبوونی خۆشەویستی هەر زوو دەڕمێ و لەکیس دەچێت.. لێرە ژیان چووەتە دۆخێکی زۆر دژوار و پڕ مەترسییەوە، لەبری دوژمن و ناحەزانی ئامادە، دوژمنایەتی و ڕك و کینە لەنێو خۆتاندا تەشەنەی کردووە؛ ئەمە هەرگیز بڕینی قۆناغەکان نییە، پێشکەوتن و باڵابوون ناگەیەنێ و بەپێچەوانەوە، بە سفربوونەوەیە. خۆشەویستی نێوانتان ڕێگەچارەیە و فریادڕەسە.

ئەو دیموکراسییەی کە هەوڵی بۆ دەدەن، شتێکی لەبار و شیاوە و قازانجی هەمووتانی تێدایە، چەندە بیروڕای نوێ و ئەزموونی گەلان بهێننەوە بۆ بەرقەراربوونی، شتێکی سودمەندە.. بەڵام سەرمەند، دیموکراسی نە لە کتێبەکاندا و نە لە ڕاوێژچوون و هێنانەوەی ئەزموونی

گه‌لاندا ده‌بێته دواچاره و پیاده‌کردنی و نه.فریادڕه‌سیش بۆ باشترکردنی ژیانتان، دیموکراسی له هیچ له‌وانه‌دا نییه، له هیچ جێیه‌ك نییه تاوه‌کو به‌دوایدا بگه‌ڕێن و بیهێنن، به‌ڵکو له ویژدانادایه، له‌و مه‌ڵبه‌نده ڕۆشنه‌ی نێو مێشکدایه و چه‌نده زیندوو بێت، هێنده زووتر و ئاسانتر دێته دی. که‌ی ویژدانی زیندوو.له‌دایك بوو ئه‌و وه‌خته دیموکراسیش دێته کایه‌وه، دیموکراسی له ده‌ره‌وه‌ی خۆتاندا نییه، به‌ڵکو له‌بنه‌ڕه‌تدا له ناو خۆتاندایه و پێویستی به‌هه‌ڵهێنجان هه‌یه و هیچی تر، چونکه دیموکراسی مرۆڤ خۆی دروستی کردووه.

من مه‌یله‌کان ده‌بینم و هه‌ستیان پێده‌که‌م، مادام هه‌موو ئامه‌زرۆی باشتر ژیان و ئاشتی و ئارامین، له‌پێناوی خۆشگوزه‌رانیدا له جووڵه و بزاوتندان و له ناوه‌وه‌تاندا چه‌که‌ره‌ی کردووه، دێنه دی و هه‌ر شتێکیش خواست و ئاره‌زووی ڕاسته‌قینه و خوڕسك له پشتیه‌وه بێت ڕۆژێك دێت پرشنگ ده‌داته‌وه و ده‌ژی.

سه‌رمه‌ند سه‌ری گه‌رم ببوو و سووربېوه‌وه، به شه‌رمێکه‌وه وتی:

- به‌ڕاستی ئێوه زۆر په‌رۆشی ژیانی ئێمه‌ن، به‌ڵکو له گه‌رمه‌ی ژیانماندا ده‌ژیت و هه‌ستت پێ ناکه‌ین، ته‌نانه‌ت حه‌زیش ناکه‌یت هه‌موو ئه‌و ناودارانه‌ی بینیوتن و ئاگاداریان بوویت، باسی مردنیان بکه‌یت و بیانگێڕیته‌وه، باسی مه‌رگی هیچیانت نه‌کرد!

شه‌قامه‌که پێی وت :

- هه‌موو ئه‌و که‌سه ناودار و هه‌ڵکه‌وتووانه هه‌میشه ده‌ژین و به نه‌مری ده‌مێننه‌وه، ئه‌وان نه‌مردوون و له گێڕانه‌وه‌کانماندا ده‌ژێنه‌وه هه‌ر کاتێك باسیان بکه‌ینه‌وه.من نامه‌وێت وه‌کو ئه‌م شاره که له‌سه‌ری ڕاهاتوون، له‌دوای مردنیان قه‌دریان بزانم.

سەرمەند وتی:

- ئیتر ئێمەش دەبینە ڕووبەرێکی یادەوەریتان و دەچینەوە سەر ئەو. مێژووە، ئێمەش دەبینە درێژکراوەی بینینەکانت و چەندە باشتر و خۆشتر بژین بیرەوەرییەکی خۆش لای ئێوەش جێدێڵین و ئەگەر نا، دەچینەوە سەر خەرمانی پەژارەیی و نیگەرانیت و بەردەوام دەبین لەو درێژکراوەیەدا. کە پێم وایە درێژکراوەیەکی زۆر پەشێوە.

## -200-

سەرمەند لەگەڵیدا بەردەوام بوو، چەند شتێکی دیکەیان باس کرد و شەقامەکە وتی:

- ئیتر ئەوەی کە گێڕامەوە، تەنها هێڵێکی هاوچەشن بوو، بینینەکانی خۆم بوون و پێدەچێت شەقامێکی دی بەشێوەیەکیتر و جیاواز، لە گۆشەی دییەوە بینیبێتی و باسیان بکات، منیش چەندە ڕێگە نوێیەکان دەهاتنەوە سەرم، هێندەیتر پەلم دەهاویشت و دەگەیشتمە شوێنە دوورەکان.. شارەکە ئێستا بەرەو فراوانبوون مل دەنێ و ڕەنگە ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن شار لە داهاتوودا بە شاری کۆن ناوی ببرێ و وەك مەڵکەندی گوندەکەی جارانی ببینین کە بووە گەڕەکێکی یەکەمینی شارەکە.

سەرمەندم بینی خەیاڵی ڕۆیشتبوو، تەنك ببۆوە و وەك شەبەنگێك دەردەکەوت، زوو زوو دەشیوت:

- ئیتر دەچینە قووڵایی یادەوەرییەکانتەوە، دەبینەوە مێژوو و بەسەردەچین، بۆ ڕابردوو دەکشێین.

دیمەنی کاڵتردەبۆوە و نەختە نەختە ئاوێتەی شەقامەکە دەبوو..
بەرلەوەی تەواوێ نغرۆ بێت لێی نزیك بوومەوە و بانگم کرد، سەرمەند
بزەی دەردەبڕی و لە جیهانێکی دیکەدا بوو، چەند جارێکیتر بانگم
کردەوە و دەنگم هەڵبڕی، ئەو هەر گوێی لێ نەبوو و لەپڕێکدا هاوارم
کرد:

- سەرمەند، سەرمەند تۆ لە ئێستادا دەژیت وەهێشتاکە نەبوویتە
ڕابردوو.. سەرمەند!!

ئاوڕی دایەوە و بینیمی، بانگم کردەوە و بڕێك گەشتربۆوە، دیمەنە
کاڵەکەی نەما و وەك پێشوو ئاسایی دەینواندا، وتم:

- سەرمەند، ڕێگەم بدە شتێکت پێ بڵێم، تۆ تەنها پاڵەوانێکی
دروستکراو نیت، تۆ هەیت و لە ئێستادایت، هەرگیز خۆشحاڵ نیم
بەهەمان چەشنی جاران ببینەوە یادەوەریی شەقامەکە، دەبێ بگۆڕێین و
لەگەڵ کاتەکانی پێشوو و ڕابردوودا جیاوازیمان هەبێت، دەبێ ببینە
شتێکیتر و ئەو وەختە درێژکراوەی یادەوەرییەکان بین، بە چەشنێکیتر.
ئەوەی تا ئێستا ڕەنگێك بووە دەبێت لەمەودوا ڕەنگێکیتر لەخۆ
بگرێت.

سەرمەند وتی :

- ببین بە چی؟! جگە لە خۆشەویستی و لەدایکبوونی ویژدانی
زیندوو ئەرکێکی ترمان نییە! با هەر کەس لەلای خۆیەوە، بگۆڕێن و
خۆیان پەروەردە بکەن.

وتم :

- کەسانی وەکو ئێوە کە نەگۆڕاون و بە پاکی ماونەتەوە پێویستە
کاریگەر بن، دوورەپەرێز نەبن و لە گۆڕانیاندا یارمەتیدەر بن..

خۆشەویستی و ویژدانیش لەخۆوە پەیدا نابن، جگە لە وەرگرتنی هونەری ژیان و خۆ پەروەردەکردن، دەبێت بارگەکان دابماڵرێن لە جەستەیان، ئەو بارگانەی بە ڕۆژگاری ناهەموار و دژوار، لەسەریان نیشتوون و وەکو توێکڵێك قەتاغەیان کردووە.. تاوەکو ئەوانەش لێیان نەتەکێن، پاکی و بێگەردی و جوانییان دەرناکەون و بۆ هەمیشە لەژێر ڕووپۆشیدا دەمێننەوە، بارگەکان تەنها توێژاڵێکی تەنکن و پێیانەوە لکاون، ئەو دووکەڵکێشەی کە خۆی هێنایە پێش چاوت ڕاستەقینە بوو و تاقە کونێکی دانسقە بوو لە جەستەیاندا، جێگە و کونەکانی دیکەی ژیان هەموو داپۆشراون و مت بوون، دەبێت ئەو توێکڵە تەنك و ڕوونەیان لێ ببنەوە، ئەوەش زۆر ئاسانە، تەنها بە بڕیار و پەیمانێکی دەروون دەرەوێننەوە، بە گرێبەستێك لەگەڵ ژیانێکی ئاسوودە و کامەراندا، ئەو وەختەش هەموو دەکرێنەوە و دەگۆڕێن، دەبینە ژیانێکی ڕاستەقینە و یادەوەرییەکی پرشنگدار جێدێڵن.. پێویستە بڕۆیت و یاریدەیان بدەیت، لە ڕێی کەسە پاکیزەکانەوە بگەیتە ئەو ئامانجە.

بەرمەند بە ڕێگەکەدا ڕۆیشت و دوای کەوتم، خێرا لێم دوورکەوتەوە و دەرباز بوو، وەکو تارماییەکی ڕۆشن شێوەی خۆی دەگۆڕی.. لە کەسە ڕاوەستاوەکان نزیك دەبۆوە و بە شەبەنگی پڕ تیشك و تاڵیی خۆیەوە، وردە تیشکی دەبەخشی و ڕوخسارەکانی ڕووناك دەکردەوە، لەوانەوە دەچووە نێوەندی کۆمەڵێکی دیکەوە و لەگەڵ کارەکەیدا دەیوت:

- هەناسەی قووڵ پڕ بە سییەکانتان هەڵمژن، بهێڵن ژیان پیاتاندا تێپەڕێ.

وردە تیشـــکەکان دەپـــرژان و دەمبینـــی ســــەرمەند دەچێتـــە لای ویستگەی پاسـەکان و لـە کەسـە وەستاوەکان خۆی نزیـك دەخستەوە، دەچووە پاسەکانەوە و دەرژیشت ، وێنەکـەی دەگـۆڕا و بـە چەشنێکی‌تر دەردەکەوتەوە، خۆی دەکرد بە چایخانـە و دوکانـەکاندا و قسـەی لەگـەڵ دەستگێڕ و خاوەن عەرەبانەکاندا دەکرد، هاوشانی ڕێبوارەکـان دەبـوو و لە پشتەوەش کەسەکانی دی هاوشێوەی سەرمەند دەبوون و خەرمانەیەك لە تیشکی ڕەنگـاوڕەنگ بـە دەوریـاندا ئـاڵابوون، تیشـکەکان ئاوێتـەی یەکدی دەبوون و شەوقێکی بەتینیان لێ پەیدا دەبوو، سەرلەنوێ بەهۆی هەڵسـوکەوت و ڕەفتاریـەوە سـەرمەندم ناسییەوە و بینیم لـە پشـتی پیکاپێکدا بوو، بە دەنگی بەرز دەیوت:

- بڕواننە چواردەوری خۆتان، تەماشای ئاسمان بکەن.

خەلکەکـەش سـەریان هـەڵدەبڕی و بزەیـان دەگـرت.. مـن هێشـتان خەرمانـە ڕەنگین و تـەنك و ئاڵـەکانیان سەرمەسـتی کردبـووم و لـەو تیشکستانەدا ئەبلەق ببووم کاتێك گوێم لە دەنگی سەرمەند بۆوە:

- تنۆکـە تیشـك، ئەسـتێرە تـۆز و ڕۆشـناییە وردەکـان وا دەبـارێن. تنۆکەی ژیان!!

خەلکەکەم دەبینی چاویان تەواو کردبۆوە و تەماشای سـەر دەستیان دەکرد، لەناکاودا بۆ بەرزایی نیگام گواستـەوە، تـۆزە تیشـکێکی چڕ و داگیرساوم بینی نەرم نەرم دەهاتنە خوارەوە و لێرە و لەوێ دەگیرسانەوە، دەسـتم درێژکـرد و بینیـم لەسـەری پەنجەکانـەوە تیشـك هـەڵدەقوڵێن.. ڕوانیم خۆشم خەرمانەیەکم تێئاڵاوە و پێستم لـە ڕۆشـناییدا نقومبـووە، تیشکە زەردەکـان بەوێنـەی گـڕ چەندەها وردە تیشـکی ڕەنگینیـان لـە

چواردەور بوون وەکو خۆر. گوێم لە دەنگی سەرمەند بۆوە، ڕوانیم بەسەر شەقامەکەوە دەڕوا و بە دەنگێکی نووساوەوە دەڵێت:

- تـۆزە تیشـکەکان، تنۆکـە ورد و داگیرسـاوەکان هـەڵمژن، بـا ویژدانیشتان زیندوو بێت.تیشك بارانە.

خەڵکەکە هەناسەی قووڵتریان هەڵدەمژی و دەمبینی تیشکەکان بە لێشاو دەچوونە کونە لوتەکانەوە، هەناسەدانەوەکانیشم دەبینی، ڕەنگـی تیشکەکان پڕ ڕەونەقتر دەبوون و دەگـۆڕان و بـە شـێوەی پەلکەزێڕینـەی پچڕپچڕ و خاڵخاڵ ناوێتەی تیشکە بارییوەکان دەبـوون. لـە بەرکـەوتنی تیشکەکانیشدا شەوق و ڕۆشنایی بە بێدەنگی دەتەقینەوە.

لەنێو تیشکەکاندا شەوقێکی دیکەم بینی، ڕوانیم دونیا تاریك بـووە و تیشکەکان بریسکەیان تا دێت زۆرتر دەبن و لە ئاستی نزماییدا ڕێ و بانەکانیان ڕۆشـن کردبـۆوە.. خـەڵکێکی زۆر و لەڕادەبەدەریش هـەموو ڕژابوونە سـەر شـەقامەکە و هـاتوچۆی ئۆتۆمبێلـەکان نـەمابوون، بـە نێـو خەڵکە قەرەباڵغەکەدا هەنگاوم نا و گوێم لە دەنگیان بوو:

- ئای کە جوانن !! ژیان دەڵێی خەونە!

- هەر دەنگەی بە چەشنێکن ، من ئەمانەم لە فلیمە کارتۆنـەکاندا بینیوون، لە ئەفسانە و خەیاڵە زانستیەکاندا!

- تۆبڵێی ڕاستەقینە بن؟!!

دەنگی سەرمەندیش لـە دوورەوە دەهـات و هـەموو بـۆ لای ئـەویان دەڕوانـی، چـەکدار و پۆلیسـەکانم بینـی بەسەرسـوڕمانەوە دەیانڕوانییـە چەکـەکانیان، لـە لێـواری شۆسـتەکاندا دایاننـابوون و کـەس تەماشـای نەدەکردن، خەڵکەکەم دەبینی گەشابوونەوە و بەخۆشییەوە باوەشـیان بـە یەکدا دەکرد، کوڕ و کچەکان دوو دوو لەپاڵ یەکەوە بوون و دەیانڕوانییە

تیشکەکانی یەکتری. یەکێك لە کچەکانم بینی، هەر دەیڕوانییە ئاسمان و لە خۆشیدا چاوی تەڕببوو، بەسەرسوڕمانەوە لەبەرخۆیەوە دەیوت:

- تۆ بڵێی سبەینێش بیانبینینەوە ؟!خۆزگە دونیا هەروا دەبوو، دەترسم لە خەوندا بین و کاتێك خەبەرمان دەبێتەوە ئیتر ون بن!!

منیش وەك ئەو بووم، وامدەزانی لە خەونێکدام و ئەوەی دەیبینم تەنها لە خەیاڵی خۆمدایە، بە خواستی خۆم دەیبینم وچۆنم بوێت وا دەیخەمە بەر چاوم، برێك کەوتمە گومانەوە کە بە تەواوی خەون بێت، یان لە خەوندایە خۆم قایل دەکەم! گوێم لە کچەکە بۆوە وتی:

- هەرگیز ڕۆژی وا خۆشم نەبینیووە. لە دونیایەکی تردایین!!

پێم وت:

- بەلام لە ڕاستیدا وا شەوە و دونیا ڕۆشن بۆتەوە، ڕۆژ نییە ئێستا !

چاوەڕێ بووم شتێکی تربڵێت، دەمویست دوودڵی خۆم نەهێڵم و بۆم ڕوون بێتەوە، دەشترسام لە وشەی ئەو شەوەی خۆی خستە سەر زمانم و دەشبینی! دەمویست هیچ گومانم نەمێنێ، نەك ئەوەی دەیبینم هەر تەنها لای من بێت، پێم وت:

- چی دەبینی ؟! پێم بڵێ.

- تیشك، لە ئاسمانیشەوە هەر دەبارێ و بە گیانیشمەوەیە.

وتم:

- تیشکی چۆن؟!

وەلامیدایەوە:

- بۆ تۆ نایانبینیت؟! دەبڕوانە تیشکێکی زۆر وردن و هەریەکەی لە ڕەنگێکن، دەڵێی ئەستێرەی بچووك بچووکن، خۆ ئەوەتان بە گیانی

تۆشەوەن! تۆبڵێی سبەینێش هەر ببارێن؟! دەترسم هەر ئەمشەو بێت! وا بەر یەکتری دەکەون و تیشکی وردتریان لێدەبێتەوە.

ئەوەی کە وەسفی کرد هەمان بینینی منیش بوو، گومانم ئەما لە ڕاستەقینەیی و بوونیان، هەستم کرد ئەوە ژیان خۆی بوو کە منیش بۆ یەکەمین جارە دەیبینم، هەناسەکانی ژیانە وا دەردەکەون و بە ڕوونی خۆیان دەنوێنن، لە خۆمم پرسی:

- ئەی کە ژیان لە شوێنەکانی تریشدایە، لەو خاك و هەرێم و وڵاتانەی بە خۆشی و ئاسوودەیی دەژین! بۆچی تاوەکو ئێستا کەسێك بۆی باس نەکردووین؟! پێیان نەوتووین ژیان بەم چەشنەیە؟!

نەمتوانی وەڵامی خۆم بدەمەوە، بەوە خۆم قایل کرد کە تەنها سەرەتای ژیان شتی وای بەخۆوە بینیوە و ئیتر نەبینراوە، وام بە خەیاڵدا هات ژیان جگە لە بینین هەستکردنیشە، هەر ئەوە نییە کە دەیبینیت، بەڵکو هەموو ئەوەشە کە هەستی پێدەکەیت، چونکە نابیناکانیش دەبێ هەیانبێ و بە هەستی دیکە دەرکی پێ بکەن، یان ژیان زۆر لەوە قووڵتریشە تەنها بەم هەستانەی خۆمانەوە بتوانین تەواو گوزارشتی لێ بکەین، من دەمزانی هەموو ئەوەی دەیبینم جوانی و پاکی و شەوق و خرۆشی ژیانە، جگە لە ژیانیش لە شوێنێکیتردا نییە و شتێکیتر نییە. تەواوێ بۆم ڕوونبۆوە کە ژیان ڕووناکی و گەرمییە و هەر ئەوەشە دەبێتە مایەی جوولە بەخشین، لە بەرامبەریشدا مەرگ جگە لە تاریکی و ساردبوونەوە چیدیکە نییە.

• گوێم لە کچەکەی تەنیشتم بۆوە بە چاوی فرمێسك تێزاویەوە پرسیاری لە کوڕەکەی لایەوە دەکرد:

-تۆبڵێی هەموو ڕۆژێك ئەم خۆشییە ببینین؟!

دەنگی سەرمەند دەهات، لە دوورەوە هەر شتی دەوت و كە نزیكبۆوە ئاشكرا بوو و، وتی:

- ئەمانە تیشكی ژیانن، تاوەكو ڕێز و خۆشەویستی و پاكی لە نێوانماندا بێ و بە ویژدانەوە بژین، ئەم تیشكانە هەر دەمێنن و بە شەو و ڕۆژ لەدەورماندان، دەچنە گیانمانەوە و بە شادەمار و خوێنماندا دەگەڕێن، ئەمە سەرەتای ژیانمانە.

سەرمەند بە دەنگە نووساوەكەیەوە هەر هاواری بوو، دەنگەكەی شەپۆلی دەدا و لەو كاتەشدا گوێم لێبوو كچەكە بەجۆشەوە، بە دەنگێكی خرۆشاوی پڕ زایەڵەوە كە دەتوت لە ئاسمانەوە پەخشدەبێتەوە، وتی:

- چەند خۆشە ئەو شتەی پێی دەڵێن ژیان!!

كۆتایی ٢٠٠٤

و

سەرەتای ٢٠٠٥